خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیارانی پرۆژەی چاپکردنی کتێب
ئەرسەلان حەسەن          بابان ئەنوەر

# فێمینیزم

وەرگێڕانی: کۆمەڵێک وەرگێڕ

2017

پرۆژەی چەمکە فکری و فەلسەفییەکان

2

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

# فێمینیزم

بابەت: فکری
وەرگێڕانی: کۆمەڵێک وەرگێڕ
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
هەڵەچن: نیاز کەمال- کەیوان عومەر- زریان رەحیم
تیراژ: 500 دانە
ساڵی چاپ: 2017
چاپ: چاپخانەی حەمدی
نرخ: 6000 دینار
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (251)

www.ideafoundation.co
ideafoun@gmail.com
www.facebook.com/dezgai.idea
07709556990 - 0533220180
سلێمانی - گردی سەرچنار- نزیک کۆمەڵگەی بەهاران

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن ( 926 )ی ساڵی2017ی پێدراوە

# فێمینیزم

وەرگێڕانی: کۆمەڵێک وەرگێڕ

2017

پرۆژەی چەمکە فکری و فەلسەفییەکان

2

# پێڕست


دەروازەیەک بۆ فێمینیزم.......... 9

فێمینیزم؛ دەروازەی چارەسەری کێشەکانی ژنان.......... 21

بزوتنەوەی فێمینیزم.......... 33

مێژووی فێمینیزم.......... 63

ژنان لە هێزی کاردا.......... 129

دی بوڤوار؛ تێگەیشتن لە ڕەگەزی دووەم.......... 171

ڕەگەزی دووەم؛ گفتوگۆ لەگەڵ سیمۆن دی بوڤوار.......... 181

سیمۆن دی بوڤوار و بزووتنەوەی ژنان.......... 189

سیمۆن دی بوڤوار و بزووتنەوەی ژنان.......... 203

سیمۆن دی بوڤوار؛ فەیلەسوفێک لەسەروو ڕەگەزەوە.......... 215

سیمۆن دی بوڤوار؛ ئەو ژنەی دەربارەی سایکۆلۆژیای ژن دەدوێت.......... 233

سیمۆن دی بوڤوار؛ فیمینیستەکەی سەدەی بیستەم.......... 243

گفتوگۆیەکی هەڵبژاردە لەگەڵ سیمۆن دی بوڤوار.......... 251

ڕەگەز و جێندەر لای سیمۆن دی بوڤوار.......... 261

نووسینی ژنانە.......... 297

فێمینیزم لە ڕەخنەی ئەدەبیدا.......... 311

نیچە و فیمینیزمی هاوچەرخ.......... 365

پرسیاری فێمینیزم لەسەر فەلسەفەی مارکسیستی.......... 409

دەربارەی ئیکۆفێمینیزم.......... 427

هزری کۆمەڵایەتی و سیاسیی باڵادەست و ڕەخنەی فێمینیزم.......... 447

ڕەخنەی فێمینیزم لە لیبراڵیزم.......... 461

پێدانی مافی دەنگدان بۆ ژنان.......... 503

## پڕۆژەی چەمکە فکری و فەلسەفییەکان

پڕۆژەیەکی نوێی دەزگـای ئایدیایە و خۆی لە زنجیرە کتێبێکی گەورەدا دەبینێتەوە، هەر کتێبێک تایبەتە بە چەمکێک، هەموو لایەنەکانی ئەو چەمکە دەخـاتـەڕوو و لە ڕەهەندە جیاوازەکانەوە پێناسەیەکی تێروتەسەلی لەسەر دەنووسرێت یان وەردەگێڕدرێت و ڕاڤە و شیکردنەوەی تەواوی بۆ دەکرێت. پاڵنەری ئەم پڕۆژەیە هەر بەتەنها ئەو بۆشاییە فکرییە گەورەیە نییە کە لەناو کایەی فەرهەنگی و فەلسەفیی کوردییدا هەیە، بەڵکو هەڵەتێگەیشتن لە چەمکەکان و ڕاڤەی هەڵە بۆیان، پاڵنەرێکی گەورەتری ئەم پڕۆژەیەیە.

ئەگەر تەماشای مێژووی هاتنی چەمک و زاراوەکان بکەین بۆناو زمانی کوردی، ڕەنگە بە باشی هەست بەوە بکەین کە هەریەکێکیان لە سەرەتادا بە فۆڕم و ناوەڕۆکێکی تاڕادەیەک جیاواز لە مانا ڕاستەقینەکەی خۆیەوە هاتووە، بەڵکو بەشی زۆریان بەدووریش نەبوون لە شێواندن و هەڵەتێگەیشتن و بەهەڵە بەکارهێنان، کە هەموو ئەم لادانانەش بەهۆی کاریگەرییە ئایدۆلۆژی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە سەریانهەڵداوە. هەربۆیە جێگەی سەرسوڕمان نییە کە هەتاوەکو ئێستا بەهەڵە و نەشارەزایی بە شان و باڵی هەندێک چەمکدا هەڵدەدرێت و هێرشی بێ بنەماش دەکرێتە سەر هەندێک چەمکی دیکە.

ئەوەی زیاتر بۆتە مەیدانی ئەم شێواندن و هەڵەخوێندنەوەیە، ناوەندە ‹ئەکادیمی و فەرهەنگی›یەکانن. ساڵانە دەیان خوێندکار

بەشەکانی فەلسەفە و زانستی سیاسی و کۆمەڵناسی و دەروونناسی و ئابووری و ...هتد تەواودەکەن، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە نەک هەر ئاشنا نین بە چەمکە بنەڕەتییەکانی مێژووی هزری مرۆڤایەتی؛ نەک هەر ئاشنا نین بە چەمکە بنەڕەتییەکانی ئەو زانستەی خۆیان پسپۆڕن تێیدا، بەڵکو بە هەڵە ئەو چەمکانەیان وەرگرتووە کە گوایە چەند ساڵێک خوێندویانە و کاریان لەسەر کردووە و توێژینەوەیان لەسەر نووسیوە. لەڕاستیدا دەبوو ئێستا خوێندنەوەی جیاواز و لێکدژ و تازە بۆ ئەم چەمکانە بکرایە و کۆڕی ڕەخنەیی و نووسینی زانستیی بەپێزیان لەسەر بنووسرایە و قۆناغی ناساندنیان تێبپەڕاندایە؛ بەڵام بەداخەوە هێشتا لە قۆناغێکداین کە دەبێت دەیان کتێبیان لەسەر بنووسین و وەربگێڕین، هەتاوەکو ئەو چەمکانەدەناسێنین.

دەزگای ئایدیا وەک هەمیشە چاوی بۆ کەلێنەکانی کایەی فکری و فەلسەفیی ناو زمانی کوردی گێڕاوە، لەئێستاشدا و لەبەر ڕۆشنایی ئەو بۆشاییەی لەسەرەوە باسکرا، ئایدیا پرۆژەیەکی نوێ ڕادەگەیەنێت بۆ دووبارە ناساندنەوەی ئەم چەمکانە و دروستکردنی مشتومڕی فکری لەبارەیانەوە. ئەم پرۆژەیە لە دۆخێکی قەیراناوییدا لەدایکدەبێت و دەیەوێت دۆخێکی قەیراناویی چارەسەر بکات؛ بەو مانایەی لەدایکبووی ئەم دۆخە نالەبارە سیاسی و ئابووری و فەرهەنگییەی کوردستانە، هاوکات دەیەوێت کەمێک چارەی دۆخێکی قەیراناوییش بکات، کە بریتییە لە دۆخێکی لاوازی دونیای فکر و فەلسەفە.

# دەروازەیەك بۆ فێمینیزم

**شاكار عەبدول**

## پێشەکی:

لەگەڵ دروستبوونی مرۆڤدا ڕەگەزی نێر و مێ دوو ڕەگەزی سەرەکی ژیانن و هاوسەنگیان هاوسەنگی ژیانی پاراستووە و درێژەی بە ژیان داوە، بەڵام پاشان لە ئەنجامی داب و نەریت و کلتور و دەسەڵات..... تاد، وایکردووە پیاو لە ڕێگەی هێز و بازوویەوە خۆیکردبێتە دەسەڵاتی یەکەم و لەو ساتانەوە ئیدی دەسەڵاتی یەکەم و دووەم سەریهەڵداوە.

هەرچەندە بۆچوونی جیاواز لەسەر ئەوە هەیە دەسەڵاتی یەکەم لە کۆندا ژن بووە و پاشان ئەم دەسەڵاتە پیاو لێیوەرگرتوەتەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەم ململانێیە خۆ بەدەسەڵاتدار زانین و لە بەرامبەریشدا کەمکردنەوەی بەرامبەر، مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە لە سەردەمی ئەمڕۆشدا، ژن پیاو بە بەرپرسی یەکەم لە پەراوێزخستنی و مافخواردنی دەزانێت.

## چەمکی فێمینیزم

وشەی فێمینیزم (feminism) وشەیەکی لاتینییەو بە (femina) بەکارهاتووە بۆ مانای ژن (women) بەکارهاتووە و دواتر لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی (feminine) بەکارهاتوە و لە فەڕەنسیشدا (feminisme) و (feminine) بەکارهاتوە.

بزووتنەوەی فێمینیزم بزووتنەوەیەکی ڕۆژئاواییەو لە سەرەتاشدا بە بزووتنەوەی ڕزگارکردنی ژن بەکارهاتووە

کار لەسەر نەهێشتنی جیاوازی لەنێوان ژن و پیاودا دەکات. کارکردنی ژنانە بەبێ گوێدانە ڕەهەندی بیری فەلسەفی پیاوانە، یاخود ڕێکخراوێکی بیریە و ڕێگەیەکی پاڵنەرە بۆ بەرژەوەندی ژنان و کار بۆ فراوانی دەسەڵات و مافەکانی ژنان دەکات. هەرچی (لویز توبان)ە لەبارەی ژنانی کەنەداوە هەندێک دوورتر دەڕوات و دەڵێت "فێمینیزم بریتییە لە داماڵینی وەعی (لە سەرەتادا تاک پاشان گشتی) لەپێناو دروستکردنی شۆڕشێک دژی هاوسەنگی هێزی ڕەگەزی و نەهێشتنی پەراوێزخستنی تەواوی ژنان لە ساتێکی مێژویی دیاریکراودا".

هەندێکیتر پێیانوایە (ژنان، پیاوان) فێمینیزم پەرچەکردارێکی نێگەتیڤە لە دژی ڕەگەزی بەرامبەر، ئەمەش زیادەڕۆیی، یان لادانە لە بیرکردنەوە، یان ڕەوشی ئەو ژنانەی، کە شەڕ لە دژی پیاوان و کۆمەڵگە و دەزگاکانی دەکات.

بەدرێژایی مێژوو دەسەڵاتی پیاوسالاری و بەردەوامبوونی ئەم دەسەڵاتە و مانەوەی ئەم هەیمەنەی نێرینەیە و بەردەوامبوونی لەگەڵ ئەو شۆڕشە تەکنۆلۆژیایانەی، کە بەدرێژای سەدەی بیست هاتنە ئاراوە، فەیلەسوفی سۆسیۆلۆژی فەڕەنسی (بیار بوردیو) لەم بارەوە دەڵێت: "لەئەنجامی بەهێز بوونی دەسەڵات و کۆنترۆڵکردنێکی ناهۆشیارانەی گشتی لای مرۆڤ، وایکردووە ببێتە ڕەگەزێکی نەبینراو و هەستپێنەکراو لەنێوان پەیوەندییەکانی ژن و پیاودا، ئەم هێزە

شـــــاراوەیەش زیانـــــدەگەیەنێت، بەڵام ئەوەنـــــدە هەیە دەتوانرێت لەم دۆخە ناهۆشیارە دەربچێت و بگۆڕێت بۆ دۆخـــی هۆشـــیاری، ئەمەش هەنگـــاوێکە بـــۆ هێنـــانەدی ئامانجەکـــانی ژنـــان لەڕێـــگەی هەوڵ و بیـــر و توانســـتی خۆیـــــان، یـــــان لە ڕێـــــگەی یەکگرتنـــــی بـــــزووتنەوە جیاوازەکانەوە، کە مەبەستیانە گۆڕانکاری بکەن. لەبری پڕۆژەیتر بخەنەڕوو.

بەم پێــــیەش بێــــت بــــزووتنەوەی فێمینیزمـــــی بزووتنەوەیەکـــی شۆڕشـــگێڕی گۆڕانکـــارییە و ئامـــانجی لەنـــــاوبردنی هەمـــــوو ئەو شـــــتە هەڵە و بـــــاوانەیە، کە لەکۆمەڵگەدا هەن. بەهۆیانەوە ژنی پەراوێز خستووە. لەم ڕێگەیەشەوە دەتوانێت ژن و بارەکەی بکاتە بارێکی کارا لە کۆمەڵگەدا.

## مێژووی بزووتنەوەی فێمینیزم

لە بارەی مێژووی سەرهەڵدانی مێژووی فێمینیزمەوە بۆچوونی جیاواز هەیە. هەندێک پێیانوایە سەرەتای ئەم بـزووتنەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ سـەدەی (18)و سـەردەمی شۆڕشـــی فەرەنســـی، شـــولامین فایرســـتۆن لە ســـاڵی (1970)دا پێنوایە "دەسەڵاتی نێرینە کۆنترین و سەخترین دەسەڵاتە لەجیهاندا" سیمۆن دی بوڤوار لەساڵی (1949) ئەوەی خســــــتوەتە ڕوو، کە (کـــــۆمەڵگەی ڕۆژئـــــاوا کۆمەڵگەیەکی پیاو سالارانەیە، چونکە دەسەڵاتی ئیداری بەدەســـت پیـــاوەوەیە و پێویســـتە چەمکـــی (ئەوی تـــر)

بسڕینەوە"، یاخود (لە سەدەی نۆزدەوە سەریهەڵداوە و لە ڕابـــردو دا ژن وەک مرۆڤێکـــی نەفـــام و ڕەگەزێکـــی سروشتی سەیر کراوە، کە بە ڕەگەزێکی مردوو دانراوە) هەندێکیتر پێیانوایە "سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ کتێبی (مافەکانی ژن)ی (مێری ولْستۆن) پاشانیش کتێبی (لە کۆتدانی ژنان)ی جۆن ستیوار مێل، کە لە ساڵی 1869دا نوسیوویەتی.

بەڵام بۆچوونیتر هەیە لەسەر کۆنتر لەو مێژووە و (کرستینا دوپیزان) پێیوایە لەسەدەی (15)دا سەریهەڵداوە، هەروەها (سۆزان گریفین و ئاندرێ میشێل) پێیانوایە هەر لە سەرەتای مرۆڤایەتیەوە ئەم کارە هەبووە.

لەبـــارەی مـــافی دەنگـــدانەوە لەســـاڵی (1863)داو لە نیوزلەنـــدە ژنـــان مـــافی دەنگـــدانیان هەبـــووە، و لەم ڕوانگەشـــەوە و لە وڵاتـــانی ئەوروپـــا لەســـاڵانی 1971 بە وڵاتی سویسرا کۆتای بەو ڕێگرییە هێنراوە، لەناو هەموو ئەم مێژووانەشدا، جەخت لەسەر سەرەتاکانی سەدەی (18) وەک بزووتنەوەی فێمینیزمی دەکرێتەوە. چونکە ژن لەو سەردەمەدا لەژێر زەبر و زەنگ و چەوسانەوەیەکی خراپدا بوون. لەگەڵ هاتنی (جۆن لۆک)یشدا بیری لیبراڵی گەشەیکرد و کاری لەسەر ئەوە کرد، کە پێویستە ژن خاوەنی مافی (سیاسیی و مەدەنی) خۆی بێت.

فێمینیزم لە مێژوی کوردیشدا لەسەرەتای سەدەی بیستەم و لەکاتی شۆڕشی شێخ محەمەد و ژنانی وەک عادیلە خانم و حەپسە خانی نەقیب و پێشترش مەستورە

خانم و ماه شەرەفخان...چەندین ژنیتر له کوردستاندا توانیویانه ئەو هاوسەنگیانه بپارێزن و ئەوە بخەنه ڕوو، که ژن له کوردستاندا لەناو کایەو هاوکێشه سیاسیی و مەدەنیەکاندا ڕۆڵیان هەیە، هەرچەنده شەڕی جیهانی یەکەم و دووەم کاریگەری لەسەر چالاکی فێمینیزمی لەهەموو جیهاندا هەبووە، ئەمە جگه له دەسەڵاته دکتاتۆریەکانی وەک فاشیزم و ناشیزم، بەڵام بارودۆخی کوردستان زۆر لەمه خراپتر بوو.

## بزووتنەوە و شەپۆلەکانی فێمینیزم

1- شەپۆلی هۆشیارکردنەوە (فێمینیزمی لیبراڵ): ئەو شەپۆلەیە، که هەوڵدراوە لایەنی هۆشیاری خەڵکی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ژن و پیاو، یان نێر و مێ و پاراستنی ئەرک و ماف و یەکسانی لەنێوان ئەم دووانەدا بخرێته ڕوو، بەوەی کار لەسەر ئەوە کراوە، که ژن ئاستی هۆشیاری خۆی بەرزبکاتەوە و ببێته ڕێگر لەو نایەکسانیه و دەرچون لەو کۆت و بەندانەی، که بۆ ژن دروستبوون.

له مێژووی جیهانیدا ئەم شەپۆله له سەرەتای مرۆڤایەتییەوە دەستپێدەکات تاوەکو سەدەی (18) هاتنه ئارای چالاکەوان لەبواری فێمینیزمی و دروستکردنی کۆدەنگی لەسەر ئەم دۆزە.

له مێژووی فێمینیزمی کوردیدا ئەم شەپۆله له ئەدەبیاتی کلاسیکی و ڕۆمانتیکی سەرەتاکانی سەدەی

بیستەمدا دەبینرێت و کار لەسەر بەهێزکردنی هۆشیاری ژنان کراوە. هەوڵدراوە لە دۆزی یەکسانی ژن و پیاو و ڕۆڵی ژن هۆشیار و بەئاگا بهێنرێتەوە.

فێمینیزمی لیبڕاڵ لەم شەپۆلەوە وەک داواکاری چاکسازی و باشکردنی گوزەرانی ژنان لە ڕوانگە جیاوازەکان و بانگەشەی هۆشیاری یەکسانی لەهەموو لایەنەکاندا دەستپێکرد.

لە ڕاستیدا ئەم شەپۆلە لە ئەوروپادا کاری بۆ باشکردنی گوزەرانی ژنان دەکرد. لە ڕوانگەی یاسایی و تەندروستی و فێرکردن و بەژداری سیاسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی ژنان بەگشتی، واتە داوای مافە دروستەکانی دەکرد و داوای بزووتنەوەی جەماوەری ژنانی دەکرد، چونکە تەنها داوای ئەو شتانە دەکرا، کە لەسەری ڕێکەوتبوون، یان لەگەڵ بارەکەدا دەگونجا.

2-بزووتنەوەی فێمینیزمی شیوعی: ئەم بزووتنەوەیە خۆی لەچەند بیرێکدا دەبینێتەوە:

ا-ژنان مرۆڤن و لەبەرامبەر پیاودا هەوڵدەدەن و پیاو هەر مافێکی هەبێت ئەمیش هەیەتی، بۆیە پێویستە ئازاد بێت لە هەموو ئەوشتانەی، کە هەڵیان دەبژێرێت و ژنیەتی ڕێگرنییە لەوکارانەی، کە پیاو دەیکات، ئەمیش بیکات.

ب-ئازادی ژن: دەبێت ژن ئازاد بێت لە پەیوەندی سێکسی لەگەڵ پیاودا و هاوسەرگیری ڕێگرنییە لەم حاڵەتە، چونکە موڵکی تاکی پیاو نییە.

ج-پێویسـتە هەلـومەرجی گونجـاو بـۆ ئەوەی ژن ئـابووریی بێـت، پێویسـتە کاربکـات بەرهەمهێنبێـت و دووربخرێتەوە لەکاری ماڵ و مێرد.

3- بـزووتنەوەی فێمینیزمـی بـوونگەرایی: بـونگەرایی بریتییە لە فەلسـەفەیەکی ئەزمـوونگەری کەسـی و تـاکی و فەلسـەفەی گومـان و ڕەفزکـردنە پـێش ڕازیبـوون و دڵنیـابوون، سـارتەر ڕابەری ئەم بـزووتنەوەیە لەگەڵ دڵخوازەکەی (سیمۆن دی بوفوار) خاوەن کتێبی (ڕەگەزی دووەم) خـاوەن بیروبۆچـونی گومانـاوی وەک هۆکـاری سـەرەکی بەسـتنەوەی ژن بەکـاری مـاڵەوە. هەر لە سـەرەتای مێـژووەوە ڕێگـری کـردووە، کە لە ئـاوەدانکردنەوەی جیهانـدا بـریتییە لە ( بەنـدایەتیەتی بۆکاری زاووزێ) هەروەها لە باری ڕۆڵـی گەشـەکردنیەوە دەڵێـت: "هـیچ کەسـێک بە ژنیەتـی لەدایـک نابێـت، بەڵکـو دەبێـت بەوە) یـاخود (ڕەوشـتی ژن نە هۆرمۆناتەکـانی نەدەمـاغی بەسـەریدا ناسـەپێنن، بەڵکـو ئەنجـامی بـارودۆخەکەیەتی) لەکۆتایشـدا بانگەشـەی ژن دەکـات بـۆ شۆڕش و یاخیبوون لە واقیع و بانگەشە دەکات بۆئەوەی کە (پێویسـتە جیهـان ژن و پیـاوی بە یەکسـانی تێدابێت و ژنان وەک پیاو کاردەکەن لەهەمان بارودۆخدا و بەهەمـان کـرێ و بڕیـار لەسـەر حـاڵەتی ئـازادی سێکسـی دەدات، بەڵام کـاری سێکسـی بەکـارێکی لەشفرۆشـی دانانرێـت، هاوسـەر ئـازادە لە پەیوەنـدیەکان و هەڵوەشـاندنەوەی پڕۆسەی هاوسەرگیریەکە و دایکایەتیش ئازادە.

4-فێمینیزمـــی ڕادیکـــاڵی: ڕادیکـــاڵی کـــار لەســـەر ئەوە دەکـــات، کە ژن و پیـــاو بەبـــێ ســـەیرکردنی ســـیاقی کـــۆمەڵایەتی و بەرژەوەنـــدی هەردووکیـــان لە ئاســـتێکی یەکساندان، چونکە پەیوەندیەکانیان لەسەر هێزی دەست و بیـری هەردوولا بەرهەمهـاتووە و کـاری لەسـەردەکرێت. هەروەهـا کاریـان بـۆ ئەوە دەکـرد، ئەو جیـاوازیە ڕەگەزی و.... لەنێوانیانـدا هەیە نەمێنێـت و داوای گـۆڕانی بنەڕەتـی پەیوەنـــدیەکانی نێرومێییـــان دەکـــرد لەنـــاو خێـــزان و کۆمەڵگەدا، بەشێوازێک، کە دەسـەڵاتی باوکـایەتی نەمێنێـت و گەیشتنە بەئاستی پەیوەندی و یەکسانی، کە پێیدەوترێت (of society genderization) فێمینیزمـی ڕادیکـاڵی لەنیـوەی دووەمی سەدەی بیستەم دەستپێیکرد، ئەم گرووپە پیـاوان بە بەرپرســـی چەوســـانەوەی ئافرەتـــان دەزانـــن و ئەو تونـدوتیژیانەی کە دووچـاری ژنـان دەبـنەوە، هۆکـاری پیـاوە، لەم ڕوانـگەیەوە داوای نەمـانی پۆلێنبەنـدی ڕەگەز دەکەن.

ئەم ڕادیکـاڵانە هەوڵیـان بـۆ نەهێشـتنی چەمکـی خێـزان دەدا و ئەم وشـــــــە و ئەوانەی، کە لە دەوری ئەوەوەن، وشـــەیەکن بوونیـــان نیـــیەو جەختیـــان لەســـەر (مردنـــی میتافیزیـک Death of metaphysic، مردنـی پیـاو Death of men، مردنی مێژوو Death of history) دەکردەوە.

لەنـاو ئەم بـزووتنەوە ڕادیکـاڵیەدا بیروبۆچـونی تونـد خـــرانەڕوو، کە دواتـــر بە بیروبۆچـــونی ڕادیکـــاڵی لادەر ناسران و کاریان لەسەر ئەوە بوو کە:

1-پێکەوە ژیانی یەک ڕەگەز و ڕاگەیاندنی شەڕ دژی پیاو، بەهۆی ئەمەشەوە ئەو درووشمە بەرزکرایەوە، کە ( پیاو چینێکی دژە) و ( شەڕ لە نێوان دوو ڕەگەزدا) بەمەش پەرەی سەند و کار گەیشتە ئەوەی داوای (شەڕ لە پێناو جیهانێکی بێپیاودا)، کە دواتر ئەم درووشمانەش لە چوارچێوەی بیردا نەمانەوە، بەڵکو ئەم سنورەیان بڕی و لە واقیعدا پراکتیزەکران لەشێوەی جیاجیادا ئەمەش وایکرد کە:

1-ئالۆزییەکی خراپ لەنێوان پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ژن و پیاودا بەتایبەتی پەیوەندی سێکسی دروستبوو.

2-هێرشکردنە سەر خێزان بەو پێیەی، کە دەزگای خێزان دەزگایەکی داپڵۆسێنەرە بۆ ژن ،بۆیە خێزان و هاوسەرگیری ڕەفزدەکەن.

3-پێویستە پەیوەندی ئازاد و ئازادی سێکسی هەبێت، ئۆگست بیبڵ بیرمەندی ئەڵمانی دەڵێت: "تێرکردنی غەریزەی سێکسی مەسەلەیەکی کەسییەو پێویستە وەک غەریزەکانی تری مرۆڤ تێربکرێت و کەس بۆی نییە محاسەبەی ئەم بکات لەبەردەم خەڵکی تردا).

4- ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی باوک لە ڕێگەی ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی باوکایەتی.

5-هەروەها پێیانوایە ژن دوای پرۆسەی هاوسەرگیری دەبێتە موڵکی پیاو و ناوی پیاوەکەی هەڵدەگرێت و هەموو شتەکانی ڕابردووی خۆی لەدەستدەدات.

6-ژن خاوەنی جەستەی خۆیەتی ( your body is your own)

شەپۆلی یەکەمی فێمینیزم جموجۆڵێکی پڕ چالاک و خاوەن ئامانج لەنێوان سالانی (1860-1920)دەستپێکردوە و ئەم جموجۆڵەش لەپێناوی بەدەستهێنانی مافی سیاسیی و یاسایی بووە، بەوەی لەڕێگەی یاساوە مافەکانی دەستەبەربکەن، Betty friedam دەڵێت: ( شەپۆلی یەکەمی فێمینیزم بۆ ئەوانەی، کە لەساڵی 1960لەدایکبوون، مێژوویەکی مردووە، چونکە بەهۆی بەدەستهێنانی تەواوی مافەکانیان لە ئەمریکا بووەتە مێژوویەکی مردوو).

کەوایە فێمینیزم لە ئەوروپادا لە شەپۆلی یەکەمدا، کە شەپۆلی تاکی و چاکسازی بوو، دوای ئەم هەنگاوە گەڕان بوو بەدوای بەدەستهێنانی مافی بەرامبەریدا و لە شەپۆلی دووەمدا داواکاری ئازادی ژنان و ڕۆڵگێڕانە.

لەڕاستیدا بزووتنەوەی فێمینیزم لە هەر وڵاتە و مێژوو و قۆناغ و ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە، بۆ نموونە شەپۆلی دووەمی فێمینیزم لە بەریتانیا لەساڵی 1960دەستپێدەکات و لە فەرەنساش لەدوای شۆڕشی خوێندکاریەوە سەریهەڵدا، کە لە پاریس لە ساڵی 1968 دا ڕویداوە و لەهەمان ساڵیشدا یەکەمین گرووپی ژنان دروستبوو.

**ئەنجام:**

*لەئەنجامی لێکۆڵینەوە دەگەینە ئەوەی کە:*

1- فێمینیزم بزووتنەوەیەکە کار بۆ یەکسانی ڕەگەزی نێوان ژن و پیاو دەکات. لەئەنجامی ئەو ململانێ و مافخواردنانەی، کە پێشتر هەبوون و ژن و پیاو بە بەرپرسی یەکەم دەزانێت.

2-هێزی جەستەی پیاو بوارە کۆمەڵایەتییەکە دروستیکردووە و پێویستە ڕۆڵەکان سەرلەنوێ دابەشبکرێنەوە.

3-لەناو ئەم بزووتنەوەیەشدا، کە خاوەن مێژوویەکی دورودرێژە، هەندێکیان بانگەشەی جیاوازبوون و دابڕان و....تاد دەکەن لەگەڵ پیاودا.

4-بەگشتی فێمینیزم هەوڵدەدات بۆ گۆڕینی لایەنی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و پەیوەندی لە نێوان دوو ڕەگەزەکەدا، لەپێناو گەیشتن بە یەکسانی تەواو، کە ئامانجی ستراتیژی بزووتنەوەکەیە.

**سەرچاوەکان:**

1-المراه فی التراث الاشتراکی، ترجمە: جورج طرابیشی، 2003

2-فی سبیل الارتقاء المرأە، روجیە غارودی، ترجمە: جلال مطرجی، بیروت، 2004

3-تیارات الحرکە النسویە ومذاهبە، نادیە لیلی عیساوی، جزائر، 2006

4-گۆڤاری (زرێبار)، ژمارە(60) بەهاری 1885 هەتاوی.

# فێمینیزم؛ دەروازەی چارەسەری کێشەکانی ژنان

ئامادەکردن و وەرگێڕانی: هاشم ئەمین

هەردوو زارەوەی فێمینیست و فێمینیزم لە قۆناغە سەرەتاییەکانی بزووتنەوەی ژناندا وەکو بیرۆکەیەکی سیاسیی سەریهەڵداوە، لە بارەی مێژووی سەرهەڵدانەکەشیەوە چەند بیروڕایەکی جیاواز لەو کتێبانەی، کە باسی فێمینیزمیان کردووە هەیە، بۆ نموونە لە یەکێک لە سەرچاوەکاندا سەرەتای فێمینیزم دەگێڕنەوە بۆ سەدەی پانزەهەم لەسەر دەستی کریستن دی، یان هەندێک سەرچاوە ئاماژە بە ماری ولستۆن کرافت لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم دەکەن. هەندێکیتریش سەرەتاکانی دەرکەوتنی فێمینیزم دەگەڕێننەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم، لەگەڵ هەموو ئەو بیروڕا جیاوازانەدا چەند شەپۆلێک لە ڕووی کاتەوە بۆ دەرکەوتنی بزووتنەوەی فێمینیزم وەکو داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافەکانی ژنان دیاریکراوە.

فێمینیزم وەکو زاراوە لە بنەڕەتدا بریتیبوو لە دانانی ستراتیژ و تاکتیکێک بۆ دابینکردنی یەکسانی جێندەری لە هەموو بار و بوارەکانی کۆمەڵگادا، فێمینیزم هەموو ئەو نەریت و نۆرمە باو و سەپاوانە ڕەتدەکاتەوە، کە لە کۆمەڵدا هەیە لەجێی ئەوانە یاسا و ڕێساکانی ئینسانی و مەدەنی پێشنیار دەکات.

سەرەتای بڵاوبونەوە و تەشەنەکردنی فێمینیزم وەکو بزووتنەوەیەکی ژنان، تەنها داکۆکیکردن بوو لە مافە سەرەتاییەکانی ژنان و ڕەخساندنی هەلی کاری سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی دەستەبەرکردنی ئەو مافانەی،

کە لە دواجـاردا دەبێـتە هـۆی چەسـپاندنی یەکسـانی لە نێوان هەردوو ڕەگەزداو، هەوڵدان بۆ کارکردن بۆ ئەوەی ئەو چەمکـانەی، کە ڕاسـتەوخۆ پەیوەندیـدارە بە مافەکـانی ژنـانەوە، جگە لەمـانەش بزووتنەوەی فێمینیـزم بەرلەوەی کـار لەسـەر ئەوە بکـات، کە جیـاوازی ڕەگەزی نەهێڵێـت، پێیـانوابوو، کە دەبێـت بەر لەهەر شـتێک پیـاوان ئـازادبن، چـونکە ئەمە بەشـێکی گـرنگە لە بـواری کـارکردنی بـزووتنەوەی فێمینیزمـدا، لەبەرئەوەی پـێچەوانەی ئەم چەمک و تێگەیشـتنە پیاوانیش بەهەمـان شـێوە وەک ژنـان زەرەمەنددەبن لەسەر بنەمای ڕەگەزی و جۆری ڕەگەزی، ئەو کەسانەش، کە هەوڵی ئەوە دەدەن، کە فێمینیـزم وەکو بزووتنەوەیەکی ژنان پەرەپێبدەن و بنەماکانی بچەسپێنن، دەبێـت هەوڵـی ڕەگەزی بەرامـبەر فەرامـۆش نەکەن و دەمارگیریانە و یەکلایەنانە کار نەکەن.

دەرکەوتنـی تیـۆری فێمینیـزم لەنێـو بزووتنەوەکـانی ژنانـدا، بـووە تەواوکەری تیـۆرە گشـتیەکان و تیـۆرە جیاوازەکـان دەربـارەی مەسـەلەکانی ژنـان و ئەو تێڕوانینـانەی، کە لەمەڕ چارەسـەرکردنی کێشـەکانی ژنـان هەیە، بەڵام لەهەنـدێک حاڵەتـدا بونیـاتی کـۆمەڵایەتی ڕەگەزی کەوتـۆتە سـەر ڕەگەزەکە خـۆی لە چارەسـەرکردن و بەدواداچـونی کێشـەکاندا، یـان بەپێچەوانەوە لە بەدەستهێنانی مافەکاندا لە کەسێکەوە بۆ کەسێکیتر دەگۆڕێت. چونکە کەسێک، کە پسپۆڕی هەبێت جیـاوازە لەوەی کە کەسـێک ناچـار دەکرێـت بەکـاری

سێکسی یان تەحەڕووشی جنسی، یان لە ماڵدا توندوتیژی بەرامبەر دەکرێت، یان کەسێک، کە بەزۆر لاقە دەکرێت، لەبەرئەوە فێمینیزم وەکو تیۆر، کە دەرکەوت توانی ڕیزبەندی و ڕێکخستن و پۆل بەندی بەو دیاردە و حاڵەتە جۆراوجۆرانە بکات. ببێتە ڕێنوێنیکەری ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکان کە لەنێوانیاندا پشکی شێر بەر کێشە کۆمەڵایەتیەکان دەکەوێت.

هەروەها بۆ چەسپاندنی پرنسیپەکانی بزووتنەوەی فێمینیزم، ژنان دەگەڕانەوە بۆ نووسینەکانی کریستن دی و ماری و لستۆن کرافت، کە ئەمانە بە شەپۆلی یەکەمی دەرکەوتنی فێمینیزم هەژماردەکرێن. دەرکەوتنیشیان سەرەتا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا بوو، کە باسیان لە هەندێک مافی سەرەتایی بۆ ئافرەتان دەکرد، وەک یەکسانی لە ماڵ و دارایی و گۆڕانکاری لە پەیوەندی خێزانی و دواجاریش ژنان مافی دەنگدانیان هەبێت و بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردن دا بکەن.

بەڵام شەپۆلی دووەمی فێمینیزم، کە دەرکەوتن بەوە ناسرابوون، کە کار بۆ ئازادی ئافرەتان دەکەن بەتایبەتی لە سالانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بەدواوە. کۆڵەکەی ئەساسیش، کە کاریان لەسەر دەکرد، مەسەلەی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی و سیاسیی بوو، شەپۆلی سێیەمیش لەنێوان ساڵانی1980 بۆ 1990 دەرکەوتن، کە ڕۆڵی ژنان بەگشتی دیار و بەرچاو بوو، بەڵام لە

هەمانکاتیشدا لە زۆربەی بوارەکاندا پەراوێز خرابوون، لە ژێـر نـاوی ڕزگـاربوون لەمەسـەلەی چینـایەتی و ڕەگەز پەرسـتی، بەڵام دوای ئەمەش قۆنـاغی دوای فێمینیـزم سـەرهەڵئەدا، کە بە بەشـداری ژنـان ناوزەنـد دەکـرا. کە گەشەسەندنێکی باشی بەخۆوە بینی.

فێمینیزمەکـان بڕوایـان بە ململانێـی چینـایەتی و فەوزەوی لە دژی دەوڵەت نیـیە، بەپـێچەوانەوە لەگەڵ بەروپێشـچوونی دەوڵەت و کۆمەڵگـادان. فێمینیزمیەکـان هەمیشـە ویسـتویانە دژی پیاوسـالاری بوەسـتنەوە و لە ئەولەویـاتی کاریانـدا بووە، پێیانوابووە هەرچەنـدە پیـاوان دەیانەوێـت دایـمە لە هەرەمـدابن، بەڵام ناشـتوانن خۆبەخشـانە کـار بـکەن، ئەگەر پێمـان وابێـت، کە بەتەنهـا دەبێـت پیـاوان لە هەڕەمەکەدابـن ئەوا مانـای وایە فێمێنیسـتەکان لە سیاسـەتدا پاشەکشـەیان پێـدەکرێت. بەتەواوی پەراوێزخـراون و دەیـانگەڕێنێتەوە بـۆ نێـو ژیـانێکی ئاسـایی لەبەرئەوە فێمێنیسـتەکان لە سـەرەتاوە جەختیـان لەسـەر ئەوە دەکردەوە، کە دەبێت کـار لەسـەر چۆنیەتی ئەزموونی ژنان بکرێت، نابێت بەتەنها درووشمی یەکسـانی بەرز بکەینەوە، بەڵکو دەبێت لەسـەرەتاوە کـار لەسـەر نەهێشـتنی جیـاوازی ڕەگەزی و چینـایەتی و سزادان بە هەر ناوێکەوەبێت بکەینەوە، چونکە داگیرکەران و ڕژێـمە سـەرکوتکەرەکان لەهەمـوو سـەردەمەکاندا بە تەواوی ژنیان پەراوێزخستووە و تەنانەت سزاش دراون و دژی هەمـوو بـزووتنەوەیەک بـوون، کە داکـۆکی لە

مافەکانی ژنان کردووە، بۆیە فێمینیزم دوای سەردەمی ئیستیعمار ئاڕاستەی کارکردنیان گۆڕاو پابەندبوون بە هەندێک لەو بنەمایانەی فێمینیزم لەپێش ئیستعماردا، بەڵکو پابەندبونی خۆیان بە بەڵێننامە جیهانیەکانی دەربارەی ژنانەوە پەیوەست کرد.

فێمینیزم دوای سەردەمی مۆدێرنە دەکەوێت. گفتوگۆ بەدیوە کۆمەڵایەتیەکاندا، کە پێیانوابوو نابێت ئەزموونی لەڕووە ڕۆشنبیری و مێژووییەکەوە بۆ هەموو کاتەکان لەبەرچاو بگیرێت. جۆرێک لە دەمارگیری ڕەگەزی دروست ببێت، بەڵکو دەبێت تیۆرەکانی فێمینیزم لەگەڵ ژینگە و ئەو شوێنەی، کە دەتەوێت چاکسازی کۆمەڵایەتی تێدا بکەیت جاریکیتر تیۆرەکان دابڕێژرێتەوە و بنەما و ڕەئیەکانیش فەرامۆش نەکرێت.

یەکێک لە شوێنەوارەکانی فێمینیزم لەنێو کۆمەڵگادا ئەوەیە، کە بزووتنەوەی فێمینیزم توانی گۆڕانکاری ڕیشەیی لەنێو کۆمەڵی ڕۆژئاوادا بکات، کە ئەو کات خۆی لە پێدانی ماف بە ژنان و مافی دەنگدان و بەشداری هەڵبژاردنی هەبێت دەبینیەوە، لە هەمانکاتدا هەلی ئەوەی ڕەخساند، کە ژنان لە بواری فێرکردن و پەروەردەدا کاربکەن. هەلومەرجێکیان ڕەخساند، کە ئەو کەنارکردنەی ژنان لەگەڵ پیاواندا بەرەو نەمان بچێت. تا گەیشتە ئەوەی، کە باس لەوە دەکرا، کە ژنان لەگەڵ پیاواندا یەکسانن، لە ماف و یاسادا وەک یەک بەرپرسیاریتیان بەردەکەوێت. لەکاتی جیابوونەش لەگەڵ پیاواندا مافی

خۆیان وەربگرن، جگە لەمانەش ئەو مافە درا بەژنان، کە بەشداری بکەن لە بڕیاردا وەک تاکێک خاوەنی بیروبۆچوونی خۆیان بن، بەتایبەتی لە بواری کارکردندا ببنە خاوەنی بیر و بۆچوونی خۆیان. جگەلەمانەش لەبواری کارکردندا ژنان ببنە خاوەن کار و بەشداربن لەو گرێبەستانەی، کە ماف دەدات بە خاوەن کار و ماف دەبەخشێتە کەسی کارکەر. جا چ لە پڕۆژەیەکدابێت یان لە ماڵ و موڵکدابێت.

## فێمینیزم وەك تیۆر:

تیۆری فێمینیزم ئامانجی تێگەیشتنە لە جیاوازی ڕەگەزی و ئەو نایەکسانییەی لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا هەیە، چونکە هەر کاتێک تاک لەوە گەیشتبێت، کە جیاوازی ڕەگەزی لە ڕووە بایەلۆژەکەدایە، ئەوا پێویست ناکات بیر لە یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز بکاتەوە. یان هەندێک لە فێمێنیستەکان پێیانوایە، کە تیۆرەکانی فێمینیزم جەخت لەسەر باشترکردن و دەستەبەرکردنی مافەکانی ژنان دەکاتەوە بەتایبەتی ئەو بابەتانەی، کە جیاکاری ڕەگەزی دروستدەکات و پیاوسالاری لەکۆمەڵگادا دەهێنێتە ئاراوە. جگە لەمانەش فێمێنیستەکان دەیانەوێت لەڕێی تیۆرەکانەوە ڕەخنە ئاڕاستەی دەسەڵات بکات، کە کاریگەری لەسەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان هەیە، کە کەسانێک بە خراپ کەڵک لە حاڵەتەکان وەردەگرن.

لەبەرئەوەی فێمینیزم بە چەند شەپۆل و سەردەمێکی مێژوییدا دابەشکراوە، چەندین جۆر و بڕی نوێی فێمینیزم بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی ژناندا لە قۆناغە جیاجیاکاندا دەرکەوتوون. یان دەتوانێت بڵێین فێمینیزم دابەشدەبێت بەسەر چەند شەپۆلێکدا:-

**فێمینیزمی ئێگزیستانسیالیست:**

ئەمانە سەر بە قوتابخانە بوونگەراییەکەی سیمۆن دی بوڤوار بوون، بوڤوار لەنێو ژنە ڕۆشنبیرەکانی ئەو کاتەدا یەکەم کەسیان بوو، کە فیکری فێمینیزمی لە هەموویان زیاتر پەرەپێدا، بەڵام لەهەمووشیان زیاتر بەکاریهێنا، بۆ باوەڕەکانی خۆی، کە بیرێکی زیاتر گرووپگەری بوو نەک گشتگیر.

**فێمینیزمی مارکسیست:**

ئەمانە بزووتنەوەی ژنانەی چەپ بوون، بەرگری لە بیری مارکسی دەکرد. دەیانویست هەوڵەکانیان لەپێناو بەرەوپێشبردنی ئایدۆلۆژیای مارکسیدا بێت.

**فێمینیزمی لیبڕاڵست:**

ئەمانەش بزووتنەوەی سیاسیی حیزبی لیبراڵ بوون، هەر ئاڕاستەیەکیان گرتبێت بەو ئامانجە بووە، کە خزمەت بە ئامانجەکانی ژنان بکات. لەهەمانکاتیشدا زۆر جەختیان لەسەر کارکردنی ژنان کردوەتەوە و کاریگەریشیان هەبووە.

### فێمینیزمی ڕادیکاڵ:

ئەمـــانە بەو شـــێوەیە گوزارشـــتیان لە ڕەگەزی نێـــر دەکرد، کە سەری هەڕەمەکەیە و دەتوانێت زاڵبێت بەسـەر سەرمایەداریدا، بەو پێیەی، کە ئەمانە جیاوازی دەکەن لەو سـزایانەی، کە بەسـەر ئافرەتانـدا دەچەسـپێنراو هەوڵـی ئەوەیـان دەدا، کە بەتەواوی بنبـڕی بـکەن و سـەرلەنوێ کۆمەڵگـا دابڕێـژنەوە و چارەسـەریبکەن، چـونکە پێیـان وابـوو چەوسـانەوەی ژن جەوهەری چەوسـانەوەکانی دیـکەیەو نمـوونەی هەمـوو چەوسـانەوەکانە، تەنـانەت پێیـانوایە سێکسـفرۆش ئەوکـارە بەئیـرادەی خـۆی ناکـات، بەڵکو قوربـانییەکی کۆمەڵگـایە و بەڕێگەی ناڕاسـتەوخۆو بەزۆر ئەو کارەی پێدەکرێت.

### فێمینیزمی تاکگەرا:

ئەم جـۆرە فێمێنیسـتە داکـۆکی لەسـەربەخۆیی ژنـان دەکات. وەکو تاکێک، کە خۆی خـاوەنی جەسـتەی خـۆی و بڕیارە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان و خاوەنی موڵک ومـاڵی خۆیەتی.

هەرچەنـدە لەسـەر فێمینیزمـی تـاکڕەو قسـە و بیـری جیاوازی لەسـەرە و هەنـدێک بەجۆرێک لە ڕەگەزپەرستی بەرامبـەر بە ژن لێکیـدەدەنەوە و هەنـدێکجار دەبێتە هـۆی پێشێلکردنی مافی کەسی بەرامبەر.

### فێمینیزمی ماتریاڵیست:

ئەم چەمکە یەکەمجار لەساڵی 1975دا لەلایەن (کرستن دلڤین) بەکارهات، کە جەخت لەسەر لایەنی ئابووری ژن دەکاتەوە و، دەیەوێت لە چوارچێوەی کاری ماڵی دەریبهێنێت خۆی کاربکات، کە ئەوکاتیش دەستی لەنێو گیرفانی خۆیدا دەبێت و چاوی لە کەسی بەرامبەر نابێت.

### فێمینیزمی کۆنزەرڤاتیڤ:

فێمینیزمی جیاکاری دەکەوێتە بەر شەپۆلی دووەم، کە دەیەوێت پارێزگاری لەهەندێک لە کارەکانی ناو کۆمەڵگا بکات بەو مەرجەی ڕێگرنەبێت بەرامبەر سنووری ئازادی تاکەکەس و کار نەکاتە سەر بیروبۆچوونە خودیەکانی تاک و کەسانی خۆپەرست چەمکی ئازادییەکە نەقۆزنەوە بۆ شتێک، کە دژی ئاکاری کۆمەڵگایە، واتا ئەم تیۆرە باوەڕی بە سێکسی هاوڕەگەز نییەو بەشتێکی نامۆی لە قەڵەم دەدات و پێیوایە سنووری ئازادی تاکەکەس لێرەدا کۆتای دێت، کە سنووری ئازادی کەسێکیتر دەشکێنێت.

### فێمینیزمی جوداخواز:

ئەم جۆرەیان پێچەوانەی ئەوەی پێشوو پێیوایە لەبەرئەوەی جیاوازیەکانی نێرومێ چارەسەری نییە. بڕوایان بە سێکس لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر نییە. سەرەتای ئەم بۆچوونە لە ساڵی 1967 لەلایەن پرۆفیسۆری بەشی ئیتیک لە ئەمریکا دەرکەوت. هەر

ئەویش ڕێکخراوێکی دامەزراند بەناوی شانەی 16، بەڵام کاریگەری نەبوو لەنێو بزووتنەوە فێمێنیستیەکاندا. وەکو خۆی مایەوە، بەڵام پاش ماوەیەک هەندێک کەسانی میانڕەو سەرهەڵئەدەن، کە پێیانوایە پیاوان ناتوانن پێشنیاری باش بۆ کێشەی ژنان بکەن. هەر پێشنیارێکیش، کە کردیان ئەوا پیاوسالارانە دەبێت، لێرەوە لەگەڵ ژناندا کەوتنە کارکردن بۆ ئامانجە سیاسیی و کۆمەڵایەتیەکانی ژنان و خێزانێک، کە تەنها لە ژن پێکهاتبێت و کار لەگەڵ پیاودا نەکات، یان بۆ هەمیشە بە سەڵتی و بێ هاوسەرایەتی بمێنێتەوە.

## فێمینیزمی پۆستمۆدێرن:

ئەم تیۆرە یەکەمجار لەلایەن فەیلەسوفێکی ئەمریکیەوە بەکارهێنرا، کە لە تیۆرەکەیدا ڕەخنە لە سیمۆن دی بوڤوار و میشێل فۆکۆ و فەیلەسوفی فەڕەنسایی (لاکان) دەگرێت، کە پێیوایە ئەمانە جیاکاریان لەنێوان بایۆلۆژیا و جێندەردا دروستکردووە، چونکە ئەو لەو کتێبەیدا جەخت لەسەر چەمکی سێکس و زمان دەکاتەوە  پێیوایە سێکس خۆی لە ستراکچەرە زمانەوانیەکاندا بنیادنراوە، هەروەها پێوایە سەرجەم ژنان ئەزموونی ڕێگەیەکی ژنانەی هاوبەش دەگرن و هەموو ژنانیش خۆیان لە شانی پیاودا دەبیننەوە.

**فێمینیزمی سۆسیالیست:**

ئەم تیۆرە جەخت لەسەر کیانی تاکەکەسی و ژیانی گشتی ژن دەکاتەوە و پێیوایە هەتا کۆتای بەکێشە کلتوری و ئابووریەکانی ژنان نەیەت کۆتای بەکێشەی ژنان نایەت. واتا ئەم تیۆرە تێکەڵەیەکی ڕەخنەگر لەفکری فێمینیزمی مارکسی و ڕادیکاڵ، چونکە مارکس پێیوایە سیستەمی سەرمایەداری چەوسانەوەی ژنی لەهەناودایە پێیوایە، کە سەرکەوتوو نەبووە لە دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان سیستەمی باوک سالاری و چینایەتیدا، بەڵام سیستەمی سۆسیالیستی هاوکاری یاسای بێبەرامبەری پێشکەشکردووە و ژنیش لێیبێبەشنەبووە.

**سەرچاوە:**

www.answers.com/topic/feminism

# بزوتنەوەی فێمینیزم

ئامادەکردن و وەرگێڕانی: ئایدیا

ئەم چەمکە بە بزوتنەوەی ژنان و سەربەستیی ژنان و لیبراڵیی ژنانیش ناسراوە, کە مەبەست لێی زنجیرە هەڵمەتێکە بۆ چاکسازیکردن لەسەر گیروگرفت و بابەتەکانی وەک مافەکانی نەوەخستنەوە و توندوتیژیی ناوماڵ و مۆڵەتی دایکایەتی و یەکسانیی موچە و مافی دەنگدانی ژنان و هەراسانکردنی سێکسی و توندوتیژی سێکسی. کارە لەپێشترینەکانی بزوتنەوەکە لەنێو نەتەوە و کۆمەڵگاکاندا جیاوازە و لە وڵاتێکدا دژی خەتەنەکردنی ژنان دەوەستێتەوە و لەوڵاتێکی تردا وەستانەوە دژ بە ڕێگریکردنی ژنان لەبەدەستهێنانی پۆستی باڵای کردوەتە ئامانجی سەرەکی خۆی.

ئەم بزوتنەوەیە کە لەکۆتایی سەدەی هەژدەدا لەڕۆژئاوا سەریهەڵدا بە سێ تەوژمدا ڕۆیشتووە: تەوژمی یەکەم لەچوارچێوەی بارودۆخی چینی ناوەڕاست و باڵاتری ژنانی سپی پێست دەسوڕێتەوە و یەکسانیی سیاسی و مافی دەنگدانی ژنان لەخۆدەگرێت. تەوژمی دووەمی فێمینیزم لەهەوڵی ململانێی زیاتری نایەکسانییە کلتوریی و کۆمەڵایەتییەکاندا بوو. تەوژمی سێیەمی فێمینیزم (1980–1990) تازەکردنەوەی کەمپینکردن لەخۆدەگرێت بۆ کاریگەری زیاتری ژنان لەسیاسەتدا.

## مێژوو

ئەو نمــونە و گۆشــەنیگایانەی لەم بــابەتەدا هــاتوون بەشــــێوەیەکی ســـــەرەکی پەیوەســـــتن بە ویـــــلایەتە یەکگرتووەکــان و تێڕوانینێکـی جیهـانیی نانوێنێـت لەسـەر بابەتەکە.

زاناکانی فێمینیـزم مێژووی بزوتنەوەکانی فێمینیزمیـان دابەشـکردووە بۆ سـێ تەوژم. هەریەکەیـان بـاس لەلایەنە جیاوازەکانی هەمان بابەتەکانی فێمینیـزم دەکەن. مێژووی ڕووداوەکـان و پێکهـاتەی بـزوتنەوەی فێمینیـزم لەنـزیکەوە پەیوەندی هەیە بە تاکەکانەوە لەهەمـان کاتـدا بە نـاڕەزاییە تایبەتەکـانی ئەو گۆڕانکـارییە بەرفراوانـانەی لەکولتـووری ئەمەریکادا ڕویاندەدا. بزوتنەوەی فێمینیزم کاریگەرییەکەی بەردەوام بـــــوو دژی چەقبەســـــتویی لە کــــــۆمەڵگەی ئەمەریکــادا. بەگـوێرەی بێـڵ هـوکس "فێمینیـزم بـریتییە لەخەباتێـــک دژی چەوســــاندنەوەی ڕەگەزی مێیــــنە". لەبەرئەوە، خەبـاتێکی نەگـۆڕە بـۆ لەڕیشەهەڵکێشـانی ئەو ئایدۆلۆژیا زاڵەی لەچەند ئاستێکی جۆراوجۆردا بەڕیشـەی کولتـــــووری خۆرئـــــاوادا ڕۆشــــتوەتە خــــوارەوە و پابەنـدبوونێکە بـۆ ڕێکخسـتنەوەی کۆمەڵگـا، لەئەنجامـدا بەرەوپێشــچونی کەســەکان دەتوانێـت ســەرکەوتوو بێـت بەسـەر ئیمپریـالیزم و بەرفراوانبـونی ئابووری و خواسـتە مادییەکاندا .

## تەوژمی یەکەم

تەوژمـــی یەکەم بـــریتییە لەبـــزوتنەوەی فێمینیزمـــی سـەدەی هەژدە هەتــاکو سـەرەتای سـەدەی بیســت, کە بەشێوەیەکی سەرەکی باس لەمافی دەنگدانی ژنان دەکات. نووسـەرەکانی وەک ڤێرجینیا وڵف وابەستەی ئایدیاکانی تەوژمی یەکەمی فێمینیزمە. لەکتێبەکەیدا بەناوی "ژووری یەکێک", وڵف باس لەوە دەکات کە چۆن پیاوان لەلایەنی کۆمەڵایەتی و جەستەییەوە بەسـەر ژناندا زاڵن. باس و خواسـی کتێبەکە ئەوەیە کە لەیەک کاتدا ژنـان قوربانیی دەسـتی خۆیـان و پیـاوانن, هەروەهـا راگـری کۆمەڵگـان بەوەی وەک ئـاوێنە کـار بـۆ پیـاوان دەکەن. نووسـەرەکە ئەو پێکهـــاتە کۆمەڵایەتییـــانە دەناســـێنێت کە ژنانیـــان لەکۆمەڵگـادا سـنوردار کـردووە و ئەدەب بەکاردەهێنێـت وەک دەقێک بۆ ژنانی تر.

یەکەمـین رێککەوتننـامەی مافەکـانی ژنـان لە سـێنیکا فـــــۆڵس لە نیویـــــۆرک بەســـــترا. دوای دوو رۆژ لە گفتوگـــــۆکردن و تـــــاوتوێکردن، 68 ژن و 32 پیـــــاو راگەیاندنی ویژدانیان (The Declaration of Sentiments) ئیمزا کرد کە باس لەکارە ناڕەواکان دەکات و ئەجێندایەک رێکدەخات بۆ بزوتنەوەی مافەکـانی ژنـان. تیایدا دوانزە بڕیار دەرکرا کە داوای مامەڵەی یەکسـانی ژنـان و پیـاوان دەکەن لەژێر یاسادا, لەگەڵ مافی دەنگدان بۆ ژنان .

زاراوەی "تەوژمی یەکەم" لەپێشدا داهێنرا دوای ئەوەی زاراوەی تەوژمـی دووەمـی فێمینیـزم بەکـاردەهێنرا بـۆ باسـکردنی بزوتنەوەیەکـی فێمینیزمـی تـازەتر کە زۆر

سەرنجی دەخستە سەر وەستانەوە دژی نایەکسانیی کولتووریی و کۆمەڵایەتی و زیاتریش دژی نایەکسانییە سیاسییەکان .

لە بەریتانیا، داواکەرانی مافی دەنگدانی ژنان هەڵمەتیان دەگێڕا بۆ دەنگدانی ژنان کە دواجار ئەو مافە بەخشرا بەهەندێک ژن لەساڵی 1918دا و دواتر بەهەموو ژنان لەساڵی 1928دا، ئەویش زیاتر بەهۆی ئەو رۆڵەوە بوو کە ژنانی بەریتانیا لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا دەیانگێڕا ئەمەش بەهۆی ئەو هەوڵ و کۆششانەوە بوو کە داواکەرانی مافی دەنگدانی ژنان سەرقاڵی بوون. لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، رابەرەکانی ئەم بزوتنەوەیە بریتی بوون لە ئیلیزابێس کەیدی ستانتۆن و سوزان بی ئانتۆنی, کە هەریەکەیان کەمپینیان دەکرد بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆیلەگەرایەتی, پێش ئەوەی خەبات بکەن بۆ مافی دەنگدانی ژنان. سەرکردە گرنگەکانی تر بریتین لە لوسی ستەون، ئۆڵیمپیا براون لەگەڵ هیلین پیتس. تەوژمی یەکەمی فیمینیزمی ئەمەریکا ژمارەیەکی زۆری ژنانی لەخۆدەگرت، هەندێکیان سەر بە گروپە کریستیانە کۆنەپارێزەکان بوون وەک فرانسس ویلارد و یەکێتی ژنە کریستیانە میانڕەوەکان، ئەوانی تر هەمەچەشنێتیی و رادیکالیزمی تەوژمی دووەمی فێمینیزم دەنوێنن وەک ستانتۆن و ئانتۆنی و ماتیلدا جۆسلین گەیج، هەروەها کۆمەڵەی نەتەوەیی مافی دەنگدانی ژنان کە ستانتۆن سەرۆکی بوو. لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، تەوژمی یەکەمی فێمینیزم وەها دادەنرێت کۆتایی پێهاتبێت

بەدەرکردنی یاسایەک لە نۆزدەهەمین هەموارکردنەوەی دەستوری ویلایەتە یەکگرتووەکاندا کە تیایدا مافی دەنگدان بەخشرا بە ژنان .

هەندێک لەفۆرمەکانی پێشووتری فێمینیزم رەخنەیان لێگیراوە بەوەی زیاتر لایەنگیریی سپی پێستەکان و چینی ناوەڕاست و خوێندەوارەکانیان دەکرد. ئەمە بووەهۆی دروستبوونی فۆرمی (رەچەڵەک تایبەت) یاخود فرە کولتوورییەکانی فێمینیزم.

### تەوژمی دووەم

تەوژمی دووەم (1960کان-1980کان) تەرخان بوو بۆ نایەکسانیی جێندەری لە یاساکان و کولتووردا. لەسەر ئەو دەستکەوتانە دروست بوو کە لەتەوژمی یەکەمدا بەدەستهاتبوون و دەستیکرد بەسازاندنی ئایدیاکان لە ئەمەریکادا. سیمۆن دو بوڤوار دەبەستریتەوە بەم تەوژمەوە لەبەر دانانی ئایدیاکانی سەبارەت بەژنان وەک "ئەوی تر". ئەم ئایدیایە لەنووسینەکەی ولفدا باسی لێوەکرا و گۆڕانکاریی تێدا کرا تا نەک تەنها بەسەر رۆڵە جێندەرییەکانی ژنان لەماڵەوە و لە ئیشدا جێبەجێ بکرێت، بەڵکو بۆ سێکسواڵێتیشیان بگونجێت. بوڤوار زەمینەسازی کرد بۆ تیۆری فێمینیزمی دواتر .

چالاکی تەوژمی دووەمی فێمینیزم لەسەرەتای سالانی شەستەکاندا دەستیپێکرد و هەتا کۆتایی هەشتاکانی خایاند. پاڵنەری دەستپێکردنی ئەم تەوژمی دووەمە بریتی بوو لەنوسینی کتێبێک لەلایەن بێتی فریدانەوە.

گرنگترین هۆکار کەدووبارە بووەهۆی سەرهەڵدانەوەی ئەم بزوتنەوەیە لەسەردەمی دوای جەنگدا، بوونی ئەو هەموو هەوادارە زۆرەی کتێبەکەی ساڵی 1963ی فریدان بوو بەناوی The Feminine Mystique ناوازەیی مێیینە.

کاتێک وەک ژنی ماڵ و دایکێک دەینووسی (هەرچەندە سەرگوزەشتەیەکی دورودرێژی چالاکی سیاسیشی هەبوو)، فریدمان باسی لەکێشەکە کرد بەبێ ناوهێنانی ژنانی ناڕازی خوێندەوار و چینی ناوەڕاست و دایکەکانی وەک خۆی کە تەماشای ماڵە جوانەکان و خێزانە باشەکانیان دەکەن کە زۆر خوازیاری بوون، بەڵام ئێستا وەک شتێکی تازەی نابینن لەژیانیاندا. لەکۆتایی پەنجاکانی سەدەی رابردوودا، هەستی شاراوەی ناڕەزایی کە لەژنانی ماڵدا هەبوو بابەتێکی سەرەکی گۆڤارەکانی ژنان بوو. بەڵام فریدمان لەبری ئەوەی سەرزەنشتی تاکەکانی ژنان بکات لەشکستهێنانیان بۆ خۆسازاندن بەرامبەر رۆڵی گونجاوی ژنان، سەرزەنشتی خودی رۆڵەکە و ئەو کۆمەڵگایەی کرد کە دروستی کردوون .

لەم کاتەدا، فێمینیستەکان دژی نایەکسانییە سیاسییەکان و کلتورییەکان کەمپینیان دەکرد کەپێیان وابوو لەڕادەبەدەر پێکەوە گرێدراون. بزوتنەوەکە هانی ژنانی دەدا تا لە لایەنەکانی ژیانی خۆیان تێبگەن کە چەند بەقوڵی بەسیاسی کراوە, لەگەڵ تێگەیشتنی کاردانەوەی پێکهاتەی بەکەمدانانی رەگەزی مێینە لەلایەن دەسەڵاتەوە. ئەگەر تەوژمی یەکەمی فێمینیزم گرنگی دابێت بە مافە

ڕەهاکـانی وەک دەنگـدانی ژنـان، ئەوا تەوژمـی دووەمـی فێمینیزم بەزۆری سەبارەت بوو بە بابەتەکانی تری وەک دواییهێنـان بەجیاکـاری. نووسـەر و فێمینیسـتی چـالاکوان کارۆڵ هانیشک دروشـمی (کەسـایەتی سیاسـەتە)ی داهێنا کەبووە هاوواتا لەگەڵ تەوژمی دووەمدا.

## تەوژمی سێیەم

لەســـەرەتای ســـاڵانی نەوەدەکانـــدا، بـــزوتنەوەیەک کەئێستا زاراوەی تەوژمی سێیەمی فێمینیزمی بۆ دانـراوە ســەریهەڵدا لەبەرامـبەر شکسـتەکانی تەوژمـی دووەمـی فێمینیـزم. سـەرەڕای بـوونە وەڵامێـک بـۆ شکسـتهێنانی تەوژمـــــی دووەمـــــی فێمینیـــــزم لەبەرامـــــبەر دەستپێشـخەرییەکان و بزوتنەوەکـان، تەوژمـی سـێیەم کەمتـــر کـــاردانەوەی هەبـــوو زیـــاتر گرنگـــی دەدا بە پەرەپێدانی دەستکەوتە جیاوازەکانی ژنـان لە ئەمەریکادا. بـــزوتنەوەی فێمینیـزم لەســـەردەمی تەوژمـــی دووەمـــدا بەشـێوەیەک گەشـەیکرد کە ژمـارەیەکی زیـاتر ژنـانی گرتەوە کە پێدەچێت لە ئامانجەکان و کارو چالاکیەکانی پێشوتردا دیاری نەکرابن کە لەسەرەتای بزوتنەوەکەوەدا ڕێکخرابـوون. لەگەڵ ئەوەی تەنهـا وەک درێژەپێـدەری تەوژمـی دووەم ڕەخـنەی لێـدەگیرا، تەوژمـی سـێیەمیش بەشداریکردنی بێ وێنەی خۆی گێڕا .

ســەرکردە فێمینیســتەکان کە لە تەوژمـــی دووەمـــدا ڕەگیـان داکوتـابوو، وەک گلۆریـا ئـانزەلودا، بێڵ هـوکس، شـیلا ساندۆڤال، چێـری مۆراگـا، ئـۆدری لـۆرد، ماکسـین

هۆنگ کینگستۆن و زۆرێکی تر لەو فێمینیستە رەنگ جیاوازانەی بانگەوازیان بۆ (بەخودبوونی نوێ) دەکرد لەدەنگی فێمینیستدا. ئەوان لەهەوڵی تاوتوێکردنی بۆشاییە بەرچاوەکانی بیری فێمینیزمدا بوون بۆ لەبەرچاوگرتنی بابەتەکانی پەیوەستن بە رەگەزپەرستیەوە. ئەم سەرنج خستنەسەر یەکتربڕینە لەنێوان رەگەزپەرستی و جێندەردا لەڕێی دانیشتنەکانی هیل تۆماسەوە بەگرنگی مایەوە، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی فریدەم رایدی ساڵی 1992 گۆڕا :( Freedom Ride 1992)بریتی بوو لە گەشتێکی سێ هەفتەیی بە پاس بۆ تۆمارکردنی دەنگدەران لە کۆمەڵگە هەژارنشینە رەنگ جیاوازەکاندا). ئەم گورە بۆ تۆمارکردنی دەنگدەران لەکۆمەڵگە کەمینە هەژارەکاندا پڕوپاگەندەیەک بەرێوە چوو کە گرنگی دەدا بە گردبوونەوەی فێمینیستە گەنجەکان. بۆ زۆرینەیان، گردبونەوەی گەنجەکان پێداگرییەکە بووەتە بەشێک لەنێو تەوژمی سێیەمی فێمینیزمدا.

**مەودا**

وەک بزوتنەوەیەک، ئەم ژنانە زۆرترین گۆڕانکارییان لەکۆمەڵگەی ئەمەریکادا ئەنجامدا و زۆرترین ژمارەی بەشداربوونیان تۆمارکرد. بەدەستنیشانکردنی ململانێ دیاریکراوەکان لە ئابوریی سیاسی و کولتووریدا، بەشێوەیەکی بێ پێشینە بابەتە جێندەرییەکانی کردە کێشە بۆ چالاکوانەکان لەهەموو لایەنەکانی بابەتەکە و بۆ ملیۆنەها هاوڵاتی تر.

مێژوونووس نانسی کۆت نووسیویەتی "فێمینیزم گوژمێک بوو کە گۆڕینی بۆ پرۆگرامێک بەبێ بەهەندوەرگرتنی ئەنجامەکانی تەوژمی یەکەمی بزوتنەوەکە مەحاڵ بوو". ئەوەی گۆڕانکاریی لەڕێکخستنی جێندەری زۆرینەی کۆمەڵگای بەپێویست دانا بریتیبوو لەچارەنوسی سیستمی موچەی خێزان، بۆ نمونە بیرۆکەی نێرینەی نانپەیداکەر و مێیینەی کابانی ماڵ, کە سیاسەتەکانی حکومەت و دامەزراندنیان لەکاری بازرگانیدا پێکهێنا بوو. لەو ساڵانەی بزوتنەوەکەدا ژنان زۆرێک لەو ئامانجانەیان بەدەستهێنا کە دایانڕشتبوون بەئەنجامیان بگەیەنن. توانییان مافی پاراستن لەجیاکاری دامەزراندن بەدەست بهێنن، لەگەڵ بەشداربوونیان لەهەڵبژاردن بۆ کارو خوێندن، چاکسازیی یاسای لەباربردن، زیاتر دەرکەوتنیان لە ڕاگەیاندندا، یەکسانی لەچوونە قوتابخانە وەرزشییەکان و یاسای تازەی کۆنگرێس بۆ مافە یەکسانەکان و شتی تریش .

گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەکان دەستیکرد بە بەربڵاوکردنی کۆمەڵگەی پیشەسازی, ڕێژەی لەدایکبوون دابەزی، ئومێد بەژیان زیادیکرد و ژنان بەژمارەیەکی زۆر دەچوونە هێزی کارەوە. ڕێسای گشتی نوێ هاتنەگۆڕێ کە گونجاوبوون لەبەرامبەر گۆڕانی شێوازەکانی خێزان و سوڕەکانی ژیانی تاک. کاری ئەم ژنانە تێگەیشتنی گشتی سەبارەت بەهاوسەرگیری و تەواوی مانای ژیان گۆڕی، ئیدی ژنان خوازیاری دەستکەوتی زیاتر بوون لەهاوسەرگیری و پیاوان و خوێندن و خۆیان .

کۆششەکان و دەستکەوتەکانی ئەم ژنانە و ڕێکخراوەکان لەڕێگەی بزوتنەوەی ژنانەوە گوڕوتینیان بەخشییە هەندێک لە نوسەرەکانی ئەو کاتە، تا دەربارەی ئەزموونە تایبەتەکانی خۆیان لە فێمینیزمدا بنووسن. جۆ فریمان و سارا ئیڤانس لەو نووسەرانە بوون. ئەو دوو ژنە لەبزوتنەوەکەدا بەشدارییان کرد و یەکەمین تێگەیشتنیان بۆ فێمینیزم نووسی. فریمان کە فێمینیست و نووسەرێکی ئەمەریکی بوو، ژمارەیەک وتاری فێمینیستی لەسەر گرفتەکانی وەک بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و پارتە سیاسیەکان و سیاسەتی گشتیی دەرهەق بە ژنان و لایەنە گرنگەکانی تری ژنان نووسی. ئیڤانس ئەزموونەکانی خۆی لەکتێبەکانیدا نووسییەوە وەک کتێبی The Roots of : Women Liberation in the Civil Rights Movement and the New Left and Born for Liberty (ڕەگو ریشەکانی سەربەستیی ژنان لە بزوتنەوەی مافە مەدەنییەکان و چەپڕەوە تازەکان و بونیان بۆ سەربەستی). کارەکانی زیاتر سەرنجیان دەخستە سەر ژنە چالاکوانە گەنجەکان و ئەوەیان دوپاتدەکردەوە کە "کەسایەتی سیاسەتە" لەگەڵ نیشاندانی ئەوەی چۆن ئەم ژنانە دانیشتنەکانی گفتوگۆکانیان بەکارهێنا بۆ بەرفراوانکردنی تێگەیشتنیان لە ریشە کۆمەڵایەتییەکانی کێشە تایبەتیەکانیان و کارکردنیان بۆ گەشەسەندی پەیڕەوکارییە جیاوازەکان بۆ لێدوان لەسەر ئەو بابەتانە.

بەشێک لەوەی کە فێمینیزمی هێند سەرکەوتوو کرد ئەو ڕێگەیە بوو کەتیایدا ژنان لەحاڵەتە جیاوازەکاندا

گەشەیانسەند بە جیاوازییەکانی خۆیان و بۆ ئەو ئامانجانە ڕێکیانخستن کە بەلایانەوە لەهەموو شتێک گرنگتر بوون. هەموو ژنان: ژنە بەڕەچەڵەک ئەمەریکییەکان، ژنانی چینی کرێکار، ژنە جولەکەکان، ژنە کاسۆلیکەکان، لەشفرۆشەکان و ژنانی کەمئەندام باسیان لەوە کرد کە بەلای ئەوانەوە یەکسانیی جێندەری چی دەگەیەنێت و پێکەوە کاریان دەکرد بۆ بەدەستهێنانی.

## گوڕوتینە کولتوورییەکان

ئەجێندای بزوتنەوەی فێمینیزم ڕووبەڕووبوونەوەی پیاوسالاریی دەگرتەخۆ لە کولتoورە باڵادەستەکاندا. لەکاتێکدا لەماوەی بەرەوپێشچونی تەوژمەکاندا جیاوازی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام بزوتنەوەکە لەخۆکەوتووە بۆ بەگژداچونەوەی پێکهاتەی سیاسی و دەسەڵاتداران و بیروباوەڕ یاخود پراکتیزە کلتورییەکان.

هەرچەندە پێشینانی فێمینیزم زۆر لەپێش سەدەی هەژدەوە بەرچاو دەکەون، بەڵام تۆوی بزوتنەوەی فێمینیزمی مۆدێرن لەماوەی کۆتایی ئەو سەدەیەدا چێنرا. کریستینا دو پیزان، کە نووسەرێکی سەدەی ناوەڕاستە، پێدەچێت یەکەمین فێمینست بووبێت لە ڕۆژئاوادا. بڕوا وایە کە ئەو یەکەم ژن بووبێت کە بژێویی ژیانی لەسەر نووسین بووە. بیری فێمینیزم شێوەیەکی ریشەیی وەرگرت لەسەردەمی بزوتنەوەی فەلسەفیی رۆشنبیری لە ئەوروپادا, کە رۆشنبیرەکانی وەک لەیدی ماری وۆرتلی مۆنتاگۆ و مارکویس دو کۆندۆرسیت خەباتیان بۆ

ڕۆشنبیریی ژنان دەکرد. یەکەمین کۆمەڵگەی زانستی بۆ ژنـــان لەســـاڵی 1785دا و لە شـــاری میـــدڵبێرگ دامەزرا کەدەکەوێـــــتە باشـــــووری کۆمـــــاری هۆڵەنـــــداوە. لەو سـەردەمەدا، گۆڤارەکانی ژنـان کە گرنگییـان بەبابەتەکـانی وەک زانست دەدا خوێنەری باشیان پەیداکرد.

ئەو ژنـانەی کە یەکەمـین هەوڵ و تەقەلایـان بۆ مـافی دەنگدانی ژنـان دەکـرد سـەر بە پاشـخانە ئارام و خـاوەن مافە تایبەتییەکان بوون و دەیانتوانی کـات و هێز و توانـا بـــۆ گۆڕانکـــاری تەرخـــانبکەن. لەبەرئەوە، گەشەســـەندنە ســـــەرەتاییەکانی ژنـــــان بەزۆری ژنە ســـــپی پێســـــتەکانی چینەکـانی ناوەڕاسـت و بـالا لێـی سـودمەند بـوون. بۆیە دەستپێکی بزوتنەوەی فێمینیزم لە ئەمەریکادا ئەجێندایەکی دیاریکراو بوو بۆ گروپێکی دیاریکراوی ژنان.

تەوژمە جیاوازەکـانی فێمینیـزم تەنهـا ڕەنگـدانەوەی پێشـــکەوتنە کولتـــوورییەکەی ئەمەریکـــا نیـــیە لەســـالانی بیســـتەکانەوە، بەڵکـــو ڕێـــگەیەکە بەهـــۆیەوە بـــزوتنەوە فێمینیســـــتییەکە تـــــاکتیکی جۆراوجـــــۆری بـــــزوتنەوەی کۆمەڵایەتی بەکارهێنا بۆ هاندانی ژنان لە ئەمەریکادا هەتـا چـالاک بـن و تاکەکـانی دەبزوانـد گۆڕانکـاری بـکەن بـۆ هەمـــــوو ژنـــــان لە ئەمەریکـــــادا. هەرچەنـــــدە بـــــزوتنەوە فێمینیستییەکە زیاتر لەسەدەیەکی خایاندووە، بەڵام چەند ڕێگـایەک هەن بۆ شـیکردنەوەی خشـتەی کـاتی کـارەکە و زانینـی ئەوەی چـۆن ژنـان ئەو ڕێگایانەیـان داڕشـتووە کە ئامـــانجی جۆراوجۆریـــان لەمێـــژوودا بەدەســـتهێناوە. "بە لێکـــدانەوەی پڕمانـــای ڕووداوەکـــان و بەســـەرهاتەکان،

نەخشــەکان دەکەونە گەڕ بــۆ ڕێکخســتنی ئەزمــوون و ڕێنمویی کارکردن، جا بەتاک بێت یان کۆمەڵ ."

بــزوتنەوەی فێمینیــزم بەردەوام بــوونی هەبــووە لەکولتــووری ئەمەریکــادا و کــۆمەڵەی مەبەســت هەر لەسـەرەتاوە گۆڕانکـاریی بەسـەردا هـاتووە. بەقسـەی بێڵ هــوکس "ژنــانی (چەوســاوە) هەســتدەکەن کەوا تــاکە وەڵاممـان بەرامـبەر سـپی پێسـتەکان و بۆرژوازییەکـان و دەســەڵاتە زاڵەکــانی بــزوتنەوەی فێمینیــزم بــریتییە لە خستنەزبڵدان و ڕەتکردنەوە و وەلانانی فێمینیزم ."

سێ تەوژمەکەی فێمینیزم نمونەن بۆ ئەوەی کە چۆن بەهاکــان ناســێنراون و هاوبەشــکراون و گــۆڕدراون, هەروەها تەواوی بزوتنەوە فێمینیستییەکە کاریکردووە بۆ پێناســەکردنەوەی پێــوەرە تایبەتییەکــانی ئەجێنــداکەی, ئەویش بۆ لەخۆگرتنی شـەبەنگێکی بەرفراوانتری خەڵک. بــۆ نمــونە، لەدواییــدا بــزوتنەوەکە ژنــانی بەڕەچەڵەک جیاواز و مەیلی سێکسیی جیاوازی لەخۆگرت. لە پـایزی سـاڵی 1971دا، ڕێکخـراوی نەتەوەیـی ژنـان (NOW) دانینـا بەوەی کە "چەوسـاندنەوەی لێزبیانەکـان خەمێکـی ڕەوای فێمینیزمە ."

بــزوتنەوەی فێمینیــزم بەردەوامە لە پاڵپشــتیکردن و هانـدانی ژنـان بـۆ شـوێنکەوتنی ئامانجەکانیـان, چـونکە کەسانێکن کە شایەنی هەلی یەکسـانن. بەپێی بێڵ هـوکس "بنـاغەی داهـاتووی خەبـاتی فێمینیـزم پێویسـتە بە پتەویـی بەندبێت لەسەر دانپێدانان بە پێویستیی بنەبڕکردنی پێوەر

و هۆکـــاره کولتـــوورییه بەرچاوەکـــانی سێکســـیزم و شێوازەکانی تری گروپە چەوسێنەرەکان ."

**ئازادی لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا**

دەســـتەواژەی "ئـــازادیی ژنـــان" یەکەمجـــار لەســـاڵی 1964دا لە ویـــلایەتە یەکگرتوەکانـــدا دەرکەوت و لەســـاڵی 1966یشـــدا بـــۆ یەکەمجـــار کەوتە بەردیـــدەی خـــوێنەران. لەســـاڵی 1968دا، لەگەڵ ئەوەی زاراوەی "بەرەی ئـــازادیی ژنان" لەگۆڤاری رامپارتس(Ramparts) دا دەرکەوت، بەڵام دەســـتپێکی ئامـــاژەکردن بـــوو بە ســـەرتاپای بـــزوتنەوەی ژنان. هەروەها برا بێرنین) Bra-burning ستیان سـوتاندن) هـــاوپێچی بـــزوتنەوەکە بـــوو، (برابێـــرنین: ئەم زاراوەیە لەلایەن لینســـی ڤـــان گەلـــدەرەوە بەکارهـــات کە ژنـــان هێماکـــانی مێیینەیەتییـــان دەســـوتاند لە تەنەکەخۆڵێکـــدا کەناوی لێنرابوو تەنەکەخۆڵی ئازادی)، بەڵام ئەم زاراوەیە هەڵەیە چـــونکە لەڕاســـتیدا لەخۆپیشـــاندانەکەی کـــاتی هەڵبژاردنی شـاجواندا لەشـاری ئەتلانتیک هـیچ سـتیانێکی تێدا نەسوتێنرا. زاراوەی "ئازادی" یەکێکە لەو پێویستیانەی کە دەبێـت بکـرێتە نـاو کـۆمەڵگەی ئەمەریکیـیەوە. وەهـا دادەنرێـــت کە هەمـــوو چەوســـاوەکان ژنـــان بـــووبن لە ئەمەریکـادا. کـاری بـزوتنەوە فێمینیســتەکە سەربەسـتیی لەخۆگرتـــووە وەک ئامـــانجێکی تـــایبەتیی ژنـــان، بەڵام لەوکاتەی کولتوور گۆڕانکاریی بەسەردا هات و گرفتەکان خـرانەڕوو ئەجێنـداکەش گەشەســـەندنی بەخـــۆوەبینی. بە لەبەرچـــــاوگرتنی ئەوەی کە "گەشـــــبینیی دەربـــــارەی

دەرئەنجامەکانی رووبەڕوبوونەوەی بەکۆمەڵ، گریمانەی بەرفراوانکردنـــی بەشـــداریکردن زیـــاد دەکـــات، بەڵام رەشـبینی کەمـی دەکـاتەوە" وای لەژنـان کـرد کە هەنـدێک هەسـتی ئـازادی بەدەسـتبهێنن بەو کـات و وزەیەی بـۆ بزوتنەوەکەیان تەرخان کردبوو.

بەشـــداریکردن کەمبـــوو لەچـــاو ئەو شـــەبەنگە بەرفراوانەی ژنان کە لە ئەمەریکادا هەبوو، بەتایبەتی ئەو ژنـانەی سـپی پێسـت نەبـوون و سـەر بەچینی ناوەڕاسـت یاخود باڵا نەبوون. گواستنەوە بەدرێژایی مێژوو رویـداوە، سـەرباری ئەوەش یـارمەتیی فراوانکردنـی کۆششـەکانی بـزوتنەوە فێمینیسـتییەکەی داوە بـۆ لەخـۆگرتنی ژنـانی رەچەڵەک و چـین و ئاراسـتە سێکسـییە جیاوازەکـان. کاروکردەوەی جیاواز بینراون کە ئاماژە بۆ ئازادیی ژنـان دەکەن، بەڵام ئەوە ئامـانجێکی بزوتنەوە گەورەترەکە بـوو وەک چرکەسـاتێکی دیـاریکراو لە مێـژوودا. یەکێـک لەو ڕەخنە هەرە توندانەی لە بزوتنەوەی ئازادیی ژنان گیـراوە لەلایەن رۆشنبیر و فێمینیستی ئەفریقی-ئەمەریکی گلۆریـا جـین واتکینسـەوە بـووە (کە نازنـاوی بێـڵ هـوکس بەکاردەهێنێت) کە باس لەوە دەکات ئەم بزوتنەوەیە زۆر بەکەمی باس لە ڕەچەڵەک و چینی کۆمەڵایەتی دەکات و بەو هۆیەشـەوە نوشوسـتی هێنـاوە لە تـاوتوێکردنی ئەو گرفتانەی ژنانیان دابەشکرد. ئەو لەکتێبەکەیدا بەناونیشانی "تیـۆریی فێمینیـزم لە پەراوێـزەوە بـۆ چەق" لەسـاڵی 1984دا، ئامـاژە بـۆ نەبـوونی دەنگـی کەمیـنە دەکـات لەبزوتنەوەی ژناندا.

دووبەرەکیــی لەنێــو ژنــانی ئەمەریکــادا لەئاکــامی جیــاوازیی رەچەڵەک و چینــی کــۆمەڵایەتی و ئاراســتەی سێکســییەوە بــووە. ئەوە رەگەزپەرســتی بــووە کە رێگــر بووە لەبەردەم یەکگرتنی ژنـان دژی جیاوازیی سێکسی. گـرنگە کە بەچـاوی چەوسـێنەرەوە تەماشـای رەچەڵەک و جێنـدەر نەکرێـت .(Bhavnani 80) دەکرێـت بنچینەکـانی ئـازادی ژنـان لە ئەمەریکـادا وەک بەشـێک لەو دوو لـقە دابنـــرێن کە لەبنەڕەتـــدا بـــزوتنەوەی فێمینیزمیـــان دروســـتکرد و بەتـــایبەتیش ئەو کـــارانەی بەئاراســـتەی ئازادیی ژنان ئەنجام دەدران. ئەوانەی لەپێشـەوە ئەو دوو لـقەی لەخـۆدەگرت دامەزرانـدنی رێکخراوەکـان بـوو وەک کۆمکاری کاری یەکسانی ژنـان، مـافە مرۆییەکـانی ژنـان هەروەهــا رێکخــراوی نەتەوەیــی ژنــان .(NOW) ئەم رێکخراوانە بەشێوەیەکی سەرەکی گرنگییان بە بەربەستە ئـــابوری و یاســـاییەکان دەدا کە ڕووبەڕووی ژنـــان دەبــوونەوە. ژنــان و پیــاوان پــێکەوە کاریانــدەکرد بــۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی ژنانی ئیشکەر، رۆڵی جێندەر، مووچە و هەلەکانی ژنان لە هێزی کاردا. لقی دووەم وەک لقێکـی تـازەتر ژمـارەیەکی زۆرتـری گـروپە بچوکەکـانی لەخـــۆدەگرت کە بەتـــایبەت ســـەرنجی دەخســـتە ســـەر چـالاکییە جۆربەجۆرەکـان. هەوڵەکـانی لـقە تـازەکە لەلایەن رووداوەکـان و کارەکـانی بـزوتنەوەی مـافە مەدەنییەکـان کـاریتێکرابوو, هەروەهــا هانــدان بــۆ گۆڕانکـاری لەلایەن گروپەکانی وەک "خوێندکاران بۆ کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی

که کۆمەڵگەکانی حەرەمی زانکۆیان کردە ئامانج (("SDS",
تـا بێـنە نـاوەوە. بە زیـادکردنی هۆشـیاری دەربـارەی گرفتەکانی ژنـان، تاکەکـان هانـدران تـا خۆیـان رۆشـنبیر بکەن جا ئایا لەڕێی ئەزموونەوە بێت یاخود خوێندنەوە.

جیاوازی نێوان لقە کۆنەکە و تـازەکە لە ڕێکخستن و پێکهاتەیانـدایە. لـقە کـۆنەکە زیـاتر کـاری لە پێکهـاتەی کۆمەڵایەتیـدا دەکـرد, لەکاتێکـدا گـروپە تـازەکە بەڕووی لایەنە چەسـپیوەکانی کـارکردنی سیسـتمەکە وەسـتایەوە. لـقە تـازەکە پێکهـاتووە لە چەنـدین گروپـی جیـاواز کە بەزۆری لەنێو کۆمەڵێ هاوڕێدا پێکدەهات. زانینی ئەم دوو لقە گرنگە، لەبەرئەوەی مێژووی بزوتنەوە فێمینیستییەکە دەخـاتە نێـو کولتـووری ئەمەریکـاوە. ئەو لقـانە یـارمەتی ناسـاندنی ئەو هەوڵ و تەقەلایـانە دەدەن کە لە بـازنە کۆمەڵایەتییەکـان و حەرەمـی زانکۆکـان و شـارەکانی سەرتاپای وڵاتدا ئەنجامدراون.

## گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان

بـزوتنەوەی فێمینیـزم لە کـۆمەڵگەی رۆژئـاوادا گۆڕانکـاریی بەرپـاکرد، بـۆ نمـونە بەدەسـتهێنانی مـافی دەنگـدانی ژنـان، مـافی داواکردنـی جیـابوونەوە و جیـابوونەوە بە ڕەزامەنـدیی هەردوولا، مـافی ژنـان لەبڕیـاردان سـەبارەت بە دووگیـانی (وەک رێگریکـردن لە منـداڵبوون و منـداڵ لەبـاربردن), هەروەهـا مـافی بـوونە خـاوەنی موڵـک و مـاڵ. هەروەهـا رێـگەی خۆشـکرد بـۆ

دامەزراندنی بەرفراوانی ژنان بە مووچەی یەکسان و چوونە بەر خوێندنی زانکۆ .

راپۆرتی ساڵی 2004ی گەشەپێدانی مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان وای داناوە کە کاتێک ئەو ئیشانەی بەپارە دەکرێن لەگەڵ ئیشی ماڵدا کە بەبێ بەرامبەرە لێکدانەوەیان بۆ بکرێت، ئەوا تێکڕا ژنان لەپیاوان زیاتر کاردەکەن. لەناوچە گوندنشینەکانی چەند وڵاتێکی پێشکەوتوی دیاریکراودا ژنان بەتێکڕای 20% زیاتر لە پیاوان کاردەکەن, یاخود 120%ی تێکڕای کاری پیاوان لەگەڵ 102 خولەک زیاتر لە هەر رۆژێکدا. لەو راپرسییەی وڵاتانی رێکخراوی هەماهەنگی و گەشەپێدانی ئابوریOECD دا هاتووە کە ژنان بەتێکڕای 5% زیاتر لە پیاوان کاردەکەن یاخود 105%ی تێکڕای کاری پیاوان لەگەڵ 20 خولەک زیاتر لە هەر رۆژێکدا. بەڵام لەکۆی ئەو 18 وڵاتەی OCED راپرسییەکەی تێدا ئەنجامدراوە، 5 وڵاتیان پیاوان رۆژی 19 خولەک زیاتر کاردەکەن لەچاو ژناندا. وڵاتەکانیش بریتین لە کەنەدا، دانیمارک، هەنگاریا، ئیسرائیل و هۆڵەندا. بەگوێرەی ژنانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ژنان 66% ی کارەکانی جیهان رادەپەڕێنن و 50% ی خۆراک بەرهەمدەهێنن، بەڵام لە 10% ی داهاتەکەی بۆ ئەوانە و خاوەنی 1% ی موڵکەکانن.

گومان لەوەدا نییە کە ڕەوشی کۆمەڵایەتی لە ئەمەریکادا گۆڕانکاریی بەخۆیەوە بینیوە لەمێژوودا. پێناسەکانی فێمینیزم و فێمینیست و تیۆری فێمینیزم چیتر

زاراوەیەکـــی هێنـــدە پـــتەوی یەک لایەنە نـــین. چەنـــدین ڕەهەنـدی جۆراوجـۆر هەیە لەبەرامـبەر بـزوتنەوەکەدا کە هەمـــوو لایەنە جیاوازەکـــانی کولتـــووری ئەمەریکـــا لەخۆدەگرێـــت. لە ئەمەریکـــادا "زۆریـــنەی خەڵکـــی وا ڕاهاتوون کە بیر لەلایەنی بەرهەڵستکاریی بکەنەوە وەک لە گونجـان پـێکەوە". گۆڕانکـارییە کۆمەڵایەتییەکـان تەنهـا مافی دەنگدان و یەکسانیی زیاتر لەهێزی کار و مافەکانی زاوزێکـــردن لەخۆناگرێـــت، بەڵکـــو پەردە لەســـەر نادادپەروەرییەکـــان هەڵـــدەماڵن و ئەو ڕێگایـــانەش لەخۆدەگرێـت کە ژنـان و پیـاوان پـێکەوە کـاردەکەن بـۆ گۆڕینیـــان. بەگـــوێرەی بیـــڵ هـــوکس، بـــۆ ئەنجامـــدانی گۆڕانکـاری زۆر گرنگە دەبێت ئەوە بزانرێت کە "ئەوانەی لە دەســـەڵاتدان هەمیشـــە گـــروپە قۆرخکراوەکـــان و چەوســێنراوەکانی ژنـان وا لێـدەکەن هەسـتبکەن بەوەی بارودۆخیان هیوا لێبڕاوە و هیچیان پێناکرێت بۆ رامـاڵینی ئەو شێوازی ژێردەستەییە ."

## زمان

فێمینیستەکان هەردەم پشتیوانکاری بەکارهێنانی زمانی بەکەم دانەنـانی ڕەگەز بـوون، بـۆ نمـونە بەکارهێنـانی "خـــاتوون" بـــۆ ئامـــاژەدان بە کـــچ و بە ژن یـــاخود بەکارهێنـانی زاراوەی herstory لەجیـاتی history. هەروەهـا فێمینیسـتەکان هەردەم پشـتیوانکاری بەکارهێنـانی زمـانی گشـتگیری جێنـدەر بـوون، وەک بەکارهێنـانی humanity

لەبـری mankind، یـان he or she لەبـری he کاتێـک جێندەرەکە نەزانراو بێت .
زمـــانی بێلایەنـــی جێنـــدەر روونکردنەوەیەکـــی بەکارهێنانەکـانی زمـانە کە مەبەسـتیان بچـوککردنەوەی گریمانەکـــانە ســـەبارەت بەڕەگەزی بـــایۆلۆژی مـــرۆڤە ئاماژەبۆکراوەکە. داکۆکیکردن لە زمانی بێلایەنی جێندەر بەلایەنـــی کەمەوە دوو ئەجێنـــدای جیـــاواز دەخـــاتەڕوو: ئامانجی یەکێکیان روونکردنەوەیە بۆ لەخۆگرتنی هەردوو جێنـدەرەکە (زمـانی گشـتگیری جێنـدەر)، ئەویتریـان ئەوە نیشاندەدات کە جێندەر وەک لایەنێک بەدەگمەن پێویست دەکـات ئامـاژەی بـۆ بکرێـت (زمـانی بێلایەنـی جێنـدەر). هەنـدێکجار داکۆکیکارەکـان لە زمـانی بێلایەنـی جێنـدەر دەڵـێن زمـانی بەکەمـدانەنانی رەگەز, نەیارەکـانیش پێـی دەڵێن زمانی دروستی سیاسی.

### پەیوەندییەکانی جیارەگەزبازی (Heterosexual)

زیـادبوونی رێـژەی ژنـان لەشـوێنی کارکردنـدا کە لەسـەدەی بیسـتەوە دەسـتیپێکردبوو، کـاریکردۆتە سـەر رۆڵەکـانی جێنـدەر و دابەشـکردنی کـار لەنێـو ئەنـدامانی خێزانـدا. ئـارلی رەسـڵ هۆشـچیڵدی کۆمەڵنـاس لەکتێبـی (شـەفتی دووەم و سـەختی کـات)دا ئەوە نیشـاندەدات، ژنـان و پیـاوان، بەتێکڕایـی وەکـو یەک کـات لەکارکردنـدا بەسەردەبەن، بەڵام هێشتا ژنان زیاتر کات بەسـەردەبەن لەڕاپەڕاندنی ئیشوکاری ماڵدا. فێمینیستی نووسەر کاسی یۆنـگ، وەڵامـی وتەکـانی هۆشـچیڵد دەداتەوە و دەڵێـت کە

لەهەندێک باردا رەنگە ژنان نەهێڵن پیاوان بەیەکسانی وەک ئەوان بەشداری راپەڕاندنی کاری ماڵ و باوانێتی بکەن.

رەخنەکانی فێمینیستەکان کە لە هاوبەشیکردنی پیاوانی دەگرن سەبارەت بە بەخێوکردنی منداڵ و ئیشی ناوماڵ لە چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگەی رۆژئاوادا، بەزۆری لەبەرئەو تێڕوانینەیە کەوا رەوا نیە چاوەڕوانی ئەوە لە ژنان بکرێت کە زیاتر لەنیوەی ئیشی ناوماڵیش راپەڕێنن و منداڵ بەخێوبکەن, لەکاتێکدا هەردوو هاوسەرەکە لە دەرەوەی ماڵ هێندەی یەکتر کار دەکەن. چەند لێکۆڵینەوەیەک بەڵگەی ئاماری وەها دەستەبەر دەکەن کە داهاتی دارایی پیاوانی هاوسەردار کار لە ڕێژەی راپەڕاندنی کاروباری ناوماڵیان ناکات .

لە کتێبی (سکپڕی بە دوودڵیەوە)، کریستین لوکەر تاوتوێی کاریگەری فێمینیزم دەکات لەسەر هەڵبژاردنی ژنە هەرزەکارەکان بۆ بوونی منداڵ لەناوەوە و دەرەوەی هاوسەرگیریدا. ئەو دەڵێت: لەبەرئەوەی منداڵبوون لەدەرەوەی هاوسەرگیریدا وەهای لێهاتووە زیاتر لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەسەند بکرێت، ئەوا ژنە گەنجەکان و بەتایبەتیش ژنە گەنجە کەمدەرامەتەکان کە بەو رێژە زۆرەی سالآنی پەنجاکان منداڵیان نابێت, لەئێستادا هۆکارێکی وەها نابینن تا هاوسەرگیری بکەن پێش ئەوەی منداڵێکیان هەبێت. روونکردنەوەی بۆ ئەمە ئەوەیە کەهیوای باشبوونی باری دارایی پیاوانی هەژار زۆر کەمە، لەبەرئەوە ژنانی کەمدەرامەت بەختێکی کەمیان هەیە لەدۆزینەوەی هاوسەرێک کەبتوانێت پاڵپشتی دارایی

توندوتۆڵ دەستەبەر بکات، ئەویش بەهۆی بەرزبونەوەی ڕێژەی بێکاری لەنێو کرێکارەکانی بازاڕدا، لەپیاوانەوە بۆ ژنان و ئینجا بۆ پیاوان .

لەگەڵ ئەوەی تـــــویژینەوە ئەوە نیشـــــاندەدات کە تاڕادەیەک ژنـان و پیـاوان وا لە فێمینیـزم گەیشـتوون کە لەگەڵ ئەویندارییدا لەململانێدا بێت، بەڵام لێکۆڵینەوەکانی خوێندکارانی زانکۆ و کەسە تەمەن گەورەکان ئەوەیان نیشانداوە کە فێمینیزم کاریگەریی ئەرێنی هەیە لەسەر پەیوەندیی تەندروست بۆ ژنان و ڕەزامەندیی سێکسی بۆ پیاوان و هیچ لایەنگیرییەکی تێدا بەدینەکرا بەرامبەر بیری نەگۆڕی نەرێنی فێمینیستەکان .

## ئایین

ئـــاینزانی فێمینیـــزم بـــریتییە لە بـــزووتنەوەیەک کە پێـداچوونەوە دەکـات بـۆ نەریتەکـان و پراکتیزەکـان و ئـاینزانی و کتێبی پیرۆزی ئایینەکـان لە گۆشـەنیگایەکی فێمینیســـتییانەوە. هەنـــدێک لە ئامانجەکـــانی ئـــاینزانی فێمینیستی زیادبوونی ڕۆڵگێڕانی ژنان لەخۆدەگرێت لەنێو دەســـەڵاتدارە ئـــایینی و ڕابەرە ئایینیەکـــان، دووبـــارە لێکـدانەوەی زاڵبـــوونی وێنەکـــاری نێرینەیـــی و زمـــانە دەربارەی خودا، بڕیاردان لەسەر پێگەی ژنان سەبارەت بە کار و دایکایەتی، هەروەها لێکۆڵینەوەی وێنەی ژنـان لە کتێبە پیرۆزە ئایینیەکاندا.

بزوتنەوەی فێمینیزم بەشێوازی بەرچاو کاریکردۆتە ســەر ئـــایین و زانســـتی ئـــایینی. لە بەشـــە لیبراڵەکـــانی مەسـیحیەتی پرۆتسـتانتدا، ژنـان ڕێگەیـان پێدراوە ببـنە

رابەری ئـــایینی، هەروەهـــا لە جـــودایزمی ریفـــۆرم و کۆنەپاریز و بنیاتنانەوەدا ئێستا ژنان ریگەیان پیدەدریت تـــاببنە رابـــی و کـــانتەر (رابەری ئـــایینی لە جودایزمـــدا). لەهەندیک لەم گروپانەدا، وردە وردە ژنان ئەو پۆستانەی دەسەلات بەدەستدەهێنن کە پێشتر تەنها لەلایەن پیاوانەوە بەرێـــــوەدەبران و لەئێســـــتادا تێڕوانینەکانیـــــان لە بەرەوپێشچوونی لێدوانە تازەکانی بڕواداریدا بەدیدەکرێت. بەلام ئەم بەرەوپێشچونانە ریگری لیکراوە لەنێو زۆرینەی بەشـــەکانی ئیسلام و مەسیحیەتی کاسۆلیکی رۆمانی و مەسیحیەتی ئەرسەدۆکسدا.

فێمینیزمـــی مەســـیحی بـــریتییە لە بەشـــێکی ئـــایینزانی فێمینیـــزم کە هەوڵـــی لیکدانەوە و تێگەیشتنی مەسیحیەت دەدات لەبەر رۆشنایی یەکسانی ژنان و پیاوان. لەکاتێکدا بیروبـــاوەڕی ســـتاندارد لەنێـــو فێمینیســـتە مەســـیحییەکاندا نییە، بەلام زۆربەیان لەسەر ئەوە کۆکن کە خودا لەســەر بنەمـــــــای تایبەتمەنـــــــدییەکانی رەگەز کە لەڕووی بایۆلۆجییەوە دیاریکراوە جیاکاری ناکات. بابەت و گرفتە ســـەرەکییەکانیان بـــریتین لە بـــوونە رابەری ئـــایینی ژنـــان، زاڵێتـــــی نێـــــرینە لەهاوســـــەرگیری مەســـــیحییەتدا، پڕوپاگەنـــدەکانی نـــاتەواوی رەوشـــت و بێتوانـــایی ژنـــان بەبەراورد بە پیـــاوان و بەگشـــتیش مـــامەڵەکردن لەگەڵ ژناندا لە کەنیسەدا.

فێمینیســـتەکانی پێشـــوو، وەک ئێلیـــزابێس کەیـــدی ســـتانتۆن کە هەوڵەکـــانی تەنهـــا چڕکردبـــووەوە لەســـەر (یەکســـانکردنی ژنـــان بە پیـــاوان). بەلام بـــزوتنەوەی فێمینیزمـــی مەســـیحی ســـەرنجی لەســـەر زمـــانی ئـــایین

چرکـردەوە لەبەرئەوەی وایـان دەبینـی کە ئامـاژەکردنی مێژینەیـی بـۆ ڕەگەزی خـودا وەک نێـرینەیەک، لەئەنجامی دەسـەڵاتی بەربـڵاوی نێرینەسـالارییەوە بـووە. ڕۆزمـاری رادفـۆرد روسـەر، هەڵسـەنگاندنێکی سیسـتماتیکی بـۆ زانسـتی ئـایینی مەسـیحیەت دەستەبەرکرد لەگۆشـەنیگای فێمینیستیک و بڕواداریێک بەخوداوە.

فێمینیزمـی ئیسـلامی گرنگـی دەدات بەڕۆڵـی ژنـان لە ئیسـلامدا و ئامـانجی یەکسـانیی تەواوی موسـوڵمانانە لە ژیـانی تـایبەتی و گشـتیدا بـێ جیـاوازیکردنی جێنـدەر. هەرچەنـدە لە ئیسـلامدا قوڵبـووەتەوە، بەڵام بـزوتنەوەی پێشەنگە ئیسلامیەکان تاوتوێکارییەکانی فێمینستی ڕۆژئاوا و عەلمانییـان بەکارهێنـاوە. داکۆکیکـارانی بـزوتنەوەکە کۆشش دەکەن بۆ دەستنیشـانکردنی فێرکارییە قوڵەکانی یەکسـانی لە قورئانـدا و هەوڵـی تێگەیانـدنی لێکـدانەوە (تفسیر) بەشێوەی پیاوانە دەکەن لە وانەپێدانی ئیسـلامی لە قورئان و فەرمودەدا (وتەکانی محەمەدی پێغەمبەر) و شەریعە (یاسـای ئیسـلام) بۆ دروسـتکردنی کۆمەڵگەیەکی یەکسانتر و دادپەروەرتر .

فێمینیزمـــی جـــولەکە بـــریتییە لە بـــزوتنەوەیەک کە هەوڵدەدات بۆ باشکردنی باری کۆمەڵایەتی و یاسایی و ئایینی ژنان لە بیری جودا، هەروەها ئـاوەڵاکردنی دەرفەت بۆ ئەزموونـداری و سـەرکردایەتیکردنی ئـایینی بۆ ژنـانی جولەکە. لەشێوازە مۆدێرنەکەیدا، دەتوانرێت بنج و بناوانی بزوتنەوەکە بگەڕێندرێتەوە بۆ سەرەتای سالانی حەفتاکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان. بەگوێرەی جودس پلاسکەو،

کە لە جـودایزمی ریفۆرمـدا سـەرنجی خسـتوەتە سـەر فێمینیزم، گرفتە سەرەکییەکان بۆ فێمینیستە جولەکەکانی پێشـوو لەم بـزوتنەوانەدا بێبەشـکردنیان بـوو لە گـروپە نێـرینە نوێژخوێنەکانـدا کەپێـی دەڵـێن مینیـان(Minyan) ، بەدەربوون لەلایەنی ئەرێنی میتزڤۆت) :mitzvot هەریەک لەو 613 فەرمایشـتەی تەورات) و نەتـوانینی ژنـان بـۆ بوونە شاهید و داواکردنی تەڵاق.

## یەکسانیی جێندەر

یەکسانی جێندەر (کە بە هاوتایی جێندەر، هاوسەنگیی جێنـدەر و یەکسـانیی رەگەزیـش دەناسـرێت) ئامـانجی یەکسـانی جێنـدەرەکانە کەسـەرچاوەی لەبـاوەڕێکی نـادادپەروەری شـێوازە زۆر و زەبەنەکـانی نایەکسـانی جێندەرەوە وەرگرتووە.

## چەمك

لەکۆتـایی سـەدەی نـۆزدەدا، بـزوتنەوەکە لەبەرامـبەر یەکسـانی جێنـدەردا, بەتـایبەتی لەوڵاتـانی رۆژئـاوادا بە بـزوتنەوەی بەدەسـتهێنانی مـافی دەنگـدانی ژنـان دەستپێکرد. پاشـان گۆڕانکـارییەک هاتەئـاراوە سـەبارەت بەمافەکـانی خاوەنـدارێتیی ژنـان لە هاوسـەرگیریدا. (بـۆ نمونە تەماشای یاسای خاوەندارێتی ژنانی هاوسـەرداری سـاڵی 1882 بـکە، .(Married Womens Property Act لەسـاڵانی شەسـتەکاندا، بزوتنەوەیەکـی گشـتگیرتری یەکسـانی جێنـدەر گەشەیسـەند لەسـەربنەمای ئـازادیی

ژنـان و فێمینیـزم. لەگەڵ ئەوەشـدا، گۆڕانکـاری راسـتەقینە لەهەڵوێسـت و بیـروڕادا بەردەوام بـوو لە سـەرنج خستنەسەر چەند بابەتێکی دیاریکراو.

بـزوتنەوەکە گۆڕانکـاریی یاسـاکانی لـێکەوتەوە، جـا پەیوەست بووبێت بە یاسـاکانی بـابەتە دیاریکراوەکـانەوە یـاخود یاسـاکانی دژە جیاکـاریی رەگەزی. هەروەهـا گۆڕانکـاریش لە بۆچوونەکـان بەرامـبەر دابینکردنـی هەلـی خوێندنی یەکسـان بۆ کـوڕان و کچـان بە گۆڕانکـارییەکی کولتووریـدا تێپەڕیـوە. هەنـدێک گۆڕانکـاری سـەریانهەڵدا بەهۆی پەسـەندکردنی رێسـاکانی دابینکردنـی هەلـی کـاری یەکسـان. گۆڕانکـارییەکە گۆڕانکـاری لایەنە کۆمەڵایەتییەکانیشـی لەخۆگرتـووە، بـۆ نمـونە (مـوچەی یەکسـان لەبەرامـبەر کـاری یەکسـاندا) لەزۆرێک لەوڵاتـاندا زۆربەی پیشـەکان بەیەکسانی ئاوەڵایە بۆ ژنـان و پیـاوان. بـۆ نمـونە، ئێسـتا زۆربەی وڵاتـان رێـگە بەژنـان دەدەن لە هێـزی سـەربازی و هێـزی پۆلیسـدا خـزمەت بـکەن و دەشـتوانن ببـنە ئـاگرکوژێنەوە. هەروەهـا ژمـارەیەکی رووڵەزیادبووی ژنان لەکاری سیاسیدا چـالاکن و پۆسـتە بەرزەکانی بزنسیان بۆ خۆیان گرتووە .

بەپـێچەوانەی پێشـووەوە، ئێسـتا پیـاوان بەشـێوەیەکی رووڵەزیـادبوو ئەو ئیشـانە دەکەن کە لە نەوەکـانی پێشوودا تەنها بە کاری ژنان دانرابوون، وەک دایەنیکردن. هەروەهـا لەمـاڵەوە، لەکاتێکدا جیـاوازیی بـایۆلۆژی نێوان ژنان و پیاوان زانـراوە بەتـایبەتیش لەبوونی منداڵدا، بەڵام ئێسـتا رۆڵـی منـاڵبوون بەشـێوەیەکی بەرفـراوان وەهـا

دانەنـراوە کە تەنهـا ڕۆڵـی تـایبەتی ژنـان بێـت. لایەنێکـی ڕوونــی تــری گۆڕانکــاری لە تێــڕوانینە کۆمەڵایەتیەکانــدا بــریتییە لەهەڵنەگرتنــی نازنــاوی پیــاوەکە لەلایەن ژنەکەوە لەکــاتی هاوســەرگیریدا، هەروەهــا ئــازادبوونی ژنــانە لە بەردەوامبوون لەکارەکەیدا دوای هاوسەرگیری.

زۆرێک لەخەڵکی، جا فێمینیست بن یان نا، هێشتا پێیان وانیە ئامـانجی یەکسـانی جێندەر بەدەسـتهاتبێت بەتـایبەتی لەوڵاتە ناڕۆژئاواییەکانـدا. گرفتێکـی بەردەوام و گرنـگ کە پەیوەسـتە بە یەکسـانیی جێندەرەوە بریتییە لەڕۆڵـی ژنـان لە کڵێسەی کریستیان و قەشە ژنەکاندا.

هەمــوو بیرۆکەکــانی یەکســانی جێنــدەر بەشــێوەیەکی گشتی نەچەسپێنراون. بۆ نمونە، مافەکانی ترۆپکی ئازادی وەک بـــابەتێکی پەراوێزکـــراو مـــاونەتەوە، هەرچەنـــدە مافەکانی شیرپێدانی ژن لە شوێنە گشـتییەکاندا تـاڕادەیەک پەسەندکراوە، بەڵام ئەو ژنـانەی فیلمـی ڕووت و ڕەفتـاری دژە کۆمەڵایەتیان لەلا پەسـەندە و هەندێک جـاریش لەگەڵ گروپی پیاواندا هاوپێچی ئەو کارە بوون، ئەوا تـاڕادەیەکی زۆر ڕەخنەیان لێدەگیرێت.

## هەوڵ و کۆششەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نایەکسانی

زۆرینەی لایەنەکـانی جیهـان پێناسـەیان بۆ یەکسـانیی جێندەری کردووە لەڕووی مافەکانی مرۆڤ و بەتـایبەتیش مافەکـانی ژنـان و گەشەسـەندنی ئـابوورییەوە. یونسـێف بـاس لەوە دەکـات کە یەکسـانی جێنـدەری (بەمانـای ئەوە دێــت کە ژنـــان و پیـــاوان، کچـــان و کـــوڕان وەک یەک هاوبەشـن لە مـاف و سـامانەکان و هەل و دەرفەتەکـان و

پارێزگاریی لێکردنیان). ئەو داوای ئەوە ناکات کە کچان و کوڕان، ژنـان و پیـاوان ببـنە هەمـان شـت یـاخود کتومـت وەک یەکتری مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

فەنـدی دانیشـتوانی نەتەوە یەکگرتووەکـان رایگەیانـدوە کەوا ژنـان مـافی یەکسـانییان هەیە. هاوسـەنگی جێنـدەر یەکــێکە لەئامانجەکــانی پــرۆژەی میلینیــۆمی نەتەوە یەکگرتوەکان لەسـاڵی 2015دا بـۆ کۆتاییهێنـان بە هەژاری لەجیهاندا. ئەم پرۆژەیە وەهـا دادەنێت کە (هەر ئامانجێـک راســتەوخۆ بەســتراوەتەوە بەمافەکــانی ژنــانەوە و ئەو کۆمەڵگایـانەی کە ژنـان وەک پیـاوان مـافی یەکسـانیان پێــنەدراوە هەرگیــز نــاتوانن بەشــێوەیەکی بەردەوام پێشبکەون.(

لەمەوە، برەوپێدانی یەکسـانی جێنـدەری وەک هانـدانێک دەبینرێـت لەبەرامـبەر گەشـەپێدانی ئـابوری بەشـێوەیەکی بەرفراوانتـر. بـۆ نمـونە، نەتەوەکـانی جیهـانی عەرەب کە نکــۆڵی لە یەکســانیی ژنــان دەکەن لەســاڵی 2008دا بەڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاگادارکرانەوە کە ئەم بێدەســەڵاتکردنە فــاکتەرێکی ســەرەکی شــەلکردنی گەڕانەوەی ئەم نەتەوانەیە بــــۆ یەکەم ئاســــتی ســەرکردایەتیکردنی جیهـانی لەبازرگـانی و فێربـوون و کولتووردا.

یەکێتی ئەورووپا لەساڵی 2010دا، پەیمانگای ئەورووپیی بـۆ یەکسـانیی جێنـدەریی (EIGE) کـردەوە لە ڤیلنیوسـی پـایتەختی لیتوانیا(Lithuania) ، بـۆ برەوپێدانی یەکسـانیی جێندەری و بەرەنگاربوونەوەی جیاکاریی رەگەزی.

# مێژووی فێمینیزم

**ئامادەکردن و وەرگێڕانی: ئایدیا**

مێژووی فێمینیزم چیرۆکی بزوتنەوە فێمینیستییەکان و بیرمەندە فێمینیستەکان لەخۆدەگرێت. بە پشتبەستن بە کات و کولتوور و وڵات، فێمینستەکان لەهەموو جیهاندا هەندێکجار بەرنامە و ئامانجی جیاوازیان هەبووە. زۆرینەی مێژوونوسە فێمینیستە رۆژئاواییەکان دووپاتیدەکەنەوە کە هەموو ئەو بزوتنەوانەی کە کار بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی ژنان دەکەن پێویستە بەبزوتنەوەی فێمینیستی لەقەڵم بدرێن، تەنانەت لەکاتێکدا ئەگەر ئەم دەستەواژەیەشیان بۆ خۆیان بەکارنەهێنابێت. مێژوونوسانی تر دووپاتیدەکەنەوە کە پێویستە ئەو دەستەواژەیە بۆ بزوتنەوەی فێمینیستی مۆدێرن و نەوەکانیان سنوردار بکرێت. ئەو مێژوونوسانە "پرۆتۆفێمینیست" بۆ وەسفکردنی بزوتنەوەکانی پێشوو بەکاردەهێنن.

مێژووی بزوتنەوە فێمینیستییە رۆژئاواییە مۆدێرنەکان بۆ سێ "تەوژم" دابەشدەکرێت. هەریەکەیان بەوە دەناسرێت کە لێکۆڵینەوە لەبارەی لایەنە جیاوازەکانی هەمان دۆزە فێمینیستییەکانەوە دەکات. یەکەم تەوژم ئاماژەیە بۆ ئەو بزوتنەوەیەی سەدەکانی نۆزەدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، کە بەشێوەیەکی سەرەکی باسی لەمافی دەنگدان و هەلومەرجی کارکردن و مافی خوێندن بۆ ژنان و کچان دەکات. هەرچی تەوژمی دووەمە (شەستەکان – هەشتاکان) لێکۆڵینەوە لەبارەی نایەکسانییە یاساییەکان، نایەکسانییە کولتوورییەکان و رۆڵی ژنان لەکۆمەڵگادا دەکات. سێیەم تەوژمی

فێمینیـــزمیش (کۆتـــای هەشـــتاکان – ســـەرەتای دەیەی یەکەمـــی دووهەزار)، وەک بەردەوامـــی تەوژمـــی دووەم و وەڵامێک بۆ شکستە دیارەکان دەبینرێت.

**پێشەکی**

چەمکەکـــانی "فێمینیـــزم" یـــان "فێمینیســـت" یەکەم جـــار لەساڵی 1872 لە فەرەنساو هۆڵەندا وەک(les feministes) ، لەســـاڵی 1890 لە بەریتانیـــا، هەروەهـــا لەســـاڵی 1910 لە ویـــــــلایەتە یەکگرتوەکـــــــان دەرکەوت. لەفەرهەنگـــــــی ئۆکســـفۆردی ئینگلیزیـــدا بـــۆ یەکەمجـــار لەســـاڵی 1894 وشـــەی "فێمینیســـت"و لەســـاڵی 1895 وشـــەی "فێمییـــزم" دەرکەوت. بـــۆ یەکەم جـــاریش ڕۆژنـــامەی دەیلـــی نیـــوزی بەریتـــانی "فێمینیســـت"ی بەزمـــانی ئینگلیـــزی ناســـاند، کە لە فەرەنسییەوە وەرگیـــراوە و بەترســـناکیش وەســـفیکردووە. "ئەوەی پەیامنێری پاریسمان وەک گروپێکی "فێمینیست"ی وەســـفیدەکات... لەئەنجـــومەنی نـــوێنەرانی فەرەنســـا". پـــێش ئەو ســـاتەوەختە، بـــاوترین دەســـتەواژە کە بەکاردەهـــات "مـــافی ژنـــان" بـــووە، لەگەڵ ئەوەشـــدا وەســـفی شـــاژنی ڤیکتۆریـــاش بـــۆ ئەمە "نەزانـــی و گەمژەیەتـــی مـــافی ژنـــان" بوو.

پێناســـــەی فێمینیـــزم لەوانەیە ئاســـــان نەبێـــت، بەڵام تێگەیشـــتنێکی فراوانتـــر بـــۆ ئەمە بـــریتییە لەنوانـــدن و قسەکردن و نوسین و بەرگریکردن لە کێشـە و مافەکـانی ژنـان و دیـاریکردنی نادادپەروەرییەکـان بەرامبەر بەژنـان لەم بارودۆخە کۆمەڵایەتییەدا.

**پرۆتۆفێمینیزم**

ئەو خەڵــک و چالاکوانــانەن کە گفتوگۆیــان لەبــارەی کێشــەکانی ژنەوە دەکــرد و بەرەو پێشــەوەیان دەبــردن, پــێش بــوونی بــزوتنەوەی فێمینیســتی هەنــدێک جــار بە پرۆتۆفێمینیســـــت نـــــاودەبرێن، هەرچەنـــــدە هەنـــــدێک لەشــارەزایان رەخــنە لە بەکارهێنــانی ئەم دەســتەواژەیە دەگــرن. هەنــدێک بــاس لەوە دەکەن کە ئەوە لەگرنگــی بەشــداربوانی پێشــوو کەمــدەکاتەوە، لەکاتێکدا ئەوانــی تــر بــاس لەوە دەکەن کە فێمینیــزم خــاوەنی مێژوویەکــی تــاک رەهەنــد نیــیە کە بەدەســتەواژەکانی وەک پرۆتۆفێمینیســت یان پۆستفێمینیست ئاماژەی بۆ بکرێت.

کەســـایەتیو نوســـەری ئیتـــالیی ســـەدەی پـــانزەیەم، کریســـتین دی پیـــزان، یەکەم ژن بـــوو کە ســـەبارەت بە پەیوەنــدیی رەگەزەکــان نووســی و نووســەری Epire au Dieu d'Amour (پەیــام بۆ خواوەنــدی خۆشــەویســتی) بوو، کارەکەی کریستین لەلایەن سیمۆن دی بوڤوار ، هەینریچ کۆرنیلیوس ئەگریپا و مۆدێستا دی پۆزۆ دی فۆرزێ، کە لەســەدەی شــانزەیەمدا کاریــان دەکــرد، بە نووســەرەکانی ســەدەی حەڤدەیەمیشــەوە وەک هانــا وولــی لە ئینگلــتەرا، جوانا ئنێس دیلا کروز لە مەکسیک، ماریــا لــی جــارس دی گۆرنەی، ئان برادستریت، هەروەها فرانکویس پۆلیان دیــلا باری هەندیک جار وەک پرۆتۆفێمینیست وەسفدەکرێن.

## سەدەی حەڤدەیەم

یەکێک لەگرنگترین نوسەرە فێمینیستەکانی زمانی ئینگلیزی لەسەدەی حەڤدەیەمدا مارگاریت کاڤێندش دوکی نیوکاسل بوو.

## سەدەی هەژدەیەم: سەردەمی ڕۆشنگەری

سەردەمی رۆشنگەری بە سەرهەڵدانی رۆشنبیری عیلمانی و نووسینی فەلسەفی پێشکەوتوو ناسرابوو. زۆرێک لە فەیلەسوفەکانی رۆشنگەری بەرگرییان لە مافەکانی ژنان دەکرد، لەناویشیاندا جیریمی بێنسام (1781)، مارکیز دی کۆندۆریت (1790)، لە هەمووشیان ناسراوتر ماری واڵستنکرافت (1792) بوو.

## جیریمی بێنسمان

فەیلەسوفی لیبراڵی کلاسیکی ئینگلیزی جیریمی بێنسام باس لەوەدەکات کە دانانی ژنان لەبارێکی ژێردەستەی یاساییدا وایلێکردووە هەر لە تەمەنی یانزە ساڵییەوە رۆڵێکی ریفۆرمیست هەڵبژێرێت. بێنسام لەبارەی یەکسانیی تەواو لەنێوان رەگەزەکان قسەی کردووە لەناویشیدا مافی دەنگدان، بەشداریکردن لە حکومەت، هەروەها بەگژاچوونەوەی ستانداردە مۆراڵە سێکسییە جیاوازە توندەکانی ژنان و پیاوان.

لە کتێبی (پێشەکی بۆ بنەماکانی یاسادانان و مۆراڵەکان 1781)دا بێنسام بەتوندی ئیدانەی کرداری

بـاوی ڕەتكـردنەوەی مافەكـانی ژنـانی بەهـۆی نزمـی بیركردنەوەیانەوە لەزۆرینەی وڵاتان كرد. بێنسام نمونەی زۆری ژنانی بەتوانای هێنایەوە.

## ماركوس دی كۆندۆرسیت

سـەركردەی سیاسی لیبراڵی كلاسیكی و بیركاریزانی شۆڕشی فەرەنسیی سـەر بەڕەوتی ڤۆڵتێر و كۆماریی و دژە ئـاین، مـاركوس كۆندۆرسـیت بەرگریكـارێكی تونـدی مافەكـانی مـرۆڤ بـوو، لەناویشـیدا یەكسـانی ژنـان و نەهێشـتنی كـۆیلایەتی، كە لەمـاوەی پێشـتر لەهەشـتاكانی سـەدەی هەژدەیەم داكـۆكی لە مـافی دەنگدانی ژنـانی بـۆ حكـومەتە نـوێیەكە دەكـرد، بەنزسـینی بابەتێكیشـی بـۆ گۆڤـاری دیـلا سۆسـایەتی 1789 نووسـی، هەروەهـا بە بڵاوكـردنەوەی دیـلا ئەدمیسـیۆ ئـو فێمـی دی سـیتی (بـۆ ڕێپێدانی مافی هاوڵاتیبوون بەژنان) لەساڵی 1790 .

## واڵستنكرافت و بەڵگەیەك

لەوانەیە دیارترین نووسەری فێمینیستی ئەوكاتە ماری واڵستنكرافت بووبێت، كە زۆرجار وەك یەكەم فەیلەسوفی فێمینیسـت ناسـراوە. بەڵگەیەكـی مافەكـانی ژن "A Vindication of Rights of Woman" (1792)یەكێكە لە كارە سـەرەتاییەكانی كە بەئاشـكرایی دەكرێـت پێـی بگوترێـت فێمینیسـت، هەرچەنـدە بەپێـی سـتانداردە مۆدێرنەكـان بەراوردەكەی ژنانی بۆ چینی خانەدان، نوخبەی كۆمەڵگا

(تەمبەڵا، ناسک و نەزان و ئاسان بۆ فریودان) لەوانەیە وەک باسێکی فێمینیستیی کۆن دەربکەوێت. پێناسەی واڵستنکرافت بۆ خوێندن و پەروەردەکردنی ژنانی بەم شێوەیەیە کە ژنان ئاسۆی سنووررداری داواکارییەکانیان لەسەر بنچینەی وێنای خودی خۆیان کێشراوە کە نێرینە بۆی داناون. سەرباری ناهەماهەنگییە هەستپێکراوەکان (بڕۆدی ئاماژە بۆ "دوو واڵستۆنکرافت" دەکات) ڕەنگدانەوەی ئەو کێشانەیە کە شیکارو وەڵامی ئاسانیان نییە، ئەم کتێبە وەک بەردی بناغەی بیری فێمینیستی دەمێنێتەوە.

واڵستنکرافت پێیوابوو کە هەردوو جێندەر بەشدارن لە نایەکسانیدا. ئەو دڵنیابووە لەوەی کە دەبوو ژنان دەسەڵاتێکی بەرچاویان بەسەر پیاواندا هەبوایە، بەڵام هەردووکیان پێویستیان بەرۆشنبیری هەیە بۆ دابینکردنی گۆڕانکارییە پێویستەکان لەهەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکاندا. میراتەکەی پێویستییەکی بەردەوامە بۆ ژنان بۆ ئەوەی قسەبکەن و چیرۆکەکانیان بگێڕنەوە. دەسکەوتەکانی نیشانەی سووربوونیەتی بە لەبەرچاوگرتنی بنەماڵە سادەکەی و خۆێندنە کەمەکەی. ساموێل جۆنسن بەگاڵتەجاڕیەوە وەسفی واڵستنکرافت دەکات و ئاماژە بۆ خۆی و نووسەرەکانی تری وەک ئەو دەکات و بە "ژنە ئەمەزۆنییە قەڵەمدارەکان" ناویان دەبات. بە پشتبەستن بە پەیوەندییەکەی لەگەڵ هێستەر سریڵ وادەردەکەوت کە کێشەی جونسن لەگەڵ ژنانی ژیر و روناکبیر نەبووە،

بەڵكو ئەوەبوو كە ژنان نەدەبوو سنووری نوسینی پیاوان ببەزێنن. بۆ زۆرێک لەڕاڤەکاران، واڵستنکرافت یەکەم پێناسەی "یەکسانی"ی فێمینیزمی پێشکەش کرد، بە مانایەکی دیکە ژنێتی رەتکردەوە، کە بێچووی سەردەمی رۆشنگەری بوو .

### نووسەرە دیارەكانی تر

نووسەرێکی دیارو گرنگی دیکەی ئەو کاتە (کاسرین ماکۆلای)ە کە لەساڵی 1790 باس لەوە دەکات کە لاوازییە ئاشکراکانی ژنان بەهۆی نارۆشنبیرییەکەیانەوەیە. لەبەشەکانی تری ئەوروپا، هیدڤگ چارلۆتا نۆردینفلایچت کە لە سوید دەینووسی، وادەردەکەوێت یەکەم کۆمەڵگای زانستی بۆ ژنان لەشاری میدلبێرگ لە باشوری هۆڵەندا لەساڵی 1785 دامەزرابێت ناوی ئەم دامەزراوەیەش (ناتوورکوندیگ جینوتشاپ دێر دەیمز) بوو (کۆمەڵگای ژنان بۆ زانیاری سروشتی)، ئەم کۆمەڵگایە تا ساڵی 1881 بەرێکی کۆدەبوونەوە، بەڵام لەکۆتایدا لەساڵی 1887 هەڵوەشایەوە. گۆڤارەکانی ژنان کە جەختیان لەسەر زانست دەکردەوە لەم ماوەیەدا بەربڵاوبوون. نووسەرانی تر دەرەیدەخەن کە ژنان بۆ ماوەی چوار هەزار ساڵ لەبواری زانستدا زاناو شارەزا بوون .

**سەدەی نۆزدەیەم؛ ژنێتیی تەواو**

فێمینیستەکانی سەدەی نۆزدەیەم نەک تەنها کاردانەوەیان پیشاندا بۆ ئەو نادادپەروەرییانەی کە بینییان، بەڵکو دژی وێنە خنکێنەرەکەی ڤیکتوری رۆڵی "ڕێکوپێکی" ژنانو "بوارە"کەشیان بوون. ئەمە "ژنێتیی تەواو" بوو کە لە کتێبە ڕێنماییکەرەکانی سەردەمی ڤیکتۆریدا پۆلێنکراوە -بۆ نمونە- لەلایەن سارا ستیکنی ئیلّیس (1799–1872) یان بیتن (1836–1865) (The Angle in the House) (1854)و (El angel del hogar) کە کتێبێکی پڕفرۆش بوو لەلایەن کۆڤێنتری پاتمۆر و ماریا دیل پیلارەوە نووسرا و هێمایان بۆ تەواوی ژنێتیی ڤیکتۆری دەکرد .

**فێمینیزم لە چیرۆکدا**

هەروەک جەین ئۆستن باسی ژیانی سنورداری ژنانی لەسەرەتای ئەو سەدەیەدا کرد، هەریەکە لە چارلۆتی برۆنتی و ئانی برۆنتی و ئیلیزابێس گاسکیل و جۆرج ئیلیەت سەبارەت بە بەدبەختی و بێ هیوایی ژنان نووسییان. لەرۆمانەکەیدا بەناوی روس هۆڵا (1854)، ژنە رۆژنامەوانی ئەمریکی فانی فێرن باس لە تێکۆشانی خۆی دەکات بۆ پاڵپشتیی منداڵەکانی وەک ستون نووسێکی رۆژنامە پاش مردنە چاوەڕواننەکراوەکەی مێردەکەی. لویزا مەی ئەلکۆت رۆمانێکی فێمینیستیی بەهێزی نووسی بەناوی (ALong Fatal Love Chase) (1866) ، کە جەخت لە

هەوڵ و تێکۆشـــانەکانی ژنێکـــی لاو دەکـــاتەوە بـــۆ دەربـــازبوون لە دەســـــتی مێـــردە دووژنەکەی و سەربەخۆبوونی.

هەندێک نووسەری نێرینەش ئەو نادادپەروەرییەیان ئاشکراکرد کە رووبەڕووی ژنان دەبێتەوە. رۆمانەکانی جۆرج مێرەیدیس و جۆرج جیسینگ و تۆماس هاردی و شـانۆگەرییەکانی هینریـک ئیبسـن بـاس لە کێشـە و گرفتارییەکانی ژنانی ئەو سەردەمە دەکرد Diana of the) . (Crosswaysی مێرەیـدیس (1885) بـریتییە لەباسـی رووداوەکانی ژیانی کارۆلین نۆرتن. دواتر رەخنەگرێک دراماکـانی شـانۆگەرییەکانی ئبسـنی بە "پرۆپاگەنـدەی فێمینیستی" ناوبرد.

**ماریۆن رەید و کارۆلین نۆرتن**

لەسەرەتای سەدەی نۆزەدەیەمدا، هەرچەندە ژنانی تـاک و هەنـدێک لەپیـاوان دەنگیـان بەرزکـردەوە، بەڵام بـێجگە لە هوشـیاری دروسـتکردن گومـان لە کاریگەربوونیان هەیە. نیشانەیەکی کەمی گۆڕان لە نەریتی کـۆمەڵایەتی و سیاسـیدا هەبـوو، بەڵـگەی هـیچ بزوتنەوەیەکی ژنانی ناسراو لەبەردەست نییە. لەکۆتایی سـەدەی بیسـتەمدا دەنگەکـان کۆبـوونەوە و بـوون بە شتێکی هەستپێکراو، شانبەشانی دەرکەوتنی بەندوبار و مۆدێلێکی کۆمەڵایەتیی توند کە ماریۆن رەید و دواتریش جۆن میلا وەک "شێوازی ژنانە" ئاماژەی بۆدەکەن کە دانی بە"نەمانی خود"دا دەنا. لەکاتێکدا زیادبوونی جەخت

لەسەر رەوشتبەرزیی ژنان تارادەیەک بارەکەی وروژاند بۆ بانگهێشتکردن بۆ بزوتنەوەی ژنان، گرژییەکان کە ئەم دوانەییە دروستیکرد زۆرێک لەفێمینیستەکانی سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمی سەبارەت بەژنان نیگەرانکرد، هەروەها بووەهۆی دروستبوونی دیدی پێچەوانە .

لە سکۆتلەندا، رەید کتێبە کاریگەرەکەی بەناوی (A plea for women) لەسالًی 1843 بلاوکردەوە کە ئەجێندایەکی لەسەر هەردوو دیوی زەریای ئەتلەسی بنیادنا، لەناویشیدا مافی دەنگدان بوو بۆ ژنان.

کارۆلین نۆرتن چالاک بوو لەهەولًی گۆڕینی یاسای بەریتانی. دوای شوکردنێکی پڕ توندوتیژی، ئاگاداربووەوە لەوەی کە لەڕووی یاساییەوە ژنان بوونیان نییە. ئەو ناوبانگەی بە دەستی هێنا لەناویشیاندا پەنابردن بوو بۆ ڤیکتۆریای شاژن هاوکاریی گۆڕینی دۆخەکەی کرد بۆ ژنانی هاوسەرگرتوو هەروەها چاودێریکردنی مندالًا لە ئینگلتەرا .

**فلۆرێنس نایتینگەیلًا و فرانسیس پاوەر کۆب**

لەکاتێکدا زۆرێک لە ژنان لەناویشیاندا نۆرتن بەئاگا بوون لە بزووتنەوە رێکخراوەکان، کار و نووسینەکانیان دەبوونە هاندەری ئەو جۆرە بزوتنەوانە. فلۆرێنس نایتینگەیلًا یەکێک بوو لەوانەی باوەڕی وابوو کە ژنان هەموو تواناکانی پیاوانیان هەیە بەلًام هیچ هەلێک نایەتە پێش بۆ بەدەستهێنانی ئەو کار و پیشانەی کە دەیانکاتە کەسایەتییەکی نەتەوەیی وەک زانا و بەرێوەبەر تەنانەت

ئەگەر ناوبانگی لەو کاتەدا ڕەوشت بەرزیی ژنانەی زیاتر پیشان بدات.

دژایەتییەک هەیە لەنێوان ئەو دەسکەوتانەی کە ئێستا دەیزانین و چۆنێتی ئەو وێنا کراوە و گرفتەکانی ژنانی بەهرەمەند و پێداگیری نیوەی پەنجاکانی سەدەی نۆزدەیەم ڕووبەڕووی دەبوونەوە.

وەک هەموو بزوتنەوەیەکی سیاسی، فێمینیزم چەندین ئایدیۆلۆژی و تیۆری و بیروڕای جیاوازی هەیە. هەمیشە فێمینیستەکان نەیانتوانیوە ببنە پشتیوان بۆ کار و هەوڵەکانی یەکتری، هەروەها هەمیشە خۆیان لەیەکتری دوورخستوەتەوە. هاریت مارتینیووی بەریتانی و هەندێک ژنانی تر نوسینەکانی واڵستنکرافتیان وەک شتێکی ترسناک ڕەتکردەوە، هەروەها راشکاوی نۆرتنیان لاپەسەند نەبوو، بەڵام هەڵمەتی لادانی کۆیلایەتی لەئەستۆگرت چونکە لە ویلایەتە یەکگرتوەکان بەچاوی خۆی دیبووی، وەک مافێکی لۆجیکییانە کە دەبێت پێشکەشی ژنان بکرێت. کتێبەکەی کە بەناوی "کۆمەڵگا لە ئەمەریکادا (Society in America)" بڵاوکرایەوە زۆر گرنگ بوو کە بۆ یەکەمجار ژنان داوایانلێکرد شوێن دۆزەکانیان بکەوێت.

ئانا دۆیڵ ویلەر کەوتەژێر کاریگەریی بزوتنەوەی سۆسیالیستی سانت سیمۆنیان کاتێک کە لە فەرەنسا کاریدەکرد، بۆ دەستەبەرکردنی مافی دەنگدان، لەوکاتەدا سەرنجی بینجامین دیسرایلی ڕاکێشا کە سەرکردەیەکی پارێزکاری ڕادیکالی ترسناک بوو هاوتای جێریمی

بێنسام. دواتر بوو بە ڕێبەر بۆ ویلیام تۆمسۆنی کۆمەڵناس و فێمینیست کە نووسەری یەکەم کاری بڵاوکراوە بوو بەزمانی ئینگلیزی بۆ پشتگیریکردن لە یەکسانیی تەواوی مافەکانی ژنان لە ساڵی 1825 بە ناوی "داواکارییەکی نیوەی مرۆڤایەتی Apeal of One Half of..." " " the Human Race".

سەدەکانی پێشوو جەختیان لەسەر دوورخستنەوەی ژنان لەبواری پەروەردە دەکرد وەک ڕێگایەک بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵیان بۆ کاری خێزانی و ڕێگەگرتن لە پێشکەوتنیان. خوێندنی ژنان لە سەدەی نۆزدەیەمدا هیچ باشتر نەبوو، هەروەها فرانسیس پاوەر کۆب یەکێک بوو لەو هەموو ژنانەی داوای چاکسازییان کرد. ئینجا بابەتی دیکە بوو بەمایەی سەرنج ڕاکێشان وەک مافەکانی هاوسەرگیری و خاوەنداریی موڵک و سامان و توندوتیژی خێزانی. ژنانی وەک مارتینی و کۆب لە بەریتانیا و مارگاریت فولەر لە ئەمریکا دەستیان بەکاری ڕۆژنامەوانی کرد ئەوەش ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ ئەوەی کاریگەرییان لەسەر ژنانی تر هەبێت. ژنانی وەک کۆب ئاماژەیان بۆ "مافەکانی ژنان" نەک تەنها وەک بیرۆکەی مەعنەوی بەڵکو وەک دۆزێکی دیارو جدی دەکرد .

### خانمەکانی لانگهام پلەیس

باربارا لی سمیس و هاورێکانی لەماوەی پەنجاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا لە لانگهام پلەیس لە لەندەن کۆدەبوونەوە بۆ تاوتوێکردنی پێویستیی ژنان بۆ

دەربڕینــی دەنگێکــی یەکگرتــوو لەپێنــاو بەدەســتهێنانی چاکسـازی. ئەمە نـاوی "خانمەکـانی لانگهـام پلەیس"ی پێ بەخشین، کە بێسی پارکس و ئانا جەیمسن بەشێک بوون لەو خانمــانە. ئەوان گرنگیــان بە خوێنــدن و دامەزران و یاســای هاوســەرگیری دەدا. یەکێـک لەو دۆزانەی کە زۆر بە توندی دوایکەوتبوون ئەنجومەنی ژنـانی شـووکردووی خاوەن موڵکی 1855 بوو. هەزاران واژۆیان بۆ چاکسازی یاسایی کۆکردەوە، کە کـارێکی سـەرکەوتوو بـوو. سـمیس ئامـادەی یەکەم کۆبـونەوەی ژنـان بـوو لە سـینیکا فۆڵسـی نیویۆرک لە ئەمریکا لەساڵی 1848.

سـمیس و پـارکەر هەردووکیـان پـێکەوە و بەجیـاش بابەتگەلێکی زۆریان لەسەر پەروەردە و هەلی دامەزران و کارکردن نووسی، بەهەمان شێوەی نۆرتن هەر لەوساڵەدا سـیمیس کتێبێکـی دەربـارەی چوارچێـوەی یاســایی بــۆ نادادپەروەری لەژێرناوی (A Brief Summary of the Laws of England concerning Women) لەســاڵی 1854دا نووسـی، وەرگێـڕانەکەی دەکـاتە ( کـورتەیەکی یاسـاکانی ئینگلــتەرا کە پەیوەنــدیان بە ژنــانەوە هەیە). بەگێڕانــی رۆڵێکـی گرنـگ لەگۆڤـاری ژنـانی ئینگلیزیـدا، تـوانی بگـاتە ژمارەیەکی زۆر لەژنان، هەروەها پشتگیریی ژنـان بـۆ ئەم گۆڤارە بوو بەهۆی دروستبوونی (Society for Promoting the Employment of Women) (SPEW). خانمـانی لانگهـام بەردەوامبوون لەدابینکردنی هاندان و ژێرخـانی ئـابوری و دابینکردنـی دارایـی بـۆ زۆریـنەی بزوتنەوەکـانی ژنـان لە

ئینگلتەرا بۆ ساڵەکانی دوای سەدەکە. ئەنجومەنی ژنانی شووکردووی خاوەن موڵک کە سمیس دایهێنا 26 هەزار واژۆی کۆکردەوە بۆ گۆڕینی ئەو یاسایە بۆ هەموو ژنان کە بێ هاوسەریشی دەگرتەوە.

هاریت تەیلەر کتێبی ئینفرانچیزمەنتی (Enfranchisement ئازادکردنی کۆیلە)ی لەساڵی 1851دا بڵاوکردەوە و سەبارەت بە نایەکسانییەکانی یاسای خێزان نووسینی بڵاوکردەوە. لەساڵی 1853 شووی کرد بە جۆن ستیوارت میلا، بابەتێکی زۆری لەسەر (The Subjection of Women) )سەرکوتکردنی ژنان) بۆ دابینکرد. دەرنەکەوتنی تایلەر تارادەیەک پاش شووکردنی جێگای پرسیار و لێکدانەوەیە، لەوانەیە میلا لەبارودۆخێکی باشتردا بووبێت لە پراکتیزەکردنی تیۆرییەکەدا. ئیمیلی داڤیس ژنێکی تر بوو کە رووبەڕووی گروپی لانگهام بووەوە، لەگەڵ ئیلیزابێس گاریت هاوکاری و هەوڵی دروستکرنی لقەکانی (SPEW)یان لەدەرەوەی لەندەن دەدا. لەکاتێکدا بەدەستهێنانی خوێندن و زانست زیاتر وەک بەخشیش بوو لەوەی کە ماف بێت، ئەو گروپە بچوکەی ژنانە توانیان ئەوە بکەن، دواتریش توانیان هەڵمەتێک بۆ ژنان بەگشتی بکەن، درکپێکردنی ئەوەی کە تەنها دەروازەیەک نەبوو بۆ دامەزران و باشبوونی دارایی بەڵکو رەتکردنەوەی خوێندن بەسترابوو بەئومێدەکانی ژنان و وێنای بەهێزی و بەبەهایی خۆیانەوە.

**چاکسازیی پەروەردەیی**

بـــــابەتی پەیوەندیـــــداری بەربەســــتەکانی بەردەم پەروەردە و دامەزرانــدن بــۆ دروســتکردنی بنــاغەیەکی بەهێــزی بیــری فێمینیســـتی لەســـەدەی نۆزدەیەمـــدا بەردەوامبـوو، وەک باسـکراوە بـۆ نمـونە لەلایەن هاریـت مـــارتینیووە لەبـــابەتەکەی ســـاڵی 1859یـــدا بەنـــاوی "پیشەسازیی مێینە" لەگۆڤاری ئیدینبێرگدا نووسی "ئابوری لە گۆڕانــدابوو نەک بەختــی ژنــان". هەرچەنــدە مــاتینیو بەهۆی هۆکارە کردارییەکانەوە وەک میانڕەوێک مایەوە، هاوشـێوەی کۆب نەبوو کە پاڵپشـتی بانگەشـەی نەدەکرد بۆ دەنگدان.

بەهێواشـی هەوڵەکـانی ژنـانی وەک داڤیس و لانگهـام, گروپ دەستیان بە هێرش کرد. کۆلێژی شـاژن (1848) و کـۆلیژی بێـدفۆرد (1849) لە لەنـدەن, لەسـاڵی 1848ەوە دەستیانکرد بەپێشکەشکردنی هەندێک جۆری خوێندن بۆ ژنان، ساڵی 1862یش داڤیس ئەنجومەنێکی بۆ قایلکردنی ئەو زانکۆیـــانە دروســـتکرد کە ســـاڵی 1858 تـــازە دامەزرابــوون بــۆ ئەوەی رێــگە بەژنــان بــدات بخــوێنن. ساڵێک دواتر کتێبی "خوێندنی بالای ژنان"ی بڵاوکردەوە. خۆی و لی سمیس یەکەم پەیمانگای خوێندنی بالایان بۆ ژنان دامەزراند بە پێنج خوێندکارەوە کە بوو بە کۆلێژی گیرتنــی زانکــۆی کــامبریج لە ســاڵی 1869، بە دوایشــیدا کــۆلێژی نیونهــامی زانکــۆی کــامبریج لەســاڵی 1871 و

لەیدی مارگرێت هۆڵ لە زانکۆی ئۆکسفۆرد لەساڵی 1879 کرانەوە. بێدفۆرد دەستی کردبوو بە بەخشینی بڕوانامە ساڵی پێشوتر. سەرباری ئەم بەرەوپێشچوونە بەرچاوانە، هەندێکی کەم توانیان سودیان لێوەرگرن، هێشتا ژیان هەر بۆ خوێندکارە ژنەکان سەخت بوو.

لە یاسای ئیلبەرت کە جێی دەمەقاڵا بوو لەساڵی 1883، ژنانی بەنگاڵی (بەنگلادشی و هندی) پاڵپشتیی ڕێساکەیان کرد و ووتیان کە ئەوان لە ژنانی ئینگلیز زیاتر ڕۆشنبیرنترن و ئەم ڕووداوە دەریخست کە ژنانی هندی لە ژنانی بەریتانی زیاتر خاوەنی بڕوانامەن لەو کاتەدا.

وەک بەشێک لەو دیالۆگە بەردەوامەی نێوان فێمینیستە بەریتانی و ئەمریکییەکان، ئیلیزابێس بلاکوێڵ کە یەکێک بوو لەیەکەم ئەو ژنانەی لە ویلایەتە یەکگرتوەکان کۆلێژی پزیشکی (1849) تەواوکرد، دواتر لانگهان لە بەریتانیا وانەی دەگوتەوە بە پشتیوانی لانگهام. پشتگیریشیان لەهەوڵەکانی ئیلیزابێس گارێت کرد بۆ بەگژداچوونەوەی بەربەستەکانی خوێندنی پزیشکیی بەریتانی کە ڕێگر بوو لە خۆیندنی ژنان، سەرەنجام لە فەرەنسا بڕوانامەی وەرگرت. کەمپینە سەرکەوتووەکەی گاریت بۆ بوونە ئەندام لە ئۆفیسی ئەنجومەنی خوێندنی لەندەن لەساڵی 1870, نمونەیەکی ترە کە چۆن گروپی بچوکی ژنانی بەتوانا گەیشتنە پۆستی کاریگەر لەئاستی هەیکەلە گشتییەکان و حکومەتی ناوخۆیی .

## تەوژمەکانی فێمینیزم

### تەوژمی یەکەم

یەکەم تەوژمـی فێمینیـزم مـاوەی چـالاکیی فێمینیسـتیی نێـوان سـەدەی نـۆزدەیەم و سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم دەگــرێتەوە، بەتــایبەتی لە ئەوروپــا و ئەنگلۆســفێر (ئەو وڵاتانەی ئینگلیزی زمـانی سـەرەکیانە)، ئەمە بەشـێوەیەکی سەرەتایی جەختی لەسـەر بەدەستهێنانی مـافی خوێندن و دەنگـدانی ژنــان و هەلـومەرجێکی باشـتری کــارکردن و سـتانداردی رەگەزی دوولایەنە دەکـردەوە. دەسـتەواژەی "تەوژمـــی یەکەم" لەپـــاش دەســـتپێکردنی بەکارهێنـــانی تەوژمی دووەمی فێمینیزم بۆ وەسفکردنی بزوتنەوەیەکی تـازەتری فیمینیسـت کە بە زۆری جەختـی لەسـەر شـەڕی نایەکســانییە کلتــوری و کــۆمەڵایەتیو سیاســییەکان دەکردەوە, هاتە بەرباس.

لە ویـلایەتە یەکگرتوەکـان، سـەرکردەکانی بـزوتنەوەی فێمینیستی کامپینیان بۆ میانڕەوی و نەهێشتنی کۆیلەیەتی دەکـرد پـێش داواکردنـی مافەکـانی ژنـان. یەکەم تەوژمـی فێمینیزمـی ئەمریکـی ژمـارەیەکی زۆر لە ژنـانی گـرتەوە، هەنـدێکیان سـەربە گـروپە مەسـیحییە کۆنزێرڤاتیڤەکـان بــوون (وەک فرانســیس ویــلارد و یەکێتــی میــانڕەویی مەسیحیی ژنان)، ئەوانیتریش هەموو لایەنی جۆراوجۆر و رادیکـالیزمی تەوژمـی دووەمـی فێمینیسـتی بـوون (وەک ســتانتن, ئەنتــۆنی, ماتیلــدا جۆســلین گەیــج و یەکێتــی

نەتەوەیی مافی دەگدانی ژنان کە ستانتن سەرۆکیان بوو).
لە ویلایەتە یەکگرتوەکان یەکەم تەوژمی فێمینیزم لەگەڵ تێپەراندنی هەمواری ژمارە نۆزدەی دەستوری ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا (1919) کۆتای پێهات، کە مافی دەنگدانی بۆ ژنان مسۆگەر دەکرد.

هەڵمەتی دژە کۆیلەیەتیی سالآنی سیی سەدەی نۆزدەیەم هۆکارێکی باشی بۆ دەسپێکردن و ناساندن و فێربوونی شارەزاییە سیاسییەکان بۆ ژنان دابینکرد. هەوڵەکان بۆ دوورخستنەوەی ژنان ئەنجامەکەی تەنها بەهێزکردنی زیاتری متمانەی ژنان بوو. سارا و ئەنجلینا گریمکی بەپەلە لەئازادکردنی کۆیلەکانەوە گواستیانەوە بۆ ئازادکردنی ژنان. کاریگەرترین نووسەری فێمینیستی ئەو کاتە مارگرێت فولەری رۆژنامەنووس بوو کە کتێبی "ژنان لەسەدەی نۆزدەیەمدا"ی لەساڵی 1845 بڵاوبووەوە. راپۆرتەکانی لە ئەوروپاوە بۆ نیویۆرک تربیۆن یارمەتی بە جیهانیبوونی بزوتنەوەی مافی ژنانی دەدا.
لەساڵی 1840 ئیلیزابێس کادی ستانتن و لوکریشیا مۆت چاویان بەیەک کەوت لەکاتێکدا دەچوون بۆ لەندەن, لەو کاتەدا وەک ژن لەلایەن سەرکردە پیاوەکانی یەکەم کۆنفرانسی جیهانی دژە کۆیلایەتییەوە دوورخرانەوە. لەساڵی 1848 مۆت و ستانتن کۆبونەوەی مافی ژنانیان لە سێنیکا فۆڵسی نیویۆرک بەست، کە تیایدا بەیاننامەی سەربەخۆی بۆ ژنان نووسرایەوە. لەساڵی 1850 لوسی ستۆن هاوکاری رێکخستنی یەکەم کۆبونەوەی نیشتیمانی

مـافی ژنـانی کـرد، ڕووداوی گەورەتـر ئەوەبـوو کەتیایـدا سۆجۆرنەر تـروس و ئابی کێلـی فۆسـتەر و ژنـانی تـریش قسەیانکرد، ئەم کۆبوونەوەیە هـانی سـوزان ئەنتۆنی دا تـا بەدوای پرســی مافەکــانی ژنانــدا بچێــت. لەســاڵی 1858 باربـــارا لـــی ســـمیس لەگەڵ مـــۆت کۆبـــووەوە، ئەم کۆبـوونەوەیە پەیوەنـدی نێـوان بـزوتنەوە فێمینیسـتییەکان لەهەردوو لای زەریای ئەتلەسیدا بەهێزکرد.

ســتانتن و ماتیلــدا جۆســلین گەیــج کلێســایان وەک بەربەسـتێکی سـەرەکی لەبەردەم مافەکـانی ژنانـدا دەبینـی. بۆیە پشـتگیریان لە ئەدەبیـاتی تـازە سـەرهەڵدراوی دایـک سـالاری کـرد، هەردووکیـان چەنـد کارێکیـان بەئەنجـام گەیاند لەسەر ئەم بابەتە: پێکەوە(The Women's Bible) یان نووسـی. سـتانتن"The Matriarchate or Mother-Age" ی نووسـی و گەیـج"Woman, Charch and State" ی نووسـی، بە وردی تێـــزی بـــاکۆفینی وەرگەڕان و بۆچـــونێکی ئیپیســـتمۆلۆجی نایـــاب و ڕەخـــنەی بـــابەتیی و بۆچـــونی زیهنی خستەسەر.

ســتانتن تێبینییەکــی زیرەکــانەی ســەبارەت بە گریمــانەی خواری مێینە کـرد "خراپترین شـێوەی ئەم گریمانـانە ئەوەیە کە ژنـان خۆیـان باوەڕیـان پێـی هەیە". هەرچەنـدە ئەم هەوڵە بـۆ جێگـرتنەوەی تێڕوانینـی کلتـوری ئـاینی "ئەندرۆسـێنترک" بەبیرۆکەی "جێنیسێنترک" پێشکەوتنێکی کەمـی لەبـزوتنەوەی ژنانـدا بەخـۆوەبینی کە پێکهـاتەی ئـاینیی بەسـەریدا زاڵبـوو، هەروەهـا سـتانتن لەگەڵ گەیـج لەلایەن چەنـدین نەوەی یەک لەدوای یەکەوە لەبیرکرابوون.

به داهاتنیساڵی 1913، فێمینیزم بەشێوەیەکی فراوان لەویلایەتە یەکگرتووەکاندا ناسرا. پرسە سەرەکییەکان لەساڵانی 1910-1920 بریتی بوون لەمافی دەنگدان، ئابوری و دامەزران، بابەتەکانی پەیوەست بە سێکس و خێزان، شەڕ و ئاشتی، هەروەها هەموارکردنی دەستوریی لەپێناو یەکسانیدا. یەکسانی و جیاوازیی هەردوکیان وەک ڕێگای بەهێزکردنی ژنان دەژمێردران. ڕێکخراوەکانی ئەو سەردەمە بریتیبوون لە: کۆمەڵەی نیشتمانیی ژنان، گرووپەکانی پاڵپشتیی دەنگدان وەک کۆمەڵەی نیشتمانیی مافی دەنگدانی ژنان، ڕێکخراوە پیشەییەکان وەک کۆمەڵەی ئەمریکی ژنانی زانکۆ، یانەی فیدرالی نیشتمانی بۆ ژنانی پرۆفیشنال و کارگێڕ، ڕێکخراوی یەکێتیی نیشتمانیی ژنانی بازرگان، کۆمەڵەکانی جەنگ و ئاشتی وەک ڕێکخراوی نێودەوڵتیی ژنان بۆ ئاشتی و ئازادی و ئەنجومەنی نێودەوڵەتیی ژنان، گروپی سەبارەت بە کحول وەکو یەکێتیی ژنانی مەسیحیی میانەرەو و ڕێکخراوی نیشتمانیی چاکسازیی قەدەخەکردن، لەو ڕێکخراوانەش کە جەختیان لەسەر ڕەگەز و جێندەر دەکردەوە بریتیبوو لە کۆمەڵەی نیشتمانیی ژنانی ڕەش، سەرکردە و تیۆریستەکانیش بریتیبوون لە جەین ئەدەمز ئیدا بی ویلز بارنێت, ئەلیس پۆلا, کاری چاپمان کات, مارگریت سانگەر و چارلۆت پارکینز گیلمان.

**مافی دەنگدان**

شەڕ لەپێناو مافی دەنگدانی ژنان یەکێکە لە گرنگترین ململانێکانی ژنان چونکە بە ئاشکرا رەدکردنەوەی نوێنەرایەتییان لە دەزگاکانی یاسادانان و هەیکەلە حکومییە گشتییەکاندا پەیامێکی ئاشکرای راگەیاند کە ئیدی ژنان هاوولاتیی پلە دوون، هیچ کەمپینێک خۆی بەو شێوە قوڵە جێگیرنەکردووە لە خەیاڵی جەماوەردا وەک مافی دەنگدانی ژنان لەماوەی 250 ساڵی رابردوودا.

هەرچەندە ماوەیەکی درێژی خایاند هەتاوەکو وردە وردە توانی وەک پرسێکی گرنگ خۆی بسەپێنێ. شۆڕشی فەرەنسی گۆڕوتینێکی باشی بەم پرسە بەخشی، هاوکاتیش ئەوە ژن بوو کە رێپێوانیان کرد بۆ ڤێرسای. ئەم هەوڵە گەیشتە لوتکە لەگەڵ دامەزراندنی کۆمەڵگای ژنانی کۆماریی شۆڕشگێڕ کە مافی دەنگدانی لەسەر ئەجێنداکەی دانا، پێش سەرکوتکردنی لەکۆتایی ئەو ساڵەدا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە دەریخست کە بابەتەکە لە سەر ئەجێندای سیاسیی ئەوروپا بوو.

ژنانی ئەڵمانی بەشدارییان لە ڤۆرمارز کرد، کە سەرەتایەک بوو بۆ شۆڕشی ساڵی 1848. لە ئیتاڵیا هەریەکە لە کلارا مافەی و کریستینا تریڤولزیۆ بیلجیۆجۆسۆ و ئیستەر مارتینی کوریکا چالاکوانی سیاسی بوون لەو رووداوانەی کە بوونەهۆی

ڕووداوەکانی ساڵی 1848 لەو وڵاتەدا. لە بەریتانیا مافی دەنگدان لە نووسینەکانی ویلەر و تۆمسۆن لە بیستەکان، هەروەها ڕەید و تەیلەر و ئانی نایت لە چلەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا دەرکەوتن.

**داکۆکیکارانی مافی دەنگدان**

جارێکی تر خانمانی لانگهام پلەیس ڕۆڵێکی گرنگیان لە مافی دەنگدانی ژناندا گێڕا، هەروەها دەستەیەکی مافی دەنگدانیان لە کۆبونەوەیەکدا لە ماڵی ئیلیزابێس گاریت دروستکرد، کە لەساڵی 1867 ناوەکەیان گۆڕی بۆ کۆمەڵگای لەندەن بۆ دەنگدانی ژنان. دەستە و کۆمیتەی هاوشێوە بەخێرایی بە وڵاتدا بڵاوبوونەوە و داواکارییان بەرزدەکردەوە، هەروەها لە نزیکەوە لەگەڵ جەی ئێس میڵ کاریان دەکرد. بەهۆی ڕەتکردنەوەی داواکارییان بۆ بڵاوکردنەوەی نووسراو لەلایەن دامەزراوە کاتییەکانەوە، ژنانی وەک لیدیا بێکەر دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی (Women's Suffrage )واتە گۆڤاری مافی دەنگدانی ژنان لەساڵی 1870.

بڵاوکراوەکانی تر بریتیبوون لە "Englishwomen's Review"ی ریچارد پانکەرست (1866). مشتومڕە تاکتیکییەکان گەورەترین کێشە بوون، هەروەها ئەندامێتی لەگروپە جۆراجۆرەکاندا بەدرێژای کات جیاوازبوون. کێشەیەکی تر ئەوە بوو کە ئایا دەبێت میلا وەک پیاوێک

لەناویانـدابێت. مـیلا پاشەکشـەیکرد کاتێـک بـزوتنەوەکە توندڕەوتر دەبوو لەگەڵ هەر نسکۆیەکدا. فشـاری سیاسـی ڕێگەیی خۆشکرد بۆ گفتوگۆ، بەڵام ساڵ لەدوای ساڵا لە پەرلەمان دۆڕانی بەخۆوە دی .

سـەرباری ئەمە، ژنـان سـودیان لەزیـادبوونی ئەزمـونە سیاسییەکەیان وەرگرت، کە بارەکەی بەرەو پێشکەوتنێکی هێواش برد لەسەر ئاستی حکومەتی ناخۆیی و دامەزراوە گشـتییەکان. سـاڵانی نەهـامەتی ڕۆڵـی بینـی و زۆرێـک لەژنانیش بوون بە ڕادیکاڵی بەهێز. هەندێکیان بڕیاریـان دا باج نەدەن، بنەماڵەی پەنکەرست وەک دەنگێکی کاریگەر لە بـزووتنەوکەدا سـەریانهەڵدا و ڕێکخـراوی (Women's Franchise League)یان لەساڵی 1889 دامەزراند.

**مافی دەنگدانی ژنانی نێودەوڵەتی**

دورگەی (مـــان) یەکەم وڵات بـــوو کە دەســـەڵاتە یاساییەکەی مافی دەنگدانی بەژنـان دەدا لە ساڵی 1881، لە پاشـان نیوزیلەنـد لە 1893، کاتێـک کەیـت شـیپەرد پێشـەنگی چاکسـازیی کـرد. هەنـدێک لە ولایەتەکـانی ئوسـترالیاش مـافی دەنگـدانیان بەژنـان دا. ئەمە ڤیکتۆریـا دەگـرێتەوە بـۆ مـاوەیەکی کەم (1863-5), ئوسـترالیای باشوور (1899)، ژنانی ئوسترالیا لە سەر ئاستی فیدرالی ئەو مافەیان بەدەستهێنا لەساڵی ( 1902)، فنلەندا لە سـاڵی (1906)، نەرویـج سـەرەتا لە سـاڵی (1907) و لە سـاڵی (1913)یشدا بە تەواوی.

# سەدەی بیستەم

## سەرەتای سەدەی بیستەم: سەردەمی ئیدوارد

لە سەردەمی ئیدوارد باوەڕبەخۆبوون و بەهێزی ڤیکتۆریا کەمیکرد، کە لەو کاتەدا ژنان هەلی دامەزرانی زیاتریان هەبوو، هەروەها زیاتریش چالاک بوون، کە بووەهۆی سستبوونی سنوردارییەکانی جلوبەرگ.

بەئاوڕدانەوە بۆ دواوە، وادەردەکەوێت کە بزوتنەوەکانی مافی ژنانی رۆژئاوایی شەوق و ڕەونەقێکی زاڵی هەبوویێت بۆ سیاسەتمەداران و هەوادارانی چاکسازی و پشتگیرانی مافی دەنگدان بۆ ژنان. کتێب و وتار و نووسین و وێنە و رۆژنامەکانی ئەو سەردەمە هەمەجۆرییەکی بیروڕا تاوتوێکراو لەگفتوگۆی گشتیدا پیشاندەدەن. بۆ نمونە لە هۆڵەندا، مافی خوێندن و مافی چاودێریی پزیشکی و هەلومەرجێکی باشتری کارکردن و ئاشتی و ستانداردە سێکسییە دوانییەکان بابەتی سەرەکی فێمینیزمی ئەوکاتە بوون. هەروەها فێمینیستەکان خۆیان بەفێمینستە بێباکەکان ناودەبرد.

کەسایەتی سەرنجڕاکێش و جێمشتومڕی پانکهێرست پێشەنگی لە سیاسەتدا وەرگرت، کە یەکێتیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ژنانیان (WSPU) لەساڵی 1903 دامەزراند. ئیملین پانکەرست هەروەک خۆی دەڵێت کە چیتر دەنگدان بۆ ژنان "نەک وەک مافێک، بەڵکو وەک پێویستییەکی گرنگ تەماشادەکرێت". لەسەرئاستی نێودەوڵەتی، پێشتر

ئوســتراليا و ولايەتە يەكگرتووەكــان مــافی دەنگــدانيان بەهەنـدێک ژن دابـوو، هەنـدێک فێمينيسـتی ئەمريكـی وەک ســوزان ئەنتــۆنی (1902) ســەردانی بەريتانيــای كــرد. لەكاتێكدا (WSPU) ناسـراوترين گروپـی مـافی دەنگدانبوو، كەچـی تەنهـا يەكێـک بـوو لەوانـی تـری وەک ئەنجـومەنی ئـازادی ژنـان و يەكێتـی نەتەوەيـی كۆمەڵگـای مـافی ژنـان (NUWSS)كە لەلايەن میلیسینت گاریت فاوسـیت رابەريـی دەكـرا (WSPU) .بەگشـتی كاروبـارێكی بنەمـاڵەیی بـوو، هەرچەنــدە لەدەرەوە دارايــی بــۆ دابینــدەكرا. كريتــابيلا پانكەرست بوو بەكەسايەتی بەهێز و هاوڕێيانی وەک ئانی كينــی و فلــۆرا درومۆنــد و تێريســا بيلينگــتن و ئيســيل سميسـی و گرەيس رۆی و نۆرا داكـری فۆكس (كە دواتـر بە نۆرا ئيلام ناسرا) لەدەوری خۆی كۆكردەوە. هەروەهـا شارەزای وەک ئيليزابێس گاريت پەيوەنديی پێوەكرد.

لەسـاڵی 1906 بـۆ يەكەمجـار دەيلـی مەيـڵا باسـی ئەم ژنـانەی وەک "داكۆكيكـاری مـافی دەنگـدان" بەشـێوەيەكی گاڵتەجـاڕانە نـاوبرد، بەڵام ئەم دەسـتەواژەيە بەخێرايـی لە بەريتانيا بۆ وەسفكردنی فۆرمێكی تێكۆشـەری داكۆكيكـار پێشــوازی لێكــرا، كە بەشــێوەيەكی فــراوان لەكــاتی خۆپيشـاندان و لەگەڵ هێمـا سـەوز و مۆر و سـپييەكانيان دەبينرا، لەوكاتەدا ئەنجومەنی مافی دەنگدانی هونەرمەندان وێـنەی بەرجەسـتەيان دروسـتكرد. تەنـانەت جلـوبەرگی ژێرەوەش بە ڕەنگەكـانی (WPSU) لەكۆگاكانـدا دەركەوتـن. بەخێرايی ڕێگـای نوێی بەكارهێنـانی ميديا و فۆتۆگرافيـان

دۆزییەوە. وێنە فۆتۆگرافەکەی ساڵی 1914ی ئیمیلین نیشانەی پرشنگداری و نەمریی تۆمارە بینراوەکانی کۆمەڵەکەیە. لەگەڵ چالاکبوونی بزوتنەوەکە ناکۆکی گەورە کەوتە نێوان سەرکردە بەتەمەنەکانی بزوتنەوەکە کە هاوکاری رادیکاڵەکان بوون. دابەشبوونەکە بنەمای ئایدیۆلۆژیی هەبوو هەندێ جاریش تاکتیکی بوون. تەنانەت سیلڤیای خوشکی کریستابێل دەرکرا.

نارەزاییەکان بەهێواشی بەڵام بەدڵنیاییەوە بەهێزتربوون و ململانێکردن و شکاندنی دەرگا و پەنجەرەی دوکانەکان و لەکۆتایشدا ساڵی 1914 کاری سوتاندن روویدا. لەساڵی 1913، ئەندامێکی گروپەکە بەناوی ئیمیلی داڤیسن لەرۆژی دێربی خۆی کرد بەقوربانی، کە لەژێرپێی ئەسپی پاشادا گیانی لەدەستدا. ئەم تەکتیکانە ئەنجامە تێکەڵاوەکانی دڵسۆزی و نامۆبوونی هێنایەکایەوە، زۆرێک لە خۆپیشاندەران خرانە زیندان، کە هەڵوێستێکی شەرمەزاری و ریسوایی بۆ حکومەت دروستکرد.

کێشەکان زیاتر بەرەو خراپی رۆیشتن، یەکەم جار مانگرتن لە نانخواردن، دواتر بەزۆر نانپێدان کە کارێکی ترسناک بوو، لەکۆتایشدا ئازادکردنی زیندانییەکان بە یاسای 1913، کە بە یاسای مشک و پشیلە (Cat and Mouse Act)ناسرا، ئەم یاسایە رێگەیدا ژنان ئازادبکرێن کاتێک نەخۆشییەکانیان یان برینەکانیان ترسناک بوایە، بەڵام ئەفسەرەکان رێگەیان لێنەگیرابوو دواتر دووبارە

ئەم ژنـــانە بگـــرنەوە و تاوانباریـــان بـــکەنەوە پـــاش چاکبوونەوەیان. شتێک کە دەکرێت باسی لێوەبکرێت وەک ڕێجینالـد مکینـای وەزیـری نـاوخۆ کـردی, کاتێـک گـوتی یاساکە کارێکی مرۆڤانە بووە، چونکە ژمارەیەک لەم ژنانە ئامادەبوون لەپێناو دۆزەکەیاندا بمرن .

ئەگەر مەبەســـت ئاشـــکراکردنی ڕەگەزپەرســـتی ڕێکخراوانە بووایە لە بەریتانیا، بەدڵنیـاییەوە داکۆکیکـارانی مـافی دەنگـدانی ژنـان بابەتەکەیـان بەخەڵکـی ناسـاندبوو. هەروەهـا بێئەوەی ئاگـاداربن لەوکـاتەدا سـەرنجیان بـۆ دڕندانەیی سیستەمە یاساییەکە ڕاکێشا.

## چیرۆکی خەیاڵی زانستیی فێمینیستی

لەســـەرەتای ســـەدەی بیســـتەمدا، ســـاینس فیکشـــنی فێمینیستیی وەک نیمچە لقێکی ساینس فیکشـن سـەریهەڵدا کە لە ڕۆڵـی ژنـان دەکـۆڵێتەوە لە کۆمەڵگـادا. نووسـەرە ژنەکـان لەو بـزوتنەوە ئەدەبیـیە یۆتـۆپییەی سـەدەی نـۆزدە و سـەرەتای سـەدەی بیسـتدا، لەکـاتی تەوژمـی یەکەمی فێمینیزمدا، باسـی سێکسـیزمیان دەکرد. چـارلۆت پێرکینــز جیلمــان لە ڕۆمــانی (هێرلانــد 1915) هەمــان کـاریکرد، نمـونەیەکی تـر ڕۆمـانی (The Sultana's Dream) (1915)بـوو کە لەلایەن ڕوقـیە سـەخاوات حسـەینەوە نووسـرا, کە نووسـەرێکی بەنگـالیی فێمینیسـتی موسـوڵمان بوو.

لەساڵەکانی 1920دا نووسەرانی وەک کلەیر وینگەر هاریس و گێرترود بارۆوس بێنیت, کۆمەڵە چیرۆکێکی ساینس فیکشنیان بڵاوکردەوە کە لەگۆشەنیگای مێینەوە نوسرابوون و هەندێک جاریش لەبابەتی جێندەری و سێکسییان دەکۆڵییەوە. هاوکات ناوەڕۆکی زۆربەی چیرۆکە زانستییەکان کە لە بیستەکان و سییەکانی سەدەی رابردوودا بڵاوکرانەوە دیدێکی گەورەکرنەوەی نێرینەی تێدابوو, لەهەمان کاتدا وێنەیەکی سێکسییانەی ئافرەتی نیشاندەدا. بەهاتنی ساڵی 1960 چیرۆکی زانستیی هەست ورووژاندن و سیاسەت و رەخنەی کۆمەڵایەتیی پێکەوە کۆدەکردەوە. لەگەڵ داهاتنی فێمینیزمدا، رۆڵی ژنان رووبەڕووی پرسیاربووەوە لەم "شێوازە رووخێنەرەی بیر و بڵاوبوونەوەی جێندەرەدا."

ساینس فیکشنی فێمینیستی پرسیارگەلێکی سەبارەت بە چۆنێتی کارکردنی بونیادە کۆمەڵایەتییەکان، رۆڵی منداڵهێنان لە پێناسەکردنی جێندەر و دەسەڵاتی نایەکسانی تایبەتی و سیاسی ژن و پیاو. هەندێک لەدیارترین کارەکان لە بواری ساینس فیکشنی فێمینستیدا بە بەکارهێنانی یۆتۆپیا وێنەی ئەم تیمانەیان دەکێشا بەمەبەستی دۆزینەوەی کۆمەڵگایەک کە جیاوازییە جێندەرییەکان یان نابەرابەریی دەسەڵاتی جێندەریی تێدانەبێت، یان دستۆپیا کە نابەرابەریی جێندەریی تێدا چڕبوویبێتەوە، بەم شێوەیە پێویستی ئەم کارە فێمینیستییە بەردەوامبوو .

## ناوەڕاستی سەدەی بیستەم

### نێوان هەردوو جەنگی جیهانی

لە جەنگی جیهانی یەکەمدا ژنان بە ژمارەیەکی زۆر چوونە ناو بازاڕی کار و زۆر جاریش کەرتە نوێیەکانەوە. لەو کاتەدا بۆیان دەرکەوت کارەکەیان لەدەرەوەی ماڵەوە بەبایەخە، بەڵام لەهەمان کاتدا ژمارەیەکی زۆری لە ژنان بێبەشکرد لەداهاتی خێزانەکانیان. هاوکات بەهۆی جەنگ و کوژران و برینداربوونی ژمارەیەکی زۆری پیاوانەوە, گۆڕانێکی بەرچاوی لە دارشتنەوەی دیمۆگرافیدا دروستکرد. هەروەها گروپە فێمینیستەکانی بەش بەش کرد، لەکاتێکدا زۆربەیان دژی شەڕ بوون، هەندێک لە ژنانی تریش لەهەڵمەتی (پەڕی سپی) بەشداربوون.

هەندێک لە زانایانی فیمینیستی ئەم دواییانە وەک فرانشیۆس سیباد و نانسی کۆت ئاماژەیان بۆ کاریگەری پارێزکارکردنی جەنگی جیهانی یەکەم کرد لە هەندێ وڵاتدا، بەهێزکردنی وێنە نەریتییەکان و ئەدەبی گرنگیدان بوون بە دایک هەندێک بوو لە تێبینییەکانیان. ئەم دیاردانە لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەم و نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا بە (نیشتمانیی کردنی ژنان ناوبران).

لەوساڵانەی نێوان هەردوو جەنگدا ژنان لە بەگژاچوونەوەی جیاوازی و بەرهەڵستی مافەکانیان لەدامەزراو و میدیادا بەردەوامبوون. لە چیرۆکی (لە ژوورەکەی خۆتدا) ڤێرجینیا وۆلف وەسفی بێهیوایی بەهەدەردانی بەهرەیەکی زۆر دەکات. ریبیکا وێست

یەکێکبوو لە نووسەرە دیارەکانی ئەو کاتە. هەرچەندە وشەی "فێمینیزم" لەو کاتەدا بەکاردەهات، بەڵام میدیا و ناوەندەکانی تر وێنەیەکی نێگەتیڤی وەهایان پێدابوو کە ژنان دەترسان بیگرنە خۆ. بەهاتنی ساڵی 1938 وۆلف خەریکی نووسینەوەی (سێ جنی) بوو. "ووشەیەکی کۆن کە هێندە ئازار هێنەر بوو لە کاتیی خۆیدا بەڵام ئیستا وشەیەکی مردووە"، لەلایەکی ترەوە دەبوایە بەرگری لەرۆژئاوا بکات کە وەکو فێمینیستێک هێرشی کراوەتە سەر. هەروەها وۆلف دەستی بەکێشانی نیگارێکی سێکسی پۆزەتیڤ کرد بۆ لێزبیەنەکان "پێشتر ژنان ... هەمیشە لەپەیوەندی لەگەڵ پیاودا بینرانبوون"، ئەمە جێگیرکردنی جێندەری زیاتر دیاریکرد. ویست زیاتر بۆ ئەم وشانەی یاددەکرێتەوە" تەنانەت من خۆشم هیچ کات نەمتوانی بەوردی بزانم فیمینیزم چییە، من تەنها ئەوە دەزانم کە خەڵکی پێمدەڵێن فیمینیست هەر کاتێک شتێک دەردەبڕم کە جیامدەکاتەوە لە شتێکی بێکەڵک یان لەشفرۆشێک."

لەبیستەکانی سەدەی رابردوودا، شێواز و هەڵوێستە ناترادیشناڵەکانی ژنی گەنجی ئەوکاتە باوبوو لەنێوان ژنانی بەریتانیا و ئەمریکادا.

**ناوەندەکانی تری یاسادانان**

ژنان لە دانیمارک و ئایسلاندا: لەساڵی 1915 و 1919 بەتەواوی مافی دەنگدانیان بەدەستهێنا، لەساڵی 1917 لە یەکێتی سۆڤیەت، لەساڵی 1918 لە نەمسا و ئەڵمانیا و کەنەدا، لەساڵی 1919 لەزۆرێک لەولاتان بە هۆڵەنداوە،

لەسـالّی 1930 لە تورکیـا و ئەفریقیـای باشـوور. ژنـانی فەرەنســی هەتـاوەکو سـالّی 1945 نەگەیشـتنە مـافی دەنگدان. لیختنشـتاین یەکێک بوو لەو ولاتـانەی لە کۆتـای کە سالّی 1984 ئەم مافەی بەدەستهێنا.

**بزوتنەوەی ژنان و چاکسازیی کۆمەلایەتی**

لەگەلّ زۆرێــک لە بزوتنەوەکــان، ژنــان بەخێرایــی بۆیاندەرکەوت کە گۆڕانی سیاسی بەتەنها مەرج نیە ببێتە مــایەی گــۆڕانی دیــار و بەرچــاو، هەروەهــا لەگەل سسـتبوونی ئابوریـد ئەوان ناسـکترین یەکەی هێـزی کـار بــوون. هەنــدێک ژن کە پــێش شــەڕەکە کاریــان بەدەسـتهێنابوو, ناچـارکران واز لەکارەکانیـان بهێـنن بـۆ سەربازی گەڕاوە، هەروەها زۆرێکیشیان بێکار کەوتنەوە. بەهـۆی مـافی سنوردارەوە، NUWSSپێویستی بەگۆڕینی رۆلّەکەی هەبوو National Union of Societies for Equal . Citizenship (NUSEC)کە رێکخراوە نوێیەکە بوو هێشتا داکۆکی لە یەکسـانی مـاف دەکرد بەلام مەودای خۆی بۆ تاقیکردنەوەی یەکسـانیی لەبواری ئابوری و کۆمەلایەتیدا فراوانکرد. چاکسـازی یاسـادانان بۆ ئەو یاسـایانە بوو کە روخســاری جیاکارییــان پێوەبــوو، لەناویشــیاندا یاســای خێزان و لەشفرۆشـی. نـاوچەیەکی دابەشـکردن کە گـرنگە لەبەر رونـاکی پێشـکەوتنەکانی دواتـر لەنێوان یەکسـانی و دادپەروری بـوو کە باسـی لە نیشـتەجێ بـوون دەکـرد بـۆ ئەوەی کە رێـگە بە ژنــان بــدەدات بــۆ زالّبــوون بەســەر بەربەسـتەکاندا بـۆ سـەرکەوتن. لەم سـالانەی دوایـدا ئەمە

ئامـاژەبووە بـۆ "نهێنـی جیـاوازی بەرامـبەر یەکسـانی".
ئیلینـۆر راسـبۆن کە لەسـاڵی 1929 بـووە سـەرۆک وەزیـران، لە دوای میمیسـینت گارێـت سـەرۆکایەتی گرتەدەسـت لەسـاڵی 1919. ئەو باسـی لە گرنگیـی رەچاوکردنی پەیوەندییە جێندەرییەکان دەکرد وەکو "ژنـان پێویسـتیان بەچیـیە بـۆ بەدیهێنـانی توانـای شـاراوەی سروشـتی خۆیـان". جیـابوونەوەی فەرمیتـر لەگەڵ چاکسـازییە کۆمەڵایەتییەکـانی حکـومەتی کرێکـاری سـاڵی 1924دا دەرکەوت، لەگەڵ گروپێکی بچوکتری یەکسـانگەرا دامەزراوەیOpen Door Council یان لەحـوزەیرانی سـاڵی 1926 دامەزرانـد. لەکۆتایـدا ئەمە بـوو بە بزوتنەوەیەکـی نێـودەوڵەتی و تـا سـاڵی 1965 بەردەوامبـوو. یاسـا کۆمەڵایەتییە گرنگەکانی تری ئەم سـەردەمە پرۆژەیاسـای دوورخسـتنەوەی رەگەزیـی 1919 (Sex Disqualification Act 1919)بـوو "کە دەرگـای پیشـەی بۆ ژنـان کـردەوە"، هەروەهـا پـرۆژە یاسـای بەنـدەکانی هاوسـەرگیریی 1923 لەخـۆدەگرت. لەسـاڵی 1932 NUSEC پاڵپشـتیکردنی لەپەروەردە جیـاکردەوە، لە چالاکییەکـانی پێشـووی بەردەوامبـوو وەک ئەنجـومەنی نەتەوەیـی بـۆ مـافی هـاووڵاتیبوونی یەکسـان و پەروەردە بـوو بە ڕۆڵـی ئەنجومەنی ژنانی شاری. ئەنجوومەنەکە تا کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم بەردەوام بوو .

لەسـاڵی 1921 مـارگرێت مـاکۆرسSix Point Group ی دامەزرانـد، کە لەناویشـیاندا ریبیکـا وێسـت هەبـوو. وەک گروپێکـی لـۆبی سیاسـی ئامـانجی یەکسـانیی سیاسـی و

پیشـەیی و ئەخلاقـی و کـۆمەڵایەتی و ئـابوری و یاسـایی بـوو. بەمشـێوەیە لەڕووی هەمـاهەنگییەوە زیـاتر لەگەڵ Open Door Councilهەماهەنـگ بـوو وەک لە National Councilئەنجـومەنی نەتەوەیـی)، هەروەهـا لەسـەرئاسـتی نێـودەوڵتیش خەریکـی لـۆبیکردن بـوو وەکـو دەسـتەی نەتەوەکـــان، تـــاوەکو ســـاڵی 1983 لە کـــارەکەی بەردەوامبـوو. بەئـاوڕدانەوە بـۆ دواوە هەردوو گـروپە ئایدیۆلۆژییەکە هەریەکە بەشێوازی خۆیان کاریگەربوون لە بەرەوپێشـبردنی مافەکـانی ژنانـدا. سـەرباری ئەوەی ژنـان لەسـاڵی 1918وە لە (House of Commons) ڕێگەپێـدراوبوون، شـازادە مـاکۆرس هەمـوو ژیـانی لە ئەنجـومەنی لۆردەکـان جەنگـی دژی بەرهەڵسـتیارانیکی توند، ئەو جەنگەی کە لە ساڵی مردنیدا, واتە ساڵی 1958 بە ئامانجەکـانی گەیشـت. ئەمە لاوازیـی یاسـای لابردنـی سێکسـی پیشـاندا. مـاکبیس هەروەهـا تـایم ئەنـد تایـدی دەرکـرد کە بـووە ڕۆژنـامەی کـۆمەڵەکە، کە وێسـت و ڤێرجینیا وۆڵف و ڕۆس ماکاوڵی و چەندینی تر بەشداریان تێداکرد. چەنـدین بڵاوکـراوەی ژنـانی تـر لە بیسـتەکاندا دەرکەوتن، وەکو ژنان و مـاڵا و بەڕێوەبردنی چاکی مـاڵا (گـود هاوسـکیپینگ) کە بیروبۆچوونەکـانی زۆر جیـاواز بـوون. لە سـاڵی 1925 ڕێبیکـا وێسـت لە تـایم ئەنـد تایـد شـتێکی نووسـی کە نەک هەر ڕەنگـدانەوەی پێوسـتی دووبـارە پێناسـەکردنەوەی بـزووتنەوەکەی دەربـڕی پـاش مـافی دەنگـدان، بەڵکـو پێـداچوونەوەی ئامانجەکانیشـی بە پێویست دانا " کاتێک ئەوانەی لە سوپای ئێمەدا پێماندەڵێن

که ڕۆژانــی به گژاچــوونەوەی سێکســیی بەســەرچووە و ئێمە دەبێ لەمەودوا دەست بخەینە ناو دەستی نێرەکان و بچینەپێشەوە، من بڕوای پێ ناکەم."

**مافەکانی منداڵبوون**

لەکاتێکدا فێمینیزم خواستی ناساندنەوەی خۆی هەبوو، دۆزە نوێکان سەریانهەڵدا، یەکێکیان مافی منداڵبوون بوو. تەنــانەت گفتوگــۆکردن لەبــارەی بــابەتەکەوە لەوانەبــوو مەترسیدار بێت. ساڵی 1877 ئانی بیسانت دادگایی کرا لەسەر بڵاوکردنەوەی کتێبی میوەکانی فەلسەفە (Fruits of Philosophy)ی چارڵس نۆڵتن دابوو کە کارێکە لەپلاندانانی خێــزان لەژێــر یاســای بڵاوکــردنەوە ناشــیرین‌و ناپەســەندەکانی 1857. پێشــتر نــۆڵتن لە ویــلایەتە یەکگرتووەکــان لەگەڵ چــارڵس لەفــی هاوڕێیــدا حوکمدرابوون, بەڵام پاش تێهەڵچوونەوە ئازاد کرابوون. ئەنجامی بڵاوبوونەوەی ڕێژەی لەدایکبوون کەمیکردوە. بەڵام ئەوان بەهیچ شێوەیەک بێئومێد نەبوون. دوای ئەمە بیسانت کتێبێکی بەناوی یاسای دانیشتوان بڵاوکردەوە.

بەهەمان شێوە لە ئەمریکا مارگاریت سانگەر بەهۆی کتێبەکەیەوە بەنــاوی–(Family Limitation) ەوە لەژێــر یاسای کۆمستۆکی 1873دا لەساڵی 1914 درایە دادگا، ئەو هەلهــات بــۆ بەریتانیــا کە لەوێ چــاوی بە مــاری ســتۆپس کەوت هەتــا ئەوکــاتەی بــارودۆخ لە ئەمریکــا ئارامــدەبێتەوە بــۆ گەڕانەوەی. ســانگەر بەردەوامبــوو لە

ڕیسککردن بۆ دادگایکردن، کارەکەی لە بەریتانیا درایە دادگا. هەرگیز ستۆپس نەچووە دادگا بەڵام بەردەوام بەهۆی کارەکەیەوە لەپشتگیری کۆنترۆڵی لەدایکبوون سەرزەنشتدەکرا. لەساڵی 1917 سانگەر دەستی بە "پیاچوونەوەی کۆنترۆڵی لەدایکبوون" کرد، لەساڵی 1926 وانەیەکی لەسەر کۆنترۆڵی لەدایکبوون بۆ یاریدەدەری ژنانی کوکلۆکس کلان لە سیلڤەر لەیکی نیوجەرسی ئەنجامدا کە بە"ئەزمونێکی نامۆ"ی ناونا. بابەتێکی تری جێمشتومڕ دامەزراندنی ڕێکخراوی چاکسازیی یاسای لەبارچوون بوو لە ساڵی 1936. سزای لەباربردن لە لەسێدارەدانەوە بۆ زیندانیی هەمیشەیی کەمکرایەوە، بەگوێرەی یاسای تاوان دژی کەس 1861، بێجگە لە چەند حاڵەتێک لە یاسای پاراستی ژیانی منداڵی ساوا 1929. پاش دادگاییکردنی دکتۆر ئەلیک بۆرن لە ساڵی 1938، لە ساڵی 1939 کۆمیتەی بێرکت چەند پێشنیارێکی چاکسازی کرد، هەروەک چەندین بابەتی تری ژنان خرایەلاوە لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی جیهانی دووەم.

لە هۆڵەندا ئەلیتا جەیکۆبس یەکەم پزیشکی مێینەی هۆڵەندی بوو، هەروەها ویلیلمینا دروکەر کە لە ژنانی پێشەوا بوو لەباسکردن و کارکردن لەسەر بیرۆکەی مافی منداڵبوون جاکۆبس دەستیکرد بە هێنانی پەساریا لە ئەڵمانیاوە و دانی بە ژنانی هەژار بە خۆڕایی وەک نەریتێک.

## چلەکانی سەدەی بیستەم

لەزۆرینەی وڵاتانی ریزی پێشەوە، ژنان بەخۆبەخش کاریاندەکرد یان خۆیان بۆ ئەرکی جۆراوجۆری پاڵپشتیی ئەرکی شەڕ تەرخاندەکرد. لە بەریتانیا ژنان بۆ کارە پیشەسازییەکان یان بۆ خزمەتە ناسەربازییەکان بەکاردەهێنران. دەزگا بەریتانییەکان 460 هەزار ژنیان لەڕیزەکانی سەربازیدا دامەزراند. گەورەترین دەزگای ATSزۆرترینی بەرکەوت کە 213 هەزار ژنی دامەزراند، زۆرینەیان ئەرکی سەربازیان لەیەکەکانی دژە فڕۆکە ئەنجام دەدا. لەزۆربەی وڵاتانی وەک ئەڵمانیا و یەکێتیی سۆڤیەت، ژنان بەخۆبەخش کاریاندەکرد یان بە خۆبەخش پاڵپشتیی ئەرکی شەڕیان دەکرد. لە ئەڵمانیا ژنان لە BDM بەخۆبەخش کاریاندەکرد و هاوکاریی لوفتوافییان وەک تۆپخانەی دژە فڕۆکە دەکرد, یان وەک شەڕوانی گەریلا لەیەکەکانی ویرۆلف لەپشت هێڵکانی هاوپەیمانانەوە کاریاندەکرد. لە یەکێتی سۆڤیەت نزیکەی 820 هەزار ژن لەڕیزەکانی سوپادا بۆ کاری پزیشکی یان دەزگای پەیوەندی رادیۆیی یان شۆفێر و هەڵگری قەناس و فڕۆکەوانی جەنگی و فەرماندەی سەربازی خزمەتیاندەکرد.

لەجەنگی دووەمی جیهانیدا زۆرینەی ژنانی ئەمریکی دوو ئەرکیان لەئەستۆ بوو، کاری رۆژانەی خێزانی خۆیان ئەنجامدەدا و زۆرجاریش کاریان بۆ بژێوی دەکرد، بەتایبەتی کارێک کە پەیوەندیی بە پیشەسازییەکی شەڕەوە هەبوو. ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنان کە زیاتر

بوو لەژمارەی شەڕی پێشوو لەکارە ناپرۆفێشناڵ و نیمچە پرۆفێشناڵەکان لە کارگەی تەقەمەنی دامەزران، هەروەها بەهۆی بەربەستەکانەوە لەدژی ژنانی هاوسەردار بەدەستهێنانی کار ئاسان بوو. هێمای دیارو باوی رۆزی ریڤێتەر بوو بە سومبولێک بۆ نەوەی ژنانی کارکەری ئەمریکا. نزیکەی 300 هەزار ژن لەڕیزی سەربازیی ویلایەتە یەکگرتوەکاندا کاریاندەکرد. بەهۆی لەناوچونی ژمارەکی زۆر لەپیاوانی گەنجەوە، رێکخەرانی وەرزشی هەولیاندا تیمەکانی ژنان دابمەزرێنن، نمونەشیان وەک All-American Girls Professional Baseball League کە هەر پاش جەنگەکە داخرا. لە ڕاستیدا زۆرینەی کارگەی تەقەمەنییەکان داخران و کارگەی شارەکان ژنە تازەکانیان بە سەربازی تازەگەڕاوە لە بەرەی جەنگ گۆڕیەوە کە لە بەرتر بوون.

**تەوژمی دووەم**

دووەم تەوژمی فێمینیزم ئاماژە بۆ ماوەی دەستپێکی چالاکیی فێمینیستی دەکات کە لەسەرەتای شەستەکانەوە دەستپێدەکات تا کۆتایی هەشتاکانی سەدەی رابردوو. دووەم تەوژمی فێمینیزم تائێستاش بەردەوامە، هەروەها بەردەوامبوو لەگەڵ ئەوەی هەندێ کەس پێیدەڵێن تەوژمی سێیەمی فێمینیزم. دووەم تەوژمی فێمینیزم نایەکسانی کولتووری و سیاسیی ئالۆزی بینی, ئەو بزوتنەوەیە هانی ژنانی دەدا بۆ تێگەیشتنی لایەنەکانی ژیانی تایبەتی خۆیان کە چۆن بە قووڵی بەسیاسیکراوە و رەنگدانەوەی

ســـــترەکچەری ڕەگەزپەرســـــتیی دەسەڵاتیشـــــە. ئەگەر فیگورەکـــانی تەوژمـــی یەکەم جەختیـــان لەســـەر مـــافی دەنگـــدانی ژنـــان کـــردبێتەوە، ئەوا فیگورەکـــانی تەوژمـــی دووەمـــی جەختیـــان لەســـەر یەکســـانی دەکـــردەوە وەک کۆتایی پێهێنانی جیاکاریی.

## بێتی فرەیدان و نهێنی مێینە و سەرهەڵدانی ئازادیی ژنان

لەسـاڵی 1963، بێتـی فرەیـدان کتێبـی The Feminine (Mystique)ی بڵاوکـــــردەوە, کە دەنگێـــــک بـــــوو بـــــۆ بەرەوپێشبردن و باشترکردنی باری زۆرێک لەو ژنانەی کە دەیانویســـت مـــاڵ و حـــاڵی خۆیـــان هەبێـــت لەپـــاش تەواکردنی کۆلێژ. لە کتێبەکەدا فرەیدان بەدوای ڕەگەکانی گـۆڕان لەڕۆڵەکـانی ژنانـدا دەگەڕا لە بەشـێکی بنەڕەتیـی هێزی کارەوە لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا بۆ بوون بەژنی ماڵ و دایک لەپاش جەنگەکە، هەروەها باسی لەو هێزانە دەکرد کە ئەم گۆڕانە لە تێڕوانینی ڕۆڵەکانی ژناندا دروستدەکات .

بەدرێژایـــی ئەو دەیەی دواتـــر، چەمکـــی (Women's Liberation)واتە ئازادیی ژنان گفتوگۆی لەبارەوە دەکرا. لەکاتێکـدا هەنـدێک جـار خەڵکـی بـڕگەی (Women's Liberation) "ئـازادی ژنـان" وەک ئامـاژەیەک بۆ فێمینیـزم بەدرێژایـــی مێـــژوو بەکـــاردەهێنن، بەڵام تـــاڕادەیەک ئەم دەستەواژەیە تـازەیە. لەسـاڵی 1895-ەوە "ئـازادی" لەگەڵ خواسـتی ژنانـدا ئـالودەبووە، لەبـڕگەی "ئـازادی ژنـان" لە

کتێبی(The Second Sex) دا واتە (ڕەگەزی دووەم 1949) لە نووسینی سیمۆنی دی بوڤوار, کە ساڵی 1953 بۆ زمانی ئینگلیزی وەرگێڕدراوە، دەردەکەوێت. هەرچەندە بڕگەی "ئازادی ژنان" بۆ یەکەم جار لەساڵی 1964 بەکارهێنرا، هەروەها لەساڵی 1966 لەچاپدا دەرکەوت، بەڵام بەرامبەرەکەی لە فەرەنسیدا "liberation des femmes"لەساڵی 1911ەوە بەکارهاتووە. دەستەواژەی "ئازادی ژنان" لەکۆنفرانسی خوێندکارانی ئەمریکی بۆ کۆمەڵگایەکی دیموکراسی (SDS) ساڵی 1967 بەکارهاتووە، کە گفتوگۆیەکی گرنگ لەسەر ئەو بابەتە کرا. لەساڵی 1968 هەرچەند دەستەواژەی "بەرەی ئازادی ژنان" لە رامپارتدا دەرکەوت، دوای ئەوە ئاماژەبوو بۆ هەموو بزوتنەوەی ژنان. لە شیکاگۆ، ژنان کە بێئومێد ببوون لە "چەپی نوێ" بەجیا کۆدەبوونەوە لە 1967و دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی (دەنگی بزووتنەوەی ئازادیی ژنان) لە ئازاری 1968.

کاتێک لەمانگی سێپتەمبەردا (Miss American Pageant) بەسترا، میدیاکان وەک ئازادی ژنان ئاماژەیان بۆ خۆپیشاندانەکان دەکرد، هەروەها لەساڵی 1969 یەکێتی ئازادی ژنانی شیکاگۆ دامەزرێنرا. گروپی هاوشێوە بەهەمان ناونیشانەوە لەزۆرێک لەناوچەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکاندا دەرکەوتن. سوتاندنی ستیان (چیرۆکە) پەیوەست بوو بە بزوتنەوەکەوە، میدیاکان دەستەواژەی تری وەک(libber) یان دروستکرد. ئازادی ژنان لەگەڵ

دەستەواژە رکابەرە جۆراوجۆرەکان بۆ فێمینیزمی نوێ بەراورد دەکرا کە دروستبوونی بۆ ماوەیەک بیرکردنەوەیەکی باوی دەهێنایە کایەوە و بەردەوامیی دەبوو، هەرچەندە لەئەمڕۆدا دەستەواژەی کۆنی بزوتنەوەی ژنان (Women's Movement) بەزۆری بەکاردەهێنرێت.

فیمینیزمی 1960و تیۆری چالاکوانان لە لایەن باری کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسی ئەو دەیەیەوە پشتگیری لێدەکرا. لەم سەردەمەدا ژمارەیەکی زیاتری ژنان دەچوونە بەر خوێندنی بالا، دامەزراندنی دەزگای ئەکادیمی و بەشی ژنان و تویژینەوەی ژنان و بیرکردنەوەی ژنان لەچەندین بواری پەیوەندیداری وەک سیاسەت و کۆمەڵناسی و مێژوو و ئەدەب، لەکاتێکدا پرسیارێکی زۆر سەری هەڵدەدا سەبارەت ستاندارد و دەسەڵات.

هەروەها هەر لەسەرەتاوە ئاشکرابوو کە بزووتنەوەی ئازادیی ژنان پێکهاتبوو لە چەندین فیمینیست، بەهۆی جیاوازی جێگەی سەرهەڵدانی گروپەکان و ئالۆزیی بابەتەکان. لە سەرەتای 1980وە، یەکێک لە رەخنەگرە دیارەکانی بزووتنەوەکە بیلا هۆکس بوو، کە رەخنەی لە نەبوونی دەنگی ژنانی چەوسێنراوە و شاردنەوەی نایەکسانیی چین و رەگەز دەگرت، شکستهێنان لە لێکۆڵینەوەی ئەو بابەتانەی ژنانی جیادەکردەوە.

## نووسینه فێمینیستییەکان

پاش ئەو گۆڕانکاریانەی لە ویژدانی ژناندا روویدا کە بەهۆی(The Feminine Mystique) ی بێتی فرەیدانەوە وروژێنرا، لە حەفتاکانی سەدەی رابردوودا چالاکییە فێمینیستییە نوێیەکان لە نووسینەکانیاندا زیاتر کێشە سیاسی و سێکسیەکانی لەخۆگرتبوو .

گریرو رۆبۆسام و میشێل نوێنەری داهاتووی ئینگلیزی بوون لەشۆڕشە گەشەکردووەکەدا، بەڵام وەک میشێل باسی لێوەدەکات پێویستە ئەمە وەک دیاردەیەکی نێودەوڵەتی ببینرێت، بەڵام بە رووبەڕوبوونەوەی ئەو هێما جیاوازانەی کە پەیوەندیان بە کولتووری ناوخۆییەوە هەیە. ژنانی بەریتانیاش وێنایان لەسەر باکگراوندی سیاسیی چەپ کێشاو گروپی گفتوگۆی ناوخۆیی بچوکیان رێکخست. زۆرێک لەمانە لە بارت پلەیس روویدا لە رێگەی ۆرکشۆپی ئازادی ژنانی لەندەن و بڵاوکراوەکەی بەناوی (شرۆ) هەروەها بڵاوکراوەی LWLWوە بوو. هەرچەندە خۆپیشاندان هەبوو، بەڵام جەختکردن لەسەر (بەرزکردنەوەی هۆش) بوو وەک کاسی ساراچیلد ناوی دەنێ. ژنان بۆیاندەرکەوت ئەزمونی تایبەتیی خۆیان ئەو زانیاریانەیە کە دەتوانن پشتی پێببەستن لە فۆرمولەکردنی شیکردنەوە سیاسییەکاندا.

## بۆچوونە فێمینیستییە جیاوازەکان لەسەر وێنە و فلیمی سێکسی

یەکێک لەیەکەمین ئەو ژنانەی کە لەبارەی وێنەی سێکسییەوە نووسی سوزان گریفن بوو لە کتێبی Pornography and Silence (1981).بە پەڕینەوە لە هەڵوێستی براونمیلەر و گریفن، سۆزان گریفن هاوکاری لەگەڵ کاسرین ماکینۆن و ئەندری دۆرکن کرد. هەڵوێستی ئەوان بە زۆر توند تەماشا دەکرا سەبارت بە بابەتەکە، بۆیە لەبزوتنەوەکەدا بەفراوانی پشتیوانییان لێنەکرا. هەرچەندە کاریگەرییان لەگفتوگۆ و چالاکیی وێنەی سێکسی و کاری لەشفرۆشیدا زۆر دیارە، بەتایبەتی لەدادگای بالای کەنەدا. هەڵوێست و رۆڵیان وەک تەواو بەسیاسیکردنی سێکس پیشاندراوە کە تێیدا ئەزمونی تاکی ژن گشتێنراوە بۆئەوەی ژنان وەک چینێک هەمیشە بە قوربانی ببینرێن. ئەمە هەڵوێستێکە کە زۆرێک لەفێمینیست و لیبراڵ و دادوەران بە نائاسودە و نامۆ دەیبینن.

ماکینۆن کە پارێزەرە ستایلێکی هەیە هەندێک جار وادەردەکەوت کە تورە و رەق بێت. "بۆ ئەوەی ئەگەری پەلاماردان و رەپیکردنت هەبێت دەبێت لە پرۆسەی بەردەوامبوونی ژیانی ئاساییدا لە رەگەزی مێینە بیت". ئەو بیرۆکەی بەکەم دانانی ژنانی بە هەڵچوون لەرقی دژەژنان وەسف کرد، هەروەها قایلنەبوو بەوەی کە تەنانەت ژنانیش نوێنەرایەتی لە پەیوەندیاندا لەگەڵ پیاوان دەربڕن. دەڵێت "هەراسانکردنی سێکسی مانای ئەوە نییە

که ئەوان هەموویـان دەیانەوێت سێکسـمان لەگەڵ بـکەن، بەڵکـــو ئەوان تەنهـــا دەیانەوێـــت ئازارمانبـــدەن و کۆنترۆڵمـانبکەن، ئەوەیە کە ئازارمـان دەدات". بۆ هەنـدێک لەفێمینیســـته تونـــدڕەوەکان، ئەو وەک پـــاڵەوانێکە و تاکەکەسە بەڕاستی گوزارشت لە ئازاری ژنبوون دەکات لە کۆمەڵگایەکی نایەکساندا، هەروەهـا وێنەی ئەو راسـتییە دەکێشـێت لەڕێگـای ئەزمـونە تاڵەکـانەوە کە بە ئاسـایی نـاوی دەبـات. پەرەسـەندنێکی بەسـودی ئەم بیرۆکەیە بۆ گـۆڕینی ئەو تـوێژینەوە و تێـڕوانینە بـووە کە لەســەر پەلامـاری سێکسـی لە ئەزمـونێکی تـاکەوە بۆ کێشـەیەکی کۆمەڵایەتی دامەزراوە.

### تەوژمی سێیەم

سـێیەم تەوژمـی فێمینیـزم لەسـەرەتای نەوەدەکـانەوە دەســـتپێدەکات. بـــزوتنەوەکە وەک وەڵامێـــک بـــۆ ئەو بیرکـردنەوەیە سـەریهەڵدا کە ژنـانی لاو پێیـان وابـوو تەوژمـی دووەم شکستیهێناوە. هەروەهـا وەڵامێکیش بـوو بـۆ ئەو کـاردانەوە تونـدە لەدژی ئەو بـزوتنەوانەی کە تەوژمی دووەم دروستیکردبوو. سێیەم تەوژمـی فێمینیـزم بەدوای تێکۆشـــان و خـــۆلادان لەوەی کە پێناســـەکانی تەوژمی دووەم بۆ ژنێتی لێکدەداتەوە، کە جەخت لەسـەر ئەزمونەکـانی ژنـانی سـپی پێسـتی چینـی سـەرو و ناوەنـد دەکـــاتەوە. لێکـــدانەوەی پـــاش بونیـــادگەریی (پۆســـت-سترەکچراڵیست) بۆ جێندەر و ژیـانی سێکسـی مەبەسـتی زۆرێـک لەئایـدیۆلۆژیاکانی تەوژمـی سـێیەمە. زۆرجـار

فێمینیستەکانی تەوژمی سێیەم جەخت لەسەر وردەسیاسەت "مایکرۆپۆلیتیکس" دەکەنەوە، هەروەها بەرهەڵستی ئەو شێوازەی تەوژمی دووەمی دەکرد کە چی باشە و چی خراپە بۆ مێینەکان.

لەساڵی 1991 ئەنیتا هیلا بەتاوانی بێزارکردنی سێکسی کلارینس تۆماسی تاوانبارکرد کە کەسێتییەکی ئەفریقی-ئەمریکیە و کاندیدی دادگای باڵا بوو، گوایە پێش دەیەیەک کاتێک هیلا وەک یارەیدەدەری کلارینس تۆماس لەبەشی پەروەردەی ویلایەتە یەکگرتوەکان کاریدەکرد ئەو بێزارکردنە روویداوە. تۆماس ئەو تۆمەتانەی رەتکردەوە و لەپاش گفتوگۆیەکی فراوان، ئەنجومەنی پیران 52 بە 48 دانگدانەکەی لەبەرژەوەندی تۆماس یەکلاکردەوە. لەوەڵامی ئەم کەیسەدا، ریبیکا ۆکەر بابەتێکی لە گۆڤاری مس ساڵی 1992 لەژێر ناونیشانی "بوون بەتەوژمی سێیەم" بڵاوکردەوە کە تێیدا بەمە دەستی پێکردبوو، "من فێمینیستێکی پۆست-فێمینیزم نیم. من سەربە تەوژمی سێیەمم". کەیسەکەی هیلا و تۆماس سەرنجی خەڵکی بۆ بوونی بەردەوامی هەراسانکردنی سێکسی لەشوێنی کاردا راکێشا و هەستی گرنگیپێدان و هوشیاری لای زۆرێک لەو کەسانەدا دروستکرد کە پێیان وابوو هەراسانکردنی سێکسی و کێشەکانی تری تەوژمی دووەم چارەسەرکراون.

مێژووی تەوژمی سێیەمی فێمینیزم بۆ ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە. ئەو سەرکردە فێمینیستییانەی رەگیان لە تەوژمی دووەمدا داکوتابوو

وەک گلۆریا ئەنزالدوا و بێلا هوکس و چیلا ساندۆڤالا و چێریە مۆراگا و ئۆدری لۆردی و لویزا ئەکاتی و ماخین هۆنگ کینگستن و زۆرێک لەفێمینیستی رەش پێستی تر داوای چالاککردنی نوێیان لەدەنگی فێمینیستیدا دەکرد. ئەم جەختکردنە لەسەر تێکئالان لە نێوان رەگەز و جێندەردا بابەتی سەرەکی بوو لە کاتی دادگاییەکەی تۆماس هێڵدا، بەڵام لە گەڵا یاسای Freedom Ride 1992دا دەستی بە گۆڕان کرد. ئەمە بووبەهۆی تۆمارکردنی دەنگدەران لە کۆمەڵگاکانی کەمینەی هەژاردا، کە جەختیان لەسەر هەڵبژاردنی فێمینیستە لاوەکان دەکردەوە. بۆ خەڵکێکی زۆر هەڵبژاردنی لاوان ئەو گەورەکردنەوەیە بوو کە پەیوەستبوو بە تەوژمی سێیەمی فێمینیزمەوە .

**سیاسەتی سێکسی؛ نامۆیی سێکسی**

یەکێک لەو کێشانەی کە رووبەڕووی تەوژمی دووەمی فینیمیزم بووەوە زیادبوونی بەرچاوی لێزبیەن بوو لە ناوەوە و دەرەوەی ڕەوتی فێمینیزمدا. لێزبیەنەکان هەستیان دەکرد کە لە یەک بەرەدان لەگەڵ ئازادی گەیەکان و ئازادی ژناندا، ئەوان وەک "لاڤێندەر مێناس" ئاماژەیان بۆ دەکرا، بەهاندانی (Woman-Identified Woman)لەلێزبیەنە توندڕەوەکانەوە لەسالّی 1970. لەسالّی 1973(Lesbian Nation: The Feminist Solution) ی جیلا جۆنستن هاتەکایەوە. زۆرێک لەلێزبیەنەکان کە هەستیاندەکرد پێویستە بەشی سەرەکی بزوتنەوەکەبن،

هەڕەشـەیەکی گەورەیـان بـۆ باڵادەسـتی نێـرینە دەنوانـد. لەشـێوە توندەکەیـدا ئەمە وەک تەنهـا هەلێکـی گونجـاو بـۆ ژن خـرایە بەردەسـت. یەکێـک لە نووسـەرە فێمینیسـتە لێزبیەنە فرەڕەنگەکانی ئەم مـاوەیە ریتـا مـای بـراون بـوو. لەکۆتایـدا بـزوتنەوەی لێـزبیەن لە نـاو هێڵـی گشـتی بزوتنەوەی ژنان پێشوازی لێکرا .

## مافی منداڵخستنەوە

یەکێـک لەبـوارە سـەرەکییەکانی بەرژەوەنـدی ئەم فێمینیسـتانە لەبەدەسـتهێنانی مـافی کـۆنترۆڵکردن و نەهێشتنی منداڵبوون کە لەجیهاندا تا شەستەکانی سـەدەی رابـردوو تـاڕادەیەکی زۆر سـنوردار بـوو. لەگەڵ گەشەسـەندنی یەکەم حەبـی ڕێگـری لە منـداڵبوون، فێمینیسـتەکان هیواخوازبـوون دروسـتکردن و ڕێگەپێـدانی لەزووترین کاتدا بێتەدی. زۆرێک ئومێدەواربوون کە ئەمە ژنـان لە بەخێـوکردنی منـداڵی نەخـوازراو رزگاربکـات، هەستیاندەکرد کە کۆنترۆڵکردنی منداڵخستنەوە پێویستبوو بـۆ بەدیهێنـانی سـەربەخۆیی لە پیاوانـدا. هەروەهـا لەباربردنی منداڵا بەشێوەیەکی فراوان ویستراوبوو، بەڵام دابینکردنی سەخت بوو لەبەر قووڵی ناتەبایی کۆمەڵایەتی سـەبارەت بە بـابەتەکە. تائێسـتاش لەبـاربردن لەزۆرێـک لەناوچەکـانی جیهانـدا وەک بـابەتێکی مشـتومڕئامێز ماوەتەوە .

هەروەهــا زۆرێــک لەفێمینیســتەکان شــەڕی گــۆڕینی تێڕوانینەکــانی رەفتــاری ســێکســیی مێینەیــان دەکــرد. لەبەرئەوەی زۆرجـار بـوونی فرەهاوسـەریی سێکسـی بـۆ پیاوان ئاسایی بوو، زۆرێک لەفێمینیستەکان هانی ژنانیان دەدا بـۆ چـوونە نـاو "ئـازادیی سێکسـی"و سێکسـکردن، بە مەبەستی رابواردن لەگەڵ چەندین کەسدا .

ئەم بەرەوپێشــچوونانە لە ڕەفتــاری سێکســیدا بەبــێ رەخـنەی هەنـدێک لە فێمینیسـتەکان تێپەڕنەبـوو. سـەرەتا ئەوان شورِشــی سێکســییان وەک ئامێرێــک دەبینــی کە لەلایەن پیــاوانەوە بــۆ ئاســان دەســتەبەرکردنی ســێکس بەکاردەهـــات بەبـــێ ئەنجامـــدانی هاوســـەرگیری و نەریتەکـــۆمەڵایەتییە باوەکـــان. ئەوان ســـووککردنی هەڵوێســـتە کۆمەڵایەتییەکـــان ســـەبارەت بە ســـێکس بەگشتی و زیادکردنی رێگەپێدانی وێنە و فلیمی سێکسی بەبـــێ عەیـــبە، وەک رێخۆشـــکەرێک بە ئاراســـتەی بەکاڵاکردنی سێکسی ژنان لەلایەن پیاوانەوە دەبینن.

**فێمینیزمی جیهانی**

هەر لەپــاش شــەڕەکە رەهەنــدێکی جیهــانی نــوێ بەدامەزرانــی نەتەوە یەکگرتووەکــان زیــادیکرد. لەســاڵی 1946 نەتەوە یەکگرتووەکـان ئەنجـومەنی بـاری ژنـانی دامەزرانـد. بەشـێوەیەکی بنچینەیـی وەک کەرتێک لەسـەر بــاری ژنــان، دابەشــبوونی مافەکــانی مــرۆڤ، بەشــی

کاروبـــاری کـــۆمەڵایەتی، هەروەهـــا ئێســـتاش بەشـــی ئەنجـومەنی ئـابوری و کـۆمەڵایەتی .(ECOSOC) لەسـاڵی 1948 نەتەوە یەکگرتووەکـــان جاڕنـــامەی گەردونـــی مافەکـانی مرۆڤـی دەرکـرد کە داکـۆکیی لە"مـافی یەکسـانی ژنـان و پیـاوان" دەکـات، هەروەهـا داوای دادپەروەری و یەکسـانی دەکـرد. لەسـاڵی 1975ەوە نەتەوە یەکگـرتوەکـان زنجیرەیەک کۆنفرانسـی جیهـانیی لەسـەر پرسـەکانی ژنـان بەســـتووە، کە بەکۆنفرانســـی جیهـــانی ســـاڵی ژنـــانی نێـودەوڵەتی لەشـاری مەکسـیکۆ دەسـتیپێکرد، کە نەتەوە یەکگرتوەکـان مـژدەی بە دەیەی ژنـان دەدا (Decade for Women)ئەمـــانە ژنـــانی لەسەرانســـەری (1975-1985). جیهانـدا پـێکەوە کـۆکردۆتەوە و دەرفەتـی بەرچـاوی بـۆ پێشخسـتنی مافەکـانی ژنـان دابینکـردووە، بەڵام نەخشـەی دابەشبوونێکی قوڵی لە هەوڵدان بۆ چەسپاندنی بنەماکـان لەسەرئاسـتی جیهـانی پیشـاندا، لەکۆنفرانسـە یەک لەدوای یەکەکـــانی کۆپنهـــاگن (1980) و نـــایرۆبی (1985). ئەم دابەشـبوونانە لەنـاو فێمینیزمەکانـدا ئەمـانە دەگـرێتەوە: جیهانی یەکەم بەرامبەر جیهـانی سـێیەم، پەیوەنـدی نێوان ســتەمی جێنــدەری و ســتەمی چینـــایەتی و رەگەزی و نەتەوەیـــی و دیـــاریکردنی بنەمـــا گشـــتییەکانی فێمینیـــزم بەرامـــبەر بنەمـــا سیاســـییە تایبەتەکـــان و ناســـاندنی فێمینیزم و سێکسی هـاوڕەگەزی و خەتەنەکردنی مێینە و لەدایکبـوونو کـۆنترۆڵکردنی دانیشـتوان، جیـاوازی نێـوان بەرپـرس و توێژەرەکـان، هەروەهـا تـا چ رادەیەک دۆزی سیاسـی دۆزی ژنـانە. ئەنجامەکـانی کۆنفرانسـی نـایرۆبی

تێگەیشتنێکی دروست کرد کە فێمینیزم یەک پارچە نییە بەڵکو "شەرعیەت بە دەستەواژەیەکی سیاسی دەدات کە بەرژوەندی و ئارەزوی سەر بە هەر چین و نەتەوە و رەگەز و ئانینێک بن". پێویستە هەمەچەشنی لەفێمینیزمدا هەبێت، کە وەڵامدەرەوەی خواستە جیاوازەکانی ژنان بێت، هەروەها لەلایەن خۆیانەوە بۆ خۆیان پێناسە کرابێت. ئەم هەمەچەشنییە لەسەر بەرهەڵستییەکی گشتی بۆ ستەمی جێندەری و پێکهاتەی هەرەمی بنیاددەنرێت کە تەنها یەکەم هەنگاوە لەباسکردن و کارکردن لەسەر ئەجێندایەکی سیاسی". لەساڵی 1995 چوارەم کۆنفرانس لە پەکین بەسترا. لەم کۆنفرانسەدا (Beijing Platform for Action)واژۆکرا. ئەمە پەیمانی بەدەستهێنانی "یەکسانی جێندەری و بەهێزکردنی ژنان"ی گرتبووە خۆ. گرنگترین ستراتیژ بۆ بەدەسهێنانی ئەمە بە"هێلی گشتی جێندەری" دادەنرا کە لە تێکڕای دادپەروەری و یەکسانی پێکدێت، کە ئەویش هەردوو رەگەزی ژن و پیاو "دەبێ بەئەزمونی بارودۆخی یەکساندا بڕۆن بۆ هەستکردن بەتەواوی مافە مرۆییەکانیان و هەلیان لەبەردەمدابێت بۆ بەشداریکردن و سودمەندبوونیان لەپێشکەوتنی نەتەوەیی، سیاسی، ئابوری، کۆمەلایەتی و کولتووری."

**دوا پێشکەوتن**

لە 2008ـەوە کەسانێکی کەم لەو باوەڕەدان کە ئێمە لە تەوژم چوارەمی فێمینیزمداین.

# مێژووی فێمینیزمی نەتەوەکان

## فەرەنسا

لە سەدەی هەژدەهەمدا، شۆڕشی فەرەنسی سەرنجی خەڵکی بۆ یەکسانی راکێشا، کە بە شێوەیەکی کەمیش ستەمی دژ بە ژنانی گرتەوە. لە ساڵی 1791 راگەیاندنی مافەکانی پیاوان و هاوڵاتیان بووەهۆی ئەوەی کە ئۆلیمپ دی گۆجسی نووسەر هان بدات تاکو (راگەیاندنی مافەکانی هەموو ژنان و هاوڵاتیە مێینەکان بنووسێتەوە، ئەو پرسیاری ئەوەی کرد ئەگەر ژنان بەرپرسیارن بەرامبەر یاسا کەواتە دەبێ بەرپرسیاری یەکسانیان هەبێت بەرامبەر بە یاسا. ئەو باسی هاوسەرگیری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کرد و هێرشی کردەسەر ئەو ژنانەی پشتبەستی جوانی خۆیانن کە شێوەیەکی کۆیلایەتییە.

لەماوەی سەدەی نۆزدەیەمدا فەرەنسای پارێزگارخوازی پاش شۆڕش دۆخەکەی لەبار نەبوو بۆ بیرۆکە فێمینیستییەکان، وەک باسی لێوەدەکرا لە نووسینەکانی دژە شۆڕشدا لەسەر رۆڵی ژنان لەلایەن جۆزێف دی مایستری و ڤیسکۆنت لویس دی بۆناڵدەوە. پێویستبوو پێشکەوتن چاوەڕێی شۆڕشی 24ی شوباتی ساڵی 1848 بکات، هەروەها راگەیاندنی کۆماری دووەم کە مافی دەنگدانی نێرینەی دیاریکرد و هیواخوازیشبوو کە دەستکەوتی هاوشێوە بۆ ژنانیش بێتەکایەوە. هەرچەند چارڵس فۆریەی ریفۆرمیستی کۆمەڵایەتی بەنووسەرێکی فێمینیستی ئەم سەردەمە دادەنرێت بەڵام کاریگەرییەکی کەمی هەبوو.

له فەرەنسـا، لەگەڵ کەوتنـی لـویس فلیپـی پارێزکـار لەسـاڵی 1848، خواسـتە فێمینیسـتییەکان زیادیـانکرد وەک چـۆن لەسـاڵی 1790دا روویـدا، چەنـدین رۆژنـامە و رێکخـراو دەرکەوتـن. یـۆجینی نیبـۆیەت (1800–1883) دەنگـی ژنـان(La Voix des Femmes) ی دامەزراند، ئەوەش وەک یەکەم رۆژنامەی رۆژانە بوو لە فەرەنسا: "گۆڤارێکی سیاسـی و کـۆمەڵایەتییە، نـوێنەری بەرژەوەنـدی هەمـوو ژنانە". نیبۆیەت کەسێکی پرۆتستانت بوو رێبازی سـانت سیمۆنی هەڵبژاردبوو، هەروەها (La Voix) سەرنجی ژنانی تـری سـەر بەو بزوتنەوەیەی راکێشـا، کە جینی دێـرۆن و پۆڵینی رۆلانـدی مامۆسـتای سـەرەتاییان تێدا بـوو. چەنـد هەوڵێکی سـەرنەکەوتوو دران بۆ راکێشـانی جۆرج سـاند. ئەو جۆشوخرۆشە کەمی خایاند، فێمینیزم کە هاوپەیمـانی سۆسـیالیزم بـوو وەک هەڕەشـەیەک تەماشـا دەکـرا, هەروەک لەکاتی شۆڕشی پیشوو لەساڵی 1849 دیـرۆن و رۆلانـد گیـران و زینـدانی کـران. لەگەڵ هـاتنی حکومەتێکی نـوێی کۆنەپەرسـتتر لەسـاڵی 1852، پێویسـتبوو فێمینیـزم هەتا هاتنی کۆماری سێیەمی فەرەنسا چاوەڕێ بکات.

گرووپێـک لەGroupe Francais d'Etudes Feministes ژنـانی رونـاکبیر بـوون لەسـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا کە بەشـێک لە کـانونی باکۆفینیـان وەرگێـڕا بـۆ فەرەنسـی، هەروەها کەمپینیان بۆ چاکسازی یاسای خێزان ئەنجامدا. لەساڵی 1905(L'entente) یان دامەزراند کە بـابەتی لەسـەر مێـژووی ژنـان بڵاودەکـردەوە، هەروەهـا جەختـی لە دەسـتەبەرکردنی خوێنـدنی بـاڵا و دەروازەیەک بەرەو پیشـەی تـایبەت بـۆ ژنـان دەکـردەوە. لە هەمـان کاتـدا

فیمینیستە سۆسیالیستەکان ڕەوتی ژن سالاریی مارکسییان پەیڕەوی کرد، ئەوان خەباتەکەیان وەک سەردەمێکی تازەی یەکسان دادەنا نەک ژن سالارییەکی پێش مێژوو. فیمینیزمی فەرەنسیی کۆتایی سەدەی بیستەم پەیوەستە بە لێکدانەوەی هەمان تیۆریی فیمینیستییەوە، بەگشتی لەگەڵ بیرکردنەوەی لوسی ئیریگاری و جولیا کریستیڤا و هیلین سیکۆوە.

**ئێران**

بزوتنەوەی ژنانی ئێرانی، بزوتنەوەی کۆمەڵایەتیی ژنانی ئێران بۆ مافەکانیان دەگرێتەوە. ماوەیەک پاش شۆڕشی دەستوریی ئێران لەساڵی 1910, بۆ یەکەمجار ئەم بزوتنەوەیە دەرکەوت و لەهەمان ساڵدا یەکەم گۆڤاری ژنان لەلایەن ژنانەوە بڵاوکرایەوە. بزوتنەوەکە تا ساڵی 1933 درێژەیکێشا کە لەو ساڵەدا دوا یەکێتی ژنان لەلایەن حکومەتی ڕەزا شاوە هەڵوەشێنرایەوە. جارێکی تر لەپاش شۆڕشی ساڵی 1979ی ئێرانی بزوتنەوەکە سەریهەڵدایەوە. گرنگترین کەسایەتییە فێمینیستەکان لەم کاتەدا بیبی خانم ئەسترابادی و توبا ئەزمودە و سدیقە دەوڵەتئابادی و موحتەرەم ئەسکەندەری و ڕۆشەنەک نەودۆست و ئەفاق پارسا و فاخر ئۆزما ئەغون و شەهناز ئازاد و نورلهودا مانجینە (1902-؟)، زاندوخت شیرازی و مەریەم ئەمید بوون.

پاش شۆڕشی ئێرانی ساڵی 1979، بارودۆخی ژنان بەخێرایی بەرەوخراپی ڕۆیشت. بەتێپەڕبوونی کات زۆرینەی ئەو مافانەی کە ژنان لەژێر دەسەڵاتی شادا بەدەستیانهێنابوو، بەشێوەیەکی سیستیماتیکی لەڕێگەی

دەسەڵاتی یاسادانانەوە لەناوبران، بێبەشکردنی ژنان لەکارکردن و حیجابکردنی زۆرەملێ هاتەکایەوە.

لەساڵی 1992، شەهلا شیرکەت گۆڤاری زەنان (ژنان)ی دامەزراند کە جەختی لەنیگەرانییەکانی ژنانی ئێرانی دەکردەوە و خۆشی لەقەرەی سیاسەت دەدا، لەرێگای بەشداری کردن لەو بوارە کەمەی چاکسازیی سیاسی و توندوتیژی ناو خێزان و سێکسەوە. ئەوە دیارترین گۆڤاری ژنانی ئێرانییە لەپاش شۆڕشی ئێرانی بڵاوکرایەوە کە بەشێوەیەکی سیستیماتیکی رەخنەی لە یاسا ئیسلامییەکان دەگرت. باس لەوە دەکات کە یەکسانیی جێندەری ئیسلامییە و ئەدەب و وێژەی ئاینی لەلایەن ئەوانەی کە دژی ژنانن بەهەڵە لێکدراوەتەوە. میهرانگیز کار، شەهلا لاهیجی و شەهلا شیرکەتی سەرنووسەری گۆڤاری زەنان بەشداری گفتوگۆیەکیان لەسەر مافەکانی ژنان کرد و داوای چاکسازییان کرد. لە 27ی ئابی 2006 کەمپینێکی نوێی مافی ژنان لە ئێران دەستپێکرد. کەمپینی "یەک ملیۆن ئیمزا" ئامانجی کۆتاییپێهێنانی جیاوازی یاسایی بوو لەدژی ژنان لەیاسا ئێرانییەکاندا لەرێگەی کۆکردنەوەی یەک ملیۆن ئیمزاوە. داکۆکیکارانی ئەم کەمپینە زۆرێک لەچالاکوانانی مافەکانی ژنانی ئێرانی و چالاکوانە نێودەوڵەتییەکان و زۆرێک لەو نووسەرانەی پاداشتی نۆبڵیان وەرگرتووە. دیارترین کەسایەتییە فێمینیستەکانی پاش شۆڕشەکە بریتین لە میهرانگیز کار، عەزام تالەقانی، شەهلا شیرکەت، پەروین ئەردەڵان، نۆشین ئەحمەدی خۆراسانی و شادی سەدر.

**میسر**

لەساڵی 1899 قاسم ئەمین کە بە"باوک"ی فێمینیزمی عەرەبی دادەنرێت، "ئازادبوونی ژنان"ی نووسی کە داوای چاکسازی کۆمەڵایەتی و یاسایی ژنانی دەکرد. لەساڵی 1923 هودا شەعراوی یەکێتیی فێمینیستی میسری دامەزراندو بوو بە سەرۆکی ئەو یەکێتییە و سیمبولی بزوتنەوەی مافی ژنانی عەرەبی. فێمینیزمی عەرەبی پەیوەندی نزیکی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا هەبوو. لەساڵی 1956 جەمال عەبدولناسر وەک بەشێک لە حکومەتەکەی فێمینیزمی حکومەتی دامەزراند کە جیاوازی لەسەر بنەمای جێندەری قەدەغەکرد و مافی دەنگدانی بەژنان دا. سەرباری ئەم چاکسازییانە، فێمینیزمی حکومەت چالاکی سیاسی لەلایەن سەرکردە فێمینیستەکانەوە قەدەغەکرد و کۆتایی بە تەوژمی یەکەمی بزوتنەوەی فێمینیستی لە میسر هێنا. لەماوەی سەرۆکایەتیی ساداتدا، (جیهان سادات)ی هاوسەری بەئاشکرا خۆی بۆ مافەکانی ژنان تەرخانکرد، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵگای سیاسی میسری بەهۆی ئەو بزوتنەوە تازە ئیسلامییە و پەرەسەندنی کۆنزێرڤاتیفیزمەوە دەستیکرد بە دوورەپەرێزی لە یەکسانیی ژنان. لەگەڵ ئەوەشدا نووسەرەکانی وەک ئەلغەزالی باسیان لەوە دەکرد کە یەکسانی تەواوی ژنان بەشێکە لەئیسلام. ئەم بیرۆکەیە بزوتنەوەیەکی فێمینیستی نوێی دروستکرد، ئەویش فێمینیزمی ئیسلامی بوو کە تا ئەمڕۆش چالاکە.

## هندستان

لەگەڵ سەرهەڵدانی فێمینیزم لەسەرانسەری جیهاندا، نەوەیەکی نوێ لەفێمینیستی هندی دەرکەوتن. بەپێی بارودۆخەکان ژنان خۆیانیان بەرەوپێشەوە بردووە و پێشکەوتنیان لەبوارە جۆراوجۆرەکاندا بەدەستهێناوە. بە لەبەرچاوگرتنی مافی منداڵبوون سەربەخۆییان بەدەستهێناوە. فێمینیستە هندییە هاوچەرخەکان بۆ بەدەستهێنان و لەدژی ئەمانە تێدەکۆشن: سەربەخۆی تاک، ماف، ئازادی، سەربەخۆیی، لێبووردەیی، هاوکاریکردن، ناتوندوتیژی و فرەڕەنگی، توندوتیژیی خێزانی، جێندەر، هەڵوێستوەرگرتن، سێکسیزم، جیاکاریکردن، رەگەزپەرستی، بەکاڵانەکردن، ئازادبوون لە باوکسالاری، مافی لەباربردنی منداڵ، مافی منداڵبوون، کۆنترۆڵکردنی لەشی مێینە، مافی جیابوونەوە، یەکسانی موچە، مۆڵەتی دایکایەتی، پێدانی شیری دایک، کاری لەشفرۆشی و خوێندن. میدە پاتکار، مادو کیشوەر و بریندا کارات فێمینیست و سیاسەتمەدار و کارمەندی کۆمەڵایەتین کە بەرگری لەمافی ژنانی پاش سەربەخۆیی هندستان دەکەن. نوسەرانی وەک ئەمریتا پریتام و کوسوم ئەنسال و سەرۆجینی ساهو بەرگری لەبیرۆکە فێمینیستییەکان دەکەن لەزمانە هندییەکاندا. راجیشواری سوندەر رەجان و لیلا کاستوری و شارمیلا ریجی و ڤیدیوت بەگات وتارنووس و رەخنەگری فێمینیستین بەزمانی ئینگلیزی .

## چین

فێمینیزم لە چین لەکۆتایی سەردەمی کینگدا دەستیپێکرد، کاتێک کۆمەڵگای چینی سەرلەنوێ پیاچونەوەیان بۆ بەها کولتوورییەکانی وەک کولتووری کۆنفۆشیۆسیی بەستنەوەی پێی منداڵە مێینەکان و رەگەزپەرستیی جێندەری دەکرد، هەروەها دەستیان بەڕەتکردنەوەی بیرۆکە جێندەرییە ترادیشناڵەکان کرد کە رێگر بوو لە بەرەوپێشچوون بەئاراستەی مۆدێرن. لەماوەی سەد رۆژە چاکسازییەکەی ساڵی 1898، ریفۆرمخوازەکان داوای مافی خوێندن و یەکسانی ژنان و کۆتایهێنان بەکولتووری پێبەستنەوەیان دەکرد. ریفۆرمخوازە مێینەکان یەکەم کۆمەڵەی ژنانی چینیان دامەزراند، کۆمەڵەکە بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری بوو لەنێوان ژنانی چینیدا. پاش لەناوچوونی بنەماڵەی کینگ، ئازادبوونی ژنان (Women's liberation) بوو بە ئامانجی بزوتنەوەی چوارەمی مایس و بزوتنەوەی کولتووری نوێ. دواتر لە شۆڕشی کۆمۆنیستی چینیدا دروشمی ئازادی ژنان بوو بە یەکێک لە ئامانجەکان، بەتایبەتی لەبەرچاوگرتنی بەشداریکردنی ژنان لە هێزی کاردا. پاش شۆڕشەکە و بەرەوپێشچوون لە هێنانی ژنان بۆ ناو هێزی کار، پارتی کۆمۆنیستی چینی رایگەیاند کە بەسەرکەوتوویی ئازادیی ژنانی دەستەبەرکردووە و چیتریش نایەکسانی ژنان وەک کێشەیەک نەدەبینرا.

تەوژمـــی دووەم و ســـێیەمی فیمینیـــزم لە چـــین بە پیـــاچوونەوە بە رۆڵـــی ژنانـــدا دیاریـــدەکرێت لەکـــاتی بـزووتنەوەی ریفۆرمـدا لەسـەرەتای سـەدەی بیسـتەمداو چـــۆنیەتی پەیڕەویکردنـــی فیمینیـــزم لەلایەن بـــزووتنەوە جیاوازەکـــانەوە لە پێنـــاو بەدیهینـــانی ئامانجەکانیـــان. تەوژمەکانی دواتـر و ئێسـتای فیمینیـزم دەپرسـن کە ئایـا یەکسـانیی جێنـدەر بە تەواوی دەسـتەبەرکراوە و گفتوگـۆ لەســـەر کێشـــەکانی ئیســـتای جێنـــدەر وەکـــو جیـــاوازی گەورەی جێندەر لەنێو خەڵکیدا کراوە؟

### ژاپۆن

مێـــژووی فێمینیزمـــی ژاپـــۆنی وەک بزوتنەوەیەکـــی سیاســـی رێکخـــراو دەگەڕێـــتەوە بـــۆ ســـاڵانی ســـەرەتای ســـەدەی بیســـتەم کە لەوکـــاتەدا کـــاتۆ شـــیدزو داوای دابینکردنـــی کـــۆنترۆڵکردنی منـــداڵبوونی وەک بەشـــێک لەبەرنـــامەی پێشـــکەوتووی چاکســـازی کـــرد. شـــیدزو دەسـتیکرد بە خزمەتکـردن لە بەشـی خـۆراکی نەتەوەیـی (National Diet)پاش دۆڕانـی ژاپـۆن لە جەنگـی دووەمـی جیهانیـــدا و بڵاوکـــردنەوەی دەســـتوری ئاشـــتی لەلایەن هێزەکـــانی ویـــلایەتە یەکگرتووەکـــانەوە. کەســـایەتییەکانی تری وەک هەیاشی فومیکۆ و ئاریۆشـی سـاواکۆ نـوێنەری ئایـدیۆلۆژیای بەربـڵاوی سۆسیالیسـتییەکانی فێمینیزمـی ژاپـۆنن کە زیـاتر داوای جێبەجێکردنـی ئامـانجی فـراوان دەکەن وەک لەدەســـتکەوتە تاکەکەســـییەکانی ژنـــانی دەسەڵاتدار .

**نەرویج**

بزوتنەوەی فێمینیزم لە نەرویج رەگوریشەی سیاسی هەیە لە بزووتنەوەی مافی دەنگدانی ژنان. بۆ یەکەم جار پرسەکانی ژنان لەفەزایەکی گشتیدا بەڕوونی لەلایەن کامیلا کۆڵیت (1813–1895) قسەی لەسەرکرا کە بەیەکەم فێمینیستی نەرویجی دادەنرێت. لەبەرئەوەی کە لەخێزانێکی خوێندەوارەوە هاتبوو، رۆمان و چەند وتارێکی نووسی لەسەر هاوسەرگیریی زۆرەملێ و ئەو کێشە و تەنگەژانەی رووبەڕووی ژنانی ئەو سەردەمە دەبوونەوە. هەروەها ئەمالی سکرام (1846–1905) بەنووسینە سروشتییەکانی دەنگیدا بەگۆشەنیگای ژنان.

یەکێتی نەرویجی مافی ژنان لەساڵی 1884 لەلایەن جینا کرۆگ و هاگبەرت بێرنەرەوە دامەزرێنرا. رێکخراوەکە گفتوگۆی لەسەر ئەو پرسانە کرد کە پەیوەندییان بەمافی ژنان بۆ خوێندن و دیاریکردنی باری ئابوری و لەسەرو هەموشیانەوە مافی دەنگدانەوە هەبوو. مافی ژنان بۆ دەنگدان لەلایەن پەرلەمانی نەرویجەوە لەرێکەوتی 11ی حوزەیرانی 1913 بەیاسا سەپێنرا. لەدوای فنلەندا نەرویج دووەم وڵات بوو لە ئەوروپا کە مافی دەنگدانی بۆ ژنان دابینکرد.

**پۆڵەندا**

گەشەکردنی فێمینیزم لە پۆڵەنداو هەرێمە پۆڵەندییەکان بۆ حەوت تەوژمی یەک لەدوای یەک دابەشکراوە .

بیستەکانی سەدەی رابردوودا پۆڵەندا دەرکەوتنی فێمینیزمی رادیکاڵیی بەخۆوەبینی. بەنوێنەرایەتی ئیرینا کرزیویکا و ماریا مۆرۆزویکز سزکزیپکوسکا کە هەوڵی بەدیهێنانی سەربەخۆی ژنانیان لەدەستی پیاوان دەدا. کرزیویکا و تادیوز زیلینسکی برەویان دەدا بە دایکایەتی بەپلان، رۆشنبیریی سێکسی، مافەکانی جیابوونەوە و لەباربردن هەروەها یەکسانی رەگەزەکان. کرزیویکا زنجیرەیەک بابەتی لە ویادۆمۆسی لیتراکی بڵاوکردەوە کە تێیاندا نارەزای لەدژی دەستێوەردانی کەنیسەی کاسۆلیکی رۆمی لەپێکەوە ژیانی پۆڵەندییەکان دەربڕی.

پاش جەنگی جیهانیی دووەم، دەوڵەتی کۆمۆنیستی پۆڵەندی (کە لەساڵی 1948 دامەزرا) سەربەستی ژنانی لەماڵەوە و لەسەر کاریش بەرەوپێشەوەبرد. لەماوەی حوکمی کۆمۆنیستدا (تا ساڵی 1989) فێمینیزم بەگشتی و تەوژمی دووەمی فێمینیزم بەتایبەتی بەشێوەیەکی کردارەکی لەئارادانەبوون. هەرچەندە تێکستە فێمینیستییەکان لە پەنجاکانی سەدەی رابردوو و دواتریشدا بەرهەمدەهێنران، بەڵام هەمیشە لەلایەن ئەو حکومەتە کۆمۆنیستییەوە سانسۆردەکران پاشان بڵاودەکرانەوە. پاش روخانی کۆمۆنیزم، حکومەتی پۆڵەندا لەلایەن پارتە سیاسییە سەربە"کاسۆلیک"ەکانەوە دەستی بەسەردا گیراو لەباربردن بەیاسا قەدەغەکرا. پاشان هەندێ لە کۆمۆنیستەکان ستراتیژێکی جێمشتومڕیان بەکاردەهێنا کە لەبزوتنەوەی "پرۆچۆیس"ی ئەمریکی هەشتاکانەوە هەڵێنجرابوو.

# مێژووی پرسە هەڵبژێردراوە فێمینیستییەکان

## مێژووی تیۆری فێمینیستی

نانسی کۆت هێڵێک لەنێوان فێمینیزمی مۆدێرن و پێشوودا دەکێشێت، بەتایبەتی لەڕووی تێکۆشانەوە بۆ بەدەستهێنانی مافی دەنگدان. لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەو ژنە خاڵێکی وەرچەرخانە لەساڵانی پێش و پاش بەدەستهێنانی مافی دەنگدان لە لایەن ژنانەوە لەساڵی 1920 (1910–1930). نانسی کۆت باس لەوە دەکات کە بزوتنەوەی پێشوی ژنان بەشێوەیەکی گشتی دەربارەی ژن بوو وەک کیانێکی جیهانی.

لەماوەی دوای شەڕەکەدا، سیمۆنی دی بوڤوار بەرهەڵستی خۆی بۆ وێنای "ژن لەماڵەوە" نیشاندا. لەساڵی 1949 دی بوڤوار ڕەهەندێکی بوونگەرایی بۆ فێمینیزم بەبڵاوکردنەوەی) Le Deuxieme Sexe سێکسی دووەم) دەستەبەرکرد. لەکاتێکدا ئەو زیاتر وەک فەیلەسوف و ڕۆماننووسێک, نەک وەک چالاکوانێک واژووی بانگەوازی یەکێک لە بزوتنەوەکانی مافی ئازادی ژنانی کرد. سەرهەڵدانی چالاکی فێمینیستی لەکۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردوودا شانبەشانی دەرکەوتنی ئەو ئەدەبییاتە هات کە وەک دۆزە پەیوەندیدارەکانی مێینە دادەنرا لەنمونەی چالاکوانانی زەوی و ڕۆحانییەت و ژینگە. ئەم وەرچەرخانە بارودۆخێکی دروست کرد کە

ڕێخۆشـــکەربوو بـــۆ تـــوێژینەوە و گفتوگـــۆ لەســـەر ســـێنتراڵیبوونی هاوســـەرگیری، وەک ڕەتکردنەوەیەکـــی فەلسـەفەی حەتمـی وەکـو ئەدریـان ڕیـچ و مـارلین فـرین، لەکاتێکدا بۆ فیمینیستە سۆسیالیستەکان وەکو ئیڤیلین ڕید باوکسالاری سامانهەڵگری سەرمایەدارییە.

ئیلیـــانی شـــواڵتەر وەســـفی گەشـــەکردنی تیـــۆریی فێمینیستی بەوەدەکات کە چەند قۆناغێکی هەبێت. قۆنـاغی یەکەم بە "ڕەخـــنەی فێمینیســـتی" ناودەبـــات، کە تێیـــدا خـــوێنەری فێمینیســـت ئایـــدیۆلۆژیای پشـــت دیـــاردە ئەدەبییەکـــان تاقیـــدەکاتەوە. شـــواڵتەر دووەم قۆنـــاغ بە"ڕەخـنەی ژنـانە" ناودەبـات کە تێیـدا ژن بەرهەمهێـنەری مانـــای تێکســـتییە، لەناویشـــیدا ســـایکۆداینامیکی (psychodynamics)داهێنـانی مێیـنە، زمـانەوانی و کێشـەی زمـانی مێیـنە هەبـوو، ئاڕاسـتەی کەسـایەتی یـان پیشـەی ئەدەبـی ژنـــان و میـــژووی ئەدەب. دوایەمـــین قۆنـــاخ بە تیـــــۆریی جێنـــــدەر ناودەبـــــات، کە نووســـــراوە ئایدیۆلۆژییەکان و کاریگەری ئەدەبی سێکس- سیستەمی جێنـدەر دەپشـکنرێ. ئەم مـۆدێلە لەلایەن ترۆیـل مـۆیەوە ڕەخنەی لێگیراوە کە وەکو مۆدیلی فەلسـەفەی جەوهەری یـان فەلسـەفەی حەتمـی بـۆ بـابەتی مێینە تەماشـا دەکـات. هەروەهـا ڕەخـنەی لـێ دەگرێـت چـونکە گرنگـی بە بـاری ژنان نەداوە لە دەرەوەی ڕۆژئاوادا.

## سۆسیۆلۆژیای مشتومڕە خێزانییەکان

ئان تەیلەر ئاڵین باس لەکەلێنێکی دیار دەکات لەنێوان ڕەشبینی نێرینەو نیگەرانیی روناکبیرانی وەک تۆنیس‌و وێبەرو سیمێلا لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، بەبەراورد بە گەشبینیی هاوتا مێینەکانیان کە بەشدارییان بەتەواویی لەلایەن مێژوونوسە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمەوە پشتگوێخراوە. فێمینیستەکان باش ئاگاداری "قەفەسی ئاسن"ی ڤێبەر بوون، تەنها ئەوە بوو کە وەک خاڵی دەسپێک دەیانبینی نەک وەک خاڵی کۆتای.

لەکۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، کۆمەڵناسیی خێزان یەکێکبوو لەکێشە دیارەکانی تیۆریستە فێمینیستەکان کە بەشێوەیەکی ناڕاست قبوڵکردنی راستیی مێژووی دایکسالارییان دەردەبڕی، لەکاتێکدا بەرژەوەندییان زیاتر لە سیمبولیزمێکی بەهێزدا بوو لە لێکدانەوەی ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانەی رووبەڕوویان دەبوونەوە. ئەوان باکۆفین و رەتکردنەوەی باوکسالاریان بەکارهێنا بۆ باسکردنی ریفۆرمی یاسایی خێزان و نەریتی سێکسی. فێمینیستەکان بەگومان بوون سەبارەت بەبێلایەنی ئەوانەی کە دەربارەی کولتوور دەیاننوسی .

لە بازنە ئەکادیمییە ئینگلیزییەکاندا، ململانێی باوکسالاری رێگای بۆ چەندین جۆر زەبروزەنگ خۆشکرد. زۆرێک لە تیۆریستە فێمینیستەکان بیرۆکەی

دایکسالارییان هێنایەکایەوە. ئەمەش بریتین لە چارلۆتی پێرکینز جیلمانی ئەمریکی و فرانسیس سوینی بەریتانی، جیلمان برەویدا بەبیرۆکەی دایکسالاری وەک داهێنانێکی خەیاڵی، روونیکردەوە کە چۆن رۆڵی پوچی نێرینە لە خستنەوەی نەوەدا بەرپرسیار بوو لە "وەستاندنی گەشەکردنی نیوەی جیهان" و دەریشیدەخات کە چۆن ژیری و هەستیاری دەتوانن پێکەوە بەشێوەی هارمۆنی لە رۆمانە یوتۆپیاکەیدا کە ناوی هێرلاندە ئامادەییان هەبێت.

**دەروونشیکاریی فێمینیزم**

تیۆری دەرونشیکاری لەمیانەی مشتومڕ لەسەر پەیوەندی کۆمەڵایەتی، هەروەها پەیوەندی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە جێندەرییەکان لە کرۆکی نووسینە تیۆرییەکانەوە سەریهەڵدا، هەروەها وەک یەکێک لە پێکهاتەکانی فێمینیزم باسی لێوەکراوە. دەتوانرێت بنەچەکەی لەڕۆمانتیک و بەتایبەتیش لە نووسینەکەی باکۆفین بدۆزرێتەوە. ململانێی نێوان باوکسالاری و دایکسالاری دەگەرێتەوە بۆ رەگی کارەکەی سیگموند فرۆید، هەروەها ئەو لێکترازانەی کە لەنێوان فرۆید و کارلا یۆنگدا دروستبوو .

تیۆرەکانی فرۆید بەدەوری سێگۆشەی گرێی ئۆدیبدا دەخولێتەوە، کە پەیوەندیی باوککوژی نێوان کوڕ و باوک و حەزی سێکسی بۆ دایک وەک مۆدێلێک بۆ

گەشەکردنی کەسایەتی هەر تاکێک دەخاتەڕوو. پەیوەندی نێوان فرۆید و یۆنگ ململانێی چەمکەکانی باوکسالاری جیهانیی فرۆید و ویستی ئازادبوون و گەڕانەوە بۆ دایکسالاری یۆنگ ئاشکرادەکات.

فرۆید حەزی لە ڕادیکالیزمی سێکسی فێمینیستی نەبوو، بەڵام ئەم وتەیە لە نوسینەکانیدا دەنگیدەدایەوە "نابێت مافی دایک لەگەڵ حکومڕانی ژندا تێکەڵ بکرێت". بیرۆکەی ئارەزووی ئۆدیبی لە تەوتەم و تابۆدا Totem und Tabu (1913) زۆر بەباشی پیشانداوە. فرۆید تێڕامانە ئەنترۆپۆلۆجییەکەی لەسەربنەمای کارەکەی ئەتکینسن دامەزراند کە ئەویش کاریگەری داروینی لەسەربوو. فرۆید بەردوەوامبوو لە تێکەڵکردنی ئەفسانەی یۆنانی لەگەڵ زانستی ئاژەڵی داروینی ڕان و پیاوی فرەژنی زاڵا، کە لەلایەن بێچووە نێرەکەیەوە ململانێی لەگەڵدا دەکرد، ئەنترۆپۆلۆجیستەکان ئەو بۆچوونەیان ڕەتکردەوە کە لە کولتووری سەدەی بیستەمدا بوو بەبیرۆکەیەکی کاریگەر. لەشیکردنەوەی فرۆیدیدا، ئێستا جیهانی باکۆفین وەک چیرۆکی پەرەسەندنی دەرونیی تاک دەبینرێت، گۆڕینێکی سەرووی توانای مرۆیی پەرەسەندنی مرۆڤ ئۆنتۆجینی (ontogeny) بەرامبەر پەیدابوونی مرۆڤ فیلۆجینی (phylogeny).

# ژنان لە هێزی کاردا

**ئامادەکردن و وەرگێڕانی: ئایدیا**

هەتـا سـەردەمە پیشەسـازییە مۆدێرنەکـان، کـرداره کولتـووری و یاسـاییەکان لەگەڵ ئاسـتەنگی ئـایینی و دابونەریتە پەروەردەییەکان بوار و بەشداریکردنی ژنـانی لە هێزی کـاردا سنوردار کردبوو. پشتبەستنی بە پیـاوان لەڕووی ئابورییەوە و سەرئەنجام لاوازیی باری ئابوری-کـۆمەڵایەتی بەشـدارییانی بۆنـاو هێـزی کـار سـنوردار کردبـوو. بەتـایبەتی کە پیشـەکان تایبەتمەنـدتر بـوون لە سـەدەکانی نـۆزدەیەم و بیسـتەمدا، نەگەیشـتنی ژنـان بە خوێندنی باڵا بەتوندی ڕێگربوو لە بەدەستهێنانی موچەی باش و کاره ئاستبەرزەکان. چوونەژوورەوەی ژنان بۆناو پسپۆرییە بەرزەکانی وەک یاسا و پزیشکیی لەزۆر وڵاتان دواخـرا, ئەمەش بەهـۆی ڕێـگەنەدان بە ژنـان لە چـوونە زانکـۆ و بڕوانـامەی بەرز بەدەسـت هێنـان. بـۆ نمـونە، زانکـۆی کـامبریج لەکۆتـایی سـاڵی 1947دا بەتەواوی قـایلبوو بـۆئەوەی بڕوانـامە بە ژنـان ببەخشـێت، ئەویـش دوای بەرهەڵسـتی و مشـتومڕێکی زۆر. ئەم جـۆره فـاکتەرانە بەگشـتی ژنـانی حەشـاردا لە مـوچەی نـزم و کـار و پیشـەی ئاست نزم بۆ مـاوەیەکی درێژی سـەدەی نـۆزدەیەم و بیسـتەم. هەرچەنـدە بەدرێژایـی سـەدەی بیسـتەم، بیـرۆکەی گشـتی سـەبارەت بە کرێکـاری گـۆڕا، کاتێک هێزی کـار بەزۆری ڕووی کرده کـاری نووسـینگە، کە هێـزی جەسـتەیی پێویسـت نییە و ژنـانیش خوێنـدنی بەرزتریـان بەدەسـتهێنا کە ئەنجـامەکەی کرێـی بـاش و کـاری درێژخـایەن بـوو بەرامـبەر کـاری نـزم و مـاوه کورتتر .

بەربەستەکان لەسەر ڕێگای ژنان لە بەشداریکردن لەهێزی کاردا جیاوازی موچە و بنمیچی شوشە (دەستەواژەیەکە بەکار دێت بۆ نیشاندانی ئەوەی کە ژنان لە دەزگا و ڕێکخراوەکاندا پۆستی بەرزتر بە دەست ناهێنن)، نایەکسانییەکان کە زیاتر لە وڵاتە پیشەسازییەکان پێناسەکراون، کە یاسای هەلی یەکسانی ئاسایيان تێدا پیادەکراوە. سنوردارییە کولتووری و یاساییەکان لەسەر ڕێگای خوێندن و کار، نایەکسانییەکان زیاتر وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان دەگرێتەوە، هەروەها نایەکسانی لە گەیشتن بە سەرمایە، ئەمانە هەموو ئاستەنگی جۆراوجۆرن بەڵام دەستنیشانکراون لەهەردوو وڵاتانی پیشەسازی و تازەپێگەیشتوودا.

هەرچەندە ڕێگای گەیشتن بە هێزی کار لەزۆرێک لە پیشە و شوێنەکانی جیهاندا نایەکسان بووە و بە نایەکسانیش دەمێنێتەوە، هەندێک جار زانایان جیاوازی دەکەن لەنێوان "کار" و "پێدانی کار"دا، شیکارییەکەیان دیدێکی فراوانتر دەگرێتەوە بۆ کار وەک کرێنەدان بە منداڵ بەخێوکردن، بەڕێوەبردنی پیر، کاری جوتیاری بۆ بژێوی خێزان.

**بوارەکانی لێکۆڵینەوە**

دابەشبوونی کار بەپێی جێندەر، بە تایبەتی لە لێکۆڵینەوەکانی ژنان (بەتایبەتی مێژووی ژنان)، بە فراوانییش لە لێکۆڵینەوە جێندەرییەکاندا. لێکۆڵینەوە پیشەییەکان، وەک مێژووی پزیشکی یان لێکۆڵینەوەکانی

پرۆفێشـــناڵکردن  لەکێشـــەکانی جێنـــدەرو رۆڵەکـــانی ژن لەمێژووی بوارە تایبەتەکاندا دەکۆڵیتەوە.

زۆر جـــار یاســـای مافەکـــانی شارســـتانی مـــۆدێرن بەدواداچـوونی کـردووە بـۆ سـنوورداریيە جێنـدەرییەکانی بـواری کـارکردن و جیاکـاریی جێنـدەری لە بوارێکـدا و بێزارکردنی جێندەری لە هەندێ شوێنی تایبەتی کارکردن. بەشی سەرەکی ئەم یاسایە بە یاسای جیاکاریی کارکردن ناودەبرێـــت، هەروەهـــا جیـــاوازی جێنـــدەری و رەگەزی فراوانتـرین بەشـە لاوەکییەکـانن لە بـوارەکەدا. یاسـاکان ئامانجیان رێگەگرتن بوو لە جیاوازیکردن لەدژی ژنـان کە لەوڵاتـانێکی زۆر تێپەڕێنـراودا، بـۆ نمـونە کرداری یاسـای جیاکاریی دووگیانی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان.

**مێژوو دۆخی ئەم سەردەمەی ژنان لە هێزی کاردا**

ســـەرژمێری ســـاڵی 1870ی ویـــلایەتە یەکگرتووەکـــان یەکەم ســـەرژمێریی ویـــلایەتە یەکگرتوەکـــان بـــوو بـــۆ ژمـاردنی "ئەو ژنـانەی کە سـەرقاڵی کـارو پیشـە بـوون" و چاوپێداخشـندنێکی خێـرا بەمێـژووی ژنانـدا دەردەخـات. ئەوەش دەخـاتەڕوو کە، بەپێچەوانەی بـاوەڕی گشـتییەوە، ژنانی ئەمریکی سەردەمی ڤیکتۆریا یان بێکار بوون لەماڵە چین ناوەندەکانیاندا یان لە کارگە چەوسێنەرەکان کاریـان دەکـرد. ژنـان 15%ی سـەرجەمی هێـزی کـار بـوون (1.8 ملیـۆن لە 12.5)، یەک لەسـەر سـێی کرێکـارانی کارگەیـان پێکـدەهێنا، بەڵام وانەوتـنەوە و پیشــەکانی رسـتنوچنین و بەرگدورین رۆڵێکی فراوانتریان هەبوو. دوو لەسـەر سـێی مامۆســـــتایان ژن بـــــوون. ژنـــــان لەشـــــوێنە

چاوەڕواننەکراوەکانـدا دەبینـران وەک کـارگەی ئاســن و ئاســنگەری (495)، کــانە خەلوزەکــان (46)، کارگەکــانی داربڕینەوە (35)، بیرە نەوتەکان و کانە کانزاییەکان (40)، کارەکـانی گـاز (4)، خەڵـوز دروسـتکردن (5) هەروەهـا لە پیشـــەی سەرســـوڕهێنەری وەک کەشـــتیوانی کەشـــتی چـارۆکەدار (16)، کـارکردن بەگالیسـکەی ئەسـپ (196)، کرێکــاری (185)، کــانزاگەر/ کــارکەر (102)، کــارکردن بەتـــۆڕنە (84)، ئاژەڵــدار (45)، چەک و کلیلســـاز (33)، راوچی (2).

لەسـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا ژنـان وەک پـارێزەری رەوشــتبەرزی تەماشــاکراون، ئەوان لە پیــاوان ناســکتر تەماشــادەکران و پێشــبینیدەکرا ئەو ڕۆڵە ببیــنن، رۆڵــی ئەوان وەک کرێکـــار یـــان پارەپەیـــداکەر نەدەبینـــرا. وا چاوارڕواندەکرا کە ژنـان بەپـاکی خۆیـان بمێننەوە تـاوەکو پیـاوێکی ڕێکوپێک لێیـان دێـتە پێشـەوە بۆئەوەی بتـوانن خێزانێـــک پێکەوەبنـــێن و ئەو نەریـــتە بلێـــنەوە کە بەرپرسیاری پاراستنین. بەڵام بەهـاتنی سـەدەی بیسـتەم، شـەڕی نـاوخۆ ئەمریکـای گۆڕی, کە لەوکـاتەدا سـەرقاڵی خوێنـدەوارکردن و رۆشـنبیرکردنی زیـاتری ژنـانی بـوو. بەهاتنی ساڵی 1900، چوار لە پێنجی کۆلیژەکان قایلبوون بە وەرگرتنی ژنان و چەمکی تێکەڵی گشتی زیاتر و زیاتر پەسـەندکرا. لە ویـلایەتە یەکگرتووەکـان، جەنگـی جیهـانی یەکەم بوو کە بۆشاییەکی بۆ ژنان لەهێزی کاردا بەدیهێنا لەنێـوان کـاریگەرییە کـۆمەڵایەتی و ئابوورییەکـانی تـردا. بەهــۆی بەرزبــوونەوەی داواکــاری بــۆ بەرهەمەکــان لە ئەوروپاوە لەمیانەی ئەو شـەڕە سـەختەدا، ژنـان خۆیانیـان

لەکــارکردن لەدەرەوەی مــاڵەوەدا بینــیەوە. لە چــارەکی یەکەمی ئەو سەدەیەدا، بەزۆری ژنان لە کارگەکاندا کاری ئاساییان هەبوو یان وەک کارگوزار کاریان دەکرد، هەرکە شــەڕەکە کۆتایهــات، توانییــان لەم چەشــنە کــارانەدا جێــی خۆیان بکەنەوە: فرۆشیاریی لەبەشی کۆگا و نووسەری و ســکرتێری و ئەوانــی تــر، کە پێــی دەگــوترا "کــارە ئاســت نزمەکــان". لەتەمــوزی ســاڵی 1920، ڕۆژنــامەی نیویــۆرک تایمز بە سەردێڕێک نووسی: "ژنی ئەمریکا... تەنورەکانیان بــۆ ئەودیــوی هەر ســنورێکی مــۆدە بەرزکــردەوە" کە مەبەســت تەنهــا مۆدێــل نەبــوو، لەو کــاتەدا ژنــان قۆڵیــان لێهەڵماڵی و ڕێگای خۆیانیان بەرەو هێزی کار دەگرتەبەر.

جەنگــی جیهــانی دووەم ڕێــگەی بــۆ ملیۆنەهــا کــار بــۆ ژنـــان خۆشـــکرد. لەڕاســـتیدا هەزاران ژن پەیوەنـــدییان بەســوپاوە کــرد: 140 هەزار لە دەســتەی ســوپای ژنــان (ویــلایەتە یەکگرتوەکــان) ناســراو بەWAC ، 100هەزار لەهێــزی دەریــایی، 23 هەزار لەهێــزی مــارینز، 14 هەزار لەدەســـتەی پەرســـتاری دەریـــایی هەروەهـــا 13 هەزار لەگــاردی کەناردەریــا. هەرچەنــدە هــیچ لەوانە ڕووبەڕووی شـــەڕ نەبـــوونەوە، بەڵام جــێگەی پیاوانیـــان لە شـــوێن و پۆســتە دوور لەشــەڕەکاندا گرتەوە و هەمــان مــوچەی ئەو پیاوانەیـــان وەردەگــرت کە لەســـەر هەمـــان پیشـــە و کـــار بـــوون. لەهەمـــان کاتـــدا زیـــاتر لە 16 ملیـــۆن پیـــاو بـــۆ پەیوەنــدیکردن بەشــەڕەکەوە لە ئەوروپــا و شــوێنانی تــر کارەکانیـــان بەجێهێشـــت، ئەمە بووبەهـــۆی دروســـتبوونی هەلــی کــار و شــوێنی زیــاتر بــۆ ئەوەی ژنــان جێــی خۆیــان بکەنەوە لە هێزی کاردا.

**شۆڕشی بێدەنگ**

لەکۆتای سەدەی نۆزدەیەمدا، زیادبوونی ژنان لەهێزی کاردا گوڕوتینێکی باشی بەدەستهێنا. لەوکاتەدا ژنان زوو هاوسەرگیریان دەکرد و بە هاوسەرگیرییەکانیان دەناسێنران. ئەگەر بشچوونایەتە هێزی کارەوە ئەوە گرنگیەکی ئەوتۆی نەبوو.

یەکەم قۆناغ سالانی نێوان کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سییەکانی سەدەی بیستەم دەگرێتەخۆ. ئەم سەردەمە "کرێکاری مێینەی سەربەخۆ"ی هێنایە کایەوە. لەسالانی 1890–1930، ژنان لەهێزی کاردا بەشێوەیەکی دیار لاو و بێ شوو بوون. کەمێک یان هیچ زانیارییەکیان لەسەر کار و پیشە نەبوو، لە پۆستەکانی فێرکاری و پەیوەندیدار بەنوسینگەوە کاریاندەکرد. هەروەها زۆرینەی ژنان ڕستن و چنینیان کاری خێزانییان دەکرد. کاتێک ژنان شوویان دەکرد، هێزی کاریان بەجێدەهێشت، مەگەر پێویستییان بە دوو داهات هەبووایە. لەدەوروبەری کۆتایی بیستەکانی سەدەی بیستدا، هەر کە دەچینە ناو قۆناغی دووەمەوە، وازهێنانی ژنە بەشووەکان کەمتر و کەمتر دەبێتەوە. بەرهەمداریی هێزی کار بۆ ژنانی بەشووی تەمەنی 35–44 سالان بەڕێژەی 15,5 خال لە 10% بۆ 25% زیاددەکات. خواستێکی زیاتر بۆ پۆستی نوسینگە هەبوو, هاوکات ژمارەی ئەو ژنانەی کە قۆناغی ئامادەییان بڕیبوو زیادیکرد و کاری جێگیرتر و بەڕێزانەتریان بەدەستهێنا. ئەم قۆناغە بەدروستی وەک سەردەمی گواستنەوە ناوزەندکراوە وەک ئاماژەیەک بۆ

ماوەی نێوان سالانی 1930-1950. لەمکاتەدا جیاکاری دەستەی پاریزەرانی هاوسەرگیری، کە ژنانیان ناچاردەکرد لەپاش هاوسەرگیری لە هێزی کار بێنەدەرەوە هەلوەشێندرایەوە، رێگەدرا بە بەشداریکردنی ژنانی زیاتری بەشوو لەگەل بێ شوو. بەشداریی ژنانیش لە هێزی کاردا زیادیکرد چونکە داخوازی زیاتر هەبوو بۆ کارکەرانی ئۆفیس و ژنان بەشداریان لە بزوتنەوەی خوێندنی ئامادەییدا کرد. هەرچەندە هێشتا کاری ژنان پەیوەست بوو بەداهاتی مێردەکانیانەوە. ژنان بەشێوەیەکی ئاسایی کاریان نەدەکرد بۆ دەستەبەرکردنی پێویستیی خۆیان بۆ ناساندنی بەهای کار و کۆمەلایەتییان، ئەوان لەناچاریدا کاریان دەکرد.

لەقۆناغی سێیەمدا، بە "رەگەکانی شۆڕش" ناودەبرا کە دەکەوێتە ماوەی نێوان سالی 1950 تا ناوەڕاستی کۆتایی حەفتاکان، بزوتنەوەکە نزیکبووەوە لە نیشانەی هۆشداریکردن بۆ دەستپێکردنی شۆڕشێک. شتە چاوەڕوانکراوەکانی ژنان سەبارەت بەکارو پیشە گۆڕانی بەسەرداهات. ژنان خۆیانیان لە کۆلێژ و کارکردن و شووکردن و تەنانەت لە بەدەستهێنانی بڕوانامەی خوێندنی بەرزدا بینییەوە. هێشتا زۆرێک بەشداریی کەم و پچڕپچڕیان لە هێزی کاردا هەبوو، بەبێ بوونی پێشبینی پێویست بۆ "پیشەیەک". بۆ زیاتر روونکردنەوە، زۆرینەی ژنان سودمەندی لاوەکی و پلە دوو بوون کە لە "پیشە ژنانەکان"ی وەک سکرتێریی و مامۆستایی و سستەریی و بەرپرسی کتێبخانە کاریان دەکرد. هەرچەند ژنانێکی زیاتر

چوونە کۆلێژ، بەڵام زۆرجار واچاوەڕواندەکرا کە گرنگی بەدۆزینەوەی هاوسەرێک دەدەن کە پێی دەگوترا بڕوانامەی هاوسەرێتی ."M.R.S. degree" لەگەڵ ئەوەشدا بەشداریکردنی هێزی کار لەلایەن ژنەوە هێشتا بەباشی گەشەی کرد.

قۆناغی چوارەم، بە شۆڕشە هێمنەکە ناسراوە، لەکۆتایی حەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە دەستیپێکرد و تا ئەمڕۆش بەردەوامە. سەرەتا لەحەفتاکاندا ژنان بەلێشا و روویان لە کۆلێژ و خوێندنی باڵا کرد. دەستیشیان بە چوونەناو بوارە پرۆفێشناڵەکانەوە وەک پزیشکی و یاسا و دان و کار و بازرگانی کرد. ژنانی زیاتر پەیوەندییان بە کۆلێژەوە دەکرد و چاوەڕوانی دامەزران بوون لە تەمەنی 35 ساڵیدا، بەپێچەوانەی نەوەکانی رابردووەوە کە بەهۆی هاوسەرگیری و منداڵبوونەوە تەنها بەشێوەیەکی پچڕپچڕ کاریاندەکرد. ئەم زیادکردنە لە چاوەڕوانییەکانی کاری سوودبەخشی ماوەدرێژ رەنگدانەوەی لە گۆڕانی تایبەتمەندییەکاندا هەیە کە لەلایەن ژنانەوە لەحەفتاکانەوە بەردەوام بەکارهێنراوە. رێژەی زیادکردنی ژنان لەبواری پەروەردە و خوێندندا لەسەرەتای حەفتاکاندا بەرەو کەمبوونەوە چوو، پێشتر پەروەردە بوارێکی ناسراو بوو بۆ ژنان، چونکە رێگەی دەدان بێنە ناو کار یان بەجێیبهێڵن لەکاتی منداڵبووندا و کاتێکیش منداڵەکان دەگەیشتنە تەمەنێکی ئەوتۆ کە تیایدا پێویستیان بەدایکیان نەبێ وەک چاودێر و دایەن بەشێوەی سەرەتایی خزمەتیان بکات. لەجێگای ئەوە،

لەحەفتاکانـــدا پیشـــەکانی وەک بـــزنس و بەڕێـــوەبردن لەبەرزبـــوونەوەدا بـــوون، لەوکـــاتەی کە ژنـــان بەرەو بوارەکانی تر هەنگاویان دەنا کە پێشتر لەلایەن پیاوانەوە قۆرخکرابوون. ئەزمونیان هەبوو لەفراوانکردنی ویست و خواســـتەکانیان و گـــۆڕینی ئەوەی کە بـــۆ ناســـاندنی ناسنامەی خۆیان مەبەستیان بوو. ژنان پێش ئەوەی شوو بـکەن کاریانـدەکرد، هەروەهـا لەوکـاتەوەی کە بەلاوێتـی شـوویان دەکـرد، لەتوانایانـدا هەبـوو خۆیـان بەشـێوەیەکی باشتر بناسێنن پێش ئەوەی پەیوەندی ژن و مێردانە پێک بێنن.

هۆکارەکـان بـۆ ئەم هەنگـاوە گەورەیە لەحەفتاکانـدا لەلایەن هەندێک زانـاوە گەڕێنراوەتەوە بۆ بڵاوبوونەوەی حەبـــی ڕێگریـــی لەمنـــداڵبوون. لەکاتێکـــدا "ئەم حەبە" لەشەستەکاندا لەڕووی پزیشکییەوە هەبوون، یاسا ڕێگری لەم شـتە دەکـرد. لەحەفتاکانـدا، تەمەنـی زۆرینـە لە 21ەوە بۆ 18 لە ویـلایەتە یەکگرتوەکـان دابەزیبوو، بەشـێوەیەکی فـراوان وەک ئەنجـامێکی شـەڕی ڤێتنـام، هەروەهـا ئەمە کـــاریگەری لەســـەر مـــافی ژنـــان هەبـــوو لە بڕیـــارە پزیشـکییەکانیان. لەوەتەی دواخسـتنی دووگیـانی لەڕووی کـۆمەڵایەتییەوە پەسـەندکراوە، تەنـانەت لەکاتێکـدا ژنـان ئاسودەیی بیرکردنەوەیان سەبارەت بەشتەکانی تری وەک پەروەردە و کـار هەبـوو, بەهـۆی بەکارەبـایکردنی کـاری ژنـان لەمـاڵەوە کـاتی زیـاتری پێـدان بـۆ خوێنـدن یـان کارکردن. بەهۆی کاریگەرییە زۆرەکەیەوە، ئەگەر هەندێک لەژنـان دەسـتیان بەو حەبـانە یـان بەکارەبـاییکردن نە

گەیشتووە، ئەوا زۆرینەیان هاوشێوەی نمونەی ژنانی تر بوون بەچوونەناو هێزی کار بەهۆی ئەو هۆکارانەوە. شۆڕشە هێمنانەکە بەو شێوە ناودەبرا چونکە ئەوە شۆڕشێکی یەکسەری نەبوو، زیاتر بەشێوەیەکی هێمنانە روویدا و بەردەوامیش بوو.

**ژنان لە بڕیاردانیدا**

بڕیاردەرە مێینەکان لەسەرانسەری ئەوروپادا لە چەند تۆڕێکی فراوانی ئەوروپی و نەتەوەییدا رێکخراون. تۆڕەکان مەبەستیان بەرزکردنەوەی ژنانە لەپۆستەکانی بڕیاردانیدا لەبواری سیاسی و ئابوریدا لەسەرانسەری ئەوروپادا. ئەم تۆڕانە لەسالانی هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا دامەزرێندران زۆرجاریش جیاوازن لە "یانە خزمەتگوزارییەکان" کە لەسەرەتاکانی ئەو سەدەیەدا دامەزران، وەک سۆرپتیمیست و زۆنتاس.

"ژنان لە بەڕێوەبردندا" سەبارەت بەو ژنانەیە کە لەبازرگانیدا کاردەکەن کە ئەویش ناوەندێکی قۆرخکراوە لەلایەن پیاوانەوە. هاندان و بیرۆکە و توانا و شێوازەکانی سەرکردایەتییان بۆ چوونەناو پۆستە سەرکردایەتییەکانەوە بابەت و ویستی زۆرینەی تۆڕە جیاوازەکانە.

لەساڵی 2009دا ژنان رێژەی 20.9%ی پەرلەمانی ئەوروپا و 18.4% پەرلەمانی جیهانیان پێکدەهێنا.

له 2009، 90 ژن له کۆنگرێسی ویلایەتە یەکگرتوەکان کاریاندەکرد: 18 ژن وەک سیناتۆر و 73 ژن له ئەنجوومەنی نوێنەران کاریاندکرد.

لەکەرتی تایبەتدا، هێشتا پیاوان 9 له 10ی ئەندمانی ئەنجومەنی کۆمپانیاکانی بلوچیپی ئەوروپی پێکدەهێنا، جیاوازییەکە لەئاستێکی زۆر بالآدایە: تەنها 3%ی ئەم کۆمپانیایانە ژن سەرکردەیی دەستەی بالآی بڕیاردانی دەکرد.

*لیستی تۆڕی ژنانی بڕیاردەری ئەوروپی لەبواری سیاسی و ئابوریدا:*

| |
|---|
| دەستەی ژنە نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی دەسەڵاتە ناوخۆیی و هەرێمییەکان (ئەنجومەنی هەرێم و شارەوانییە ئەوروپییەکان) |
| ژنانی پرۆفێشناڵ و بازرگان—ئەوروپا، PBW Europe. |
| پەیوەندی رێکخراوەکانی ژنە بازرگانەکانی دەریای ناوەڕاست |
| تۆڕی ژنانی ژوورەکانی بازرگانی ئەوروپا. |
| دەستەی زانایانی ژنانی ئەوروپی. |
| تۆڕی دەستە پەرلەمانییەکان بۆ هەلی یەکسانی ژنان و پیاوان له یەکێتی ئەوروپا. |
| تۆڕی ئەوروپی بۆ بەرزکردنەوەی دامەزراندنی کۆمپانیا لەلایەن ژنانەوە |
| لۆبی ژنانی ئەوروپی |
| ئەنجومەنی پارێزەرانی ژنانی ئەوروپی |
| تۆڕی CEE بۆ پرسە جێندەرییەکان |

| |
|---|
| تۆڕی ژنە نوێگەر و داهێنەرە ئەوروپییەکان |
| تـــۆڕی بەشـــی بەرێـــوەبەرایەتی و پێشخســـتنی نێودەوڵەتی ژنانی ئەوروپی EWMD |
| فیمانێت–کادرە ئەوروپییەکان. |
| تۆڕی ژنە پرۆفێشناڵە ئەوروپییەکان EPWN |
| یانەی ژنان بۆ ئابوری و کۆمەڵایەتی. |

کۆمیسیۆنی یەکێتی ئەوروپی ڕێخۆشکەربوو بۆ ئەم هەموو تۆڕانە. هەروەها هاوکاری ماددی پرۆگرامی ژنانی بەرەو لوتکە کرد لە 2003-2005 بۆ هێنانی ژنی زیاتر بەئاراستەی بەڕێوەبردنی باڵا.

هەندێک ڕێکخراو دامەزرێندران بۆ هاندانی بوونی ژنان لەبەرپرسیارێتییە باڵاکانی سیاسەت و بازرگانی . EWMDبەرەوپێش چوونی کارگێڕی ژنانی ئەوروپی (کە لەسەرەوە باسکراوە) نموونەیەکە بۆ ئەوە، تۆڕێکی نێودەوڵەتی و ئەوروپییە کە ئەندامەکانی تاکەکەس و کۆمپانیاکان دەگرێتە خۆ کە لە ڕێکخراوە پرۆفێشناڵەکان پێکهاتووە. ئەندامەکان لەهەموو بوارەکانی بازرگانی و پەروەردەو سیاسەت و کولتوورن.

ئەو ژنانەی کە لەچینی باڵا لەدایکبوون هەلی باشتریان هەیە لە چینەکانی ناوەند و خواروو لە بەدەستهێنانی پۆستەباڵاکانی دەسەلات لەهێزی کاردا، ئەگەر بیانەوێت ئەو بوارە هەڵبژێرن.

**بەربەستەکان بۆ بەشداریکردنی یەکسان**

لە کاتێکدا ڕێسا جێندەرییەکان لەگەڵ دامەزراندنی کۆمەڵگا کشتوکاڵی و دواتریش پیشەسازییەکاندا دەڕۆیشت، پیشە تازە داهێنراوەکان و بوارەکانی دامەزراندن بە بەردەوامی کەوتوونەتە ژێر کاریگەری جێندەرەوە. هەندێک نمونەی ئەو ڕێگایانەی کە تێیاندا جێندەر کاریگەری لەسەر بوارێک دەبێت، بریتین لە:

- قەدەغەکردن یان سنوردارکرادنی ئەندامانی ڕەگەزێکی تایبەت بۆ چوونە ناو بوارێک یان خوێندن و لێکۆڵینەوەی بوارێک.
- جیاکاریکردن لەناو بوارێکدا، لەڕووی موچە و بەڕێوەبردن و هەرەمی پێکهاتەی کارگێڕی.
- پێشبینیکردنی ئەوەی کە پێویستە دایکان نەک باوکان دابینکەری چاودێری سەرەتایی منداڵان بن.

تێبینی ئەوە بکە کە لەوانەیە ئەم سنوردارییە جێندەرییانە جیهانی نەبن لە کات و شوێندا، هەروەها بۆ سنوردارکردنی هەردوو ڕەگەزی ژن و پیاو کاربکەن. هەرچەندە لەکرداردا، ڕێساو یاساکان بە گوێرەی مێژوو هەلی ژنانی بۆ ناو هەندێک پیشە بەرتەسک کردووەتەوە، بەڵام کەیس و یاسای مافە شارستانییەکان لە بنەڕەتدا جەختی لەسەر هەلی یەکسان و بەشداریکردن لەلایەن ژنەوە لەهێزی کاردا کردووەتەوە. لەوانەیە ئەم بەربەستانەش لەشێوەی لایەنگری شاراوەوە و بەهۆکاری وردە نادادپەروەرییانەوە خۆی پیشان دات .

**ڕەخسانی هەل بۆناو بواری پەروەردە**

بەدرێژایی سەدەکانی نۆزەدەو بیست ژمارەیەک لە پیشەکان "پرۆفێشناڵ" کران، وێنەی یاساییان بەدەستهێنا، هەروەها تێپەڕاندنی یاسا و ڕێساکان پێویستی بە بەدەستهێنانی بڕوانامەی تایبەتی خوێندنی باڵا بوو، لەبەرئەوەی گەیشتنی ژنان بە خۆیندنی باڵا، زۆر جار سنووردار بوو، ئەمە بەشێوەکی کاریگەر بەشداریی ژنانی لەم پیشە پرۆفێشناڵانەدا بەرتەسک و سنوردار کردبوو. بۆ نمونە، ژنان لە مافی وەرگیرانیان لە زانکۆی کامبریج تا ساڵی 1868 بەتەواوی بێبەری بوون، هەروەها بە ئاستەنگی جۆراوجۆر ڕێگەیان لێ دەگیرا تا ساڵی 1987 کاتێک کە زانکۆکە سیاسەتی هەلی یەکسانی گرتەبەر ژمارەیەکی زۆری پەیمانگاکانی تر لە ویلایەتە یەکگرتوەکان و ڕۆژئاوای ئەوروپا دەستیان بەکردنەوەی دەرگاکانیان بەڕووی ژناندا کرد لەهەمان ماوەدا، بەڵام دەرفەتی چوونە خوێندنی باڵا وەک بەربەستێکی گەورە بەرامبەر بەشداریی تەواوی ژنان لە هێزی کاردا لە وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان ماوەتەوە. تەنانەت لەو شوێنانەش کە هەلی بەدەستهێنانی خوێندنی باڵا بەفەرمی ڕێگەپێدراوە، هەلی ژنان بۆ هەموو پیشەکان بەشێوەیەکی گرنگ سنوردارە کە تیایدا هەلی بەدەستهێنانی خوێندنی سەرەتایی بەهۆی نەریتە کۆمەڵایەتییەکانەوە سنووردارە.

گەیشتن بە سەرمایە

مافی ژنان بۆ چوونە ناو پیشەکانەوە پێویستی بە سەرمایە هەیە کە بەهۆی نایەکسانی گەیشتن تەگەرەی بۆ دروست دەبێت، ئەمە کاریگەری لەسەر پیشەکانی وەک

دامەزرانـدنی کۆمپانیـا و بازرگـانییە بچوکەکـان, خـاوەن کێڵگە و وەبەرهـێن هەیە. زۆرینەی پرۆگرامەکانی قەرزی بچـــوک هەوڵـــدەدەن ئەم ناهاوســـەنگییە چـــاکبکەنەوە، مەبەست لەم قەرزە یان ئەم برە پارەیە بۆ دامەزراندن و بنیادنـــانی کـــار و بازرگـــانی یـــان کشـــتوکاڵکردنە، ئەم هاوکـارییەی ژنـان لە سـوودی ئـابووری وڵاتە. لەکاتێکـدا ئەم بەدواداچـوونە پیشـانیداوە کە ژنـان زیـاتر لەنیـوەی خـــۆراکی جیهـــان بەرهەمـــدێنن، لەناوچەکـــانی نـــیمچە ســـەحرایی ئەفریقـــا و ســـەر بەدەریـــای کـــاریبی، ژنـــان بەرپرســـیارن بەرامـــبەر بە 80%ی بەرهەمـــی خـــۆراک، زۆریـنەی ئەم جـۆرە کـارە سـەرچاوەی ژیـانی خێـزانە، هەروەها زۆرجار لەرووی یاساییەوە پیاو خاوەنی زەوییە لە خێزاندا.

**جیاکاری لەناو پیشەکاندا**

ئەو بیرۆکەیە کە بەشێوەیەکی سروشتی ژن و پیاو بۆ پیشە جیاوازەکان گونجێنراون بە جیاکردنەوەی ئاسۆیی ناسراوە.

جیاکـــاری ئامـــاری لەشـــوێنی کـــاردا, جیاکـــاریی بەئەنقەســـت نیـــیە لەســـەر بنچیـــنەی ئەگەری ئەوەی کە کرێکارێک بۆ ماوەیەکی درێژ لەگەڵ کۆمپانیا دەمێنێتەوە یان نـا. بەتـایبەت بۆ ژنـان، لەبەرئەوەی کارمەندان پێیـان وایە کە ژنان زیاتر ئەگەری ئەوەیان هەیە کە واز لەهێزی کـــار بهێـــنن بـــۆ مەبەســـتی منـــداڵبوون، یـــان کـــارکردن بەشـــێوەی پـــارت تـــایم لەکـــاتی منـــداڵ بەخێـــوکردن، ئەمە

دەبێتە هۆی لەدەستدانی هەلی بەرەوپێش چوون لە کارەکەیان. بەهۆی ئەگەری ئەوەی کە لەوانەیە کارەکەیان بەجێبهێڵن و لەهەندێک باردا دەخرێنە ئەو پۆستانەی کە هەلی کەمتری بەرزکردنەوەی پلەیان هەیە، لەسەر بنچینەی هەمان ئەم ڕێزبەندییانە.

سەرباری دامەزرانی یاسای موچەی یەکسان، ژنان کەمتر لە پیاوان پارەیان بەدەست دەهێنا.

**تۆڕی جیاکاری**

بەشێک لەو کێشانەی وا لەژنان دەکات بێبەش بن لە بەرزترین موچەی پۆستە بەرزەکان ئەوەیە کە بەدرێژایی مێژوو ئەم پۆستانەیان وەرنەگرتووە. سەرەنجام، وەرگیراوەکان بۆ ئەم کارە ئاست بەرزانە بەشێوەیەکی گشتی پیاوە سپی پێستەکانن، هاوکات ئاراستەی وەرگرتنی خەڵکی هاوشێوەیان لە تۆڕەکانیاندا هەیە. تۆڕەکانیان زیاتر لە پیاوە سپی پێستەکانی سەر بەهەمان باری ئابوری و کۆمەڵایەتی پێکهاتووە، کە یارمەتی بەردەوامبوونی نوێنەرایەتییان لە کارە زۆر باشەکاندا دەدات.

**چالاکیی و ناچالاکییەکانی خودی ژنان**

لەڕێگەی پرۆسەیەکەوە کە بە کۆبونەوەی کارمەند ناسراوە، کارمەندان لەشوێنی کاردا لەرووی جێ و کۆمەڵایەتییەوە لەگەڵ هاوپیشەکانیان ئاراستەی بەگروپ بوونیان هەیە. ژنان هیچ جیاوازییەکیان نییە و پێیان

خۆشە ببن بەگرووپ لەگەڵ ئەو ژنانەی کرێی هاوتا وەردەگرن. ئەوان بەراوردی موچەی خۆیان لەگەڵ ژنانی دەوروبەریان دەکەن و باوەڕیان وایە موچەکانیان گونجاوە چونکە لەئاستی ناوەنددایە. هەندێک ژن قایلن بە کەمی موچەکانیان بەراورد بە پیاوان لەهەمان پۆستدا چونکە بێ ئاگان لەو نایەکسانییەی کە هەیە.

وێرای ئەوەش ژنان بەگشتی کەمتر توندن و ڕووبەڕوو نابنەوە. یەکێک لەهۆکارەکانی بەشداریکردنی زیاتری پیاوان ئەو راستییە سادەیە کە پیاوان زۆر زیاتر لەژنان داوای بەرزکردنی مووچە دەکەن، هەروەها زۆر بوێرن کاتێک ئەوە دەکەن.

### مێژووی ژنان و جێندەر لە پیشە تایبەتەکاندا

### پێڕستی ناچوونیەکی پیشەیی

هەڵبژاردنی پیشە بە یەکێک لەهۆکارە سەرەکییەکانی جیاوازی موچەی نێر و مێ دادەنرێت. بەمانایەکی تر ئەو پیشانەی زۆرینەی کارمەندەکانی مێینەن پارەی کەمتر دەدەن وەک لەو پیشانەی کە زۆرینەی کارمەندەکانی نێرینەن. ئەمە جیاوازە لە ناچوونیەکی موچەی راستەوخۆ لەناو پیشەکاندا، لەبەرئەوەی نێرینە لە پیشە تایبەتەکانی مێینە ریژەیەکی نزمتر موچە بەدەست دەهێنن و ژنانیش لە پیشە تایبەتەکانی نێرینەدا موچەیەکی زیاتر بەدەستدەهێنن. پێڕستی ناچوونیەکی پیشەیی بریتییە لە پێوانەیەک لە سفرەوە تا سەد، پێوانەی رێژەی سەدیی کرێکاران دەکات کە پێویستیی بەرێکخستنەوە هەیە لەناو

چوارچێــوەی پیشـــەیەکدا بەشــێوەیەکی جــوان لەلایەن ڕەگەزی بەرامـــبەرەوە دەکرێـــت لەپێنـــاو نەهێشـــتنی جیاوازیی موچە. لەساڵی 1960، پاشکۆی ناچوونیەکی لە ئەمریکا بە 62 پێوراوە. لەپاش ئەوە نزمبووەتەوە، بەڵام لەســـاڵی 2000 دابەزی بـــۆ 47، کە هێشـــتا یەکـــێکە لە بەرزترینی هەر نەتەوەیەکی تازەپێگەیشتوو.

**بەشداریکردنی ژنان لە پیشە جیاوازەکاندا**

هەرچەندە ژنان نزیکەی نیوەی پێکهاتەی خوێندکاری خوێندنگاکانی یاسا لە ئەمریکا پێکدەهێنن، بەڵام تەنها 17%ی پێکهاتەی کۆمپانیا یاساییە سەرەکییەکانن و کەمتریش لەچارەکی پرۆفیسۆرە یاساییەکانی زانکۆکان پێکدەهێنن. بەهەمانشێوە، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، تا ئێستا تەنها یەک دادوەری گشتیی ژن و سێ وەزیری دەرەوەی ژن و دوو دادوەری ژن لە دادگای باڵا و یەک حاکمی ویلایەتە لە ویلایەتە یەکگرتوەکاندا هەبووە.

نایەکسانی ڕەگەزی لە چینە کومەڵایەتییە جیاوازەکاندا

لەم پەنجا ساڵەی دوایدا ئەزمونی گۆڕانکارییە گەورەکانمان بەئاراستەی یەکسانی جێندەری لە ئەمریکادا بینی. لەگەڵ بزوتنەوەی فێمینیستیی ساڵانی شەستەکاندا، ژنان بەژمارەیەکی زۆر چوونە ناو هێزی کارەوە. ژنان بەشدارییەکی باڵای بازاڕی کاریان کرد لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانیدا لەوکاتانەی زۆربەی سەربازە پیاوەکان دوورە وڵات بوون، پێویستبوو ژنان کاربکەن بۆ پاڵپشتیکردنی خێزانەکانیان و پارێزگاری باری ئابوریی

ناوچەکانیان بکەن. زۆرێک لەم ژنانە وازیان لە هێزی کار دەهێنا کاتێک پیاوەکان لە جەنگ دەگەڕانەوە ماڵ بۆ خستنەوەی منداڵ لەو نەوەیەی بە (بەیبی بوومەر) یان منداڵا هێنەر ناوبرا. لەکۆتای شەستەکاندا کاتێک ژنان بە ژمارەیەکی زۆر چوونەناو هێزی کارەوە سەرباری بوونی پیاو لە شوێنی کاردا، بەپێچەوانەی سەردەمی جەنگ کە پیاوان سەرقاڵی بەرگریکردن بوون. ئەم گۆڕانە داینەمیکییە لە یەک نانپەیداکەرەوە بۆ دوو نانپەیداکەر بەشێوەیەکی بەرچاو سیستەمی چینی کۆمەڵایەتی و ئابوریی ئەم وڵاتەی گۆڕی.

## کاریگەرییەکانی ژن لە هێزی کاردا لەسەر چینەکانی ناوەند و سەرەوە

بەرزبوونەوەی ژمارەی ژنان لەناو هێزی کار یەکێک بوو لە هۆکارە سەرەکییەکانی کەمکردنەوەی (گواستنەوەی کۆمەڵایەتی) لەماوەی پەنجا ساڵی رابردوودا. ژمارەی کچە منداڵەکانی چینەکانی ناوەند و سەروو لە بەدەستهێنانی خوێندنی باڵا زیادی کرد، سوپاس بۆ یەکسانی پیشەیی کە توانی پیشەی بەرزتر دەستەبەر بکات بەبەراورد لە هەر کاتێکی پێشووتر. لە بەر زۆری و ئاسانی دەستکەوتنی ئامرازەکانی رێگەگرتن لە منداڵبوون ئەم ژنە ئاست بەرزانە توانیان هاوسەرگیری و منداڵبوون دوابخەن تا ئەو کاتەی کە خوێندنیان تەواودەکرد و گەشەیان بەپیشەکانیان دەدا بۆ پۆستە خوازراوەکانیان. لەساڵی 2001، ئەو روپێوییەی

کە لەسەر بێزارکردنی سێکسی لەشوێنی کار لەلایەن ڕێکخراوی خێرخوازی ساکشی ژنانەوە ئەنجامدرا، لەنێوان 2410 بەشداربوو لەکەرتی حکومی و ناحکومییەکاندا، لەپێنج ویلایەتدا دەریخست کە 53 لەسەدی کەسەکان دەڵێن هەردوو ڕەگەزەکە هەمان هەلی یەکسان بەدەست ناهێنن، 50 لەسەدی ژنان لەلایەن خاوەن کار و هاوکارەکانیانەوە نادادپەروەرانە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، 59 لەسەدیان ئاماژە و نوکتەی سێکسیان بیستووە، 32 لەسەدیشیان وێنەی رووتیان پیشاندراوە یان نووسراوی سوکایەتی کردن بە ژنانیان پیشان دراوە.

بە بەراورد بەکەرتەکانی تر، لەوانەیە ڕێکخراوەکانی IT موچەی یەکسانی بەژنان پێشکەش کردبێت و لەوانەشە چڕیی ژنان لە کۆمپانیا تەکنەلۆژییەکاندا تاڕادەیەک بەرز بێت, بەڵام ئەمە بەشێوەیەکی پێویست زامنی ئاستێکی یەکسان ناکات. بۆ نمونە مایکرۆسۆفت (ویلایەتە یەکگرتوەکان) سکاڵای لەسەر تۆمارکرا بەهۆی ڕەفتاری یەکێک لە سەرپەرشتیارەکانی لە ئیمەیڵدا. ئەو سەرپەرشتیارە کۆمێنتی ناشیرینی سێکسی کردووە لە ئیمەیڵدا، گوایە خۆی بە "سەرۆکی یانەی جینیۆکۆلۆجی پێگەیشتوان" ناساندوە. هەروەها گوایە ئاماژە بۆ سکاڵاکارەکە وەک "شاژنی سپاندیکس (سپاندیکس جۆرە جلوبەرگێکە دەنوسێت بە لەشەوە، وەرگێر). هەراسانکردنی ئەلکترونی تەنها شێوەی هەراسانکردن نیە. لەساڵی 1999، جونۆ ئۆنلاین (Juno Online) ڕووبەڕووی دوو سکاڵای جیا لە کارمەندەکانی پێشوی

بـووەوە کە گـوایە پێیـان گـوتراوە کە لەکـار دەردەکـرێن ئەگەر پەیوەنــدییە بەردەوامەکانیــان لەگەڵ بەڕێــوەبەرە باڵاکانــدا بپچــڕێنن. ســیودۆ پرۆگرامــز کە تــۆڕێکی تەلەفزیۆنی ئەنتەرنێتی بوو لە مانهاتن، لەکانونی دووەمی ســاڵی 2000 ســکاڵای لەســەر تۆمــارکرا پــاش ئەوەی کارمەندە نێرینەکان ئاماژەیان بۆ کارمەندە مێینەکان وەک "بیمبـۆ"-(ژنـانی نەزان یـان سـووک، وەرگێـڕ) دەکـرد و زۆریـان لێـدەکردن تەماشـای بـابەتی ئاشـکرای سێکسـی لەسـەر ئەنتەرنێت بکەن. لە هندسـتان بەرێوەبەرانی HR دانیـان بەوەدانـا کە جیاکـاری دژی ژنـان دەکرێـت بـۆ پۆسـتەکانی ئەنجـومەنی بـاڵاو بەدەگمەن ژنـانی دووگیـان کاریان پێدەدرێت, بەڵام تەنها بەنهێنی ئەمە دەکرێت. بەم دواییــانە ســکاڵایەکی هەراســانکردنی سێکســی لەدژی ئەندامێکی باڵا کەرتیIT ی وڵاتی هندی هەژاند.

دیـارکردنی سروشـتی نادیـاری بونیـادی دەسـەڵات کە ژنــان لەشــوێنی کــاردا پەراوێــز دەخــات، دادگــای بــاڵا لەناوچەی ڤایشـاکا بەرامبەر دادگای ویلایەتـی راجاسـتان (1997) هەراسـانکردنی سێکسـی وەک پێشـێلکاری مـافی ژنــان بــۆ یەکســانی لەشــوێنی کــاردا ناســاند و سـنوری پێناسەکەشــی فراوانکــرد. بڕیــارەکە ژینــگەی کــارکردنی نەیاری وەک داواکارییەکی راسـتەوخۆ بۆ کاری سێکسـی هەمـوارکرد. بەئامـاژەپێکردنی "بێزارکردنـی سێکسـی ئەو جـۆرە رەفتـارە دیـاریکراوە سێکســییە نەخــوازراوانەش دەگــرێتەوە (ئــاخۆ بەشــێوەیەکی راســتەوخۆ بێــت یــان ناڕاســتەوخۆ) وەک: پێشــنیار و پەیوەنــدی فیزیکــی و

بەردەوامبوون، داواکاری بۆ خواستە سێکسییەکان، ئاماژە جۆربەجـۆرە سێکسـییەکان وەکـو پیشـاندانی وێـنەی رووت و سێکسی، هەر کارێکی تری نەخوازراو، رەفتاری گـوتراو یـان نەگـوتراوی سروشـت سێکسـی". بڕیـارەکە دابینکردنـی هەلـومەرجی گونجـاو بـۆ کـار و پشـوو و تەندروستی و پاکوخاوێنی سەپێنی بۆ زیاتر دڵنیاییدانەوە لەوەی کە هـیچ ژینگەیەکـی نەیـار لەدژی ژنـان لەشـوێنی کاردا بوونی نییە و پێویستیشـە هـیچ کارمەندێکی ژن ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەی لادروست نەبێت و پێی وابێت کە زەرەرمەندە لەڕووی پەیوەندی لەگەڵ پیشەکەیدا.

بەم شێوەیە ئەم یاساییە بەباشی لێپرسراوێتی لەسـەر خاوەنکار دادەنێت بۆ دڵنیاکردنەوەی سـەلامەتیی کارمەند بەڵام زۆریـنەی کۆمپانیـا تەکنەلـۆجییە خزمەتگـوزارییە قەبـارە ناوەنـدییە هنـدییەکان دەبـێ سیاسـەتەکانی بێزارکردنـی سێکسـی بەکـاربخەن. ئەدمیـتس چەنـدان (Admits K Chandan)چالاکوان لە ئەسۆشێیتس چەندان، "من هەندێک کڕیاریITم هەیە. کاتێک ئاماژە بەپێویستی سیاسـەتی بێزارکردنـی سێکسـی دەکەم، زۆر کەس بەڕووکەش تەماشـای دەکەن یـان پشـتگوێی دەکەن. ئەوە لەسـەر ئەجێنـداکە نـیە". بەڕێـوەبەرێکیHR ی کۆمپانیـا تەکنەلۆجییەکـانی هندسـتان پەشـیمانە لەو کـارەی کە کردوویەتـی: "دەمەوێـت ئەم کەیسـەی دوایـی بـۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەتەکە بەکاربێنم. پێشتر رەشنوسی پرۆپـۆزەڵەکە لەلایەن کۆمپانیـاکەوە رەتکـرایەوە". بەڵام بەرێـوەبەرێکی تـری HR لەکۆمپانیـایەکی سـەرەکی

خانووسازی هندە، دانی بەوەداناوە کە کۆمپانیاکە میکانیزمی سکاڵایەکی قەرەبووکردنەوەی هەموار کردووەتەوە، بەڵام هیچ سیاسەتێکی بێزارکردنی سێکسی دانەناوە. هەڵوێستە کەمتەرخەمانەکان بڕیاری دادگای باڵاشی بەزاند کە تیایدا دادگا نەک تەنها بێزارکردنی سێکسی پێناسە کردووە، بەڵکو کۆمەڵە یاسایەکی ئەخلاقیشی بۆ شوێنەکانی کار داناوە بۆ ڕێگرتن و سزادانی ئەو ڕەفتارانە، "پێویستە خاوەنکارەکان یان دەسەڵاتە لێپرسراوەکانیتر لەکەرتی گشتی و تایبەتیدا بەپێی یاسا کار لەگەڵ ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەدا بکەن: بانگەوازکردن بۆ قەدەغەکردنی هەراسانکردنی سێکسی کە پێویستە دیاریبکرێت و بەشێوەیەکی فراوان بڵاوبکرێتەوە، پێویستە خاوەنکارانی کەرتی تایبەتیش قەدەغەکردنی هەراسانکردنی سێکسی بیانگرێتەوە لەژێر فەرمانە بنچینەییەکانی پیشە و کارە پیشەسازییەکاندا (فەرمانە بنچینەییەکان) یاسا، 1946". سەبارت بە پرۆسیجەری سکاڵاکە، دەبێت لانی کەم نیوەی ئەندامەکانی ژن بن. کۆمیتەی سکاڵاکە دەبێت ڕێکخراوێکی NGO و ڕێکخراوی تریش بگرێتەخۆ کە ئاشناییان لەگەڵ دۆزی بێزارکردنی سێکسیدا هەیە. کاتێک سەرپێچی کردنەکە دەگاتە ئاستی خراپ ڕەفتارکردن لەژێر یاسا خزمەتگوزارییەکاندا، پێویستە کاری تەمبێکردنی گونجاو بگیرێتەبەر. کاتێک ئەم جۆرە ڕەفتارە دەگاتە ڕادەی سەرپێچی کردنی یاسا لەژێر یاسای تاوان و سزای هندیدا، پێویستە خاوەنکار دەستبکات بە

تۆمارکردنی سکاڵا لای دەسەڵاتی پەیوەندیدار. لەگەڵ ئەوەشدا رووپێوییەکەی ساکشی دەریخست کە 58%ی ژنان ئاگاداری رێنماییەکانی دادگای باڵا لەسەر بابەتەکە نەبوون. رووپێوییەکی نارێک لەلایەن AssureConsulting.comلەنێوان سەد کارمەنددا کە کاریان لەپیشەسازیIT دا دەکرد ئەنجامدرا، ئەم ئەنجامە سەرسوڕهێنەرانەی ئاشکراکرد: کەمتر لە 10%ی کرێکارانی IT ئاشنای سیاسەتی بێزارکردنی سێکسی کۆمپانیاکەن. بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر، هەندێ لە بەڕێوەبەرە دیارەکانی HR کەمتەرخەم بوون لە رێنماییەکانی دادگای باڵا کە بە رەشنوسی بیڵ (the Draft bill)ناسراوە و کە لەلایەن کۆمیسیۆنی نەتەوەیی ژنانەوە لەدژی بێزارکردنی سێکسی لەشوێنی کار پێشکەش کرابوو.

سەیر نەبوو کە زۆر کەیس ریپۆرت نەکرا و لەبیرکرا. لەگەڵ هەموو ئاڵۆزییەکانیش، هێشتا سیاسەتی کۆمپانیا یەکەم هەنگاوە و ناتوانێ کێشەکە چارەسەر بکات. ساڤیتا بەرێوەبەری سەرچاوە مرۆیەکان لە ئایسلەرەیت تەکنەلۆجی دەڵێت "ئێمە سیاسەتی بێزارکردنی سێکسیمان هەیە کە بەسەر کارمەندەکاندا بڵاودەکرێتەوە. هەروەها کۆمپانیاکە چاوپۆشی لەهیچ کەیسێک ناکات کە بەرچاوی کەوێت. بەڵام پیاو لەماڵەوە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەوەی کە لەئۆفیسە"، بەم شێوەیە شێوەی بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی کە جیاکاری دەکات لە دژی ژنان بەرپرسیارە لە کێشەکە. رەچاوکردنی سانسۆری

سێکسی و هەڵوێستی کۆمەڵایەتی پارێزکارانە و جەخت لە "پاکیی ژن" کردنەوە، وەها لە قوربانییەکە دەکات سەرنج بۆخۆی رانەکێشی لە ترسی ئابڕووچوون و ناوزەنگ بوون بە ژنی "رەوشت نزم". ژنان زیاتر خۆیان لە کێشەکە لادەدەن یان بەیەکجاری کار بەجێدەهێڵن بەڵام قسە ناکەن، تەنانەت لەو رێکخراوانەی کە سیاسەتی لێبوردنیان سفرە. چەندان رایدەگەیەنێت "من ئاماری تەواوم لەبەردەستدا نییە بەڵام بەهۆی ئەزمونەکەمەوە وەک کەسێکی چالاک لە 1500 کەیسدا تەنها یەک کەیس راپۆرت کراوە". ناتوانرێت کێشەکە چارەسەربکرێت تاوەکو ژنان دەنگ بەرز نەکەنەوە, بەڵام نەریتی کۆمەڵایەتی بەزەبر ژنان بێدەنگ دەکات. ئەم لەکە کۆمەڵایەتییە دژی قوربانییان و پرۆسەی درێژ و وردی تۆمارکردنی سکاڵای یاسایی بۆ مەبەستی دادپەروەری زۆرینەی ژنان لە دەنگ بەرزکردنەوە دوودڵا دەکات. پەرپۆرتس چەندان دەڵێت "لەوانەیە یەکلاکردنەوەی کەیسێک سێ تا پێنج ساڵ بخایەنێ، هەروەها لە بارودۆخێکدا کە بێزارکردنی سێکسی شاراوەیە، بەڵگە کۆکردنەوە شتێکی سەختە و هیچ گرەنتییەک نییە کە حوکمەکە لە بەرژەوەندی قوربانییەکە بێت. لەیەکێک لەکەیسە دەگمەنەکاندا کە ئیشم تێدا کرد بەرێوەبەرێکی وڵات تۆمەتبار کرابوو, سکاڵاکەرەکەیش وای بە چاک زانی کە لەدەرەوەی دادگا کێشەکە یەکلابکاتەوە."

بەم شێوەیە زارەکە بەقورسی لەدژی ژنانە. بانگەشەکانی کۆمپانیا نوێکان بۆ دروستکردنی شوێنکاری

یەکسان و لیبرالا لەژێر تاقیکردنەوەی جدیدان. کۆمپانیاکان نزیک دەبنەوە لە پەیڕەوکردنی سیاسەتی لێبووردنی سفر لەدژی رەگەزخوازیی لە هەر شێوەیەکدابێت. لەوانەیە ئەم کەیسە ئاشکراکراوە نوێیە پالا بە کۆمپانیاکانەوە بنێ بۆ پەیڕەوی کردنی ئەو سیاسەتە.

### کاریگەرییەکانی ژنان لەهێزی کاردا لەسەر کارکردن و چینەکانی خوارەوە

لەکاتێکدا ژنانی چینی بالا و ناوەند سودیان لە چوونەناو هێزی کار و بزوتنەوەی فێمینیزمی وەردەگرت، ژنانی کرێکار و چینی خواروو دەیانناڵاند. ژنان لە پیشە موچە نزمەکاندا زیاتر بەر جیاکاری موچە دەکەون. ئەوان بەهەمان جۆری پیشەوە لە پیاوەکان کەمتر بژێوی مالا دابیندەکەن، هەروەها لەمێردەکانیانەوە کەمتر راییکردنی کارەکانی مالا بەدەستدێنن وەک لە ژنە دەسکەوت بەرزەکان. ژنانی خاوەن خوێندنی نزم کە چوونە ناو هێزی کارەوە بە ژمارەیەکی زۆر دەسکەوتی هەندێک لە پیاوانیان کەمکردەوە، چونکە ژنان کێبڕکێیەکی پیشەیی زیاتریان هێنایەکایەوە. دەسکەوتە پەیوەندیدارە نزمەکانی پیاوان و زیادکردن لە کۆنترۆڵی منالبوون بۆ ژنانی داهات نزم، هاوسەرگیری قورستر کرد.

بۆ یەکەمجار لەمێژووی ئەم وڵاتەدا، رەزامەندییەکی ئابووری-کۆمەڵایەتیی چاک هاتە کایەوە لەنێوان ژناندا کە

چەند سەدەیەک بوو پیاوان لێی بەهرەمەندبوون. ئەمە نایەکسانی لەنێوان چینی باڵا و ناوەند لەلایەک و چینی کرێکار و خوارووی لەلایەکی ترەوە قووڵکردەوە. پێش بزوتنەوە فێمینیستییەکە، باری کۆمەڵایەتی و ئابوریی خێزانێک تەنها لەسەر پیشەی مێرد یان باوک بنیاددەنرا. ئەو ژنانەی کە لەوکاتەدا لە پیشە و کاری ئاست بەرز جێی سەرنجراکێشانی پیاوە خاوەن پیشە بەرزەکان بوون، بۆیە کەسە مووچە بەرزەکان هاوسەرگیرییان لەگەڵ کەسە مووچە بەرزەکاندا کرد و کەسە موچە نزمەکانیش لەگەڵ موچە نزمەکان. بەواتایەکی تر، دەوڵمەندەکان دەوڵەمەندتر دەبوون و هەژارەکان وەک خۆیان دەمانەوە و بەسەختی کێبڕکێی ئابوری زیادی دەکرد.

**لۆبی ژنانی ئەوروپی**

لۆبی ژنانی ئەوروپی رێکخراوێکی سەربەخۆیە و لەساڵی 1990 دامەزراوە، گەورەترین کۆمەڵە رێکخراوی ناحکومی ژنانە چەترە بۆ هەموو رێکخراوەکانی ژنان لە یەکێتی ئەوروپادا، کار بۆ بەرزکردنەوەی مافەکانی ژنان و یەکسانیی نێوان ژنان و پیاوان دەکات. لە نۆڤەمبەری ساڵی 2009وە ژمارەی رێکخراوە ئەندامەکانی زیادیکرد بەجۆرێک کە رێکخراوەکانی هەر 27 وڵاتە ئەندامەکەی یەکێتی ئەوروپا و سێ وڵاتە کاندیدەکەشی گرتەوە، هەروەها بۆ 21 پێکهاتەی فراوانی ئەوروپی، کە نوێنەرایەتی زیاتر لە 2500 رێکخراوی دەکرد .

بارەگای سەرەکی لە برۆکسلی پایتەختی بەلجیکایە، ڕێکخراوی لۆبی ژنانی ئەوروپی یەکێکە لە ڕێکخراوە ناحکومەییەکان لەسەر ئاستی ئەوروپا و لەنزیکەوە لەگەڵ دامەزراوە ئەوروپی و کۆمەڵگا مەدەنییەکاندا کاردەکات. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، ئەم ڕێکخراوە لەئەنجومەنی ئەوروپی و ئەنجومەنی کۆمەڵایەتی و ئابوری نەتەوە یەکگرتوەکان پلەی راوێژکاری هەیە، هەروەها بەڕێکوپێکی بەشداری لەچالاکییەکانی کۆمیسیۆنی نەتەوە یەکگرتوەکاندا دەکات لەسەر بارودۆخی ژنان.

ئەرکی ڕێکخراوەکە کارکردنە بەئاراستەی بەرزکردنەوە و ڕێزگرتن لەمافەکانی ژنان بەپاڵپشتیکردنی هەمە جۆری ژنان و یەکسانی نێوان ژنان و پیاوان. لۆبی ژنانی ئەوروپی خوازیاری گەیاندنی دەنگی ڕێکخراوە ئەندامەکانییەتی لەسەرانسەری ئەوروپا لە ڕێگای سیاسەتی چالاک و کاری پشتیوانیکردن و بەڕێوەبردنی پرۆژە و چاودێریکردن و بەرزکردنەوەی هوشیاری لەهەموو بوارە جیاکاندا. ئەمانە پێکدێن لەپێگەی کۆمەڵایەتی و ئابوریی ژنان، ژنان لەناوەندی بڕیاردا، ماف و تەندروستیی منداڵبوون و سێکسی، کۆچکردن و هاوکاریکردن و پەنابەری. لۆبی ژنانی ئەوروپی لەرێگای سەنتەری پلاندانانی ئەوروپی دژە توندوتیژی-EPAC) (VAWی ئەوروپی ڕێکخراوەکەوە، کار بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەموو فۆرمەکانی توندوتیژی دژی ژنان دەکات. هەروەها(EPAC-VAW) ی لۆبی ژنانی

ئەوروپی چاودێرییەکی ئەوروپی تەرخانکراو لەسەر ئەم دۆزە بەرێوەدەبات. زیاتر لەوەش، لۆبی ژنانی ئەوروپی پاڵپشتی بەکارهێنانی هێڵی گشتی جێندەری بۆ هەماهەنگی کاریگەری روانگەی مافی ژنان بۆ ناو هەموو سیاسەتەکانی ئەوروپا دەکات .

**مێژوو: کەی و لەلایەن کێوە و بۆچی**

ئەمە هەمووی لە لەندەن لەنۆڤەمبەری ساڵی 1987 دەستی پێکرد کاتێک 120 ژنی ئەندام لە 85 رێکخراو کە نوێنەرایەتی 50 ملیۆن ئەندامیان دەکرد، کۆبوونەوە و لەوکاتەدا دوو بڕیاری گرنگیان پەسەندکرد. لەیەکەمیاندا داواکرا بە دەرکردنی بڕیاری "دروستکردنی رێکخراوێکی کراوە بۆ هەموو رێکخراوەکانی ژنان بۆ ئەوەی فشار بخاتەسەر دامەزراوە ئەوروپی و نەتەوەییەکان بۆ دەستەبەرکردنی بەرگری باشتر و نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندی ژنان". لەدووەم بڕیاردا، نوێنەرەکان داوایان لە کۆمیسیۆنی ئەوروپی کرد "پاڵپشتی رێکخراوەکە بکات لەسەرەتای ساڵی 1988دا لە کۆبوونەوەیەکدا بەمەبەستی دامەزراندنی پێکهاتەی رێکخراوێکی لەو شێوەیە"، پشتگیرییەکە دابینکرا و لۆبی ژنانی ئەوروپی لەگەڵ سکرتاریەتەکەیان بەفەرمی لەساڵی 1990 لە برۆکسل دامەزرا. لەساڵی 1990 لۆبی ژنانی ئەوروپی لەلایەن بەلجیکا و دانیمارک و فەرەنسا و ئەڵمانیا و یۆنان و

ئیرلەندا و ئیتالیا و لۆکسەمبۆرگ و پورتوگال و ئیسپانیا و (یەکێتی نەتەوەیی هۆڵەندا و ئینگلتەرا) و 17 ڕێکخراوی دیار و فراوانی ئەوروپی ژنانەوە دامەزرێندرا.

لەوکاتەدا تەنها 12 وڵات یەکێتیی ئەوروپایان پێکهێنا، ئەوسا بەکۆمەڵەی وڵاتە ئەوروپییەکان دەناسرا. بەتێپەڕبوونی کات، وڵاتانی ئەندامی نوێ پەیوەندیان بەکۆمەڵەکەوە کرد، هەروەها ڕێکخراوە نەتەوەییە نوێیەکان لە لۆبی ژنانی ئەوروپی بوون بەئەندام. کاتێک کۆمەڵەی وڵاتانی ئەوروپی فراوانبوو وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەوروپای گرتەوە، لۆبی ژنانی ئەوروپی پەیوەندی و هاریکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئەم وڵاتانە دامەزراند و لەهەموو ساڵێکدا سەرکەوتووانە بەردەوامبوو لەپێشوازیکردنی ئەندامە نەتەوەییە نوێکان.

ئێستا لۆبییەکە هەماهەنگی نەتەوەیی لەهەریەک لەم وڵاتانەدا هەیە: نەمسا, بەلجیکا, بولگاریا, کرواتیا, قوبرس, کۆماری چیک, دانیمارک, ئیستۆنیا, فینلەندا, فەرەنسا, ئەڵمانیا, یۆنان, هەنگاریا, ئیرلەندا, ئیتالیا, لاتیڤیا, لیتوانیا, لۆکسەمبۆرگ, مەکدۆنیا, ماڵتا, هۆڵەندا, پۆڵەندا, پورتوگال, ڕۆمانیا, سلۆڤاکیا, سلۆڤینیا, ئیسپانیا, سوید, تورکیا و ئینگلتەرادا. هەروەها 21 ڕێکخراوی دیاری ئەوروپی لەلۆبییەکەدا ئەندامن. هەموو ئەمانە نوێنەرایەتی نزیکەی 2500 ڕێکخراوی ئەندامی ڕاستەوخۆ دەکەن.

لـــۆبی ژنـــانی ئەوروپـــی لەئەنجـــامی گەشـــەکردنی هوشـــیاریی ســـــەبارەت بە پێویســـــتی بەرگریکـــــردن لەبەرژەوەندی ژنان لەسەر ئاستی ئەوروپا دروستکرا.

• یەکســـانی لەنێـــوان ژنـــان و پیاوانـــدا یەکـــێکە لەئەرکەکانی یەکێتی ئەوروپا، کە توانایەکی بەهێزی هەیە لە بەکارهێنـــانی یاســـا لەم بـــوارەدا کە کاردەکـــاتە ســـەر هەموو ئەو ژن و پیاوانەی لە ئەوروپا دەژین.

• ئەم مەودایە لە چالاکییەکـــانی یەکێتـــی ئەوروپـــا لەڕابـــردوو و ئێستاشـــدا بەردەوامـــن لە فراوانبوونـــدایە و کـــاریگەریی راستەوخۆشـــی لەســـەر ژیـــانی رۆژانەی ژنـــان دەبێت، بەتایبەتی لەگەڵ دامەزراندنی بازاڕی ناوەکیدا.

• ئەمە بـــوو بەبـــابەتێکی گرنـــگ بـــۆ ژنـــان و رێکخراوەکانیـــان بـــۆ بەشـــداریکردن لەو پرۆگرامـــانەدا کە لەلایەن یەکێتیـــــیەکەوە دامەزراون و ئاشـــــنابوون لەگەڵ یاســـادانانی ئەوروپـــی بـــۆ ئەوەی کـــاریگەری لەســـەریاندا هەبێت.

• دروســـــتکردنی رێکخراوێکـــــی لەم جـــــۆرە بە مەبەستی لۆبیکردن و هەماهەنگیکردن لەگەڵ کارەکتەری تـــایبەتی پرۆســـەی بڕیـــاردان لەسەرئاســـتی ئەوروپـــادا، کە رێگەدەدات بە دروستکردنی ژمـــارەیەکی زۆری رێکخـــراو کە دابمەزرێن بۆ نوێنەرایەتیکردنی هەموو جۆرە گروپ و کـــــۆمەڵەیەک (کە کەرتە ئـــــابوورییە جۆراوجۆرەکـــــان و یەکێتیـــــیە بازرگانییەکـــــان و گـــــروپە کـــــۆمەڵایەتی و پیشەییەکان دەگرێتەخۆ .(

• ئەم ڕێکخـراوانە وەڵامـی پێویسـتی راسـتەقینەیان لەســـەر بەشـــی دامەزراوە ئەوروپییەکـــان دەدایەوە. بەپـــێچەوانەی بیرۆکەکـــانەوە، ژمـــارەی بەرپرســـە ئەوروپییەکان کەمن، لەگەڵ تەنها نزیکەی 24 هەزار کەس کە تەواوی کۆمیسـیۆنی ئەوروپـی پێکـدێنن. هەرچەنـدە زۆرجـار دامەزراوەکـان بانگێشـتی شـارەزایان لە بـواری کارەکانیانـدا دەکـرد، بەتـایبەتی بەهـۆی هەمەچەشـنی خەڵک و یاسای وڵاتە ئەندامەکانەوە.

• لەکاتێکـــدا بڕیاردەرەکـــان لەنـــاو دامەزراوە ئەوروپییەکاندا بەشێوەی راستەوخۆ لەلایەن هاووڵاتییەوە هەڵنەدەبژێران، دروستکردنی ڕێکخراوی وەک لۆبی ژنانی ئەوروپـــی گونجـــانێکە لەگەڵ پێویســـتیی پڕکـــردنەوەی بۆشـــایی دیموکراســـی لەنێـــوان دامەزراوەکـــانی یەکێتـــی ئەوروپا و هاووڵاتیاندا.

دروستکردنی ئەم لۆبییە پەیوەستبوو بەدروستکردنی فۆرمێکی نوێی فەزای گشتییەوە لەسەر ئاستی ئەوروپا و فۆرمێکی نوێی هاوکاریکردن و پێکەوە کارکردن لەنێوان خەڵک و بەرپرسانی سیاسی.

**ئامانجەکانی لۆبی ژنانی ئەوروپی**

لـــۆبی ژنـــانی ئەوروپـــی لەڕێگـــای ڕێکخـــراوە ئەندامەکانییەوە، بۆ ئەم ئامانجانە کاردەکات:

• پاڵپشـتیکردنی چـالاکی ژنـان لە کـارکردن بـۆ بەدەســـتهێنانی یەکســـانی لە نێـــوان ژنـــان و پیاوانـــدا و

دڵنیابوون لە نوێنەرایەتیکردنی ژنان لە هەموو بەشەکانی ئەوروپادا .

• پشتیوانکردنی ئەندامانی وڵاتانی بەشدار لە ڕێگەی زانیاری و سەرچاوە و راهێنان بۆ ئەوەی چالاکانە بەشداری وێنەکێشانی سیاسەتی یەکێتی ئەوروپا و پیادەکردنی یاسا لەسەرئاستی نیشتمانی.

• لەرێگای شیکار و خەملاندن و چاودێریکردنەوە بۆ دانی بیرورا لەسەر هەموو بوارەکانی پەرەپێدان و چەسپاندنی سیاسەتی یەکێتی ئەوروپا کە کاریگەرییان لەسەر ژیانی ژنان هەیە و بەرەوپێشبردنی یەکسانی نێوان ژنان و پیاوان لەگەڵ نەخشەیەکی ورد بۆ یەکسانی نێوان ژن و پیاو, هەروەها بۆ سەکۆی پەکینی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کارکردن لەسەر نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاوازی دژی ژنان.

• بۆ چاودێریکردن و بەرزکردنەوەی هوشیاری سەبارەت بەگەشەسەندن و چەسپاندنی هێڵی گشتی جێندەری لەپێناو دەستەبەرکردنی تەواوی ماف و بەرژەوندییەکانی ژنان لەهەموو ناوچەکانی یەکێتی ئەوروپادا.

• بۆ لەبەرچاوگرتنی پێویستییەکانی گروپە جیاجیاکانی ژنان، هەروەها ئەزمونە هەمەچەشنەکانی ژنان لەهەموو قۆناغەکانی سوڕی ژیانیاندا. ئەم کارانە لەهەردوو سیاسەتی ناوخۆیی و گەشەی ڕێکخراوەیی و

هاوبەشـــییەکان ڕوودەدەن هەروەهـــا پەیوەنـــدییەکانی کارکردن لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەی کە نوێنەرایەتی زۆرێک لەو ژنـانە دەکـات کە ڕووبەڕووی جیاکـاری هەمەجـۆری دەبنەوە لە یەکێتی ئەوروپا و جیهانیشدا.

**مەوداکانی سیاسەتی لۆبی ژنانی ئەوروپی**

- ژنان لەناوەندی بڕیاردا
- ئیشکردن و سیاسەتی کۆمەڵایەتی
- یاسادانان و سیاسەتەکانی یەکسانی جێندەری ئەوروپی
- دژە جیاکاری و هەمەجۆری ژنان
- کۆچکردن و مافی پەنابەرێتی
- مافە بنچینەییەکان لەناو یەکێتی ئەوروپادا
- کاری نێودەوڵەتی بۆ هیومان رایتس یان نەتەوە یەکگرتوەکان
- توندوتیژی دژی ژنان
- ژنان و میدیا

**چارەسەری فێمینیستی**

چارەسەری فێمینیستی بریتییە لەکۆمەڵێک چارەسـەری پەیوەندیـدار، لە ڕوانـگەی پشـتگیرییەوە، سـەرهەڵدەدات و وەک جیـــــاوازییەک لەنێـــــوان زۆربەی تیـــــۆریە ســـایکۆلۆجیەکان و زۆریـــنەی خەڵـــک کە خوازیـــاری ڕاوێژکارین لەبەرئەوەی ژنن. ئەمە جەختدەکاتەوە لەسـەر هۆکـارە سیاسـی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکـان بۆ ئەو

کێشـــــانەی کە رووبەڕووبـــــوونەتەوە لەپرۆســــەی ڕاوێژکـردنەکەدا. ئەوە بەڕاشـکاوی هـانی بەشـداربووەکە دەدات بۆ بەشداریکردن لەجیهاندا بەڕێگایەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیتر.

چارەسـەری فێمینیسـتی بـاس لەوە دەکـات کە ژنـان بەهۆی رەگەز و جێندەر و سێکس و رەگەزێتی و نەژاد و ئـایین و تەمەن و هاوگروپییەکـانی تـرەوە لەپێگەیەکـی ئاست نزم و بێسوددان. شـارەزا فێمینیسـتەکان باس لەوە دەکەن کە زۆریـــنەی کێشـــەکان کە لەچارەســـەرکردندا هەڵـــــدەکەون بەهـــــۆی بێهێزکردنـــــی هێـــــزە کۆمەڵایەتییەکـانەوەیە، لەئەنجامـدا مەبەسـت لەچارەسـەر ناســینەوە و دیــاریکردنی ئەم هێــزانە و بەهێزکردنــی بەشـداربووەکەن. لە داڕشـتنی چارەسـەرێکی فێمینیسـتیدا، شـارەزاکە و بەشـداربوو بەشـێوەی یەکسـان کـاردەکەن. پێویســتە شــارەزاکە لەســەرەتاوە بیــرۆکەی چارەســەر روونبکـاتەوە بۆ نەخۆشـەکە بۆ ئەوەی لەلای ئاشـکرابێت کە ئەو خـۆی رزگـارکەری خـۆیەتی، هەروەهـا پێویسـتە پێشـــبینییەکان و رۆڵگێڕانەکـــان و بەپرســـیارێتییەکانی هەردوو بەشـــداربوو لەگەڵ شـــارەزا بـــدۆزرێنەوە و بەیەکسـانی قـایلبن لەسـەری. شـارەزاکە دەبێ دان بەوەدا بنێـت کە لەگەڵ هەمـوو نیشـانەیەک کە بەشـداربوویەک هەیەتی، هاوکات توانایەکیش هەیە.

چارەســـەری فێمینیســـتی لەســـەر بنەمـــای چەنـــد بیــرۆکەیەک گەشــەیکرد کە چارەســەرەکانی پیشــووتر کـۆمەکی ژنانیـان نەدەکـرد. بیـرۆکە تایبەتەکـانی شـارەزا

فێمینیستەکان بریتیبوون لە لایەنگری جێندەری، لەقاڵبدان لەچارەسەردا، سەرزەنشتکردنی قوربانی لە پێشێلکردنی فیزیکی و بەدکاری سێکسی، گریمانەی خێزانێکی باوکانە، هەروەها سڕینەوەی بەردەوامی ژنان لەگفتوگۆ دەرونی و سایکۆلۆژییەکاندا.

## بنەماکانی چارەسەری فێمینیستی

١. پەیوەندییەکی یەکسان (پەیوەندییەک کە هەموو لایەنەکان لە یەک ئاستدان) لە شارەزا و مەعمیل کلیلی چارەسەری فیمینیستییە، شارەزا پێویستە هەموو شارەزاییە سایکولۆجیەکانی خۆی و مەعمیلەکەی بەکاربێنێت. پێویستە باسی جیاوازی هێزی بۆماوەی هەردوولا بکرێت و مەعمیل دەبێت ئەوە بزانێت کە شارەزاکە هێزی ناداتێ، هێز لە خودی مەعمیلەوە هەڵدەقوڵێ. ئەم جۆرە پەیوەندییە نموونەیەکی باشە تاکو ژنان بەرپرسیاری هەڵگرن لە یەکسانکردنی هەموو پەیوەندییەکانیان. شارەزا فیمینیستەکان جەخت دەکەنە سەر هێزی مەعمیلەکە نەک چاککردنی لاوازییەکانی، لەهەمانکاتیشدا لە هەستی مەعمیلەکە بگات و بیسەلمێنێ.

٢. چارەسەری فیمینیستی هەمیشە پیاچوونەوەی پێدادەکرێت و هەمواردەکرێتەوە و بۆی زیاد دەکرێت لەگەڵ گۆڕانی باری کۆمەڵایەتی و پێشەوەچوونی گفتوگۆ لەنێوان شارەزا و مەعمیل.

٣. شارەزا هەمیشە بەرپرسیارە.

٤. چارەسەری فیمینیستی مۆدێلی (گلەیی نەکردنە لە قوربانی).

٥. چاککردنی مەعمیلەکە بنەمای هەموو سیمای چارەسەرییەکەیە.

**بەرپرسیارێتی شارەزای فیمینیستی**

١. پێویستە شارەزا فێمینیستەکان شیکاری فێمینیستی لەهەموو بارودۆخێکی کارەکەیاندا بەکار بێنن.

٢.پێویستە شارەزا فێمینیستەکان لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریی بەشداربووەکە بگەن، بەتایبەتی لەگەڵ کێشەکانی پەیوەندیدار بەچاودێری تەندروستی دەرونییەوە.

3. پێویستە شارەزا فێمینیستەکان چالاکانە بەشداربن لەکۆتایهێنانی چەوسانەوە، بەهێزکردنی ژنان و کچان، ڕێزگرتن لەجیاوازییەکان و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا.

4. پێویستە شارەزا فێمینیستەکان بەئاگابن لەئەزمونەکەی خۆیان (بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی ئابورییەکان و رەگەز و جێندەر و سێکس و رەگەزێتی خۆیان و هتد) هەروەها بەبەردەوامی خۆیان هەڵبسەنگێنن و چارەسەری کارە لایەن وەرگرتووەکانیان بکەن. هەروەها پێویستە سەبارەت بەئەزمونە کلتوررییە قۆرخکراو و قۆرخنەکراوەکانی تریش زانیاری پەیدا بکەن.

5. پێویستە شارەزای فێمینیست بۆچوونو ئەزمونەکانی بەشداربوویەک قبوڵا و پەسەند بکات.

**بەشداربووانی چارەسەری فێمینیستی**

- جودیس ۆریلا
- پام ریمەر
- ساندرا بیم
- لاورا براون
- جین بەیکەر میلەر
- کارولین ئینز
- ئێلین کاشاک
- بۆنی بورستۆ

**ڕەخنە**

لەساڵی 1977، زانا سوزان تۆماس ئەوەی خستەڕوو کە چارەسەری فێمینیستی "زیاتر بەشێکە لە جولانەوەیەکی کۆمەڵایەتی وەک لەوەی جۆرێک بێت لە چارەسەری دەرونی"، چارەسەری فیمینیستی بەشێوەیەکی زۆر تایبەت بەسترابوو بە فێمینیزمی سیاسی و کۆمەڵایەتی فراوانتر کە شەرعیەتی وەک قوتابخانەیەکی چارەسەرکاری پرسیارئامێز بوو.

پزیشکی راهێنەری دەرونی، سالی ساتیل باس لەوە دەکات کە چەمکی چارەسەری فێمینیستی پێچەوانەی رێگاو ئامانجەکانی چارەسەری دەرونییە، هەندێک جاریش لادەدات بەئاراستەیەکی خراپ بەکارهێنان. ساتیل تێبینی

ئەوە دەکـــات، ئامـــانجی چارەســـەر بـــریتییە لەوەی کە یـــارمەتی نەخـــۆش بـــدات، کە تێبگـــات و بیرکـــردنەوەی نـاواقیعی و هەڵسـوکەوتە ناتەندروسـتەکانی بگۆڕێـت بـۆ بەرزکـــردنەوەی متمـــانەکردن بەخـــۆ و شـــارەزاییە خودییەکـان و ئاسـتی ژیـان لای نەخۆشـەکە. چارەسـەری ئاسـایی لەکاتێکدا کە بەباشـی تـاقیکراوەتەوە ڕەگـی خـۆی داکوتاوە، پێویسـتە بەتەواوی لەگەڵ ئەزمونە گرنگەکـان و کەسـایەتی و پێویسـتییەکانی هەر نەخۆشـێکدا بگونجێـت. بەپێچەوانەوە، سـاتیل تێبینـی ئەوەی کـرد کە چارەسـەری فێمینیستی بیرۆکەیەکی چارە-بۆ هەموان بەرهەمدێنێت کە زۆرینەی کێشەکانی نەخۆش دەگێڕێتەوە بۆ  کولتـووری‌کی چەوســـێنەر، ڕەگەزپەرســـتی یـــان باوکســـالارییەوە کە لەوانەیە هـۆی هەنـدێ کێشـەکانی نەخۆشـەکە بێـت، بەڵام نیگەرانیشە لەوەی کە چارەسەری فێمینیستی سـەرچاوەی هەندێک کێشەی گرنگـی تـری وەک داینەمیکەکانی خێـزان، شـێواندنی شـوناس، بەکارهێنـانی مـاددەی هۆشـبەر یـان کحول، نەخۆشی دەرونی، یان تەنانەت  تاوانکردن لەلایەن نەخۆشـــەوە بچوکـــدەکاتەوە یـــان پشـــتگوێیان دەخـــات. هەروەهـــا ســـاتیل ئەوەشـــی خســـتەڕوو کە گریمـــانەی فێمینیسـتی کە ژنـان سـەرکوتدەکرێن بەڕاسـتی دەتوانێـت هەسـتی بێچـارەیی لای نەخـۆش گەورەتربکـات بەدانـانی تیۆریی کۆنترۆڵی دەرونـی لەدەرەوەی نەخۆشـەکە. زیـاتر

لەوەش، ساتیل تێبینی ئەوە دەکات کە هەندێک لە شارەزا فێمینیستەکان سیاسەتە ستانداردەکانیان پێشێلکردووە بە شێوەیەک کە دەگاتە سەرپێچیی یاسایی. بۆ نموونە لە زیادەڕەوییەکدا لە چاککردنەوە و خۆلادان لە پەیوەندییەکی هەڕەمی شارەزا فیمینیستەکان سەرپێچییان لە سیاسەتی ستاندارد کردووە بەوەی کە باسی شتی تایبەتی خۆیانیان کردووە کە بە گشتی هەر شارەزایەکی فیمینیست نایکات و خۆی لێ بەدووردەگرێت. هەروەها چارەسەری فێمینیستی بەشێوەیەکی گشتی خۆلادەدات لە پشکنینی بەهێز یان پشکنینە وردەکانی تر بۆ تاقیکردنەوە بەمەبەستی دروستکردنی کاریگەری. لەکۆتایدا، ساتیل باس لەوە دەکات کە لەسەرزەنشکردنی کولتوورێکی رەگەزپەرستیدا لەبەر کێشەکانی نەخۆشێک، دەروونناسی فێمینیستی ژنان بەرپرسیار ناکات بۆ کردار و رەفتارە خراپەکانیان.

رەخنەگرانی تر باسیان لەوە کردووە کە چارەسەری فێمینیستی ژمارەیەک گریمانەی ناورد و جیاکاریی ناڕاست لەخۆدەگرێت، وەک ئەو بیرکردنەوەیە کە پیاوان بەرپرسیارن لە دەستپێکردن و جێبەجێکردن و بەردەوامبوونی توندوتیژی کەسێتی .

••••••••••••••••••••••••••••

**سیمۆن دی بوڤوار**

**ڕابەری فیمینیزمی هاوچەرخ**

**چەند بابەتێك سەبارەت بە ئایدیا و ڕوانگەكانی بوڤوار**

••••••••••••••••••••••••••••

# دی بوڤوار؛
# تێگەیشتن لە ڕەگەزی دووەم

**لە ئینگلیزییەوە: شاسوار كەمال مەحمود**

سیمۆن دی بوڤوار (1946–1986) فەیلەسوفی بوونگەرایی فەڕەنسی، هاوکات وەک ڕووناکبیرێکی گشتی، چالاکوانێکی سیاسیی، تیۆریستێکی فێمێنیست و کۆمەڵایەتی ناسراوە. ئەو خۆی وەک فەیلەسوف نەناسیووە، بەڵام کار و هاوبەشە مەزنەکانی لەبواری بوونگەرایی و فێمێنیستی بوونگەرایی، ئەو دەکەنە فەیلەسوف و فیمێنیستی دیاری سەدەی بیست. نووسینەکانی دی بوڤوار جۆراوجۆرن: ڕۆمان ، وتار ، ژیاننامە ، دەربارەی فەلسەفە، سیاسەت و کێشە کۆمەڵایەتییەکانن.

## فەلسەفەی فێمێنیستی دی بوڤوار

لە کتێبی ڕەگەزی دووەم (The Second Sex) - دی بوڤوار زۆر ڕاشکاوانە دەست بۆ گرفتەکانی ژنان دەبات. سەرەتا باس لە چەمکی ئافرەت بوون دەکات و دەپرسێت ئایا لەڕاستیدا شتێک بوونی هەیە بەناوی ئافرەتەوە؟ ئەگەر هەشبێت، ئایا شتێکی پەسەندە؟ ئایا ڕۆڵی ئافرەت چییە لە جیهاندا و دەبێت ڕۆڵی ئافرەت چی بێت لە جیهاندا؟

دی بوڤوار سەرەتا لەو ڕاستییەوە دەستپێدەکات و پێیوایە (مێ) بوون واتای ئافرەت بوون ناگەیەنێت. هەروەها ئاماژە بەوە دەکات، کە ژنان هەمیشە پێویستیان بەوە هەیە ڕەگەزی خۆیان پێناسە بکەن، لەکاتێکدا پیاوان هەرگیز پێویستیان بەوە نەبووە ڕەگەزی خۆیان بناسێنن. لەم ڕوانگەیەشەوە ڕەگەزی پیاوان هەمیشە وەک ڕەگەزی باوی کۆمەڵگە سەیرکراوە و

هاوتـــاکراوە بە ڕەگەزی مرۆڤـــایەتی. بەتێگەیشـــتنی دی بوڤـوار (نێـر) بـوون لە ڕوانـگەی کـۆمەڵگەوە گرفـت نـیە، بەڵام (مــێ) بــوون بــارێکی تــایبەتە. بـۆ ســەلماندنی ئەم تێگەیشـتنەش ئامـاژە بە بۆچوونەکـانی (ئەرسـتۆ و سـانت تۆمــاس) دەکــات ، کە ئــافرەت وەک ( بــوونێکی نــاتەواو یاخود مرۆڤێکی ناتەواو) وێنا دەکەن.

لەم ڕوانگەیەوە دی بوڤوار دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی، کە چەمکــی (ئــافرەت بــوون) چەمکــێکە لە گۆشـــەنیگای دنیایەکی نێرسالارییەوە پێناسەی بۆ کراوە بەو شێوەیەی، کە پیـاوی حەزی پێیەتـی و ئـارەزووی دەکـات، بـۆیە دی بوڤــوار پێیــوایە، کە چەمکــی ئـــافرەت بــوون نابێــت پـێچەوانەی پیـاوبوون بگەیەنێت ، چـونکە ئـافرەتیش وەک پیاو بوونێکی تەواو و سەربەخۆیە.

مرۆڤایەتی ئاشنایە بە پۆلێنکردنی شتەکان بە پێوەری دوالیزمـی وەک:ڕەســەن و بیـانی ، بـاوەڕدار و بێبـاوەڕ ، چینی باڵا و چینی خوارەوە، بەڵام دی بوڤوار لەگەڵ ئەم پـۆلێنکردنەدا نـیە و پێیـوایە شـتێکی دروسـت نـیە ئەم دوالیـزمیە بـۆ پـۆلێنکردنی نێـوان ڕەگەزەکـان ( نێـرو مـێ) بەکار بهێنرێت.

سـەبارەت بە هۆکـاری باڵادەسـت بـوونی نێرسـالاریش لە کۆمەڵگەکـانی مرۆڤایەتیـدا، دی بوڤـوار ڕەتیـدەکاتەوە، کە ژمارەی پیاوان، یاخود سروشتی ئافرەت هۆکاربن بۆ ئەم باڵادەســتییە. دی بوڤــوار ئامــاژە بــۆ ئەوەدەکــات بەگەڕانــدنەوەیەک بــۆ مێــژوو ئەو ڕاســـتیەمان بــۆ دەردەکەوێت، کە هەمیشـە ژمـارەی ژنـان لە پیـاوان زیـاتر بـووە. سـەبارەت بەوەی، کە سروشـتی ئـافرەت هۆکارێـک

بێت بۆ باڵادەستی پیاوان ، دی بوڤوار  پێیوایە سروشتی شتەکان شتێک نین، کە نەتوانرێت گۆڕانکاریان بەسەردا نەیەت. بۆیە ئەم  هۆکارەش دوورە لە ڕاستییەوە.

بە تێگەیشتنی بوڤوار  باڵادەستی پیاوان و ژێردەستی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ خودی ژنان خۆیان. ئەو پێی وایە ژنان وەک هێزێکی کۆی یەکگرتوو هەوڵ نادەن تا ناسنامەیەکی تایبەت بۆ خۆیان دروست بکەن. بوڤوار ڕایدەگەیەنێت تائێستا بزووتنەوەیەکی ڕاستەقینەی یەکسانیخوازی ژنان بوونی نەبووە لەبەر نەبوونی ئەو یەکێتییەی نێوان ژنان خۆیان.

سەبارەت بەو بۆچوونەش، کە پێیوایە ئافرەتان بەشێکی دانەبڕاون لە پیاوان و ناتوانن بەبێ پیاوان بژین، ئەو دەڵێت ڕاستە ژنان پێویستیان بە پیاوان هەیە ، بەڵام لە هەمانکاتدا پیاوانیش پێویستیان بە ژنان هەیە بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانیان بە تایبەتی تێرکردنی غەریزەی سێکسی.

لە کۆتاییدا بوڤوار  دەڵێت پیاوان لەوەدا سەرکەوتووبوون، کە لە ڕێگەی دابینکردنی پێداویستیە فسیۆلۆژییەکانەوە توانیویانە ئافرەتان کۆنترۆڵ بکەن و ڕۆڵی پاسیڤیان پێ ببەخشن. بۆ ڕزگاربوون لەو بارودۆخەش ئەو پێیوایە ئافرەتان لە ڕێگەی هێزی جەستەیی و دەروونی و ئابوورییەوە ناتوانن بگەنە ئازادی ڕاستەقینە، بەڵکو لە ڕێگەی هێزی یەکگرتووی خۆیانەوە بۆ تێکشکاندنی ئەو دنیایەی پیاوان بۆی دروستکردوون.

## چەمکی جەستە و ئافرەت بوون

لەهەمان کتێبدا ( ڕەگەزی دووەم (The Second Sex-دی بوڤوار سکێچێکی ڕوونمان پیشاندەدات دەربارەی تێگەیشتنی ئافرەت بۆ جەستەی خۆی و بۆ کاری ئۆرگانەکانی جەستەی. هەروەها باس لە کاریگەرییەکانی کۆمەڵگە دەکات بۆ دروستبوونی ئەو تێگەیشتنە.

دی بوڤوار پێیوایە هیچ کەسێک لە دایک نابێت وەک ئەوەی، کە هەیە، بەڵکو بوونمان دەرئەنجامی کۆمەڵێک هەڵبژاردەیە، کە لە ژیانماندا دەیگرینە بەر. کاتێک لەو سەرچاوانەی خۆمان یاخود ئەو سەرچاوانەی کۆمەڵگە بۆی فەراهەمکردووین خۆمان بنیات دەنێین ، ئەوا تەنها بەهاکان دروست ناکەین ، بەڵکو لەو ڕێگەیەوە خۆشمان دروست دەکەین.بوونمان دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانمانە.

سەبارەت بە جەستەی ئافرەت، دی بوڤوار لەڕێگای کۆمەڵێک حاڵەتەوە دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی، کە ئافرەت لە ڕێگەی جەستەی خۆیەوە دەتوانێت تێڕوانینی پۆزەتیڤ، یاخود نێگەتیڤی دەربارەی بوونی خۆی هەبێت. ئافرەت دەتوانێت جەستەی خۆی بەکار بهێنێت بەشێوەیەک، کە وەک بوونێکی ئازاد مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت ، یاخود بەشێوەیەک، کە بچەوسێنرێتەوە. دی بوڤوار پێیوایە هیچ گرفتێک دەربارەی جەستەی ئافرەت بوونی نییە، ئەوەی هەیە پەیوەندی بە تێگەیشتنی ئافرەت خۆیەوە هەیە.ئایا ئافرەت خۆی وەک بابەتێکی ئازاد دەبینێت یاخود وەک شتێکی بینراوی کۆمەڵگە.

به تێگەیشــــتنی دی بوڤــــوار  – کە بیـــرۆکەکەی لە سارتەرەوە وەرگرتووە- ئافرەتبوون شتێکە لە ڕوانگەی پیاوانەوە. چەمکی ئافرەتبوون چەمکێکی نێرانەیە، چونکە هەمیشــە  نێـر ســەیرکەر بــووە و ئـافرەتیش ســەیرکراو، کەواتە مانـای ئـافرەت بـوون مانـایەکە لەلایەن پیـاوانەوە داڕێـژراوە. هەروەهـا سـکپڕبوون و ئۆرگانەکـانی دیـکەی ئافرەت شتێک نین مایەی شـەرم و نەنگی بن بۆ ئـافرەت ئەگەر کۆمەڵگە کۆمەڵگەیەکی تەندروست و کراوە بێت.

بۆ سـەلماندنی بۆچوونەکانیشی دی بوڤوار  ئاماژە بە قۆناغی منداڵی کچان و کوڕان دەکات، کە هەردوو ڕەگەز هەمـان حەز و ئارەزوویـان هەیە و جیـاوازی نێوانیشـیان شــتێکی زۆر ســادەیە. ئەو دەپرســێت بـۆچی دواتــر ئەم جیاوازییە گەورەتر دەبێت و گرنگی زیاتر پەیدا دەکات؟ ئەو دەپرســێت ئەو شــتانە چــین کەوا لەکەســێک دەکەن ببێت بە ئافرەت؟

دی بوڤوار  لەسەر ئەم ئارگومێنتە بەردەوام دەبێت و ئامــاژە بەوە دەکـات، کاتێـک جەسـتەی کـوڕان و کچـان گەشــە دەکـات، کـۆمەڵگە  دوو تێڕوانینـی جیـاوازی هەیە. سـەبارەت بە جەسـتەی کوڕان وەک پرۆسـەیەکی ئاسـایی مــامەڵەی لەگەڵــدا دەکــات، بەڵام ســەبارەت بەجەســتەی کچان زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵدا دەکات.

پیاوان چاو له جەستەی مێ دەبڕن ، سەیری دەکەن وەک بوونێکی سێکس بەخش ، دایک بەردەوام کچەکەی دەربارەی جەستەی ئاگادار دەکاتەوە، کوڕانیش کۆمێنتی سێکسی دەربارەی جەستەی کچان دەدەن...هتد... هەموو ئەمانە وادەکەن ئافرەت ڕقی لەجەستەی خۆی بێت و حەزبکات بوونی نادیار بێت.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم بارودۆخە دەروونییەش دی بوڤوار ژنان هۆشیاردەکاتەوە، کە بەهیچ شێوەیەک هەست بەشەرم نەکەن دەربارەی جەستەی خۆیان، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەست بە فەخر و سەرفرازی بکەن ، چونکە ئەو کۆت و بەندانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە دروستکراوی کۆمەڵگەیە و سروشت لێیان بەرپرس نیە. بەڵگەش بۆ ئەو تێگەیشتنە ئەوەیە: ئایا کاتێک ئافرەتان بەتەنها لەشوێنێک دوور لە پیاوان پیاسە دەکەن و بەناو سروشتدا گەشت دەکەن هەمان هەستیان هەیە؟ لەبەرئەمە پێویستە لەسەر ئافرەتان بەشێوەیەکی ئەرێنی لەجەستەی خۆیان بڕوانن.

هاوکات داواش لە کۆمەڵگە دەکات بواری زیاتر بدات بە نەوەکانی بۆ ئەوەی ئازادی ئافرەت زیاتر گەشە بکات و بەشێوەیەکی تەندروستیش پەروەردەی سێکسی نەوەکانی (نێر و مێ) بکات بۆئەوەی هەردوولا بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش لەیەکدی بڕوانن نەوەک بەشێوەیەکی خۆپەرستانە.

**دی بوڤوار  وەك مرۆڤ**

سیمۆن دی بوڤوار لەخانەوادەیەکی دەوڵەمەندی کاسۆلیک لەدایک بووە. لە قۆناغی منداڵییەوە تا تەمەنی 14 ساڵی منداڵێکی دیندار بووە و حەزی کردووە ببێت بە ڕاهیبە، بەڵام لەتەمەنی 14 ساڵیدا گرفتی باوەڕی بۆ دروستدەبێت و تا دەمرێت وەک کەسێکی بێ باوەڕ دەمێنێتەوە. لەڕووی رۆشنبیریشەوە باوکی کاریگەری گەورەی لەسەری هەبووە.

پاش بەدەستهێنانی بڕوانامەکانی بەکالۆرۆس و دبلۆم لە زانکۆی سۆربۆن فەلسەفە دەخوێنێت. دوای ئەوە بەشداری تاقیکردنەوەی (agrégation) دەکات. ئەو تاقیکردنەوەیە بە یەکێک لە تاقیکردنەوە ئاست بەرزەکان دادەنرێت. هەر لەوکاتەشدا سارتەر دەناسێت و هەردووکیان بەسەرکەوتووی لەو تاقیکردنەوەیە دەردەچن . سارتەر یەکەم دەبێت و دی بوڤوار یش دووەم. لەو کاتەدا دی بوڤوار لاوترین کەس دەبێت، کە ئەو بڕوانامەیە بەدەست بهێنێت.

هەرچەندە سارتەر داوای لێدەکات شووی پێ بکات، بەڵام دی بوڤوار ئەم داوایە ڕەتدەکاتە و لەبری ئەوە پەیوەندییەکی هەمیشەیی لەگەڵ گرێ دەدات لە دەرەوەی سنووری ژن و مێردایەتی. دی بوڤوار قەناعەتی بەشووکردن نەبوو، بۆیە خۆی نەختە ناو ئەو گرێبەستەوە. دی بوڤوار منداڵی نەبوو ، هەروەها هیچ ئیلتیزامێکی ژن مێردایەتی نەبوو ئەمەش کاتێکی باشی بۆ گەڕاندبۆوە بۆ نووسین و بەدەستهێنانی پلەی

ئەکـــادیمی و بەشـــداریکردن لەچـــالاکییە سیاســـیەکان و گەشتکردن بۆ ولاتان.

ســالّی 1931 دەبێتە مامۆسـتای دواناوەنـدی. لەمـاوەی کــاری مامۆســتایەتیدا دی بوڤــوار پەیوەنــدی سێکســی لەگەڵ ژمـــارەیەک لە خوێنـــدکارە کچەکـــانی خۆیـــدا دروستدەکات. هەر لەسەر ئەو کارەشی لە سالّی 1943 دا لەکـــاری مامۆســـتایی دوور دەخـــرێتەوە، بەلاّم ئەو لە نووســینی کــارە فەلســەفی و بوونگەرابییەکــانی بەردەوام دەبێت.

ســالّی 1944 یەکەم وتـاری فەلسـەفی خـۆی بەنـاوی (Pyrrhus et Cinéas) بلاّودەکاتەوە. لەکۆتاییەکانی جەنگی جیهانی دووەمدا لەگەڵ سارتەر و هەندێک لە هاوڕێکانیدا بلاّوکراوەیەکی سیاسیی بەناوی (Les Temps Modernes) بـلاّو دەکەنەوە، تامردنیشـی دی بوڤـوار لەو بلاّوکـراوەیە کاردەکات.

سـالّی 1949 کتێبی (The Second Sex) بلاّودەکاتەوە. سـالّی 1954 کتێبی (The Mandarins) بـلاّو دەکاتەوە، کە بەهـۆی ئەو کتێـبەوە دەبێـتە خـاوەنی بەرزتـرین خەلاّتـی ئەدەبـی فەڕەنسـی (Prix Goncourt.): دوای ئەوەش بەردەوام دەبێـت لەبلاّوکـردنەوەی ڕۆژمێـری گەشـت و سەفەرەکانی.

لەســالّی 1970دا بەشــداری دەکــات لە بــزووتنەوەی ئـازادی ژنـان. سـالّی 1980 کۆمەڵێـک کـورتە چیـرۆک بەنـاوی When Things of the Spirit Come First بلاّودەکاتەوە. سالّی 1981 وتارێک دەربارەی سالّەکانی

کۆتـــایی ژیـــانی ســـارتەر بڵاودەکـــاتەوە. دوای مردنـــی سارتەر، دی بوڤوار  ئەو نامانەی کەسارتەر بۆ ناردبوو بە دەســتکاریکردنەوە بڵاودەکـاتەوە ئەویـش لەبەر ئەوەی نەبنە هۆی ئازاردانی ئەو کەسانەی تا ئەو کاتە لە ژیاندا مابوون.

ســالّی 1986 کـۆچی دوایــی دەکـات و لەدوای خـۆی ئەونامـانەی بـۆ ســارتەر و کەســانی دی نـاردبوو بەبـێ دەستکاری کردن بڵاو دەکرێنەوە.

**سەرچاوەکان:**


1. Wikipedia, the free encyclopedia.
2. http://voices.yahoo.com/the-feminist-philosophy-simone-de-beauvoir- 4990508.html-
3.http://www.philosophynow.org/issues/69/Becoming_A_Woman_Simone_de_Beauvoir_on_Female_Embodiment.

# ڕەگەزی دووەم
## (گفتوگۆ لەگەڵ سیمۆن دی بوڤوار)

**وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە: عەزیز ڕەئوف**

*ئەم چاوپێکەوتنە (جۆن گێراس) لەساڵی 1967 ئەنجامداوە، لەگەڵ فێمینیستی گەورەی فەڕەنسا سیمۆن دی بوڤوار (1906ـ 1986)، سەرجەم چاوپێکەوتنەکە تایبەتە بە قسەکردن لەسەر کتێبە بەناوبانگەکەی، کە بەناوی (ڕەگەزی دووەم Second sex) بوڤوار لە ساڵی (1949) دا نووسیویەتی لەڕاستیدا ئەم کتێبە یەکێکە لە کتێبە دانسقەکانی جیهان.*

***ئەمڕۆ بیست و پێنج ساڵ بەسەر چاپکردنی کتێبەکەت، واتە( ڕەگەزی دووەم)دا تێپەڕیوە. زۆربەی خەڵك بەتایبەتی ئەمریکییەکان پێیانوابوو، بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە، سەرەتای دەستپێکردنی بزووتنەوەی فێمنیستی هاوچەرخ بوو لە جیهاندا.**

**بوڤوار** : لەو بڕوایەدا نیم، چونکە تەووژمی بزووتنەوەی فێمێنیستی پێنج شەش ساڵێک پێش بڵاوبونەوەی کتێبەکەم دەستیپێکرد, دوای ئەمە کاتێک بزووتنەوەکە گەشەی سەند، هەندێک لەسەرکردە فێمنیستییەکان هەندێ خاڵی بنچینەیی کتێبەکەمیان زۆر بەپیرۆزی وەرگرتبوو, بەڵام بە تەنها کتێبی (ڕەگەزی دووەم) نەبووە هۆی هەڵگیرساندنی بزووتنەوەکە، زۆربەی ژنان زۆر چالاک بوون لەشۆڕشەکەدا، کە هێشتا سەرەتای بزووتنەوەی فێمینیستی بوو لە ساڵانی(1949ـ1950). کاتێک کتێبەکەم لەو ساتەدا چاپ و بڵاوکردەوە، کاریگەری زۆری ژنان هەبوو. ئای!

کەدڵخۆش بووم. بەدڵنیاییەوە دوای ئەوە، ژنان کێشەکانی خۆیان لەکتێبەکەمدا بینیوە و چەندین ژنی بەتەمەن نموونەی (Betty Friedab) کتێبی ( the Feuainine my stique)ی نوسی و تەرخانیکردبوو بە قسەکردنی کتێبەکەی من و زۆر لەژێر کاریگەری بۆچوونەکانی مندا بوون, بەڵام ژنانی تر زۆر نا، بۆنموونە (Kate Millet) تەنها پشت بەزانیاریەکانی خۆی دەبەستێت لەسەر فێمینیزم.

ئەوان بوون بەفێمینیست لەسەر ئەو بۆچوونانەی، کە لە ڕەگەزی دووەمدا باسمکردووە، ئەوان هەڵگری ئەو بۆچوونانەش بوون، کە پشتیان بەشارەزایی خۆیان دەبەست لەژیانی ڕۆژانەیاندا.

***تۆ وتت هۆشیاری فێمێنیستی خودی خۆت لەو شارەزاییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لە ڕەگەزی دووەمدا دەرتبڕیووە، چۆن وبەچ شێوەیەك؟ تۆ گەشەکردنی بزووتنەوەی فێمێنیستی چۆن دەبینی دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکەت بەتایبەت سەبارەت بە گەشەکردنی بیرۆکەی فێمینیزم لای خودی خۆت؟**

**بوڤوار** : دوای نووسینی ڕەگەزی دووەم، من بۆیەکەمجار هۆشیاربوومەوە، بەوەی، کە هەستمکرد سەرکردایەتی ژیانێکی هەڵە دەکەم. زیاتر لەوەمن تاڕادەیەک توانیم خوێندنەوە بۆ کۆمەڵگەی باوک سالاری

بکەم و زانیارمەندبم لەو بارەیەوە. من هەستمکرد دەتوانم ئەوی دی (پیاو) بخوێنمەوە تەنانەت ژیانی هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕەگەزی پیـــاودا، بێگومـــان مـــن تـــاڕادەیەکی زۆر ســـەرکەوتووبوم. مـــن هەڵگـــری ئەو بۆچـــوونە بـــووم، کە دەکرێ ژنان و پیاوان یەکسان بن (ئەگەر ژنان بیانەوێ یەکســان بـن)، بەمانـایەکیتر مـن ڕۆشـنبیربووم بەچەمکـی فێمینیزم. من چانسی ئەوەم هەبوو، کەبێمە نـاو تاکەکانی کــۆمەڵگەوە، بەتـــایبەتی چینـــی ناوەنـــد (Middle class) بـۆئەوەی بتـوانم بچـمە نـاو ژیـانی پیـاوانەوە، بەبـێ هـیچ کۆســـــپ و تەگەرەیەک. مــــن وام نیشـــــاندا، کەدەتــــوانم گفتوگۆیەک بکەم، لەسـەر فەلسـەفە و هـونەر و ئەدەب و.. هتـد، تـا ڕادەیەکـیش تـوانیم ژنێتـی (womanhood)ی خـۆم بپارێزم و زیـاتر بەهێزبووم بەوەی، کە دەتـوانم بەردەوام بـم، تەنـانەت بتـوانم وەک ئافرەتێـک سـەفەر بـکەم، گەر ئـــارەزوم بێـــت، یـــاخود وەکـــو نوســـەرێکی پیـــاو لە چایخانەیەک دابنیشـم و وەک ئەوان قسـە لەسـەر شـتەکان بکەم. من هەوڵمـدەدا، کە ببم بە بەشـداریکارێک لە (ژیـان لەگەڵ ئەوانـــی دیـــدا). لە نووســـینی ڕەگەزی دووەمـــدا فێربـــووم، کە ململانـــێ (struggle) بـــکەم، هەرچەنـــدە بەو حەقـیقەتەش گەیشـتم، کە زۆریـنەی ژنـان هەڵگـری ئەو بیروبـــاوەڕە نەبـــوون، کە مـــن هەڵگـــری بـــووم، ڕەنـــگە تاڕادەیەکیش ناحەقی ئەوە نەگرم، چونکە کارکردنی ژنـان

ئـــــازادی ئەوانـــــی کەمکـــــردوەتەوە بۆبەشـــــداریکردن لەبــزووتنەوەی ژنانــدا. ژنــان دەیــانزانی، کە هەنــدێجار مێردەکانیـــان ڕێگـــرن لەبەردەم قەرارەکانیانـــدا. ئەمەش لەبەرئەوەبـوو، کە وەزیـفەی ژنـان ، تەنها کـارکردن بـوو لەماڵـدا، بەهەر شـێوەیەکی تربێـت، هەمـووئەو کۆسـپانە هۆکـاربوون، بـۆئەوەی بەشـداری بزووتنەوەکـان نەکەن. ئەوەی کەمـاییەی دڵخۆشـییە، کە هەنـدێک بـزووتنەوەی ژنــان ئەبیـنم، دڵنیـام گەورەتـرین دەسـکەووتی دەبێـت، سەبارەت بە بڕیاردانی ژن و ئازادی ژنان.. هتد، کە ڕەنگە لە ئایندەدا زیاتر هەست بەو ڕاستییە بکەین.

***بەڵام ئەو هۆشیارییەی، کە تۆ باسی دەکەیت، لەبـارەی ژنانەوە شتێکی سنوردارە ، بەتایبەت ژنـانی چەپڕەو(leftist) ، واتە ئەوە نـوخبەیەکی ژنـانە، کە بەشـداری لە بڕیارەکـانی کۆمەڵگەدا دەکەن؟.**

**بوڤـوار** : بەڵـێ بێگومـان، تەنـانەت دەکـرێ ئەوانە پاشـماوەی محافزکارەکـانبن و بیـانەوێ پارێزگـاری لەوەبـکەن، کە هەیـانە. ژنـانی محافزکـار، ئەوانەی سـەربەباڵی ڕاسـتڕەوەکانن، نـاتوانن شـۆڕش بکەن، ئەوان دایکان و ژنانی ناوماڵن، پابەندن بەفەرمانەکانی پیاوانەوە, بەڵام گەربیـانەوێ دەتـوانن بگـۆڕێن و فێـربن، کە ئەوان کـێن و بەشـداری هەڵبـژاردن بـکەن و نوێنەریـان بچێـتە

پەرلەمان و ژنان هەڵبژێرن بۆسەرۆک، بەڵام ڕەنگە ئەوان زۆرفەنــدامێنتاڵیانە بیــربکەنەوە و ڕەنــگە بە تەواوی لە چەمکی یەکسانی تێنەگەیشتبن.

کاپیتــالیزم تــوانی ژنــان والێبکــات، کە بەشــداری بــزووتنەوەی چەکــداری بــکەن, وای لە ژنــان کــرد، کە بەشداری هێزی سیاسیی بکەن، سۆسیالیزم دەتوانێ ڕێگە بە ژنــان بــدات، کەبــبن بە ســکرتێری گشــتی پــارتە سیاســییەکان، ئەوانە تەنهــا ڕیفــۆرمن وەک ئاسایشــی کــۆمەڵایەتی، یــاخود پڕکــردنەوەی بۆشــاییەک بەڵام پرســیاری ســەرەکی ئەوەیە، ئایــا بە دامەزراوەکــردن، دەتوانێ ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە، سەبارەت بەنایەکسانی لەســەردەمی کاپیتــالیزم دا؟ ئایــا مــافی ژن وەک کرێکــار لەکارگەکاندا و مووچەی یەکسان لەگەڵ پیاودا پێوەربێت بۆ گۆڕانی عەقڵی پیاو سالاری، لە کۆمەڵگەی ئەڵماندا)؟

بەڵام گـۆڕانی ســەرجەم ئەو بەهاوسیســتەمانە لەهەر کۆمەڵگەیەکدا بێت, تێکشـکاندنی چەمکـی دایکـایەتییە، کە ئەوەش بۆخــۆی شۆڕشــێکە. فێمێنیســـتێک گەربەوە ناوزەندبکرێت، یان دەکرێ ناساندنێک هەبێت بۆ چەمکی چەپڕەو, ژنی چەپڕەو ئەوکەسەیە، کە ململانێ دەکات بۆ مافە یەکسانییەکانی، بۆ ئەو مافانەی، کە ڕۆڵی گرنگ لە ژیانی ژندا دیاریدەکات, هیچ نەبێت ژن بتوانێ گوزارش لە خۆی بکات وەک هەر پیاوێک، لەبەرئەوەی پابەندبوون بە

شۆڕش (یەکسانی ڕەگەزەکان) داواکاریەکە بۆ یەکسانی چینەکـان (class equality)، لەبەرئەوە شۆڕشـی ڕەگەزی یەکسـانە، بە شۆڕشـی چینەکـان، بەڵام نـاتوانن ململانێـی چینەکـان بەململانێی ڕەگەزی ناوزەنـد بکەیـن، کە ڕەنـگە لەنـاو چینەکانـدا ململانێـی ئـابووریش لەئـارادا هەبێـت، لەبەرئەوە فێمێنیسـتەکان ئەوانەن، کە جـورئەتێکی چەپڕەوانەیان هەیە, لە ڕاستیدا ئەوان ئەو چەپڕەوانە نین، کە بەشێوەیەکی تەقلیدی، لەچەپڕەوی سیاسیی دەڕوانین، فێمێنیسـتی چەپـڕەو مەبەسـتم یـاخیبوونە بەمانـا ڕادیکاڵییەکەی.

***بەڵام لەهەمانکاتدا شۆڕشی ڕەگەزی، تەنها لە خەبـاتی چەپڕەوەکانـدا تێببـڕوانین، وەك باسـتکرد بـریتییە لە ململانێـی ڕەگەزی، کە بەلای کەمەوە شۆڕشـێکی کـاتییە، جیـاواز لەکایەکـانی تـر. ئایـا شۆڕشـی فێمێنیسـتییەکانی بچووککردنەوەی مانا ڕاستەقینەکەی (چەپڕەو) نیە، سـەبارەت بەبزووتنەوەی ژنان لە هەرکوێیەك بن؟**

**بوڤوار** : نەخێر ئەوە خەبـاتێکی درێژخـایەنە، کە تەنها چەپڕەوەکان دەتوانن بەرجەستەی بکەن. لەبەریەک شت، ئەوەش ململانێـی بـێ چەنـدوچوونی چەپڕەوەکـانە, بـۆ نمـوونە سـەیری ڕۆژنامەکـان بـکە، هەسـتی پیـاوان

بەرامبەر مافەکانمان وایکردوە، کە لە کۆمەڵگەیەکی باوک سالاری دا ژنان ببن بە بەڕێوەبەر, ئەوە خۆی بۆ خۆی پێشکەوتنە, پیاوانیش ناچارن لەو گۆڕانکارییە بڕوانن، کە ژنان بە خۆیانەوە دەیبینین

**سەرچاوە**/ ئینتەرنێت

WWW.LONG.SOTON.AC

# سیمۆن دی بوڤوار و
# بزووتنەوەی ژنان

**کلۆدیەن مونتی**

**لە فارسییەوە: ڕێباز مستەفا**

کلۆدیەن مونتی ١٩٤٩ لەپاریس چاوی بەدنیا هەڵێناوە. دایکی، ژوسین سێر، کیمیازان و باوکیشی ژان پیر سێر، بیرکاریزان بوو. کلۆدیەن لەتەمەنی گەنجیدا پەیوەستی بزووتنەوەی ژنان فەرەنسا بوو، هەر لەسەرەتاوە پەیوەندییەکی دڵسۆزانەی لەگەڵ سیمۆن دی بوڤوار و خوشکە نیگارکێشەکەی واتە هێلین سیمۆن دی بوڤوار و ژان پۆل سارتەر دروستکرد، کە تا مردن هەر بەردەوام بوو. ئەو خاوەنی بەڵگەنامەی دکتۆرا لەڕشتەی "لێکۆڵینەوە لەژیان و بەرهەمەکانی سیمۆن دی بوڤوار" لەزانکۆی نیس و ئەندامی ئەنجومەنی سیمۆن دی بوڤوارە. لەکتێبەکانی کلۆدیەن مونتی دەتوانین ئاماژە بەخوشکانی دی بوڤوار، سیمۆن دی بوڤوار و بزووتنەوەی ژنان: بیرەوەریەکانی کچێکی شۆڕشگێڕ و ئەویندارى ئازادی: سارتەر و دی بوڤوار بکەین.

ئەم وتارەی خوارەوە لەو ڕووەوە گرنگە، کە یەکێکە لەگێڕانەوە دەگمەن و ئۆرجیناڵەکانی بەشداریی سیمۆن دی بوڤوار لە چالاکیە زانستی و ڕۆشنبیریەکانی بزووتنەوەی ژنان و کاردانەوە و کاریگەریی تیۆری و زانستیی ئەو لەسەرهەڵدان و چەکەرەکردنی ئەو بزووتنەوەیە لەفەرەنسا و لە جیهان).

## سیمۆن دی بوڤوار و بزووتنەوەی ژنان
### گێڕانەوەی شایەتحاڵێك

مـــن هەر لەڕۆژەکـــانی ســـەرەتای ژیـــانم، منـــداڵێکی ڕەگەزی دووەم بـــووم. ســـاڵی ١٩٤٦، جەنگـــی دووەمـــی جیهـــانی تـــازە کۆتـــایی هـــاتبوو، فەڕەنســـا خەریکـــی سـارێژکردنی برینەکـانی بـوو، کە لەئەنجـامی داگیرکـاریی نازیەکـان تووشـی ببوو، دایکـم بڕیاریـدا لە کیمیا کوانتـۆم بخوێنێت و ببێتە مامۆسـتای کیمیـا لە زانکـۆی سـۆربۆن. بەڵام چـــونکە ئەوکـــات هاوســـەری بیرکاریزانێـــک بـــوو، هەندێک لە هاوکارانی باوکم ئامۆژگاریان کرد، کە واز لەو ڕشتەیە بێنێت و ژیانی خۆی بۆ "ئەو پیـاوە، کە بۆی هەیە ببێتە زانایەکی بەناوبانگ لەو خێزانە" تەرخان بکات.

ئەو گـــــوێی نەدایە ئەو ئامۆژگاریـــــانە و درێـــــژەی بەخوێنـدنەکەی خۆیـدا. لە١٩٤٩ڕۆژێـک لەڤیترینـی کتێـب فرۆشـێیک چـاوی بەکتێبێـک کەوت، کە بووبـووە مـاییەی بـــاس و هەرایەکـــی زۆری نـــابووەوە. چـــووە نێـــو کتێـــب فرۆشیەکە و دانەیەک لەکتێبی (ڕەگەزی دووەم)ی کڕی و لەکاتێکـدا، کە دووگیـان بـوو منـی لەسـکدا بـوو، دەسـتی بەخوێندنەوەی کتێبەکە کرد. کتێبەکە تەکاندەرانە بوو و ئەو ئیدی تەنیا نەبوو. لەوساتە بەدواوە دەیزانی هەستێکی ڕاست و درووستی هەبووە و، توانـای بەدەسـتهێنانی هێز و وزەی پێویسـت بـۆ بەرەنگـاری و نەک هەر تەنهـا بـۆ بوون بەمامۆستای کیمیا بەڵکو توانای بوون بە یەکێک لە باشترین سەرکردە ژنەکانی زانکۆ لەفەرەنسا هەیە.

لەو مانگەی، کە منی هێنایە دنیا، بەشی دووەمی کتێبی ڕەگەزی دووەم لەنێـــــو هەرا و مشــــــتوومڕی ئەو سیاسـەتمەدار و نووسـەرانە بڵاوبووەوە، کە نەیاندەتوانی بەرگەی بگـرن. بەڵام بەهـۆی ئەو کتێـبە دایکـم توانـا و ورەیەکـی مەزنـی بەدەسـتهێنا. ئەو منیشـی فێرکـرد، کە شوێنپێی ئەو هەڵبگرم.

بیسـت سـاڵ دواتـر لە 1968، مـن لەپشـت دەرگـای خـانووی ژمـارە ١١ی شـەقامی شلوسـتەر، لە نزیـک گۆڕستانی مونپارناس ڕاوەستابووم و پەنجەم خستبووە سەر زەنگی دەرگای ماڵی سیمۆن دی بوڤوار. کاتێک، کە ئەو دەرگـای کـردەوە، بەهـیچ شـێوەیەک بیـرم لەوە نەدەکردەوە، کە چەندین و چەندینجار بگەڕێمەوە ئەو ماڵە و تا دوا ساتەکانی ژیانی دۆست و هاوڕێی ئەو بم .

**ئایاری 1968**

لەنێـوان سـاڵانی 1949 و 1968 بە دەگمەن بـاس لە مـافی ژنـان لەکـۆمەڵگەی فەرەنسـا دەکـرا. کـار و هەنگاوەکـانی دامەزراوەی ئاژانسـی ڕێکخسـتنی خێـزان تەنهـا ڕووکەش و پشـگیریکردن بـوو. زۆربەی خوێنـدنگاکان تێکەڵاونەبـوون و بەدەسـتهێنانی پۆسـت و کارە گرنگەکان بۆ ژنان لەبازرگانی، یاسا، ئەندازیاری و بـوارە زانسـتی و تەکنەلۆژیەکـان و هەڵـبەتە کـاری سیاسـەتکردن زۆر سـەختبوو. تەنهـا ئەو کـارانەی، کە ئەوان دەیـانتوانی ئومێدی بەدەستهێنانیان هەبێت، کـاری مامۆسـتایی، پەرسـتاری یـان کـاری بەردەسـتی و نووسینگەیی بوو .

سـالّی ١٩٦٨ کرێکـاران لەسەرتاسـەری فەرەنسـا بـۆ داکـۆکیکردن لەبـزووتنەوەی خوێنـدکاران دژ بەڕۆتـین و بیروکراتیـی دەوڵەت دەسـتیان بە مـانگرتنێکی فراوانکـرد. وڵات نـزیکەی مانگێـک ئیفلـیچ بـوو. هەر سـێ ڕێـبەری گرنگی ئەو بزووتنەوەیە پیاوبوون. لەو مانگە دا هـیچکەس گـــوێی لەدەنگـــی لنێـــک نەبـــوو، بەڵام چـــونکە لەو کەشـــوهەوایەدا پیـــاوان بـــۆ ئەوەی یەکـــدی بناســـن لەشەقامەکاندا لەگەڵ یەک دەدوان ژنانیش بەدوای ئەواندا ئەو هەڵەیـان قۆسـتەوە بـۆ باسـکردن لەخەم و ئـێش و ئارەزووەکانیان لە جیهاندا.

چـــونکە بـــزووتنەوەی ئاریـــاری 1968 زیـــاتر لەخوێندکارانی گەنج پێکهاتبوو، دەنگی سیمۆن دی بوڤوار لەو ڕۆژە هەستیارانە دا بەرگوێ نەدەکەوت. هەوەک ئەو لەبەرگـی چـوارەمی بیرەوەریەکـانی واتە (لێپرسـینەوە) دەڵێـت، ئەو و سـارتەر زیـاتر چـاودێری ڕووداوەکانیـان دەکرد، هەرچەندە بە تەواوی چێژیان لەو جۆش‌و خرۆش و چـــالاکیەی ڕێبەرانـــی گەنـــج وەردەگـــرت. بەڵام بێدەنگبوونی ئەو درێژەی کێشا. سەرەنجام ژنان دەستیان بەقسە کرد. ساڵێک دواتر، قسەو لێدوانەکانیان ڕەهەندی گشـتیان وەرگـرت و سـیمۆن دی بوڤـوار کە لەکـاتی بڵاوبوونەوەی کتێبی ڕەگەزی دووەمەوە، زۆر کەم باسـی پرسـی ژنـانی کردبـوو، ئەمجـارە بەفراوانـی و گشـتگیرانە دەسـتی بەقسـەکردن لەو بـارەیەوە کـرد تـا مـردیش هەر بەردەوام بوو.

**بزوتنەوەی ژنان**

بـزوتنەوەی ژنـان لە فەرەنسـا لە1969، سـاڵێک دوای ڕووداوەکانی ئایاری ١٩٦٨، دروستبوو. ٢٦ی ئابی ١٩٦٩، هەشـــت ژن خۆیـــان گەیانـــدە تـــاقی ســـەرکەوتن تـــاکو چەپکەگوڵ دابنێنە سەر "گڵکۆی هاوسەری سەربازی ون". ئەم بوویەرە بووە مـاییەی ئاشـوبێک لەنێو سـەربازان و میدیاکانی فەڕەنسـای سەرسام کرد. بزووتنەوەی ژنـانی فەڕەنسا ئیدی لەدایک ببوو.

دیـــو مانـــگ دواتـــر، ژنـــان داوایـــان لەســـیمۆن دی بوڤوارکرد تا لەکەمپینێکدا بۆ نارەزایەتی بەرامبەر یاسـای سزادانی  لەباربردنی کۆرپەلە لەلایەن سیستمی دادوەری فەڕەنسـا پشـتیوانیان لێبکات. ئەو قبـوڵیکرد. لەوە بەدواوە هەمـوو کۆبوونەوەکانی گرووپـی هەمـاهەنگی بزووتنەوە، هەموو دوانیوەڕۆی ڕۆژانی یەکشەممە لەئاپارتمانی ئەودا بەڕێوە دەچوو.

مـن سـێ مانـگ دوای ڕووداوەکـانی ئـاب پەیوەنـدیم بەبزووتنەوەی ژنانەوە کرد. منیش وەکو زۆربەی ژنـانی دیکە لەبزووتنەوەی ئایاری 1968 هاوکاری ئەو گرووپە خوێنـدکاریانەم دەکـرد، کە ژنانیـان تەنهـا وەک مەنشـی و بەردەسـت تەماشـا دەکـرد. مـن وتـاری پیـاوانێکم تایـپ دەکرد، کە لەهەوڵی گۆڕین و بێگومان باشترکردنی جیهان بـوون. ئەو پیـاوانە ڕێگەیـان بەمـن نەدەدا، کە لەبـابەتە سیاسیەکاندا بەشداری بکەم. بۆیە دوای مـاوەیەک منیش وەک زۆر لەژنـــــانی دیـــــکە لەو بـــــایەخپێنەدان و

پشتگوێخستنەی ئەوان ماندوبووم و بۆ پەیوەستبوون بەبزووتنەوەی ژنان، گرووپی خوێندکارانم جێهێلا.

کاتێک، کە ڕیزی ئەوانم جێدەهێلا پێیانگوتم، کە بزووتنەوەی ژنان بێهوودە و هەنگاوێکی گەمژانەیە. ئەوان داناییان دەدایە من، کە دوای گەیشتنی پیاوان بەدنیایەکی باشتر، پێگەو ژیانی ژنانیش خۆی لەخۆیدا باش دەبێت. پێمگوتن نامانەوێت چاوەڕێی ئایندەیەک بین، کە دڵنیانین لەماوەی ژیانی خۆماندا بەدەستی بێنین. ئێمە خوازیاری هەنگاوی خێرا بووین. سیمۆن دی بوڤواریش هەمان ئەو هەستەی هەبووو ئەو پرسەی لەکتێبی لێپرسینەوەدا شیکردۆتەوە

گرووپێکی بچووکی ژنان، نزیکی٦ تا 8 کەس، هەموو ڕۆژانی یەکشەممە کاتژمێری ٥ی دووانیوەڕۆ لە ئاپارتمانی سیمۆن دی بوڤوار کۆدەبووینەوە. یەکەمینجار، کە چوومە ئەویَ، پێموابوو لەکاتی خۆیدا گەیشتووم، بەڵام کاتێک دەرگام کردەوە، نیگای تێبڕیم و گووتی "درەنگ کەوتوویت!" ڕەفتارەکەی بۆ کچێکی ٢٣ ساڵە، گەنجترین ئەندامی گرووپ و کەسێک، کە لە مێرمنداڵیەوەلایەداری ئەو بووە، ترسناک بوو ساڵی ١٩٧٠، سیمۆن دی بوڤوار تەمەنی ٦٢ ساڵە بوو دەتوانی نەنکی من بێت.

کاتێک چوومە نێو ئاپارتمانەکەی ئەو، تێگەیشتم، کە بۆچی ڕەخنەی لێگرتم. لەبەردەم کاناپەکەدا کاتژمێرێکی بچووک داندرابوو، کە دروست دە خولەک لەپێش بوو.. بۆ ماوەی ١٦ ساڵ کۆبوونەوەی تاقەتپڕوکێن، بەڵام پڕ

جۆش و خرۆشی ئێمە دروست لە سەری کاتژمێری 6,55 خولەک کۆتایی دەهات!

ڕووداوێکی سەیتری دیکەش ڕوویدا. پێمواببوو زۆرترین کات گوێ لەسیمۆن دی بوڤوار دەگرین، بەڵام لەڕاستیدا هەرگیز وانەبوو، ئەو دوای قسەکردن لەگەڵ یەکێک لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی ژنان، سەیرێکی منیکردی گووتی"تۆ پێتوایە دەبێت بۆ گشتاندنی پرسی لەباربردنی کۆرپەلە چیبکەین؟"من پێشنازی ئەوەم کرد، کە کارێک بکەین، کە میدیاکان ناچاربکەین دەستەواژەی "لەباربردن" بەکار بێنن.

لەفەرەنسا بەکارهێنانی دەستەواژەی "لەباربردن" تابۆ بوو. من خۆشم لەگەڵ ئەوەدا سەر بەخێزانێکی خوێندەوار و لیبراڵ بووم، مەگەر بەدەگمەن دەنا گوێم لەو وشەیە نەببوو. دەتوانم بڵێم هیچکات ئەو دەستەواژەیەم لەمیدیاکاندا نەبینیبوو یان نەمبیستبوو کەسێک لە کەسوکارەکانم شتێکی لەبارەوە بڵێن. لەدەیەی ١٩٧٠ فەرەنسا هێشتا وڵاتێکی زۆر کاسۆلیک بوو، بۆیە کەس زاتی ئەوەی نەدەکرد باسی ئەو پرسە بکات. تەنانەت ساڵی 1943 دەوڵەت "ویشی"ی ئەو ژنەی، کە بەنایاسایی کۆرپەلەی لەباربردبوو بەمەرگ سزا دابوو. لەگەڵ ئەوەشدا لە دەیەی ١٩٦٠و ١٩٧٠دا ژمارەیەکی زۆر لەباربردنی نایاسایی لەفەرەنسا ئەنجامدران، کە بوونە مایەی کەمئەندامبوون یان مەرگی ژنان.

لەیەکشەممەی یەکەم، کە چوومە کۆبوونەوەی ماڵی سیمۆن دی بوڤوار، بڕیارماندا بەیاننامەیەک بنووسین و

تێیـدا ڕاییبگەیەنـین، کە ئـێمە لەباربردنمـان کـردووە. ئەم بیرۆکەیەمـان لە"بەیاننـامەی١٤١" وەرگـرت کە بەدرێژایـی نەبەردی سەربەخۆیی جەزائیر بڵاوکرابووەوە. دەمـانزانی دەبێت کەسانی ناودار و جێی ڕێز و خۆشەویستی خەڵک بدۆزینەوە، کە کەمپینەکە واژۆ بکەن. ٣٤٣ ژن، لەنێویانـدا هونەرمەنـدانی بەناوبـانگی وەک کـاترین دینۆڤـو دلفـین سـێیریگ، واژۆیـان کـرد. منـیش ئەگەرچـی هەرگیـز لەباربردنم نەکردبوو بەیاننامەکەم واژۆ کرد .

هێشتا بەشە قورسەکەی کارەکە مابوو. کام ڕۆژنامە بەیاننـامەکە چاپ دەکات؟ لۆمۆنـد بەدڵنیـاییەوە ئەم کـارە ناکـات، چـونکە ڕۆژنـامە نوسـەکانی لۆمۆنـد لەکاسـۆلیکە هەرە سەرسـەختەکان بـوون و بەهیچشـێوەیەک لایەنگری (مافی دەنگدان) نەبوون. تەنها گۆڤارەکانی ئێکسـپرێس و نوڤـڵ ئبسـتراتور ئامـادەیی هاوکاریکردنیـان هەبـوو. سـەرەنجام لەگەڵ نوڤـڵ ئبسـتراتور ڕێککەوتـین. هەڵـبەتە ئەوان لەڕاگرتنـی ئەو ژمـارەیە لەلایەن وەزارەتـی نـاوخۆ دەترسان، لەگەڵ ئەوەشدا بەڵێنیـان پێدایـن، کە بەیاننـامەکە لەسـەر بەرگـی گۆڤارەکەیـان و بەمانشـێتی سـەرەکی سەربەرگ چاپ بکەن.

بۆچوونەکـانی ئـێمە تەواو دەرچـوون. لەڕۆژی ٤ی نیسـانی ١٩٧١ هەرایەک بەرپـابوو نەبێتەوە. بۆ یەکمجـار لەمێـژووی فەرەنسـا، ڕادیـۆ، تەلەفزیـۆن و ڕۆژنامەکـان چەندین و چەندینجار دەستەواژەی "لەباربردن" یان بەکار هێنا. بەر لەوەی دەرفەتێکمان بۆ هەڵسەنگاندنی پاشهات و کـاردانەوەی ئەو کـارە هەبێـت، دەستپێشـخەریەکەمان

سـەرکەوتنێکی گەورەی لێـکەوتەوە. لەگەڵ ئەوەشـدا هەنـدێک لەوانەی بەیاننامەکەیـان واژۆ کردبـوو ڕووبەڕووی کێشـە و گرفـت بـوونەوە و کلێسـا دەوڵەت تووڕەبـوو. سـیمۆن دی بوڤـوار، کە لە1970 بەدواوە لێـدوانەکانی لەبـارەی بـرەودان بەئەندیشـە و هـزری فێمێنیستی سنووردار کردبوو، قبوڵی کرد، کە لەگەڵ نوڤڵ ئبسـتراتوردا چـاوپێکەوتن بکـات و پاسـاو هۆکارەکـانی بەیاننامەکە ڕوونبکاتەوە .

لە دوانیـوەڕۆی شـەممەی ٢٠ی مـانگی نـۆڤەمبەری ١٩٧١، ئـێمە خۆپیشـاندانێکی گەورەمـان بەڕێخسـت، کە هاوکـاتبوو لەگەڵ خۆپیشـاندانی فێمینیسـتی بـۆ مـافی دەنگدان لەسەرتاسەری جیهان. بۆ یەکەمینجار کەسانێک، کە ئەندامی گرووپەکەمان نەبوون هـاتنە ڕیزەکانمانەوە و میـدیاکان گرنگیێکـی باشـیان پێـدان. سـیمۆن دی بوڤـوار لەکتێبـی لێپرسـینەوە ئەمە بە"جەژنێکـی شـادی برایـانە" ناوزەد دەکات.

هەوڵدانی ئێمە بۆ بەیاسـاییکردنی لەباربردن دەرفەتـی ئەوەی پێدان لەڕەوشـی ئەو ژنـانە بکۆڵینەوە، کە توانـای لەباربردنیـان نەبـوو. زۆربەی ئەو ژنـانە، کچـۆڵەی سـتەملێکراو بـوون. هەنـدێکیان ئەوانە بـوون، کە لەلایەن باوکـان یـان مامەکانیـان یـان خاڵەکانیـان یـان دۆسـتانی خێزانەکانیـان دەسـتدرێژیان کرابـووە سـەر. لەبەرئەوەی هەژاربـوون نەیانـدەتوانی لەکلینیکێکـی گونجـاو لەبـاربردن ئەنجام بدەن. ئەوانەیـان یەکسـەر لەخوێندنگە دەردەکردن و مـافی ئەوەیـان نەبـوو دوای ئەوەی منداڵەکەیان هێنـایە

دنیا بگەڕێنەوە بەر خوێندن. بەمشێوەیە لەهەموو مافی درێـــژەدان بەخوێنـــدن بێـــبەش دەکـــران. زۆربەی خێزانەکانیان ناچاریان دەکردن لەماڵ نەمێنن و دەریان دەکـردن، بەڵام ئەوانە دەیـانتوانی بچـنە کـویێ؟ تەنهـا شـوێنێک، کە پەنایـان بـۆ دەبـرد ئەو "ماڵەنـابوون، کە دەوڵەتی فەڕەنسا بۆ دایکانی سەڵت دروستیکردبوون، ئەو ماڵانە شوێنێکی ئەوەندە سارد و سەخت بوون، کە وەک تاوانبار سەیری ئەو کچۆڵانەیان دەکرد .

ڕۆژێـک سـیمۆن دی بوڤـوار بەیەکێـک لەو مـاڵانە لە"پلوسـی روبنسـن"، شـارێکی نزیـک پـاریس، تێدەپەڕی، لەوێ لەوە ئاگادار بووەوە، کە لەو ماڵانەدا کچەکان تەنها فێـری بەرگـدووری، چنـین و چێشـتلێنان دەکـرێن، ئەوانە لەخەوگـــایەکی گەورە لەســـەر تەخـــتەخەوی بچـــووک دەخەوێندرێن. لەبەرئەوەی دووگیان بوون خەوتن لەسەر ئەو تەخـتەخەوە بچووکـانە بـۆ ئەوان زۆر سـەخت بـوو. لەڕۆژانی شـەممە و تەنها بۆ ماوەی دوو کاتژمێر بۆیان هەبـوو بچـنە دەرەوە. دەبـوا دووکەس دووکەس بچـنە دووکانەکانی ئەو شارۆچکە بچووکە. چونکە هەر یەکسەر دەناســرانەوە، خەڵکــی لەشــەقامەکاندا ئازاریــان دەدان، گاڵتەیان پێدەکردن و نقورچیان لەسکیان دەدان.

دوای هەوڵ و تێکۆشانێکی ماندوونەناسانە و چەندین خۆپیشـاندان و دەرگیربـوون و بگـرەو بەردەیەکـی زۆر، ســـەرەنجام پەرلەمـــان یاســـای دژی لەبـــاربردنی هەڵوەشـاندەوە و ئەنجـومەنی ئـێمە تـوانی سـەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بێنێت.

ئیدی کاتی ئەوەبوو بەپیر کێشەگەلی دیکەی وەک دەستدرێژیکردن، لاقەکردنی کەسانی مەحرەم، هەقدەستی نابەرمبەر و لێدانی ژنانەوە بچین. لەو سەروبەندەبوو، کە سیمۆن دی بوڤوار کۆمەڵەی مافەکانی ژنانی پێکهینا و ئەو دەرفەتەی بۆ ئێمە ڕەخساند بابەت بۆ بڵاوکراوەی "سەردەمی نوێ" کە لەساڵی ١٩٤٥ لەگەڵ سارتەر دەریدەکرد بنووسین. ئێمە ژمارەیەکی تایبەت بەژنانیشمان ئامادەکرد، کە بەخێرایی فرۆشرا. لەپێشەکی ئەو ژمارەیەدا سیمۆن دی بوڤوار ئامۆژگاری دایە ژنان، کە ئەگەر ڕەوشەکەش باشتربوو هەستیاریی خۆیان بەرامبەر بە مافی ژنان لەدەست نەدەن.

**•ماڵئاوایی**

لەوکاتە، سیمۆن دی بوڤوار داوای لێکردم بۆ سەردانی هێلینی خوشکی بچمە ئەو گوندەی، کە ئەوی لێدەژیا و نزیک ئەستراسبورگ بوو. هێلین لەوێ زۆر سەرقاڵی کاروباری بزووتنەوەی ژنان بوو بە سەرۆکی سەنتەری ژنانی ئازاردراو هەڵبژێردرابوو. زۆربەی نیگارەکانی ئەو تایبەت بوون بە پرسی ژنان و نیشاندەری تێڕوانی هاوبەشی ئەو و سیمۆن بوو. ناوبراو تا تەمەنی هەشتاوپێنج ساڵی هەر درێژەی بە نیگارکێشی دا. سیمۆن لە یەکێک لەدیدارەکانی بەخوشکەکەی گوتبوو "خۆش بەحاڵت، کە هێشتاش دەتوانی نیگار بکێشیت. من ئیدی مەیلێک بۆ نووسینی کتێب نەماوە. ئیدی هیوام نەماوە بڵێم نیگارکێش هەمیشە شتێکی بۆ گوتن پێیە."

ئەودەمەی، کە لە 1970 سـەرم لە سـیمۆن دی بوڤـوار دا، ڕەوشـی تەندروسـتی سـارتەر ڕووی لە خراپـی بـوو. لە ١٩٧٤ نـزیەکەی تەواو نابینـا ببـوو، بە ئەنـدازەیەک لاواز بـوو، کە ئومێـدێکی بـۆ تەواوکردنـی کتێـبەکەی سـەبارەت بەفلـوبەر نەمـابوو. دی بوڤـوار لەڕەوشـێکی نـاهەمواردا دەژیـا، لەلایەک لەبەر ڕەوشـی تەندروسـتی سـارتەر و لەلایەکـی دیـکەش بەهـۆی ئەوەی کەسـانێک لێـی نزیـک ببونەوە، کە ئەو هێندە لەگەڵیاندا هاوڕا نەبوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا، هەر کاتێـک، کە لەگەڵ ئـێمەدا بـوایە زۆر پڕجۆشـوخرۆش و چـالاک دەینوانـد. دەیزانـی، کە ئـێمە چەنە خۆشمان دەوێت و تا چ ڕادەیەک وەفاداری ئەوین. بەچەشـنێک، کە ئـێمە نمـوونە زینـدوەکەی هەمـان ئەو بیروبـاوەڕە بـووین، کە ئەو لە ڕەگەزی دووەمـدا بەرجەستەی کردبوو کاریگەریی لەنەوەی دواتری ژنانیش دەکرد .

لە١٩ی نیسـانی ١٩٨٦هێلـین دی بوڤوار و مـن چـووینە نەخۆشـخانە تـاکو تەرمـی سـیمۆن ببینـین. وەک شـۆکێک وابوو بۆمان: ئەو، کە هەمیشە دژی بوو لە ژیان، بێجووڵە ڕاکشـابوو. لە سەرتاسـەری دنیـا چەپـکە گوڵیـان بـۆ نـاردبوون. کاتێـک، کە لەگەڵ هێلـین لەنێـو ئەو ماشـێنە دانیشتبووین، کە تەرمەکەی هەڵگرتبوو، هەزاران کەسمان دەبینـی، کە بـۆ ڕێزلێنـان سـەریان بـۆ دادەنەوانـد، کە گەیشـتینە گۆڕسـتان، دەسـتمانکرد بەخوێنـدنەوی ئەو سـروودەی، کە سـاڵی ١٩٧٠ بـۆ بـزووتنەوەی ژنـان نوسیبوومان. سیمۆن ئەوەندەی ئەو سروودەی پێخۆش

بــوو، کە پێمــانوابوو ئەمە باشــترین ماڵئــاوییکردنە لەگەڵ ئەودا:

ئێمە، ژنان، کە بێ ڕابردوین،

ئێمە، ژنان، کە بەدرێژایی ڕۆژگار مێژوویەکمان نیە،

ئێمە، ژنان، کە نیشتمانێکی تاریکین.

لێگەڕێن ئێمە، کۆیلەکان، ڕابین.

ڕابن! ڕابن!

ئـــــێمە بەهێمنــــــی دەمانخوێنـــــد تــــــاکو ئەو لەخەو هەڵنەســتێنین، تەنهــا کاتێــک دەنگمــان بەرزبــووەوە، کە تابووتەکەی شۆڕی نێوگۆڕ دەکرایەوە.

سیمۆن دی بوڤوار شتگەلێکی زۆری بەگەنجێتی مـن و زۆر لەژنـانی دیـکە بەخشـی. ئایـا ئـێمەش، بـزووتنەوەی ژنـان، کە لەگەڵ ئەودا کارمـان دەکـر درێـژە بەڕێگـای ئەو دەدەیــن گەنجێتییێکــی دووبــارە بــۆ ئەو دەگەڕێنیــنەوە؟ ئومێدەوارم.

**سەرچاوە:** سایتی (افتاب).

# سیمۆن دی بوڤوار؛
# فەیلەسوفی ئازادیی ژنان

## لە فارسییەوە: سەرهەنگ عەبدولڕەحمان

سیمۆن دی بوڤوار فەیلەسوف و نوسەری ناوداری فەڕەنسی، سەدوشەش ساڵ لەمەوبەر هاتە دنیاوە، ئەم نوسەرە بە گرنگترین ژنی ڕوناکبیری سەدەی بیستەم لە قەڵەمدراوە، کە نەک تەنها لە بواری فەلسەفە و ئەدەبدا، بەڵکو لە خەباتی کۆمەڵایەتی ژنانیشدا پێگەیەکی بەرزی هەیە.

لە ڕۆژگارێکدا، کە کۆمەڵگە کۆمەڵێک هێڵ و سنووری دیاریکراوی بۆ ژنان دیاریکردبوو، سیمۆن دی بوڤوار یەکێک بوو لە یەکەمین ئەو ژنانەی، کە لە ژیانی خوێندن و چالاکی کۆمەڵایەتیدا هاوتای پیاوان پێشکەوت، نەک بۆئەوەی، کە پێناسەیەکی پیاوانە لەخۆی بگرێ، یاخود کۆت و بەندە کۆمەڵایەتییەکان تێکبشکێنێ، بەڵکو بۆ ئەوەی پێناسەیەکی سەربەخۆ بدات بە ژن.

زیاد لە پەنجا ساڵ چالاکی تیۆری و پراکتیکی سیمۆن دی بوڤوار گۆڕا بۆ هاوکاریکردنی ژنان لە دۆزینەوەی پێناسەیەکی سەربەخۆ لەبەرامبەر دنیایی پیاوسالاریدا.

**وشیاری و سەربەخۆیی**

سیمۆن دی بوڤوار لە ڕۆژی 9 ژەنیوەری 1908 لە خێزانێکی ڕۆشنبیر، بەڵام زۆر کۆنە پارێز لە پاریس هاتە دنیاوە، هەر لە تەمەنی هەشت ساڵییەوە هۆگری کتێب و خوێندنەوە بوو، ئەدەب وەکو قەڵغانێک یارمەتیدا تا لەبەرامبەر فشاری نەریتە زاڵ و باوەکاندا دەوەستێتەوە.

لە ساڵی (1925) دەچێتە زانکۆ و سەرەتا لە بەشی ماتماتیک و پاشان لەبەشی فەلسەفە دەخوێنێت و بە پلەی

نایـاب زانکـۆی تەواوکـرد و هەردوای خوێنـدنی لە زانکـۆ ڕاســتەوخۆ بــووە مامۆســتا، تــاوەکو لەڕووی دارایــیەوە پێویستی بە یارمەتی خێزانەکەی نەبێت، لە بەرهەمەکانی دواتریــدا و چەنــدینجار ژنــان هانــدەدات بە گەیشــتن بە ئــازادی، پێویســـتە یەکەمجـــار ســـەربەخۆیی وەربگـــرن بەتایبەت لەڕووی ئابوورییەوە، تاوەکو لەسەر پێی خۆیان بوەستن.

لە ساڵی (1929)دا لە کۆڕ و سیمینارە فەلسەفییەکاندا لەگەڵ ژان پۆل سارتەر دا ئاشنایەتی پەیداکردە تا کۆتایی تەمەنـــی بە یـــار و یـــاوەری مـــایەوە. ئەم دووانە پەیوەندییەکی پتەویان دروستکرد، کە لەسەر بنەمای وەفا و ڕێزگرتنی بەرامبەر و سەربەخۆیی دامەزرابوو، کە لە دواتریشــدا بــوونە دوو ســیمای کــۆمەڵگەی ڕونــاکبیری فەڕەنســا لەپــاڵ کــاری وانەوتــنەوە و مامۆســتایەتیدا درێژەیان بە پەروەردە و فەلسەفەدا.

لە ســاڵی (1931)دا ســارتەر پێشــنیاری هاوســەرگیری بــۆکرد، بەڵام ســیمۆن دی بوڤــوار بەم بەڵگەیــیەی، کە هاوســەرگیری "بنەمــایەکی بــۆرژوازی و دەســتوەردانی نەشیاوی دەوڵەتە لە ژیانی تایبەتی هاووڵاتیان" داواکەی ڕەتکردەوە.

سیمۆن دی بوڤوار لە ساڵانی جەنگی جیهانی دووەمدا، کە فەڕەنسا لەلایەن ئەڵمانیاوە داگیرکرا، لە پاریس بوو لە زانکـۆی سـۆربۆن وانەی دەوتەوە، بەڵام لەسـاڵی 1943دا سەرکێشی ئاشکرا و جوامێرانەی ئەو، نازییەکانی والێکرد، کە لە کاری وانەووتنەوە دووریبخەنەوە.

بێبەشـبوونی ئەو لە کـاری وانەوتـنەوە هاوکـات بـوو لەگەڵ یەکەمین ڕۆمانی بەنـاوی "میوان" و لێبڕاویکرد، کە وەکو نوسەرێکی پیشەیی درێژە بە کار و ژیان بدات.

لە ساڵی 1945 ماوەیەک پاش کۆتـایی جەنگ ڕۆمـانی "خوێنی ئەوانی تر" بڵاوبوەوە، کە بە بەرهەمێکی سیاسـیی ئەژمـــار دەکرێــت، پێویســـتی ئاکـــاری بەرگریکـــردن لە بەرامـبەر سـتەم و دەسـتدرێژکاری نـاوەڕۆکی سـەرەکی ڕۆمانەکەیە، نیگەرانییەکانی سـەردەمانی جەنگ و قەیرانی کۆمەڵایەتی، پەیوەندی ئازادانەی تـاک لەگەڵ ئایدۆلۆژیا و ململانێـــی سیاســـییەکان لە ڕۆمـــانەکەدا ڕەنگیــداوەتەوە، لەسەر بنەمای ئەم ڕۆمانە (کلود شـابرول)ی سینەماکاری فەڕەنسی لە ساڵی 1984دا فیلمێکی بەرهەمهێنا، کە جودی فاستەر ڕۆڵی سەرەکی تێداگێڕا.

ســـیمۆن دی بوڤـــوار لە ســـاڵانی دوایـــی جەنـــگ لە هاوکــــارانی بەردەوامــــی گۆڤــــاری "لەتــــان مــــۆدێرن – ســـەردەمی نـــوێ" بـــوو گۆڤـــارێکی گرنـــگ، کە لەلایەن سـارتەرەوە دامەزرابـوو، جـدیترین تـوێژینەوە فەلسـەفی و ئەدەبییەکـــانی ئەو ســـەردەمەی بڵاودەکـــردەوە، زۆربەی وتارە ئەدەبی و پەیامە فەلسەفییەکانی سیمۆن دی بوڤوار بۆ یەکەمینجار هەر لەم گۆڤارەوە بڵاوکرانەوە.

ئەو، کە لەپــــاڵ فەیلەســــوفانی وەک، ســــارتەر و میرلۆپـــــۆنتی و ئەلبێرکــــــامۆ لایەنگـــــری ڕێبــــازی "ئێگزیستانسـیالیزم" بـوو، لە چەنـد وتارێکیشـدا بۆچـوونی خۆی لەبارەی چەمکەکانی وەکو، هەڵبـژاردن، پێویسـتی و بەڵێنی ئاکاری ڕوونکردەوە.

سـیمۆن دی بوڤـوار ڕوونیـدەکاتەوە، کە مـرۆڤ لە هەموو جۆرە ڕەوش و دۆخێکدا دەتوانێت ئازادی خۆی مسۆگەر بکات، بەڵام ئەم "هەڵبـژاردن"ە بەهـایەکی هەیە، کە مرۆڤی هۆشیار و هـاوچەرخ پێویست ئامادەی پێدانی بێت، خودی ئەو نموونەی ڕاستەقینەی ئەم ڕوانگەیە بوو، بەردەوام ئازاد و سەربەخۆ ژیاو بە بوێری و خۆڕاگری نیشـانیدا، کە ئامـادەیە بەرپرسـیاریەتی هەڵبـژاردنەکەی خۆی لە ئەستۆ بگرێت.

**هەموو دەمرن**

لە ساڵی 1946دا ڕۆمانی "هەموو دەمرن " بڵاوبوەوە، کە بەهای ئەدەبی ئەوی هێندەیتر بەرزکردەوە، ڕۆمـانەکە لەسـەر زەمینەیەکـی مێژوویـی مەسـەلە گشـتییەکانی مرۆڤایەتی دەخاتەڕوو.

لە سـاڵی 1947دا بـۆ یەکەمینجـار چـوو بـۆ ئەمریکـا و پەیوەنـدی خۆشەویسـتی لەگەڵ "نیلسـۆن ئەلگـرین"ی نوسەری ئەمریکایدا دروستکرد، کە ئەم خۆشەویستییە تـا چەند ساڵێک بەردەوام بوو.

لە سـاڵی 1947دا کتێبـی "ڕەگەزی دووەم" بڵاوبـوەوە، سـیمۆن دی بوڤـوار، کە تـا ئەوکـاتەی پەیوەنـدی تـایبەتی خـۆی بـۆ دۆزو مەسـەلەکانی دەرنەخسـتبوو، بە بڵاوبـوونەوەی ئەم کتێـبە، کە هەراو زەنـایەکی گەورەی بەرپـاکرد، لەوپەڕی ڕاسـتەوە بـۆ ئەوپەڕی چەپ هێرشـیانکردە سـەری، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا کتێـبەکە خـوێنەرێکی زۆری هەبـوو، چـووە نـاو کـۆمەڵەوە و تـا

ئەمـڕۆ وەکـو گرنگتـرین بەڵـگەی فێمێنیسـتی مـاوەتەوە، هەرچەنـدە نوسـەر کەمێـک خـۆی بە دوور دەگـرت لەم بزووتنەوەیە.

لە ساڵی 1954دا جەنگی جەزائیر بەرپابوو، سیمۆن دی بوڤوار لەپاڵ ڕۆشنبیرانی چەپی فەڕەنسادا لە ڕەخنەگرە جدییەکانی ئەو شەڕە بوو.

**بڵاوبوونەوەی یاداشتەکان**

لە سـاڵی 1958دا یەکەمـین بەرگ لە یاداشـتە چـوار بەرگییەکەی بە ناونیشانی "یاداشتەکانی کچێکی ئەرکناس" بڵاوکـردەوە، سـیمۆن دی بوڤـوار لە بەرگـی یەکەمـی یاداشتەکانیدا باس لە منداڵیەتی ئاسودە و شادمانی خۆی دەکات لە ئامێزی خێزانەکەیدا، کە لە بەرامبەر ئاسودەیی و ئارامیدا مەبەستیەتی تاکێتی ئازادی بچەسپێنێ.

لە بەرگەکانی دواتری کتێبەکەدا، کە لە ساڵانی دواتر بڵاوبـووەوە، سـیمۆن دی بوڤـوار بـاس لە گەشـەکردنی فکری و پەیمانە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی دەکات، هەروەها بـاس لە پـێگە و بەرپرسـیارێتی خـۆی وەکـو نوسـەر و پەیوەندی لەگەڵ سارتەر دەکات و لە بەرگی چوارەمیشدا بە ساڵانی پڕ ڕووداوی (1960)ەوە سەرقاڵ دەبێت.

سیمۆن دی بوڤوار لە ساڵی (1960)دا پەیوەست بوو بە شـەڕی بەرگریکـردن لە جەمـیلە بـو پاشـای ژنە لاوی جەزائیـری، کە بەهـۆی خەبـاتکردن لە ڕیزەکـانی بەرەی ئـازادیخوازی جەزائیـر لەلایەن سـوپای فەڕەنسـاوە دەستگیرکراو ئەشکەنجە درابوو.

له ساڵی (1963)دا دایکی کۆچی دواییکرد، سیمۆن، که بینەری ڕەنج و ئازارەکانی دایکی بوو له ساڵانی پیری و نەخۆشیدا، له پرسەکەیدا و به میهرەبانی و هەستیارییەکی له ڕادەبەدەرەوە "مەرگی ئارام"ی نووسی.

له ساڵی (1967)دا کۆمەڵە چیرۆکێکی بڵاوکردەوە، که ناوەڕۆکەکەی بریتیبوو له بەسەرهاتی ئەو ژنانەی لەناو کۆمەڵگەی پیاوسالاریدا بەرگری له شوناسی خۆیان دەکەن، له هەمان ساڵدا پەیوەندیکرد به دادگای نێودەوڵەتی (راسڵ)ەوە بۆ لێپرسینەوە لەتاوانەکانی جەنگی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا له ڤێتنام.

له ساڵی (1970)دا کتێبی گرنگ و جوانی "پیری – بەساڵاچوون"ی بڵاوکردەوە، که پێکهاتبوو له تێڕامانە فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان له دواهەمین قۆناغی ژیانی مرۆڤدا.

له سەرەتاکانی دەیەی (1970)دا سیمۆن دی بوڤوار، که تا ئەوکاتە پەیوەندی ڕاستەوخۆی به بزووتنەوەی ئازادی ژنانەوە نەبوو، دەستیکرد به چالاکی نواندن له بزووتنەوەی بەرگری له مافەکانی ژناندا، له ساڵی 1971دا لەپاڵ هەزاران فەڕەنسایدا بەڵگەنامەیەکی واژوکرد لەژێر، که دژی یاسا کۆنەکانی کۆمەڵگە وەستانەوە، هەر به درێژەدانی خەباتی ئەم بزووتنەوەیە بوو، که سەرەنجام له ساڵی (1974) دا "لەبارچوونی ئاوڵەمە" به یاسایی کرا.

له ساڵی (1980)دا سارتەر کۆچی دواییکرد، ماوەیەکی کەم دوای مردنی سارتەر، دی بوڤوار کتێبی "ڕێوڕەسمی

ماڵئاوایی" وەکو ڕێزلێنانێک لە هاوڕێ و هاوسەری ژیانی بڵاوکردەوە.

سیمۆن دی بوڤوار لە 1986/4/14 لە تەمەنی 78 ساڵیدا لە پاریس کۆچی دواییکرد و لە گۆڕستانی مون پارناس لە تەنیشت سارتەر بەخاک سپێردرا، لەدوای مردنی کۆمەڵێکی زۆر لە یاداشت و بیرەوەری و نامە عاشقانەکانی بڵاوبوونەوە.

**بەردی بناغەی بزووتنەوەی ئازادی ژنان**

سیمۆن دی بوڤوار چیرۆک و بەسەرهات و ڕەخنە و وتاری زۆری نوسیووە، بەڵام ئەمڕۆ زیاد لە هەر شتێ وەکو نوسەری کتێبی "ڕەگەزی دووەم" بایەخ و ناوبانگی هەیە.

ئەم کتێبەی لەدوای بڵاوبوونەوەی و تا ئەمڕۆش جێگەی لێدوان و مشتومڕە، بەڵام هەر وەکو بەپێزترین کتێب لە توێژینەوەی پێگەی ژنان و بەرهەمێکی سەرەکی و گرنگ لە لێکۆڵینەوەی فێمێنیستی بایەخی خۆی لەدەستنەدا.

پەیامی سەرەکی کتێبەکە ڕستەیەکە، کە لەوانەیە بەناوبانگترین درووشمی بزووتنەوەی فێمینیزمی بێت "مرۆڤ بە ژنی نایەتە دنیاوە، بەڵکو دەبێتە ژن."!

ئەم ڕوانینە ڕەگی لەپێشینەی فەلسەفی بیروڕاکانی سیمۆن دی بوڤوار و ڕوانگە ئێگزیستانسیالیزمییەکەیدا هەیە، کە باوەڕی بە سروشتێکی دیاریکراو نییە بۆ مرۆڤ، ژنیش وەکو بوونەوەرێکی مرۆیی ناتوانێ

سروشتێکی تایبەتی هەبێت، ئەو بەگوێرەی بوونی خۆی بە سادەیی خوازیای کامەرانی و ئازادییە، هەروەها مەیلی هەیە توانا فکری و ڕۆحییەکانی خۆی شکۆفە بکات و وەڵامی پێویستییە جەستەیی و دەروونییەکانی خۆی بداتەوە، بەڵام کۆمەڵگە هەموو ئەم توانایانەی لێوەردەگرێتەوە و بوونەوەرێکی پاشکۆ، یان وابەستە دروستدەکات، بۆچی؟

لە خێزاندا باری سەرەکی بەسەر شانی ژنەوەیە، بەڵام پیاو بە سەرۆک و سەرپەرشتیاری خێزان دەناسرێت، کۆمەڵگە وا دەردەخات، کە ئەم پێودەنگ و بڕیارانە بە قازانجی ژن و گەشەی کۆمەڵگەیە، بەڵام لە ڕاستیدا تەنیا بۆ سەپاندنی کوێخایەتی و سەروەرێتی پیاوانە.

سیمۆن دی بوڤوار بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەکانی خۆی گەیشتبووە ئەو بڕواییەی، کە تەنانەت لە ئەندێشەی فەلسەفیشدا، ژن پێگەی نزم و نەویتری لە پیاوان هەیە، لە پێناسەی بوون یان خودی مرۆیدا "کە بە هەرحاڵ جێگەی گومانە" هەمیشە بوونی پیاوان مەبەست بووە، تەنانەت لەو جێگایانەی، کە باس لە پەیوەندییەکانی ژنیش کراوە، دیسانەوە هەموو شتەکان لە ڕوانگەی پیاوانەوە دەربڕاوە.

سیمۆن دی بوڤوار لەم خاڵە فەلسەفییەوە دەچێتە سەر خستنەڕووی ئەو پرسە بونیادیانەی، کە باسەخی سیاسیی و کۆمەڵایەتیان هەیە: ژن چییە؟ چۆن پیاو گۆڕا بۆ کرۆکی ڕاستەقینەی کلتور و ژنی خستە پەراوێزەوە؟ ژن لەکوێ و چۆن دابەزی بۆ کەسی پلەدوو گۆڕا بۆ "ئەویتر"؟ سەروەری پیاوان لەکوێ و چۆن

بەرجەستەبوو؟ پێکهاتەکانی پیاوسالاری چۆن دەرکەوتن و بۆچی بەم شێوەیە سەخت و پتەون؟ دروستکەرانی ئەم کلتورە، کە هەبووە بۆچی بەم جۆرە دروستیکردووە؟ چۆن دەتوانرێت میکانیزمەکانی ستەم لەسەر ژنان بگۆردرێت؟

بۆ وەڵامدانەوەی هەموو ئەم پرسیارانە، سیمۆن دی بوڤوار پرۆژەیەکی گەورەی خستەڕوو، کە ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەی ڕەوشی ژنە لە سەرجەم ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانیەوە.

ئەو بۆ لێکۆڵینەوە فراوانەکەی خۆی، کنە و پشکنینی هەموو سوچ و قوژبنەکانی فەرهەنگی مرۆڤایەتی دەکات، پاشماوەی مرۆڤ لە تەختی مێژووەوە لە ڕوانگەی زانستی مرۆڤایەتییەوە تا کۆمەڵگەی هاوچەرخ بەدواداچوونی بۆدەکات، لە ڕەوتی ئەندێشەی مرۆڤایەتیدا و لە ئەفسانە کۆنەکانەوە تا ئەدەبیاتی مۆدێرن، هەمیشە جیهانبینی پیاوسالار زاڵبووە، زۆرینەی ڕەهای پێودانگە کۆمەڵایەتی و دیاردە کلتورییەکان پشکیان هەیە لە ئاڕاستەکردنی نایەکسانی ژنان و پیاوان، لە ڕەوتی مێژوودا ئامادەگی ژن بەشێوەیەکی گشتی لەبەرچاونەگیراوە، پیاوان مێژوویان لە دیدی پیاوان نوسیووەتەوە، لە زۆربەی بەڵگەنامە گرنگەکانی فەرهەنگی، تەنانەت لە نوسینە پێشڕەوەکانی دنیایی مۆدێرن ڕەگێکی دژایەتیکرن و باوەڕنەبوون بە تواناکانی ژن بوونی هەیە.

له ساتی بەرجەستەبوونی فەرهەنگی مرۆڤایەتی و لەگەڵ گەشەکردنی بوارە کۆمەڵایەتییەکانی لەپێشتربوونی پیاوان، پیاو هەڵگر و داهێنەری فەرهەنگەکە بووە "کرۆک"و بابەتی سەرەکی ژنی گۆڕی بوونەوەرێکی وابەستەو لاوەکی یان "ئەویتر"

"رەگەزی دووەم" ئازایانە کەوتە ڕەخنەگرتن لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و هیچ پیرۆزییەکی بۆ چەمکەکانی وەکو پەیمانی کوێرانە بۆ ژیانی هاوسەرێتی یان وەفاداری یەکلایەنە بۆ هاوسەر و یاخود فیداکاری لە ڕێگەی خێزان.

کتێبی "ڕەگەزی دووەم" یەکسانکردنەوەیەکی ڕادیکاڵ و سازشنەکردن بوو لەگەڵ سەرجەم ئەو باوەڕە پێشداوەرییانەی، کە بە درێژایی چەندین سەدە ببوونە باو ئامانجەکەشی ئاراستەکردنی دەسەڵات و سەروەری پیاوان بووە، هەروەها کتێبەکە ئەفسانەی لەپێشتری پیاوانی بۆ هەمیشە پوچەڵکردەوە.

خەباتی ژنان لە پێناوی یەکسانیدا لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەستیپێکردبوو، بەڵام ئەم بزووتنەوەیە تا بەر لە "ڕەگەزی دووەم" لە بنەمایەکی تیۆری بەهێز بێبەشبوو، ئەم کتێبە بەلانیکەمەوە تا ڕادەیەکی زۆر ئەم ڕۆڵەی لە قۆناغێکی گرنگ لە خەباتی ژناندا گێڕا.

سەرجەم پارێزەرانی نەریتەکۆنەکان، هەر لە کەنیسەوە بگرە تا ناوەدە کۆنەپارێزەکان، بوونە دووژمنی کتێبی "ڕەگەزی دووەم" و هێرشیانکردە سەر نوسەرەکەی، لە

ساڵانی دواتر لەگەڵ گەشەکردنی تیۆری فێمێنیستی، کتێبەکە لەلایەن هەندێ لە وتەبێژانی بزووتنەوەی فێمێنیستیەوە بووە جێگەی ڕەخنە، بەڵام تەنانەت ڕەخنەگرانیش پەسەندیانکردووە، کە هیچ کتێبێک تا ئەم ئاستە بۆ بزووتنەوەی ژنان گرنگ نەبووە، بەهەمان ئەندازەش ژیانی خودی سیمۆن دی بوڤوار بوو، کە بە وەفاداری بەرامبەر بە فەلسەفە و ئامانجەکانی، هەمیشە بەو جۆرە ژیا، کە خۆی بۆخۆی خواستبوو.

**سەرچاوە:**
www.Iranianuk.com

# سیمۆن دی بوڤوار؛
# فەیلەسوفێك لەسەروو ڕەگەزەوە
# بوونگەرایەك لەسەروو بوونەوە

**نەوزاد جەمال**

## پێشەکی

"بوڤوار" ئەگەرچی لەژیانیدا هەرگیز خۆی بەفەیلەسوف دانەنــاوە و هەنــدێکیش پێیــانوایە لەبەرئەوەی هــاوڕێ و هاوبیری "سارتەر" بووە زۆربەی کتێبەکانی خوێندوەتەوە و، پێیـداچۆتەوە، ئەوا لەڕووی فەلسـەفییەوە خـۆی هیچـی نـوێ و گرنگـی نەکردووە، تـا قسـەی لەسـەر بکرێ. بەڵام هەنــدێکیتر بەپــێچەوانەوە، دەیــانەوێ ڕۆڵــی فەلســەفیی "بوڤـــــوار" نیشـــــانبدەن بەگەڕانەوە بـــــۆ تێزەکـــــانی لەبەرهەمەکانیــدا، لەڕێیــی خوێنــدنەوەی تــایبەت، مــافی تەواوی ئەم بیرمەنــدە ئــافرەتە بــدەن. بــۆیە لەبــواری "فەلســەفەی کــۆمەڵایەتی" بەتــایبەت لەباسوخواســەکانی "ڕەوتــی فێمینیــزم" دا هەمیشــە هەوڵــدراوە بەشــداری ئەم بیرمەندە نیشانبدرێ. چونکە "بوڤوار" وەک هەندێ نوسـەر بـۆی دەچـن، لاسـایکەرەوە و هەر خەریکـی جـوینەوەی گوتەکـــانی ســـارتەر، هیگـــڵ و مێرلۆپـــۆنتی و چەنـــد فەیلەسـوفێکیتر نەبووە. بەڵکو خۆشـی بەسـوود وەرگـرتن لەفەلسـەفەی بوونگەرایی، ڕێبـازی "دیاردەناسـی" هۆسـرێڵ و زۆرێکــی تــریش بەشــداری خــۆی هەبــووە لەبــواری فەلسەفەی ڕەوشت و فەلسـەفەی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا. جــگەلەوەی هاوەشــێوەی ســـارتەر هـــاوڕێی لەبـــواری ئەدەبیشدا خەریکی نوسینی شانۆ و چیرۆک بووە.

## کرۆنۆلۆجیای ژیانی بوڤوار

9 -01- 1908 لەپاریس، فەرەنسا لەدایکبووە

1925 بڕوانامەی بەکالۆریای لە فەلسەفە و ماتماتیکدا

1927 دەرچوون لەتاقیکردنەوەی برومەی فەلسەفە

1927–1928 مامۆســــتای یاریـــــدەدەری فەلســــەفە لە پەیمانگای سانت ماری

1928 تەواوکردنی بروانامە لەبواری ئەدەب لە سۆربۆن

1929 بەیەکگەیشتن لەگەڵ سارتەر

1929 وەرگرتنــی بروانــامەی فەلســەفە –ســۆربۆن. بەمەش یەکەمیین گەنجە، کە ئەو تاقیکردنەوەی بڕی بێت .

1931 ســارتەر پیشــنیاری هاوســەرگیری دەکــات و ئەویــش ڕەتیدەکاتەوە .

1943 لە وانەوتنەوە دەردەکریێ .

-7 1944 لەگەڵ سارتەر لە پاریس هەڵدیێ .

11-8- 1944 دەگەڕێتەوە بۆ پاریش لەکاتی ڕزگارکردندا .

1945 هاوکاری دامەزراندن گۆڤاری Les Temps Modernes و تامردنی لەویدا بەردەوام دەبێت.

1971 واژۆی ماڤیســتی فێمنیســتەکان ســەبارەت بەمــافی لەباربردن دەکات

1974 هەڵدەبژێریێ بە سەرۆکی ئەنجوومەنی مافی ژنان

15 -4- 1980 ژان پۆل سارتەر دەمریێ .

1984 لە زنجیـرەی فەلســەفیدا کتیبــی The Second Sex نمایشدەکریێ

14 -4- 1986 کۆچی دوایکرد

## کاریگەریی سارتەر

بوڤــوار وەک قوتـــابیەکی فەلســـەفە لەسەردەســـتی "مێرلۆپۆنتی" و "کلاود لیڤی شتراوسیش" خوێندوویەتی. ڕەخنەگرانــی بوڤــوار دەڵــێن، ڕەگوڕیشــەی فەلســەفەی ســارتەر لە هــزری بوڤــوار دا بەزەقــی ڕەنگــی داوەتەوە، بەتــایبەت چەمکــی "ئەویتــر" کەدەبێــتە ژن و ئەو قســە بەناوبــانگەی، کەهەیەتــی، کە "کەس بەژنــی لەدایک نــابێ، بەڵکــو دەکــرێتە ژن"، ســەلمێنەری ئەو ڕایەن. بەڵام وەک نوسەری شارەزا "مارگرێت سیمۆن" دەڵێت: لەدۆزینەوەیە یاداشــتەکان، کە لە ســاڵی 1927دا نوســراوە، کــاتێ، کە بوڤــوار قوتــابی فەلســەفەبووە لە "ســۆربۆن" و دووســاڵ پــێش ئاشــنابونی بە"ســارتەر" ئەم گومــانە ڕەخنەگــرانە هەڵدەوەشێنێتەوە. لەوێدا بوڤوار ئەوە دووپاتدەکاتەوە، کە پابەندە بەخوێندنی فەلسەفە، بەتایبەت کاتێ قسە لەسەر ململانێ و هاوکێشەی خود ئەویتر دەکات. دوواجار، کە قسە لەسەر تەنگەژەی خۆشەویستی و زاڵبوون دەکات (2001 .Margaret A. Simons):سەرەڕای ئەوەش ئەوە دەخاتەڕوو، کە کتێبی "ڕەگەزی دووەم" لەژێر کاریگەری نوســەرێکی ئەفریکــی-ئەمریکــی "ڕیچــار رایــت" دا، نەک سارتەردا نوسیووە. بەتایبەت ئەو نوسەرە، کە باس لە ئەزمــوونی چەوســانەوە و ژێردەســتەیی ڕەشپێســتەکانی ئەمریکا دەکات (2001.Margaret A. Simons):

## بۆچوونەکانی لە کتێبی "ڕەگەزی دووەم"دا

کتێبی "ڕەگەزی دووەم" کە شاکارێکی گرنگی بوڤوارە و وەک لەناونیشانەکەشیدا دیارە، پەیامێکی ڕاستەوخۆیە، کە ئافرەت- ژن وەک "ڕەگەزی دووەم" سەیردەکرێ. بۆیە بوڤوار وەک ژنە فەیلەسوفێکی بوونگەرا، هەمیشە لەڕێی تێز و بۆچوونە فەلسەفییەکانەوە دەربەستی کێشە و پرسی ژنان دەبێ. هەڵبەت ئەو لەسەردەمانێکدا، کە شەستەکانی "پاریس"ی شاری کلتوری و فەرهەنگی و مەڵبەندی نوێخوازی و ئازادپەروەرییە، ویستی لە ڕوانگەی "بوونگەراوە" باس لەبوونی کۆمەڵایەتی ژن بکات. ئەو پێیوایە ئەوەی بەسەر ژندا دێت هەرئەوە نییە، کە خۆی قوربانیە، بەڵکو وەک بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی بووتە لایەکی جەمسەری دیالکتێکی ژن - پیاو. واتە ئەگەرچی بۆتە قوربانی، بەڵام خۆشی بەشێکە لەکێشەکە، چونکە چۆتە ئەو چوارچێوەیەوە، کە بۆی دیاریکراوە.

کتێبی "ڕەگەزی دووەم" کە بەشاکارێکی بوڤوار دادەنرێ، زۆرینەی بیروهزرە فەلسەفیەکانی لەوێدا خستۆتەڕوو، بەڵام تاماوەیەکی زۆر بەهۆی وەرگێڕانە خراپەکەیەوە لەساڵی (1953) وایکرد خوێنەری زمانی ئینگلیزی یا لەزمانەکانیتردا بەسادە وەریبگرن. سەرەڕای "خراپ"ی وەرگێڕانی بۆ سەر ئینگلیزی، کە لەلایەن .H. M) Parshley-(1884-1953)لە (Smith College) ، کەهیچ شارەزایی لەدەستەواژە فەلسەفییەکاندا نەبوو، کاڵوکرچی لەسەر قوڵایی گریمانە و بۆچوونەکانی بوڤوار کەوت. ئیدی ئەم وەرگێڕانە ناهەقی گەورەی بەتوانای فەلسەفیی

بۆڤوار کرد، چونکە وەرگێڕەکە لە بواری زیندەوەرزانی دا شارەزای هەبووە، هیچی ئەوتۆی لەفەلسەفە نەزانیوە و سەروپۆتەڵاکی تێکستەکەی وێرانکردووە. بۆیە نەیتوانیوە چەمک و تێزەکانی "بوونگەرایی" و دیاردەناسیی هۆسراڵیەکانی بگوێزێتەوە بۆ خوێنەر.

لەبەرئەوە خوێنەر و ڕەخنەگرانیش بەهیچ شێوەیەک تێنەدەگەیشتن بۆ ئەم ژنە لەڕووی فەلسەفەییەوە بایەخی هەبێ؟ هەڵبەت تا ساڵی (2010)، کە چاپی نوێی وەرگێڕانەکە دەرچوو، جارێکیتریش "بوڤوار"ی هێنایەوە نێو کۆڕی فەلسەفیی و بواری جێندەر و ژنناسی، ئەوجا گرنگی دەرکەوت. کەواتە تێزی سەرەکی بوڤوار ئەوەیە، کە ژن لە کۆمەڵگای باوکسالاریدا "ئەویتر"ە، ئەمەش وەک ڕوونکردنەوەی یا بەکارهێنانی تێزی سارتەر سەبارەت بە پەیوەندی نێوکۆیی فینۆمینۆلۆجیانەی ژن - پیاو. هاوکات دینامیکیەتی ئاگایی لە خەبات کۆشش دژ بە ئاگاییتر.

## دیاردەناسی ژن: ژن و ئەویتری پیاو

وەک وتمان بوڤوار هەم بە میتۆدی دیاردەناسی- فینۆمینۆلۆجی و هەم بوونگەرایی قسە لە پێگە و چییەتی شوناسی مێینە کردووە. لەبڕگەیەکی کتێبەکەیدا، بوڤوار بۆچوونێکی سەرنجڕاکێش دیاردەناسی هەیە، کە دەڵێت: "گریمان ئافرەت ناچالاک و پاسیڤترە لەپیاو، بەڵام جیاوازیەکی گەورە هەیە لەوەدا تۆ بێیت کەسێک پاسیڤ بکەیت و وەک بابەتێکی ناکارا سەیری بکەیت، لەگەڵ ئەوەی کەسێک بۆخۆی پاسیڤە و بابەتێکی ناکارایە The

ئەمەش هەر ch. 3 (1953)). ،part 4 ،book 2 ،Second Sex لەو باوەڕەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لای بوڤوار ژن-ئافرەت شتێک نییە لەگەڵ لەدایکبوونەوە هەبێ، بەڵکو بونەوەرێک دەکرێ بەئافرەت-ژن ("One is not born but becomes a woman، The Second Sex) -، 267.

لێرەدا ئافرەتبوون، پێدراوێکی ئۆنتۆلۆژی نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیە. کەواتە دیاردەناسی ژن لای بوڤوار دەگاتە ڕەچەڵەکی کێشەکە و بنکۆڵی ڕاستییەک دەکات، کە چەوسانەوە و نکوڵی لەئازادی ژن، ناگەڕێتەوە بۆ بنەڕەتێک لەپێش بوونی کۆمەڵایەتی، بەڵکو ئەوە "بوونی کومەڵایەتیە" کەبوونی ڕەسەن-دەشارێتەوە. واتە ئازادی ئافرەت زەوت دەکات. بۆیە پرسی ژن-پیاو یا نێر- مێ، ململانێیەکە لەپێناو ئازادبوون دا، بوونێکی ئازادانەیە. ئەگەرچی، هەرچی چەوسانەوە و زەوتکردنی ئافرەت، کە لە نەریت و پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیدا ڕوودەدات، هەمووی فشار و کۆتووبەندێکی دەرەکین، بەڵام ناتوانن جێ بەو ئازادییە ئۆنتۆلۆژیەی مرۆڤ لێژکەن، کەپێش بوونی کۆمەڵایەتی دەکەوێ.

کەواتە دیالێکتیکی ژن پیاو، پرۆسەیەکی هیگڵیانەیە، کە دەچێتە جێی هاوکێشەی ئاغا کۆیلە. لێرەدا بوڤوار بەدیالێکتیکە کاردەکات وەک چۆن کۆیلە و ئاغامان هەیە، ژنیش بۆخۆی شوێنی کۆیلەیە و بۆتە جەمسەرێکیتر نایەکسانی پیاو.هەڵبەت ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە چونکە لەو بۆچوونە باو سادەییەی هەندێ لە فیمێنیستەکان هەیانە تێدەپەرێ. بەتایبەت ئەوبۆچوونەی، کە هەمیشە

لەڕۆڵ و لێقەوماویی ئافرەت دا دەخولێتەوە و واتێدەگەن بەوجۆرە ڕزگاری دەبێ، لەکاتێکدا بەم گوتارە هێندەی تر ئافرەت بەناخی نائومێدی و زەبوونی قوڵکردنی ڕۆحی کۆیلایەتییدا دەبات .

**بواری ئاکار: پرسی خراپە و چارەی نایەکسانی**

هەڵبەت مەسەلەی نایەکسانی ڕەگەزیی" یەکێکە لە هەرە پرسە گرنگەگانی فێمینیزم، کە لێوەی ڕەخنە لە هزر و فەلسەفەی پیاوسالاری دەگرێ بەدرێژایی مێژوو. دیارە بوڤوار جارێکیتریش هەر بەپشبەستن بە فەلسەفەی هیگڵ، بەتایبەت دیالێکتیکی ئاغا و کۆیلە چۆن نایەکسانی چارەبکەین. بوڤوار پێیوایە هیگڵ سەرکەوتووە لەچارەسەرکردنی کێشەی نایەکسانی ئەو دووانەدا لەڕێی دادوەرییەوە. مەرجی ئەو پرۆسە دادوەرییەش بریتییە لەدانپێدانانی دوولایەنە. واتە هەردوولا دان بەماف و ڕۆڵی خۆیاندا لەبەرامبەر یەکتریدا بنێن بەیەکسانی. هاوکات بەپشتبەستن بەتێزی فێنۆمینۆلۆژیانەی هۆسریڵ، کە چەمکی مەبەستدارییە (intentionally) ، قسە لەسەربوونی ئافرەت بە بەمەست لەبوون گرێبداتەوە.

شایانی باسە "بوڤوار" لە کتێبی " The Ethics of Ambiguity: Bad Faith، The Appeal، The Artist " کە لەساڵ (1947) دا بڵاوکردۆتەوە، لەوێدا وەک ئێکزیستێنسالیستێ-بوونگەرایەک، کە بەتەنها ڕێگەیەکی دەزانێ بۆئەوەی باس لەخراپە بکات لەفەلسەفە دا. ئەو پێیوایە دەبێ ئێمە لەبواری ئاکاریشدا ئەو ڕاستییە بزانیین،

که ئازادی مافێکی ڕەوشتی هەموو بونەوەرێکی مرۆڤە، هاوکات مافێکی دەست بۆنەبراویشە. واتە وەک چۆن نابێ ئازادی پێشلبکرێ، ناشکرێ زەوتبکرێ. چونکە ئەگەرچی جیاکارییەک لە نێوان ئازادی لە ناخەوەڕاو لەدەرەوە دەکرێ لای بوڤوار، بەڵام تێگەیشتنی دەربارەی ئاگایی وەک کردەیەکی مەبەستدار لەژیاندا بەندە بەئازادیەوە. بوڤوار پێیوایە، کە دەکرێ من نامۆبم لە ئازادی خۆم لەژیانی کۆمەڵایەتیدا، بەڵام هەرگیز لەناخەوە ڕاناکرێ لێمبستێنرێتەوە. مەبەست لەبوونی "من" ئازادییە لەبەرامبەر بوونەکانی تردا، کە پیاوە. دیارە لەیەکەم فۆڕمی چالاکی ئاگایی و هۆشمەندیدا، ئازادی خۆی بەرجەستە و بەیاندەکات بۆئەوەی مانای "بوون" بدۆزیتەوە. لە دووەم فۆرمیشدا وەک ئازادی لەهێنانی ماناکان بۆ نێو جیهان دا کاردەکات.

بۆڤورا چالاکی هۆش و ئاگامەندی مرۆڤ وەک شتێکی ناڕۆشن و ناڕوون دەبینێ و پێیوایە ناڕوونی ئێمە لەو ڕووەوە لەگەڵ بیرۆکەی "شکست" دایە لەژیاندا. چونکە هەرگیز ئێمە ناتوانیین بگەین بەمانای تەواوی بوون لە ڕێگەی پەرۆشی و سۆزەوە لە دەربڕینێکی مەبەستداردا. لەبەرئەوەی هەرگیز سەرناکەوین لەوەدا و تاتەواو پەردە لەسەر مانای جیهان هەڵماڵین. هەرگیز ناتوانین حەزی دەربڕینی ماناکانمان سەبارەت بەجیهان تەواو بگەیەنینە ترۆپک و ئەنجامی کۆتایی. بۆیە وێنەی "مرۆڤی ئاکاری"ی، ڕەوشتیی لای بوڤوار لەلایەنی سۆزەوە دەبزوێنرێ، بەڵام نابێتە مەبەستێکی سەرەکی

لەبووندا. ئیدیی جیاوازتر لە حەزی خۆپەرستانە و یاخییانە و شێتانەی ستەمکاری، پەرۆشی و سۆزی ڕەوشتیی بە بەخشندەیی پێناسەدەکرێ، بەتایبەت بەخشندەیی لە ئاستی داننان بە جیاوازی لە ئەویتر و بەپێچەوانەوە. هاوکات پاراستنی جیاوازی لەئەویتر، تانەهێڵێ ببێتە بابەت و مەبەست بۆ ویست و خواستی کەسێکیتر، کە پیاوە. دیارە جۆرێک لەڕەهەندی فەلسەفی ڕەوشتی "کانت" ی بە بۆچوونەکەی بوڤوارەوە دیارە .

## من و ئەویتر لە فەلسەفەی بوڤواردا

پەیوەندی و ململانێی نێوان "من" و "دەوروبەر"، بۆخۆی جێگەی بێنەوبەردەیەکی فەلسەفیە. پێگەی بوونی "تاکێتی" ئێمە لەنێو هەلومەرجە کۆمەڵایەتیەکاندا، ڕەهەندێکی بونگەرایی و فینۆمینۆلۆژی تێدایە. کاتێ "سارتەر" باس لە "خود" و "بابەت" وەک هاوکێشەیەک لەمەڕ باسکردنی "بوون" دەکات، ئاوەهاش باس لە"خود و ئەویتر" دەکات، کە لە بەرامبەر هاوکێشەیەی سارتەردا، کە"بوون"ی بۆ پیاو داناوە و "هیچبوون" یا هیچ (نەبوون) بەرامبەر بە ژن- مێینە داناوە. بەمانایەکیتر، ئەوەی، کە هەیە پیاوە، نێرە، ژن کە ئەوێکیترە، بوونی سڕاوەتەوە یا لەسێبەر و هیچ و نەبووندایە. دیارە وەک سۆنیا کروکس (Sonia Kruks)لەوتارێکدا ساڵی 1995 دەڵێت: "چەقی سەرەکی کتێبی (ڕەگەزی دووەم) ئەوەیە، کە هیچ کەسێک بەژنی-ئافرەت لەدایک نابێ، بەڵکو دەبێت بە ئافرەت". دیارە ئەمە گریمانەیە، کە دەشێ لێکچوونی لەگەڵ

بۆچــوونەکەی سارتەریشــدا هەبــێ، کە دەڵێــت: " بــوون لەپێش جەهەرەوە دێ 'existence precede essence'. "واتە بــوونی مــرۆڤ ئەوەیە، کەهەیە و دەبــێ، نەک لەســەر بنەمــای ئەوەی وەک زەرورەتێکی(سروشــتێکی) پێشــتر پێدراوە (pre-given necessity) و دیاریدەکرێ.

بێگومان، دەشێ لێرەدا بەجۆرێک کاریگەری سارتەر هەبێت (ستانفۆرد ئینسکلۆپیدی 2001). بوڤوار مەبەستی بــووە بڵێــت، ئەوەی بــۆتە جەوهەری ئــافرەت، لەڕاســتیدا پێدراوێکی وجودیی نییە، بەڵکو پێدراوێکی کۆمەڵایەتی-سیاســیی و کلتــورییە. بــۆیە ڕزگــارکردنی ئــافرەت، واتە ســەیرکردنی یــا ڕوانــین لێــی وەک بــوونێکی ســەربەخۆ لەخۆیدایە نەک جەوهەرێکە، چونکە هەمیشە "بوون" پێش جەوهەر دەکەوێ، جەوهەریش داڕشتەیەکی کلتورییە، کە مێینە تێیداکراوە بە ئافرەت. کەوات ڕزگارکردنی ئافرەت، بەڕزگــارکردنی بیــر و هزریــدا تێــدەپەڕێ لەگەڵ گــۆڕینی بیرکردنەوەی پیاوان جایێکیتر. لەلایەکی دیکەوە "بوڤوار" بەشــوێنپێ هەڵگرتنــی فەلســەفەی "هیگــل" زیــاتر لەمەڕ هاوکێشــەی مــن - ئەویتــر ئەدوێ. بــۆ ئەم مەبەســەتە لەڕوانگەی وتەیەکی بەناوبانگی "هیگڵ"، کە دەڵێت "هەموو ئاگــاییەک بەدوای مەرگــی ئەویتــردا دەگەڕێ (Each " conscience seeks the death of the other). لێرەدا ژن، کە"ئەویتر"ی پیاوە، هەمیشە چەوسانەوە و ژێردەستەیی دەگەڕێتەە بۆئەوەی پیاو "بوون"ی خۆی وەک "خودێک"ی گەردوونــی و ڕەســەن دانــاوە، هاوکــات بــوونی خــۆی لەنەبــــوونی ئەودا، ئەویتــــردا (ژن) هەژمــــارکردووە.

بەمانـــایەکی دیـــکە، پیـــاو بەهێزیـــی لەلاوازی ژن دا بینیوەتەوە. کەواتە ئاگایی ژن دەبێ لێرەدا بەدوای مەرگی خود-پیاودا بگەڕێ تاخۆی ئازاد بکات، وەک چۆن پیاو مەرگی ئافرەت بە تەختبوونی کۆسپەکانی خودی خۆی دەزانێ (لێرەدا وشەی مردن بەمانایەکی میتافۆریانەیە). بەڵام چۆن مێینە بتوانێ خۆی لەم ژێردەستییە ڕزگار بکات؟

ئەگەرچـــی "ئـــازادی" ڕەهەنـــدێکی ئۆنتۆلـــۆژی و پێشـمەرجی بـوونی مـرۆڤە، بەڵام لەمـڕۆوە بوڤـوار هەر ڕەهەندی ئۆنتۆلۆژی ئازادی باس ناکات لەپەیوەندی ژن —پیـاو دا، بەڵکـو ڕەهەنـدی سـۆز و خۆشەویسـتی ژن و پیـاویش وەک فـاکتەر و ڕۆڵێکـی سـەرەکی دەبینـێ لە چەوسـانەوەی ژن دا. چـونکە سـۆز وخۆشەویسـتی وابەسـتەیی بەرهەمـدەهێنێ. هاوکـات بەکارهێنـانی تونـدوتیژی بەرامـبەر ئـافرەت وادەکـات، کە بوڤـوار جـارێکیتر زەبروزەنـگ لەخەبـاتی ڕزگـاری و ئـازادی بەتـایبەت بیـری چەپگەرایـی سـەردەمی خۆیـدا بکـاتە پرسـیارێ: ئـاخۆ! چەنـد تونـدووتیژی ڕێگەچـارەیەکی ڕەوابـێ؟ ئەمە و چەنـدین پرسـیاریتر، کە لەڕوانـگەی فەلسەفەی بونگەرایی -فینۆمنۆلۆژیەوە لێکیدەداتەوە.

بەبۆچوونی بوڤوار ئەویتر وەک ئازادێ پارێزراوە و مافی دەستبۆنەبردنی هەیە لەلای هێزی منەوە. ئیدی من هەرچیەکـیش بـکەم وەک ئاغـا و سـەروەرێ، کـۆیلەکە بـڕەتێنم، یـا بڕیـاری سـێدارەم هەبـێ کەسـێکی بکـوژ هەڵبواسـم، بەڵام سـەرەڕای ئەمە ڕاسـتیەک هەی نـابێ

لەبیری بکەم، کە ناتوانم سنوور و حورمەتی "ئەویتر" پێشێلکەم لەناخەوەڕا، چونکە ئەو وەک کەسێکی ئازاد لەبوون دا ناتوانم دەست بەسەریدا بگرم. ئیدی بەپێی ئەو دابەشکردنە دیکارتیانە، کە بۆ "ناخ" و "دەرەوە"، یا "ڕۆح" و "جەستە" کراوە، لای بوڤواریش ئەوە دەگەیەنێ، کە هەرگیز "من"ی بالادەست ناتوانم لەناوجەرگەی دڵی ئازادی "ئەو" بدەم. لێرەوە، بوڤوار گەشەیەک بە چەمکی ئازادی وەک پێدراوێکی ترانسندینس (transcendence) بالابوو دەدات. ئازادی وەک "بزاوت" و جوڵەیەک لەبەرامبەر داهاتویەکی کراوە و چەند ئەگەرێکی ناسنورداردا دەبینێ. ئیدی بۆئەوەی بیسەلیمنێ، کە ئێمە ناتوانین لەلایەن ڕەهەندی زەمەنی "ئێستا" هەنووکەوە سنوردار بکرێین و ئاوەهاش ئازادیمان لەناخەوە زەوتبکرێ.

کەواتە ئەوەی پێیدەوترێ"جەوهەر"، چییەتی ئازادی وەک پێدراوێکی بالا و سەروو، یا بان-سروشتی دەخاتە ڕیزی نادڵنیایی و ڕیسک لەژیان دا. ئافرەت بۆئەوەی ئازاد بێ، دەبێ ئەم لێکدژییەی لەنێوان ئازادی و نادڵنیایی و ڕیسک دایە لە بیرنەکات. ناکرێ ئێمە بێخەم ئازاد و سەربەخۆبیین، بەڵکو لەئازادی "ترانسدێنس" دا، کە هاوشانە بەنائارامی و بێئۆقرەیی دەروونی و ڕیسکی ژیان، ئازدای بۆخۆی بارگرانیەکی دەروونیە. بۆیە بوڤوار پێیوایە کاتێ، کە "من" خۆم لە جیهانی بەها و مانایەکدا دەبینمەوە، ئەو بەها و مانایەش لەلایەن کەسانیترە و بەخشراوە بەجیهان. لەبەرئەوە من ئازادم

لەوەی ڕەتیکەمەوە، یا ئەم بەهایانە بگۆڕم یا پشتگیریان لێبکەم لەجیهان دا، لەکاتێکدا ئەم بەهایانە لەخۆیاندا مانایان نییە.

ئیدی هەر ئیختیارێ بکەم و هەرچۆن بێ، ناتوانم پشتگیری و پشتیوانی لێبکەم، بەبێ هاوکاری ئەوانیتر. لێرەوە، بەهاکانی من ماڵی خۆیان لەم جیهانەدا دەدۆزنەوە، ئەگەر کەسانیتر پابەندبن پێوەی. تەنها ئەگەر من "ئەوانیتر" قایل بکەم، بۆئەوەی بەهاکانی من ببێتە هی ئەوانیش. دیارە جیاوازی لەنێوان "ئازادی ئیتکی" و "ئازادی ئۆنتۆلۆژی" دا هەیە. ئەوەی بوڤوار نیشانی دەدات، ناسینی ئازادیی خۆمان، کە مەرج و پێویستە، بەڵام هەلومەرجێکی تەواو نییە بۆ کردەوە ڕەفتاری ئاکاریانەی ئێمە. چونکە هەمیشە ئازادی ئەویتر مەرجە بۆ ئازادی "من" . لەبەرئەوە دەبێ ئازادی بەشێوەیەکی گونجاو و دروست بەکاربهێنرێ بۆ هەموو یەکێک بەیەکسانی .

## یەکسانی بە مانەوەی جیاوازیەکان

تایبەتمەندییەکی هزری "بوڤوار" لەچاو فێمێنستەکانی تردا، ئەوەیە ئەو وەک فەیلەسوفێ، کە داکۆکی لەمافی یەکسانی ژن و پیاو دەکات، بەهیچ شێوەک لەوبڕوایەوە قسەناکات، کە چەمکی یەکسانی هاوواتای "وەک یەکبوون" بێ. واتە ژن وەک پیاوبێ. نەخێر، ئەو باس لەجیاوازیەکان دەکات، بەڵام مافەکان دەبێ یەکسان بن. ئیدی نەک بەو مانابییەی ژن وەک پیاوی لێبێ. پێیێوایە

نایەکسانی، نائەدالەتی کاریکی نارەوشتییە، چونکە جیاوازی ڕەگەزیی دەکاتە بەهانەیەک بۆ خواردنی مافەکانی ئافرەت. بۆیە شاردنەوەی ئەم ڕاستییە و تێنەگەشیتن لێی، بەکاریکی نافێنۆمینۆلۆژیانە دەزانێ. واتە لەخۆیدا نەنانسینی مەبەست و بوونی ئافرەت دەگەیەنی. هاوکات دژ بەو بۆچوونەشە، کە دەڵێت: ژن و پیاو یەکسان نین، لەبەرئەوەی، کە ژن بۆخۆی لاوازە. بۆیە دەڵێت بپرسین گریمانەی لاوازیی مێینە لەچیەوەو لەکوێوەوە هاتووە؟ ئاخر پێوەرەکانی بەهێزی چین؟ ئایا مەبەست لەبەهێزی هەبوونی ئەوپەڕی هێزی جەستەییە؟ بەڵام کام جەستە، هی مامناوەندیی مان مەبەستە تاببێتە پێوەرێ؟

کەواتە بیرۆکەی ئەویتری جیاواز لەپیاو لە"هیگڵ" ەوە وەرگرتووە بەدەستکارییەوە. ئەمەش بۆئەوەی بیسەلمێنێ، کە بوونی پیاو و ژن، بوونێکی پێش مێژووییە: واتە پەیوەستییەکی بێوێنە هەیە لەنێوان خود و ئەویتر دا. ئیدی لەبەر پێشبڕکێ و لەو پێناوەدا ژن دەبێ "ئێمە"ی خۆی بدۆزێتەوە لەو پێکەوەبوونەدا. واتە جیاوازە، بەڵام دەبێ خاڵی هاوبەشی لەگەڵ ئەویتری پیاودا بدۆزێتەوە. پێویستە ژن لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەروەست و بەخەمی جیهانیشەوە بێت. چونکە ئەو لەمانای لە "بوون خستن" باشتر تێدەگات بەوپێیەی بەسەرخۆییدا هاتووە. هەروەها دەبێ ڕێگەیان پێبدرێ ڕێوشوێنی تایبەت بدۆزنەوە، کەبتوانن لێوەی دەروستی خۆیان لەژیان دا جێبخەن. بەواتایەکیتر، دەبێ ئەفسانەی "ژن بوون"

لەکـــاربخرێ و هەڵوەشــێنرێتەوە بــۆ دواجــار لەهــزر و سیســـتمی بیرکــردنەوەی پیاوســـالارانەدا. هەتـــا ئەمەش جێبەجێبکــرێ و ژنـــان ڕزگـــاربن، دەبـــێ بەرژەوەنـــدیە ئـــابووریی و سیاســـیەکانیش بـــرژێنە پـــرۆژە و جـــۆگەی ڕزگابوونەوەکەوە. ئەگەرچی بوڤوار پێیوایە ئازادی شتێک نییە دەستکاریی بکرێ و لێبدرێ لەخۆییدا، چونکە هێندە لەنـاو خۆیـدا پـارێزرا و هەڵگیـراوە بێـئەوەی هـیچ کەس بتـوانێ بیشـێوێنێ، بەڵام خـۆلادان لەڕیسـکی پەیوەنـدی سـۆزداری ئەگەرێکـی کـراوەیە هەمیشـە بۆ کۆتووبەنـدی ژن. هاوکـات ئەمە، کە بە نیشـانەیەکی شکسـتی ڕەوشـتی دێ لەژیان دا، پارادۆکسێکی ڕەوشتیشە !

## ژن لەنێوان سۆز-خۆشەویستی و چەوسانەوەدا

ســەبارەت بە پرســی جێنــدەر، کـارێکی بوڤـوار گرنگـی دەرچـــوون بـــووە لەگوتـــاری بـــاوی فێمینیـــزم بە دانـــانی ڕێچکەیەکی گرنگ، کە دواتـر پاش خۆی ژنە فەیلەسوفی وەک"جودیت بەتلەر"یش لەسەرهەمان بۆچوون بەردەوەام دەبـــێ. ئەمـــیش پێیـــوایە جێنـــدەر-ڕەگەز پێکهـــاتەیەکی کـــۆمەڵایەتییە، نەک بـــایۆلۆجی. چـــونکە بەرئەنجـــامی پرۆســـەی بە کـۆمەڵایەتی بـوونە لەتـافی منداڵیـدا. تێـزی گرنگـــی بوڤـــوار لەکتێبـــی "ڕەگەزی دووەم" لەوەدایە، کە دەڵێـــت: "هـــیچ چارەنوســـێ، کە لەلایەنـــی بـــایۆلۆژی و دەروونـــی و ئـــابووریی دەستنیشـــانی یـــا پێناســـەی ڕووخساری مرۆیی مێینە ناکات، بەڵکو ئەوە شارستاینەتە کە مێیـنە بەرهەمـدەهێنێ". ئیـدی تەنهـا ڕێـگەیەک بـۆ

دەربـــازبوون لەو پێناســـەی کـــراوە یـــا باشـــتر بڵێـــین سەپێنراوە بەسەر ئافرەت دا، بەبێ هاوکاری ئەویتر نابێ بۆئەوەی لەدارشـتنی "تـاک" یـا"خود"ێتی ئافرەتـدا بەشـدار تاکو ئافرەتیش ببێتە "ئەوێ"ک.

شایانی باسە "بەتلەر"یش پێیوایە بۆچوونەکەی بوڤوار لێرەدا بوونگەرایانەیە. ئیدی لەڕوانگەی ئەوەوە "جێندەر" لای بوڤــوار بەنــدە بەبــوون -بە، واتە وەرگەڕان بەوەی دەبێ لەکۆمەڵگەدا، نەک بەوەی، کە خۆی چییە. هاوکات دەبێـتە بـابەتی گـۆڕان و ئیختیـارکردن. چـونکە جەنـدەر پرۆسەیەکی کراوەیە بۆ کارلێک و کردەی کۆمەڵایەتی و ئیختیـاری شەخسـی تـاک. هەر لەم گۆشـەنیگایەوە، کـاتی بوڤـوار بـاس لە بەرپرسـیارەتی ئـافرەت دەکـات لەپێنـاو بەرگــری لەبەرامــبەر حەزی وابەســتەبوون لەپەیوەنــدی خۆشەویســـتیدا بەپیـــاوەوە و هەڵبژاردنـــی "ئـــازادی" و بـــاڵابوون بەســـەر ســـنوورە فیزیکـــی و کـــۆمەڵایەتی و سیاســـیەکانی کـــۆمەڵگەدا. لێـــرەوە ئەو ســـیفەتی ئاگـــایی دەستنیشان دەکات، کە لە "سارتەر"ە وە لەکتێبی "بوون و هـــــیچ" دا باســـــکراوە ئەویـــــش پرســـــی ئیختیـــــار و سنوورداری(کاتی) واقیع و جیهـان. چـونکە دەبـێ خـۆی بەرپرســـیار بـــێ، کە لەکـــوێی سیســـتم و کۆتوبەنـــدە کۆمەڵایەتیەکاندابێ .

نـــابێ لەبیرمـــان بچـــێ، کە بـــۆ باســـکرنی پرۆســـەی "وەرگەڕان" یا بوون بە(becoming)، سوود لە فەیلەسوفی فەڕەنســی "بیرگســۆن" دەبینــێ. بەتــایبەت لەوەدا کــاتێ "بێرگسۆن" لە ئەرگومێنتێکدا دژ بە میکانیزمی دێترمینیزم

—سنوداری و حەتمیەت دا، پێیوایە ئیختیاری ئازاد وەک بونێکی رەمەکی وایە لە کەسێتی یەکێکەوە، کە بەڕاستی پرۆسەی بوون بە- بەشێوەکی لێکدانەبڕاو و نەبچڕاو ئەزموون کردبێ. هاوکات لای کەسێ، کە یەکێتی لەگەڵ لەنێوان "بەردەوامی" و "یادەوەری" دا هەبووبێ. لێرەوە ڕەهەندێکی میتافیزکی لە بۆچوونەکەی بوڤوار دایە بەتایبەت لە چوارچێوەی ئەزموونکردنی "ئیختیار"واتە مافی هەڵبژاردن و "ئازادی" دا، کە بەشێوەیەکی بیرگسۆنی کاری لەسەرکردووە. بۆیە ئافرەت تاکێکی ئازاد نییە، بەڵکو ئەندامی چینێکی چەوساوەیە، کە وەک کەسێکی نزم سەیرکراوە و لەلایەن ئایین و زانستەوە ئەوە سەپێنراوە. هەروەها بەهۆی پرۆسەی کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە وابەستی پیاو بووە. لێرەوە سنوردار و بێبەشکراوە لە چالاکی سیاسیی و ئابووریی خزێنراوەتە چوارچێوەی یاسا و پەیمانی کۆمەڵایەتی .

### سەرچاوەکان

:1. Margaret A. Simons: Is The Second Sex Beauvoir's Application (use) of Sartrean Existentialism? Southern IllinoisUniversity at Edwardsville

2. Stanford encyclopedia: Simone de Beauvoir: First published Tue Aug 17 ،2004; substantive revision Mon Aug 16 ،2010

3. Simone de Beauvoir ،at the Philosophy pages ، maintained by Garth Kemmerling

# سیمۆن دی بوڤوار؛
## *ئەو ژنەی دەربارەی سایکۆلۆژیای ژن دەدوێت*

**عەبدولباقی یوسف**

**لە عەرەبییەوە: هێمن مەحمود حەمە**

سیمۆن دی بوڤوار لەڕێگای هەموو ئەو کارە فیکری و ئەدەبیانەی، کە نوسیوویەتی هەوڵی ئەوە دەدات سایکۆلۆژییەتی ئافرەت پێشانی دوونیای پیاوان بدات، لەلایەکی دیکەشەوە ئامادەیی پیاوان لەجیهانی ئافرەتاندا دەخاتەڕوو، لێرەشەوە نووسینەکانی (بوڤوار) بوونەتە جێگای لێکۆڵینەوە و مشتوومڕ، کە وەهایکردووە ئەم ژنە ئامادەییەکی فیکری و ئەدەبی هەبێت.

بوڤوار ساڵی 1908 لەپاریس لەخێزانێکی دەوڵەمەند و باوکێکی پارێزەر، کە سامانەکەی لەجەنگی جیهانی دووەمدا دۆڕاندووە لەدایک دەبێت، دایکی دەیویست بوڤوار و خوشکەکەی پەروەردەیەکی کاسۆلیکانەی توندبکات، بەڵام بوڤوار ئەم پەروەردەیەی ڕەتکردەوە و لەزانکۆی (ئاکۆن نۆرمان سوپرایەر)ی فەڕەنسی درێژەی بەخوێندنەکەی خۆی داو لەساڵانی 1931 تا 1943 لەزانکۆی سۆربۆن بوو بە مامۆستا.هاتنە ناو جیهانی ئەدەبەوە

بوڤوار حەزی لەجیهانی ئەدەب و ڕۆشنبیری و فەلسەفە بوو، زوو زوو سەردانی ئەو شوێنانەی دەکرد، کە ناوداران و کەسایەتیە فیکری و ئەدەبیەکانی تیادا دەبینی، هەر لەو شوێنانەدا هاوڕێی ژیانی و هاوڕێی بیرکردنەوەکانی (ژان پۆل سارتەر)ی ناسی، کە وەک خۆی دەڵێت" ئەوە گەورەترین ڕووداوی سەرەکی بووە لەژیانیدا".

لەساڵی 1943 یەکەم ڕۆمانی خۆی بەناوی (المدعوه) نووسیی، ئەمەش سەرەتایەک بوو بۆ هاتنە ناو جیهانی

ئەدەبەوە، بەڵام ناوبـــانگە ڕاســـتەقینەکەی ئەو کـــاتە دەرکەوت، کە بۆچـوونە بوێرەکـانی دەربـارەی پەیوەنـدی نێـوان ئافرەتـان و پیـاوان خسـتە ڕوو، لەو بۆچونـانەش: ئافرەت بە ئافرەتی لەدایک نابێت، بەڵکو دواتر وەهـای لـێ دێت!.

نوسـەر بە نووسینی کتێبە بەناوبانگەکەی (ڕەگەزەکەی دیکە 1949) مشتومڕێکی ڕۆشنبیری لەناوەندە زانسـتی و کـــــۆمەڵایەتی و ڕۆشـــــــنبیرییەکانی جیهانـــــــدا دروســــــتکرد،لەوبیروبۆچووناوانەش کە ئەم نوســــەرە دەیانخاتە ڕوو:

هیچ قەدەرێکی بایۆلۆژی یان دەروونـی یان ئابووریی لەکۆمەڵگەدا بڕیار لەسـەر شـێوازی ئـافرەت نـادات، بەڵکو ئەوە شارســــتانیەتە بەگشــــتی، کە ئەو مەخلــــوقەی لێدروستدەکات، کە پێیدەڵێن ئافرەت.

سیمۆن دەڵێت: "بەهۆی فەسڵی دایکـایەتی لەکتێبەکەمـدا هێرشـــی تـــایبەتیم کـــرایە ســـەر، زۆرێـــک لەپیاوەکـــان ڕایانگەیانـد مـن مـافی ئەوەم نـیە دەربـارەی ئـافرەت قسـە بکەم، چـونکە خـۆم نەمتوانیـوە منـاڵم ببێـت، سـەیرە، ئایـا ئەوان مناڵیــــان بــــووە؟ ئەوان دژایەتــــیم دەکەن بەو بیرۆکـانەی کە یەکلایـیکەرەوە و قەتعـی نـین، ئایـا وەهـا دەمبیــنن، کە هەمــوو بەهاکــانی ســۆزی دایکــایەتی و خۆشەویســتیم ڕەتکــردوەتەوە؟ نەخێــر، بەڵکــو داوام لە ئافرەتــــان کــــردووە، کە لەگەڵ ئەو دوو بەهــــایە دا بەشـێوازێکی ئـازاد بـژین، لە کاتێکـدا زۆربەی جـار وەک

بیانوییەک بەکاریدەهێنن و دەکەونە ژێر ڕکێفی ئەو دوو چەمکەوە بەڕێژەیەک ئەو دوو چەمکە دڵ دەهێنێتە ئێش".

هەروەها دەڵێت: "یەکێکی دیکە لەو هەڵە تێگەیشتنانەی، کە لەم کتێبە وەرگیراوە ئەو بڕوایەیە کە من هەبوونی هەموو جیاوازییەکم لەنێوان پیاوان وئافرەتاندا ڕەتکردوەتەوە، لەڕاستیدا من بەپێچەوانەی ئەو بڕوایەوە پیاوان و ئافرەتانم لەیەک جیانەکردوەتەوە، کتێبێکم نوسیووە، کە هەر بەناونیشانەکەی هەردوو ڕەگەزەکەم لەیەکتر جیاکردوەتەوە، بەڵام ئەوەی من پێیگەشتوم ئەوەیە ئەم جیاوازییانە ڕۆشنبیریین نەوەک سروشتی، من ئەو ئەرکەشم لە ئەستۆ گرتووە، کە چۆنیەتی دروستبونی ئەو جیاوازییانە بگێڕمەوە.

کارەکانی ئەم نوسەرە ژنە بەردەوامی هەبوو، ژیاننامەکەشی بە چوار بەش بڵاوکرایەوە:

(مژکرات فتاه الرصیف 1958)، (عنفوان الشباب 1960)، قوه الاشیاو 1963) ، (موت المریح جدا 1966)، ئەم ژیاننامەیە بە مێژووییەکی ڕاستەقینە و جەریئانەی هەموو وردەکارییەکانی ژیانی فیکری فەڕەنسا دادەنرێت.

### کەسایەتیەکی قورس

بوڤوار هەوڵی ئەوەی داوە، کە ئەوە ڕوونبکاتەوە، کە ئافرەت دەتوانێت شانبەشانی پیاو کاری قورس ئەنجامبدات، هەروەها دەتوانێت سەدەیەکی تەواو بەشان هەڵبگرێت، چونکە ئەو نوێنەرایەتی ئەو سەدەیە دەکات، کە تیایدا ژیاوە و تیایدا دەژی.

دەتوانرێت سەدان ئافرەت، بەڵکو هەزاران ئافرەت، لە ئافرەتێکدا کورتبکرێتەوە، چونکە ئافرەت نموونەی عەبقەرییەت و شەفافیەت و هوشیارییە و بەشدارییەکی تەواوەتی دەکات لە چالاکییە کۆمەڵایەتی و فیکری و سیاسییەکاندا.

لەمجۆرەی ئافرەت، کە بەدرێژایی سەردەم و زەمانەکان زۆر بەدەگمەن دەردەکەوێت، تەنانەت ئەگەر ئامادەیشی هەبێت، ڕێگای دەرکەوتنی پێنادرێت، هەربۆیە یان بەپاڵەوانێکی نادیار، یاخود بەپاڵەوانێکی پەراوێزخراو دەمێنێتەوە.

هەر بۆیە بوڤوار داوا دەکات ئافرەت هەوڵبدات تاوەکو خۆی لەو پەراوێزخستنە ڕزگاربکات و ئامادەیی هەبێت.

بۆچوونەکانی نوسەر بەڕۆشتنە ناو تەمەنەوە زیاتر گەشەیانکرد، بۆیە زیاتر پەیوەستبوو بەسارتەر و خۆشەویستیەکەیەوە، لەهەمانکاتیشدا پیریەتیەکەی نیگەرانی دەکرد، هەربۆیە ساڵی 1970 کتێبی( ژنە پیرەکە)ی نوسیی، کە تیایدا دەڵێت:

هەق وایە پیرییەتی نەوەک مردن بەرامبەر بە ژیان بەراوردبکەین ، پیرییەتی کۆپییەکی گاڵتەئامێزی ژیانە، لەکاتێکدا ئەوە مردنە، کە ژیان دەکاتە چارەنوس.

لەڕۆمانی (المدعوه)دا دەنوسێت:" زەوی بە وەهمە تێکشکاوەکان چێنراوە، ئەو تێکشکانەی ژیانە تایبەتیەکەمی بێزارکردووە ئەم ڕۆمانەی دروستکردووە".

دەتوانرێت (سیمۆن دی بوڤوار) بەیەکێک لەوانە دابنرێت، کە ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لەچەسپاندنی چەمکە

شارستانیه تازەکان لەبنیاتنانی کۆمەڵگەی فەڕەنسی هاوچەرخدا، هەروەها وەهایکردووە، کە ئافرەت زیاتر پایەی کۆمەڵایەتی بەدەستبهێنێت و دان بەتواناکانیدا بنرێت و جیاواز سەیربکرێت.

ئەوەی گومانی تیادانیە ئەوەیە (بوڤوار) بەهۆی نووسینەکانیەوە دەربارەی تایبەتمەندێتی ئافرەت ، بەفەڕەنسی و بەهەموو زمانە زیندووەکانی دوونیا دەخوێندرێتەوە .

دەربارەی ڕۆمانی (ڕۆشنبیران) بوڤوار دەنوسێ: بەپێچەوانەی ئەوانەی بە هەڵە ڕۆمانی (ڕۆشنبیران) بە ڕۆمانی کلیلەکان ناو دەبەن، من ڕقم لەو ڕۆمانانەیە وەک کلیلێک وەهابێت، من بانگەشەی ئەوە ناکەم، کە (ڕۆشنبیر) خاوەن فیکرەیەکی دیاریکراو بێت، چونکە ڕۆمانی خاوەن فیکرەیەکی دیاریکراو حەقیقەتێکی دیاریکراو دەسەپێنێت، کە هەموو حەقیقەتەکانی دیکە دەسڕێتەوە و بازنەی ناڕازیبون و گومانە تەواونەبووەکان تێکدەشکێنێ.

بەڵام من لێرەدا چەندین جۆرە ژیانی دوای جەنگم خستوەتە ڕوو، بێ ئەوەی پێشنیاری چارەسەر بخەمە ڕوو بۆ ئەو کێشانەی، کە پاڵەوانەکانم نیگەران دەکەن.

لەبارەی ڕۆمانی (خوێنی ئەوانی دی) بوڤوار دەنوسێت: "بابەتی خوێنی ئەوانیدی وەک باسمکردووە دژییەکیەکی ئەو ژیانەیە، کە لەسایەی ئازادیدا تیادا ژیاوم، ئەوانەی، کە نزیکبوون لێمەوە بەشتێکی سادە تەماشایانکردووە".

بەڵام مەبەستەکانی من خەڵکی بەچاکی پێیان نەگەیشتووە، هەندێک ڕۆمانەکەیان بە ڕۆمانی بەرگری تەماشاکردووە، هەندێکیدیکەش وەک ڕۆمانێکی وجودی، ئەم وشەی دواییان هاوشانی کارەکانی من وسارتەر بەشێوەیەکی ئالی ڕۆشتووە.

## لەنێوان بوڤوار و سارتەردا

بوڤوار ڕۆشتە زانکۆی سۆربۆن و گەنجێکی ناسی، کە تا دواین ساتەکانی ژیانی کاریانکردووو لەیەکتری جیانەبوونەوە.

ئەم تەمەنی بیست ویەک ساڵان و گەنجەکەش تەمەنی بیست و چوار ساڵان بوو، هەردووکیان پێکەوە فەلسەفەیان دەخوێند و هەوڵیاندەدا لەماوەیەکی زەمەنی کورتدا بوارێکی تازە لەبیرکردنەوەدا بدۆزنەوە.

لێرەدا حەزدەکەم ئەوە بڵێم ئەوەی سارتەر و بوڤواری بەیەکەوە کۆدەکردەوە لەفیکر، بەهێزتر بوو تا عاتیفە، تەنانەت عاتیفەکەش هەڵقوڵاوی پەیوەندییە فیکرییەکانی نێوانیانە، چونکە بوڤوار تا دواین سنور سەرسامبوو بە فیکری سارتەر، هەر لەسەرەتاشەوە سارتەر توانی کەسایەتی خۆی بەسەر بوڤواردا بسەپێنێت، ئەم نوسەرە ئافرەتە یەکەمین ساتی بینینی سارتەر ئاوا دەگێڕێتەوە: "ئەوە یەکەمینجار بوو چاوم بکەوێت بە مرۆڤێک، کە لەبەرامبەریدا هەست بە سەرگەردانی بکەم".

لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا پەیوەندییەکی بەهێزی هەبوو بەسارتەر و بزووتنەوەی بەرگرییەوە، بەڵام

هەرگیز ڕێگای نەدا لەبەرامبەر سارتەردا تایبەتمەندێتی و کەسایەتی خۆی لەدەستبدات، سەرەڕای هەموو سەرسامی و پەیوەستبوونە فیکری و ڕۆحییەکانی پێوەی.

بوڤوار خۆی خاوەنی ناوبانگێکی ئەدەبی گەورەبوو ، تەنانەت بەر لە 10 ساڵ پێش ئەوەی سارتەر خەڵاتەکە بباتەوە، ئەم بەهۆی ڕۆمانی (پیاوانی فیکر) ساڵی 1954 بەرزترین خەڵاتی فەڕەنسای وەرگرت، کە ئەویش خەڵاتی (کۆنکۆر)ە.

ساڵی 1958 وەک سەرۆکی ڕابیتەی فەڕەنسی بۆ مافەکانی مرۆڤ هەڵبژێردرا.

بوڤوار دەربارەی پەیوەندی خۆی بە سارتەرەوە دەنوسێت: "لەڕاستیدا من هێندەی ئەوەی پەیوەستبووم بە سارتەرەوە هێندەی ئەوەش دووربووم لێیەوە، پەیوەندییەکانی ئێمە جەدەلی بوو، هەندێکجار هەستمدەکرد لە دوورییەکی نامەعقولەوە بووم لێیەوە، هەندێکجاریش وام هەستدەکرد من نیوەکەی دیکە ئەوم، من بە ئەوم دەبەخشی و ئەویش بەمن، بەدڵنیاییەوە من شوێنکەوتووی ئەو نەبووم.

سارتەرش لەلایەن خۆیەوە بە (سیمۆن دی بوڤوار)ی دەوت ئەو زیرەکی پیاو و هەستیاری ئافرەتی لەخۆیدا کۆکردبۆوە.

بوڤوار تا کۆتایی تەمەنی سارتەر لەگەڵیدا مایەوە و چاودێریکرد، تاوەکو سارتەر لەساڵی 1980دا کۆچی دواییکرد.

بوڤوار بڕیاری دا لەو باڵەخانەیەدا نیشتەجێ ببێت، کە دەیڕوانی بەسەر ئەو گۆڕستانەی، کە سارتەری تیادا نێژرابوو، وەسیەتیشی کردبوو هەر لەو گۆڕستانەدا بنێژرێت.

وەک چۆن سەرەتای ژیانی لەگەڵ سارتەردا دەستپێکرد، بڕیاریشدا کۆتاییەکەی بە کتێبێک لەسەر سارتەر کۆتایی پێبهێنێت، هەربۆیە کتێبی (ماڵئاوایی سارتەر)ی لەساڵی 1981دا نووسیی، کە چەندین نهێنی لەسەر ژیانی سارتەر تیادابوو، کە پێشتر نەزانراوبوو، وەک خۆی دەڵێت ئەمە دووایین دیارییە، کە پێشکەشی پیاوێکی دەکات هەموو ژیانی لەگەڵیدا بەسەر بردبوو.

بوڤوار دەربارەی کتێبی (ماڵئاوایی سارتەر) دەنوسێت: "ئەو پیاوێکی ڕاستەقینەی وەهابوو، کە دەیزانی چۆن بەدوای حەقیقەتدا بگەڕێت و چۆنیش پێوەی پەیوەست بێت ، کاتێک ئەم کتێبەم دەنووسیی دڵنیابووم لەوەی ئەمە باشترین شتێکە پێشکەشی پیاوێکی بکەم، کە تاوەکو ئێستاش زیندووە، ئەو لایەنەی ژیانی سارتەرم ئاشکراکردووە، کە خەڵک دەیەوێت ئاگاداری بێت، فەلسەفەی سارتەر گوزارشتێکی ئیمپراتۆرییانە نیە لە بۆچوونێک، کە لەویژدانی کەسێکدا ئامادەیی هەبێت، بەڵکو ڕۆشتنە ناو ناخی خەڵکەوەیە.

لەم کتێبەدا هەوڵمداوە هەندێک لایەنی نەناسراو لەژیانی ئەودا بخەمە ڕوو بۆئەوەی بلیمەتییەکانی عەقڵی ئەو فەیلەسوفە بە دەربخەم.

هەربەتەنها خوێندنەوەی سارتەر بەس نیە بۆ ئاشنابوون بە سارتەر، بەڵکو دەبێت نوسراوەکانی بوڤواریش بخوێنینەوە، بۆ ئەوەی باشتر لەسارتەر تێبگەین، هەروەک چۆن پێویستمان بە خوێندنەوەی سارتەریشە، بۆ ئەوەی لە بوڤوار تێبگەین، تەنانەت ئەوە شتێکی زۆر قورسە ئەگەر بێتو باس لە یەکێکیان بکەین، بێ ئەوەی باسی ئەوەکەی دیکەیان بکەین، بوڤوار شوێن پەنجەی ژنێکی بەجێهێشت، کە زۆر ژیاو زۆری نوسیی و زۆریش جیاوازبوو.

**سەرچاوە:**

*عبدالباقی یوسف، سیمۆن دی بوفوار، الکتابە الذی تحدثت عن سیکولوجیة المراة، تشرین اونلاین٠

# سیمۆن دی بوڤوار؛
# فیمینیستەکەی سەدەی بیستەم

**ئامادەکردن و وەرگێڕانی: ئایدیا**

## سەرەتا

لە ڕێــگەی نووســینەکانی و ئەو شــێوازە ژیــانەی پەیـڕەوی کـردووە ,سـیمۆن دی بوڤـوار یـارمەتی زۆر کەســی داوە دیــد و نیگایــان بــۆ ژیانیــان بــدۆزنەوە بەتایبەتی ئافرەتان. ئەو پرۆفیسۆر ,چالاکوانی سیاسیی, فێمینیست,فەیلەسوف و نووسەر بوو. سـەرەڕای ئەوەش زۆرترین ناسراوی ئەو بریتیە لە هـاوڕێیەتی بەردەوامـی لەگەڵ ژان پـۆل ســارتەری دامەزرێـنەری بـوونگەرایی نوێــدا .دی بوڤــوار زۆر زوو بــووە پەیــڕەوکەری بۆچوونەکــانی ســارتەر دەربــارەی بــوونگەرایی:ئەو فەلسەفەیەی تەئکید لەسەر بەرپرسیارێتی تاک دەکاتەوە بۆئازادیەکانی بەرامبەر ژیان و بیروباوەڕە تایبەتیەکانی.

## پاشخان

سیمۆن دی بوڤوار ساڵی (1908) لە پاریس لەدایک بــووە.دایکی ئــافرەتێکی شــەرمنی خواپەرســت بــووە، باوکیشی سەرکێشێکی ژیاندۆست بووە.ئەم دوو جۆرە جیــاوازە لە کەســایەتی نێــوان بــاوک دایکیــدا وای لە سیمۆنی گەنج کرد بۆخۆی ژیانی بدۆزێتەوە و لە دنیا تێبگــات. لە تەمەنــی هەرزەکاریــدا دەســتی کــرد بەپرسیارکردن دەربارەی بەها ماددی و بۆرجوازیەکان. دواتـر دایکـی دەینێرێـت بـۆ قوتابخـانەیەکی کاسـۆلیکی تـایبەت. لەکاتێکـدا دی بوڤـوار نـاڕازی بـوو بەرامـبەر سنوردارکردنە زۆرەکانی قوتابخانەکەی. سیمۆن کەوتە نێــوان ناســین و بەراوردکردنــی دوو جــۆر ژیــانی جیاوازەوە، ژیانێکیان بریتیبوو لەبیروباوەڕێکی پیرۆز و

خۆئامادەکردن بۆ ژیانی دوای مردن، ژیانەکەی تریشیان بریتیبـوو لە باوەشـکردن بەدنیـادا بە هەمـوو خۆشـی لەزەتەکانیەوە. ژیانێک تام لە خۆشـی و لەزەتەکانی دنیا بکـات و گرنگـی بـدات بەو واقـیعەی، کە هەیە سـیمۆن ڕێگای دووەمی هەڵبژارد، هەربۆیە لەوکاتەوە پەیوەندی و تێگەیشتنی لەگەڵ دایکیدا بەرەو ناڕەحەتی و زەحمەتی ڕۆیشت.

**خوێندەواری**

دی بوڤـوار لە سـاڵی 1929 بڕوانـامەی زانکـۆ لە بواری فەلسەفە لە زانکۆی سۆربۆن –فەڕەنسا بەدەست دەهێنێـت. لەسـاڵی 1931 -1943 وەک مامۆسـتا لە خوێندنگا جیاوازەکانی پاریس وانەی فەلسەفە دەڵێتەوە. سـەرەتا سەرپەرشـتیارەکانی نمـرەی مـام ناونـدیان بـۆ دادەنـا لەکـاتی هەڵسـەنگاندنیدا,بەڵام دوای ماوەیـک گەیشـتنە ئەو بـاوەڕەی، کە سـیمۆن دی بوڤـوار مامۆسـتایەکی زۆر سـەرکەوتووی وتـنەوەی وانەی فەلسـەفەیە. لەسـاڵی 1943 دا سـیمۆن واز لەکـاری مامۆستایەتی دەهێنێت و دەستدەکات بەکاری نووسین. لەکاتێکدا ئەو کارەکـانی دەنووسـێ زۆر کـاریگەربوو بە بـارودۆخی سیاسـیی دوای جەنگـی جیهـانی لە فەڕەنسا.هەروەها زۆر کـاریگەر بـوو بە بیرەوەرییەکـانی سـارتەر، کە مـاوەی نـۆ مانـگ زینـدانی بـوو لای ئەڵمانیەکان.

ئەوکـاتەی فەڕەنسـا لەلایەن ئەڵمانیەکـانەوە داگیرکرابوو لە ماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا ,سارتەر و سـیمۆن و هاوڕێکـانی بەیەکەوە کاریانـدەکرد و

هیواخوازبوون هاوپەیمانان ئەوروپا لەدەست ئەڵمانیا ڕزگار بکەن.دوای کۆتایی هاتنی جەنگ سارتەر و سیمۆن و هاوڕێ ڕۆشنبیرەکانی تریان پەیوەندیان نەکرد بە پارتی کۆمۆنیستی دەسەڵاتدارەوە بەڵکو بۆ خۆیان پارتێکی دیموکراتیان دامەزراند. سەرەتا سارتەر و سیمۆن و هاوڕێکانی زۆر گەشبین بوون بەم هەنگاوەیان ,بەڵام دوای ساڵانێکی زۆر لەکارکردن و ململانێ تەواو بێ هیوابوون.

**کارەکانی:**

سەرەڕای کارە سیاسیی و فەلسەفیەکانی ,سیمۆن دی بوڤوار , چالاکبوو لە بواری مافەکانی کۆمەڵی مەدەنی: ئەو زۆر پیشتیوانی لەیاسای لەباربرن دەکرد هەروەها بەرگری زۆری لەو ئافرەتانە دەکرد، کە ڕووبەڕووی ئازادان بوو بوونەوە و لە سەنتەرەکانی داڵدەدان ژیانیان بەسەر دەبرد.

لەماوەی کارکردن و چالاکی سیاسیدا سیمۆن زۆر چیرۆکی دەربارەی ژیانی ئافرەتان کۆکردەوە. دوای ساڵانێکی زۆر لە ئامادەکردن و کۆکردنەوە ئەو چیرۆکانە بوون بە بناغەی یەکێک لە بەناوبانگترین کتێبەکانی ئەویش کتێبی "ڕەگەزی دووەم"ە.

لەکاتێکدا ئەو پەڕتووکە لە ساڵی 1949 دا نووسراوە کاریگەری لەسەر جوڵانەوەی ژنان تا ڕۆژی ئەمڕۆش بەردەوامە. چالاکوانانی نوێی ژنان ئەم پەڕتووکە بە ڕێگە خۆشکەرێک دادەنێن بۆ دروستبوونی جوڵانەوەی ژنانی جیهان. لەوکتێبەدا دی بوڤوار تێگەیشتنی خۆی

دەربــارەی ژیــانی خــۆی باســدەکات, هەروەهــا ئامــاژە بەوەدەکـــات، کە بـــوون بە ئـــافرەت لە سرووشـــتەوە بەدەســت نەهــاتووە بەڵکــو کــۆت وبەنــدەکانی کۆمەڵگــا خولْقانــدویەتی .هەر لەو کتێــبەدا دی بوڤــوار ڕوونــی دەکاتەوە، کە ئافرەت پەراوێز خراوە لەلایەن کۆمەڵگای پیاوسـالارەوە، ئەگەر نـا ئافرەتـان لە ڕووی بـایۆلۆژی و سایکۆلۆژی ورۆشنبیرییەوە لە پیاوان کەمتر نین.

سـیمۆن دی بوڤــوار لەمــاوە ژیانیــدا پێــنج ڕۆمــانی نووسـیوە، کە بـاس لە بیـرو بۆچـوونە بوونگەراییەکـانی دەکـات .هەروەهــا پێــنج ئۆتۆبایۆگرافیشـی نووسـیوە.لە ئۆتۆبایۆگرافیەکـانی سـەرەتادا بـاس لە ژیـانی منـداڵی و هەرزەکـاری و بینینـی سـارتەر و داگیرکردنـی فەڕەنسـا لەلایەن ئەڵمانیاوە دەکات. لە ئۆتۆبایۆگرافیەکانی کۆتایدا بـاس لە هەنـدێک بـابەتی جـدی فەلسـەفی دەکـات وەک پیربـوون و مـردن و جەنگـی جەزائیـر و شــەڕی سـارد .بەهــۆی دەوڵەمەنــدی وســەرکەوتنی کارەکــانییەوە دی بوڤوار چەندان خەڵاتی وەرگرتووە لەوانە:

سـاڵی 1954 Prix Goncourt .

سـاڵی 1972 Jerusalem Prize.

سـاڵی 1978 Austrian State Prize .

سـاڵی 1983 The summing Prize .

**لەگەڵ سارتەر:**

دی بۆڤار ئەوکاتەی قوتابی بوو لە زانکۆی سۆربۆن هاوڕێیەتی لەگەڵ سارتەردا پەیدادەکات ئەو کاتە تەمەنی 21 ســـاڵان بـــوو. لەو ڕۆژەوەی یەکتریـــان بینیـــو

هاوڕێیەتیـان بەردەوام بـوو بـۆ مـاوەی 51 ســاڵ. وەک دوو هـــــاوڕێ و خۆشەویســـــت بەیەکەوە دەســـــتیان بەکارکردن کرد و گۆڤارێکی ئەدەبیان دەرکرد, هەروەهـا بـۆ مـاوەی چەنـدین ســاڵ بەیەکەوە هەفتـانە بەرنـامەی ڕادیۆییـــان پێشـــکەش دەکـــرد. لەزۆر وڵات و لە زۆر شوێنی جیاواز دا محازەرە وکۆبوونەوەیان لەسـەر زۆر بـابەتی زینـدووی ڕۆژگـار ئەنجامـداوە. بەتەنهـا و لەگەڵ ســارتەر زۆر ســەفەر و گەڕانــی کــردووە. دی بوڤــوار نامەنووسـێکی سـەرکەوتوو بـووە ئەگەر لەمـاڵ بـووایە یــاخوود لەســەفەر. دوای مردنــی دوو بەرگ نامەکــانی چـاپکران، کە زیـاتر لە هەزار پەڕە دەبن. لە بەرگێکیانـدا، کە نـاوی "نامەکــان بــۆ ســارتەر"ە کە 4 ســاڵ دوای مردنـی چـاپکراوە لە نامەیەکـدا,ئەو کـاتەی لەســەردانی کالیفۆرنیا بووە, بۆ سارتەر نووسیویەتی :بەم وڵاتە زۆر ئـاڵودە بـووم هەروەک نیشـتیمانی خـۆم.....بێ ئومێـدیم تـووش دەبێـت لەلایەنــی سیاسـیەوە. بەرگـی دووەمــی نامەکـــانی بەنـــاوی "دڵـــداری ئەتڵەنتـــی"یە. زۆربەی نامەکەکانی ئەم بەرگە بۆ (نیلسۆن ئەلگرین) نووسراون.

سـیمۆن دی بوڤـوار ناسـراو بـوو بە پەیوەنـدییە تایبەتیەکانی .بۆ نموونە لەگەڵ سارتەر باسیان لە ژیـانی هاوســەری کردبــوو، بەڵام پێیــان باشــتر بــوو ئەوکــارە نەکەن, خۆیـان دانـابوو بـۆ "خۆشەویسـتیەکی لە ناکـاو "ســەرەڕای پەیوەنــدی لەگەڵ ســارتەر ,دی بوڤــوار " خۆشەویســتی لەناکــاو"ی لەگەڵ نووســەر و خــاوەنی خەڵاتــی شــیکاغۆ (نیلســۆن ئەلگــرین) هەبــوو.ئەوان لە ویلایەتـی شـیکاغۆ یەکتریـان بینیبـوو لەیەکەم سـەردانی

دی بۆڤار بۆ ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی 1947 دا. لە یەکێک لەنامەکانیدا بۆ نیلسۆن ,سیمۆن باس لەبەسەربردنی ڕۆژێک لە ژیانی دەکات لەو کاتەوەی لەخەو هەڵدەستێت تا نیوەشەو ئەکاتەی دووبارە دەخەوێتەوە. لەنامەکەدا بە وردی باس لە بەسەربردنی کاتەکانی و حەزەکانی و خواردنەکانی دەکات. کە ئەمەش بەهێزی پەیوەندی نێوانیان دەردەخات. پەیوەندی نێوان سیمۆن و نیلسۆن ماوەی 17 ساڵ بەردەوام بوو, لەو ماوەیەدا هەشت جار یەکتریان بینیوە. هەندێک سەردانیان ماوەکەی کورت بووە، کە سێ ڕۆژی خایاندووە، هەندێک سەردانیشیان ماوەکەی درێژبووە، کە چەند مانگێکی خایاندووە.

سیمۆن دیبۆڤار لە 1986/4/14 کۆچی دواییکرد، دوای پێنج ڕۆژ تەرمەکەی لە پاریس بەخاک سپێردرا لە تەنیشت گۆڕەکەی سارتەرەوە. لە مەڕاسیمێکەدا هەزاران کەس لەسەرتاسەری جیهانەوە لە : کەسانی سەربەخۆ، ڕێکخراوەکانی ژنان، تەندروستکاران، دەزگاکانی چاپ...و خەڵکانی دی ئامادەی بوون.

نووسین و فێرکردنەکانی دی بوڤوار دەربارەی ژیانی تایبەتی خۆی بوون ,ژیانێک، کە خۆی هەڵیبژاردبوو، بەڵام لەهەمانکاتدا خەڵکانێکی زۆر سوودیان لێوەرگرت و پێی کاریگەربوون. کار و چالاکیە مەزنەکانی سیمۆن فێرمان دەکات، کە "تەنها کەسێک" دەتوانێت جیاوازی گەورە لە جیهاندا بخولقێنێت.

**سەرچاوە:** ئینتەرنێت

# گفتوگۆیەکی هەڵبژاردە
# لەگەڵ سیمۆن دی بوڤوار

لە فارسییەوە: کارزان محەمەد

*سیمۆن دی بوڤوار  له (9ی کانوونی یەکەمی 1908ز) له پاریسی پایتەختی فەڕەنسا له خێزانێکی بۆرژوا لەدایک بووه، بەڵام لەسەرەتای گەنجییەوه یەکێک بووه له لایەنگرانی هزری فێمینیزم، لەدوای پەیوەندییەکی توندوتۆڵی خۆشەویستیانه لەگەڵ ژان پۆڵ سارتەردا، دەکەوێته ژێر کاریگەریی بوونگەرایی سارتەریشەوه.*

*گرنگترین بەرهەمەکانی دی بوڤوار  بریتین له (یاداشتەکان، که 4 بەرگه، ڕەگەزەکەیتر 2 بەرگ، خوێنی ئەوانی دیکه، میوان، یاداشتەکانی کچێکی ملکەچ، دیمەنه جوانەکان، مەرگێکی زۆر ئارام، مەراسیمیماڵئاوایی...)، دواجار له نیسانی (1986ز) دوای جێهێشتنی خەرمانێک له نووسینی تایبەت به بزووتنەوەی ژنان و هزری مرۆڤگەرایی، بۆ هەمیشه چاوەکانی لێکنا. ئەمەش دیالۆگێکه لەگەڵ ناوبراودا.*

*** لەم حەوت ساڵەی ڕابردوودا، سەرقاڵی نووسینی یاداشتەکانت بوویت، له پەرتوکەکەتدا بەردەوام بیر لەکار و خوێندنی خۆت دەکەیتەوه. ئەو کاریگەریەی من له پەرتووکەکانتەوه وەرمگرت، ئەمەیە، که ئەو ساتەی بڕوای مەزهەبیتان لەدەست دا، دەستت بەکاری نووسین کرد.**

- بەبێ پێشەکییەکی هەڵخەڵەتێنەرانه دەڵێم تاوتوێکردنی ڕابردووی کەسێک هەروا ئاسان نییه. پەیوەندی من به نووسینەوه پەیوەسته به بەر لەم شتانه. له هەشت ساڵیدا چیرۆکم دەنووسی، هەروەک چۆن زۆرینەی منداڵان دەنووسن. ئەمه بەڵگەی توانستی

نووسین نییە، ڕەنگە هەبێ بڵێت، کە لەبەرئەوەی بڕوا مەزهەبییەکەم لەدەستداوە، پێشوازیم لە خولیای نوسینکردووە. وێڕای ئەمانەش ئەو پەرتوکانەم دەخوێندەوە، کە لە ناخەوە منی ڕادەچڵەکاند. وەک (ئاشێ لە کەناری ڕووباری فلۆس the mill on the floss)دا، بەتەواوەتی ئارەزووی ئەوەم دەکرد وەک جۆرج ئۆلیوت بم، کەسێ بم، کە پەرتوکەکانی بخوێنرێتەوە، یاخود ئەو کەسەی پەرتوکەکانی دەبنەماییەی هەژاندنی خوێنەر.

*** ئەدەبیاتی ئینگلیزی کاریگەری لەسەر تۆ داناوە؟**

– لە منداڵییەوە هۆگری خوێندنەوەی زمانی ئینگلیزی بووم. ئەدەبیاتی منداڵان لە زمانی ئینگلیزیدا زۆر لە زمانی فەڕەنسی زێدەترە. من عەشقی (ئەلیس لە نیشتیمانی سەرسوڕهێنەرەکان) دام، (پیتەر پین) و تەنانەت (ڕۆزامۆند لیمان)ی چیرۆکەکە بووم.

*** ئەدی وەڵامی پرسیارەکەی سەرەوە؟**

– بەڵێ، من شەیدای ئەو پەرتوکە بووم، لەکاتێکدا تا ئەندازەیەکیش کۆنە. کیژۆڵەیەک لە نەوەی قۆناغی مندا، ئەم چەشنە پەرتوکانەی دەپەرست. هەر کچێک خۆی لەنێو بەرگی (جودی)دا دەبینی. پەرتوکێکی تا ئەندازەیەک هۆشمەندانە و تەنانەت زیرەکانەشە، بەڵام خولیای ژیانی ئەکادیمیانەی بەریتانیام هەبوو، لەگەڵ خێزانەکەمدا دەژیام و ژووری تایبەت بەخۆم نەبوو. لە ڕاستیشدا هیچ شتێکم نەبوو، کەواتە بەم حاڵەوە ناشێ بڵێم چانسم

لەبەردەمدا بووە. لەو پەرتوکەدا، ڕێگا بە ژیانی تایبەت درابوو کە بە بۆچوونی من، بەشکۆ بوو. نوسەر سەرجەم خەیاڵە جوانەکانی کیژۆڵەکانی دەناسی: کوڕی قەدوباڵا جوان بە ڕووخسارێکی هێدی و هێمنەوە و لەم جۆرە چەشنانە. هەڵبەتە دواتر برۆنتە و ڤێرجینا وۆڵف خوێندەوە: زۆر حەزم لەم شەپۆلانە نەدەکرد، بەڵام لە شەیدایانی پەرتوکەکەی ئەوم دەربارەی (ئەلیزابێت بارت برانینگ).

*** ئەدی یاداشتەکانی ڕۆژانەی؟**

– نەخێر، حەزم لێی نییە. ئەدەبیاتی زۆر نوسیووە و سەرنجڕاکێشە، بەڵام بەلای منەوە نامۆیە.

وۆڵف زۆر نیگەرانی چاپکردنی پەرتوکەکانی و قسەکانی خەڵک بوو. من زۆر حەزم لێدەکرد. لەم پەرتوکە دا دەربارەی پێگەی ژنان دەدوێ، وتارێکی کورتە، بەڵام بەتەواوەتی نیشانەکەی پێکاوە. زۆر بەباشی ئەوە شیدەکاتەوە، کە بۆچی ژنان ناتوانن بنووسن. ڤێرجینا وۆڵف لە هەموو نوسەرە ژنەکانی دیکە پتر بەلامەوە سەرنجڕاکێشە. تائێستا ئەو وێنانەی دیتومانە، ڕووخساری بەچەشنێکی سەرسوڕهێنەرانەیە.. . وۆڵف زیاتر بەلامەوە سەرنجڕاکێشە وەک لە (کۆڵتە)، لەکاتێکدا کۆڵتە، زۆر چوەتە نێو وردەکاریی مەسەلەکانی وەک عەشق، ماڵداری، پاکژی و گیانلەبەرانەوە. بابەتەکانی ڤێرجینا وۆڵف زۆر بەرفراوانن.

*** کتێبە وەرگێڕدراوەکانی دەخوێنیتەوە؟**

- نەخێر، ئینگلیزیەکەیم دەخوێندەوە. خوێندنەوەم بە ئینگلیزی باشترە بەبەراورد لە قسە پێکردنی.

*** بۆچوونتان دەربارەی خوێندنی کۆلیژ و زانکۆ چییە بۆ نوسەرێك؟ تۆ لە خوێندکارە نایابەکانی زانکۆی سۆربۆن بوویت و هەمووان چاوەنۆڕی ئەوەیان دەکرد کارێکی ئاست بەرز لە وانەبێژیدا پەیدا بکەیت**

- خوێندن زانیارییەکی ڕووالەتیانەی لەسەر فەلسەفە بەمن بەخشی، بەڵام ئینتیمام بۆ فەلسەفە پەیدا کرد. مامۆستایی بەلای منەوە زۆر سودمەند بوو، واتا کاتێکی زۆرم بۆ خوێندنەوە، نووسین و وانەخوێندن تەرخاندەکرد. لەو سەروەختەدا مامۆستاکان بەرنامەیەکی زۆر گرانیان نەبوو.

خوێندن بناغەکەی منی پتەوتر کرد، چونکە بۆ دەرچوونم لە تاقیکردنەوەدا، دەبوایە ئەو مەیدانانە بدۆزمەوە، کە لە چوارچێوەی بابەتی وانەکاندا نین. ئەو میتۆدە ئەکادیمیانەی فێریان بووم بەتایبەت بۆ نووسینی پەرتووکی (ڕەگەزەکەیتر)، بەکەڵکم هات و بۆ گشت لێکۆڵینەوەکانی دیکەم سودمەند بوو. واتا بۆ ئەوەی بەخێرایی بنۆڕیتە پەرتوکەکان، پۆلێنبەندیان بکەی، ئەوەش ببینی، کە کام بەرهەم گرنگە و بتوانی ئەو بەرهەمانەی گرنگ نین وەلامیان بنێی، بتوانی لە بەرهەمەکان بنۆڕی و پوختەیان بکەی.

*** مامۆستایەکی باش بوویت؟**

- پێموانییە، چونکە تەنها خوێندکارە زیرەکەکانم خۆش دەویست و هەرگیز بایەخم بە ئەوانی دیکە نەدەدا، لەکاتێکدا مامۆستای باش دەبێ هەموو خوێندکارەکانی خۆش بوێ، بەڵام ئەمە کەڵکی بۆ وانەوتنەوەی فەلسەفی نییە. هەمیشە چوار تا پێنج خوێندکار هەن لە مشتومڕدا بەشداری دەکەن و ئەوانی دیکە هەر لە بنەڕەتەوە بەلایانەوە وانەیەکی جیاواز نییە، منیش خۆم زۆر لەپێناو ئەوانەدا ماندوو نەدەکرد.

*** تۆ تا تەمەنی (35)ساڵی، ماوەی (10) ساڵ بوو دەتنووسیی بەبێ ئەوەی چاپیان بکەی، نائومێد نەببوی؟**

- نەخێر، چونکە لەو سەردەمەی ئێمەدا، بابەت چاپکردن لە تەمەنی لاویدا نائاسایی بوو. هەڵبەتە یەک تا دوو کەس هەبوون بۆ نموونە (ڕادیگە)، کە بیلمەت بوو. خودی سارتەریش تا تەمەنی (35) ساڵی کە هەردوو بەرهەمی (هێڵنج) و (دیوار)ی چاپکرد، شتێکی ئەوتۆی چاپ نەکردبوو.

کاتێک یەکەمین پەرتووکم، کە شیاوی چاپیش بوو، ڕەتکرایەوە، کەمێ دڵسارد بوومەوە. ئەو ساتەی یەکەمین چیرۆکم بەناوی (ئەو هات تا بمێنێتەوە) ڕەت کرایەوە، هەستێکی زۆر ناخۆشم لا دروست بوو. پاشان بیرم کردەوە، کە پێویست ناکات پەلە بکەم. زۆر نوسەریش هەبوون درەنگ دەستیان پێکرد. هەمووان هەمیشە ناوی (ستاندال) دەهێنن، کە تا تەمەنی (45) ساڵی، دەستی بە نووسین نەکرد.

*** کاتێك ڕۆمانەکانی سەرەتات دەنوسی، لەژێر کاریگەری نوسەرە ئەمریکیەکاندا بوویت؟**

-لە ڕۆمانی (ئەو هات تا بمێنێتەوە)دا بەتەواوەتی لەژێر کاریگەری هەمەنگوای دا بووم، چونکە ئەو بوو، کە سادەیی دیالۆگ و بایەخی شتە گچکەکانی ژیانی فێری ئێمە کرد.

*** بۆ نوسینی ڕۆمان، نەخشەیەکی ورد دادەڕێژی؟**

– نەخێر، خۆتان باشتر دەزانن بە (10) ساڵ نووسینی ڕۆمانێک و کارکردن لەسەر یاداشتەکانیش، لەگەڵ یەکتر ناگونجێن. بۆ نموونە کاتێک (ماندارن ها)م نووسیی، کەسایەتییەکان و ژینگەکانیانم خوڵقاند و وردە وردە نەخشەکەی فۆرمەڵە بوو، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی چیرۆکەکە زۆر زووتر لەوە دەست پێدەکەم، کە نەخشەی کارکردنەکەی بۆ دابڕێژم.

*** خەڵك دەڵێن تۆ زۆر بە پرەنسیپیت و تەنانەت یەك ڕۆژیش بەبێ کار ناگوزەرێنیت، لە چ کاتژمێرێکدا دەست بەکارەکەت دەکەی؟**

– من هەمیشە بەپەلەم. چیت لێ بشارمەوە حەز بە دەستپێکی ڕۆژەکە ناکەم. یەکەمجار چا نۆش دەکەم و دواتر دوای کاتژمێر (9) دەکەومە گەڕ تا کاتژمێر (1) کاردەکەم، پاشان هاوڕێکانم دەبینم و کاتژمێر (5) دەگەڕێمەوە بۆ تەواوکردنی کارەکانم تا کاتژمێر (9). حەز بە کاری پاشنیوەڕۆیانیش دەکەم، کاتێ تۆ بڕۆی ئەوا ڕۆژنامەکان دەخوێنمەوە و ڕەنگە بچم بۆ شت کڕین. زۆربەی کات کارکردن چێژبەخشە.

*** چ کاتێ سارتەر دەبینی؟**

– شەوانە و هەندێکجاریش کاتی نانخواردن. بەگشتی پاشنیوەڕۆیان لە ژوورەکەی ئەودا کاردەکەم.

*** بەلای ئێوەوە دژوار نییە لەم ئەپارتمانەوە بڕۆیت بۆ ئەو ئاپارتمانەی دیکە؟.**

– نەخێر، چونکە پەرتوکی ئەکادیمی نانووسم، هەموو کاغەزەکانم پێیە و لەوێش دەتوانرێ کاری باش ئەنجام بدەیت.

*** یەکسەر تەرکیزتان لەسەری چڕ دەبێتەوە؟**

– زیاتر پەیوەندی بەو شتەوە هەیە، کە دەینووسم. ئەگەر کارەکە بەباشی بەڕێوەبچێ، چارەکێک، یاخود نیو کاتژمێر نووسینەکانی ڕۆژی پێشوو دەخوێنمەوە و چەند جارێ دەستکاری دەکەمەوە، پاشان هەر لەو خاڵەوە درێژەی پێدەدەم. بۆ دەستپێکردن، پێویستە نووسینەکانی پێشووم بخوێنمەوە.

*** هاوڕێ نوسەرەکانیشت هەمان نەریتی تۆیان هەیە؟**

– نەخێر، ئەم مەسەلەیە زۆر خودییانەیە. بۆ نموونە (سارتەر)، نەریتەکەی بەتەواوەتی جیاوازە لە من. (6) مانگی تەواو بۆ ماوەی (12) کاتژمێر لە ڕۆژێکدا کاریدەکرد. دوای ئەوەی پەرتوکەکەی تەواو دەکرد، (6) هیچ کارێکی نەدەکرد. هەروەک گوتم من هەموو ڕۆژێ کار دەکەم، جگە لە دوو تا سێ مانگی پشوو، کە دەڕۆم بۆ گەشت، بەگشتی لە ماوەی گەشتەکەمدا هەرگیز کار ناکەم. بەدرێژایی ساڵ زۆر کەم دەخوێنمەوە، هەربۆیە

کاتێک بۆ گەشت دەچم، یەک جانتای پڕ لە پەرتووک لەگەڵ خۆمدا دەبەم، ئەو پەرتوکانەی، کە کاتم نەبووە بیانخوێنمەوە، بەڵام ئەگەر گەشتەکەم بۆ ماوەی یەک مانگ، یاخود یەک مانگ و نیوو بێت، هەست بە ناسوودەیی دەکەم بەتایبەتی ئەگەر لەنێوەندی دوو پەرتوکدا بم، حەوسەڵەم بە بێکاری لەدەست دەچێ.

**سەرچاوە:**

گفتوگۆ با دوو بوار، ترجمە: مهرشید متولی، سایت متولی، مهرداد ۱389.

# ڕەگەز و جێندەر
# لای سیمۆن دی بوڤوار

جودیت باتلەر

وەرگێڕانی: هاوار محەمەد

*«کەس بە ژنی لەدایک نابێت، بەڵکو دەبێت بە ژن».*[1]

فۆرمولەکەی "سیمۆن دی بوڤوار" ڕەگەز و جێندەر (جۆری کۆمەڵایەتی) لە یەکتری جودا دەکاتەوە، ئەوەمان دەخاتە پێش چاو جێندەر یەکێکە لەلایەنەکانی شوناسێک، کە دەبێت بەرە بەرە بەدەستبهێنرێت. ئەم جیاکارییە لەنێوان ڕەگەز و جێندەردا لە تێکۆشانی کۆنی ژنانەدا بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو بانگەشەیەی، کە گوایە توێکاریی بایۆلۆژیی (تشریح) قەدەرە، هەمیشە شتێکی گرنگ بووە. ڕەگەز لایەنی جێگیر و چەسپاو پیشان دەدات، لە ڕووی توێکارییەوە تایبەتە و لە جەستەی ژنێتیدا فاکتییانەیە (Facticity)، بەڵام جێندەر مانای کولتوورییە و ئەو فۆڕم و پەیکەرەیە، کە ئەم جەستەیە وەریدەگرێت، تەرزێکە کە لە ئەنجامی خۆگونجانە کولتوورییەکەیەوە گۆڕانکاریی بەسەردا دێت. کاتێک ئەم لێکجیاکردنەوەیە بەهەند وەردەگرین، ئیدی مومکین نییە بەها و وەزیفە کۆمەڵایەتییەکانی ژن بدەینە پاڵ حەتمییەتی بایۆلۆژی، هەروەها ناتوانین بەشێوەیەکی جددی ئاماژە بەوە بدەین، کە جۆرێک ڕەفتاری جێندەریی هەیە سروشتییە و جۆرێکیدیکە هەیە ناسروشتییە، چونکە جێندەر هەر

[1] Simone de Beauvoir, The Second Sex (New York: Vintage Books, 1973), 301. Henceforth, references will be given in the text.

کتومـت نـا-سروشـتییه. سـەرەڕای ئەوەیـش، ئەگەر ئەم جیاکارییە بەشـێوەیەکی سیسـتەماتیک جێبەجێبکرێت، ئەوا ئیدی ڕوون نییە داخۆ چ ڕەگەزێکیان بۆ ئەویتریان واقیعە و بەو ئاقارەیدا دەبات جێندەرێکی خەوشـدار وەربگرێت. گریمـانەکردنی پەیوەنـدییەکی هۆبەنـدیی یـان لاسـاییکاری (mimetic relation) نێـوان سـێکس و جێنـدەر ئیتـر گریمانەیەکی ئێجگار لاوازە. خۆ ئەگەر کەینونەیەک هەبێت تـایبەت بێـت بە ژن ئەوا یەکێـک لە لێکـدانەوە کولتوورییەکـانە سـەبارەت بەبـوونی مێیـنە، ئەگەر ئەم لێکدانەوەیش بەهیچ شێوەیەک پێویستی بەوە نەبێت ببێتە مێینە، ئەوا پێدەچێت جەستەی ژنـانە هـیچ نەبێت جگە لە شـوێنێکی دەستبەسـەرداگیراو بـۆ جێنـدەری "ژن"، لەبەرئەمە، هیچ هۆکاریک نییە وامـان لێبکـات ئەو گریمـانە دووربخەینەوە، کە دەشـێت ئەم جەسـتەیە ببێتە شـوێنێک بۆ بونیاتنـانی دیـکەی جێنـدەر. کەواتە ئەوە ئەوپەڕییەتـی، جیاکـاریی ڕەگەز/جێنـدەر (sex/gender) شـوێنکەوتەیی جەستە سروشـتییەکان و بونیـادە جێندەرییە ڕیشـەییەکان بـۆ دەرەنجـامی "مێینەبوون"ـی یەکێکیـان و "ژنبوون"ـی ئەویتریـان لەخۆدەگرێت، کە دوو جـۆری تەواو جیـاوازی کەینـونەن. ئەمە دوایـین خولیـایە، کە دەیـخەمە ڕوو، بەشـدارییەکی نایـابی فۆرمـولەکەی سـیمۆن دی بوڤـوارە «کەس بە ژنێتی لەدایک نابێت، بەڵکو دەبێت بە ژن».

بەگوێرەی ئەو چوارچێوەی سـەرەوە، زاراوەی "مێینە" کۆمەڵێک فـاکتی سروشـتیی و نەگـۆڕە، کە هەمـان مانـای خـود-شوناسـی هەیە (بەهەمـان شـێوە گریمـانەیەکە، کە

زنجیرەیەکــی نەپچــڕاوی جیــاوازییە کرۆمۆســۆمییەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە)، لە کاتێکدا زاراوەی "ژن" کۆمەڵێک تەرز و مۆدی هەمەجۆرە، کە بەهۆیانەوە ئەو فاکتانە مانا کولتوورییەکانیان وەردەگرن. کەواتە، یەکێکیان مێینەیە تا ئەو ڕادەیەی، کە پەیوەســـتەگیی زمانییـــانە جەختـــی لێدەکاتەوە پەیوەندییەکی جێگیـر و خـود-شوناسـە. واتە یەکێکیـان مێینـەیە و هەر لەبەرئەمەیـش ڕەگەزێکـی دیـکە نیـیە. بەڵام ئەوەی لەمە دژوارتـرە، بانگەشـەی ئەوەیە کە یەکێکیـــان بەهەمـــان مانـــا دەبێـــتە ژن. ئەگەر جێنـــدەر لێکــدانەوەی کولتــووریی گــۆڕاو بێــت بــۆ ڕەگەز، ئەوا پێویســـتی بەتایبەتمەنــدیی جێگیـــر و داخـــران هەیە، کە شوناسـی ئاسـایی پێدەناسـرێتەوە. جێنـدەربوون، چ پیـاو بێـــت یـــان ژن و شـــتیتر، ئەوەیە لە لێکـــدانەوەیەکی بەردەوامــی کولتووریـدا بـۆ جەسـتە ڕۆبچیـت و ئینجـا بەشـــێوەیەکی دینـــامیکی لەنێـــو کـــایەی ئیمکانـــاتە کولتوورییەکاندا جێگیر ببێت. دەبێت جێندەر وەک مۆدێلی بەهێزکـردن یـان وەدیهێنـانی ئیمکاناتەکـان تێبگەیشـترێت، وەک پرۆســـەی لێکـدانەوەی جەسـتە و پێـدانی فـۆڕمی کولتــووری بە جەســتە. بە دەربڕینێکــی دیــکە، ژنبــوون ئەوەیە ببیت بە ژن؛ مەسەلەکە گوێڕایەڵیکردن لە دۆخێکی ئۆنتۆلۆژیی جێگیـرنییە، کە تێیـدا مـرۆڤ بە ژنـی لەدایـک ببێـت، بەڵکــو پرۆســـەیەکی چالاکـــانەی خاوەنـــداریێتی (appropriating)و لێکـــدانەوە و دووبـــارە لێکـــدانەوەی ئیمکانە کولتوورییە زاڵەکانە.

بەلای سـیمۆن دی بوڤـوارەوە، وا پێـدەچێت فرمـانی "دەبێـتە" (become) مانـایەکی نـاڕوون و ئـاڵۆزی هەبێت. جێنـدەر تەنیـا بونیـادێکی کولتـووریی سـەپێنراو بەسـەر شوناسـدا نییە، بەڵکو بە واتـایەک لە واتاکـان پرۆسـەی بونیادنانی خۆیشمانە. ببێتە ژن (become a woman) واتـای کۆمەڵێـک کـرداری ئامانجـدار و خاوەنـدارانەیە وەک وەرگرتنـی مەهارەتێـک، یـان بە واتـا سـارتەرییەکە "پڕۆژە"یە، هەروەها واتـای ئەوەیشـە مۆدێل و دەلالەتێکی جەستەیی دیاریکراو بەخۆوە بگرێت (embody). پێدەچێت ئەو سـاتەی فرمـانی "دەبێـتە" بە واتـای "بەخـۆوەگرتن و بەرجەسـتەکردن بەشـێوەی خۆویسـتانە و ئامانجـدار" تێدەگەیشترێت، سیمۆن دی بوڤوار پەیوەست بووبێت بە وەسـفێکی ئیختیـاریی خۆبەخشـانەی جێنـدەرەوە. بەم جـۆرە، ئەگەر جێنـدەر بە واتـایەک لە واتاکـان ئیختیـاری بێـت، ئیـدی چـۆن دەتـوانین وەک بونیـادی کولتـووریی باڵادەست و کلێشـەیی لە جێندەر تێبگەین؟ وا ڕاهـاتووین لەمـڕۆدا وەک بـابەتێکی نەرێنـی وەهـا، کە فـاکتەرە دەرەکییەکـان دەستنیشـانی دەکەن، لە جێنـدەر تێـبگەین، بابەتێـک، کە بەهـۆی سیسـتەمێکی باڵادەسـتی پەتریـارکییەوە، یـان بەهـۆی زمـانێکی نێرسـەنتەرییەوە (phallogocentric) دروست دەکرێت، کە لای خۆیەوە پێش بـابەتەکە هەیە و دیاریـدەکات و سـنوورەکانی دەکێشـێت. تەنـانەت ئەگەر بەڕاسـتی دەرک بەوە بکەیـن جێنـدەر بونیادێکە، کە بەهـۆی ئەم سیسـتەمانەوە پێکهێنـراوە، ئەوا هێشـتا پێویسـتە میکـانیزمە دیاریکراوەکـانی ئەم بونیـادە

بپشـکنین. ئایـا ئەم سیسـتەمە بە تەنیـا بەوە پێکـدێت، کە مـۆری جێنـدەر لە جەسـتە بـدات؛ بە واتـایەکیتر، بەوجـۆرە پێکدێت، کە جەستە لەم دۆخەدا تەنیا ئامڕازێکی نێوەندگیر و ملـکەچ بێـت؟ کەواتە چـۆن دەتـوانین ئەو ڕێگـا هەمەجۆرانە تەفسیر بکەین، کە جێنـدەر بەشـێوەیەکی تـاک تێیاندا بەرهەم دەهێنرێتەوە و پێکدەهێنرێتەوە؟ ڕۆڵی بکەر چیـیە لە دووبـارە بەرهەمهێنـانەوەی جێنـدەردا؟ لەم کۆنتێکستەدا، فۆرمولەکەی سیمۆن دی بوڤوار ئەم کۆمەڵە تەحەدایەی دواتـر دەخـاتە بەردەم تیـۆری جێنـدەر: تـا چ ڕادەیەک "بنیاتنـان" (construction)ـی جێنـدەر پرۆسـەیەکی خـود-تێڕامێنی (self-reflexive)ـیە؟ بە چ واتـایەک خۆمـان دروسـت دەکەیـن و لەمیـانەی ئەو پرۆسـەیەوە دەبیـنە جێندەری تایبەت بەخۆمان؟

لە خـوارەوە دەمەوێـت ئەوە ڕوون بـکەمەوە، کە چـۆن ڕوانینـی سـیمۆن دی بوڤـوار بـۆ جێنـدەر وەک "صـیرورە" (becoming)، نـاڕوونی و ئـاڵۆزی واتـای نـاوەکیی جێنـدەر هەم وەک "پـڕۆژە" و هەم وەک "بونیـاد" لا دەبـات. تێگەیشتن لە جێندەر لە "صـیرورەکەی"دا وەک ***ئیختیار*** و ***گونجـانی کولتـووری*** پـێکەوە، ئەو پەیوەنـدییە لێکـدژییە لەنێـو دەبـات، کە عـادەتەن لەنێـوان ئەم دوو زاراوەیەدا هەیە. کاتێک بوڤـوار لێکدانەوەی دوولایەنە بـۆ "صـیرورە" دەکـات، جێنـدەر وەک بـابەتێکی جەسـتەیی بـۆ ئیمکانـاتە کولتـوورییە زاڵ و داهێنراوەکـان دادەڕێژێـت. کەواتە، تێڕوانینـی ئەو بـۆ جێنـدەر پەیـڕەوی لە دووبـارە تەفسـیرکردنەوەی ڕێبازی ئیختیـاری بـوونگەرانە دەکـات،

که پێیوایه "ئیختیار" (choosing)ی جێندەرێک بەرجەستەکەری ئیمکاناتە بەردەستەکانە لەنێو تۆڕی ئەو پێوەرە کولتوورییانەدا، کە بە قووڵی چەسپاون.

## جەستە سارتەرییەکان و تارماییە دیکارتییەکان

ئەو ئایدیای، کە دەڵێت: ئێمە خۆمان جێندەری تایبەت بەخۆمان هەڵدەبژێرێن، ڕازێکی ئۆنتۆلۆژی دەخاتە ڕوو. لە سەرەتاوە وا دەردەکەوێت مەحاڵە بتوانین لە دەرەوەی جێندەر شوێنێک بگرین، کە بتوانین لێیەوە کەمێک بگەڕێینەوە دواوە و خۆمان جێندەرەکەمان هەڵبژێرین. ئەگەر ئێمە هەمیشە هەر لە پێشەوە جێندەرمان دیاریی کرابێت (gendered)و لە جێندەردا قەرارمان گرتبێت، ئەی کەی ماقووڵە بڵێین بەدەستی خۆمان ببین بە چی و خۆمان ئەوە هەڵدەبژێرین، کە هەمیشە هەین؟ ئەم تێزە نەک تەنیا تۆتۆلۆژییە، بەڵکو بەو ئەندازەیەی، کە هەڵبژێرەرێکی پێش جێندەرە هەڵبژێردراوەکەی تێدا گریمانە دەکرێت، پشتیوانی لە ڕوانینە دیکارتییەکە بۆ سوبێکتێک دەکات لێکدژە لەگەڵ بەرەنجامە هاوچەرخەکانی بونیادی زمانەوانی بکەردا، هەروەها ئەمە هەمان کێشەیە لەهەموو بۆچوونە دیکارتیەکاندا دەربارەی من، لەبەرئەوەی مەودای ئۆنتۆلۆژیی، کە ئەم بۆچوونانە لەنێوان سوبێکت و لەنێوان زمان و ژیانی کولتووریدا گریمانەی دەکەن. وا دەردەکەوێت تەگەرە دەخەنە بەردەم ئیمکانییەتی لێکۆڵینەوە لە هەر یەکێکیان. ئەگەر بانگەشەکەی سیمۆن دی بوڤوار ئەرگومێنێکی بەهێزی

هەبێت، ئەگەر ئەوەیش ڕاست بێت، کە ئێمە لە ڕێگەی کۆمەڵێک کردەی ئیختیاری و خاوەندارانەوە "دەبینە" جێندەری تایبەت بەخۆمان، ئەوا دەبێت مەبەستی بوڤوار شتێکی دیکەی جگە لە کردەی دیکارتییانەی بێ-دۆخ (unsituated) بێت. بەکەر کاتێک دەبێتە داواکراوێکی لۆژیکیی بۆ بنیاتنانی جێندەرێک، ئیدی واتای ئەوە نییە ئەم بکەرە لە جەستە ڕزگاری بووە، ئێمە لە ڕاستیدا دەبینە جیندەری تایبەت بەخۆمان نەک جەستەمان. ئەگەر بمانەوێت لە تیۆرەکەی سیمۆن دی بوڤوار وەها تێبگەین، کە لە تارمایی دیکارتی ڕزگاری بووە، ئەوا پێویستە یەکەمجار ئاوڕ لە ڕوانگەی ئەو بۆ جەستە بدەینەوە، ئاوڕ لە تێڕامانەکانی بدەینەوە دەربارەی ئیمکانییەتی ڕۆحی سەرکەوتوو بەسەر جەستەدا.

چ بتوانین بڵێین ئاگایی لە پێش جەستەوەیە و چ بڵێین ئاگایی شوێنێکی ئۆنتۆلۆژیی دوور لە جەستەی هەیە، ئەوا ئەم بانگەشانە لە کتێبی "بوون و نەبوون"ی سارتەدا بە نۆبە جەختیان لێکراوەتەوە و نەفییش کراونەتەوە، ئەم دڕدۆنگییە بەرامبەر دووالیزمی عەقڵ-جەستەی دیکارتی دووبارە لە کتێبی "ڕەگەزی دووەم"ی سیمۆن دی بوڤواردا دەردەکەوێتەوە، ئەگەرچی کەمتریش جددی بێت. لە ڕاستیدا دەتوانین لە "ڕەگەزی دووەم"دا هەوڵێک ببینین بۆ کردنی پرۆژە سارتەرییەکەی دامەزراندنی چەمکی بەرجەستەی ئازادی بە پرۆژەیەکی ڕادیکاڵتر. جوداکردنەوەی "جەستە" لە "بوون و نەبوون"دا، زایەڵەیەکی دیکارتی دەنوێنێتەوە، کە بەدوای

بیرکردنەوەی سارتەرەوە بووە، هەروەها هەوڵی ئەویش دەنوێنێتەوە بۆ ڕزگارکردنی خۆی لەم تارماییە دیکارتییە. ئەگەرچی سارتەر مشتومڕی ئەوە دەکات، کە جەستە و شوناسی کەسییانە لە ڕووی دەلالییەوە لێکجووتن ("من جەستەمم")[2]، کەچی وایشی بۆ دەچێت ئاگایی بە واتایەک لە واتاکان دەچێتە ئەودیوی جەستەوە ("جەستەم خاڵی دەستپێکردنی منە و لە هەمان کاتدا ئەو خاڵەیە کە تێیدەپەڕێنم...")[3]. لەبری نەفیکردنەوەی دیکارتی، تیۆرەکەی سارتەر هەوڵدەدات بۆ تێگەیشتنی پەیوەندیی نێوان ڕزگاربوون لە جەستە (یان خاسییەتی ترانسێندنتاڵی شوناسی کەسی) و بەرجەستەکردن وەک پەیوەندییەکی لێکدژ، بەڵام جەوهەری. ڕیشەی دووالیزمی ئاگایی (وەک ترانسێندنس) و جەستە وا لە واقیعی مرۆییدا، هەر هەوڵێکیش بۆ دیاریکردنی شوناسی کەسییانە تەنیا لەلایەنێکیانەوە بەبێ لایەنەکەی دیکەیان، بە بۆچوونی سارتەر پڕۆژەیەک لەنێو بەدنیازیی ( bad faith)دا.

ئەگەرچی ئاماژەکەی سارتەر بۆ "تێپەڕاندن"ی جەستە وەها تێدەگەیشترێت، کە گریمانەی دووالیزمی عەقڵ-جەستە دەکات. کەچی ئێمە پێویستیمان بەوەیە ئایدیای تێپەڕاندنی خود لە خۆیدا وەک جموجوڵێکی جەستەیی تێبگەین. بەمەبەستی نەفیکردنەوەی ئەم گریمانەیە. جەستە

[2] Jean-Paul Sartre, Being and Nothingness: An Essay in Phenomenological Ontology, trans. Hazel E. Barnes (New York: Philosophical Library, 1947), 329.
[3] Ibid.

دیاردەیەکی نەگۆڕ نییە، بەڵکو مۆدێلێکی دیاریکراوی مەبەستگەراییە (intentionality)، هێزێکی ئاڕاستەکەر و مۆدێکی ئارەزوو. جەستە وەک مەرجی گەیشتن بەجیهان، کیانێکی تەبا و سازگار لەگەڵ ئەودیوی خۆیدا، مەرجەعییەتی زەڕوریی جیهان دەهێڵێتەوە ئینجا، هەرگیز کیانێکی سروشتی وەها نییە، کە لەگەڵ خۆیدا تەماهی کردبێت و هاوشوناس بووبێت. جەستە وەک کۆنتێکست و نێوانکارەی هەموو هەوڵە مرۆییەکان ئەزموون دەکرێت و تاقی دەکرێتەوە. جا لەبەرئەوەی بە قسەی سارتەر مرۆڤەکان هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی تواناکان دەدەن، کە یان توانای بەدیهاتوون یانیش لە ڕووی بنەماییەوە توانای لە بەدیهاتن نین. بۆیە بەم واتایە و بەم ئەندازەیە مرۆڤەکان "لەودیوی" خۆیانەوەن. لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەم دۆخە "دەرە-جێگیرییە" (ek-static)ی مرۆڤەکان، ئەزموویکی جەستەییە، جەستەیش حەقیقەتێکی بوونگەرایانەی وەها نییە، کە بۆ ژیان دامابێت، بەڵکو جۆرێک صیرورەیە. هەروایشە، جەستەی سروشتی بەلای سارتەوە، تەنیا لەو شێوازەدا هەیە، کە تێدەپەڕێنرێت، بۆ ئەوە دەشێت تێپەڕێنرێت، لەبەرئەوەی جەستە هەمیشە لە هەوڵی مرۆییدایە بۆ بەدیهێنانی ئیمکاناتەکان: «چەندە جەستەمان هی خۆمان بێت هێندەیش ئێمە ناتوانین درک بەم ئیمکانە ڕووکەشە وەک ئەوەی هەیە بکەین: چونکە هەڵبژاردنە، چونکە بوون بۆ ئێمە ئەوەیە، کە خۆمان هەڵبژێرین... ئەم جەستەیەی لە دەرەوەی دەرککردنە ڕێک ئەوەیە، کە

دەبێت هەڵبژاردن هەبێت و لەیەک کاتدا هەموو شتێک نەبم»[4].

سیمۆن دی بوڤوار ڕوانگەکەی سارتەر پووچەڵ ناکاتەوە، بەڵکو هەڵیدەگرێت و دەیخاتە نێو لێکدانەوەیەکی نا-دیکارتییانەی بۆچوونەکانییەوە[5]. سارتەر لە "بوون و نەبوون"دا نووسیویەتی «بە بەکارهێنانی "دەهێنێتە بوون" وەک فرمانێکی تێپەڕ، وا باشترە بڵێین ئاگایی جەستەی خۆی دەهێنێتە بوون...[6]». شێوازی تێپەڕیی فرمانی "دەهێنێتە بوون" (exist) دوور نییە لە بەکارهێنانەکەی سیمۆن دی بوڤوار بۆ فرمانی "دەبێتە" (become)، هەروەها فۆرمولەکەی ئەو بۆ جێندەر وەک صیروره وا دەردەکەوێت ئیزافە و بەرجەستەکردنێکی ڕاستەقینەی فۆرمولەکەی سارتەرە. لە وەرچەرخاندا لە چەمکی بوونی ماتریالی و صیرورەوە بۆ دیمەنی ڕەگەز و جێندەر، سیمۆن زەرورەتێکی ئۆنتۆلۆژیی بۆ چەمکی پارادۆکس

---

[4] Ibid., 328.

5 بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر بەرگریکردنی سیمۆن دی بوڤوار لە کەسایەتی نا-دیکارتییانە لە ڕوانگەی سارتەردا بۆ جەستە، بڕوانە لەم سەرچاوەیە:

"Merleau-Ponty et le Pseudo-Sartrisme," Les Temps Modernes, 10:2, 1955.

هەروەها بڕوانە لەم وتارە گشتییە کە باس لەوە دەکات سارتەر هەنگاو بە هەنگاو بەسەر مەیلە دیکارتییەکانیدا زاڵ بووە:

Thoman W. Busch, "Beyond the Cogito: The Question of the Continuity of Sartre's Thought," The Modern Schoolman 60 (March 1983).

[6] Being and Nothingness, 329.

(paradox) تەرخان دەكات. بەڵام دڕدۆنگیی لە تیۆرەكەیدا، ئەوە نییە، كە لەنێوان بوون "لەنێو" جەستە و بوون "لەودیوی" جەستەدایە، بەڵكو لە گوزەردایە لە جەستەی سروشتییەوە بۆ جەستەیەكی گونجاوی كولتووری. گوزارەی "كەس بە ژنی لە دایك نابێت، بەڵكو دەبێت بە ژن" واتای ئەوە نییە ئەم صیرورەیە لە ئازادیی ئەبستراكتەوە ڕێگا دەبڕێت بۆ بەرجەستەكردنی كولتووری. بەكردەنی وایە، هەر كەسێك لە سەرەتاوە جەستەیەتی، تەنیا دوای ئەوەیە دەبێتە جێندەری خۆی. گوزەركردن لە ڕەگەزەوە بۆ جێندەر، لەلایەنی ژیانی بەرجەستە و كۆنكرێتەوە ناوەكییە، واتە گواستنەوەیە لە جۆرێكی بەرجەستەبوونەوە بۆ جۆرێكی دیكە. جا بۆ ئەوەی فۆرمولە سارتەرییەكە ئاوێتەی فۆرمولە بوڤوارییەكە بكەین. دەتوانین بڵێین هەركەسێك لە ڕووی كولتوورییەوە جەستەی "بهێنێتە بوون" واتای ئەوەیە دەبێتە جێندەری خۆی، لایەنیكەم بەشێوەیەكی جوزئی.

سەرنجی سارتەر لەسەر جەستەی سروشتی وەك شتێكی "لە ئیدراك بەدەر" (inapprehensible) هاوشێوەی خۆی لای بوڤوار لەوەدا دەبینێتەوە، كە ڕەتی دەكاتەوە جێندەر سروشتییانە بێت. ئێمە خۆمان وەك جەستەیەكی پوخت و سادە ئەزموون ناكەین یان ناناسین، واتە وەك ڕەگەز، چونكە ڕەگەزی خۆمان بەبێ گوزارشكردن لەخۆی وەك جێندەر، ناناسین. ڕەگەزی تیاژیاو و ئەزموونكراو یان تاقیكراو هەمیشە پێشوەختە بەجێندەرییكراوە. ئێمە دەبینە جێندەری خۆمان، بەڵام لە

شــوێنێکدا دەبیــنە ئەمە کە نــاتوانین بیهێنیــنە بــوون، بە گوزارشــتێکی وردتــر، نــاتوانین بــڕوا بە بــوونی بهێنــین. بەلای ســــارتەرەوە، جەســـــتەی سروشـــــتی لە دەرەوەی دەرککـــــردنە، ئینجــا خـــاڵی خەیـــاڵیی ســـەرەتایە بـــۆ تەفسـیرکردنی جەسـتە وەک تیاژیاوێـک. بەهەمـان شـێوە، بەلای سیمۆن دی بوڤوارەوە، گریمـانەکردنی ڕەگەز وەک حەدسـێکی کردەیـی خەیـاڵکراو ڕێـگەی ئەوەمـان پێـدەدات بەڕوونــی ئەوە ببینــین، کە جێنــدەر نــا-سروشــتییە، واتە لایەنێکی بوونە کە ئیمکانەکەی مەرجدارە بە کولتوورەوە. بەم جـۆرە، ئـێمە لە شـوێنێکی پـێش کولتـوور یـان پـێش ژیــانی بەرجەســتەدا نــابینە جێنــدەری خۆمــان، بەڵکــو بە گوێرەی مـەرجەکانیـان، بەشـێوەیەکی بنەڕەتـی بەگـوێرەی مەرجەکـانی کولتـوور و ژیــان دەبـنە جێنـدەری خۆمــان. بەلای سیمۆن دی بوڤوارەوە، لایەنیکەم تارمـایی دیکـارتی ماندوو بووە و ئیدی خانەنشینکراوە.

وێـڕای ئەوەی ئـێمە دەبیـنە جێنـدەری خۆمـان، کەچـی جــووڵەی ئەم صــیرورەیە لە زەمەنــدا، بە پێشــکەوتنێکی هێڵییـــانەدا نـــاچێتە پـــێش. ئەســـڵی جێنـــدەر لە ڕووی زەمەنییەوە شتێکی تایبەت نییە، چونکە جێندەر لە خـاڵێکی زەمەنیــی وەهــادا پەیـدا نابێـت. کە دوای ئەوە فـۆڕمێکی جێگیر وەربگرێت. هەروەها، گرنگتر لەوە، ناتوانین بەدوای ئەسڵێکی تەواو دیاریکراودا بۆ جێندەر بڕۆین، چـونکە لە خۆیــدا چـــالاکییەکی دامەزرێـــنەرانەیە، کە بەبــێ پچــڕان دادەمەزرێنێت. کاتێک چیتـر جێنـدەر وەک بەرهەمهێنەری پەیوەندییە کولتووری و دەروونییە کۆنەکان وێناکەین،

ئیــدی ڕێگــایەکی هــاوچەرخە بــۆ ڕێکخســتنی پێــوەرە کولتوورییەکــانی ڕابــردوو و داهــاتوو. ڕێگــایەکە بــۆ دیــاریکردنی پەیوەنــدییەکانمان بەم پێــوەرانەوە، ئەوەیــش شێوازێکی چالاکانەی ژیانی جەستەیە لە جیهاندا.

### جێندەر وەك هەڵبژاردن (اختیار)

مــــرۆڤ جێنــــدەری خــــۆی هەڵــــدەبژێرێت، بەڵام لە مەودایەکــــی دوورەوە هەڵینابژێرێــــت، کە ئامــــاژە بە دووڕیــانێکی ئۆنتۆلــۆژی لەنێــوان بــکەری هەڵبژێــرەر و جێنــدەری هەڵبژێــردراو بکــات. ڕووبەڕی دیکــارتی بــۆ "هەڵبژێرەر" (chooser)ی مەبەسـتدار، ناڕاسـتەقینەیە، بەڵام هێشتا ئەم پرسیارە دەمێنێتەوە: ئەگەر هەر لە سەرەتاوە ببین بە جێندەر، ئەی کەواتە چۆن دەتوانین جێندەر وەکو جۆرێــک هەڵبــژاردن تێــبگەین؟ ڕوانــگەکەی بوڤــوار بــۆ جێنــــدەر وەک پڕۆژەیەکــــی بەردەوام، وەک کردەیەکــــی ڕۆژانەی دووبــارە دروســتکردنەوە و لێکــدانەوە، هێــز و وزەی خــــۆی لە ڕێبــــازەکەی ســــارتەوە دەربــــارەی هەڵبژاردنـی خۆبەخـۆی پـێش-تێڕامـان (prereflective)ـەوە وەردەگرێت و واتایەکی کولتووریی بەرچـاو و بەرجەسـتە بەو بونیـادە مەعـریفییە دژوارە دەدات. هەڵبژاردنـی پـێش-تێڕامــان کردەیەکــی خۆڕســک و شــاراوە و مەجــازییە، سـارتە پێیـدەڵێت: "نیـوە مەعـریفە" (quasi knowledge). ئەم مەعــــریفەیە بە تەواوەتــــی ئاگامەنــــد نیــــیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشــدا، ئاگــایی دەتوانێــت پێیبگــات؛ ئەوە جــۆرێکە لە هەڵبژاردن، کە وەریدەگرێت و پاشان دواتر دەزانین ئێمە تەنیا هەڵمانبژاردووە. پێدەچێت کاتێک بوڤوار ئاماژە بۆ

کردەی خۆ-بەخشانە دەکات، کە لێیەوە جێندەر بەرتەسک دەبێتەوە، پشت بەم چەمکەی هەڵبژاردن دەبەستێت. وەرگرتنی جێندەرێک بەشێوەیەکی دەمودەست مومکین نییە، بەڵکو پڕۆژەیەکی ستراتیژی و شاراوەیە و بە دەگمەن بۆ تێگەیشتنی تێرامانگەرییانە دەردەکەوێت. ببیتە جێندەر واتای پڕۆسەیەکی لێکدانەوە و تەفسیرکردنی خۆبەخۆیە، بەڵام بۆ واقیعی کولتووریی ئاگامەندە، کە پڕییەتی لە ڕەزامەندی و قەدەغەکردن و ئاڕاستەکردن. هەڵبژاردنی جۆرێکی تایبەتی جەستە، بەشێوازێکی دیاریکراو لە جەستەی خۆتدا بژیت و بیپۆشیت، واتای جیهانی مۆدێلە جەستەییە باوەکانە. جێندەر هەڵبژێریت واتای لێکدانەوەی پێوەرە باوە جێندەرییەکانە بەجۆرێک، کە دووبارە بەشێوەیەکی تازە ڕێکبخرێتەوە. جێندەر لەبری ئەوەی کردەی خوڵقاندنێکی ڕیشەیی بێت، پڕۆژەیەکی ناوەکیی و شاراوەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ مێژووی کولتووری خۆی بەگوێرەی هەلومەرجە تایبەتییەکەی تازە بکاتەوە. ئەمە ئەرکێکی ناچارکەرانە نیە تا هەوڵ بۆ وەدیهێنانی بدەین، بەڵکو ئەرکێکە، کە بە بەردەوامی هەوڵی بە دەستهێنانی دەدەین.

میشێل لو دۆف[7] (Michele Le Doeuff) و ئەوانیتر، ڕەخنەیان لە هەژموونی چوارچێوەی بوونگەرایی گرتووە، چونکە ئەم هەژموونە "فۆڕمی کلاسیکیی خۆبەخشی" دەبووژێنێتەوە، کە بە غەدرکردنەوە لۆمەی قوربانیانی

[7] Michele Le Doeuff, "Simone de Beauvoir and Existentialism," Feminist Studies 6, no. 2 [1980):278

"چەوساندنەوە" بکات چونکە گوایە خۆیان ئەو دۆخەیان "هەڵبژاردووە" کە تێیدان. کاتێک لەم کۆنتێکستەدا ڕێبازی هەڵبژاردنی بوونگەرایی بەکاردەهێنرێت. ئەوا بەدڵنیاییەوە غەدارانە دەردەکەوێت، بەڵام ئەم بەکارهێنانە لەخۆیدا بەکارهێنانێکی هەڵەیە، کە سەرنج لەسەر ئەگەرە شیاوەکانی ڕێبازەکە لادەبات. فینۆمینۆلۆژیای قوربانی، کە سیمۆن دی بوڤوار لە "ڕەگەزی دووەم"دا شرۆڤەی دەکات، ئەوە دەردەخات، کە ئەگەرچی چەوساندنەوە حەتمی قورس دێتە پێش چاو، بەڵام مەرجدارە بە توانا و ئیمکانەوە. سەرەڕای ئەوەیش، گوتاری چەوسێنەر و چەوسێنراو لە بواری بەشتبوون (reification)ـەوە دێتە دەرێ، بیرمان دەخاتەوە، کە پێوەرە جێندەرییە سەرکوتکاری و ستەمکارییەکان بەو ڕادەیە درێژە دەکێشێت، کە خەڵکی پشتیوانیی لێبکەن و جار لە دوای جار ژیانی بە بەردا بکەنەوە. ئەمە واتای ئەوەنییە، کە سیمۆن دی بوڤوار پێیوایە چەوساندنەوە بە زنجیرەیەک هەڵبژاردنی مرۆیی سەرهەڵدەدات و کاردەکات. هەوڵی بوڤوار لە ئەنترۆپۆلۆژیاو و مێژوودا بە ڕوونی نیشانمانی دەدات ئەو هۆشیار بووە لەوەی، کە ڕژێمە چەوسێنەرەکان ڕیشەی ماتریالّیی ئاڵۆزیان هەیە. بەڵام مەبەستەکەی ئەوەیە ئەم ڕژێمانە تەنیا هێندە درێژە دەکێشن، کە تێیاندا پێوەرە جێندەرییەکان لە ئێستادا بەشێوەیەکی شاراوە و پێداگرانە لەلایەن ستراتیژیەتە تاکەکەسییە کەموزۆر شاراوەکانەوە پشتیوانیی بکرێن. لەبری بۆچوونێکی کەمتر ئاڵۆز سەبارەت بە چەمکی

"پێگەیانـــــــــدنی کـــــــــۆمەڵایەتی" (socialization)، ئەو مەنزومەیەکـــی بوونگەرایـــانە بـــۆ تێگەیشـــتن لە ســـاتی خاوەنداریێتی بەکاردەهێنێت، کە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە ڕێــگەیەوە ڕوودەدات. لەمیـــانەی ئەم جەختکــردنەوەیە لە خاوەنــداریێتی، ئەڵتەرنــاتیڤ بـــۆ مـــۆدێلە تەفســیرە بـــاوک ســـالارییەکان بـــۆ گونجـــانی کولتـــووری دەخـــاتە ڕوو، کە وەک بەرهەمهێنەرانی هۆکارە پێشوەختەکان مامەڵە لەگەڵ مرۆڤەکانـدا دەکـات. یـان وەهـا دەیانبینێـت، کە بە واتـای وردی وشـــــەکە لە ڕووی کولتـــــوورییەوە دیـــــاریکراون؛ پێویستە ئەم مۆدێلانە، یەک بەدوای یەک، بوار و دەرفەت بـۆ ئیمکانەکـانی گـۆڕان نەهێڵـنەوە، کە بـکەری کەسـیانە سەرڕێیان دەخات.

بوڤـوار میکـانیزمی کـارایی و خاوەنـداریێتی دەپشـکنێت، پێمــوایە بەمەیــش هەوڵــدەدات لە شــیکاریدا پۆتێنشـــیەڵی ڕزگـــاری پەخـــش بکـــاتەوە. چەوســـاندنەوە سیســـتەمێکی خـــۆبەس و پـــڕ نیـــیە، کە یـــان وەک ئـــوبێکتی تیـــۆری ڕووبەڕووی تاکەکان ببێتەوە، یان وەک داشی کولتووریی خـۆی بەرهەمیـان بهێنێـت. ئەوە هێزێکـی دیـالەکتیکییە کە پێویســتی بە بەشــدارییەکی تاکەکەســی هەیە لە بــوارێکی بەرفراوانـــــدا لەپێنـــــاو ئەوەی پارێزگـــــاری لە ژیـــــانە سەرەتاییەکەی خۆی بکات.

ســـیمۆن دی بوڤـــوار ئەو بـــارگرانیەی ئـــازادی، کە مەســـەلەی جێنـــدەر پیشـــانی دەدات، تەنیـــا وەک بوارێـــک

لەخۆیدا تاوتوێ ناکات[8]، بەڵام دەتوانین لە بۆچوونەکانیدا ئەنجـــامگیریی ئەوە بکەیـــن، کە چـــۆن پێـــوەرە کۆتوبەنـــدکەرەکان مومارەســـەی ئـــازادیی جێنـــدەریی سـەرکوت دەکەن. کۆتوبەندە کۆمەڵایەتییە سەپێنراوەکان بەسەر هاوشێوەیی و لادانی جێندەریدا بەجۆرێک زۆرن کە ئەگەر بە خەڵکی بووترێت ئەوان بەپێی پێویست نە ژنن نە پیاو و لە مومارەسەکردنی پیاوەتی یان ژنێتیی خۆیاندا شکستیان هێناوە. ئەوا زۆربەی خەڵکی هەست بە برینێکی قـووڵ دەکەن. هەر بە ڕاستییش وایە، هێندەی بوونی کۆمەڵایەتیی پێویستی بە هاوبەندییەکی جێندەریی ڕوون و ڕۆشن هەبێت، هێندەیش مومکین نییە بوونێک لە دەرەوەی پێوەرە جێندەرییە باوەکان، بەشێوەیەکی مانادار بوونێکی کۆمەڵایەتیی بێت. دەرچوون لە سنوورە باو و دیاریکراوەکـانی جێنـدەر، هەسـتێکی ڕیشـەیی بە خـزان دەبزوێنێت، کە دەتوانێت دەلالەتێکی میتافیزیکی هەڵبگرێت. ئەگەر بوون هەمیشە بوونێکی بەجێندەرکراو بێت، ئەوا خـۆلادان لە جێنـدەری بـاو و دانپێـدانراو بە واتـایەک لە واتاکـان گومـانە لە بـوونی مـرۆڤ. لەم ساتانەی خزانی جێندەریـدا، کە دەرک بەوە دەکەیـن ئەو جێنـدەرەی، کە هەیــن زۆریـــش پێویســـت نیـــیە، ڕووبەڕووی ئەرکـــی هەڵبژاردنی شاراوە لە ژیاندا وەک پیاو یان وەک ژن یان هەر شوناسـێکی جێنـدەریی دیـکە دەبیـنەوە، ئەمەیـش

8 عـادەتەن سـارتە ئەم گوزارشـتە بـۆ وەزسـفکردنی ئەزمـوونی زەرورەتـی هەڵبـژاردن (ئیختیـار) لە جیهـانێکی دامـاڵراو لە حەقـیقەتە ئەخلاقییە ئوبێکتییەکان، بەکار دەهێنێت.

ئــازادییەکە، کە کۆتوبەنــدە کۆمەڵایەتییەکــان پشــێویی تێدەخەن.

عەزاب و ترسی وازهێنان لە جێندەری سەپێنراو یان دەستدرێژیکردن بۆ قەڵەمڕەویی جێندەرێکی دیکە بەڵگەی پتەویی کۆتوبەندە کۆمەڵایەتییە سەپێنراوەکانە بەسەر لێکــدانەوەی جێنــدەردا، بەڵــگەی ئەوەیە، کە پێویســتە لێکدانەوە هەبێت، واتە بەڵگەیە لەسەر ئازادیی زەڕوڕی، کە لە ئەســڵی جێنــدەردا هەیە. بە هەمــان شــێوە، ئەو بۆچوونە باوەی، کە بۆ نموونە دەربارەی سەختیی قبوڵکردنی دایکایەتی هەیە وەک واقیعێکی دامەزراوەیی لەبری واقیعێکی غەریزی، گوزارشت لەهەمان کارلێک دەکات لەنێوان یەخسیری و ئازادیدا. بۆچوونی سیمۆن دی بوڤــوار لەبــارەی غەریــزەی دایکــایەتییەوە وەک خەیاڵێکی کولتووری، عادەتەن ئەو بۆچوونەی لەبەردەمدا قوتدەکرێتەوە، کە دەڵێت کاتێک ئارەزوویەک زۆر باو و بڵاو دەبێت و کاتێک بەتووندی هەست بەوە دەکرێت بەردەوام پێــداگری لەســەر دەکرێــت. ئەوا لەبەرئەمە و لەبەر هەمان هۆکار دەبێت ئەم ئارەزووە بە ئۆرگانی و بە گەردوونــــی دابنرێــت. هەوڵــدان بــۆ گشــتاندن و سروشتکردنەوەی دامەزراوەی دایکایەتی، دەبێتە مایەی نکــوڵیکردن لە ســیفەتە ئیختیــارییەکەی دایکــایەتی. لە ڕاستیشــدا دایکــایەتی وەک تــاکە بــژاردەیەک، واتە وەک دامەزراوەیــیەی کــۆمەڵایەتی ناچــاریی، جەختــی لەســەر دەکرێتەوە و برەوی پێدەدرێت. ئارەزووی لێکدانەوەی هەســتە دایکایەتییەکــان وەک زەڕوورەتــی ئۆرگانیــک

ئارەزوویەکی قووڵتر بۆ شاردنەوەی ئەو بژاردەیەی، کە مرۆڤ هەڵیدەبژێرێت، دەردەخات. ئەی ئەگەر بە خواستی خۆت بێت بە دایک، جگە لەمە چ شتێکی دیکەیش مومکیین دەبێت؟ ئەم جۆرە مەسەلەیە عادەتەن کێشمەکێش و ترس بەرامبەر ئەگەری لەدەستدانی هەندێک دانپێدانانی کۆمەڵایەتی و دەستبەرداربوون لە سەنتەر و پێگەی کۆمەڵایەتیی پتەو، دروست دەکات. ئەم ترسە زۆر ئاشنا و ناسراوە، بۆیە ڕەنگە باشترن سەلمێنەر بێت بۆ ئەو ئایدیایەی، کە دەڵێت شوناسی جێندەری دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو بناغە فشۆڵەی داهێنانی مرۆییەوە، کە لەسەری هەڵدەچنرێت.

## سەربەخۆیی و نامۆبوون

ئەوە بانگەشەیەکی وەسفییە کە مرۆڤ ببێتە جێندەر، تەنیا جەخت لەسەر ئەو حەقیقەتە دەکاتەوە کە جێندەر هیچ نییە جگە لە وەرگرتن و بەدەستهێنان، بەڵام ئەمە پێمان ناڵێت دەبێت مرۆڤ بە ڕێگایەکی دیاریکراو وەریبگرێت. لە "ڕەگەزی دووەم"دا، میتۆدە ئاڕاستەگەرییەکەی سیمۆن دی بوڤوار لە میتۆدە وەسفییەکەی کاڵتر دیارە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا مەبەستە ئاڕاستەگەرییەکەی بەئاسانی دەناسرێتەوە. لەوێدا، کە کەشفی ئەوە دەکات ژنان دەبنە "ئەویتر" وا دەردەکەوێت ئاماژە بە ڕێگایەکیش دەکات بۆ پەڕینەوە بەرەو خۆ-کەشفکردن. کاتێک ڕەخنە لە دەروونشیکاریی دەگرێت دەڵێت:

«ژن بە دوو جۆر نامۆبوون فریوو دەدرێت. ئاشکرایە کاتێک ڕۆڵی پیاو وەردەگرێت ئیدی ئەمە بۆی دەبێتە مایەی داڕووخان و بەزین، بەڵام ئەنجامدانی ڕۆڵکی ژنانەیش جۆرێکە لە وەهم: بێت بە ژن واتای ئەوەیە ببیتە سوبێکتێکی کارلەسەرکراو، ببیتە ئەویتر، لەگەڵ ئەمەیشدا ئەویتر لەنێو تەسلیمبوونەکانیدا بە بکەریی دەمێنێتەوە... کێشە ڕاستەقینەکەی ژن ئەوەیە ڕەتی دەکاتەوە لە واقیع هەڵبێت و هەوڵبدات لە ترانسێندسدا خۆی وەدیی بهێنێت».

زمانی "ترانسێندس" ئەوە پیشان دەدات، کە **لەلایەکەوە** بوڤوار مۆدێلێکی ئازادیی جێندەر بۆ ڕزگاربوون لە ئایدیاڵ و مۆدێلی پێوانەیی بۆ خولیاکانی ژن، ڕادەگەیەنێت. وا پێدەچێت بوڤوار پەیوەستبێت بە زاڵبوونی یەکجارەکیی بەسەر جێندەردا، بەتایبەتیش بۆ ژنان، چونکە "ئەوەی مرۆڤ ببێتە جێندەر" بۆ ئەوان واتای قوربانیدانە بەسەربەخۆیی و توانای ترانسیندنس (تەعالیکردن). **لەلایەکی دیکەوە**، بەو ئەندازەیەی، کە ترانسێندنس وەک پڕۆژەیەک دەردەکەوێت، کە بەتایبەت باسکراوە، ئەوا ئیلزامکردنەکەی وا پێدەچێت هاندەرێک بێت بۆ ژنان تاوەکو ئەو ئایدیاڵەی ئازادی وەربگرن، کە لە ئێستادا جێندەری نێرینە بەرجەستەی دەکات. بە دەربڕینێکی دیکە، لەبەرئەوەی هەمیشە ژنان لە ڕێگەی توێکاریی بایۆلۆژییەوە پێناسەکراون، ئینجا لەبەرئەوەی ئەم پێناسەیە بۆ چەوساندنەوەیان بەکارهێنراوە، ئیدی دەبێت ئێستا خۆیان لەگەڵ "ئاگایی"دا هاوشوناس بکەن، واتە لەگەڵ ئەم چالاکییە ترانسێندنسەدا، کە بە جەستەوە

کۆتوبەند نییە. خۆ ئەگەر ئەمە بۆچوونی ئەو بێت، ئەوا بەرەوپێشەوەچوونی ژنان دەرفەتێکە بۆ بوونیان بە پیاو، هەلێکە بۆ برەودان بەو ئیلتیزاماتەی، کە مۆدێلی ئێستای ئازادی، کە ڕەفتاری نێرینە ڕێکدەخات، پێویستە ببێتە ئەو ئایدیاڵەی کە ژنان بیکەنە سەرمەشقی خۆیان و خۆیانی پێ دابڕێژنەوە.

بەڵام وا پێدەچێت سیمۆن دی بوڤوار لەوە زیاتر دەڵێت، کە یەکێک لەم دوو ئەڵتەرناتیڤەی سەرەوە دەیخاتە ڕوو. مەسەلەکە ئەوە نییە، کە ئەو بۆچوونێک دەربارەی ئاگایی یان ئازادییەکی تێپەڕیوو بۆ ئەویدیوی جەستە قبوڵ دەکات (ئەو دەروونشیکاری دەهێنێتەوە تاوەکو لە کۆتاییدا پیشان بدات کە "ئەوەی هەیە جەستەیە") (10، 38)، بەڵام مشتومڕەکەی دەربارەی ئەویتر شایەنی خوێندنەوەیەکی زۆر ڕەخنەیی پڕۆژەی ڕزگاریی نێرانەیە. لە شیکاریی دواتردا، دەمەوێت مشتومڕەکەی دەربارەی سوبێکت و ئەویتر وەک دووبارە داڕشتنەوەی دیالەکتیکی ئاغا و کۆیلەی هیگڵ بخوێنمەوە، ئەوەیش بۆ ئەوەی بە زەقی پیشانی بدەم، کە چۆن لە کۆتاییدا بەلای سیمۆن دی بوڤوارەوە پڕۆژەی ڕزگاریی نێرینە خۆ-خەڵەتێنەرە و ڕازیمان ناکات.

"پیاو"ی خۆ-پەسەند (self-asserting) کە خۆ-پێناسەکردنەکەی پێویستی بە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی هیرارشییە لەگەڵ "ئەویتر"ێکدا، ئایدیاڵی سەربەخۆیی ڕاستەقینە دابین ناکات، چونکە بوڤوار ئاماژە بە غەدارییەکەی دەدات. لە هەموو حاڵەتێکدا "ئەویتر" بەلای

پیاوەوە خودە نامۆکەیەتی. ئەمە حەقیقەتێکی هیگڵییە، کە بوڤــوار لە پــاڵاوگەکەی ســارتەرەوە وەریــدەگرێت، پەیوەنــدییەکی دەســتیاوی بنەڕەتیــی دوولایەنە لەنێــوان "پیــاو"ی ســەرفراز و "ژن"ی گیــرۆدەی جەســتە دادەمەزرێنێت. سـەرکەوتن و سـەرفرازییەکەی تەنیا بەو مەرجە مومکینە، کە ژنان جەستەی خۆیان وەک شوناسە جەوهەریــی و کۆیلەییەکەیــان داگیــربکەن. ئەگەر ژنــان جەستەیان بن (ئەمەیش جیاوازە لەوەی جەستەیان "بهێننە بوون"، واتای ئەوەیشە مرۆڤ وەها بە جەستەی خۆی بژی کە پرۆژەیە وەک هەڵگری ئەو مانایانەی، کە بۆ ئەم جەسـتەیە دەیانخوڵقێنێت)، ئەگەر ژنـان تەنیا جەسـتەیان بن، ئەگەر ئاگایی و ئازادییان هیچ نەبن جگە لە ئاڵوگۆڕی زۆری نادیار، کە پێکهاتووە لە پێداویستییە جەستەییەکان و زەرورەت، ئەوا لە واقیعــدا ژنــان ڕێــک ئەو بــوارە جەســتەییە داگیــر دەکەن. بە پێناســەکردنی ژنــان وەک "ئەویتـر"، ئەوا "پیـاوان" لە میـانەی پـوختەی پێناسـەکەوە دەتـوانن لە جەسـتەیان ڕزگـاربن، دەتـوانن خۆیـان بـکەنە هەر شـتێک جـگە لە جەسـتەیان، دەتـوانن جەستەیشـیان بـکەنە شـتێک لە دەرەوەی خۆیـان. ئەم "پیـاو"ە دیکـارتییە جیـاوازە لەو پیـاوەی کە سـیفەتی توێکـاریی تایبەتمەنـدی هەیە، هەتا پیاو بریتی بێت سیفەتە توێکارییەکانی، ئەوا بە پێرفێکتــی بەشــداریی لە بــواری مێیــنەدا دەکـات. لایەنــی بەرجەستەکەری بوونەکەی لە واقیعدا موڵکی خۆی نییە، بــۆیە لە ڕاســتیدا ئەو ڕەگەز نیــیە، بەڵکــو لە ڕەگەز تێپەڕیــووە. ئەم ڕەگەزە، کە ڕەگەز تێیپەڕانــدووە، دەبێـت

بکەوێتە نێو دابەشبونێکی دوولایەنەوە، دەبێت بکەوێتە نێو دووکەرتبـوونەوە تـاوەکو زانینـی شوناسـە لێکـدژەکەی خۆی وەلابنێت.

پیشاندانی جەستە وەک "ئەویتر" تەنیا لەگەڵ لۆژیکێکی سـەیردا دەڕوات، کە زیـاتر پشـت دەبەسـتێت بە کۆمەڵێک بـاوەڕ و ئەنجـامگیریی بە کـۆمەڵ، کە تەحەدای یاسـا ئاڵوگۆڕییەکـان دەکـات، نەک بە لـۆژیکێکی دروسـت. ئەم "من"ـە ڕزگاربووە خۆی لەمیانەی واقیعێکی ناجەستەییەوە دەناسـێنێت (ڕۆح، ئاگـایی، ترانسـێندنس)، لەو ساتەیشـەوە جەسـتەی دەبێـتە "ئەویتـر". ئەمە تـا ئەوڕادەیە دەڕوات کە ئەگەچـی ئەوبەدرێژایـی ئەو مـاوەیە جەسـتەی تێیـدا نیشـتەجێیە، کەچـی پێیـوایە ئەوە جەسـتە نیـیە تێیـدا نیشـتەجێیە، بـۆیە بە حەتمـی جەسـتەی خـۆی دەبێـتە بێگـانەیەک، لێـی نـامۆ دەبێـت، دەبێـتە هـاتوویەک، جەستەیەکی نائاشنا، بە کورتی دەبێتە جەستەیەک، کە هی خـۆی نیـیە. لەم بـاوەڕەوە، کە پێیـوایە جەسـتە "ئەویتـر"ە، ئەسـتەم نیـیە بپەڕێـنەوە بـۆ ئەو ئەنجـامگیرییەی، کە ئەوانیتر جەستەیانن، بەڵام "من"ی باسکراو دیاردەیەکی نـا جەستەییە. ئەو جەسـتەیەی، کە کراوە بەویتـر –جەسـتەی سەرکوتکراو نکوڵیلێکراو پاشـان دەرهـاوێژراو- دیسـانیش بۆ ئەم منە دەردەکەوێتەوە، ئەویش لەسـەر شـێوەی ئەو بۆچوونەدا، کە دەڵێت: ئەوانیتـر بەشـێوەیەکی جەوهەریـی جەسـتەیانن. پاشـانیش، ژنـان دەبـنە ئەویتـر و هەمـان جەسـتەیەتی بەرجەسـتە دەکەن. ئەم زۆرێتیـیە دەبێـتە

جەوهەرییـان و بـوونیش وەک ژن دەبێـتە ئەو شـتەی، کە هیگڵ پێیدەڵێت: "تۆتۆلۆژیەکی وشک".

بەکارهێنـانی دیـالەکتیکی سـوبێکت و ئەویتـری هیگڵـی لای سـیمۆن دی بوڤـوار کێشـە دەخـاتە سـنوورەکانی نوسخە دیکارتییەکەی ئازادیی ڕزگارییەوە و لەژێریشـەوە ڕەخنە لە مۆدێلی سەربەخۆخوازی دەگرێت، مۆدێلێک، کە پێوەرەکانی جێندەری نێرینە دایاندەنێت. هەوڵـی نێرینە بۆ ڕزگاربوون لە جەستە بە زەڕوڕەت هەوڵێکی درۆزنـانەیە، چـونکە لە ڕاسـتیدا هەرگیـز ناکرێـت نکـوڵی لە جەسـتە بکرێـت. نکـوڵیکردن لە جەسـتە دەبێـتە مەرجـی دووبـارە دەرکەوتـنەوەی بـۆ سـوبێکت، ئەمجارەیـان لەشـێوەی بێگانەیەکدا. ڕزگاری دەبێتە شێوازێکی ژیان یان "بوون"ی جەستە لە دۆخی نکوڵیلێکردندا. نکوڵیکردن لە جەستەش، هەروەکـو دیـالەکتیکی ئاغـا و کـۆیلەی هیگـڵ، خـۆی وەک بەرجەستەکەری نکوڵییەکە دەردەخات نەک هیچیتر.

## جەستە وەك دۆخ یان پێگەیەك

گەر چاوپۆشـی لە ئامـاژە کتوپچڕەکـانی سـیمۆن دی بوڤوار بکەین دەربارەی توێکاری وەک ترانسـێندنس، ئەوا سـەرنجەکانی سـەبارەت بە جەسـتە وەک "ڕوانـگە" (perspective) و "دۆخ" (situation)ـێک کە نـاتوانین تێیـانپەڕێنین، ئامـاژە بەوە دەکەن، کە ترانسـێندنس، بەو جـۆرەی لای سـارتەر هەیە، دەبێـت بە گـوێرەی هەلومەرجی جەستەیی تێبگەیشترێت. بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکـی جەسـتە وەک "دۆخ"، بوڤـوار ئەڵتەرناتیڤێـک بـۆ

جەمسەرگیریی جێندەریی بۆ ڕزگاریی نێرینە و کۆیلایەتی جەستەیی مێینە، پێشنیاردەکات.

جەستە وەک دۆخ واتایەکی هەیە، کە لایەنیکەم دوو کەرتە. وەک شوێنێک بۆ لێکدانەوە کولتوورییەکان، جەستە واقیعێکی ماتریالییە، کە پێشتر پێناسە و دیاریکراوە لەنێو کۆنتێکستی کۆمەڵایەتیدا. جەستە ئەو دۆخەیە، کە پێویستە ئەو کۆمەڵە لێکدانەوە باوانەی تێیدا هەڵبگیرێت و تەئویل بکرێت. بە دوورکەوتنەوە لە تێگەیشتن بە واتا فەلسەفییە تەقلیدییەکەی "سنوور" یان "جەوهەر"، جەستە کایەی ئیمکاناتە هێرمینۆتیکییەکانە، شوێنێکە بۆ پرۆسەی دیالەکتیکی تازەکردنەوەی لێکدانەوەی کۆمەڵێک لێکدانەوەی مێژوویی، کە مۆری خۆیان لە جەستە داوە. جەستە دەبێتە پەیوەستەگییەکی تاقانەی کولتوور و هەڵبژاردن، "هێنانە بوون"ی جەستەیش دەبێتە شێوازێکی زۆر کەسییانە تاوەکو پێوەرە جێندەرییە باوەکان دابمەزرێنێتەوە و سەرلەنوێ لێکبداتەوە. چەندە پێوەرە جێندەرییەکان لەژێر چاودێریی کۆتوبەندە کۆمەڵایەتییەکاندا کاربکەن، هێندەیش دووبارە لێکدانەوەی ئەو پێوەرانە لەمیانەی زۆربوون و جیاوازیی مۆدێلە جەستەییەکانەوە، دەبێتە ڕێگایەکی بەرجەستە و دابین بۆ بەسیاسیکردنی ژیانی کەسییانە.

ئەگەر وەک دۆخێکی کولتووری لە جەستە تێبگەین ئەوا چەمکی جەستەی سروشتی و ڕەگەزی سروشتی دەکەونە بەردەم گومانی زیاتر. سنوورەکانی جێندەر و ڕووبەری ئیمکاناتەکان بۆ لێکدانەوەی تیاژیانی توێکاری

ڕەگەزیـــی جیاکـــارانە، وا پێـــدەچێت بەهـــۆی زانســـتیی تویێکـاریی خـۆیەوە زۆریـش کۆتوبەنـد نەکرابێـت. بەڵکـو زیـاتر بەهـۆی قورسـایی دامەزراوە کولتوورییەکـانەوە کۆتوبەنـد کـراوە، کە بەشـێوەیەکی تەقلیـدی تویێکـاری دەخەنە پێش هەموو شتێکی دیکەوە. هەر وایشـە، سیمۆن دی بوڤـوار بەرەنجـامە شـاراوە و ڕانەگەیەنراوەکـانی فۆرمولە دەکاتەوە و کاتێکیش مرۆڤ دەیخوێنێتەوە ئیدی ڕوون نییە، کە ئایا دەبێت بە هەر جۆرێک بووە جێندەر پەیوەســت بێــت بە ڕەگەزەوە یــان نــا، یــاخود ئەم پەیوەسـتەگییە تەقلیـدییە خـۆی لە ڕووی کولتـوورییەوە ناچـارکراوە . ئەگەر جێنـدەر ڕێگـایەک بێت بـۆ "بـوون"ی مـرۆڤ وەک جەسـتەی، ئەگەریـش جەسـتەی مـرۆڤ "دۆخێک" بێت، کایەی ئیمکاناتە کولتوورییە باڵادەستەکان بێـت و بەردەوام تەفسـیر کـرابێتەوە، کەواتە جێنـدەر بە تەواوەتـی مەسـەلەیەکی کولتـوورییە. گەر مـرۆڤ ببێـتە جێندەری خـۆی کەواتە وا دەردەکەوێت بەو واتـایەیە، کە لە جـوداکردنەوەی ڕەگەز و جێنـدەر زیـاترە. مەسـەلەکە تەنیا ئەوە نییە تویێکاری چیتر جێندەر کـۆنترۆڵ ناکـات، بەڵکو پێناچێت تویێکاری هـیچ سنوورێکی زەڕوریـی بـۆ توانای جێندەر پێکبهێنێت.

ئەگەرچـی هەنـدێکجار سـیمۆن دی بوڤـوار واتـا ئۆنتۆلۆژییەکـانیش دەخـاتە سـەر جـوداکردنەوەی تویێکارییـانەی ڕەگەز، کەچـی لە زۆرکاتـدا سـەرنجەکانی ئەوە دەهێـنن بە زەینمانـدا، کە تویێکـاری بەتەنیـا خـۆی، بایەخێکی شاراوەی نییە. لەبەشـی "داتـا بایۆلۆژییەکان"ـدا،

بوڤوار فاکتە سروشتییەکان  دەلالەتی فاکتەکان لەیەکتری جودادەکاتەوە و ئەرگومێنتی ئەوە دەهێنێتەوە، کە فاکتە سروشتییەکان تەنیا ئەو کاتە دەلالەتی خۆیان وەردەگرن، کە بخرێنە نێو ڕژێمە نا-سروشتییەکانی لێکدانەوەوە. بوڤوار دەنووسێت: «وەک میرلۆپۆنتی بە دروستی گوزارشتی لێکردووە، پیاو جۆرێکی سروشتی نییە، بەڵکو ئایدیایەکی مێژووییە. ژنیش حەقیقەتێکی کامڵ نییە، بەڵکو صیرورەیە، لەم صیرورەیەیشیدا گریمانەی ئەوە دەکات بە پیاو بەراورد بکرێت، بەو واتایەی، کە دەبێت ئیمکاناتەکانی وەک ئەم صیرورەیە پێناسە بکرێن».

جەستە وەک حەقیقەتێکی سروشتی هەرگیز لە واقیعدا لەنێو ئەزموونی مرۆییدا بوونی نییە، بەڵکو تەنیا وەک حاڵەتێک، کە بەزێنراوە مانای خۆی وەردەگرێت. جەستە بەنیسبەت واتاوە ڕووداو پێکدەهێنێت، هەر بەوجۆرەی، کە غیابی "دال"ـە ە بەردەوامیشـە و تەنیا لە ڕێگەی دەلالەتەکانییەوە پێناسە دەکرێت: «لە ڕاستیدا، کۆمەڵگە جۆر نییە، چونکە کۆمەڵگە ئەو ڕووبەرەیە، کە جۆر تێیدا ڕێگەی "بوونی خۆتێپەڕ" بەرەو بوون بەرەو داهاتوو بەدیدەهێنێت. تاکەکان... ملکەچی سروشتی دووەمن، کە نەریتەکان (عورفەکان) دەیاننووێننەوە، تێیاندا ئارەزووەکان و ترسەکان، کە گوزارشت لە سروشتە جەوهەرییەکەیان دەکەن، دەنوێنرێنەوە».

جەستە هەرگیز ناتوانێت دیاردەیەکی هاوشوناسی خۆی بێت (تەنیا لە چەند حاڵەتێکدا نەبێت: مەرگ،

ئاڵوگۆڕی خەیاڵیی ژنان بۆ ئەویتر، فۆڕمەکانی دیکەی لایەنگیریی مەعریفی). هەر هەوڵێک بۆ یەکخستنی جەستەی "سروشتی" بەر لەوەی کولتوور دەستکاریی بکات، بە تەواوی مەحاڵە، تەنیا لەبەرئەوە نا، کە ئەو لێکۆڵەرەی سەرنج لەم دیاردەیە دەدات خۆی بەقووڵی لەنێو زمانێکی کولتووریی دیاریکراودایە، بەڵکو لەبەرئەوەی جەستە خۆیشی بەقووڵی لەودایە. لە ڕاستیدا، جەستە هەرگیز نابێتە دیاردەیەکی سروشتی: «بکەر لە خۆی هۆشیار دەبێت و خۆی کامڵ دەکات نەک تەنیا وەک جەستە، بەڵکو وەک جەستەیەکی ملکەچ بۆ یاساغ و یاساکان -لە ڕێگەی پەیوەستبوون بە بەهای دیاریکراوەوە خۆی دادەمەزرێنێت. جارێکی دیکەیش، ئەوە فیسیۆلۆژیا نییە. کە بەهاکان دیاریی دەکات، بەڵکو ئەوە حەقیقەتە بایۆلۆژییەکانن ئەو بەهایانە وەردەگرن، کە مرۆڤەکان دەیخەنە سەریان».

بە چەمککردنی جەستە وەک شتێکی نا-سروشتی نەک تەنیا جەخت لەسەر جیاوازی ڕەهای نێوان ڕەگەز و جۆر دەکاتەوە، بەڵکو گومان لە سوودی هەر لێبەستنەوەیەکی جێندەر و ڕەگەزیش دەکات. لێرەدا وا دەردەکەوێت جێندەر زیاتر یەکێکە لەبەکارهێنانە مومکینەکانی توێکاری نەک یەکێک لە وەزیفەکانی. «... جەستەی ژن یەکێکە لەو ڕەگەزە سەرەکییانەی، کە دۆخی ژن لە جیهاندا دیاریی دەکات. بەڵام ئەم جەستەیە بەس نییە بۆ پێناسەکردنی وەک ژن، چونکە هیچ واقیعێکی ڕاستەقینە لەوێدا نییە جگە

لەو شتەی، کە تاکەکەسی هۆشیار و ئاگامەند لە ڕێگەی چالاکیی دیاریکراوەوە و لە دڵی کۆمەڵگەیەکدا پیشانی دەدات».

**جەستەی سیاسیی:**

ئەگەر مەحاڵ بێت جەستەیەکی پەتی بدۆزینەوە، ئەگەر تەنیا بتوانین دەستمان بە جەستەیەکی دۆخگەرانە ڕابگات وەک شوێنیک بۆ لێکدانەوە کولتوورییەکان، کەواتە وا پێدەچێت تیۆرەکەی سیمۆن دی بوڤوار بە شاراوەیی ئەو بابەتە بخاتە نێو پرسیارەوە، کە داخۆ ڕەگەز خۆی بە درێژایی کات هەر جێندەر نەبووە؟ بوڤوار خۆی لێکۆڵینەوە لە دەرەنجامەکانی ئەم ڕوانگەیە لە بارەی جەستەوە درێژە پێنادات، بەڵام دەتوانین ڕادیکاڵکردنەوەی ڕوانگەکەی لە کارەکانی هەر یەکە لە مۆنیک ڤیتیگ و میشێل فۆکۆدا ببینینەوە: یەکەمیان ڕێبازەکەی بوڤوار بەشێوەیەکی ئاگامەندانە لە "مرۆڤ بە ژنی لەدایک نابێت"[9]دا فراوان دەکات، بەڵام دووەمیان ئەگەرچی لە هیچ شتێکدا قەرزاری سیمۆن دی بوڤوار نییە (ئەگەرچی قوتابیی میرلۆپۆنتی بووە) لەگەڵ ئەوەیشدا، برەو بە مێژوویێتی جەستە دەدات و "ڕەگەز"ی سروشتی بە خورافەیەکی هەرە کامڵ دادەنێت[10].

---

[9] Monique Wittig, “One is Not Born a Woman,”Feminist Issues, 1, no. 2 (198 1) and Wittig, “The Category of Sex,” Feminist Issues, 2, no. 2 (1982).

[10]بڕوانە لە پێشەکەییەکەی فۆکۆ بۆ ئەم توێژەینەوەیە کە دەریکردووە:

ئەگەرچـــی ئەم دووانە لە کۆنتێکســـتی دوو گوتـــاری زۆر لێکجیـــاوازەوە نووســـیویانە، کەچـــی ڤیتیـــگ و فۆکـــۆ ڕووبەڕووی چەمکـــی ڕەگەزی سروشـــتی دەبـــنەوە و بەکارهێنـــانە سیاســـییەکانی جیاکـــاریی بـــایۆلۆژی لە دروســـتکردنی سیســـتەمێکی جێنـــدەریی دوولایەنـــانەی زۆرەملێـــدا دەردەخەن. بەلای هەردوو تیۆرســـێنەکەوە، جیاکـاریی ڕەگەزی خۆی لەنێو کۆنێکستێکی کولتووریـدا ڕوودەدات، کە وا دەخوازێـــت ڕەگەز هەر بە دوولایەنـــی بمێنێتەوە. وێناکردنی سنوورەکانی جیـاوازیی توێکارییـانە پـێش لێکـدانەوەی کولتـووریی ئەم جیـاوازییە ناکەوێـت، بەڵام لەخۆیـدا کردەیەکـی هێرمینـۆتیکییە و بە گریمـانە پێوانەییەکـان بـارکراوە. ڤیتیـگ ئامـاژە بەوە دەدات، کە جوداکردنەوەی منداڵان هەر لە کاتی لەدایکبوونیانەوە بە گـوێرەی ڕەگەز، خـزمەت بە مەبەسـتە کۆمەڵایەتییەکـانی منداڵیوون دەکـات، دەنـا دەکرێت بەپێی نەرمـایی گوێیـان جـودا بکـرێنەوە، یـان باشـتر بڵێـین هەرگیـز بە گـوێرەی توێکـاری جـودا نەکـرێنەوە. ئـێمە کاتێـک "ڕەگەز" وەک ڕەگەزێک دیاریی دەکەین هەندێک پێوەری دیـاریکراو بۆ جـوداکردنەوە و جیاکـاری پێکـدەهێنین. هەر بە کردەیـی بەرنامەیەکی سیاسیی لەم ڕێوشـوێنەدا هەیە کە پڕۆسـەی

---

Herculine Barbin, Being Recently Discovered Memoirs of a Nineteenth Century Hermaphrodite, trans. Richard McDougall (New York: Pantheon, 1980). Also, Foucault, The History of Sexuality, vol. 1, (New York: Bantam, 1979)

دیاریکردن بەهێزدەکات. ڤیتیگ و فۆکۆ کاتێک کۆتوبەندە دوولایەنیـیە سـەپێنراوەکان بەسـەر پێناسـەی جێنـدەردا دەخەنە بەر پـرس و بـاس، جێنـدەر لە ڕەگەز بەجۆرێـک ڕزگـاردەکەن، کە سـیمۆن دی بوڤـوار تەسـەوری نەکـردووە. لەگەڵ ئەوەیشـدا، کاتێـک جەسـتە وەک "دۆخ" دەبینێت ئیدی بێگومـان زمینەیەک بۆ ئەم جۆرە تیۆرانە دەسازێنێت.

ئەگەر "بـوون"ی مـرۆڤ جێنـدەرەکەی بێـت، واتـای ئەوەیە تـاکەکەس لە ژێـرەوە پێـوەرە کولتـوورییە باڵادەستەکان بۆ لێکدانەوەی جەستەی خۆی قبوڵدەکات یـان دووبـارە فۆرمـولەی دەکـاتەوە، کەواتە دەشـێت جێندەریش شوێنێک بێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی دوولایەنە، کە خودی جێندەر کۆتوبەند دەکات. لە ڕێگەی فۆرموله نوێیەکانی جێندەر و ڕێگا نوێیەکانی ئاوێتەکردن و تێکـدانی دژیەکییەکـانی "نێـرینە" و "مێیـنە"وە، ڕێگـا باوەکـانی بەجەمسـەرکردنی جێنـدەر زیـاتر بەنێویەکـدا دەچـن، لێـرەدایە، کە لێکـدژیی دوولایەنە دژ بەخـۆی دەوەسـتێتەوە. دژیەکیـیە دووانەییەکـان لە ڕێـگەی بەرجەسـتەکردنی مەبەسـتدارانە و ئامانجـدارانەی نـاڕوونییەوە هێـزی خۆیـان لەدەسـت دەدەن، هەر بەم جۆرە دووانەی "نێرینە" و "مێینە" وەک دوو دەستەواژەی وەسفی، سوودێکی ئەوتۆیان نامێنێت. هەتا ناڕوونیی و ئاڵۆزیی جێنـدەریی (gender ambiguity) بتوانێت فـۆڕمی زۆر وەربگرێت، هێندەیش جێندەر بەڵێنی زۆربوون دەدات

له دیاردەیەکی فرەچەشندا، کە دەبێت چەمکی نوێی بۆ بدۆزینەوە.

سیمۆن دی بوڤوار ئیمکانی بوونی جۆری مرۆیی دیکە بە پاڵ "پیاو" و "ژن"ـەوە ناخاتەڕوو، بەڵام پێداگرییەکەی لەسەرئەوەی کە ئەمانە دوو بونیادی مێژوویین، کە دەبێت هەموو جارێک تاکەکان ببنەوە بە خاوەنیان، واتای ئەوەیە وای بۆدەچێت، کە سیستەمی دوولایەنەی جێندەر هیچ زەڕوورەتێکی ئۆنتۆلۆژیانەی نییە. ڕەنگە کەسێک وەڵام بداتەوە و هەر بە سادەیی بڵێت چەندین ڕێگە هەیە تاوەکو مرۆڤ لێیانەوە ببێتە "پیاو" یان "ژن"، بەڵام ئەم بۆچوونە ئۆنتۆلۆژیایەکی جەهەرگەرایی دەداتە پاڵ جێندەر، کە ناکۆکە لەگەڵ مەبەستەکەی دوڤواردا: "پیاو" و "ژن" هەمیشە و پێشوەختە ڕێگای بوونن، شێوازی بوونی جەستەیین و تەنیا لە ڕوانگەیەکی تێکەڵوپێکەڵەوە وەک کیانی جەوهەری دەردەکەون. ڕەنگە مرۆڤ بپرسێت داخۆ شتێک لە بنیادی دووشێوەیی (dimorphic) توێکاری مرۆییدا هەیە، کە پێویستی بە ڕیزبەندییە جێندەرییە دوولایەنەکان هەبێت لە ڕێگەی کولتوورەوە؟ کاتێک ئەنترۆپۆلۆژیا جۆری سێیەم یان سیستەمی جێندەری هەمەچەشن (دووڕەگ) کەشف دەکات. ئەوە دەخاتە ڕوو، کە دووشێوەیی بایۆلۆژیی خۆی، بە گوێرەی بەرژەوەندییە کولتوورییەکان دەلالەتی خۆی وەردەگرێت. عادەتەن جێندەریش پشت بە پێویستییەکانی خزمایەتی دەبەستێت نەک تەنیا بە زەڕوورەتە توێکارییەکان.

چوارچێـوه بـوونگەرییەکەی سـیمۆن دی بوڤـوار، لە ڕووی ئەنترۆپۆلـۆژییەوە سـاکار دەردەکەوێـت، تەنیـا بـۆ ژمارەیەک کەمی بیرمەندە پۆستمۆدێرنیستەکان دروسـتە، کە هەوڵدەدەن پەلاماری سنووره سێکسـواڵییە قبوڵکراو و باڵادەسـتەکان بـدەن. بەڵام هێـزی بینینـی بوڤـوار وا لەو تەحەدا ڕادیکاڵەیدا، کە بەسـەر دۆخـی کولتووری ئێسـتادا دەیسـەپێنێت، نەک لەوەدا، کە هەسـتی بـاوی گشـتی دووانـدووه. لەبەرئەم هۆکـاره، ئیمکانەکـانی گـۆڕانی جێندەری، تەنیا بۆ ئەو کەسانە نەڕەخساوه، کە ئاگایـان لە ناوچە هەرە ئاڵۆزەکانی بوونگەرایی هیگڵی هەیە، بەڵکو وا لە ڕیتواڵە ڕۆژانەییەکانی ژیانی جەستەییدا. چەمکسـازیی جەسـتە لەلای ئەو وەک کۆپەیوەنـدییەک، کە لە لێکدانەوەکانەوە دروست دەبێت، ئینجا لەیەک کاتدا وەک "ڕوانـگە" و "دۆخ"ـێک، جێنـدەر وەک دیمەنـی ئەو مانایـانە کەشـف دەکـات کە، لە کولتـوورەوە خـزاونەتە دەرەوەی کولتـوور، هەروەهـا وەک شـێوازی داهێنـانگەرانە کەشـفی دەکات. ببێتە جێندەر واتـای ئەوەیە لەیەک کاتدا ملکەچـی دۆخـی کولتـووری ببێـت و یەکەیەک بخوڵقێنێـت، ئەم ڕوانگەیەیـش بـۆ جێنـدەر وەک دیـالەکتیکی وەرگـرتن و داهێنان، ئیمکانییەتی سەربەخۆیی لەنێو ژیانی جەستەییدا لەخۆدەگرێـت، کە شـتی لەم جـۆره لە تیـۆری جێنـدەردا نەبووه.

سـیمۆن دی بوڤـوار، کە جەسـتە دەکـاتە شـێوازێکی هێرمینۆتیکی، ڕێبازەکانی بەرجەستەکردن و هەڵبژاردنـی پـێش-تێڕامـان فـراوان دەکـات، کە لە بەرهەمەکـانی

سارتەردا بە ڕوونی دیارە هەر لە "بوون و نەبوون"ـەوە هەتا "قەدیس ژینییە: ئەکتەر و دیمەن" و، هەتا دوایین توێژینەوەی لە "ژیاننامەی فلۆبێر". وەک چۆن سارتەر لەم کارە قەبارە گەورەیەی ئەخیریدا پێداچوونەوە بە گریمانە بوونگەرییەکانیدا دەکاتەوە. تاوەکو حەقیقەتە ماتریاڵییە پێکهێنەرەکانی شوناس بەهەند وەربگرێت، بەهەمان شێوە سیمۆن دی بوڤوار ماوەیەکی زۆر پێش ئەو هەوڵیدا ڕێبازی سارتەر لە تارماییە دیکارتییەکەی پاک بکاتەوە و ئەم کارەشی دەرەنجامی گەورەی هەبوو. ئەو فۆڕمێکی بەرجەستە بە هەڵبژاردنی سارتەریی دەدات و دەیخاتە جیهانێکەوە، کە پڕییەتی لە نەریتەکان. هەڵبژاردنی جێندەرێک لەم کۆنتێکستەدا واتای ئەوە نییە خۆت لە جەستە ڕزگاربکەیت و ئینجا لەم شوێنەوە ببێت بە جێندەر، بەڵکو واتای ئەوەیە ئەو مێژووە کولتوورییە لێکبدەیتەوە، کە لەم جەستەیەدا هەیە. لێرەدا جەستە دەبێتە هەڵبژاردنێک، دەبێتە شێوازێکی چالاکی و چالاککردنەوەی پێوەرە جێندەرییە باوەکانە، کە لە چەندین ستایلی لەشدا دەردەکەون.

ناواخنکردنەوەی جیهانی کولتووری ئەرکێکە، کە بە بەردەوامی و چالاکانە ئەنجام دراوە، پڕۆژەیەکە بەئاسانی سەرپێخراوە و تا ئەو ڕادەیە بەردەوامی پێدراوە، کە دەڵێت: فاکتێکی سروشتییە. سیمۆن دی بوڤوار کاتێک جەستەی سروشتی وەک شتیکی هەمیشە داپۆشراو کەشف دەکاتەوە، هەروەها کاتێک دیاردەیەکی سروشتی

وەک داهێنراوێکی کولتووری دەردەخات، تێگەیشتنێکی ڕادیکاڵمان لە پۆتێنشیەڵی جێندەر پێدەبەخشێت. هەروەها ڕوانگەی ئەو دەربارەی جەستە وەک کایەی ئیمکاناتە کولتوورییەکان، هەندێک کار بۆ دووبارە پێکهێنانەوەی کولتوور دەکاتە کارێکی سروشتی، کە هەر لە خودە جەستەییەکەمان دەچێت.

**سەرچاوە:**


بە عەرەبی:

جوديث بتلر: الجنس والجندر في الجنس الآخر لسيمون دي بوفوار، ترجمة: لجين اليماني، 2017، http://couua.com .

بە ئینگلیزی:

Butler, Judith. "Sex and Gender in Simone De Beauvoir's Second Sex." Yale French Studies, no. 72 (1986): 35-49. https://www.jstor.org

# نووسینی ژنانە

## *وتنی فەلسەفەی فێمینیزم*

**د. ئازاد حەمە**

ژیندەری مێ لە ئێستایا ئەو گوزارەیەیە، کە بەشێکی گەورە لەو گفتوگـۆ هاوچەرخـانە پێکـدێنێت، کە وتنـی جۆراوجـۆر لەسـەر دۆزی ژن دێنـتە گـۆڕێ. بەدڵنیـاییەوە قسـەکردنیش لەسـەر نوسینی ژنانە بەشێکە لەو وتنانە و دەروازەش بـۆ دەسـتکاریکردنی گەلێـک کێشـەیتر شـیاودەکەن. زۆر دووریـش نـاڕۆین ژنە فەیلەسـوف و شیکەرەوەی دەروونـی لـوس ئیریگەرەی (Luce 1932) (Irigaray) لە تـوێژینەوە فەلسـەفی و زانسـتی زمـان و شـیکردنەوە دەروونییەکانیـدا، کە بـوارێکی بەپیـت بـۆ بـزووتنەوەی فێمینیـزم پێکـدێنن، ڕۆشـنایی دەخـاتە سـەر نوسینی ژنانە (écriture) féminine واتە ئەو نوسینانەی ژن نوسـەریەتی ،ژن خـۆی لەسـەر دۆزی ژن دەنوسـێت نەک پیـاو). ئەم ژنە فێمینیسـتیە فەرەنسـییە بەڕەچەڵەک بەلـژیکییە، لە تـوێژینەوە ئەکادیمییەکانیـدا لەژێرکـاریگەری هەڵوەشـانەوەگەری دێریـدا، پۆسـتمۆدێرنەکان و ئەڵـبەتە جـاک لاکانیشـە، بەڵام ئیـریگەرەی لە گەلێـک لە تێـزە فێمینیسـتییەکانیا ڕەخـنەی لەو پیـاوە پۆسـتمۆدێرن و بیرمەنـدە ڕۆژئاواییـانەش دەگرێـت (بۆنمـوونە مـارکس) لەبـارەی دۆزی ژنـانەوە نوسـیوویانە. لـوس ئیـریگەرەی بۆئەوەی تێزە فەلسەفییە فێمینیستییەکانی بەپیتکا گرینگـی بە دووانەیـی سێکسـی دەدات، لەلایەکیتـر تیـۆری فەی جەسـتەییش مانـای خـۆی لە تـوێژینەوە فەلسـەفییە

شـیکردنەوە دەروونییەکانیشـیا هەیە. هەر بـۆیە زۆرێـک پێیـانوایە ئیـریگەرەی لەنێو ژنە بیرمەنـدە فێمینیسـتیەکاندا بەوە ناسراوە، کە توانیوویەتی بە بینینگەلی نوێوە، تـایبەت بە ئیتیک لە بـواری فێمینیسـتی، بێتە مەیـدانی ڕاڤەکردنـی ژینـدەر و دەسـتکاری ئەو جـۆرە پرسـیارانە بکـات، کە لە دۆزی ژنی هاوچەرخەوە نزیکن. زۆرێک لە دیدی ئەم ژنە بیرمەنـــدە فێمینیســـتییە لە تەماشـــاکردنەکانی فیگـــورە دیارەکـــانی بـــواری فێمینیســـتی فەڕەنســـییەوە (هێلـــین سیکســـــو،ژۆلیا کریســـــتێڤا، ســـــیمۆن دی بوڤـــــوار ) سەرچاوەدەگرن، کە مانایان بۆ لێکدانەوەی ژیندەری مێ هەیە.

نووسین لەسەر ژیندەری مێ لەئێستایا و لە نێوەندی ئەکـادیمی ڕۆژئـاوا خـۆی بە سـێ دیسـپلینەوە گرێـداوە: فەلسەفە، شیکردنەوەی دەروونـی و زانسـتی زمـان، گشـت ئەو بـوارانەش پـێگەی خۆیـان لە بەرەو پێشـــەوە بردنـــی گفتووگۆی دۆزی مێ و ئەو کێشانەی بۆ ژیندەرناسـەکان گرینگی هەیە دانـاوە. هەر ئەم لایەنەش، واتە ئامـادەبوونی ئەم سـێ پـۆلە ئێپسـتمییە (مەعـریفییە)، کـاری تـوێژینەوە ژینـــدەریەکانیان ئـــاڵۆزکردووە و پرســـیار گەلێکیشـــیان تـــایبەت بەبـــابەتی جەســـتە، ڕەگەز، زمـــان، مـــاهیەت دروســـــتکردووە، کە فەلســـەفەی فێمینیزمـــی نـــوێ لە فەلسـەفەی فێمینیزمـی کلاسـیک جیادەکـاتەوە. نەک هەر ئەوە بگـرە ڕوونـاکبیرانی ژینـدەری نـوێ لە تـوێژینەوە کانیاندا ڕەخنەی توونـد ئاڕاستەی شـیکردنەوەی دەروونـی فرۆید دەکەن، بەشێک لە دیدە شیکەرەوە دەروونیەکانی

جـاک لاکـانیش ژێـر گومـان دەخەن، پەرە بەو لایەنـانە دەدەن ژینـدەری مـێ وەک بـکەری دیـار نەک وابەسـتەی ژینـدەری پیـاو بەرچـاو دەخەن. بـۆیە نوسـینی ژنـانە لە دەستنیشانکردنی جیاوازی سێکسییەوە دەستپێدەکات، کە ئیـریگەرەی یەکـێکە لە بیریارەکـانی. لە توێژینەوەکـانی کولتـووری ڕۆژئـاوا دا گرنگـی و مانـای سـەرەکی خـۆی هەیە..داکۆکی زۆریش لە سێکس (ڕەگەز) و ژن دەکات و ئەم سێکسەش دابەشی دوو لایەن دەکات: سێکسی پیاو، سێکسی ژن. تەنانەت ڕاناوی من-ی ژنیش لە من-ی پیاو جیادەکاتەوە و سەرنجی زۆرتر دەخاتە سەر من-ی ژن. وەکـوتریش خـود یـان ناسـنامەی ژن لە نوسـیینە تیۆرییەکانی ئەم بیریارە دەروونناسە بەشێکی سەرەکی پێکدێنن، ناوبراو زمان و سێکسگەرایش دەکات بە بناغە بۆ ڕەخنەگرتنی هەندێک لایەنی تیۆری لە شیکردنەوەی دەروونـی فرۆیـد و لاکـان. ئەم لایەنەش لەم دوایـیەدا لە ڕۆژئـاوا و لە شـوێنێکی وەک فەڕەنسـا پتـر گەشـەیکرد. ئەڵبەتە پاش دەرکەوتنی فیگۆری فەلسەفی وەک میشێل ئۆنفرێ، کە بە هەموو شێوەیەک دژایەتی تێزە شیکردنەوە دەروونیەکانی فرۆید دەکات، پێیوایە فرۆید بتێکە پێویستە تێکبشکێنرێت.

نوسینی ژنانە زەمینە بۆ گفتووگۆی جیاوازی سێکسی خۆشدەکات، ئەم جیاوازیەش بۆ جەختکردنە لە جیاوازی سێکسی نێوان ژن و پیاو ئەمەش لەسەر بناغەی ئەوەی ئەم دوو ژینـدەرە، لـویس ئیـریگەرەی وتەنـی، نە هەمـان شتن و نە دژ بەیەکن، لەسەر بناغەی هەندێک تێگەیشتنی

فەلسەفیش ڕیشە بۆ هەندێک بۆچوونی هزری تازە دادەنێت، پێشیوایە ژن توانای گەشەدان بە مەودای ژنانەی تیایە، هەر یەک لە پیاو و ژنیش زمانی سێکسی جیاوازی خۆیانیان هەیە. بەواتایەکیتر، ئیریگەرەی وەک ژنە نوسەر لە بەرهەمێکی فەلسەفی و شیکەرەوەی دەروونی خۆیدا (ئیتیک و جیاوازی سێکسی) زەمینە بۆ نووسینی ژنانە دادەنێت، گەلێک لەو واتا نەریتیانەش (جەستە، خود، ژیندەر) کولتووری ڕۆژئاوا لەسەری مشەخۆر بووە هەڵدەوەشێنێتەوە. هاوکات لە ڕێگای ئەو ئیتیکە فەلسەفییەی ئیریگەرەی باوەڕی پێیەتی ناوبراو جەخت لە دووانەی سێکسی دەکاتەوە لەسەر حسێبی فرەیەتی، جووتی هێترۆ سێسکسوالی وەک مۆدێلی ئیتیکیش دەبینێت. بەم پێیە ئەوەی ئیریگەرەی ڕەخنەی کولتووری ڕۆژئاوایی دەکات (لاساییکردنەوە، تیۆری ماهیەتگەری)، کە شوێنی بۆ زمان و هزری مێیانە مسۆگەر نەکرووە، جیاوازیی نیشانەیی لە نێوان زمانی قسەکردنی پیاو و ژن دا دەبینێتەوە. ئەم جیاوازییەش خۆی لەسەر ئەو تێزە فەلسەفییە بوونیاد دەنێت، کە زمان لەنێوان ژن و پیاو دا جیاوازە. جیاوازی ئەو زمانەش لە زمانە ئەوروپییەکان بە ووردی درکی پێدەکرێت.

هێما بۆ ئەوەشدەکەین، کە ئەم هزرەڤانە ژنناسە بەدەم گفتووگۆی ئیتیکی جیاوازی سێکسی نێوان نێر و مێ، یان ڕوونکردنەوەی پەیوەندی ئیتیکی نێوان نێر و مێ گفتووگۆی فەلسەفی، بینینییە فەلسەفیەکانی هەندێک لە کارەکانی بیرمەندانی ڕۆژئاوا وەک ئەفلاتوون (خوان)،

ئەرستۆ (فیزیک)، دیکارت (بە سەرسامی لە خۆشی ڕۆح دا)، سپینۆزا (ئیتیک)، میرلۆ- پۆنتی (دیار و نادیار) و لیڤیناس یش (هەمەگەری و ناپایانی) دەکات. ئەگەرچی ڕەخنەی بینینی دریدا بۆ ژن دەکات، بەڵام هەوڵی دامەزراندنی ئیتیکیی نویٚ لە ڕیٚگای هەڵوەشانەوەی دووانەی جیاوازی سیٚکسی یەوە دەدات.

سەرباری ئەوەی لە سەرەوە وترا نوسینیی ژنانە )(écriture féminine)واتە ئەو نوسینانەی ژن نوسەریەتی ،یان ژن خۆی لەسەر دۆزی ژن دەنوسیٚت نەک پیاو) بیرۆکەیەکی فەلسەفی خانمە هزرەڤانی فەڕەنسی ژوولیا کریستیڤا و چەند ژنە بیریاریٚکیتری فیٚمینیستییە (لوس ئیریگەرەی، هیٚلین سیکسو، شەنتال شەواف،، مونیک وایتەر، کاترین کلیمیٚنت..) بۆ پشتگیریکردن لە ژیندەری ژن تا بەپیٚنوسی خۆیان هزری خۆیان بخەنەڕوو، کە لەویٚرا جەستەی ژن جیاوازی سیٚکسی لە زمان و تیٚکستدا گرینگی خۆی دەبیٚت. گەشتی ئەم بەشە لە بیریارانی فیٚمینیستی فەڕەنسی بۆ خولانەوەیە بەدەوری زمانی تیٚکستە نوسراوەکان لەمەڕ دۆزی ژنانەوە، چونکە ئەم پۆلە نوسەرە پیٚیانوایە زمان لەو تیٚکستە پیاوانانە دارِیٚژراوە، بۆیە بۆ ئەمان دەربازبوون لە نوسینی پیاوانە بە دەرکەووتنی نوسینی ژنانە چارەسەر دەبیٚت. هەر تایبەت بەم لایەنە، کە پیٚشتر ئاماژەی بۆکرا ژنە فەیلەسوف و بیریاری فیٚمینسیتی بەلژیکی لوس ئیریگەری بەدەم گفتووگۆی ئیتیکی جیاوازی سیٚکسیی نیٚوان نیٚر و میٚ وە، بۆ هەڵوەستەکردنیش لەسەر دۆزی فەلسەفەی

ڕۆژئاوا، تایبەت بە ئیتیکی جیاوازی گفتووگۆی فەلسەفی بینینیە فەلسەفیەکانی هەندێک لە کارەکانی بیرمەندانی ڕۆژئاوا وەک ئەفلاتوون (خوان)، ئەرستۆ (فیزیک)، دیکارت (بە سەرسامی لە خۆشی ڕۆح دا)، سپینۆزا (ئیتیک)، میرلۆ- پۆنتی (دیار و نادیار) و لیڤیناس (هەمەگەری و ناپایانی)یش دەکات. هەر تایبەت بەملایەنە ئیریگەرەی ڕەخنەیی بینینی دریدا بۆ ئافرەتیش دەکات، بەلاّم هەوڵی دامەزراندنی ئیتیکی نوێ لە ڕێگای هەڵوەشانەوەی دووانەی جیاوازی سێکسییەوە دەدات، هەروەها ئیریگەرەی لە توێژینەوەکانیا تایبەت بە جیاوازی سێکسی بەتووندی ڕەخنەی دیدی ئیتیکی لیڤیناس بۆ جیاوازی سێکسی نێوان نێر و مێ دەکات، جەخت لە "سینتاکسی دووانەیی" دەکاتەوە، کە بناغەی ئەو جیاوازییە سێکسییەیە کەپشتگیری لێدەکات. ئەم دووانەییەی ئیریگەرەی باسی لێوەدەکات پێشنیاری جیاوازی سیستەمی میتافیزیکی و خستنەڕووی دوو خودگەرایش دەکات. بۆیە بۆ ئیریگەرەی ئەوە پرسیارێکی زۆر گرنگە، کە چۆن "من" و "تۆ" دەبین بە "ئێمە" ئەم شێوە پرسیارە لەسەر ژیندەر بۆ ئیریگەرەی خۆی وەک پرسیاری فەلسەفی پڕبایەخی چاخی ئێستامان نیشاندەدات. ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ئەویتر گەریشی تیا بەدیدەکرێت، چونکە ڕیشەی پرسیارەکە هەڵگری پەیامی فەلسەفی فێمینیستانەیە، کە "ئەویتر ئەو کەسەیە لە ڕووی سێکسییەوە لە من ناکات". لێرە ئەوەی بۆ ئیریگەرەی مەبەستە بووتریێت ئەوەیە، کە چۆن جیاوازی سێکسی لە

زمــان و هــزرا ژینــدەر دەکرێــت. ئەڵــبەتە، ئیــریگەرەی ئەزمــوونی خۆشەویســتیش لە ڕوانــگەی فێمینیســتیانەوە دەخــاتە ژێــر پرســیارەوە، بۆنمــوونە خۆشەویســتی نێوان دایـــک و کـــۆرپە، خۆشەویســـتی نێـــوان هێتـــرۆ سێکسوالەکان،خۆشەویســتی نێــوان ژنــان، خۆشەویســتی نێوان ژنان و جەستەیان. ئەم جەختکردنەی ئیریگەرەی لە خۆشەویســتی بەشــێکە لە کــارکردنە ئیتیکییەکــانی لەســەر جیاوازی سێکسی نێوان پیاو و ژن. هاوکات ئیریگەرەی بـۆئەوەش دەچێـت، کە ئەو دەمەی ژنــان ســەرنج دەخەنە ســـــەر درووســـــــتی بەرجەســـــــتەبوونی مەودای خۆیان"خۆشەویستی دەکرێت ببێت بە بناغە بۆ شۆڕشـێک لە ڕەووشـت دا".بە قەوڵـی ئیـریگەرەیش بێت " شـۆڕش لە هـزرو ئیتیـک دا پێویسـتە گەر کـاری جیـاوازی سێکسـی شوێن بەخۆی بگرێت".ئالێرەوە دەگەینە ئەو سەیرکردنەی، کە نوســینی ژنــانە ئەو نوســینەیە کــار لەســەر جیــاوازی سێکسی بۆ ئەوەدەکات، تا ژیندەری پیاو و ژن لێکدابڕێت. بەواتـــایەکی تر،بـــۆئەوەی ئەم دوو ژینـــدەرە لێـــک جیابکرێنەوە پێویستە هەریەکە خاوەنی زمانی خۆی بێت.

بەپێـــی تەماشـــاکردنی فێمینیســـتانەی ئیـــریگەرەی گرینگە"ئێمە سـەرلەنوێ ڕوونکردنەوە لەبارەی پەیوەنـدی نێوان خـود و وتـار،خـود و جیهـان، خـود و گەردوونـی دا بکەیــن". واشـــی دەبینێـــت، کە "گشـــت شـــتێک لەوێـــوە دەستپێدەکات، کە خود هەمیشە لە فۆڕمی نێردا نوسـراوە ". کەواتە گوزارەکــان، کە گەردوونــاوی و یــان بــێلایەن دەبــن لە فــۆڕمی ووتنـــی "پیـــاو" خۆیـــان نیشـــاندەدن

(بۆنموونە: پیاو واچاکە باش بخەوێت). بەپێی ووتنی ئیریگەرەیش بێت "پیاو بووە بە خودی وتار، تەنانەت لە بواری تیۆری، ڕەوشت و سیاسەتیش دا. هەروەها ژیندەری یەزدانیش، کە پارێزەری گشت خود و وتارێکە، لە ڕۆژئاوا نێرە ."Masculine کەوابێت زمان و هزر لە دیدی ئیریگەرەیەوە ژیندەرکراوە و ئەوەی پێیدەڵێن هزر بێلایەن Neutral نییە (واتە نە نێرە و نە مێ-ش). ئەوی بۆ ئیریگەرەی لێرە جێی سەرنجە ئەوەیە، کە ژن نەرێتیانە بە سرووشت و مادەوە گرێدراوبووە لە چاو ئەوەی بە خودی مێییانەوە گرێبدرێتەوە. بۆیە خودی ژن ئەو دەمە هەبووە، کە هەرسێ خودگەری پیاوی کردبێت. ئەمەش نیشانەیە لەسەر ئەوەی خودی ژن خۆبەخۆی نەبووە. کەوابێت، ئەوەی ژن خاوەنی خودی خۆی نەبێت، بەبۆچوونی ئیریگەرەی شتێکی پەسەندنەکراوە .

ئەوەی ئیریگەرەی لە توێژینەوەکانی دا تایبەت بە ژیندەر زۆر باوەڕی پێیەتی ئەوەیە، "کولتووری ڕۆژئاوایی کولتوورێکی ئیتیکی نییە و هۆی سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەفتاری ئەم کولتوورە لەتەک سرووشت و ژن دا". بەپێی بینینی فەلسەفی ئەم تیۆرێزەکەرە فێمینیستییە "هیچ شتێک ئەم دۆزە ناگۆڕێت تەنیا ئەوە نەبێت، کە پێویستە بینینمان بۆ خودگەریی، زانست و ئایین بگۆڕێن". بۆیە ئیریگەرەی " داوای ئەوە لە پیاو و ژن دەکات، کە ڕێز لەو جیاوازییە بگرن لە نێوانیاندایە. ژنان پێویستە خودی کامڵ بن و پیاوانیش پێویستە وای تێبگەن بەرجەستەن". بەپێی سەیرکردنی

مێییانەی ئیریگەرەی پەیوەندی خۆشەویستی ئیتیکی لەسەر بناغەی ڕێز لە ئەویترگەری و خوڵقان لە دەرەوەی دووبارە بەرهەمهێنان دروستبووە، ناوبراو گوزارەی "خۆشم دەوێیت" یش لە پەیوەندی نێوان زمان و ئیتیک دا قەتیس دەکات. هەربۆیشە "جیاوازی سێکسی" ئەو ووتنە فەلسەفییە ئیتیکیەیە، کە بۆ ئیریگەرەی بەهای خۆی هەیە و شایانی ئەوەشە فەلسەفە لەسەری بوەستێت .

هەروەک پێشتریش هێمامان بۆکرد خانمە بیریاری فێمینیستی بەلژیکی لوس ئیریگەرەی لە توێژینەوەکانیا جەختی زۆر لەسەر سەرهەڵدانی فەلسەفی تایبەت بە فێمینیزم دەکات، هەر بۆنموونە لە توێژینەوەیەکیدا لە ژێر ناوی ""من، تۆ، ئێمە: بەرەو کولتووری جیاوازی""، دەرگا لە گفتووگۆی چەندین بابەتی جیاواز دەکاتەوە، کە مانا و گرنگی خۆیان لە نوسینە فێمینیستییەکاندا هەیە. بەشێک لە گفتووگۆکانی تەنیا خەسڵەتی ئیریگەرەییانەیان پێوەیە و بەشەکەی تریشی لە نووسینی فێمینیستی هاوچەرخەوە، بەتایبەت وتاری فێمینیستی فەرەنسییەوە، دوور نیین. لەو لایەنە زێدە وروژێنەرانەی ئیریگەرەی لەم کارەیدا ئاوڕی لێدەداتەوە، کە گەلێک کێشەی ژنانی تیا ڕەچاوکراوە، ئەمانەن: ئەزموونی دایکایەتی ژن، لەباربردن، قەیرانی ئایدز، پیشەسازی جوانکاری، وەک ژن نووسین، جیاوازی و یەکسانی، ئاین و ئەفسانەی مەدەنی، کولتووری جیاوازی، ماف بۆ ژیان، ئیدیا کولتووریەکانی خۆشەویستی ،مافی سێکسی، چۆن ئێمە دەبین بە ژن؟، چۆن جوانکاری خۆمان درووستدەکەین؟، تەندروستیت

چییە یان کێیە؟. بەم جۆرە لوس ئیریگەرەی کار لەسەر شێوە فێمینیستی بوونیادنراو لەسەر جیاوازی سێکسی دەکات، تا وتنی فەلسەفەی فێمینیزم بکات بەوتنی لەبارەی کولتووری جیاوازی. کولتووری جیاوازی بۆ ئیریگەرەی کولتوورێکی پێویستە و سەرچاوەی تێگەیشتنە فێمینیستییەکانیشە تایبەت بە جیاوازی سێکسی.

لوس ئیریگەرەی لە شوێنێکدا لە تویژینەوەکەی دەپرسێت: تۆ بڵێی ژن هەبێت کتێبەکەی سیمۆن دی بوڤوار ی نەخوێندبێتەوە؟ هەیە ئەم کتێبەی نەخوێندبێتەوە و نەشبووبێت بە فێمینیست؟ ئەم جۆرە جەختکردنەی ئیریگەرەی لە کتێبی " سێکسی دووەم"ی سیمۆن دی بوڤوار جۆرە دانپیا هێنانێکە بە گرنگی ئەزموونی نوسینی فێمینیستانەی دی بوڤوار و ئەو پرسیارە هزرییانەی ئەم کارە لەسەردەمی خۆیا بەرزیکردنەوە. هەروەها کتێبی ناوبراو هێماشە لەسەر نوسینی ژنانە .

پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەشبکەین، کە جەختی خانمە بیریاری فێمینیستی بەلژیکی لوس ئیریگەرەی لە ڕەگەز، کە یەک ڕەگەز نییە، بەڵکو دووانە نوسینە فێمینیستییەکانی ئەم بیریارەی لە نووسینی زۆربەی فێمینیستەکانی نەوەی خۆی جیادەکاتەوە. هاوکات باس لە خودگەرای ژن و پیاویش دەکات بەپەیوەندی بە زمان و کولتوورەوە، کە چۆن گۆڕان دێتە سەر ئەوەی پێی دەڵێن " من" ی ژن ". دەکرێت بووترێت، کە من"ی ژن بابەتێکی سەرەکی لە نووسینی ژنانە پێکدێنێت. تەنانەت سەرنج

ڕاکێشترین خاڵی ئەم کارەی ئەم بیرمەندە خۆی لەوەدا چڕدەکاتەوە، کە نابراو سەیری بەوەدێت ژنان لەنێو پیاوان، هەروەک چۆن شمەک دەگۆڕدرێتەوە ئاوا دەگۆڕدرێنەوە. ئەوەی ئەم ئاڵوگۆڕییەش دەکات پیاوانن تا پیاوان پەیوەندی هۆمۆسۆسیالی خۆیان دابینکەن .

به باوەڕی لوس ئیریگەرەی "من" ی ژن وا دەکات تۆ بەویترەوە گرێ بدرێیتەوە، "تۆ" ی جیاوازیش "ئێمە"ی فرە دروستدەکات. به بۆچوونی لوس ئیریگەرەی گرنگه ژن ناسنامەی ژنێتی خۆی دروستبکات تا بەهۆی ئەوەوە بەدوای ئارەزوو،پێویستی، ماف و ئەرکەکانی بگەڕێت. ئەم خانمه فێمینیسته فەڕەنسییه جەخت لەسەر ئەوەشدەکاتەوە، کە ڕەگەزی مرۆڤ دابەش دوو ژیندەر کراوە، کە بواری بەرهەمهێنان و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانی خۆی مسۆگەر کردووە. بۆ ئەم بیرمەندە جیاوازی سێکسی لەنێوان مێ و نێر شتێکی حەتمییه و هەیچ هەوڵێکیش بۆ لەغوکردنەوەی ئەم جیاوازییه بدرێت، وەک ئەو کۆمەڵکوژییه وایه، که هیچکات مێژوو بەخۆیەوە نەیدیووە. جیاوازی فێمینیستی لوس ئیریگەرایش لەگەڵ نەوەی خۆی، تا ڕادەیەکی زۆر، پەیوەندی بەم خاڵەوە هەیە. لەم ڕووەشەوە پرسیاری ناسنامەی سێکسی بۆ لوس ئیریگەرای گرنگترین پرسیاری چاخی نوێمانه. هۆی گرنگی ئەوەش بۆ دوولایەن دەگەڕێنێتەوە: یەکەمیان لەبەرئەوەی، کە جیاوازی سێکسی پێویسته تا ڕەگەزی مرۆیی خۆمان بپارێزین. دووەم لەبەرئەوەی، کە ستاتۆسی جیاوازی سێکسی پەیوەندی به کولتوور و

زمانەکانمــانەوە هەیە. بــۆیە لەدیــدی ئیــریگەرایەوە ئەوە هەمیشە پرسیارێکی هزرییە، کە چۆن "من" و "تۆ" دەبین بە "ئێمە"؟ لوس ئیریگەرای لەو باوەڕەدایە، کە "ئەویتر ئەو کەســەیە لە ڕووی سێکســییەوە لە مــن ناکــات". ئەڵــبەتە پێشتریش لایسەرەوە هێمامان بۆئەوەکرد، کە هەمیشە بۆ ئیریگەرەی پرسیاری چۆن "من" و "تۆ" دەبین بە "ئێمە"؟ پرســیارێکی زۆر گــرنگە، تەنــانەت ئەم شــێوە پرســیارە لەســەر ژینــدەر بــۆ ئیــریگەرەی خــۆی وەک پرســیارێکی هزری سەردەمی نوێ دەردەخات .

نکــوڵی ناوێــت لــوس ئیــریگەرەی لەم تــوێژینەوەیەدا بەدووی ئەو کێشانەدا دەگەڕێت کێشەگەلی تازەی ژنن لە جیهاندا و بە بۆچوونی ئیریگەرەی بێ ناسنامەی سێکسی لەلایەنە گرنگەکانە لەســەردەمی ئێســتا و فەرامۆشــکردنی ژینالۆژیــــای مێیــــانەش کێشــــە لەبەردەم تــــوێژینەوەی فێمینیســــتانە درووســــتدەکات. بایەخــــدانی ئەم بیرمەنــــدە فێمینیســــتیە بە نووســــینی ژنــــانە ســــەرەتایەکبوو بــــۆ جیاکردنەوەی نوسینی فێمینیستی پیاوان لەهی ژنان. هەر لەم ڕوانگەیەوە دەشێت هێما بۆئەو لایەنەش بکەین، کە لە تێگەیشتنی فێمێنیستی ئیریگەرەی ڕەگەز و ژیندەرەکانی زمانەوانی دەستنیشانی زمانەوانی باوک سالاری دەکات. مایەوە ئەوەش بڵێین، کە بەشێک لە بۆچوونە تیۆرییەکانی ئەم کتێــــبە لەلایەن هەنــــدێک لە فێمینیســــتە ڕادیکــــاڵە فەڕەنسییەکانەوە ڕەخنەدەگرێــت، کە گــوایە جەختکردنــی ئیــــریگەرەی لە واتــــای "ژن" نیشــــانەیە لەســــەر دەربــــاز نەبــــوونی ئەم خــــانمە بیریــــارە فێمینیســــتییە لە ئیــــدیا

پاتریارکاڵەکـان. پێشـتریش هێمامـان بـۆکرد، کە گەلێـک پێیـانوایە ئیـریگەرەی لەنێـو ژنە بیرمەنـدە فێمینیسـتەکاندا بەوە ناسـراوە، کە توانیـویەتی بە بینینگەلێکـی نوێـوە، تـایبەت بە ئیتیـک لە بـواری فێمینیسـتی، بێـتە مەیـدانی ڕاڤەکردنـی ژینـدەر و دەسـتکاری ئەو جـۆرە پرسـیارانە بکات لە دۆزی ژنی هاوچەرخەوە نزیکن. گەلێک لە دیدی ئەم ژنە بیرمەندە فێمینیستییە لە تەماشاکردنەکانی فیگورە دیارەکانی بواری فێمینیستی فەڕەنسییەوە (هێلین سیکسو، ژۆلیا کریستیڤا، سیمۆن دی بوڤوار ) سەرچاوەدەگرن، کە مانایان بۆ لێکدانەوەی ژیندەری مێ هەیە.

1.Luce Irigaray. An Ethics of Sexual Difference. Trans. Carolyn Burke and Gillian C. Gill. Ithaca: Cornell Univ. Press, 1993.
2.Luce IrigarayJe. Tu, Nous: Toward a Culture of Difference. Trans. Alison Martin. New York: Routledge, 1992.
3. Kelly Oliver. Editor Simone de Beauvoir. French Feminism Reader. Rowman & Littlefield Publishers . ٠2000

# فێمینیزم
# لە ڕەخنەی ئەدەبیدا

**عەلی نەسوح**

**وەرگێڕانی: هاوار محەمەد**

## چەمکی فێمینیزم

(Feminism) ئاماژەیە بەو ڕێبازە فیکرییەی، کە پێیوایە لەو کۆمەڵگایانەدا، کە ژن و پیاو دەخاتە نێو پۆلێنە ئابووریی و کولتوورییە جیاوازەکانەوە، پێگەی ژنان نزمترە لە پێگەی پیاوان. ژن لە ڕوانگەی فێمێنیستەکانەوە بە یەکسانی مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت و لەو کۆمەڵگایانەدا، کە بە گوێرەی ڕوانگە و بینین و خواستەکانی پیاوان کاروبارەکان ڕێکدەخرێن. ژنان مافەکانی خۆیان وەرناگرن، لەبەر هیچ نا تەنیا لەبەرئەوە نەبێت کە ژنن. لە سایەی ئەم مۆدێلە باوک سالارییەدا، ژن دەبێتە بەشێک لە هەموو ئەو شتانەی، کە لە پیاو جوداناکرێنەوە. دەبێتە کەسێک، کە لەخۆیدا نییە، پیاوان هێزیان هەیە و ژنان بێهێزن، پیاوان عەقڵانین و ژنان عاتیفین، پیاوان عەمەلین و ژنان پاسیڤن و شتی لەم جۆرە. ئەم ڕوانگەیە لە هەموو شوێنێک ژنان بە سیفەتی نەرێنی وەسف دەکات و نکوڵی لە مافەکانیان دەکات. ناهێڵێت بچنە نێو ژیانی گشتییەوە و لە بوار کولتووری و سیاسیی و ئابوورییەکاندا ڕۆڵی یەکسانیان لەگەڵ پیاواندا هەبێت. لێرەدا دەتوانین سەرلەنوێ بڵێین: فێمینیزم بزووتنەوەیەکە کار بۆ گۆڕانی ئەم دۆخ و هەلومەرجانە دەکات بۆ ئەوەی لەڕێگەی ئەم گۆڕانکارییەوە ئەو یەکسانییە غایبە بەدەست بهێنێت. بەم مانایە بانگەشەی ئەوە ناکات ژنان حەقیقەتیان لایە، بەڵکو دەیەوێت بڵێت حەقیقەت بەتەنیا لای پیاوان نییە.

فێمینیزم پێداگری لەسەر ئەوە دەکات، کە ئەم ستەمە شتێکی جێگیر و سروشتی و نەگۆڕ نییە، بەم مانایە ژنان دەتوانـــان بە ئەکــت و کـــاری پێکەوەیـــی و بە کـــۆمەڵ سیستەمی کۆمەلایەتی، ئابووری، سیاسیی بگۆڕن، کەواتە هەوڵەکانی فێمینیزم ئامانجی باشترکردنی دۆخی ژنانە لە کۆمەڵگادا. بەلام ئەو ئایدیایەی، کە دەڵێت پیاوان دەتوانن پشتیوانی لە هەڵوێستی فێمینیزم بکەن، جێگای ناکۆکییە؛ بۆ نموونە "تانیا مۆدۆلسکی" دوو بوار جیا دەکاتەوە: بەشـــداریی پیـــاو بـــۆ شـــیکارکردن و هەڵوەشـــاندنەوەی دەسەلاتی نێرینە؛ قسەکردنی پیاوان بەناو و لەبری ژنان لە پێگەی ژنانەوە.

لە بواری توێژینەوەی ئەدەب و کولتوور و سینەمادا، ڕەخـــنەی فێمینیـــزم فـــۆڕمی شـــیکاریی میکانیزمەکـــانی بەرهەمهێنـــان و بەکـــاربردنی پەیوەســـت بە دەقەکـــان و مومارەســـەکان لە ڕوانـــگەی ژنـــانەوە وەردەگرێـــت، لە کاتێکدا، کە ڕێگای جیاواز و هەمەجۆر بۆ لێکۆڵینەوە لەم بابەتە هەیە، کە هەموویشیان ژنانەن و هەموویشیان ڕێگە بە فـرە چوارچێـوەیی زانـین و زیانیـارییە جیاوازەکـان دەدەن لەنێو چوارچێوەی فێمینیزم خۆیدا. "ماجی هام" لە پێشـەکی کتێبـی "ئاڕاسـتە فێمێنیسـتییەکان: کـۆمەڵە وتـار" (1992)دا دەڵێـــت: فێمینیـــزم لە ڕووی کولتـــووری و مێـژووییەوە بزووتنەوەیەکـی هەمەلایەن و فرەڕەهەنـدە، ئامانجەکـانی لە هەمـوو جیهانـدا پشـتیوانییان لێـدەکرێت؛ ئەگەر بیشمانەوێت ئاستی چالاکیی فێمینیزم هەڵبسەنگێنین

ئەوا دەتــوانین ســەیری گوتــاری فێمێنیســتی و ئاســتی سەرکەوتنە فیکرییەکەی لە ژیانی ڕۆژانەدا بکەین.

یەکەمین دەرکەوتنی زاراوەی "فێمینیزم"، لە ئەدەبیاتی فیکـری ڕۆژئاواییـدا دەگەڕێـتەوە بـۆ سـاڵی 1895، بەڵام نـاوەڕۆکی ئەم زراوەیە، کە باس لە کردەی ژنانە دەکات بۆ داواکردنی مافەکانی ژنان، هەر لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەوە دەسـتی پێکردبـوو... بەڵام پشتبەسـتنی زاراوەی فێمینیـزم بە کایەکـانی زانسـتە مرۆییەکـان بە فەڕمـی لە سـاڵی 1910ەوە دەسـتیپێکرد، ئەوەیـش لە کـۆنگرەیەکی نێودەوڵەتیـــدا کە لە قۆنـــاغی هەرە دیـــاری کەســـێکی فێمێنیســتدا بەسـترا بە نـاوی "کـلارا زاتکـین"، کە تێیـدا ڕاگەیەنـرا هەشـتی ئـازار ڕۆژی جیهـانی ژنـانە. "کۆمەڵەی گەلان" (عصبة الأمم)ی ئەو کاتە، ئەم بەروار و مێژووەی کردە بۆنەی یادکردنەوەی ئەو سـەرپێچییە مەدەنییەی کە ژنە کرێکارەکـــان لە نیویـــۆرک لە ســـاڵی 1895دا، دژ بە دۆخـــــی خراپـــــی خۆیـــــان، ئەنجامیانـــــدا و لەم ناڕەزایەتییانەیشدا چەند کرێکارێکی ژن مردن.

## تیۆر و قوتابخانە فێمێنیستییەکان:

فێمینیزم بزووتنەوەیەکی تاکلایەنەی کەڕ و کوێر نییە، بەڵکـو ڕێبـاز و ئاڕاسـتەکانە، کە زۆربەی کـات ئەمـانە لە بنچینـە بنەماییەکانـدا دەگەن بە یەکتـری  و جـاری وایـش هەیە لە لکە میتۆدییەکاندا لە یەکتر دووردەکەونەوە، بگـرە هەنـدێکجاریش لە بنچیـنە بنەماییەکانـدا جیـاوازن، بەڵام هەموویان ڕۆڵیان هەبووە لە تیۆری فێمێنیستیدا لە ئەدەب

و ڕەخـــنەی ئەدەبیـــی فێمێنیســـتیدا، کە لێـــرەدا تیشـــکێک دەخەینە سەر گرنگترین ئەو ڕێباز و ئاڕاستانە:

١. **فێمینیزمی لیبراڵیست:** ئەمەیان ئاڕاستەیەکی دێرینی فێمێنیستییە، بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی فێمینیـزم پشـت بە فیکری گشتیی لیبراڵی دەبەستێت، لەمەیشدا بەشداریی لەگەڵ هەموو ئاڕاستە فێمێنیستییەکانی دیکەدا دەکات. ئەم ئاڕاســتەیە لە فەلســەفەی تــاکگەراییەوە دەســتپێدەکات و کێبەرکێــی نێــوان تاکەکەســان لەبەرچــاو دەگرێـت. بـۆیە دەبینـین ئەو نووســەرانەی ســەر بەم ڕەوتەن، درووشـمی یەکســـانی لەنێـــوان ژن و پیـــاو و هەمـــوو مرۆڤەکانـــدا بەرزدەکەنەوە، یەکســـانی لە هەبـــوونی هەلـــی کـــار و وەدیهێنانی دەرفەتی هاوتا و هەڵسەنگاندنی کارەکان بەبێ جیاکـــاری لەســـەر بنەمـــای ڕەگەز و جـــۆر و ڕەنـــگ. تایبەتمەنـدی ئەم ئاڕاســتەیە ئەوەیە، کە پەیڕەوکارەکـانی بڕوایـــان وایە پێویســـتە کێشـــەی ژنـــان لە ڕوانگەیەکـــی واقیعیـیەوە چارەســـەربکرێت، پێیانبـاش نیـیە بچـنە نێـو مشـتومڕەوە سـەبارەت بە هۆکـار و ئەسڵەکانی جیاکـاری جۆریی لە نێوان پیاو و ژندا، هەم لەسەر ئاستی جیهان و هەمـیش لە ڕێگەی مێژووەوە. لەبری ئەمە پێیـان باشـترە وەک دۆخێکـــی هەنـــووکەیی مـــامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخەدا بـــکەن. ئەو ڕەخنـــانەی لەم ڕەوتە دەگیـــرێن، ئەوەیە، کە دەیەوێــت فەلســـەفەی تـــاکگەرایی بکـــات بە فەلســـەفەی جیهانی، ئینجـا ڕێبـازێکی پلەبەنـد و کەموکـورتە، دەیەوێت خۆی ببێتە فەلسەفەی زاڵ و باڵادەست، هەروەها ڕەخنەی ئەوەی لێـدەگیرێت، کە کاروبارەکـان سـادە دەکـاتەوە و

دەیەوێت باز بەسەر دۆزە ئاڵۆزەکاندا بدات، وەکو کێشەی جیاوازییە کولتوورییەکان و شیکاریی مێژوویی بۆ کێشەکان.

**٢. فێمینیزمی ڕادیکاڵیست:** ئەم ڕەوتە پەڕگیرە بانگەشە بۆ جودابوونەوەی ژنان لە جیهانی پیاوان دەکات و دەیەوێت مامەڵەیان لەگەڵدا نەکرێت، لەمەیش زیاتر دەیەوێت کۆمەڵگەیەک پێکبهێنێت تەنیا ژنانی تێدا بێت. ئەویش وەکو ڕوانگەی نێرسالارانە، ڕوانگەکانی لەسەر بنەمای جەستەی ژنەوە پێکدەهێنێت. بۆیە ژنان وەک بوونەوەرێکی ژنانە دروست دەکات و لە جەستەی ژنەوە جیهانەکەی چارەسەر دەکات.

جا لەکاتێکدا پیاوان پێیانوایە جەستەی ژنانە لە زۆر بواردا نیشانەی لاوازیی ژنە و توانایەکی تەواوی نییە، بەو مانایەی لە ڕووی ماسولکەییەوە لاوازە و ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر لاوازییەکی گشتی، کە لەهەموو بوارە عەقڵی و کولتووری و زانستی و کۆمەڵایەتییەکاندا لای ژنان دەردەکەوێتەوە، ئەوا فێمێنیستە ڕادیکاڵەکان بڕوایان وایە جەستەی ژنانە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ژنان لە پیاوان بەرزترن، جەستەی ژن پارێزەری ژیانە و توانای وەچەخستنەوەی تێدایە، ئەم پرۆسەیە بایۆلۆژییە، کە سکپڕی و منداڵبوونە، پێویستی بە توانای بەرزری ماسولکەیی ئەوتۆ هەیە، کە پیاوان ناتوانن بەرگەی بگرن. دەبینین ئەم ڕەوتە هەر ئەو ئامرازە نێرانە لە گوتارەکانیدا بەکاردەهێنێتەوە، کە پیاوان بۆ باسکردن لە دووالیزمی نێر/مێ بەکاریان دەهێنن، بەڵام تەنیا بە یەک

جیـــاوازییەوە، ئەویـــش هەڵگێـــڕانەوەی ڕیزبەنـــدیی دووالیزمەکەیە بۆ مێ/نێر. لەبەر ئەمە دەبینین ژمارەیەکی زۆر لە فێمێنیســـتەکان ئەم ئاڕاســـتەیە ڕەت دەکەنەوە و نایانەوێت بچینە نێو ململانێی تەقلیدی نێرینە و مێینە و مـانەوە لە نێـو فیکـری دووالیسـتیی ناهاوتـادا، چـونکە بە بـــڕوای ئەوان ئەمە لە ڕووی کـــۆمەڵایەتی دەرەنجـــام و ئاکـــامی نەرێنیـــی دەبێـــت. ئەم ڕەوتە پشـــت بە ئایـــدیای "حەتمییەتـــی بـــایۆلۆژی" دەبەســـتێت، کە پێیـــوایە خۆمـــان دەســـتمان نییە لە دروســـتکردنی جەســـتەماندا، کەچـــی بەم حـــاڵەش لە ژیانـــدا جەســـتە حـــوکم لەســـەر ئاســـتی ســـــەرکەوتنەکانمان دەدات و قەبـــــارەی ئەو دەرفەتە دیاریـدەکات، کە دەبێت لە بەردەستی هەر مرۆڤێکدا بێت یـــان لە بەردەســـتیدا نەبێـــت، ئەویـــش بەهـــۆی بونیـــادە بایۆلۆژییەکەی و فۆڕمە دەرەکییەکەیەوە، چ پیاو بێت یان ژن، سپیپێســـــت بێـــــت یـــــان ڕەش، ئەمە شـــــتێکە، کە فێمێنیســـتەکان زۆرجـــار هەوڵـــدەدان ڕەتیـــبکەنەوە و لێـــی دووربـــکەونەوە. لە بەرامـــبەر ئەم ڕەوتەدا زۆربەی زۆری فێمێنیســـــتەکان دەیانەوێـــــت، کەشـــــفی ئەو سیســـــتەمی بیرکـــــردنەوە و پێکهـــــاتە کـــــۆمەڵایەتی و کولتـــــووری و ئابووریی و سیاسییە بکەن، کە دامەزراوە و تەرخـانکراوە بـــــۆ پلەبەنـــــدی جـــــۆری و ڕەگەزپەرســـــتانە و ئەو بەرژەوەنـــدییانەی، کە ئەم هـــزر و پێکهاتـــانە خزمەتیـــان دەکەن، لێـــرەدا پێـــداگریی ئەوان لەســـەر ئەوەی، کە ئەم جیاکارییە بەرەنجامێکی کولتوورییە نەک بایۆلۆژییە، واتە کێشەکە لە جیاوازی جەستەکانی مێ و نێر، ڕەش و سپی

و له جیاوازی شێوه و ڕەنگ و ڕوودا نییە. بەڵکو کێشەکە ئەوەیە لەپێناو خزمەتکردنی بەرژەوەندیی کەسانێکی سوودمەنددا، هەندێک سیفاتی هەڵسەنگێنەرانە، بۆ پشتیوانیکردن  یان بۆ سەرکوتکردن دەدەین بەسەر ئەم جەستانەدا. هەموو ڕەوتە فێمێنیستییەکانی دیکە پێیانوایە ئەو جیاکارییەی، کە لەسەر ئەم چەمکە کولتوورییانەی پێکهێنەری کۆمەڵگاکان بنیاتنراوە، حەتمی نین، بۆیە دەتوانین بیانگۆڕین  لەمەییشدا هەوڵ بۆ وەدیهێنانی یەکسانی لەنێوان هەموو کۆمەڵە مرۆییەکان و ڕەگەزەکاندا بدەین.

**٣. فێمینیزمی مارکسیست:** لایەنگرانی ئەم ئاڕاستەیە جەخت لەسەر ڕەهەندی ئابووریی دەکەنەوە لە بالآیەتی جۆرییدا، پێیانوایە ئەم ڕەهەندە ئابوورییە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی سەرمایەداریی چەوسێنەر دەکات. کە دەووترێت ژنان توانای زۆریان نییە، ئەوا ئەم قسەیە دەرفەتی چەوساندنەوەی ژنان دەڕەخسێنێت. چونکە بە ئاسانی دەربرێنە نێو و دەکرێنە دەرەوە لە بازاڕی کار، کەچی ئەم گەمەیە بە تواناکانی ژنان بۆ خزمەتی سەرمایەیە، هەروەها نووسەرانی سەر بەم بوارە دەڵێن: بەگشتی پیاوان دووبارە ئەم سیستەمە چەوسێنەرە لە بواری تایبەتیدا بەرهەم دەهێننەوە، زۆرێک لەو شتانەی لەبارەی ڕۆڵی هاوسەرایەتی و دایکایەتی ژنانەوە دەوترێت، لە بنچینەدا ئامانجی ئەوەیە ژنان لە کاری ناو ماڵدا قەتیس بکەن بەبێ ئەوەی هیچ کرێیەک لە بەرامبەر هەوڵ و کاتەکانیاندا هەبێت، پێیشیان وایە وەچەخستنەوە بەندە بە هاوبەشێتی پیاو و ژنەوە، بۆیە دەبێت بەشداریی

له پێگەیاندنی نەوەکاندا بکەن، بۆیە لەم خاڵەدا فێمینیزمی مارکسی جیاوازە لە فێمینیزمی ڕادیکاڵ، چونکە وەهای نابینن ژنان بتوانن بەبێ پیاوان ئەرکی مانەوەی ژیان و وەچەخستنەوە بە ئەستۆوە بگرن. لەبەرئەمە هیچ لایەنێکیان بەباشتر لەویتریان دانانێن، تەنیا بانگەشە ئەوە دەکەن، کە ئەم هاوبەشێتی و یەکسانییە بگوازرێتەوە بۆ نێو هەموو کار و فرمانانانەی، کە لەبواری گشتی و تایبەتیدا ئەنجام دەدرێت. هەروەها داوای زەڕورەتی یەکسانی نێوان ژن و پیاو دەکەن. لەکرێ و کاتژمێرەکانی کاردا، پێیشیانوایە نابێت هیچ یەکێک لەم دوو ڕەگەزە بەهۆی جۆرەکەیەوە، لە هیچ بوارێکی بەرهەمهێنان دووربخرێتەوە، بەم مانایە دەیانەوێت کۆتایی بە دابەشکاریی کار بهێنن لەسەر بنەمای تەرخانکردنی کار بە پێی ڕەگەز.

٤. **فێمینیزمی پاش-بونیادگەریی:** زۆربەی ئەو کەسانەی سەر بەم ڕەوتەن وایدەبینن، کە جیاکاریی جۆری نە جیاکارییەکی بایۆلۆژیی سروشتییە و نە لە بنچینەی ئابووریی چەوساندنەوەدایە، بەڵکو ئەم جیاکارییە لە زماندایە، هەر لەبەرئەمەشە، کە زمان لەهەموو بوارەکاندا بڵاوبۆتەوە. زمان کردەی بە مێینەکردن و بە نێرینەکردن (ئامڕازی ناساندنی نێرینە و ئامڕازی ناساندنی مێینە) بەسەر هەموو شتێکدا دەسەپێنێت. بە سیفەکان و بێگیانەکان و شتە ئەبستراکتەکانیشەوە، بۆیە زمان دەروازەی دابەشبوونە، ئەم دابەشبوونە زمانییە بێ دەرەنجام نابێت، بۆیە سیاسەتە پلەبەندییەکانی لەنێو پەیوەندیی هێزەکاندا لە

سەرەوە بونیاد دەنرێت؛ هەروەها لایەنەگرانی ئەم ڕەوتە پێیانوایە، کە "یەک قەوارە" چ تاک بێت یان کولتوور یان کۆمەڵگە، لە بنەڕەتدا قەوارەیەکی گشتگیر و کۆکەرەوەی ئەو سیفەتانەیە، کە لە ڕووی زمانەوانی و کولتوورییەوە بەسەر نێر و مێدا دابەشمان کردوون. بۆ نموونە زیرەکی و هەستیاری، کە زیرەکی بە سیفەتی پیاوان لە قەڵەم دەدەین و هەستیارییش بە سیفەتی ژنان. لە بەرامبەر ئەم ڕوانگەیەدا، نووسەرانی سەر بەم ڕێبازە وایدەبینن، کە ئەگەرچی دەشێت سیفەتەکانی لە زماندا کرابنە سیفەتی ڕەگەزی، کەچی تاکەکان دەتوانن زیرەکی و هەستیاریی پێکەوە کۆبکەنەوە، ئەوان بڕوایان وایە، کە دابەشکاریی زمانی کولتووری هەڵگری سیستەمێکی سەرکوتکارییە، هەندێک لایەنی کەسایەتی هەم لە ژنان و هەم لە پیاوان پێکەوە وێران دەکات. کاتێک دەوترێت نابێت پیاو بگری و دەبێت پیاوەتییەکەی بسەلمێنێت، ئەمە شێوازێکی چەپێنەری چەوسێنەری پیاوە، چونکە لە بنەڕەتدا ئەویش هەر وەکو ژنان هەستی هەیە، بۆیە مافی خۆیەتی گوزارشت لە ناخی خۆی بکات. هەمان شت بۆ ژنانیش ڕاستە کاتێک داوایان لێدەکرێت بیر نەکەنەوە و لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا بەشدارییان پێنەکرێت. گوایە کێشەکان پێویستیان بە چارەسەرێکی عەقڵانییە و ژنانیش لەم ڕووە توانای تەواوەتییان نییە. بەم مانایە لەمەدا شێوازێکی سەرکوتکردن و چەوساندنەوە هەیە، چونکە ژنانیش هەر وەکو پیاوان توانای زمانەوانی و کولتووریی دژ بەیەکیان هەیە. فێمێنیستەکانی سەر بەم ڕەوتە (کە لە

ئێستادا له هەموو ڕێبازه فێمێنیستییەکانی دیکه زاڵتر و بەربڵاوتره) وایدەبینین دەرچوون له دوالیزمی نێر/مێ، بۆ نێو پانتایی سێیەم، واتای ئەوەیه دان به هەموو سیفەتەکاندا دەنرێت و بەبێ جیاوازی ڕێز له هەموو تایبەتمەندییەکانیش دەگیرێت، بگره دان به ئیمکانییەتی بوونێکیشدا دەنرێت، که دەشێت لێکدژیش بێت. لەبەرئەمه دەبینین ئەم فێمێنیستانه پشت به ئایدیای قبوڵکردنی جیاوازی دەبەستن وەک سیستەمێکی زەینی، که کار بۆ پێکەوەژیان دەکات و سیاسەتەکانی بەریەککەوتن و دژایەتی و ململانێی نێوان نێر و مێ کاڵ دەکاتەوە، بەتایبەتیش ئەوان ئەم گۆڕەپانەی جیاوازی وەها پێناسه دەکەن، که کیانێکه دژیەکییەکانی تێدایه، بۆیه دەشێت ئەم کیانه پێکهاتەی سایکۆلۆژی تاکەکەس یان کولتوور یان کۆمەڵگه یان هەر شتێکیتر بێت. قبوڵکردنی جیاوازی و دانان به هەموو لایەنەکانی کەسایەتیدا بەبێ جیاکاریی، مژدەی ژیانێکی باشتری بۆ تاکەکان و کۆمەڵگه پێیه، به ژن و پیاوه وە. ئەم فێمێنیستانه بڕوایان وایه، که جیاکاریی لەسەر بنەمای جێندەر و ئەو کێشه کۆمەڵایەتی و دەروونییانەی، که لەم کاره دەکەونەوە، سیستەمێکی کولتووریی زەینییه، که دوور و نزیک پەیوەندیی به جیاوازی بایۆلۆژیی نێوان نێرینه و مێیینەوە نییه، ئەگەرچی واتای زۆری لێبارکراوه بەبێ ئەوەی جەستەی ژن و و پیاو ئەم مانایانه پیشان بدەن.

**٥. فێمینیزمی ڕەشپێست یان فێمینیزمی جیهانی سێ:**

ژمارەیەک فێمێنیست له ئەمریکا و جیهانی سێیەم، که

ڕەنگی پێستیان جیاواز و هەمەجۆر بوو، پشتیوانییان لە ڕوانگە پاش-بونیادگەرەکان کرد، بەتایبەتی لەو لایەنەوە، کە مافی دانپێدانان بە جیاوازیدا ڕادەگەیەنێت، بەبێ هیچ پێویستییەک بۆ سەرکەوتکردنی لایەنە نەخوازراوەکان و زەقکردنەوەی لایەنە خوازراوەکان، یان بەبێ کارکردن بە پێوەرە کولتوورییە سەرکوتکارییە ستەمگەرییەکان، بۆیە لەم مەسەلەیەدا بەشێوەیەکی گشتی سەرنجیان خستە سەر جیاوازی و جیاوازی کولتووری. لێرەدا پێویستە خەجت لەسەر ئەوە بکەینەوە، کە ئەم ئینتیمایە ئینتیمایەکی خۆویستانەی نا سەرکوتکەرانەیە، هەموو ژنێکی ڕەشپێست یان ژنانی چالاکی وڵاتانی سێیەم بە زەڕورەت لەم ڕەوتەدا نین، چونکە "لەدایکبوونیان" لە وڵاتێکدا، یان لەدایکبوونیان بە ڕەنگێکەوە، نایانکاتە چالاکی ئەم بوارە. فێمێنیستەکانی سەر بەم ڕێبازە هێرشیان کردەسەر هەموو ئەو ڕێبازانەی دیکە، کە بانگەشە بۆ دروستکردنی چەترێک و ئەجندایەکی جیهانی دەکەن، کە گوایە دەبێت هەموو ژنانی جیهان تێیدا بەشداربن و کار بۆ بەدیهێنانی بکەن، جا ئەم ئەجندایە چ لیبراڵی بێت یان مارکسی یان ڕادیکاڵی. ئەم فێمێنیستانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە ئەزموونەکانیان و مێژووەکانیان و حیکایەتەکانیان و بڕوا کولتوورییەکانیان جیاوازە لە ئەزموون و حیکایەت و بڕوای ژنانی ڕۆژئاوا، بەو مانایەی چەوساندنەوەی ئەمان دووجار چەوساندنەوەیە، لەلایەن بەرهەمی کولتووری کۆمەڵگەکانی خۆیانە و لەلایەکی دیکەیش بەرهەمی

ئیمپریـــالیزمی ڕۆژئـــاواییە. ئەم ئیمپریـــالیزمەیش لەلایەن پیاوان و ژنانی سپی پێستەوە دژ بە ژنان و پیاوانی ڕەش پێست ئەنجام دراوە. لە ڕووی مێژووییەوە و وەکو فاکت و دۆکیۆمینت ئەوە سەلمێنراوە، کە ژنانی سپی پێست ئەو ژنانەیـــان چەوســـاندۆتەوە، کە پێســـتیان ڕەنگـــی دیـــکەی هەبـــووە، یـــان ژنـــانی ڕەشپێســـت و ژنـــانی نیوەگـــۆی باشـــووریان چەوســـاندۆتەوە لە پێنـــاو ئەوەی پلەبەنـــدیی کولتووریی دروستبکەن و ئەوە بچەسپێنن، کە کولتووری ڕۆژئـــاوایی بـــالاترە لە کولتوورەکـــانی دیـــکە، لەمەیشـــدا بە تەواوەتـــی یارمەتیـــدەری پیـــاوان بـــووە، هاوکـــاریی پیـــاوی ســـپی پێســـتی کـــردووە بـــۆ کۆلۆنیـــالیزەکردنی گەلان و بەکۆیلەکردنی ڕەش پێست و ڕەنگە پێستەکانی دیکە.

بەڵام دەبێت ئاگامـان لەوەبێت، کە ئەم ڕەتکـردنەوەیە، گوزارشت نییە لە کاردانەوەیەکی "هەڵچوونیانە"، کە تەنیا ئامانجی تەسفییەکردنی حساب و تۆڵەکردنەوە بێت، بەڵکو پـــێش هەمـــوو شـــتێک ئاڕاســـتەیەکی تیـــۆرییە، کە لە ڕەتکـــــردنەوەی سیاســـــــەتە ســـــــەرکوتکارییەکان و پلەبەنـدییەکانەوە دەسـت پێـدەکات. جـا ئەم سیاسـەتانە لەژێر هەر ناوێکدا بن، تەنانەت ئەگەر لەژێر ناوی ڕابوون و ڕاپەڕینیشدا بن، بەو مانایەی هەرچەندیش کۆدەنگی و هـــاوڕاییەکی زۆر هەبێـــت لەســـەر بـــایەخ و گرنگـــی ئەم سیاسەتانە، دوواجار نابێت بەسـەر هەمووانـدا بسـەپێنرێن و گشـتگیر بکرێن. فێمێنیسـتانی سـەر بەم ڕێبـازە جەخـت لەسـەر تایبەتمەنـدیی کولتـووری خۆیـان دەکەنەوە. داوای ڕێزگـــرتن لەم تایبەتمەنـــدییانە دەکەن. بەتـــایبەتیش بـــاس

لەوە دەکەن فێمینیزم دان بە مافی جیاوازیی بنەمادا دەنێت و بانگەشەی مافی جیاوازی لە پیاوان دەکات، هەروەها جەخت لەسەر جیاوازی دەکەنەوە لەنێو یەک ئاڕاستەدا، هەر بەو جۆرەی کە خۆیان جیاوازی خۆیان لەگەڵ پاش-بونیادگەراکاندا پاراستووە. نووسەرانی سەر بەم بوارە بانگەشە بۆ سیاسەتە لۆکاڵییەکان، سیاسەتی شوێنگە و کۆنتێکست دەکەن. واتە بایەخی شوێنی کولتووریی لە پێکهێنانی باکگراوند و ڕوانگەی ئەو کەسەی، کە قسە دەکات. فیکر بەرەنجامی تێکەڵبوونی سوبێکتی بیرکەرەوەیە بە واقیع و شوێنگەی خۆی. فێمێنیستانی جیهانی سێیەم و نا-سپی پێستەکان، ئەم چەمکە بۆ ئەوە دادەڕێژن، کە جەخت لەسەر ئەوە بکەنەوە ڕوانگە و تێزەکانیان، کە بە تەواوی لەژێر کاریگەری پێگە و واقیعە کولتوورییەکەیاندایە، ڕوانگەیەکی دیکە بەرهەمدەهێنێت. بەمەیش ڕۆڵیان دەبێت لە دەوڵەمەندکردنی بزووتنەوەی فێمێنیستیدا، چونکە ئەمان شتێک پیشان دەدەن، کە فێمێنیستە ڕۆژئاواییەکان ناتوانن لە ڕوانگە و پێگەی کولتووریی خۆیانەوە ببینین.

جگە لەم پێنج قوتابخانە و ڕێبازەی باسمان کردن چەندین ڕێباز و قوتابخانەی دیکەیش هەیە، بەڵام بۆیە لێرەدا باسیان ناکەین چونکە بە ئەندازەی ئەمانە کاریگەر و بەناوبانگ نین و لە ڕەخنەی ئەدەبیدا هێندەی ئەمانە شوێن دەستیان دیار نییە.

**زاراوەی ڕەخنەی ئەدەبیی فێمێنیستی:**

بۆچوونەکانی "ئیلین شوالتەر"ی خانمە ڕەخنەگری ئەدەبی، لە دۆزینەوە و چەسپاندنی ئەم تێرمەدا زۆرترین کاریگەریی هەبوو، ئەمەیش لە کتێبەکەیدا "بەرەو ڕەوانبێژیی فێمێنیستانە" (1979)، کە شێوازی وێناکردنی ژنان لەو دەقانەدا، کە پیاوان نووسیونی وێنادەکات، یان دەیەوێت ئەم وێنەیەیان تێدا بسڕێتەوە، جا لەکاتی تاوتوێکردنی ئەم چەمکانەدا زاراوەی "ڕەخنەی فێمێنیستی" (Feminist Critique) بەکاردەهێنێت. هەندیک نووسەر لەم کۆنتێکستەدا باس لە هەوڵەکانی "ڤیرژینیا وۆلف" دەکەن و بە دایکی ڕەخنەی ئەدەبیی فێمێنیستیی ڕۆژئاوای دادەنێن. چونکە یەکەم کەس بووە، کە بەشداربووە لە دیاریکردنی چەمکە سەرەتاییەکانی ئەم بابەتە. وۆلف لە کتێبەکەیدا (A Room Of Ones Own) (1919) داوا لە ژنان دەکات، کە شوناسی تایبەت بەخۆیان دروست بکەن و لە بونیادی باوی کۆمەڵایەتی دەربچن. بۆیە ئاماژە بەوە دەدات، کە نەبوونی بەهرە لای ژنان هیچ نییە جگە لە بەرەنجامێکی سروشتیی هەڵوێستی ئەو بونیادە کۆمەڵایەتییەی، کە بۆ ژنان ڕوانگەیەکی نەرێنیی هەیە، لێرەدا زۆلف بۆ ئەوە هانی ژنان دەدات، کە خۆیان کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی خۆیان چارەسەربکەن. بەسەریدا زاڵ بن، لەپێناو ڕزگارکردنی وزە داهێنەرییەکانیان گوزارشتکردنی ڕاستگۆیانە لە عاتیفەی مێینەیی خۆیان لە

ڕێگەی مومارەسکردن و گێڕانەوەی ئەزموون تایبەت بە خۆیانەوە.

دەتوانین بڵێین ڕەخنەی ئەدەبیی فێمێنیستی، ئەو ڕەخنەیە، کە گرنگی بە توێژینەوە لە مێژووی ژنان دەدات و هەوڵدەدات بۆ سەلماندن و داکۆکیکردن لەوەی، کە ژنان جیاوازن لەو وێنایەی، کە لە کلێشە تەقلیدییەکاندا هەیە، ئەو کلێشانەی کە بۆ سەرکوتکردن و چەوساندنەوە و پەراوێزخستنی ڕۆڵە داهێنەرییەکەی ژنان دانراون، هەروەها لێکۆڵینەوە لە کاریگەریی وێنە سەرکوتکاری و بێبەهاکەرەکانی ژنان لەسەر زەین و و خەیاڵ و تێگەیشتنی وەرگری ئەو وێنانە دەکات. گرنگییش بە خوێندنەوەی ئەدەب دەدات بەشێوەیەکی گشتی، هەموو ئەو وێنانە دەپشکنێت، کە لەبارەی پیاوان و ژنانەوە تێیاندایە، بەو مەبەستە ئەوە کەشف بکات. کە ئەم دەقانە چەندە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای پارترپارکیدا لە هاوبەندیی یان لە جیاوازیدان.

بە بۆچوونی شواڵتەر لە هەموو ئەمانەی سەرەوە سنووردارێتی ڕەخنەی فێمێنیستی دەردەکەوێت، پێیوایە ئەگەرچی ئەم ڕەخنەیە سوودێکی گەورەی هەیە، هەر بە سنووردارێتی دەمێنێتەوە ئەگەر بێتوو تەنیا خەریکی توێژینەوە بێت، لە کلێشە تەقلیدییەکانی ژنان، خەریکی سەلماندنی لایەنگریی ڕەگەزی پیاوان بێت لای پیاوانی ڕەخنەگر، یان هەر خەریکی تاوتوێکردنی ئەو ڕۆڵە دیاریکراوانە بێت، کە ژن لە مێژووی ئەدەبدا گێڕاویەتی، ئینجا لەمەشەوە ڕێگامان پێنادات، هیچ شتێک لەبارەی ئەو

شتەوە بزانین، کە ژن تێیدا دەژی و هەستی پێدەکات. هیچ شتێکیش نازانین جگە لەو وێنەیەی کە پیاو پێیوایە بۆ ژنی کێشاوە و پێیوایە دەبێت ژن هەر بەو جۆرە بێت. لەبەرئەمە شوالتەر داوای ڕەخنەییەکی ئەدەبیی فێمێنیستیی دەکات، کە تایبەت بێت بە ژن خۆی و سەرنجی لەسەر ژنان بێت، بۆ ئەمەیش دەبێت لەو دەقانە بکۆڵێتەوە، کە ژنان خۆیان نووسیویانن، ئەمە ڕەخنەیەکە لای شوالتەر لەو ساتەوەختەوە بەرجەستە دەبێت. کە لە ڕوانگە هێڵیە نێرینەکانی نێو مێژووی ئەدەب ڕزگار دەبین و سەرنج دەخەینە سەر ئەو جیهانەی، کە هێشتا نەخراوەتە بەرچاویش هیچ نییە جگە لە جیهانی کولتووری ژن. کەواتە ڕەخنەی ئەدەبیی فێمێنیستی، لە شۆڵتەرەوە، دەبێتە بایەخدان بە ڕۆڵی ژن لە دەوڵەمەندکردنی بەرهەمی ئەدەبی و گەڕان بەدوای خاسییەتە ئێستاتیکی و بونیادی و زمانەوانییەکاندا لەم بەرهەمانەدا.

**دژە خوێندنەوەی خوێندنەوەی باوکانە:**

ناتوانین ڕەخنەی ئەدەبیی فێمێنیستانە لە بزووتنەوەی فێمینیزم جودابکەینەوە، چونکە فێمینیزم توانیویەتی بواری سیاسیی و کولتووری و ئەدەبی یەکبخات و ئەو بۆچوونە دووپات بکاتەوە، کە دەڵێت: هەر تیۆرێکی ڕەخنەیی لە بنەڕەتدا تیۆرێکی سیاسییە، لەبەرئەوەی هەر تیۆرێک هەمیشە هەوڵدەدات دەست بەسەر گوتاردا بگرێت و کۆنترۆڵی بکات. ئەمەیش تەفسیری ئەو پەیوەندییە

دەکـــات، کە لەنێـــوان یەکەمـــین دەرکەوتنـــی ڕەخـــنەی فێمێنیستانە و دەرکەوتنی شـەپۆلی یەکەمـی بزووتنەوەی فێمینیزمدا هەیە لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی بیستەم لە ئەمریکا. لەو کاتەدا بە ڕوون و ئاشکرا داوا دەکرا ڕۆڵێکی زیاتر و کاریگەرتر لە بەرهەمی ئەدەبیدا، لە خوێندنەوە و نووسیندا بە ژنان بدرێت. بەم بۆنەیەوە زاراوەی نوێ بۆ وەســـفکردنی فـــۆرم و نـــاوەڕۆکی ئەدەبیـــاتی ژنـــانە بەکارهێنرا. ئەم ئاڕاستەیە ئاوڕی لە میرات و کەلەپووری ژنـــانە دایەوە و پەنـــاییبردە بەر بەکارهێنـــانی کەرەســـتەی زانستە مرۆڤایەتییەکان بۆ زەقکردنەوەی ئەزموونی ژنانە لە بوارەکـــانی سیاســـەت و کـــۆمەڵایەتی و کولتـــووردا، دەبینـین ڕەخنەییەکـی ئەنگلـۆ-ئەمریکـی هەیە گرنگـی بە تـوێژینەوە لە داهێنانەکـانی ژنـان دەدات. جەخـت لەسـەر خـۆبەدوورگرتن و خۆدامـاڵین لە هەمـوو ئەو سـیفەتانە دەکـاتەوە، کە مانـای ڕووکەشـی و کـاتی و پەراوێزییـان لکانـدووە بە ژنـانەوە. لە شـتە جەوهەرییەکـان دووریـان خسـتۆتەوە. بـۆیە چەنـدین خـانمە نووسـەری پسـپۆڕ لە مێـژووی شارسـتانی و کولتووریـدا گرنگییـان بەم لایەنە داوە، وێـــــڕای کۆمەڵناســــــی و دەروونشـــــیکاری، لە بەناوبـــانگترین ئەو کتێبـــانە، کە ســـەر بەم کۆنتێکســـتەن کتێـبەکەی "مـاری ئیلمان"ـــە بە ناونیشـانی "بیرکـردنەوە لەژن" (1968) و کتێـبەکەی "فیلـیس شـیلۆ" بە ناونیشـانی "ژنان و شـێتی" (1977) و ئینجـا کتێبەکەی "کـاتی میلليت" بە ناونیشـانی "سیاســەتی ڕەگەزی" (1977)؛ ئەم خـانمە ڕەخنەگـــرانە و هیتـــریش وای بـــۆدەچن، کە ڕەخـــنەی

فێمێنیستی کاردانەوەیەکە بە ڕووی بێدەنگیی ئەنقەستی نێرینەدا، کە داهێنانی مێینەی قبوڵ کردووە.

یەکێک لە ئەرکەکانی ڕەخنەی ئەدەبیی فێمێنیستی ئەوەیە، کە خوێندنەوەی باوکانە پاشەکشە پێبکات و بیگۆڕێت بە خوێندنەوەیەکی دیکە، کە لە ڕوانگەی فێمێنیستییەوە خوێندنەوەیەکی دروستترە، و هاوتای ئەو خوێندنەوە پەتریارکییەیە، کە تەنیا ڕوانگەی پیاو دەنوێنێتەوە. ویڕای ئەمەیش ئەم ڕەخنەیە شیکاریی ئەدەبیاتی ژن دەکات و پەرە بە فۆڕم و مۆدێلە ڕەخنەییەکان دەدات، کە بەندن بە توێژینەوەی ئەدەب و ئەزموونی ژنەوە، دوور لەو تیۆرە ڕەخنەییانەی، کە پیاوان دایانناون، کەواتە ئەم ڕەخنەیە دان بە میراتی تیۆری و سیفەتی نێرانەی تیۆرەکاندا نانێت و هەوڵ بۆ دۆزینەوەی گوتارێکی ئازادی ژنانەی ئەوتۆ دەدات، کە پەیوەست نەبێت بەم میراتەوە، ئەمەیش هەر ئەو شتەیە کە شوالتەر جەختی لەسەر دەکاتەوە، ئەمەیش لەو باوەڕەوە کە نابێت پشتیوانی لە هیچ تیۆرێک بکرێت کە دامەزراوە ئەکادیمییەکان پەسەندیان کردووە و کردوویانەتە بنەمای ڕەوایەتیپێدان، بە بۆچوونی ئەو تیۆرەکان لەو دامەزراوانەدا ببە تەواوەتی نێرانەن.

فێمێنیستەکان پێیانوایە، کە تیۆرە ڕەخنەییەکان و مەنزومەی بەهاکان، کە بە زۆری پیاوان بەرهەمیان هێناون، هەندێک ئیمتیاز دەبەخشنە پیاوان، کە ناتوانن بە ئاسانی بەخاتری ژنان دەستیان لێیان ببێتەوە، لەبەرئەمە داوای ئەوە دەکەن بە ئاگادارییەوە مامەڵە لەگەڵ هەر

تیۆریکی ڕەخنەییدا بکرێت. کە پیاوان بەرهەمی دەهێنن. ئەگەرچی هەندێک لەم تیۆرانە بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ باسی دۆزی ژنانیان کردووە. جا لەبەرئەوەی هەر تیۆرێک تیۆریکی سیاسییە، کەوایە وەک ماری ئیگڵتۆن بۆیچووە، هەریەکێک لەو تیۆرانە هەوڵدەدەن دەست بەسەر گوتاردا بگرن و کۆنترۆڵی بکەن -ئەم بۆچوونە زۆرجار لەلایەن ڕەخنەی فێمێنیستییەوە پەسەندکراوە-، بەم مانایە فێمینیزم تیۆرە کۆنەکان ڕتدەکاتەوە و هەوڵ بۆ دۆزینەوەی تیۆریکی تایبەت بە ژنان دەدات لە ئەدەبێکی نا-ئەدەبدا. ڕەخنەی فێمێنیستەکان لە زۆربەی تیۆرە ئەدەبییەکان هەر لێرەدایە و لەم فاکتەرەوەیە، بۆ نموونە ڕەخنەیان لە تیۆری فالۆ-سەنتەریی فرۆید.. داوایان کردووە چاوبخشێنرێتەوە بە پێوەرە و پێوانە کۆنەکانی ئەدەبدا و دووبارە پێکهێنانەوەی ئەم پێوەر و پێوانانە لەگەڵ هەموو گۆڕانکارییەکان لە تەرازووی هێزەکانی نێوان خانمانی ڕەخنەگر و پیاوانی ڕەخنەگردا، لەگەڵ هەر شتێکی نوێدا، کە لە تیۆری ڕەگەزدا دەردەکەوێت، چونکە ناشێت ئەم ڕەخنەیە بەشێوەیەکی گشتی و نەگۆڕ و یەکجارەکی پشت بەیەک تیۆر ببەستێت.

بە ڕزگاربوون لەو شتەی، کە ناونراوە "تیۆری نێرینە"، ڕەخنەی فێمێنیستی پشتی بەست بە تێزەکانی "جاک دێریدا" لە کتێبی "نووسین و جیاوازی"دا. ڕەخنەی سەرەتای هەڵوەشاندەوەگەرایی هەر زوو گومانی لەبنەمای "میراتی تیۆری"ی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا کرد، ئەوەی دووپاتکردەوە، کە "مانا" لە هەر گوتارێکی

ئەدەبیـدا، بەرهەمـی پەیوەنـدییەکی نـاچوونییەکە لەنێـوان دووالیزمـی حـزور-غیابـدا، کە پێیشـدەوترێت دووالیزمـی مانــای بەدەســتهێنراو و مانــای دواخــراو. ئیــدی لەمەوە ڕەخــــنەی فیمێنیســــتی بەدەم لێکــــدانەوەی بەرهەمە داهێنانگەرییەکـانەوە دەچێـت و لەبـری ئەوەی تەسـلیمی هەڵســەنگاندنی تیــۆری بێــت، دیســان ئەدەب بەگشــتی دەخـوێنێتەوە و دەیەوێـت کەشـفی وێنەی ژن و پیـاو لەو کارانەدا بکات. ئەوەیش پیشان بدات، کە ئەم وێنانە چەندە تەباو و سازگارن لەگەڵ گوتاری پەتریارکیدا و چەندەیش جیـاوازن. بـۆ نمـوونە تـوێژینەوەکەی "کـاتی میللیـت" ئەوە ڕوون دەکــاتەوە، کە هەژمــوونی ڕەگەزیــی نێرایەتــی لە چیرۆکەکـانی نووســەرانێکی ڕۆژئـاوایی وەکـو لـۆرانس، هێنــری مــیللەر، ژان ژینیــیەدا دەردەکەون، لەڕێــگەی بەکارهێنانی کۆمەڵێک وشە و تێرمی گێڕانەوەی ئەوتۆوە، کە تێیاندا دەردەکەوێت نووسەر ڕووی دەمی و ئاڕاستەی نووسـینەکەی لە یەک ڕەگەزە، ئەویـش ڕەگەزی نێـرینەیە. کاتی میللیت پێیوایە بەرهەمە ئەدەبی و ڕەخنەییەکان، بە درێژایـی سـەردەمە ئەدەبییەکانی پێشـوو، هەر هەموویـان لەســەر جیاکـارییەک دامەزراون، ئەویـش جیـاکردنەوەی نووســەرێک و یەکێکـی دیکەیـیە لەســەر بنەمـای ڕەگەز، ئەمەیـش بـۆتە مـایەی بێئاگـایی لە ئەدەبـی ژنـان و بگـرە فەرامۆشــکردن و پەراوێزخســتنی ئەم ئەدەبە، هەروەهــا پـۆلێننەکردنی لەنێـو تیـۆری ئێسـتاتیکی و ڕەخنەییەکانـدا، هۆکاری ئەمەیش ئەوەیە، کە هەموو ئەو تیۆرانەی ئەدەب پشتیان بە بەرهەمەکانی پیاوان بەستووە. جا لەبەرئەوەی

وەک جاک دێریدا بۆیچووە، مانا لە کاری ئەدەبیدا نا-جێگیر و نا-کۆتایە، ئەوا مومکینە هەموو پێوەر و قاڵبە جێگیرەکان تێپەڕێنرێت و پێوەری نوێ، واتە خوێندنەوەی نوێ، بدۆزرێتەوە.

لەبەرئەوە میللیت پێیوایە کەتیگۆری "ڕەگەز" (Sex) هیچ نییە جگە لە کەتیگۆرییەکی نێرانە و تیۆرێکی کۆن، کە زەمەنی بەسەرچووە. بۆیە دەبێت کەتگیۆرییەکی دیکە جێگای بگرێتەوە، ئەویش کەتیگۆری "شوناسی کولتووری" یان "جێندەر" (Gender)ـە. ئەوەی ڕەگەز دیاریدەکات بایۆلۆژیایە، بەڵام جێندەر چەمکێکی کولتوورییە وەرگیراوە، بە بۆچوونی ئەو گرنگ نییە نووسەر لە ڕووی بایۆلۆژییەوە نێرە یان مێ، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە چۆن شوناسی کولتووریی ژن لە دەقەوە بەدەست بهێنین. لەبەرئەوە دەبینین هێرش دەکاتە سەر ئەو کۆمەڵناسانەی، کە لە ئاستە کولتوورییە وەرگیراوە نەرێنییەکەدا لە سیفەتە مێینەکان دەکۆڵنەوە و کەچی بە سیفاتی بایۆلۆژی و سروشتیی دادەنێن. خۆیشی دان بەوەدا دەنێت، کە هەندێجار ژن بەشدار دەبێت لە بەهێزکردنی ئەم ئاڕاستانەدا. بەڵام سەبارەت بە چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ تیۆرە پیاوانەکاندا، بۆچوونێکی فێمێنیستی هەیە، کە لەگەڵ کۆدەنگیی فێمینیزمدا یەکناگرێتەوە. هەندێک لە فێمێنیستەکان پێیانوایە خزمەتکردن بە دۆزی ژنان تەنیا بەوە دەبێت بچنە نێو ئەو کایە تیۆرییەوە، کە لە دۆخی باودا جێگیر و باڵادەستە، ئینجا لێرەوە دەست پێبکەن و بەرەو خولقاندن

و پێشخستنی گوتارێکی مەعریفی و میتۆدیی تایبەت بە ژنان هەنگاو بنێن. تەنانەت هەندێک لە فێمێنیستەکان لەمەیش زیاتر دەچنە پێش داوای ئەوە دەکەن میراتی تیۆری بقۆزرێتەوە و بخرێتە خزمەتی تیۆریی ئەدەبیی فێمێنیستی و ڕەخنەی فێمێنیستانەوە، لەوانە "تۆریل مۆی" کە ئەم خانمە نووسەرە پێیوایە ئەگەر بژاردەی تیۆریی زۆر لەبەردەستدا نییە، کە بکرێت لێیانەوە تیۆرێکی فێمێنیستی پڕ و دابڕاو لە تیۆرە پیاوانەکان دابڕێژرێت. پاشانیش تیۆری پیاوانەکان، نیشانەناسی و مارکسی، بونیادگەری و دەروونی...هیتد. زۆر بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی ژنانە بەسوودن بۆیە دەبێت بقۆزرێنەوە و بەکاربهێنرێن.

**کەوتنە نێو دژیەکییەوە:**

بە پارادۆکسەوە، لەگەڵ جەختکردنەوەی توندی فێمێنیستەکان لەسەر ڕزگارکردنی گوتاری ژنان لە میراتی تیۆریی ڕەخنەیی نێرانە، کەچی زۆرێک لەوانە کەوتوونەتە ئەو شتەوە، کە خۆیان بانگەشەی دژایەتیکردنیان کردووە، بۆ نموونە دەبینین سیمۆن دی بوڤوار، خاوەنی ئەو قسە بەناوبانگەی، کە دەڵێت: «کەس بە ژنی لەدایک نابێت، بەڵکو دەبێت بە ژن»، خۆی لە کتێبی "ڕەگەزی دووەم"دا بە تۆخی لەژێر کاریگەریی بۆچوونە بوونگەراییەکانی سارتەردایە. "تۆریل مۆی"یش، لەژێر کاریگەریی بۆچوونەکانی مارکسدایە، کە مارکس لە بۆچوونە سەرەکییەکاندا نەفەسی ژنانەی تێدا نییە. خانمە ڕەخنەگری ئەمریکا "هایدی هارتمان" قسەی لەسەر ئەو

شــتە کــردووە، کە بە هاوســەرگیری نائومێـدانەی نێـوان مارکسیزم و فێمینیزم وەسفی کردووە. چونکە مارکسـیزم چارەســەرکردنی کێشــە و کاروبــاری ژنــان فەرامــۆش دەکات. گرنگـی بە مەسـەلەکانی ململانێی چینـایەتی دەدات و دەیخـــاتە پـــێش مەســـەلەکانی جـــۆری ڕەگەزەوە، فێمینیزمیش چیتر ناتوانێت چاوەڕوانی ڕوودانـی شـۆڕش بکات تـاوەکو مەسـەلەی ڕەگەز بەجددی بهێنێتە بەربـاس، جـگە لەمەیـش کۆمـۆنیزم لەگەڵ دەسـەڵاتە باوکانەکانـدا یەکبگرێـــت و ئەمەیـــش بـــووە مـــایەی ئەوەی ئەو فێمێنیسـتانەی، کە لایەنگـری مارکسـیزم بـوون هێرشـێکی کوشندە دژ بە کۆمۆنیزم دەستپێبکەن.

هەروەهـــا دەبینـــین "کـــاتی میللیـــت" زۆر پشـــت بەبۆچوونەکـــانی جـــاک دێریـــدای خـــاوەنی تیـــۆری هەڵوەشاندنەوە دەبەستێت. "مـاری وۆڵ" لەژێر کـاریگەری کتێبەکـانی بیرمەنـدانی شۆڕشـی فەرەنسـیدایە، بەتـایبەتی ئەوانەیان، کە کتێب و نووسـیونەکانیان خسـتۆتە خزمەتـی دۆزەکـانی ژنەوە، لەوانە جـان جـاک ڕۆسـۆ، ئەگەرچـی هەڵوێستی زۆر نەرێنییشی بەرامبەر ژنـان هەیە. هەروەهـا "جـــاک لاکان"ـــی فەیلەســـوف و دەروونشـــیکار لەنێـــو ناوەنـــدیی فێمینیزمـــی فەڕەنســـی و فرانکفۆنییەکانـــدا ناوبـــانگێکی زۆری هەیە و لە تێزەکانیانـــدا پشـــتیان بە بۆچوونەکانی بەسـتووە، بۆیە "جـان جـالوب" ئـاوا وەسـفی کردووە: کەڵەشێرێک لەنێو مریشکەکاندا، کە هەوڵ دەدات تێریـــان بکـــات، بەڵام بەخێرایـــی دەســـت دەکەن بە هێرشـکردن بـۆ سـەری. "هیلـین سیسـۆ"ی ڕەخنەگـریش

تیۆری دەروونشیکاریی لاکانی بە ڕوانگەی نێرانە بۆ جیهان وەسفکردووە، کە دەیەوێت نێرینە باڵادەست بێت و هەر لێرەشەوە پشتیوانی لەدۆخی باو دەکات، کە لەسەر نێرایەتی وەک دەلالەتی هێز دامەزراوە. "لوسی ئێریگاری"ی هاوڕێی سیسۆ، هاوڕای ئەم بۆچوونەی هاوڕێکەیەتی و جەختی لێدەکاتەوە؛ لەگەڵ ئەمەیشدا سیسۆ بۆ سەلماندنی ئەوەی، کە تایبەتمەندیی عەقڵی مرۆیی وا لە خەیاڵگەرییە زیندوو و بەبڕشت و بزۆزییەکەیدا نەک لە سەری پیاودا، پشت بەبۆچوونەکانی لاکان دەبەستێت لەبارەی چەمکی خەیاڵییەوە.

ماری جاکوب لە کتێبی "خوێندنەوەی ژن"دا باسی لەوە کردووە، کە ژنان لە نووسینەکانیاندا زۆر کەوتوونەتە ژێر کاریگەری تیۆرەکانی پیاوانەوە، ئەو دەڵێت: بەدەگمەن نووسینێکی فێمێنیستانەی ساڵانی هەشتاکان هەیە، کە نەکەوتبێتنە ژێر کاریگەری ڕەخنەگرە فەڕەنسییەکان یان فرانکفۆنییەکانەوە. ڕەنگە لە هەمووی سەرسوڕهێنەرتر پارادۆکسەکەی شواڵتەر بێت. کە بە جۆرێک لە جۆرەکانی پاردۆکسی تیۆر و پراکتیکە، چونکە شواڵتەر بەوە ناسراوە، کە هێرشی زۆر توندی تا ڕادەی گاڵتەجاڕی کردۆتە سەر ئەو ژنانەی، کە لە نووسینەکانیاندا پشتیان بە تیۆرە پیاوانەکان بەستووە، کەچی خۆیشی تاڕادەیەکی زۆر پشتی بەستووە بەبۆچوونەکانی هەردوو کۆمەڵناسی "ئیدوین" و "شیرلی ئاردینێر"، لە زانکۆی ئۆکسفۆرد، کە پێیانوابوو ژنان کۆمەڵێکی بێدەنگن. بۆیە کولتوور و حەقیقەتەکەیان کولتوور و شارستانێتی کۆمەڵی پیاوان

دووپات دەکاتەوە، وەک هاووڵاتیانێک سەیر نەکراون، کە کەشی تایبەت بەخۆیان هەیە، ئەمەیش وایکردووە کە پێگەی کولتووری دیاریکەری شوناسی ئەدەبیی ژنان بێت، دەیارە لەمەیشدا دیسان پشتی بەستووە بە دەقێکی "جیفری هارتمان".

**قۆناغەکانی نووسینی ژنانە:**

لێکۆڵەران نووسینی فێمینیزمی ڕۆژئاوایی بۆ چوار قۆناغی سەرەکی دابەشدەکەن. ئەمەیش بە گوێرەی پەرەسەندنی فۆرمەکانی بەرپەرچدانەوەی کولتوور و دەسەڵاتی نێرانە، بەم جۆرەی خوارەوە:

1- قۆناغی مێینە (Feminine) (1840-1880): لەم قۆناغەدا نووسەرانی ژن لە نووسینەکانیاندا لاسایی پیاوانیان دەکردەوە. لە ڕێگەی هەڵمژینی پێوەرە ئێستاتیکییە باڵادەستە پیاوانەکانەوە، وەک کۆبوونەوە و چوونەڕیزی بازنە کۆمەڵایەتییە خێزانییەکانەوە، بگرە کۆتوبەندە هونەری و کۆمەڵایەتییەکانی بەسەر گوزارشتە ئەدەبییەکاندا قبوڵدەکرد.

2- قۆناغی ژنانە (Feminist) (1880–1920): لەم قۆناغەدا ژن داوای یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەزەکە و باشکردنی هەلومەرجی کار و پێدانی مافە مەدەنییەکان و بەشداریی سیاسیی دەکرد و ..هتد.

3- قۆناغی مێینەیی و دواتر (Female ) (1920–): لەم قۆناغەدا جیاکاریی نێوان ئاگایی و ئەزموونی ژنانە بەرامبەر ئاگایی و ئەزموونی پیاوانە ڕوون بوویەوە. لەم

قۆناغەدا فیمینیزم تەرکیزی خستە سەر جیاوازی نێوان دوو ڕەگەزەکە و بەشدارییە شارستانێتییە تایبەتییەکانی ژنان، هەروەها تایبەتمەندیی چێژە سێکسییەکانیان، تایبەتمەندیی نووسینەکانیان. لەم قۆناغەدا ئەو بڕوایە بڵاوبوویەوە، کە ژنان جیاواز لە پیاوان دەنووسن، نەک لەبەر جیاوازبوونیان لە ڕووی بایۆلۆژی و دەروونییەوە، بەڵکو لەبەر جیاوازیی ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکانیانەوە. جولیا کریستیڤا قۆناغێکی دیکەیش بۆ ئەم سێ قۆناغە ئەرێنییە زیاد دەکات و پێیوایە ئەمەیان قۆناغێکی نەرێنییە، ئەویش: قۆناغی سەرەولێژبوونەوەی دۆگمایی چەپ بەرەو دروستکردنی تۆوی ڕەخنەیی دەسەڵاتگەرایی "ژنی سەرکردە"، ژنی ڕابەر، کە هیچ جیاوازییەکی نەبێت لە پیاوی ڕابەر.

**نووسینی فێمێنیستانە چییە؟**

نووسینی ڕەخنەی ئەدەبیی ژنانە هەوڵدەدات بۆ دۆزینەوەی پێناسەیەکی زانستی و ورد بۆ ئەو شتەی کە ناوی دەنێت نووسنی "فێمێنیستانە"، بەڵام هەتا ئێستا لەمەدا سەرکەوتوو نەبووە، چونکە وێناکردنی چەمکی ئەو نووسینە کارێکی دژوارە، هۆیەکەیشی ئەوەیە کە شوناسی خودی ژن شایەنی دیاریکردنی ورد نییە، ئەم شوناسە لاستیکی و پەرتوبڵاو و هەمەجۆرە، لەبەرئەوە هەر نووسێک کە بە فێمێنیستی وەسف بکرێت، ناتوانێت بە تەواوەتی ئەو شوناسە بنوێنێتەوە، خۆ ئەگەر وا دابنێین ئەو نووسینە بوونێکی ڕاستەقنەی هەیە، ئەوا

بەستوومانەتەوە بە کۆمەڵێک پێناسەوە کە لێی بارکراون؛ زۆرجـــار بـــۆ دیـــاریکردنی ئەم کێشـــەیە زاراوەی (لە-دیـــاریکردن-بەدەر Undecidability) بەکاردەهێنرێـــت، کە زاراوەیەکـــی ڕەخنەیـــیە. لە دیـــارترین ئەو خـــانمە ڕەخنەگـــرانەی کە ئەم بۆچـــوونە دەخەنەڕوو "لوســـی ئێریگـــاری" و "جولیـا کریســتیڤا"ن، پێیشـیانوایە هەوڵــی دیاریکردنی چەمکی نووسینی فێمێنیستی دەبێتە مایەی ئەوەی ژن و پیـاو بخـرێنە چوارچێـوەی دروسـتبوونە بایۆلۆژییەکەیانەوە، ئەمەیش هەرگیز بەلای فمێنیستە دژە چییەتییە بایۆلۆژییەکانەوە پەسەند نییە. ڕەخنەی ئەدەبیی فێمێنیســتانە ئەوەی پـێ هەڵەیە کە بەرهەمە ئەدەبییەکـان لەسەر ئەو بنەمایە بە بەرهەمی تایبەت بە ژن دابنرێن کە بە زۆری ژنـان بیخـوێننەوە؛ بەرهەمـی وا هەیە هەرگیـز هاوسۆز نییە لەگەڵ ژندا و بگەر هەڵوێستێکی دژە ژنانەی هەیە، لەگەڵ ئەوەیشدا دەبینین بە زۆری ژن دەیخوێننەوە، بە هەمـان شـێوە نـاتوانین لەبەر هەمـان ئەم هۆکـارە ئەو کارانەی ژن دەینوسن یان لەبارەیانەوە دەنووسرێت، بە نووسینی ژنانە دابنێین.

دەتـــوانین لەســـەر کتێـــبەکەی خـــانمە ڕەخنەگـــری فێمێنیستی "ماری ئیگڵتۆن" بە ناونیشانی "تیۆری ئەدەبیی فێمێنیســـتی" هەڵوێســـتەیەک بکەیـــن تـــاوەکو گرنگتـــرین تایبەتمەنـدییەکانی ئەو شـتەی پێیـدەڵێن "ئەدەبـی ژنـانە" دەستنیشـان بکەیـن. بە بڕوای ئیگڵتۆن ئەو کـاتە ئەدەبێک بە ژنـانە دادەنرێـت کە دەقە ئەدەبیـیەکە، بە ڕاسـتگۆیانە، گوزارشت لە ئەزمـوونی تـایبەتی ژن و واقیعی ژیانی ژن

بکات، خۆیشی جودا بکاتەوە لەو وێنەیەی کە سەردەمێکی زۆرە بۆ ژن کێشراوە و تاڕادەیەک زۆر پێچەوانەی حەقیقەت و واقیعە. دەبنین لەو دەقانەدا کە ئیگڵتۆن لە کتێبەکەیدا وەریاندەگرێت و بەکاریان دەهێنێت، یان لەوانەدا کە خۆی نووسیونی، هەندێک زاراوە بەکاردەهێنیت کە دەتوانین بڵێین بۆ قسەکردن لەسەر ئەدەبی ژنانە کلیلەزاراوەی گرنگن، لەوانە: باوەڕپێکراوی (Authenticity)، حەقیقەت (Truth)، ئەزموون(Experience)، واقیعی(Realistic)، شوناس(Identity)، ڕەسەن(Authentic).

خۆ ئەگەر ڕەخنەی فیمێنیستی پێیوابێت پێویستە بابەتەکانی ژن بەشێوەیەک باس بکرێن کە بەشداربن لە ڕوونکردنەوەی ئەزموونی مێینەییدا و ببنە مایەی ئەوەی خەڵک بیناسن؛ بە بۆچوونی ئەو، ئەوەی کە پێش هەموو کەسێک دەبیت قسە لەسەر بابەتەکانی ژن بکات ژن خۆیەتی، چونکە تەنیا ژنان خۆیان ئەزموونی ژیانی جۆریی مێینەیی دەکەن، هەر خۆیشیان دەتوانن لەبارەی کچان و ژنانەوە بدوێن و وردەکارییە فیکری و دەروونییەکانی پیشان بدەن. ژن ئەو شتانە لە ڕوانگەیەکی تایبەتی خۆیانەوە دەبینێت نەک لە ڕوانگەی پیاوانەوە، لە هەست و هزری خۆیشییەوە ئەولەوییەتەکانی خۆی دادەنێت، بۆیە دەبێت ئەدەبی ژنانە بە جۆرێک بخوێنرێتەوە کە باس لە نواندنەوەی ئەدەبیی ئەو جیاوازییانە بکات لە نووسینی ژندا، خوێندنەوەیەک بێت بتوانێت ئەو لایەنانە ببینێت کە ڕەخنەگر بایەخی پێیان نەداوە یان سەرنجی نەکەوتۆتە سەریان، بەم جۆرە

خوێندنەوەیەک بێت کە لە ژێر دەسەلاتی پیاو ڕزگاری بوبێت، لە لاوازی و دوودڵی و دڕدۆنگی و شتی پووچ ڕزگاری ببێت، کە خاسیەتی گوتاری باڵای ژنانەیە بەو جۆرەی کە لای ڕۆبین لاکوف هەیە، جا ئەو ناو لەم خوێندنەوەیەی بەرهەمە ئەدەبییەکان دەنێت خوێندنەوەی ناوی خاسییەتە فێمێنیستییەکان. "پاتریشا سپاکس"یش جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە کە ڕەخنەی فێمێنیستانە ئەو ڕەخنەیەیە کە بایەخێکی زۆر بە سروشتی ئەزموونی ژنانە لەنێو دەقدا دەدات. لەژێر ڕۆشنایی ئەمەدا دەتوانین بڵێین پێداگری لەسەر ئەزموونی تایبەتی مێینە لای خانمانی ڕەخنەگر، یەکێکە لە ئەدگارەکانی ڕەخنەی ئەدەبیی فێمێنیستی.

باسکردن لە بابەتگەلی وەکو هاوسەرگیری و سەقامگیری و تەڵاق و پاکیزەیی و دایکایەتی و مەسەلەی بێوەژنان و دەستدرێژی و وەچەخستنەوە و بەڕێوەبردنی ماڵ و شتی لەم بابەتە پەیوەستن بە ژنەوە، ئەمە ئەو شتەیە کە ڕەخنەگرانی فێمێنیستی لە دەقی ئەدەبی دەیانەوێت و داوای ئەوە دەکەن ژن هەر وەکو ژن بخوێنرێتەوە، دەیانەوێت هاوکاریی خوێنەران بکەن و یارمەتییان بدەن کە چێژ لە خوێندنەوەی ئەدەبی فێمێنیستی وەربگرن، لەوانە خانمەڕەخنەگری فێمێنیستی "ماگی هیوم" لە کتێبەکەیدا: "ڕەخنەی فێمێنیستی: ژن وەک ڕەخنەگری هاوچەرخ" پشتگیری لەوە دەکات، بەڵام ڕەخنەگرانی دیکەی وەکو "شولمیت فایرستۆن" لە کتێبی "دیالەکتیکی ڕەگە"دا بە ڕەهایی ئەوە ڕەت دەکاتەوە و

پێیوایە ژنان هیچ جیاوازییەکی تایبەتییان نییە؛ بەلای ئەوەوە هەر شتێک کە جیاوازی بخاتە نێوان ژن و پیاوەوە دەبێتە مایەی نایەکسانی چەوساندنەوە، بۆیە هیوادەخوازێت رۆژێک لە رۆژان پەرەسەندنی زانست بگاتە رادەیەک کە چیتر مرۆڤایەتی بۆ وەچەخستنەوە پێویستی بە ژنان نەبێت تاوەکو یەکسانیی تەواو لەنێوان نێرینە و مێینەدا وەدیی بێت.

## کەواتە نووسینی مێینەیی چییە؟

هەرکاتێک قسە لەبارەی نووسینی پیاو و نووسینی ژنەوە بکەین، ناتوانین نەچینە نێو دووالیزمی بایۆلۆژی-کۆمەلایەتییەوە. نووسە نێرسالارەکان هەوڵدەدەن تەرکیز بخەنە سەر لایەنە بایۆلۆژییەکان تاوەکو ژن هەر لە پێگەی خۆیدا بهێڵنەوە، بەدیوەکەی تریشدا هەندێک لە فێمێنیستە رادیکاڵەکانیش تەرکیز دەخەنە سەر لایەنی بایۆلۆژی، بەڵام ئەمانیش بۆ ئەوەی بەهای ئەم سیفەتانە زیاد لە پێویست بەرز بکەنەوە و بیکەنە سەرچاوەی باڵایەتی. لەم دۆخەدا خۆمان لە هەمان کەشی پەرگیریی سەرکوتکەردا دەبینینەوە.

فێمینیزمی رادیکاڵی جەخت لەسەر فەزیڵەتی مێینەیی و دایکایەتی و ئامادەییە بایۆلۆژییەکانی تایبەت بە ژنان دەکاتەوە، پێیوایە جیاوازییە رەگەزییەکان دەبێتە مایەی ئەوەی ژیانی مرۆڤ هاوسەنگ بێت، بۆیە پێیخۆشە کە وێنەی ژنان دەلکێنرێت بە سروشت و بە پیتوبەرەکەتەوە کە سەرچاوەکەی لە توانای ژنەوە هاتووە بۆ

وەچەخستنەوە و منداڵبوون، ئینجا ئەم جۆرە لە فێمینیزم پێیوایە مێینە بوونێکی جەوهەریی هەیە کە دەبێت لە دەقی ئەدەبیدا دەربکەوێتەوە، لەمەیش زیاتر پێویستە لەسەر بنەما غەریزی و خۆڕسکەکان نووسینی ژنانە و فۆڕمە زمانییەکانی دیکە لێکتر جودا بکرێنەوە. پێشتر باسمان لە بۆچوونەکانی کاتی میلیت کرد سەبارەت بە جەختکردنەوە و تەرکیز خستەسەر جیاوازییە بایۆلۆژییەکان و ئەو پێیوابوو مەسەلەیەکی زۆر مەترسیدارە، بە تایبەتیش کاتێک ئەم جیاوازییانە بۆ پاساودانەوەی مامەڵەکردن لەگەڵ ژناندا وەک بوونەوەرێکی نزمتر لە پیاو بەکاردەهێنرێت، ئیدی لەمەوە لە نێو ماڵ و خێزانەکاندا دەخرێنە ژێر چەپۆک و هێزەوە، هەر لەبەرئەمە میلیت داوای دەرچوون دەکات لە قاڵبە سێکسییەکان و ڕۆڵەکانی ڕەگەز لە کۆمەڵگەیەک کە پەیوەندیی نا-هاوتای دەسەڵات و شوێنکەوتەیی، کۆڵەکە سەرەکییەکەیەتی.

ڕەخنەگری فێمێنیستی "هێلین سیسۆ" ڕوانگەی نێرانە و ڕوانگەی پیاوانە لە ئەدەب و زماندا لە یەکتری جودا دەکاتەوە، پێیوایە شتێک هەیە پێیدەوترێت ڕۆحی ژنانە کە دەشێت لەو دەقاەیشدا بوونی هەبێت کە پیاوان دەینووسن، لەپاڵ ئەمەیشدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە دەگمەنە پیاوێک هەبێت بە جۆرێک بنووسێت کە دژ بە ئارەزووە نێرایەتییەکان بێت بۆ باڵادەستی و زاڵێتی. سیسۆیش وەک میلیت، بە توندی دژ بەو ئاراستانەیە کە دابەشکارییەکان لەسەر بنەمای بایۆلۆژی لێکدەدەنەوە،

ڕەتــی دەکــاتەوە دان بە بــوونیی دوو زمانــدا بنێــت، زمانێکیـان هـی نێر و  زمانێکیـان هـی مێ، هەروەهـا سڵ دەکاتەوە لەوەی کە بانگەشەکردن بۆ زمانێکی مێینە گوایە نیشـانە و ئەدگـاری دیـاری تـایبەت بەخـۆی هەیە، هەڵـی ئەوە دەدات بە نێرینەکان زیاتر مێینەکان بچەوسێننەوە و لۆمەیان بکەن.

جولیا کریستیڤایش دەنگی خۆی دەخـاتە پـاڵ دەنگـی ئەوانە کە لە دیـاریکردنی چەمکی "مێینەیـی" (feminity)ـدا دژ بە ئاراســتەی ڤێمێنیزمــی ڕادیکــاڵ؛ ئــو بۆچــوونە هەڵوەشاندنەوەگەرانەی کە کریستیڤا پەیڕەوییان لێدەکات وای لێـدەکات چەمکـی شـوناس خۆیشـی تێپەڕێنێـت، هەر بـۆیە ئەو نە دان بە شوناسـی نێرینەییـدا دەنێـت و نە بە شوناسی مێینەییدا؛ چەمکی شوناسی ڕەها شتێک بوو هـی پــێش ســەردەمی هەڵوەشــاندنەوە، جــا ئیتــر چییەتــی (ماهییەت)ی شوناس، ڕەگەز، کۆمەڵ، دەروون هەرچییەک بێت؛ بەمجۆرە بە بڕوای ئەو مێینەیی بەرهەمی مەنزومەی باوکانەی نێرینەییە کە هەمیشە کۆنترۆڵی پەیوەندیی هێزە کۆمەڵایەتییەکـانی کـردووە و بەو جـۆرە دیـاریکردووە کە بــۆ خــۆی گونجــاوە، واتە هەمیشــە ویســتویەتی ژن لە پێگەیەکی پەراوێزیی نێو پەیوەندیی ڕەمزیی هێزەکانی نێو کـۆمەڵگەی پەتریارکیـدا بمێنێتەوە، ئەو جیاوازییـانەیش کە لەنێوان ئەم دوو ڕەگەزەدا  دەردەکەوێت هیچ نییە جگە لە دیالەکتیکی نێوان میکانیزمەکانی بەرهەمهێنـانی زمـانەوانی و جــووڵەی هێــزە فەرمانڕەواکــان کە ئەم جیاوازییــانە

دەردەخەن و ســـــوورن لەســــەر جەختلێکـــــردنەوە و تۆخکردنەوەیان.

بەڵام ئەو جیاکـــارییەی کە بە زۆری فێمینیســـتەکان لەنێوان نووسینی نێرینە و نووسینی مێینەدا پەسەندی دەکەن، پشـــت بە پێـــوانەی دەســـەڵات (Authority) دەبەســـتێت لە دیاریکردنـــدا، ئەمەیـــش ڕەگەزێـــکە لە ڕەگەزەکانی گوتار، بۆیە هیچ پەیوەندییەکی بە ڕەگەز و بە مەســـەلەیەکی بـــایۆلۆژییەوە نیـــیە؛ لەبەرئەمە ئەو فێمێنیستانەی کە ڕەتی دەکەنەوە دان بە بوونی دوو جۆر نووســیندا بنـێن لەســەر بنەمــای ڕەگەز، لایەنگــری لەو دابەشکارییە دەکەن کە لەسەر بنەمای دەسەڵاتە.

دەبینـین "مــاری ئیلمــان" (Mary Ellman) و "نۆرمــان میللەر" (Norman Mailer)، نووسین لە ڕێگەی بەکارهێنانی پێوەری دەسەڵاتەوە دیاری دەکەن. ئیلمان نووسینەکانی سیمۆن دی بوڤوار بە نووسینی نێرانە دادەنێت چونکە تۆنێکی ڕوونـی دەسەڵاتگەرانەی تێدایە، ئەو وایدەبینێت دەنگـی نێـرانە تەنیـا لە ڕەگەزی نێـردا قەتـیس نیـیە، بە هەمان شیوە دەنگی مێینەییش تەنیا لە ڕەگەزی مێدا نییە، بەڵام بە زۆری تـۆنی دەســەلاتگەرییانە لەنێـو گوتــار و نووسینی مێینەدا نییە.

بەڵام مـیللەر هەوڵـدەدات تایبەتمەنـدییەکانی نووسـینی ژنـــانە لەســـەر بنەمـــای دیـــکەی جـــگە لە پێـــوەری دەســـەڵاتگەریی، دیـــاریی بکـــات؛ لەم بـــارەیەوە پێیـــوایە تایبەتمەنـدیی نووسـینی ژنـانە ئەوەیە کە ئـاوێنەیەکە لە حـیکمەت، شـەیدایی، دوور-ڕوانـی، هەڵچـوون، بـوێری،

گاڵتەجاڕی؛ هەر لەبەرئەمەیشە خۆی ستایشی ئەو جۆرە نووسینە دەکات کە خۆی دەخاتە بەرامبەر گوتاری دەسەڵاتگەرییەوە کە تایبەتمەندیی نووسینی نێرینەیە.

ئەم بۆچوونانە بوونە مایەی ئەوەی ڕەخنەی فیمێنیستانە بڕوا بەوە بهێنێت کە نووسینی مێینەیی هەوڵدەدات بۆ تێکشکاندنی گووتاری پەتریارکیی، گوتارێک کە هەزاران ساڵە باڵادەستە و هەمیشەیش هەر لە دەستی پیاودا بووە، کەوایە ئاساییە کە نووسینی مێینەیی پێش هەموو شتێک پەیوەست بیت بە ژنەوە، دەشیت بە پاڵ ئەمەیشەوە نووسینی پیاو هەبێت کە بە نووسینی مێینەیی وەسف بکرێن؛ فێمێنیستەکان هەندێک دەقی ئەو پیاوانەیان بەکارهێناوە بۆ بەهێزکردنی هەڵوێستی خۆیان لە ڕەتکردنەوەی زمانێکی تایبەت بە ژنان و قەتیسکردنی نووسینی ژنانە تەنیا لە ژن خۆیدا.

هەندێک هەن پێیانوایە ژن شێواز و ڕێگای تایبەت بەخۆی هەیە بۆ داڕشتنی میتافۆڕەکان و هەڵبژاردنی وێنەکان، هەندێکیش پێیانوایە ئەو شێوازە تایبەتییانە لە سروشتی بایۆلۆژیی ژنەوە سەرچاوە دەگرێت، بە تایبەتیش ڕەخنەگرانی ئەمریکی، کە پێیانوایە ژن مەیلێکی غەریزییانەی هەیە بۆ هەندێک وێنەی دیاریکراو و فۆڕمی زمانەوانیی دیاریکراو، لە بەرامبەردا دەبینین هەندێکیتریان تەفسیری کولتووری و کۆمەڵایەتی بۆ ئەم تایبەتمەندییانەی فۆرمولە و میتافۆڕ و وێنەسازییانەی ژن دەکەن، بۆ نموونە دەبنین وێنەی باڵندە، یان باڵندەی

دیلکراو لە ڕۆمانەکانی ژناندا زۆر دووبارە دەبێتەوە و هەوڵ دەدەن نووسینی ژنانە ببەستنەوە بەو وێنانەوە.

بەڵام نووسینی ژنانە لە فەرهەنگی فێمێنیستیدا زاراوەیەکی ڕەخنەییە و ئاماژەیە بۆ جۆرێکی دیاریکراوی نووسینی فێمێنیستیی ڕەخنەیی کە لە ڕەخنەگرە فێمێنیستە فەرەنسییە هاوچەرخەکانەوە دروست بووبوو، وەکو لوسی ئێریگاری و هێلین سیسۆ و جولیا کریتسیڤا، ئەم فۆرمە لە ڕەخنەی فێمێنیستی بەوەدا دەناسرێتەوە کە پێیوایە بوارێک هەیە بۆ بەرهەمهێنانی جۆرێک دەق کە دەتوانین ناوی بنێین (بەرهەمی ژنانە)، بەڵام لەژێر گوتاری نێرنەدا شاردراوەتەوە، جاروبار بەشێوەی دوولەتبوون لە زمانی نێرینەدا دەردەکەوێت؛ گریمانەیەکی دیکەیش هەیە کە دەڵێت ژن لە چوارچێوەی بونیادە نێرینەکانی زمان و دەسەڵاتدا شوناسێکی بەسەردا دەسەپێنرێت، بۆیە دەبێت دژ بەم شوناسە بووەستێتەوە کە بەسەریدا سەپێنراوە.

## هۆشیاریی زیاتری ژن و وەدیهاتنی بنەمای برایەتی

ڕەخنە ئەدەبیی فێمێنیستی داوای ئەوە دەکات ئەدەب بۆ بەرزکردنەوەی ئاگایی ژنانە بەکاربهێنرێت، بۆ نموونە ڕۆمان پانتاییەکی بەفراوان بۆ خوێنەر دابین دەکات کە کێشەکانی خۆی لەگەڵ کێشەی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکەدا بەراورد بکات، بە بێ ئەوەی نووسەرەکە (کە لەم دۆخەدا بە زۆری ژنانن) لە ڕێگەی ئەو کارەکتەرانەوە چارەسەری ئامادە و حازربەدەست بخاتە

ڕوو، چونکە مەسەلەکە بۆ خوێنەر جێدەهێڵێت تاوەکو بە بەراوردکردن هۆکاری کێشەکان دیاریی بکات و ئینجا شیکاریان بکات، پاشان چارەسەری گونجاو پێشنیار بکات. بۆ وەدیهاتنی ئەمە، ڕەخنەی فێمێنیستی داوای ئەوە لە خانمە ڕۆماننووسەکان دەکات کە کارەکتەری وەها دروست بکەن نزیک بن لە واقیعی ژیانی ژنانەوە، تاوەکو ژنان خۆیانیان تێدا بناسنەوە و هەست بەوە بکەن لە هەردوولایانەوە ئەزموونی هاوبەش هەیە، هەروەها ڕەخنەی فێمێنیستی داوای ئەوە دەکات نووسەران لە چەوساندنەوەی سەر ژناندا زێدەڕۆیی نەکەن و تەنیا وەک قوربانیی داماو و کەساس دەریان نەخەن، چنکە گەر وا بێ بە ئاسانی باوەڕ بەو ستەم و چەوساندنەوانە ناکرێت، ئیدی هیچ هاوسۆزییەک لەنێوان خوێنەر و کارەکتەرەکاندا دروست نابێت. وەک "ئیریکا یۆنگ" دەڵێت ناکرێت هەر ڕۆمانێک ژنی بە قوربانییەکی داماو پیشاندا ئیدی بە ئەدەبی فێمێنیستی دابنرێت. ئامانجی فێمینیزم دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی مرۆیی برایانەیە، بەو واتایەی دڕۆدۆنگی و کینە و چەوساندنەوە لەنێو پەیوەندییە مرۆییەکاندا نەبێت، بە تایبەتیش لە پەیوەندیی نێوان ژنان خۆیاندا؛ ڤێرژینیا وۆڵف سەرنجی ئەوەیداوە کە پەیوەندییەکانی ژنان لە جیهانی ئەدەبدا، شڵەژان و کینەی تێدا زاڵە، ڕەنگە سەرچاوەی ئەمە دوورەپەرێزیی ژنان و کێبەرکێی نێوانیان بێت. دەشێت لە ڕێگەی ئەدەب و کەرەستەکانییەوە ئەمە وەدیی بهێنرێت، چونکە ئەدەب دەتوانێت پەیوەستییەکی بەهێز لەنێوان خوێنەر و نووسەر

لەلایەک، یەک خوێنەر و خوێنەرەکانی تردا لەلایەکی تر دابمەزرێنێت، ئەوەیش لە میانەی پێشکەشکردنی ئەزموونە هاوبەشەکانی هەموویانەوە، ئیدی دەشێت لەم ڕێگەیەوە کاردانەوەی هاوبەش بەرامبەر ئەو کارەی کە دەیخوێننەوە و بەری دەکەون، دروست ببێت، هەڵوێستی لێکنزیک بنوێنن؛ وەک هارۆڵد بلوم دەڵێت: هەر یەکێک لە ئێمە ئەوە دەخوێنێتەوە کە شایەنییەتی.

### ئاگایی جەستەیی ژنان

هەر دوو قوتابخانەی فێمینیزمی فەڕەنسی و فێمینیزمی ئەمریکی ڕای جیاوازیان لەبارەی چەمک و ڕەوایەتی و پڕۆسەی بانگەشە و پراکتیزەکردنی جەستە لە کایەی ئەدەب و ڕەخنەی فیمێنیستانەدا هەیە. قوتابخانەی فەڕەنسیی پێیوایە مەحاڵە لە باسکردنی ئەزموونی ڕاستەقینەی ژنانەدا جەستەی ژن دووربخرێتەوە یان فەرامۆش بکرێت. چونکە ئەم قوتابخانەیە پێیوایە جەستە یەکێکە لە سەرچاوەکانی نووسینی فێمێنیستانە. کاتێک ژن لەبارەی جەستەی خۆیەوە دەنووسێت گوزارشت لەخۆی دەکات و ئەوە پیشان دەدات، کە دەرکی بە حەقیقەتەکانی ئەم جەستەیە کردووە، بۆیە دەبینین فێمێنیستە فەڕەنسییەکان هانی ژنان دەدەن. کە بەدوای ئەو شتانە بگەڕێت، کە تایبەتەبەوان و جیاوازە لە هەموو ئەو شتانەی لای پیاوان هەیە، دەیانەویت هەر لە بایۆلۆژیای جەستەیانەوە جەرک بەتایبەتمەندیی ڕەگەزی خۆیان بکەن. ئەوە زەق

بکەنەوە، کە نێرینەیی دایدەپۆشێت. ئەوە بهێننە پێشەوە کە دووردەخرێتەوە. بە مانایەکیتر ئاگایی جەستە (یان هۆشیاریی لەبارەی جەستەوە) بە ناچاری ئاگاییە لەو سوبێکتە مێینەیەی، کە لە گوتاری نێرنەدا دوورخراوەتە یان بە خراپی نوێنراوەتەوە.

بەڵام فێمینیزمی ئەمریکی ئەم تێزانەی فێمینیزمی فەڕەنسی ڕەتدەکاتەوە، چونکە بە قسەی ئەوان فەڕەنسیەکان هەوڵدەدەن دەنگێکی شەهوانی و ئاڵۆشاوی بکەنە دەنگی گوزارشتکردن لە هەموو ژنانی جیهان بەبێ ئەوەی هەوڵبدەن چەمکی فێمێنیستیی جیهانی بدۆزنەوە. بەم پێیە لەمەدا تایبەتمەندییەکانی گەلیان و کۆمەڵگە کولتووری و ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان لەبیردەکرێن. لە کاتێکدا مەسەلەی "ئاگایی جەستە" لای ژنان بەگوێرەی چین و ڕەگەز و کولتوور جیاواز دەبێت، بۆیە ناکرێت بایۆلۆژیای ژنانە دەرەتانێک بێت بۆ دەرچوون لە نێرینەیی و دوورەپەرێزیی ژنان.

## وێنەی ژنان لە ئەدەبیاتی پیاوانەدا

ڕەخنەی ئەدەبیی فێمێنیستی لەو وێنانەی کۆڵیوەتەوە، کە لە بەرهەمەکانی پیاواندا بۆ ژنان دروستکراون. هەوڵیانداوە بیسەلمێنن لەو کارانەدا وێنەیەکی ڕۆتینی و کلێشەیی هەیە. کە ڕەنگدانەوەی کولتووری پەتریارکی و پیاوانەن. بۆ نموونە پیشاندانی ژن وەک کەرەستەی چێژی سێکسی، نەک وەک هێزێک، کە خاوەنی دەسەڵاتی سیاسییە.

لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا، سێ کتێبی گرنگ دەرچوون، کە دیسان سەرنجی ژنان و نووسەران و ڕەخنەگرانیان بۆ لای پرۆژەی دووبارە خوێندنەوەی ئەو دەقانە ڕاکێشایەوە، کە پیاوان نووسیبوویان، ئەوانەیش: کتێبی "بیرکردنەوە لە ژنان" (1968)ی ماری ئیلمان؛ کتێبی "سیاسەتە ڕەگەزییەکان" (1969) کاتی میلیت؛ کتێبی "ژنی خەسێنراو" (1970) جێریمین گرێر.

ئەم میتۆدە لە توێژینەوە ئەکادیمییەکانیشدا پەیڕەویی لێکرا، ئیدی فێمێنیستەکان هەر لە کارەکانی چۆسەر و شکسپیرەوە هەتا بەرهەمە هاوچەرخەکانیان کەشفکرد. هەم بۆ دۆزینەوە وێنەی ژن وەک قوربان هەمیشە بۆ دۆزینەوەی وێنەی نەرێنیی لەسەر ژن لە کلێشە ڕۆتینییەکاندا، یانیش ستایشکردنی دەرچوونی ڕیشەیی لەو کلێشانە.

ئیلمان لە کتێبەکەیدا لە پانتاییەکی بەرفراواندا مشتومڕ لەسەر نووسینە ئەدەبی و ڕەخنەییەکان دەکات تاوەکو ڕوونیبکاتەوە، کە چ دەرمارگیرییەکی ڕەگەزی لەنێو ئەدەبیاتدا هەیە، لێرەوە پیشانمانی دەدات، کە گەورە نووسەرانی ئەدەبیان چۆن بیریان لە ژنان کردۆتەوە، کە بەگوێرەی توێژینەوەکانی ئەو، زۆرجار بیرکردنەوەیەکی تەقلیدی و ڕۆتینی بووە و ژنیان وەک بوونەوەری کەمتر لە پیاو یان دژ بە پیاوان وێنا کردووە.

کتێبی "سیاسەتە ڕەگەزییەکان"ی "کاتی میلیت" دەنگۆیەکی گەورەی نایەوە و هەر بەخێرایی بووە یەکێک

له کتێبه پڕ فرۆشەکان، وەک "بام مۆریس" وەسفی کردووە، ئەم کتێبە زمانێکی هاروهاجی هەیە، مشتومڕی برگە هەرە هەستیارەکانی نێو ئەدەبیات دەکات، خوێنەر لەهەندێک شوێندا سەری دەسوڕمێت لەو هێرشە توندانەی، کە ئەم خانمە دەیکاتە سەر هەندێک لە گەورە نووسەرانی پیاو، کە خاوەنی ڕێزێکی زۆرن، لەوانە: هێنی میللەر، نۆرمان مایلەر، د. هـ لۆرانس؛ ڕەخنەی ئەوەیان لێدەگرێت، کە زۆر تەرکیزیان خستۆتە سەر نواندنەوەی وەسوەسانەی پەیوەندییە سێکسییەکان. بەبڕوای میلیت هێزی باوکانە بەردەم لەڕێگەی کۆنترۆڵکردنی پەیوەندییە سێکسییەکانەوە بەردەوامی بەهۆی دەدات و خۆی چالاک دەکاتەوە. ئەمەیش بۆتە مایەی ئەوەی لە ئەدەبیاتەکەیاندا وێنەی ژنان بە جۆرێک دووبارە ببێتەوە، کە خزمەت بە مانەوەی هەژموونی سێکسی پیاوان بکات و هاوکات هەڵوێستێکی کینەبازانە بەرامبەر ژنان پیشان بدەن، بۆ نموونە وەک سۆزانی یان وەک پاکیزە، وەک بوونەوەری ساردوسڕ یان وەک بوونەوەری زۆر شەهوەتباز، وەک داوێنپاک یان وەک داوێنپیس وەسفیان بکەن. میلیت پێیوایە وەزیفەی ئەم وێنانە ئەوەیە پاساوی هەژموونی نێرنەیی و ئەو سەرکوتکاری و توندوتیژییە بدات، کە پیاوان بۆ هێشتنەوەی ئەو هەژموونە بەکاریدەهێنن.

جێریمین جەریر پێیوایە کۆتوبەندی توند لەسەر بەکارهێنانی هەمەجۆری قاڵبە کلێشەییە باوەکان هەیە، چونکە دەبێت هیچ شتێک دەستکاریی وەزیفەی ژن نەکات وەک ئامرازی چێژی سێکسی، دەبێت جلوبەرگی چەرم

لەبەر بکـات. لەکاتێکـدا نازانێـت چـۆن بەکردەیـی مـامەڵە لەگەڵ مـاتۆڕدا بکات، دەبێت جلی مەتـاتی بپۆشـێت بەبێ ئەوەی دەرفەتی مەلەکردنی هەبێت یان بزانێت ژێرە مەلە و سەرە مەلە بکات. کاتێکیش جلی وەرزشی لەبەر دەکات هەر بۆیە پیشـان بـدرێت، کە توانـای وەرزشـکردنی نییە. دەبێـت سـواری ئەسـپیش بێـت، بەو مەرجەی نەرمـی و ناسـکی خـۆی پیشـان بـدات و خـۆی نەدات بەسـەر ملـی ئەسـپەکەدا، بـۆ ئەوەی نەتوانێـت خـۆی ڕابگرێـت و ئیـدی بێتوانـاییەکەی دەربکەوێـت. ئەم گوزارشـتانەی جێـرمین، ئامـاژەیە بەوەی، کە نووسـین نێـرانە هەمیشـە جەختـی لەسەر لایەنی نەرێنیی ژن و بەشتبوونی ژن کردۆتەوە.

فێمێنیسـتەکان پێیـانوایە نووسـین بە دەگمەن دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئاگایی نووسەرەوە، لایەنیکەم بە تەواوەتـی لەژێر کۆنترۆڵی ئەم ئاگاییەدا نییە، بۆیە زۆرجـار لە دەقدا دەقێکـی شـاراوە هەیە، کە نووسـەر ناوێرێـت بیڵێـت یـان نایەوێت بیڵێت، ئەمە شتێکە نووسەر ئاگای لێی نییە، بەڵام لە دەقەکەیشـیدا دەردەکەوێـتەوە، بە بـڕوای فێمێنیسـتەکان ئەمە بەڵـگەی ئەوەیە شـوێنی لاواز و پانتـایی نائـارام لەو پرۆسـەی وێنـاکردنەدا هەیە، کە پیـاوان دربـارەی ژن دەیکێشـن. جـا لەبەرئەوەی بە لە کۆمەڵگەکـانی جیهـانی نێـرانەدا پیـاوان جـۆری باڵادەسـتن، بـۆیە پێوەرەکـان ئەو نـوێنەرایەتییەی پیـاوانن، کە وەک "حەقـیقەت" و "ڕای دروست"ی هەمـوو مرۆڤـایەتی دادەنـرێن. بـۆیە فێمینیـزم پێیوایە دەبێت دووبـارە خوێندنەوەکانی پیـاوان بە چاوی

ژنـانه بخـوێنرێنەوە، ئەمە شـتێکە تـرس و دڵەڕاوکـێ لای پیاوان دروست دەکات.

له دیـارترین ئەو وێـنه بـاوانەی ژن، که له نووسـینی پیاواندا هەن و فێمێنیستەکان هەوڵیانداوە کەشفیان بکەن ئەمانەن:

1- وێنەی ژنـی فریـوودەر: ئەم نواندنەوە نەرێنییەی ژنان لەوێوە دێت، که ژنـان له ڕووی سێکسییەوە پیـاوان فریوود دەدەن، ئەمە لەوێدا پاساوی دەسەڵاتی نێر دەدات، که چاودێریی ئەخلاقیی بەسـەر ژنـدا بسـەپێنێت و لەکـاتی پێویستیشـدا سـزای بدات. لێرەدا پیـاو لەوە دەترسـێت، که هێز و توانای خۆی له کردەی سێکسیدا لەدەست بدات.

2- وێنەی کەوڵی لاواز: فێمینیزم پێیـوایه پیاو دەرکـی بەو حەقیقەتە کردووە، که وەچەخستنەوە لەلایەن ژنانەوە شتێکی باو و حەتمییه، ئەمە لای پیـاوان نییە، کەواتە ئەمە ســەرچاوەیەکی دیــکەی نیگەرانیــی نێــرینەیە، بــۆیە له بەرامبەردا داهێنـان و مەعریفەیـان کـردووە به خاسـییەتی نیمچە-خودایی تایبەت به ڕەگەزی نێر.

3- وێنەی ژنی کامڵ/ داوێنپاک: داوێنپاکی و ملکەچـی هەمیشــه فەزیلەتــی ژنــانە، چ ئەوانەی هاوســەرگیرییان کـردووە و چ ئەوانەی هێشـتا کچـن، ئەمە ئەو وێـنەیە، که فێمێنیسـتەکان له هەنـدێک بەرهەمـی پیـاوانەدا دەبیـنن. هۆکاری ئەمە ئەوەیە پیاوان هێندە ژن دووردەخەنەوە، که چیتـر نـاتوانن به باشـی لێیـان تێـبگەن، بـۆیە هەسـت به دڕدۆنگی و نیگەرانی دەکەن بەرامبەریان، بۆیە ستایشی

ژنـــی کامــڵ دەکەن، ژنێــک، کە هەرگیــز هەڵە ناکــات، داوێنپاک، ملکەچ و گوێڕایەڵە.

4- وێنەی ژنی هاروهاج و دەبەنگ: فێمینیزم پێیوایە بەکارهێنانی ئەم وێنە باوەی ژن لە نووسینەکانی پیاواندا لە باوەڕەیانەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ژنان بە ئاسانی ملـکەچ نـاکرێن، ئینجـا ئەوانەیـان، کە بـێجگە لە چەکـی فریوودانی پاسیڤ کەرەستەی دیکەیشیان هەیە، ئەوانە لە جۆرەکـانی دیـکەی ژن هەڕەشــەیی زیـاترن بــۆ ســەر دەسەڵاتی پیاوان، بۆیە ئەوانە نە شاز و لادەرن و دەبێت سزا بدرێن. دەبێت پیاوێکیشیان بەسەر سەرەوە بێت، کە بتوانێت کۆنترۆڵیان بکات.

## ڕەخنەی فێمێنیستیی لیزبیان، ڕەشپێست، چینایەتی

لە مــاوەی ســاڵانی هەشــتاکانی ســەدەی بیســتەم و دواتردا و لە ئەنجامی بڵاوبوونەوە و هەژموونی تیۆری پــاش-بونیــادگەرییەوە (کە هێشــتایش هەر باڵادەســتە) مشــتومڕ دەربــارەی دروســتکردنی نەریتــی ئەدەبیــی، تەنگـژەی شـوناس، سیاسـەتەکانی قـاڵبە ئەزموونییەکـان بەرامـبەر ڕیـاڵیزم، سـەریانهەڵدا، لە دیـارترین نـوێنەرانی ئەمە ژنانی لیزبیان و ڕەشپێست و ژنانی سەر بە چینی کرێکـار بـوون. لەم مشـتومڕانەدا بۆچوونەکـانی ڕەخـنەی فێمێنیستی چەندین سەرنج و تێبینییان لەبارەی بەرهەمە ئەدەبیــی و فیکــری و سیاســی و کۆمەڵایەتییەکــانی ئەو گرووپــــانەوە تۆمــــار کــــرد، ئەمەیــــش لە میــــانەی

هەڵوەشـــاندنەوەی ئەو گوتـــارانەوە، کە لەبەرهەمەکـــانی پیاواندا بەرهەم دەهێنران. گرنگترین تێبینییەکان ئەمانەن:

- ڕەخنەی فێمێنیستیی لیزبیان دەرکی بەوە کرد، کە پێویســتە شوناســی پــۆزەتیڤی لیزبیــان ڕابگەیەنرێــت بــۆ بەرەنگــاربوونەوەی ئەو بۆچــوونە بــاوەی، کە سێکســی لزبیان دەبەستێتەوە بە تاوان و نەخۆشییەوە، لەم پێناوەدا نەریتێکی گەورەی ئەدەبی لیزبیان دروستکرا تاوەکو بەم کەلەپـوورە ئەدەبییـە نـافەرمییە بەهێـز بکـات. نووسـەرانی لیزبیـان لە ویـلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا، لە سـاڵانی هەفتاکـانی سـەدەی بیسـتەمدا بانگەشـەیان بـۆ ڕێبـازێکی جوداخـوازانەی ڕادیکـاڵی دەکـرد، ڕێبازێـک، کە لە هەمـوو ئەزموونەکـانی ژنانـدا دەرکـی پێبکرێـت و بنچینەیەکـی هـــاوبەش یـــان "پەیوەنـــدییەکی لیزبیـــانی" پـــێکەوە بیانبەستێتەوە.

لە ناوەڕاسـتی هەشـتاکانی سـەدەی بیسـتەمدا تیـۆری پــاش-بونیــادگەری ڕوانــگەی جەوهەرگەرایــی دربــارەی سوبێکت لێکهەڵوەشاند. بووە مـایەی وروژانـدنی تەنگژەی شـوناس لای ڕەخنەگـرە لیزبیانەکـان و ئەم پرسـیارەی لە بەردەمیانــدا قــوت کــردەوە. ئەگەر بێتــوو شــوناس وەک فرەیـی و نـا-جەوهەریـی بیـری لێبکـرێتەوە، ئیـدی چـۆن دەتوانرێـت میراتێکـی ئەدەبیـی وەک بەشـێک لە خشـتەی کاری سیاسیی بپارێزرێت تـاوەکو بـۆ بەرەنگاربوونەوەی ترســی سێکســیی لیزبیــان بەکاربهێنرێــت؟ هەنــدێک لە نووسەرە لیزبیانە داهێنەرەکان بەوە بەسەر ئەم کێشەیەدا زاڵ بـــوون، کە لە بونیـــادی "کەســـایەتییە" لیزبیـــانە پۆزەتیڤەکانـدا دوو تەکنیکیـان لەگەڵ یەکتریـدا کـۆکردەوە:

تەکنیکی واقیعی و تەکنیکی ئەزموونگەری.. خوێنەر یان وەرگر لەگەڵ ئەمەدا لە ناوەوە هاوسۆز دەبوو، هاوکات هەستی بە مۆرکە خەیاڵییەکەی ڕۆمانەکەیش دەکرد.

- نووسەرانی ڕەشپێست پێیانوایە ڕەشپێستەکان لە دوو لاوە دەچەوسێنرێنەوە، لەلایەک بەهۆی ئینتیمای نەژادییانەوە و لەلایەکی دیکە بەهۆی دۆخی کۆمەڵایەتییانەوە، بە پێچەوانەی ژنانی سپیپێست، کە چەوساندنەوەی نەژادی و نەتەوەییان بە دەستی ئیمپریالیزم نەچەشتووە، بەڵکو بەشداربوون لە چەوساندنەوەی ژنی ڕەشپێستدا، لەمەیشدا سیفەتی نێرانەیان هەبووە. بزووتنەوەی ئاگایی ڕەشپێستەکان لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا زۆرجار وەک بزووتنەوەیەکی شۆڤێنیی سەیرکراوە. چونکە پیاوی ڕەشپێست تییایدا زاڵ بووە و ستایشیش هەر بۆ پیاوان بووە، ئەمەیش وایکرد ژنانی ڕەشپێست هەوڵبدەن بە دروستکردنی ئەدەبیاتی تایبەت بە خۆیان بەرپەرچ بدەنەوە و لە کۆتوبەند و نایەکسانی و چەوساندنەوە ڕزگارببن. لەم ئەدەبەدا وا دەردەکەوێت ژنانی ڕەشپێست زیاتر لە پیاوانی ڕەشپێست دوودڵن لە هەڵوەشاندنەوەی چەمکی ڕەشپێست، چونکە بەلای پیاوانی ڕەخنەگری ڕەشپێستەوە "ڕەشپێستی" هیچ نییە جگە لە چەمکێک، کە دەبێت لە پەیوەندیدا بە "سپیپێست"ـەوە هەڵبوەشێنرێتەوە، لە کاتێکدا ژنە نووسەرە ڕەشپێستەکان پێیانوایە دەبێت "ڕەشپێستی" بپارێزرێت چونکە کێشەی خود و شوناسە.

فێمینیزمی ڕەشپێست پێیوایە لە مێژووی چڵ ساڵی ڕەخنەی ئەدەبیی ئەفرۆ-ئەمریکاندا ژن بوونی نییە، یان

ئێجگار بەکەمی لەم ئەدەبیاتەدا ئامادەیی هەیە. تەنیا لە قۆناغە مێژووییەکانی ئەم دواییانەدا بوو، کە ژنان لەنێو ئەم ئەدەبیاتەدا دەرکەوتن، لە دیارترینیان "باربارا سمیس" کە وتارێکی نووسیی بە ناونیشانی "بەرەو ڕەخنەی فێمینیزمی ڕەشپێست" (1971)، ئەم وتارە بنچینە سەرەتاییەکانی ڕەخنەی فێمینیزمی ڕەشپێستی داڕشت.

- خانمە نووسەرانی جیهانی سێیەمیش دیلی چەوساندنەوەیەکی دوولایەنەن، بە سەرێک چەوساندنەوەی نەتەوەیی و بەسەرێکیش چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی. لەم وڵاتانەدا بزووتنەوە ڕزگاریخوازە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، پێگەیەکی بەرزیان بە ئەدەب داوە و بە کەرەستەیەکیان داناوە بۆ دووبارە بونیادنانەوەی شوناسی نەتەوەیی دژ بەو وێنە ئیمپریالییەی، کە سوکایەتی بە کەرامەت و ڕێزی گەلە نیشتمانپەروەرەکان دەکرد. ڕەخنەی فێمێنیستی سەرنجی لەوە داوە، کە زۆرێک لەو ئەدەبیاتە زۆر بە ڕۆتینی و تەقلیدی ژنان پیشان دەدەنەوە، تیرە ناسیۆنالیستییەکانیش مۆرکی ئەفسانەیی بە ژنان دەدەن و لە میتافۆڕیی ئایدیاڵیی وەکو "خاکی دایک" و "زمانی دایک" و شتی لەم بابەتەدا بەکاریاندەهێنن. کەچی لە ژیانی کردەیی نەتەوەکەدا ژنان بە تەواوی پەراوێزخراون. بۆیە دەبینین خانمە ڕەخنەگرانی جیهانی سێیەم زۆر خۆشییان لە بەرهەمەکانی "فرانز فانۆن" و "ئێدوارد سەعید" نایەت، چونکە پێیانوایە ئەم بیرمەندانە و ئەوانیتریش ئەزموون و ڕۆڵی ژنانیان دژ بە ئیمپریالیزم بە تەواوەتی لەبیرکردووە.

- فێمینیزم پێیوایە مارکسیزمی پاش-بونیادگەریی فەڕەنسی کاری کردووە بۆ ڕزگارکردنی ڕەخنەی ئەدەبیی مارکسیستی لە ڕیالیزم، ئینجا هەوڵیداوە بیسەلمێنێت، کە تەنیا دیاریکەرە ئابووریی و ماتریالییەکانی شوناسی چینایەتی لە دروستکردنی سوبێکتدا ڕۆڵیان نییە، بەڵکو دیاریکەرە ئایدیۆلۆژییەکان و زمان (گوتار)یش ڕۆڵیان لەم پرۆسەیەدا هەیە، بۆ نموونە تیۆری دەروونشیکاریی "جاک لاکان"، بەشێک بووە لەم هەوڵە و "لووی ئالتوسێر"ی فەیلەسوفی فەڕەنسیش ئەم تیۆرەی بە جاڕدانێکی مارکسییانە دەربارەی "بونیادی ئایدیۆلۆژیی تاکەکان" لەقەڵەمداوە. ئەم تیۆرە ڕەخنەی مارکسیزمی کردە تیۆرێکی بەسوود بۆ پەرەدان بە ڕەخنەیەکی ئەدەبیی فێمێنیستانەی مارکسیستی، کە سەرنج بخاتە سەر جۆری کۆمەڵایەتی. دەربارەی میراتیی ئەدەبیی چینی کرێکاریش، فێمینیزم وەها لێیدەڕوانێت، کە چیرۆکێک دەگێڕێتەوە، کە شوناسی دەستەجەمعی بە شوناسێکی نێرانە پیشان دەدات و لەم میراتەدا شتێکی ئەوتۆی تێدا نییە، کە باس لە کێشەی شوناسی ژنان بکات و بایەخ بەوە بدات ژنانی چینی کرێکار پێویستیان بە دروستکردنی "سوبێکت"تی خۆیانە، ئینجا لەم ئەدەبیاتەدا بە دەگمەن دەنگێک هەیە، کە گوزارشت لە ژنان بکات، لەبەرئەمە ئەدەبیی فێمێنیستانەی مارکسیستی ڕەخنەی ئەوە لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی پەیوەست بەچینی کرێکار دەگرێت، کە نەریتێکی نێرانەیە و زۆرجار هەڵوێستی چەوسێنەرانەی بەرامبەر بە ژن هەبووە.

## فێمینیزم و زمان:

له ئاكامی بۆچوونەكانی فێمینیزمەوە دەربارەی زمان، لقێكی توێژینەوە سەریهەڵدا كه بە "زمان و جۆر" ناسرا، ئامانج له دامەزراندنی ئەم جۆره لێكۆڵینەوەیه ئەوەبوو، كه كاتێك فێمێنیستەكان بەدواداچوونیان بۆ توێژینەوە ئەكادیمییەكان لەبارەی ژن و پیاو و زمانەوە كرد، بینیان ئەم جۆره توێژینەوەیه لەم ناوەندە ئەكادیمییانەدا زۆر به كەمی گرنگی پێدراوە، ئەو ڕێژە كەمەیش، كه هەبوو زیاتر سەرنجی لەسەر نێرینە بوو و مێینەیش كەوتبووە پەراوێزەوە. كاتێك زانستە زمانییەكان سەرنجیان خستە سەر گۆڕان و پەرەسەندنە زانستییەكانی زمان، فێمێنیستەكانیش هەوڵیاندا توێژینەوە لەبارەی بەشداریی ژنان له گۆڕانی زماندا پێشكەش بكەن. ئەم توێژینەوانە گوزارشتیان له لایەنگیریی نووسەر پیاوەكان دەكرد و جەختیان لەسەر ئەو قاڵبە باوانە دەكردەوە كه له ماوەی مۆنۆپۆلكردنی نووسیندا لەلایەن پیاوانەوە، باوبوون. بۆ نموونه ڕەخنەیان له كتێبی "زمان، سروشت و پەرەسەندنەكەی" (1922)ی "ئۆتۆ گیسپرسن" گرت. گیسپرسن لەو كتێبەدا پێیوایه بەشداریی ژنان له زماندا بریتییه له پاراستنی "پاكژیی" زمان، بەو پێیەی ژن هەر به غەریزە حەزی له گوزارشتی بازاڕی و بێسەروبەر نییە، بەڵام بەشداریی پیاو گەرموگوڕی و خەیاڵ و داهێنانی پێوە دیارە. لەمەیش زیاتر، نووسەر به درێژتر بانگەشەی ئەوە دەكات، كه جیاوازیی لەنێوان زمانی ژن و زمانی پیاودا هەیە، لەمەیشدا پیاو لەپێشتر و زیرەكترە، ژنیش گێل و پووچگۆیە.

لەسەر بنەمای ئەم جۆرە گریمانە زانستییانە لەبارەی زمـــانەوە لەنێــو ناوەنـــدە ئەکـــادیمییە پەتریارکییەکانـــدا، "جێنیفەر کۆتس" ڕێسای لایەنگیریی پیاوانی دانا، ئەوەیش لە کتێبـی "ژن و پیــاو و زمــان" (1986)دا. ئەم ڕێســایە دەڵێــت: ڕەفتــاری زمــانەوانیی پیــاوان لەگەڵ بۆچــوونی نووســـــەردا یەکـــــدەگرێتەوە دەربـــــارەی ئەوەی، کە بە خوازراو یان بە جێگای سەرسوڕمانی دەزانێت. بەڵام ژن لەســـەر هەرحـــاڵەتێکی زمـــانەوانی یـــان پەرەســـەندنی زمانەوانی لۆمە دەکرێت، کە نووسـەر بە نەرێنـی یان بە خراپی دابنێت.

ڕەخنەگرانی فیمێنیست ڕەخنەیەکی دیکەیشیان گرتووە، نەک لەو ناوەنـــــدە ئەکادیمییـــــانەی، کە گرنگیـــــان بە لێکۆڵینەوەی زمانی ژن و پیاو داوە، بەڵکو لە سیستەمی مانـایی و بەکارهێنانەکـانی زمـانی ئینگلیـزی، لەمەیشـدا ڕەخنەگـران ســەرنجی لایەنگیریـی زمانەوانییـان لەســەر بنەمـــای ڕەگەز داوە، بـــاس لەوە دەکەن، کە هەنـــدێک بەکارهێنانی زمانەوانیی هەیە، کە پیاو دەکاتە پێوانە، بۆ نموونە بەکارهێنانی دەستەواژەی گشتی ( Man) بەواتای مـرۆڤ، چ پیـاو بێـت یـان ژن. لە دیـارترین ئەو خـانمە ڕەخنەگــرانەی لەم مەســـەلەیان کۆڵیـــوەتەوە "مورییێـــل شۆڵتس"ــە، وتـارێکی هەیە بە ناونیشـانی "سـوکایەتیکردن بە ژنان لەسەر ئاستی ماناکان" (1975)؛ ئەو پێیوایە ئەو زاراوانەی، کە بە زاراوەی مێینە دادەنرێت، بەشـێوەیەکی میتۆدی و بەرنـامە بۆدانراو پێگە و قورسـاییەکەیان کەم دەکرێنەوە.

دەتوانین بڵێین ڕەخنەی فێمێنیستەکان لە لایەنگیریی زمانی لەسەر بنەمای ڕەگەز، پشتی بەستووە بە بەسیاسیکردنی ئەو پۆلێنانەی، کە پێشتر بە پۆلێنی سروشتی دادەنران، ئیدی ناوەندە ئەکادیکییەکان و میدیا بەتووندی بەگژ ئەم ئاڕاستەیەدا چوونەوە، چونکە ڕەخنەکانی لە بەکارهێنانەکانی ئێستای زمان و ئینجا خستنەڕووی ئەڵتەرناتیڤە نوێیەکان، بووە مایەی ئەوەی گوتاری فێمینیزم واتای لایەنگیریی زمانەوانیی پیاو بخاتە بەر ڕەخنەیەکی بەهێز، لەبەرئەوە دژە-گوتارێکی بەهێزیش دژ بەم ڕەخنەیە سەریهەڵدا، کە "دێبرا کامیرۆن" لە کتێبی "دروستگۆیی" (1995)دا ئاماژەی پێداوە.

هەروەها خانمە زمانناسە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو "دێبرا کامیرۆن" و "جێنیفەر کۆتس" و "مارگرێت دیوکەر" ڕەخنەیان لەو تویژینەوانە گرت، کە لە جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵنەوە. بەتایبەتیش تویژینەوە لە دابەشکارییە کۆمەڵایەتییە چینایەتییەکان، کە پشت بەو داتایانە دەبەستن وا پەیوەستن بە دیالەکێکتە کۆمەڵایەتییەکانەوە و پێیانوایە ڕەگەز گۆڕاوێکی کۆمەڵایەتیی زمانەوانییە. ئەوان سەرنجی ئەوەیاندا، کە ئەم تویژینەوانە، تەرکیز دەخاتە سەر لایەنەکانی دەربڕین و گرامەر، ئیدی مۆدێلێکی سەیری جیاوازی هەردوو ڕەگەزەکە پیشاندەدەن و دەگەنە ئەو دەرەنجامەی، کە هەمیشە ژن لە پیاو زیاتر حەزی لە جۆرێکی ناسک و پێوانەیی زمان هەیە. هەروەها پێیانوایە هەڵەیەکی قووڵ لە میتۆد و تەفسیری ئەم تویژینەوانەدا هەیە، چونکە ئەو

دیاردەیەی، کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە، کە بۆچی ژن زیاتر فۆرمولە پێوانەییەکان بەکاردەهێنێت، نەک ئەوەی، کە بۆچی پیاو کەمتر بەکاریاندەهێنێت.

کتێبەکەی "ڕۆبین لاکوف" بە ناونیشانی "زمان و پێگەی ژن" (1975) یەکێکە لەو بەرهەمانەی، کە لەسەرەتاکانی ئەم کێشەکەیەوە نووسراوە و کاریگەریی فێمێنیستانەی لەسەر مشتومڕی بواری جۆر و زمان هەبووە. لەم کتێبەدا نووسەر دوولایەن کەشف دەکات، ئەوانیش: لایەنگیریی پیاوان لە زمانی ئینگلیزیدا و بەکارهێنانی زمان لەلایەن ژنەوە. بەڵام پاردۆکسەکە ئەوەیە، کە توێژینەوە فێمێنیستییە ئەنگلۆ-ئەمریکییەکان، کە لەم بابەتە دەکۆڵنەوە، هەمان ڕێسای لایەنگرانەی پیاو بەکاردەهێنن، کە پێیوایە پیاو پێوەرە، ڕێک وەک ئەوەی لە توێژینەوەکانی بەر لە سەرهەڵدانی فێمینیزمدا هەبوون. لێرەدا دەبینین، کە "لاکۆن" پێیوایە زمانی پیاو پێوەرێکە، کە ژن ناتوانێت پێیبگات. دیارە ئەم حوکمە نەختێک شاراوە وتراوە و بەجۆرێک لە جۆرەکان ئاوەها دەڵێت: شێوازی بەکارهێنانی هەندێک فۆرمولەی زماننەوانی لەلایەن ژنەوە، بەڵگەیە لەسەر نیگەرانی و نوقسانی و لاوازی و متمانە بەخۆنەبوون، وەکو "وەک دەزانیت You Know" و "جۆرێک لە sort of"، یان دەستەواژەکانی دەربڕینی میتافۆڕییانە. لەبەرامبەردا هەندێک ڕەخنەگری فێمێنیستیی وەکو "جێنیفەر کۆتس" و "دێبرا کامیرۆن" هەوڵدەدەن ئەم جۆرە دەستەواژە و وتانە بەکارنەهێنن.

**سەرچاوەكان:**

1- إبرهيم، حنان: مساهمة النّساء في تطوير مناهج الفكر؛ مجلّة تايكي، ع12، عمّان، الأردن.

2- إبراهيم، رِزان محمود: النّسويّة في الأدب والنّقد؛ المجلّة الأردنيّة في اللّغة العربيّة وآدابها، ع 1، مجلّد 4، عمّان، كانون الثّاني 2008.

3- الأعرجي، نازك: صوت الأنثى – دراسة في الكتابة النّسويّة العربيّة؛ الأهالي، ط1، دمشق، سورية، 1997.

4- بام، موريس: الأدب والنّسويّة؛ تر: سهام عبد السلام – المشروع القومي للتّرجمة، المجلس الأعلى للثقافة، ط1، القاهرة، مصر، 2002.

5- تود، جانيت: دفاعًا عن التّاريخ الأدبيّ النّسويّ؛ تر: رِيهام إبراهيم – المشروع القومي للتّرجمة، المجلس الأعلى للثقافة، ط1، القاهرة، مصر، 2002.

6- بنمسعود، رشيدة: المرأة والكتابة – سؤال الخصوصيّة \ بلاغة الاختلاف؛ أفريقيا الشرق، ط2، الدار البيضاء، المغرب، 2009.

7- الثّامري، علي: النّقد النّسويّ بالضّد من الثّقافة الأبويّة؛ مجلّة دروب الالكترونيّة( http://www.doroob.com ) ، أكتوبر، 2007.

8- جامبل، سارة: النّسويّة وما بعد النّسويّة؛ تر: المشروع القومي للتّرجمة، المجلس الأعلى للثقافة، ط1، القاهرة، مصر، 2000.

9- حافظ، صبري: أفق الخطاب النّقديّ؛ دار شرقيّات، ط 1، القاهرة، مصر.

10- خليل، إبراهيم: الذات الانثويّة في ثلاثة نماذج من السّرد النّسويّ – فصل من كتاب "خصوصيّة الابداع النّسويّ "؛ وزارة الثّقافة، ط1، عمّان، 2001.

11- خليل، إبراهيم: في الرّواية النّسويّة العربيّة؛ دار ورد الأردنيّة، ط1، عمّان، الأردن، 2007.

12- خليل، إبراهيم: النّقد الأدبيّ الحديث من المحاكاة إلى التّفكيك؛ دار المسيرة، ط1، عمّان، 2009.

13- خريس، سميحة: الخصوصيّة النّسويّة وتجلّياتها الابداعيّة – تجربة جواهر الرّفايعة؛ مجلّة أفكار، ع 127 – 128، عمّان، الأردن، تشرين أوّل 1996.

14- الخولي، يمنى طريفي: النّسويّة وفلسفة العلم؛ عالم الفكر، مجلّد 34، المجلس الوطنيّ للثقافة والفنون والآداب، الكويت، أكتوبر – ديسمبر 2005.

15- روزليندر، آن: كتابة الحسد – محاولة فهم الكتابة النّسويّة؛ تر: أحمد صيرة، مجلّة نوافذ، ع 33، سبتمبر 2005.
16- سلدن، رامان: نظريّات النّقد المعاصرة؛ تر: جابر عصفور، دار الفكر، القاهرة، ط1، 1991.
17- سلدن، رامان: النّقد النّسويّ؛ تر: سعيد الغانميّ، مجلّة الآداب الأجنبيّة، بغداد، ع 1، س 12.
18- سيم، ستيورات و فان لووف، بورين: النّظريّة النّقديّة؛ تر: جمال الجزيري، المجلس الأعلى للثّقافة، القاهرة، مصر، 2005.
19- الصدّة، هدى: أصوات بديلة – المرأة والعرق والوطن في العالم الثّالث؛ تر: هالة كمال -المشروع القومي للتّرجمة، المجلس الأعلى للثّقافة، ط1، القاهرة، مصر، 2002.
20- الغذّامي، عبد الله: ثقافة الوهم – مقاربات حول المرأة والجسد واللّغة؛ المركز الثقافي العربي، ط2، الدار البيضاء، المغرب، 2000.
21- كريستيفا، جوليا: الانثويّ، ذلك الغريب فينا؛ حوار مع أرواد أسبر، مجلّة مواقف، ع 73 – 74، 1993 – 1994.
22- المرينـي، محمّد: نحو تأصيل وعيٍ جديدٍ للمسألة النّسويّة؛ مجلّة الإنسان، ع 7، س 2، آذار 1992.
23- المناصرة، حسين: النّسويّة في الثقافة والابداع؛ عالم الكتب الحديث، ط1، إربد، الأردن، 2007.
24- المانع، سعاد: النّقد الأدبيّ النّسويّ في الغرب وانعكاساته في النّقد العربيّ المعاصر.
25- Showalter, Elain: The Female Tradition, feminism.
26- Eaglton, Mary: Feminist Literary Theory; Blackwell, Cambridge, 1993.
(“In Quest of the Feminine: The Strange within Us” is an interview with Julia Kristeva that was originally published in*Mawakif* (Alsaji Books) vols. 73–74 (1993–94): 111–128. The interview was conducted by Arwad Esber, and is here translated from Arabic, with an introduction, by Mohamed Zayani.)

# نیچە و فیمینیزمی هاوچەرخ

**ئامادەکردن و وەرگێڕانی: ئایدیا**

بۆچی فیمینیستەکان مەیلیان بەلای فەلسەفەی نیچەدا هەیە لەکاتێکدا وا بەناوبانگە، کە دژی ژنە؟ ئایا دەتوانرێت فەلسەفەی نیچە لە وتە پڕ لەسوکایەتییەکانی دەربارەی ژنان و دژایەتییەکانی بۆ جوڵانەوەی فیمینیستی ئەوروپای مۆدێرن جیابکرێتەوە و ئەو فەلسەفەیە بەپشتیوانییەک لەفیمینیزمی هاوچەرخ لەقەڵەم بدرێت؟

ئایا فەلسەفەی نیچە دەتوانێت بۆ تیۆری فیمینیستی سوودمەندبێت؟ ئایا فیمینیستەکان دەتوانن سوود لەڕەخنەکانی نیچە دەربارەی مێژوو و بیری فەلسەفی بۆ ڕێگرتن لەهاتنەناوەوەی ژنان بۆناو ئەو مێژووە، وەربگرن؟ بۆچی فیمینیستەکان مەیلیان بەلای فەلسەفەکەی نیچەدا هەیە، ئەوان چی لەخوێندنەوەی بەرهەمەکانی نیچە و بیروباوەڕەکانی بەدەستدەهێنن، ئەمانە ئەو پرسیارانەن، کە هەوڵدەدەین وەلامیان بدەینەوە.

بەشێوەیەکی گشتیی فیمینیستەکان، پەیوەندییەکی جۆراوجۆر و گۆڕاویان لەگەڵ فەلسەفەی نیچەدا هەیە، هەندێکیان، دەربارەی سوودمەندیی فەلسەفەی نیچە بۆ فیمینیزمی هاوچەرخ قسەدەکەن و هەندێکیتریان قسە لەزیانبەخشیی ئەو فەلسەفەیە دەکەن. دەتوانین بڵێین لێرەشدا، هەروەکو باقیی بوارەکانیدی, هەمان ئەو تەمومژ و ناکۆکییە بەدیدەکەین، کە لەسەراپای وتەکانی نیچەدا بوونیان هەیە و لەڕاستیدا هەمان ئەو تەم و مژەیە، کە وێڕای دژوارکردنی تێگەیشتنی ڕاست و دروست لەبیروباوەڕەکانی نیچە, بۆتەهۆی سەرهەڵدانی

ڕاڤە و گوزارشتی جیاواز سەبارەت بە بۆچوون و بیروباوەڕەکانی و لەئەنجامیشدا بۆتە هۆی ئەکتیڤی و تازەیی ئەو بیروباوەڕانە. ڕەنگە گرنگترین کاریگەرییەک، کە نیچە لەسەر بیری سەدەی بیست و دوای ئەوەش هەیبێت ئەوەبێت، کە نیچە بووبە، ئیلهام بەخشی مامەڵە و بیری نوێ، ئەم قسانە دەربارەی کاریگەریی نیچە لەسەر فیمینیزمی هاوچەرخیش ڕاستن.  خودی فیمینیستەکانیش دەربارەی پەیوەندیی نێوان (نیچەو ژن)، لە دەوری ئەو مەسەلەیە کۆبوونەتەوە، کە دەبێت چۆن وتەکانی نیچە دەربارەی ژنان و ژنێتی ڕاڤە بکرێن. ئەوەی فیمینیستەکان لەم بارەیەوە بەدییان کردووە، ئەوە ڕووخساری پڕ لە سووکایەتی و گاڵتەجاڕیی وتەکانی نیچە نییە، بەڵکو ئەوە هەوڵی (ئەو)ە بۆ بەدەستەوەدانی شێوازێکی نوێ لەگوتار و نووسین و فیکر، کە دەتوانێت بۆ فەلسەفەی فیمینیستی زۆر سوودمەندبێت، لەڕاستیدا دەتوانین بڵێین، کە ((بەسوودترین لایەنی نووسینەکانی نیچە بۆ فۆرمەڵەبوونی فەلسەفەی فیمینیستی، لەهەڵوێستی ڕاشکاوانەی ئەودا نییە دەربارەی ژن، بەڵکو دەبێت لەشێواز و هەوڵی نیچەدا بۆ خستنەڕووی فەلسەفەیەک دەربارەی لەش و ئاشکراکاریی ئەو دەربارەی خوازەکانی گوتەی فەلسەفیی و شێوەی تایبەتی نیچە بۆ هەڵوەشاندنەوەی پێشداوەریی (نێرانە) لەبیروعەقڵی خۆرئاوادا, بدۆزینەوە)) (کیت ێنسل- پیرسون, 1375: ص 243-244).

لەم نووسـینەدا، ئێمە دەربـارەی هەنـدێک لەبنەماکـانی فەلســەفەی نـیچە قسـەدەکەین. کە فیمینیسـتەکانی بەلای خۆیـدا ڕاکێشـاوە و چەنـد ڕێگەیەکـی بـۆ پێشخسـتنی بزووتنەوەی فیمینیستی لەبەردەمیاندا ئاوەڵاکردووە، بەڵام بەرلەوە ئامـاژە بـۆ ڕاڤەکـانی دریـدا و فۆکـۆ دەکەیـن، سـەبارەت بەبیروبۆچـوون و ئەندێشـەکانی نـیچە، لەبەرئەوەی ئەم دووانە سـەرەتاکانی سـوود وەرگرتنـی فێمینیزمی هاوچەرخیان لەبیری نیچەدا فەراهەمکردووە.

## زەمینە فەلسەفییەکان

زەمیـنە فەلسـەفییەکانی گەشـەکردنی ئەو فێمینیـزمەی، کە کـاریگەریی نـیچەی لەسـەرە، زیـاتر قەرزاری ئەو کـارانەیە، کە فەیلەسـوفە فەڕەنسـییەکان و لەوانـیش جـاک دریـدا- Jaques Derida و میشـیل فۆکـۆ Michel Foucault ((1926- 1984) سـەبارەت بە بەرهەمەکـانی نـیچە ئەنجامیانـداوە، ئەم دوو فەیلەسـوفە فەڕەنسـاییە، کە دەتـوانین بڵێین بیـری پۆسـت بونیـادگەریی لەسـەردەسـتی ئەمـان فۆرمەڵەبـوو, لەپێنـاوی بیـری نـیچەدا, تەواوی عەقڵانییەتـی مـۆدێرنێتەی خۆرئاوایـان خسـتەژێر پرسـیارەوە, ئەم دوو فەیلەسـوفە لەبنچیـنەوە نکـۆڵی لەڕێبـازی میتافیزیـک لەفیکـری خۆرئـاوادا و ئەو دووالیزمەش دەکەن، کە ئەم فیکرە بنیاتیدەنێ، بۆ نموونە دریداش هەروەکو نیچە, هەرجۆرە باوەڕێک بەدژایەتیی بەهاکان ڕەتدەکاتەوە، کە بە(میتافیزیکی ئامادەبوون) ناوی دەبات, بەڕای دریدا بنچینەی میتافیزیکی خۆرئاوا لەسـەر

ئەو ئەگەرە وەســتاوە، کە ((مانــا, هەمیشــە, ئامــادەیە و مـــانەوەی بە نەزانـــراوی لەبێدەســـەڵاتیی ئـــێمەوە لە دۆزینەوەی ڕێگەی ڕاست, یان لەناڕاستیی ئەو ئامرازەوە سـەرچاوەی گرتـووە، کە هەڵمـان بـژاردووە. دریـدا دەڵێت لەمێژووی فەلسەفەی خۆرئاوادا, هەمیشـە گریمـان لەسـەر ئەوەبـووە، کە مانـا لەقسـەو عەقڵـدا (کە هەردووکیـان بە واژەی یۆنـانی Logos) دەردەبـڕرێن، ئامـادەیە, دریـدا ئەم باوەڕی ئامادەبوونی ڕاستەوخۆییەی بەمانای (میتافیزیکی ئامادەبوون) ناوبردووە. (بابک احمدی, 1387: ص 483).

بنچینەی میتافیزیک هەمیشە لەسەرچاوەی جیاواز یان لەڕووبەڕووبـوونەوەی دووالیـزمەوە دەسـتپێدەکات. بـۆ نمـوونە دنیـا لەبەرامـبەر ڕۆژی دواییـدا, شـەڕ لەبەرامـبەر خێردا, درۆ لەبەرامبەر ڕاستیدا, لەش لەبەرامبەر ڕۆحدا, سروشت لەبەرامبەر فەرهەنگ و دوواجـار ژن لەبەرامـبەر پیاودا.

ڕەخـــنەی دریـــدا, لە میتافیزیـــک ڕاســـت هەمـــان ئەو ڕەخـــــنەیەیە، کە نـــــیچە لەمیتـــــافیزیکی هەیە، ئەو ئەم بەراوردانەی قبـوڵ نیـیە: ((ڕەخـنەی سـەرەتایی دریـدا لەمیتافیزیکی خۆرئاوا ئەوەیە، کە بیری فەلسـەفی زانسـتی خۆرئـاوا هەمیشـە زینـدانیی فاکتەری دوو جەمسـەریبووە، کە خـــۆی دروســـتیکردوون و پاشـــان وایزانیـــووە، کە لەڕاستیدا هەن, بیری میتافیزیک هەرگیز نەیتوانیووە خۆی لەبەندیی ئەم زیندانە ڕزگار بکات)) (بابک احمدی, 1370, ص 284), هەڵوەشـاندنەوەی دریـداش ڕاسـت بەهەمـان مانـایە, واتە دریـدا بەنیـازی هێنـانە ژێر پرسـیاری مەیلی

کۆن و میتافیزیکی فەلسەفەی خۆرئاوایە و بەهاوکاریی ڕێبازێک، کە بەهەڵوەشانەوە ناونراوە, ڕەخنە لەبنەمای ڕێبازی میتافیزیکی خۆرئاوا و بنچینەی ئەو ڕێبازە دەگرێت, بەم شێوەیە نیچە بنەمای کارەکەی بۆ دریدا ئامادەکردووە, هەروەکو پێشتر بینیمان و لەئایندەشدا دەیبینین، باوەڕ نەبوون بەدژایەتیی بەهاکان، کە ڕووبەڕووبوونەوەی پیاو/ ژن-یش یەکێکە لەوانە, هەروەها ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرە دوالیزمێک و ڕەخنەگرتنی تەواو لەنەریت و میتافیزیکی فەلسەفی خۆرئاوا, هەموو ئەمانە لەبنەما سەلمێنراوەکانی بیری نیچەن.

جگە لەمەش, بەکارهێنانی مەفهومی (جیاوازیی) لەلایەن دریداوە, بەسوود وەرگرتن. لەبیری نیچە, یەکێکیتر لەزەمینەکانی سوودوەرگرتنی فیمینیستەکانی لەبیروبۆچوونەکانی نیچە فەراهەمکردووە، هەروەکو ئاماژەمان بۆکرد. نیچە باوەڕی بەدژایەتی (ناکۆکیی) بەهاکان نییە, ئەوەی بەلای ئەوەوە بوونی هەیە (جیاوازی)یە نەک دژایەتی یان ناکۆکیی و هەموو جۆرە دوالیزمێک لەبیری نیچەدا دەبێت. بەسەرنجدان لەم مانایە لێیبکۆڵرێتەوە، هەروەکو دەربارەی ژن و پیاویش, ئەوەی، کە بوونی هەیە بریتییە لەجیاوازیی سروشت و دنیای ئەم دووانە و پاشان ئەو جیاوازییانەی، کە هەموو شتە تایبەتییەکانی ئەم دوو ڕەگەزە لەخۆی دەگرێت.

فۆکۆش وەکو دریدای هاوچەرخی, بانگەشەی هەڵوەشاندنەوەی دەربڕینە باوەکان دەکات. چ لە زمانی

فەلسەفە و زانست و چ لەزمانی ڕۆژانەدا, بەباوەڕی فۆکۆ ئەم زمــانە بەتــاڵ نیــیە. بەڵکــو هەڵگــری پێشــگریمانە و وێناکردنە فەرهەنگییەکانی ڕێبازێکە.

((شیکردنەوەی قسەی ڕەخنەگرانە- Critical Discourse Analgsis= CDA کە بەشــێوەیەکی رەخنەگــرانە زمــان دەخــوێنێتەوە. شــێوازێکە، کە لەلایەن میشــیل فۆکــۆوە دامەزرێنراوە، لەم شێوازەدا باوەڕوایە، کە فاکتەری وەکو پێکهاتەی مێژوویی, پەیوەندییەکانی دەسەڵات لەکۆمەڵدا, بنەمــا و ڕەوتە کــۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکــان و جیهــان بینییەکــان، زمــان واتە قســە و تێکســت فــۆرمەڵە دەکەن و لەڕێگەی بەکارهێنانی بەردەوامی زمانەوە لەکۆمەڵدا، ئەم پێکهاتە و پەیوەندیی و بنەما و ڕەوت و جیهان بینیانە، جێگیردەبن و دەمێننەوە. بەمپێیە، لەنێوان ئەو فاکتەرانە و زماندا, پەیوەندییەکی دوولایەنە و کارلێکردنی بەرامبەر هەیە و ئەمەش ڕاست هەمان ئەو شتەیە، کە فێمینیزمی تەحلیلــی ســوودێکی زۆری لێوەرگرتــووە، هەروەکــو دەبینــین، باســە نوێکانیــان دەربــارەی زمــان و بــاوەڕ بەبوونی شێوازێکی ژنانە لەقسە و گوتار و نووسین و هەتــا لەبیرکــردنەوەدا, ڕەخــنەی لەزۆر بــواری کــۆن (سونەتی) گرتووە لەم زەمینانەدا, لەڕاستیدا, هەمان بیر ڕێگەی بۆ لێکۆڵینەوەی ڕەخنەگرە فیمینیستەکان کردەوە لەبواری زمان و فیکردا و بەمشێوەیە لەوە تێگەیشتن، کە بابەت یان ڕەگەزی تێکستی زانستی و فەلسەفی, بابەت یان ڕەگەزێکی بەتاڵ نییە, بەڵکو بابەتێکی پاتریارک و دەسەڵاتخوازە: هەموو ژنێک بەچاکی دەزانێت، کە قسەی حاکم لەڕێگەی بەکارهێنانی پەیوەندییە زمانیەکانیەوە ئەو

بچــووک دەکــاتەوە و تــاڕادەی بکەرێکــی پەیوەنــدییە ڕەگەزییەکــان کەمــدەکاتەوە, لەگەڵ ڕەخــنەی نــوێی فیمینیستیدا لەو واقیعە، بەکارهێنانی بە سێکسبووی زمان (Sexist Language) دەستپێدەکات. بەپێـی ئەم ڕەخـنەیە, هەمـوو خوێنـدنەوەیەکی تێکسـت و هەمـوو تێگەیشـتنێک لەبەرهەمــی هــونەریی لەســەربنەمای (جــنس) ڕەگەز وەســتاوە، گوتــار و نووســین بــێلایەن نــین. و بەردەوام هەڵوێستی (جنسـی) خۆیـان دەردەبڕن. کەواتە دەتـوانرێ بنەمای مانایی تێکست تێکبشکێنرێ، کە لەسەر جیاوازیی ڕەگەز وەســتاوە, بەڵام هەمیشــە دەیەوێــت نکــۆڵیی لەم جیاوازییە بکات یان دەیەوێت بنەمـای ڕاستەقینەی خۆی بشــارێتەوە, ئەم مەســەلەییە, هــۆی ســەرەکیی لایەنگریــی ژمارەیەک لەڕەخنەگرە دیارە فیمینیستەکانی وەکو (هیلـین سی سو)ە لەتیۆری هەڵوەشانەوە)) (بابـک احمـدی, 1378, صص 174- 175)

بەم شێوەیە بیری دریدا و فۆکۆ، کە بەئیلهام وەرگرتن لەتێڕوانینەکانی نیچە, دەربارەی بیـری فەلسـەفی خۆرئـاوا و ڕەخنەلێگرتنــی شــێوەی گونجــاو و جێگیریــی خۆیــان پەیـدادەکەن. دەبـن بەپردێکـی پەیوەنـدیی گرنـگ لەنێـوان فیمینیزمی فەلسەفی هاوچەرخ و بیری نیچەدا.

## نیچەی فیمینیست

بەلای فەیلەسـوفە فیمینیسـتەکانەوە گەڕان و پشـکنین بەنـاو ئەو میـراتەدا گـرنگە، کە نـیچە بـۆی بەجێهێشـتوون، ئەو فەیلەسـوفانە لەنێـوان بنەمـا و خولیـای فیمینیسـتی خۆیان و زۆر بنەمای فەلسەفیی بیری نیچەدان نزیکییەکی

زۆریان بەدیکردووە، بۆ نموونە زۆر لەبنەما گرنگەکانی ڕەخنە فیمینیستیەکان، کە لەمێژووی فەلسەفە گیراون, لەگەڵ ڕەخنەی نیچەدا لە فەلسەفە یەکسانن، زۆر لەفەیلەسوفە فیمینیستەکان ئەوەیان خستۆتەڕوو، کە فەلسەفە، بەشێوەیەکی باو, لەلایەن پیاوانێکەوە نووسراوە، کە بەهای تایبەتی و بالآیان بەشتەکانیتر داوە، ئەو پیاوانە زیهنیان لەسەروو بەدەن و فەرهەنگیان لەسەروو سروشت و عەقڵیان لەسەروو ناعەقلانییەت و حەقیقەتیان لەسەروو خەیاڵ و خێریان لەسەروو شەڕەوە داناوە و لەوێوە، کە ژنان و سیفەتی ژنانە و دایکانەی ژنان هاوشانی بەدەن و سروشت و ناعەقلانییەت و خەیاڵ و شەڕە، بۆیە ڕێگە لەژنان گیراوە بۆچوونە ناو مێژووی فیکر و فەلسەفە و بەمپێیە، لەتێڕوانینی جدیی و عەقلانی فەیلەسوفەکاندا، کە دەتوانین بڵێین تەقریبەن هەموویان پیاون- نادیدە گیراون, بەدەربڕینێکی دیکە, ئەوەی فەیلەسوفەکان وەکو ئەزموونی مرۆڤایەتیی، خستوویانەتەڕوو, لەڕاستیدا تەنها ئەزموونی پیاوان و هەڵبەتە هی ژمارەیەکی تایبەت لەپیاوان بووە, ئەگەر چاوێک بەمێژووی بیری فەلسەفی خۆرئاوادا بخشێنین، هەستبەوەدەکەین، کە ئەو گۆشەنیگایانەی حیکایەتە فەلسەفییەکان دەریانبڕیوە، هی پیاوانێکی سپی پێست و چینی بالآی کۆمەڵن، لەم ڕووەووە بە باوەڕی فیمینیستەکان، دەبێت ئەوەی ئەو فەیلەسوفانە دەریانبڕیووە، جارێکیتر لێیبکۆڵرێتەوە. لەبەرئەوەی تەنها بەڕووکەش بابەتییبوون دەنوێنن. لەکاتێکدا، کە تەنها

فەلسەفە و ئەزموون و مێژووی مرۆڤ، هەموو کەسە جیاوازەکان لەخۆبگرێت، دەتوانین ئومێدەواربین، کە ئەو نموونە و ئەزموونانە بۆ سەراپای مرۆڤایەتین.

هەندێکیتر لەفیمینیستەکان ئاماژەیان بۆ ئەوەکردووە، کە بابەتیبوون یان ڕاستیی, لەچەند گۆشەنیگایەکی تایبەتەوە بەدەستدێن و باس لەبارەیانەوە بەجیا لەو کەش‌وهەوایەی بەسەریاندا زاڵە گومڕاکەرە، نیچەش لەنووسینەکانیدا هەمان ڕەخنەی لەبابەتیبوون و ڕاستیی هەیە، نیچە واقسەدەکات، کە هەر ڕاستییەک لەگۆشەنیگایەکی تایبەتییەوە بەرهەمدێت. و بەبێبوونی گۆشەنیگا، تێگەیشتن لەهیچ ڕاستییەک کاریکردە نییە، هەروەکو دەبینین، ئەم گۆشەنیگاکارییەی نیچەش دەتوانێت، لەپێناوی پشتیوانیی لەبەهاکانی ژنان و سیفەتە ژنانیەکان سوودی لێوەربگیرێت.

وێڕای ئەمەش، نیچە باس لەچەند میتۆدێکدەکات، کە بەهۆی بە کەڵکییانەوە چەندین ڕاستیی و بەها و پێگەی تایبەتییان بۆ کۆمەڵێ کەس فراوانکردووە. خۆیان وەکو بەهای باڵاتر نیشانداوە، بۆ نموونە لەکتێبی (ئارکیۆلۆژیای ئاکاردا) نیچە کۆمەڵێ بەهای وەکو ئەو بەهایانەی، کە زیهن لەبەدەن بەباڵاتر دەزانن، دەخاتە ژێر پرسیارەوە، لەبەرئەوەی بەباوەڕی نیچە، ئەو بەهایانە دەبنەهۆی ئەوەی ئێمە دووچاری بێتوانایی و لەئەنجامدا دووچاری گوناهبین، نیچە لەم بەرهەمەیدا و لەتەواوی بەرهەمەکانیشدا, ڕەخنە لەو مافی پێشخستن و باڵاییە دەگرێت، کە بەزیهن نەدراوە و بەدەن دراوە و لەوێوە، کە

ژنـان بە بەدەنیـان جیـادەکرێنەوە، تەئکیـدکردنەوەی نـیچە کە،گــرنگیبەدەن، بــۆ فەلســەفەی فێمیێنیســتی مــاییەی ئومێــدەوارییە، وەکــو لەڕەخــنەی نــیچەدا لەخواســتی حەقـیقەت یـان ئارمـانی دووره پەرێزیـی هەنـدێک مەیلـی فیمینیستی هەیە، کە تەئکید لەبەدەن و سەما و چالاکیی و پێکەنــین دەکــاتەوە. هەروەهــا ئەو میتــۆدانەی، کە ئەو بەکاریانـدەهێنێت، بۆئەوەی بە هۆیـانەوە ئەوە نیشـانبدات، کە بــۆچی بەهــا بەهەنــدێک شــتیدیکە زیــاتر دەدرێــت. دەتوانێــت بــۆ هەوڵــی فێمینســتەکان و فەیلەســوفانی فێمینیست لە لێکۆڵینەوەی ئەو مەسـەلەیەدا بەکەڵک بێت، کە بـۆچی ژنـان و تایبەتمەنـدیی ژنـانە و دایکـانەی ژنـان لەلایەن فەلسـەفەی کۆنەوە بێبەهـا کـراوە. ڕێگە لەچوونە ناوەوەی ژنان بۆ ناو مێژووی بیرگیراوە. بەم پێیە، نیچە بەهێنانە ژێر پرسیاری عەقڵ و ڕۆشنبیریی و ڕاستیی و خێـر کـۆمەڵێ شـتیدیکە دەخـاتە ژێـر پرسـیارەوە، کە بـۆ بێتوانـا لەقەڵەمـدانی ژنـان و ڕێگـرتن لێیـان بۆ هـاتنە نـاو فەلسەفەوە بەکارهێنراون، بۆنموونە نیچە ئەو شتانەی، کە عەقــڵ لە نــاعەقڵانییەت بەبــالاتر دەزانــن لەڕێــگەی ئەو ئیــدعایەوە دەخــاتە ژێــر پرســیارەوە، کە ئەو بــالایی و بەهایەی، کە ئێمە بۆ عەقڵمـان دانـاوە، بەرهەمـی لۆجیک و عیللەت و مەعلومە، کە خودی ئەم مەسـەلەیەش بەرهەمـی ڕێزمانە، نـیچە بـاوەڕیوایە، کە زمـان و وشـەکان، واتە ئەو ئــامرازەی، کە ئــێمە بەهۆیــانەوە لەبــارەی دنیــاوە قســەدەکەین، ڕێــک ڕەنگــدانەوەی جیهــان و شــتەکانی نـاوینین، بەڵکـو بەڕاسـتی مانـایەک دەخـوڵقێنن، کە ئـێمە

بەهۆی زمان و وشەکانەوە دەیدەین بەجیهان، هەمان ئەو بیرەی، کە زمان دەتوانێت لەجیاتی ئەوەی ڕێک واقیع نیشانبدات، مانا بخوڵقێنێت. هەروەکو دەبینین دەتوانێت بۆ فەلسەفەی فیمینیستی بەسوودبێت.

وێڕای ڕەخنەی نیچە لەعەقڵ، ڕەگەزەکانی ناعەقڵانییەت دەگەڕێنێتەوە بۆ فەلسەفە، نیچە لەپەسەندکردنی دیڤنیزڤیس و هەوڵەکانیدا بۆ بەرجەستەکردنی فەلسەفەی دیڤینزڤیسی زۆر بەناوبانگە، دیڤینیزڤیس خودای بەرداری و جۆش و خرۆشە و لەوێوە، کە بەدەن، جۆش وخرۆشی ناعەقڵانیی تایبەتی ژنانە، دیسان بەهادانان بۆ جۆش و خرۆشی بەدەن، لەلایەن نیچەوە، دەتوانێت ببێتە هۆی بەهادانان بۆ ژنان.

ڕەخنەی نیچە لەدوالیزمی فەلسەفی یان میتافیزیکی- بەشێوەیەکی گشتی- دوایالیزمی جنسی- بەشێوەیەکی تایبەتی- لەڕوانگەی هەندێ لەفیمینیستەکانەوە دەتوانێت بۆ فەلسەفەی فیمینیستی سوودمەندبێت، هەرچەندە ژمارەیەک لەفیمینیستەکان باوەڕیان بەدوالیزمی جنسی هەیە، کە نیچە بەتایبەتی سەبارەت بە ئەخلاقی خاوەن کۆیلە و کۆیلەکان تەرحیدەکات. لەم ڕووەوە دوالیزمی جنسی نیچە لەگەڵ پرانسیپە فیمینیستیەکاندا بەناکۆک دەبینن.

**a/ ڕەتکردنەوەی دوالیزمی سێکسی:**

نیچە بەڕەتکردنەوەی دوالیزمی کۆسمۆلوجیا و دوالیزمی فەلسەفەی کۆن، لەڕاستیدا دوالیزمی سێکسیش ڕەتدەکاتەوە، هێرشی نیچە بۆ سەر دوالیزم، بەتایبەتی

لەکتێبـــی (ئەو دیـــوی خێـــر و شـــەڕ)دا بەدیـــدەکرێت. هەرچەنـــــدە لە یەکەم بەرهەمـــــی فەلســــــەفیدا واتە (لەدایکبـوونی تراژیـدیی لەڕۆحـی موزیکـا)وە دوالیزمێکـی ســەرەتایی بەدیـدەکرێت. واتە نـیچە لەوێـدا بەجیـاوازیی لەنێــوان ڕواڵەت و واقیــع قایــل دەبێــت. ڕواڵەت وەکــو ڕووبەڕووبــوونەوەی (ئەپۆلــۆن- خــودای خــۆر) لەگەڵ دیۆنیـزۆس دەبینێت. لەڕووبەڕووبـوونەوە لەگەڵ واقیعـدا, بـۆ نمـوونە شـادوومانی یۆنانیەکـان کـاردانەوەیەک بـوو لەبەرامـــــبەر ئەو ترســــــەدا، کە ئەوان لەبەرئەوەی تێگەیشــتنێکی قووڵیــان هەبــوو ســەبارەت بە (نــاکۆکی و یەکەم ئــازار لەدڵــی یەکەم (یەکتــا- وحــدانیە)دا (زایــش تراژدی, ص 6) هەیانبوو، یان عەقڵانیەتی نائاسایی ئەوان، کــاردانەوەیەک بــوو لەبەرامــبەر سروشــتی نائاســایی ناعەقڵانیاندا.

لەوێـــــوە، کە نــــیچە، بــــاوەڕی وایە ســــــەردەمی بیرکردنەوەی دۆگمایی بەسەرچووە، ڕووبەڕووی دیدگای بیرکـــردنەوەی دۆگمایـــانەی فەیلەســـوفانی پێشـــخۆی دەبێـــتەوە و ڕەخـــنە لەپێشـــداوەریی ئەو فەیلەســـوفانە دەگرێت، یەکێک لەو پێشداوەریانە، باوەڕکردنە بەناکۆکی بەهاکان.

(بنچینەی ئەم پێشداوەرییە، باوەڕێکە، کە دەڵێت: هەر شتێک، کە (خێر)ێکی بێمەرجە، دەبێت هـاودژێکی هەبێت، کە ئەویش (شـەڕ)ێکی بێمەرجە، ئەم باوەڕە ئەو ئەنجامە نـاوەکیەی لەگەڵ خۆیـدا هەڵگرتـووە، کە بـێغەل و غەش بـوونی (خێـر) یەعنـی ئـاوێتەبوونی لەگەڵ (شـەڕ)دا, خێـر

نـابوت و ئـاڵووده دەكـات. (اسـتنلی مـک دانیل, 1379, ص 133) ئەم دژایەتـیە فەلسـەفیانە بـریتین لەدژایەتـی نێـوان خێر/شـەڕ، زیهن/ بەدەن، حەقیقەت/ خـەیاڵ، بیرکـردنەوەی بەئاگـا/ بیرکـردنەوەی بێئاگـا و دوواجـار پیـاو/ ژن، بەڵام نیچە دەربـارەی جۆراوجـۆریی دوالیـزم دووجـۆر گومـانی هەیە: (چـونکە یەکەم دوالیزمـی دەتـوانرێ سـەبارەت بەم مەسەلەیە گومان بکرێت، کە ئایا قەت دژایەتیەک هەبووە، دووەم ئەوەیە، کە زیـاتر ئەم بەهادانـانە ڕەشـۆکیانە و دژایەتی بەهاکان، کە ئەوانەی باوەڕیان بەمیتافیزیک هەیە لەزگەی خۆیانلێـداوە، جـگە لە بەهادانـانی ڕواڵەتـی مەسـەلەکان و گۆشـەنیگایەکی سـەرپێی شـتێکیدیکەنەبن (فراسـوی خیـرو شـر, ص 3). نـیچە لەسـەرەتادا گومانـدەکات، کە ڕەنـگە دژایەتـی لەمجـۆرە هەرگیـز وجودیان نەبێت و پاشان گوماندەکات، کە ئەگەر دژایەتی لەمجـۆرە هەشـبن، ڕەنـگە تەنهـا بەهـۆی گۆشـەنیگایەکی تـایبەتییەوە بایەخیـان هەبێت و ئەوانەی پێیـان دەوترێت (دژەکـان) لەبنچینەدا یەکبن و پێکەوە پەیوەستبن. (زیـاتر ئەوەی مـاییەی بەهـاداریی مەسـەلەیەکی وا پەسـەندکراوە، بـریتیە لەو پەیوەنـدییە بە ئەدەبـانەیە، کە لەگەڵ مەسـەلە خراپەکانـدا هەیە، کە بەڕواڵەت دژ بەخۆیـانە و بەیەکەوە پەیوەسـتن و بەیەکـداچوون. زیـاتر لەیەک جەوهەرن، زیاتر! (هەمان سەرچاوە).

ڕەخـنەی نـیچە لەبیروبۆچـوونی فەیلەسـوفە کۆنەکـان لەبـارەی بیـری هەسـتو نەسـتەوە، کە یەکێکە لەو دووانە دژبەیەکـانە، کە تائێسـتا هەمـوو فەیلەسـوفەکان پشـتیان

پێبەستووە، بەو بانگەشەیە دەست پێدەکات، کە دەڵێت: (گەورەترین بەشی ئەندێشەی بەئاگا لەوانیش ئەندێشەی فەیلەسوفانە دەبێت وەکو کرداری غەریزی لەقەڵەم بدرێ). هەمان سەرچاوە, ل3) نیچە لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێت (وردە وردە ئەوە بۆ من ڕوونبۆتەوە، کە هەر فەلسەفەیەکی گەورە تا ئێستا جگەلە دانپێدانانی تایبەتی نووسەرەکەی و جۆرێ لەیاداشت نووسینی نەویستراو و نەزانراو شتێکیدیکە نەبووە). (هەمان سەرچاوە ل6) نیچە باوەڕی وایە ئەو سیستمانەی، کە فەیلەسوفەکان دایدەنێن، دەربڕی سروشت و خوی ئەوانە.

نیچە، سیستمی فەیلەسوفە بەناوبانگەکان لەچوارچێوەی هەڵسەنگاندنی بەهای ئەخلاقیاندا شیدەکاتەوە و دەڵێت: (فەیلەسوفی ڕاستەقینە، هەمیشە قوڵترین (پاڵنەرەکانی) خۆی لەئەندێشەکانیدا پێچەوانە دەکاتەوە). چونکە (زانا سەروەری خوازەو لەو لایەنەوە هەوڵ بۆ فەلسەفە لێدان دەدات). (هەمان سەرچاوە)

هەڵبەتە ئەمە بەو مانایە نییە، کە هەموو ئەندێشەیەکی بەئاگا دەتوانێت لەسنووری غەریزەدابێت، چونکە بۆچوونێکی لەوجۆرە، نیچە تا ئاستی ماتریالیزم دادەبەزێنێت و ئەمەش لەکاتێکدایە، کە ئەو هەوڵدەدات لەوە ڕادیکالانەتر مامەڵەبکات. جگەلەمەش لەوێوە، کە نیچە باوەڕی بە (پرانسیپی پەیوەستیی) هەیە. واتە باوەڕی بەوە هەیە، کە بەرزترین کاری فیکریی، بەشێوەیەکی تەواو بەنزمترین ڕەفتاری ژیانیەوە پەیوەستە، هەروەها باوەڕی بەوەش هەیە، کە هەموو

شـــتێک لەدژەکەی خـــۆی دروســـت بێـــت و دژی ئەو پێشـداوەرییەیە، کە هـیچ شـتێک نـاتوانێ لەدژەکەی خـۆی دروسـت بێت. نـیچە، لەبـواری پەیوەنـدییە مرۆییەکانیشـدا بەبیرێکــی لەوجــۆرە قــایلە، بــۆ نمــوونە (تەئکیــد لەوە دەکــاتەوە، کە دۆســتایەتیی و دووژمنــایەتیی پەیوەنــدیی زۆر نزیکیـــان هەیە و دادپەروەریـــی و تاوانکـــاریی دوو ڕووی یەکـــدراون، و هەتـــا ڕەنـــگە بەرزتـــرین بەهـــا مەعنەویەکـانیش لەقـوڵترین بزوانـدنی سێکسـیدا ڕەگ و ڕیشەیان هەبێت) (استنلی مک دانیل, 1379, ص 13)

(ئەندێشــەی بێئاگــا یــان غەریـزی، بەشـێوەیەکی بـاو، هەمیشــە لەگەڵ بەدەنــدابووە، لەکاتێکــدا، کە ئەندێشــەی بەئاگــا هەمیشــە لەگەڵ ڕۆحــدایە، بەڵام نــیچەش وەکــو دیکـارت بـاوەڕی وایە، کە نەفـس، ڕۆح یـان زیهـن لەگەڵ بەدەنـدا یەک گەوهەریـان هەیە، نـیچە پێکەوەبـوونی نائاگـا لەگەڵ بەدەن و بەئاگا لەگەڵ ڕۆحدا ڕەتدەکاتەوە. چـونکە هەردووکیـان وا دەبینێـت، کە پەیوەسـتن بەیەکەوە. نـیچە لەم بـارەیەوە دەڵێت: (هۆشـیاری, دوا قۆنـاغی کـامڵبوونی سیستمی بوونەوەرە زیندووەکان و دوواجـار نـاچزترین و لاوازتـرین بەشـی ئەو سیسـتمە و سـەرچاوەی کۆمەڵێـک هەڵەی بێشـــــومارە، کە دەبنەهــــۆی ئەوەی هەمـــــوو بوونەوەرێکی زیندوو هەموو ئینسـانێک زووتـر لەوکـاتەی، کە بڕیـارە هـۆمیرۆس وتەنـی (وێـڕای چارەنووس) لەنـاو بچێــت، ئەگەر شــوێنگەی غەریزەکــان, کە پــارێزەر و پاسـەوانە تـا ئەو ڕادەیە لە هۆشـیاری بەهێزتـر نەبـوایە و بەگشـتی ڕۆڵـی ڕێکخـەری نەگێـڕایە، بێگومـان مرۆڤـایەتی

لەژێر باری بڕیاری ناعەقڵانی و قسەی بێ مانا و هیچ و پووچی و ساویلکەییدا دەیناڵاند و بەکورتی هۆشیاری خۆی لەپێدەخست. بەدەربڕینێکی دیکە، بەبێ ئەم غەریزانە دەمێک بوو لەناوچوو بوو!) (دانش شاد ص11)

نیچە، وەکو بونەوەرێکی زیندوو لەهۆشیاری دەڕوانێت، کە لەگەشەکردن و پێگەیشتن و جووڵەدایە: (بەباوەڕی من ئەوە ویژدانی ئاگا و ناوەڕۆک و چەقی قورسایی بوونی ئینسانیی هەر کەسێکە، کە فاکتەری بەردەوام و هەمیشەیی و باڵاتر و بنچینەیی ئەوکەسە پێکدەهێنێت. ئێمە وەکو شتێکی جێگیر لەهۆشیاری دەڕوانین! گەشەکردن و هەستان و نیشتنەوەی ڕەتدەکەینەوە و وەکو (یەک بوونەوەری زیندوو) لەبەرچاوی دەگرین! مرۆڤ بەزەحمەت لەوەحاڵیبووە، کە دەبێت بوونی خۆی لەگەڵ داناییدا ئاوێتەبکات و دانایی لەخۆیدا بکات بەغەریزە) (هەمان سەرچاوە) لەم ڕووەوە، ئەندێشەی خودئاگا، هێشتا چاوەڕێی یەکبوونە لەگەڵ غەریزەدا.

نیچە، نەک تەنیا بوونی دوو گەوهەری دووانە بۆ ئاشکراکردنی دوالیزمی بیری بەئاگا و بێئاگا بەپێویست نازانێت. بەڵکو ئەو بەهایانەش ئاوەژوودەکاتەوە، کە دوالیزمێکی لەوجۆرەیان بەدواوە بووە.

بەشێوەیەکی باو، لەو ڕووەوە، کە بیری خودئاگا هاوشانی ڕۆحە، زیاتر لەبیری ناخودئاگا حسابی بۆ کراوە و بەرز ڕاگیراوە. بەڵام هەروەکو بینیمان، نیچە، خودئاگا بە هاوشانی هەڵە دەزانێت و باوەڕی وایە، کە

بەهـایەک دژی بەهـایەکی دیـکە نییە. بەڵکو پـوختەکراوی ئەوە جــگەلەمەش، زانینــی یەکێــک لەم بەهایــانە وەکــو ســەرچاوەی ئەوی دیـکە و بەهـایەکی ســەرەتا و بنچیـنە، شــتێکە، کە ئــێمە لەڕێــگەیەوە, ڕوانــگەی خۆمانمــان ئاشــکراکردووە نەک شــتێک بێــت دەربــارەی مــاهیەتی جیهان، بەباوەڕی نیچە، ئێمە لەو ڕووەوە تەسلیمی (باوەڕ بەدژایەتـی بەهاکـان) دەبـین. کە دەبێتەهـۆی سـادەکردنی ژیــان بۆمــان. (مــرۆڤ لەچ ســادەکردن و درۆکردنێکــی سەرســـورهێنەرانەدا دەژی!.. ئــــێمە هەمــــوو شـــتێکی دەوروبەری خۆمـــان چەنـــد ڕوون و ڕەهـــا ئاســـان کــردۆتەوە! لەســەرەتاوە چەنــد بــاش تێگەیشــتووین، کە نەزانین خۆمـان بۆ خۆمـان بهێڵینەوە، بۆئەوەی لەئـازادی بێمانـا و بێخەیـاڵی و جەربەزەیـی و خۆشـیەکانی ژیـان و خـودی ژیـانیش بەهرەمەنـد بـین) (فراسـوی خیـرو شـر, ص34)

نــیچە, وێــرای نکــۆڵیکردن لەدوالیزمــی فەلســەفی و میتـافیزیکی, لەبەرهەمەکانیـدا بەشـێوەیەکی ئاشـکرا باسـی دوالیزمی سێکسی دەکات. هەتـا لەکتێبی (فراسـوی خیر و شــر )یشــدا، کە پێشــیان ئەو بەرهەمەمــان وەکــو دژی دوالیســتی نـیچە ناســاند ئەم دوالیـزمە بەدیـدەکرێت. لەو شـــوێنەدا، کە دەڵێـــت: ژن و پیـــاو لە (کێشمەکێشـــێکی هەتاهەتـایی و دووژمنـانەدا دەژیـن). (هەمـان سـەرچاوە ل238) دوو ســـاڵ دوای ئەوەش نـــیچە هەروا بـــاوەڕی بەشـــەڕی ڕەگەزەکـــان هەیە. لەبەرئەوەی کە لەکتێبـــی (ێینـک ێن انســان) لەلاپەڕە (5)دا نووسـیوویەتی (ئایــا کەس ئەو پێناســەیەی منــی بیســتووە، کە بــۆ عەشــقم

کردووه؟ ئەوە تاکە پێناسەیە، کە کەشایەنی فەیلەسوفێکە، عەشق، لەوەسیلەکانیدا جەنگ و لەبنەماشیدا، نەفرەتی کوشندەی دوو ڕەگەزە) ئەو دوالیزمی ڕەگەزییەی، کە نیچە پەسەندیدەکات. دەبێت بەمانای جیاوازیی لەبەرچاو بگیرێت. نەک بەمانای دژایەتی، چونکە هەروەکو پێشان ئاماژەمان بۆ کرد. نیچە بەتوندی هێرشیدەکردە سەر هەر دوالیزمێک، کە دژایەتی دوو شت پەسەندبکات و لەئەنجامیشدا دژایەتی بەهاکانی ئەو دووانەبێت، سەبارەت بەدژایەتی ژن و پیاو و دژایەتی بەهاکانی ئەم دووانەش هەمان باوەڕی هەبوو.

دەستنیشانکردنی جیاوازیی لەنێوان سێکس Sex)، کە گوتەیەکی بایۆلۆژییە و (gender)، کە گوتەیەکی دەروونیی- کۆمەڵایەتیە، زۆر گرنگە، ڕەنگە نیچە، بەڕاشکاویی شتێکی زیاتر لەجیاوازیی و جیاکاریی باوی نێوان گوتەی بایۆلۆژی سێکس (Sex)و گوتە دەروونیە- کۆمەڵایەتیەکەی واتە Gender ئاشکرانەکات، بەڵام لەجیاوازی نێوان (مێ بوون) و (ژن بوون) تێدەگات. دوالیزمی سێکسی لەڕووی بایۆلۆژییەوە مەسەلەیەکی سروشتیە، زۆربەی ئینسانەکان، کە لەدایکدەبن نێرن یان مێ، بەپێی ئامارێک، کە توێژەران خستوویانەتەڕوو ڕەنگە لەسەدا پێنجی دانیشتوانی جیهان، کە لەدایکدەبن ڕەگەزیان نادیاربێت، واتە لەڕووی پێکهاتەی هۆرمۆنیەوە نە نێرن نە مێن، بەڵام دایک و باوکی ئەم منداڵانە بەخێرایی دەیانبەنە لای دکتۆر و نەشتەرگەرییان بۆ دەکەن، بۆئەوەی ڕەگەزێکی دیارییان پێببەخشن. لەبەرئەوەی ئێمە

لەکۆمەڵگەیەکـدا دەژیــن، کە تیایـدا دوالیزمــی سێکســی پێوەرێکە و دەستبەرداربوونی ئەو پێوەرە, ئەنجامی جدی و پڕ مەترسـیی دەبێت بـۆ ئەو منـاڵەی نە نێرە نە مێن، بەڵام کاتێک قسە لەپیاو بوون یان ژنبوون، یـان پیـاوێتی یـان ژنێتـی دەکەیـن. واتە، کە قسـە لەو شوناسـە سێکسـیە دەکەیـــن. کە لەڕێـــگەی کـــۆمەڵایەتی و ڕۆشـــنبیرییەوە بەدەست هێنراون- بەها بۆ پیاوبوون و پیاوێتی دادەنێین و ژنبـوون و ژنێتـی بێبەهـا دەکەیـن. واتە لەم شـوێنەدا پێـوەری ئـێمە, پێـوەرێکی پیـاوانەیە و هـاوڕێیەکە لەگەڵ بەهاکـانی پیاوێتیـدا، لەوێـوە کە نـیچە، سـەبارەت بەتـاک زیاتر پشت بەچەمکە سایکۆلۆژیەکان دەبەستێت. دەتوانین بگەیـــنە ئەو ئەنجـــامەی، کە نـــیچە زیـــاتر پەیڕەویـــی لەبەکارهێنانی شوناسی سێکسی دەروونیی- کۆمەڵایەتی تاک دەکات تا بەکارهێنانی شوناسی بایۆلۆجی تاک، لەبەر حسابکردنی نیچەیە بۆ مانـای کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی سێکســـی، کە بـــاوەڕی بەدوالیزمـــی سێکســـی نیـــیە. جـــگەلەمەش نـــیچە بەتوونـــدی ڕەخـــنە لەهەوڵـــی فیمینیسـتەکانی سـەردەمی خـۆی دەگرێـت، کە زۆرجـار لەپێنـاوی یەکسـانیی کۆمەڵایەتیـدا، لەڕووی بـایۆلۆجیەوە نکۆڵییـــان لەشوناســـی سێکســـی ژن کردبـــوو. نـــیچە بـاوەڕیوایە، کە یەکسـانی بەو مانـاییە، جگەلە زیانگەیاندن بە ژنـان شـتێکیدیکە نییە و لەم بـارەیەوە دەڵێت: (کاتێک ژنێـک ئـارەزووی زانایـانەی هەیە، دەبێـت لەسێکسـیدا گرفتێک هەبێت. چونکە (هێسـترێکە) نەزۆکێکە، کە مـرۆڤ بەرەو جـۆرێ ئـارەزووی پیـاوانە ڕادەکێشـێت، چـونکە

لەگەڵ داوای لێبوردندا پیاو (هێستره) (فراسوی خێر و شر, ص144) نیچه باوەڕی وایە، کە جوڵانەوەی لایەنگری مافی ژنان لەئەوروپا، ئەنجامەکەی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ژن دەبێت. ژنان بەلەدەستدانی تایبەتمەندیی ژنانەیان، گەورەترین سەرچاوەی دەسەڵاتی خۆیان لەدەستدەدەن. بەباوەڕی نیچه هەڵەی گەورەی ژنانی مۆدێرن, (لەدەستدانی ئەو (هەستەیە)، کە ئەوە نیشاندەدات مرۆڤ لەکام بواردا لەهەموو بوارەکان لەپێشترە. (یەعنی) ئازادکردنی مەشق بەچەکی تایبەتی خود، وازهێنان لەپیاو گەل... لەکاتێکدا بەرلەوە، ژن، لەناو پەردەی خاکیبوونی زیرەکانە و جواندا خۆی حەشاردەدا)) (هەمان سەرچاوە ل 239) نیچه, لەدەستدانی غەریزەی ژنانە بەجۆرێک لە لەناوچوون و دواکەوتنی ژن دەزانێت. لەبەرئەوەی نیچه لێرەدا باس لەو تایبەتمەندییە بایۆلۆژیانەی ژنان دەکات، کە دەتوانێت هێزیان بداتێت. ئەم قسەییەی نیچه دەتوانرێت، لەگەڵ بیروبۆچوونی سیمۆن دو بوڤوار لەپێشەکی کتێبی (جنس دوم-ڕەگەزی دووەم )دا بەراورد بکرێت، کە لەجێگەیەکیدا دەڵێت: (تەنها هێزێ، کە ئێمەی ژنان دەتوانین هەمانبێت، هێزێکی ڕاستەقینەیە، کە تەنها بەقبوڵکردنی ژنێتیمان بەدەست دێت) (جنس دوم, مقدمه) بەم پێیە، نیچه و بوڤوار , فۆرمێکیان لەهێزی ڕاستەقینە دەست نیشانکردبوو، کە ژنان دەتوانن بەدەستی بهێنن. نکۆڵیکردن لەڕۆڵەکانی سێکس لەڕووی بایۆلۆجیەوە، نکۆڵیکردنە لەژیان و ناتوانێت ئەو ئازادییە بە ژنان

ببەخشێت، کە چاوەڕێی دەکەن، لەم ڕووەوە, (ئەگەرچی نیچە, ئاگای لەجیاوازی نێوان گوتەی بایۆلۆجی (مێ بوون)و گوتەی کۆمەڵایەتی (ژنبوون)ە بەڵام باوەڕی بەدوالیزمی سێکسی نییە کە گوتەی (ژن) پێناسە دەکات (لین تیرل, 1998, ص 207) کەواتە ئیشکردنی نیچە لەدوالیزمدا، وا لێکدراوەتەوە، کە پەیوندیی بەڕاستیی ئەو بەهایانەوە هەیە، کە بۆ ژنان و پیاوان دانراون و ڕەتکردنەوەی بەهادانانە بۆ پیاوێتی و بێبەهاکردنی ژنێتی، ئەگەر بمانەوێت ڕەتکردنەوەی دوالیزمی سێکسی لەڕوانگەی نیچەوە، بەبەڵگەوە و بەکوورتی دەربڕین، دەتوانین بڵێین: (1-پیاوان, تەنها لەڕووی نەریتەوە بەبەهاتر لەژنان لەقەڵەم دراون، 2-پیاوان و ژنان وەکو مرۆڤ بەڕاستی جیاواز نین، بەڵکو خود و ڕەچەڵەکێکی یەکسانیان هەیە، 3-پیاوان و ژنان لەڕاستیدا دژی یەکترینین. بەڵکو لەگەڵ یەکتریدا جیاوازییان هەیە، 4-ئێمە (پیاوان و ژنان) تەسلیمی بنەما لەڕادەبەدەر سادە کراوەکانی ئەم بیر و بۆچوونانە دەبین، کە ڕۆڵی دووانەی سێکسی و بەهاکانیان جیاوازە). (لین تیرل, 1998, ص208) بەکارهێنان و سەپاندنی دوالیزمی سێکسی بەسەرکەوتوویی ئەنجامدرا. چونکە هەروەکو وتمان، مرۆڤ خەریکی ئاسانکردنی ژیانە بۆ خۆی و باوەڕیش بەدوالیزمی سێکسی ژیان ئاسان دەکات و هەتا ئێستا پیاوان ئەم ئاسانکارییەیان بە ئامرازی (ئۆبجێکتیڤی) (یەعنی بینینی شتەکان بە بەتاڵی لەچاوی دووربینەوە)، ئارمانی دوورەپەرێزیی و هێزی ناونانەوە ئەنجامداوە.

**b/ ڕوانگەگەرایی**

نــیچە, لەجیــاتی (ئەپســتمۆلۆجیا)، (تیــۆری ڕوانــگەی سۆز) (خواست قدرت, ص463) لەتەواوی بەرهەمەکانیدا شـــــیدەکاتەوە و ڕوانگەگەرایـــــی دەخـــــاتە شـــــوێنی ئەپستمۆلۆجیای کۆن، ئێستا دەبێت بزانین تایبەتمەندیی ئەم جێگــۆڕکێیە چیــیە و لەبنەڕەتــدا ڕوانگەگەرایــی بەچ مەعنـایەکە. بەڕای نـیچە, زانینـی ڕاسـتیی بـۆ ئینسـانەکان لەڕێگەی ڕوانگەیەکی تـایبەتەوە نەبێت کـاریکردە نییە، و ئێمە هەمووماـن لەڕوانگەیەکی تـایبەتەوە و بەحسـابکردن بـۆ بـاردۆخی ژیـانی خۆمـان لەڕاسـتیی تێـدەگەین. لەم نێوەنــدەدا فەیلەســوفەکانیش وەکــو بــاقی ئینســـانەکان لەکاتێکــدا لەڕاســتی و بەهــا ڕاســتەقینەکان دەکــۆڵنەوە، لەڕاســـــتیدا لەڕوانـــــگەی خۆیـــــانەوە و بەئاڕاســـــتەی بەرژەوەنـدیی تـایبەتی خۆیـان لەو مەسـەلەیە دەڕوانـن و لێرەوە دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی، کە فەیلەسوفەکان، وەکـــو لەئەپســـتمۆلۆجیادا ڕایـــدەگەیەنن، ڕوانینێکـــی بێمەبەسـت و بێنیازیـان نـیە و بەپێـی ڕوانـگەی خۆیـان، باسـی ڕاسـتییان کـردووە. ئەم مەسـەلەیە خـۆی لەخۆیـدا دەبێتەهـۆی ڕێژەییبـوونی ڕاسـتی و بەمپێـیە حەقیقەتـی (ڕەها)ی حەقیقەت بەو شـێوەیەی، کە ئەفلاتـون بـاوەڕیپێی هەبوو لەئارادا نابێت. چونکە نیچە (قسەکردن لەسـەر ڕۆح و خێــر بەشـــێوەی ئەفلاتـــون) بە (ئـــاوەژووکردنەوەی ڕاستی و نکۆڵیکردن لەڕوانگە (فراسوی خیرو شر, پیش گفتــار) دەزانێــت و لەوێــوە، کە نــیچە ڕوانگەگەرایــی بە

(مەرجـی بنەڕەتـی سـەراپای ژیـان) دەزانێـت، (هەمـان سەرچاوە) نکۆڵیکردن لەڕوانگە، واتە نکۆڵیکردن لەهەموو شتێک.

بەم پێـیە ئەگەر نزیکیـی ئـێمە لەگەڵ ڕاسـتیدا پەیوەسـتبێت بەڕوانگەمـانەوە سـەبارەت بەڕاسـتی و پێویسـتیمان پێـی، لەم حـاڵەتەدا ئەو پێویسـتییە بە هەرشێوەیەک بیەوێت ڕاستیمان بەو شێوەیە نیشاندەدات و ئەمە خاڵێکە، کە فیمینیستەکان بەئاڕاستەی گۆڕینی بەها دانـان بـۆ ژنـان و خسـتنەژێر پرسـیاری جێگیرکردنـی جیـاوازییە سێکسـییەکان سـوودیان لێوەرگرتـووە. نـیچە لەتێکستێکدا بەناونیشانی (ئیرادەو ملکەچکردن) لەبەرگی دووەمی کتێبی (دانش شاد- زانستی شاد)دا, حییکایەتێکی ئەخلاقـی دەگێـڕێتەوە، کە تیایـدا ڕۆڵە سێکسـییەکان جێگیربوون و سوود و قازانجی ئەوە بۆ پیاوان و ژنان نیشاندەدات:

(کوڕێکی گەنجیان بردە لای زانایەکی ژیر و وتیان: (ژنان خەریکە ئەم کوڕە خراپ و گەندەڵ دەکەن) زانای ژیر سەرێکی بادا، بزەیەکی هاتێ و هاواری کرد (ئەوە پیـاوانن، کە ژنـان خـراپ و گەنـدەڵ دەکەن! هەر کەم و کورتییەک لەژناندا هەبێت دەبێت پیاوان باجەکەی بدەن و لە وجودی خۆیاندا ئەو کەم و کوڕتییە چارەسەربکەن- چـونکە ئەوە پیـاوە، کە وێـنەی ژن بـۆ خـۆی دروسـتدەکات و ژن تەنهـا خـۆی لەگەڵ ئەو وێـنەیەدا دەگونجێنێت).. یەکێک لەناو مەجلیسەکەدا وتی: (دەبێت ژنان باشتر پەروەردەبکرێن!) زانا وتی: (دەبێت پیاوان

باشتر پەروەردەبکرێن) (دانش شاد, ص 68) نیچە دەڵێت: (ئەوە پیاوە، کە وێنەی ژن بۆ خۆی دروستدەکات و ژن تەنها خۆی لەگەڵ ئەو وێنەیەدا دەگونجێنێت)، لەم گوتەیەدا دەتوانرێت ڕەگ و ڕیشەی ئەو قسەییەی سیمۆن دوبوڤوار بەدیبکرێت، کە دەڵێت: (ئەوە ژنە، کە بەگێڕاندنەوەی بۆ لای پیاو پێناسە و دیاری دەکرێت. نەک بەپێچەوانەوە. ژن پاشکۆ و ژێردەستە و دژی پیاوە پیاو بکەر و ڕەهایە- ژن, ئەوی دیە) (سیمۆن دوبووار, 1974, لا XiX) هەم نیچە و هەم بوڤوار باوەڕیان وایە، کە ئەم ناکۆکیی و دووبەرەکییەی ژن و پیاو, واتە ئەوەی، کە پیاو یەکەمەو ژن دووەم، ناکۆکییەکی ناپەیوەست و نابەجێیە و بەلەبەرچاوگرتنی یەکێک لەبەهاکان وەکو یەکەم بەها، بۆنموونە بەلەبەرچاوگرتنی پیاو وەکو ڕەگەزی یەکەم، لەڕاستیدا ئێمە ڕوانگەگەرایی خۆمان ئاشکراکردووە، بەڵام لەم هەڵسەنگاندنە نایەکسانەدا ژنان زەرەرمەنددەبن. هەروەها بوڤوار باسی ئەوەیکردووە، کە پیاو دەیەوێت رەهابێت، بەڵام بەڕای نیچە ڕەهابوون نابێت ئامانجی ژن بێت، بەڵکو ئامانجی ژن دەبێت لەگەڵ ڕوانگەی خۆیدا هاوڕێک بێت. هەڵبەتە ژن لەبەشێکی ئەم کارەدا شکستدەخوات، چونکە (هونەری گەورەی ژن درۆکردنە و گرنگترین سەرقاڵیی ئەو خۆخەریککردنە بەڕواڵەت و جوانییەوە) (فراسوی خیر و شر, ص 232). ئەگەر بمانەوێت شێوازەکەی بوڤوار بەکاربێنین، ڕۆڵی ژن وەکو (ئەوی دی)، ژن دەکات بە ئەکتەرێک، کە پشتی بەخۆهەڵکێشان و وەهمەکانی بۆ ژیانی خۆی بەستووە،

بەڵام هەڵەی ژن لەم نێوەنــدەدا، بــریتییە لەفریوخــواردن بەدەســـتی وەهمەکـــانی خـــۆی، ژن لەدەلاقەی چـــاوی کەسـانیدیەوە نەبێت، خـۆی نابینێت و کێشـەیەکی دیکەی ژن ئەوەیە، کە دەسـتبەرداری ڕوانـگەی خـۆی دەبێـت و لەڕوانگەی پیاوەوە تەماشای هەمـوو شـتێک و بەتـایبەتی تەماشـای خۆشـیدەکات. نـیچە دەپرسـێت؟ (قەنـاعەتکردن بەدراوسێ و پاشان هاتنەسەر بیروڕای ئەو لەم میتۆدەدا چ کەســـێک لەگەڵ ژنانـــدا داوای یەکســـانی دەکـــات و هاوکاریـــانە؟) (فراســـوی خیـــرو شـــر, ص 148), ڕەنـــگە باسکردنی خاڵێک لێرەدا بێسوود نەبێت. و ئەویش ئەوەیە، کە ڕەنگە ڕۆڵگێڕان خۆی لەخۆیدا خراپ نەبێت و هەتـا نیچەش بەبەشێکی پێویستی ژیانی هەر کەسێکی بزانێت. بەڵام مەســـەلەکە ئەوەیە، کە ژن، ڕۆڵێـــک دەگێڕێـــت، کە ســـیناریۆکەی پیـــاو نووســـیوویەتی، هەربـــۆیە ناتوانێـــت ڕوانگەکانی خۆی دەربڕێت.

پیـاو وێنەیەکـی ژن بـۆ خـۆی دەکێشـێت و پاشـان ژن ناچارە خۆی لەگەڵ ئەو وێنەیەدا بگونجێنێت. لەبەرئەوەی ئەو ژنەی پیـــاو بەدڵیەتـــی و دەیەوێـــت، واتە ئەو ژنەی (کـچەی) پیـاو دەیکـات بەهاوسـەری خـۆی و دەیپارێزێت. ژنێکە، کە لەهەموو ڕوویەکەوە عازەب (باکرە) بێت! لەگەڵ بەدەسـتەوەدانی پێناسـەیەکی لەمجـۆرە و یەکسـانکردنی بەفەزڵا و بەهای ژنـانە، پیاو پێوەرێک دەهێنێتەئاراوە، کە ژن دەبێت لەتەواوی بوارەکانی ژیانی خۆیدا، وەکو بواری ئـابووریی، کـۆمەڵایەتی، دەروونیـی، قبوڵیبکـات. ئەم خـاڵە

مـاییەی سـەرنجە و لەهەمانکاتـدا جـێگەی داخە، کە ژن چ ئەم پێوەرە قبوڵبکات یان نا. دەکەوێتەبەر تانە و نەفرەتـی پیـاو, سـەیر لەوەدایە کە نـیچە، مەترسـییەکانی قبـوڵکردنی ئەم پێـوەرە لەلایەن ژنـانەوە دەبینێـت. بەڵام لەهەمانکاتـدا ژنـــان لەئاســـتەنگێکدا دەبینێـــت، کە پیـــاوان بۆیـــان خوڵقانـدوون و بـاوەڕی وایە، کە ئەم مەسـەلەیە، پـێگەی ژنـان بـۆ بەدەسـتهێنانی دەسـەڵاتی زیـاتر، دژواردەکـات. (خەسـڵەتی پیـاو ئیـرادە و خەسـڵەتی ژن، قبـوڵکردنی فەرمانە- لەڕاستیدا ئەمە یاسای جنسەکانە، کە هەڵبەتە بۆ ژن یاسـایەکی سـەختە. هەمـوو ئینسـانەکان، دەربـارەی چـۆنێتی ژیـانی خۆیـان بێدەسـەڵات و بێگونـاهن، بەڵام بێگوناهی ژن زیاترە. (کێ بەرامبەر بەژن لوتف و نەرم و نیـانی بەڕەوا دەزانێت؟) (دانش شـاد, ص 68), بوڤـوار - یش ئەم شیکردنەوەییەی نیچە بەم گوتەیە ڕووندەکاتەوە، کە باشترین و ئاسانترین و دڵنیاترین ڕێگە بۆ بەدەسەڵات گەیشـتنی ژنـان، قبـوڵکردنی پێناسـەی پیـاوانە سـەبارەت بەژن، ژنـــان دەســـەڵاتێکی کەمیـــان بەســـەر سیســـتمی پیاوسـالاریدا هەیە. نکۆڵیکردن لەو پێـوەرانەی، کە پیـاوان بۆیان خوڵقاندوون، ڕەنگە ببێتەهۆی ئەوەی ئەو دەسـەڵاتە کەمەش لەدەستبدەن، کە پێشان هەیانبووە.

ڕەنـگە یەکێکیتـر لەهۆیەکـانی ئەم مەسـەلەیە، بەپێـی قسـەی نـیچە، ئەوەبێـت، کە: (ئەمـڕۆ مرۆڤـی ئاسـاییش چـاوەڕێی بیروبۆچـوونێکە سـەبارەت بەخـۆی و پاشـان

بەپێــی غەریــزە خــۆی بەو بیروبۆچــوونە دەســپێرێت) (فراسوی خیرو شر, ص 361).

بەشـێوەیەکی گشـتیی، دەتوانرێـت بگوترێت، کە نـیچە، جیاوازیی لەنێوان (خود) و (ئەوی دی) و (پیاو) و (ژن)دا بەمەسەلەیەک دەزانێت، کە پەیوەندیی بە ڕوانگەی جیاواز و دوای ئەوەش پەیوەنـدیی بەبەهــا جیاوازەکـانەوە هەیە. هەتـا جیـاوازیی بنەڕەتــی لەنێـوان ئاکـاری ســەروەر و ئاکاری کۆیلەشدا جۆرێکە لەڕوانگەگەرایی، ئەم جیـاوازییە پەیوەنـــدیی بەو مەســـەلەیەوە هەیە، کە چـــۆن هەریەکە لەســـــەروەران و کۆیلەکـــــان, بەهاکــــانی خۆیــــان بەدەســـــتدەهێنن. هەم ســـــەروەران و هەم کۆیلەکــــان، بەهاکــــانی ســــەروەران بەبەهــــای یەکەم دەزانــــن، بــــۆ بەیانکردنی ئاکاری سەروەریی، وشـەی (بـالا) لەپێشـەوەی دادەنرێـت، کە لەگەڵ شـێوازی ژیـانی خـودی سـەروەردا پێناسـەدەکرێت. (نـزم) لەپـلەی دووەمـدا دێـت، کە بـۆئەو کەســـانەی لەســـەروەران لەخـــوارترن، بەکاردێـــت. لای کۆیلەش ئەو ئەخـلاقە (بـالا)یەی سـەروەر، کە بۆکـۆیلە بە (شــەڕ) لەقەڵەم دەدرێــت. لەپـلەی یەکەمـدایە و کەوتــنە ســـەرزەوی خـــۆی، کە بەڕای ئەو وەکـــو (خێـــر) خـــۆی دەنوێنێـت، بەپـلەی دووەم دێـت. سـەروەران (گەورەکـان) تەماشـــای خۆیـــان دەکەن و دەڵـــێن: (ئـــێمە ڕاســـتین) کۆیلەکـــانیش بەڕقەوە تەماشـــایان دەکەن و بەزۆردار و شــەڕانگێزیان دەزانــن. لەم ڕووەوە نــیچە ڕوانگەگەرایــی بەهاکـــان نەک تەنهـــا ســـەبارەت بە ئەخـــلاق. بەڵکـــو

لەسەراپای ژیانی مرۆڤدا وا دەبینێت، کە وابەستەیە بەدیدگای تاکەکانەوە.

دوواجار, دەتوانرێت بگوترێت، کە پیاوان و ژنان بەڕاستی دژی یەکتری نین, بەڵکو یەکێکیان پاکیزەکراوی ئەوی تریانە، بەڵام ئەوەی، کە کام لەم دووانە بەپاکیزەکراوی ئەویتریان بزانین، مەسەلەیەکە لەڕێگەی دیدگای ئێمەوە ئەنجامدەدرێت. ڕوانگەگەرایی ئێمە نیشاندەدات نەک مەسەلەیەکی سروشتی، زاتی و یان ڕاستییەک دەربارەی پیاو یان ژن.

هەروەکو وتمان، ڕوانگەگەرایی، بیرۆکەیەکە، کە نیچە دەیخاتەشوێنی تیۆری ئەپستمۆلۆجیای کۆن، لەڕاستیدا (ئەم ڕوانگەگەرایییەیە، کە تیۆری ئەپستمۆلۆجیا (مەعریفەزانی) بۆ فیمینیستەکان فەراهەمدەکات) (دنیل, دابلیو, کانوی, 1998, ص256), لەم پەرەگرافەی خوارەوەدا نیچە چەند خاڵێک دەخاتەڕوو، کە تیۆرسینە فیمینیستەکان بۆ خستنەڕووی تیۆری ئەپستمۆلۆجیای خۆیان، سوودی لێوەردەگرن.

(کەواتە فەیلەسوفان، گەورەکانم، لێرە بەدواوە لەبەرامبەر ئەو ئەفسانە ترسناکە دێرینەدا، کە (بکەرێکی ئاگای ئەبستراکتی بێخواستی بێئازاری بێکات) فەراهەمدەکات. با زیاتر ئاگامان لەخۆمان بێت و لەداوی چەند چەمکێکی ناتەبای وەکو (عەقڵی پەتی), (ڕۆحی ڕەها) و (زانست خۆی لەخۆیدا) خۆمان بەدووربگرین لەبەرئەوەی ئەم چەمکانە هەمیشە چاوەڕوانیی

بیرکردنەوەمــان لێــدەکەن لە ڕوانــگەیەکەوە، کە هەرگیــز بیــری لێوەنــاکرێتەوە، واتە چاوێـک تەماشــای هـیچ لایەک ناکات و ئاماژەی هێزی ئەکتیڤ و ڕاڤەکەری تێدا نەبێت. یەعنــی ئەو هێــزانەی، کە لەڕێگەیــانەوە هەمیشــە شــتێک دەبینرێــت، کە ئەو چــاوەڕوانییە پــوچ و بێمانــایە لەچــاوی بینینــەوە واتە لەڕوانــگەوە، بینــین و بەس، (زانــین) یەعنــی لەڕوانــگەوە، زانــین و بەس، هەرچــی دابنێــین و ســۆزێکی زیــاتر لەبــارەی شــتێکەوە قســە لەگەڵ ئــێمە دەکــات, کە چـــاوی زیـــاتر و جۆراوجۆرترمـــان لەســـەر دانـــاوە (تێگەیشـتن)ی ئـێمە لە (ڕوانگەگەرایـی) ئێمە لەو بـارەیەوە کامڵتردەبێـــت- (تبارشناســـی اخـــلاق, 111, ص12). بەئاشکراکردنی ئەم مەسەلەیە، بەر لەهەرشتێک نیچە لەوە ئاگادارمان دەکاتەوە، کە وەکو (روانینی بێ ئایدیا) ئاگامان لەڕاڤەی کـۆنی (روانگەگەرایی)بێـت, ئامــانجی ئەندێشــەی بێمەبەســتو ڕوانینــی بێئایــدیا، گریمـانەکردنی (ئەفســانەی ترسناکی چەمکێکی دێرینە) و (چەمکی ناتەبایە)، کە وێڕای ئەوە، ناچارمــان دەکــات (بکەرێکــی ئاگــای ئەبســتراکتی بێخواسـتی بێئـازاری بێکات)مـان هەبێت. واتە (چاوێک، کە تەماشای هیچ لایەک نەکات). بەمپێیە ڕوانگەگەرایـی نـیچە، بەنیــازە ئەو بەشــانەی، کە بەشــێوەیەکی کــۆن، لەلایەن ئەپســتمۆلۆجیاوە لەبەرچــاونەگیراون بەیانبکــات. نــیچە بە بەیـانکردنی بیروبـاوەڕی خـۆی لەبـابەتی ڕوانگەگەراییـدا، وێنەیەکـــی دەرەکیـــی و بەدەنیـــی پێدەبەخشـــێت. بـــۆ بەیانکردنی سوود لەسۆز وەردەگرێت. واتە چەند بەشێک

بۆ ڕوانگەگەرایی وەکو گریمانە دەگرێ، کە بەتەواوی لەئەپستمۆلۆجیای کۆندا تور دراون. بەلای نیچەوە ڕوانگەکان، چەند دیدگایەک نین لەبەدەن، لەکاتێکدا، کە نیچە بینین و چاو بۆ بەیانکردنی (هێزە ئەکتیڤ و ڕاڤەکەرەکان) بەکاردەهێنێت. وامانلێدەکات، کە وەکو بەدەن لەڕوانگەکانیش تێبگەین، ڕەخنەی نیچە لەڕوانگەگەرایی کۆنی فەلسەفی، کە تائێستا نەک تەنها ئەندێشەیەکی بێمەبەست و ڕوانینێکی بێئایدیا نەبووە، بەڵکو هەمیشە هاوشانی ئەوە بووە، کە ڕۆحانی و ئەودیو ڕوانگەیی و پاتریارکیانەیە، خاڵێکە، کە فیمینیستەکان، بەئاڕاستەی بەرەوپێشەوەبردنی ئامانجی خۆیان سوودیان لێوەرگرتووە.

## ڕەخنەگرتن لە ئامانجی دوورەپەرێزیی

نیچە, لەبەشی سێیەمی کتێبی (تبارشناسی اخلاق- ئارکیۆلۆژیای ئاکار)دا مانای ئارمانی دوورەپەرێزیی دەخاتەڕوو، کە ئارمانێکی نامادیی و نابەدەنیی و لەئەنجامیشدا نادنیایی و نا (هەوەس)ییە.

نیچە مانا جیاواز و سەرنجڕاکێشیەکانی ئارمانی دوورەپەرێزیی بەیاندەکات. کە سەبارەت بە کەسە جیاوازەکان هەیەتی و هۆی مانا جیاوازەکانی ئارمانی دوورەپەرێزیی بۆ بوونی (خواست)ە جیاوازەکان دەگەڕێنێتەوە، کە دوواجار هەموویان لەبەرترس لەنەبوون و پووچی و لەهەمانکاتدا بۆ بەدەستهێنانی

ئامانج و مانایەک بۆ ژیان هەوڵدەدەن. هەرچەندە ئەو ئامانجە جگە لەنکۆڵیکردن لەژیان شتێکی دیکە نەبێت. هەروەکو دیمان، نیچە، دژایەتی و کێشمەکێشێک لەنێوان ئەو شتانەدا نابینێت، کە ئینسانەکان و لەوانیش فەیلەسوفەکان بە ناکۆکیان دەزانن، یەکێک لەو دوو دژانە بریتییە لەپاکیزەیی/ هەوەس. نیچە, لەم بارەیەشەوە بە هیچ ناکۆکییەک قایل نییە و باوەڕی وایە، کە مرۆڤی ساغ، دەتوانێت لەنێوان ئاژەڵێتی ڕووت و دژی هەوەسبازبووندا هاوسەنگییەک دروستبکات. بەڵام هەوەس، لەئارمانی دوورەپەرێزییدا بە تەواویی ڕەتدەکرێتەوە و لەم ڕووەوە ڕێگەیەکە بۆ رزگاربوون لەفشاری هەڵچوونی سێکسی، هەروەکو نیچە دەربارەی شوپنهاوەر و ڕێزگرتنی لەئارمانی دوورەپەرێزیی، وابیری دەکردەوە، جگە لەشۆپنهاوەر، کە کێشەی ڕۆحیی و دەروونیی سەبارەت بەدایکی و دڵدارە بێوەفاکەی هەبوو. هەموو فەیلەسووفەکان سەبارەت بەهەوەس و هەڵچوونە سێکسییەکان، نەفرەت و بێزارییەکی سەیریان نیشانداوە، ئایا ئەمە بەومانایە نییە، کە ئەم فەیلەسوفانە نەفرەتیان لەژنانیش کردووە؟ لەبەرئەوەی ژیانی پڕ لەپارێز و دوورەپەرێزییان بۆ دژواردەکردن؟ لەگەڵ ئەوەشدا، پیاو هەمیشە بە شوێن خواستی ژن و ناسینی ژنەوە بووە. هەروەکو فرۆید، کە دوواساڵەکانی تەمەنی لەبێئارامیی و نیگەرانی ئەو پرسیارەدا بەسەربرد، کە (ژن چیی دەوێت؟) بێگومان ئەمە پرسیارێکە تەنها لەنێو پیاواندا و

وەڵامدانەوەشـــی تەنهـــا خواســـتی پیـــاوانە. نـــیچە، مەترسـییەکانی خواسـتی پیـاو و ئارمـانی دوورەپەرێزیـی ئاشکراکرد.

ئەرکـــی پیـــاوان- وەک دەزانـــین گەڕانـــی وردنەبـــوو بەدوای داخوازییەکـــانی ژنـــدا، بەڵکـــو شـــاردنەوەی خواســـتەکانی پیـاوبوو، پیـاو وەکـو مرۆڤێـک، ناتوانێـت پرســـــیار لەزادگە و شـــوێنی گەورەبـــوونی خـــۆی فەرامۆشبکات، فۆرمۆڵی نیچە دەربارەی خواستی پیاو، کە (خواســـتێکی چـــالاکە) بـــۆ (بەدواداچـــوونی شـــتێک، کە سەروەختێ بەشوێنییەوە بوو) (تبار شناسی اخلاق, 11, ص1). لەفۆرمـۆڵی فرۆیدیشـدا، بۆ چارەسـەرکردنی گرێـی ئۆدیـب، دووبـارە دەبێـتەوە. واتە سـەرلەنوێ داواکردنـی شـتێک، کە سـەروەختێک داوا کـراوە، واتە دۆزیـنەوەی بکەرێـک، کە هەمیشـە سـەرلەنوێ دۆزیـنەوەی بکەرێکـی ونە، فرۆیـد لەکاتێکـدا، کە لەبـارەی پیـاوە وە قسـەدەکات، مەبەستی لەبکەرێکی دڵخواز، بەڵام ونیئەوە، ئەو بکەرەش دایـکە. بەپێـی بـاوەڕی دەروونشـیکارانی وەکـو لاکـان، دەربارەی فرۆید و شیکردنەوەی گرێی ئۆدیب، کە فرۆید ئاشـکرای کـردووە، گرێی ئۆدیب بەپێی یاسـای بـاوک، بە ئاڕاستەی سەرکوتکردنی مەیل و ئارەزووی کوڕ (پیـاوی ئاییندە) لەبەرامبەر دایکدا کاردەکات. بەڵام داخـوازیی پیـاو بەئاڕاســـتەی ســـەرلەنوێ دۆزیـــنەوەی ئەو بـــکەرە ونە کاردەکات. سـەرئەنجام دۆزینەوەی نۆبووکێکی شـەرمن و لەڕاسـتیدا بە دووبـارە دۆزیـنەوەی دایـک، وەڵامـی ئەو خواستەی خۆی دەداتەوە.

گۆتەکانی نیچە, دەتوانرێت. بەئاراستەی لەکارخستنی کاریگەریی گرێی ئۆدیبی فرۆید لێکبدرێتەوە. ژن بەلای زەردەشتی نیچەوە، یادەوەریی کەسێکە، کە گەڕانەوەی جاویدانی لەدوای مەرگی خودا (واتە لەدوای مەرگی باوکسالاریی) دەهێنێتەوە. یاد و لەم ڕووەوەیە، کە زەردەشت دەزانێت، کە هەموو دۆزینەوەکان، وەکو سەرلەنوێ دۆزینەوەوان. وەکو لەڕاڤەکردنەکانی دەروونشیکارانی، وەکو فرۆید و لاکاندا، دەردەکەوێت، ئەو وێنەیەی، کە نیچە، بۆ دایک (ژن) دەیکێشێت، بەهیچ شێوەیەک بەپێی یاسای باوک نییە، پیاو دەزانێت. کە سەرچاوەی ئارەزووی، سەرچاوەیەکی دڵنیا نییە, چونکە پیاو بێتواناییەکانی خۆی دیاریدەکات و دەزانێت، کە ناتوانێت زادگەی بوونی خۆی و کۆتایشی بێت, کەواتە پیاو چۆن لەجێگایەکی دیکەیە، ژن وەکو زادگە پێویستی بە گەڕانەوە نییە، ژن هەمیشە و بەر لەهەمووان لەو شوێنە بووە، لەو ڕووەوە، پیاو دەزانێت، کە زادگەی بوونی، هەمیشە وەکو پێویست (ئەوی دیە). ئایا ئەم مەسەلەیە، بەهای (خود) پەیوەست بە (ئەوی دی) ناخاتە ژێر پرسیارەوە؟ بەباوەڕی فیمینیستەکان، پیاوسالاریی،تائێستا پەردەیەکی ئەستووری داوە بەهێنانە ژێر پرسیاری زادگەداو ویستویەتی وەڵامی ئەو پرسیارەی پیاو، کە خواستی ژن و ناسینێتی، بەداهێنانی ئارمانی دوورەپەرێزیی بداتەوە.

**d/ دەسەڵاتی ناونان**

وێـڕای سـتایلی نووسـین و سـوودوەرگرتنی تـایبەتی نیچە لە زمان لەقاڵبی خوازە و مەجاز و خەیاڵ و قسـەی هەڵبـژاردە و مۆنۆلـۆگ و... کە یـارمەتییەکی بەرچـاوی فیمینیسـتەکانی داوە بـۆ هێنانەکـایەی نووسـینێکی ژنـانە، لوسیَ ئیریگاری (Luce Irigaray)یش جەخت لەم مەسەلەیە دەکـاتەوە و بـاوەڕی وایە، کە سـتایلی نـیچە، سـتایل (شـێواز)ێکە، کە بەشـێوەیەکی بنەڕەتـی لەپێـوەرە زمـانەوانییە باوەکـان دووردەکەوێـتەوە و پشـتیوانیی لەئەگەرێکـی تـازە دەکـات سـەبارەت بەنووسـینێکی ژنـانە، ڕەخـنەی نـیچە لەزمـان و ئەو ڕەخـنەیەی لە وتەزا میتافیزیکییەکـانی دەگرێـت، دەتوانرێـت بـۆ پشـتیوانیی لەڕەخـنەی فیمینیسـتی لەفەلسـەفەی کـۆن بەکاربهێنرێـت. نـیچە زمـان بەهـاوبەش و هاوکارێـک دەزانێـت بـۆ بنەڕەتیبـوونی زیرەکـانەی کـۆمەڵیَ چەمـک لەفەلسـەفە و میتافیزیکدا، کە لەڕاستیدا شتێک نییە جگە لەڕەنگدانەوەی ئەو وشـانەی ئـێمە بـۆ ناونانیـان بەکارمانهێنـاوە، نـیچە لەپێشەکی کتێبی (ئەودیوی چاکە و خراپە)و لەبەشـەکانی دیکەشـیدا، باسـی ئەو ئایـدیا گـرنگە دەکـات، کە یەکێـک لەفاکتەرەکـانی ئەو دۆگمـاتیزمەی، کە لەبیرکـردنەوەی ئـێمەدا فـۆرمەڵە بـووە. بـریتییە لەڕێزمـان و (گەمەکـانی زمـان)، نـیچە زمـان بە فەرمـانڕەوای جیهـان دەزانێـت و پێیـوایە جیهـان هەمـوو ئەوانەی تێیـدایە, ڕەنگـدانەوەیەکی دروستکردنی ڕێزمانە، نیچە دەربارەی دەسەڵاتی داهێنانی

زمان و وشە، لە فەسڵی دووەمی کتێبی (زانستی شاد)دا، کە پردێکی پەیوەندیی گرنگە لەنێوان یەکەمجار قبوڵکردنی دوالیزم لەکتێبی (لەدایکبوونی تراژیدی)داو پاشان نکۆڵیلێکردنی لەکتێبی (ئەودیوی چاکە و خراپە)دا، دەربارەی ئەو دەسەڵاتەی کۆسمۆپۆلتیزمی زمان ئاوا دەدوێت. (ئەوەی کە بۆتەهۆی زۆرترین زەحمەت بۆ من و هێشتاش زەحمەتم دەدات ئەوەیە، کە هەستدەکەم زانینی ناوی شتەکان زۆر لەناسینی خودی شتەکان گرنگترە، ناو و ناوبانگ و گرنگیی و بڕوکێشی ئاسایی هەموو شتێک- واتە ئەو خاسییەتانەی، کە سەرەتا، زۆرجار بەهەڵەو دەستنیشانکردنی خودسەرانە، وەکو جلوبەرگێک، کە بەقووڵیی بەناوەڕۆک و شێوەی نامۆییە هاتۆتە ئاراوە- لەبەر باوەڕی ئێمە و فراوانبوون و کاملبوونی ئەو خاسییەتانە لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیدیکە، وردەوردە تێکەڵی ئەو شتەبووە و بووە بەشوناس و دوواجار بووە بە بەدەنی ئەو شتە. شێوەی سەرەتایی هەر شتێک تەقریبەن هەمیشە دەبێت بەناوەڕۆکی وا خۆی دەنوێنێت، کە لەبنەڕەتدا ناوەڕۆکی بووە، (دانش شاد, ص58).

هەروەکو لەبەشەکانی ڕابردوودا ئاماژەی بۆ کراوە، ئەوە پیاوبوو، کە هەموو شتێکی بەوە دەخولقاند، کە مانا و پێناسەی پێدەبەخشێت، پیاو بەهەمان ڕێگە ژنیش خەڵقدەکات، کە دنیاکەی پێ خەڵق دەکات، بەپێی قسەی نیچە، پیاو ئەم کارە بە (دەسەڵاتی ناونان) ئەنجامدەدات.

هەروەهــا لەفەســڵی پێنجەمــی (زانســتی شــاد)دا, نــیچە بەڕاشکاویی بۆ قسەکردن لەسەر عەشقی دوو ڕەگەزی جیاواز، سوود لەزمانی سەروەر و کۆیلە یان زمانی پیاو و ژن وەردەگرێــت، نــیچە دەڵێــت: (عەشــق بەلای ژنەوە بەمانــای (تەســلیمبوونی تەواوەتیــیە)، بەڵام ئەگەر پیــاو وەکو ژن عەشق بکات دەبێت بەکۆیلە (هەمان سەرچاوە ل363). مــاییەی ســەرنجە ئەوە بــزانین، کە لەڕوانــگەی نیچەوە، فیداکاریی ژن لەعەشقیدا بەرامبەر بەپیاو، بایەخی نییە، بەڵگەی ئەم کارە لەوێدا دەبینین، کە نیچە باس لەپاکیزەیی ژنان دەکات و هاودەردیی خۆی بۆ ژنان دەردەبڕێــت. (هەمــان, ســەرچاوە ل71) لێــرەدا نــیچە ســەبارەت بەڕەفتــاری پیــاوان لەگەڵ ژنانــدا، بەتــایبەتی لەمەسەلە سێکسییەکاندا قسە دەکات و باوەڕی وایە ئەو ڕەفتــــارەی، کە پیــــاوان ســــەبارەت بەم مەســــەلانە گرتوویانەتەبەر، پیاوان دەکات بە (فاعیل)ی سێکسی و ژنانیش دەکات بە (مەفعول)ی سێکسی و بەم پێیەیە، کە پیــاو ژیــانی عاشــقانەی ژن ئیفلیجــدەکات. نــیچە ئەوە دەستنیشاندەکات کە ژیانی عاشقانەی هەرکەسێک ڕۆڵێکی سەرەکیی و بنەڕەتی هەیە لەژیانی ئەو کەسەدا، نیچە لەم بارەیەوە دەنووسێت. (بڕو جۆری ئارەزووی سێکسی هەر مرۆڤێــک هەتــا دوا ترۆپکــی گیــانی ئەو مــرۆڤە بڕدەکات) (فراسوی خیرو شر, ص75). بەقبوڵکردنی ئەم غەفڵەتە سێکسییە، ژن هەموو وزە و توانای خۆی بۆ هەبوونی ژیانێکی عاشقانەی ساغ لەدەستدەدات و جگە

لەبێدەنگیی هیچ ڕێگەیەکیتر ناگرێتەبەر (دیسان هەمان بێدەنگیی پێشان و هەمان بێدەنگیی قوول. ژن هەتا لەبەرامبەر خۆشیدا بێدەنگدەبێت و چاوانی لەئاستی خۆشیدا دادەخات) (دانش شاد, ص71), ژن بەم بێدەنگیی و چاوداخستنەی لەبەرامبەر خۆیدا، لەڕاستیدا دەسەڵاتی شارەزایی لەدەربڕین و دەسەڵاتی خۆی لەدەستدەدات.

فیمینیستە هاوچەرخەکان بۆ تێگەیشتنی باشتر و زیاتری ئەوەی، کە نیچە بەدەسەڵاتی ناونان ناوی دەبات، هەوڵی زۆریانداوە بۆئەوەی بتوانن چەند ڕێگە و میتۆدێک فۆرمەڵەبکەن بۆ ئەوەی بوونی مرۆڤ لەجیهاندا ڕاڤە بکات و ئەمەش لەکاتێکدایە، کە ئەوان ئاگاداری ئەو مەسەلەیەن، کە میحوەری قسەو گوتار هەمیشە لەژێر دەسەڵاتی پیاواندابووە، فیمینیستە هاوچەرخەکان بە بەکارهێنانی زاراوەی (دەسەڵاتی ناونان)ی نیچە، وا قسەدەکەن، کە (پیاوان لەڕێگەی بەکارهێنانی دەسەڵاتی ناونانەوە، لەڕاستی خواست و ویستی دەسەڵاتی خۆیان زیاد دەکەن) (لین تیرل, 1998: ص314) پیاوان لەم ڕێگەیەوە، نەک تەنها ژنان دەخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، بەڵکو تەواوی جیهانیش دەخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، بۆڤاریش بەجوانیی هەستی بەم خاڵەکرد، ئەوەتا دەڵێت: (نیشاندان و خستنەڕووی جیهان وەکو جیهانێکی واقیعی، ئیشی پیاوانە، پیاوان جیهان لەڕوانگەی خۆیانەوە وەسفدەکەن و ئەو وەسفەی جیهانیان لەگەڵ

حەقیقەتـــی ڕەهـــادا لیتێکـــدەچێت) (جـــنس دوم, ص161).
دەبێت ئاگاداری ئەوەبین کە بوڤوار دەڵێت: (حەقیقەتی ڕەها) لەڕاستیدا ئەو نکۆڵیی لەدەسەڵاتی ناونان ناکات، کە چیرۆکی ڕاستەقینە دەربارەی جیهان دەهێنێتە ئاراوە، بەڵکو بوڤوار نکۆڵیی لەوە دەکات، کە ئەم چیرۆکانە، چەند چیرۆکێکی لە چاککردن نەهاتووی واقیعێکی لەگۆڕان نەهاتووبن. ئەم چیرۆکانە ڕاستەقینەن، لەبەرئەوەی دەست بۆ خوڵقاندن و داهێنانی واقیع و شتی نوێ دەبەن.

هەروەکو وتمان، نیچە لە (پاکیزەیی ژنانە)دا ئەوەی ڕوونکردەوە، کە چۆن ڕەمزی بوونی سێکسی ژنان، ژنان بەرەو بێدەنگیی دەبات. مەترسی بێدەنگیی، مەترسی لەدەستدانی هەموو شتێکە، ئەگەر ئێمە کار بەو گوتەیەی نیچە بکەین، کە لەشۆپنهاوەری وەرگرتووە و تیایدا دەڵێت: (هەر ئەو کەسە بە کە هەیت)و ڕوانگەی خۆمان هەبێت. لەم حاڵەتەدا دەتوانین هەموو شتێکمان هەبێت، بێدەنگیی لەترسەوە سەرچاوە دەگرێت. ترس لەئازار، ترس لەمردن، بەڕای نیچە بێدەنگیی ژنان بەهۆی ترسەوەیە لەپیاو. (هەتا ئێستا ترس لەپیاو بەباشی ژنانی لەڕەگ و ڕیشەوە تاساندووە و جڵەوی کردوون) (فراسوی خیروشر ص232) کەواتە ژن دەبێت ئەو بێدەنگییەی خۆی بشکێنێت. دەبێت باسی ئەزموونە تایبەتییەکانی خۆی و خواست و ویستەکانی خۆی بکات، ژن دەبێت دەسەڵاتی ناونان بەدەستبێنێت بۆئەوەی لەو

ڕێــگەیەوە بتوانێــت ڕەگەز و پیاوســالاریی و زەبــوونیی ژنـان و زۆر لەم وتەزایانە نەک وەکو پێوەری ئاسایی و پەسەندکراو، بەڵکو وەکو چەند شتێک لەبەرچاو بگرێت، کە لەڕێــگەی ئەو دەســەڵاتەوە واتە دەســەڵاتی ناونــان، دروستبوون، هەروەها بەشێوەیەکی جیاواز و بەئاراستەی خوڵقانـدنی واقیعێکـی ناسێکسـی تـازە زمـان و دەسـەڵاتی قســەکردن بەکاربێنێــت، هەروەهــا لەم بــارەیەوە، نــیچە خۆشــی ئەوەمــان بیردەخــاتەوە، کە (تەنهــا لەپلەوپــایەی خـوڵقێنەردا دەتـوانین شـتێک لەنـاوبەرین: هەڵـبەتە نابێـت ئەوەش فەرامۆشبکەین، کە تەنها بەداهێنـانی نـاوی نـوێ و هەڵسەنگاندن و ئەگەرە تازەکان دەتـوانین بەرەبەرە شـتی تازە بخوڵقێنین) (دانش شاد, ص58).

******

لەبیــری نــیچەدا هێشـــتا زۆر لایەن هەیە، کە کــاری لەبیــری فیمینیســتی هــاوچەرخ کــردووە و ئـێمە تەنهــا ئاماژەمــان بـۆ هەنـدێکیان کـردووە، نـیچە تیۆریسـتێکی گەورەیە و لەم ڕووەوە بەلای فیمینیســتەکانەوە گــرنگە، وێـــڕای دژایەتـــی ژن لەلایەن نـــیچەوە و بوغزانـــدنی فیمینیـزم و ڕەخنەگرتن لەئاکاری کۆیلایەتی، ڕەخنەکانی نــــیچە زۆر زوو گــــوێگرێکی زۆری بەلای خۆیــــدا بەکێشـکرد و لەنێـو هەمـوو ئەوانەشـدا، زۆربەیـان ژن و چینـی کرێکـارن، ڕاسـتە، کە ڕەخـنەی نیچە لەلیبرالیـزم و یەکسانیخوازیی ئەو لای زۆر لەو فیمینیستە ئەمریکایی و بەریتانیـانە وەدەرنـا، کە ئامـانجی سیاسـیی و ئابووریـیان

هەیە و زیاتر جەخت لەبنەمای سیاسیی دەکەنەوە بۆ ئازادیی ژنان، بەڵام بیروبۆچوونەکانی نیچە دەربارەی ڕەگەز و چاکەکاریی و ڕەخنەگرتنی لەدۆگماتیزم و بیری دەستەبژێریی ڕۆحانیی نیچەی لای زۆربەی ژنان کردووە بەڕێنیشاندەر و خۆشەویستی کردووە.

نیچە ڕەخنەی لەڕێبازی عەقڵانیی خۆرئاواو ئەو کلتورەگرت، کە تاکو ماوەیەکی دوورودرێژ فەلسەفەی کردبووە مەداری خۆی و وەکو زۆربەی فیمینیستەکان زۆر لەدۆگماتیزمە فەلسەفییەکان ڕەتدەکاتەوە. نیچە ئەو بیروبۆچوونانەی، کە دەربارەی دەسەڵات بوو هاوشانی متمانەپێکردن، بەتێڕوانینی نوێ لەفەلسەفەدا، واتە بەڕەخنەی کلتوری جینالۆجیا و سایکۆلۆجیا خستەڕوو، نیچە باوەڕی بەخواستی دەسەڵات و متمانەکەی هەیە لەقەڵەمڕەوی نا سیاسیی ڕێک لەبەر هەمان هۆ ڕەخنە لەپیاوسالاریی و باوکسالاریی دەگرێ و لەم ڕووەوەیە، کە فەلسەفەکەی نیچە بۆ زۆر لەفەیلەسووفە پیاوسالارەکان بێزارکەرە. نیچە ئەوە نیشاندەدات، کە باوکسالاریی لەبەرئەوە متمانەی خۆی بەدەستناهێنێت، کە متمانەکەی ڕاستە، بەڵکو حکومەتی پیاوسالار بەهۆی ئەو دەسەڵاتەوە، کە هەیەتی و لەڕاستیدا لەڕێگەی زۆر و سەرکوتکردنەوە متمانەی خۆی بەدەستدەهێنێت. لێرەدا چەمکی خواستی دەسەڵاتی نیچە، مانایەکی زۆر گرنگ لەخۆی دەگرێت و ئەوەش ئەوەیە، کە خواستی دەسەڵات لە لاوازیی ئەوی دی و زاڵبوون بەسەریدا نییە، بەڵکو

خواستی دەسەڵات بۆ خۆی زاڵبوونە، ئەم مەسەلەیە بۆ خۆی گوزارشت لەوە دەکات، کە زۆر شایستەتربوو ئەگەر بایەخمان بەڕەخنەگرتنی نیچە لەپیاوسالاریی و متمانەی باوکسالاریی بدایە. لەم رووەوە، باسی دەسەڵات و خواستی دەسەڵات لەبیری نیچەدا بەلای فیمینیستەکانەوە زۆر گرنگ و بنەڕەتییە، مەبەستی نیچە لەدەسەڵات، ئەو دەسەڵاتە نییە، کە حکومەتی پیاوسالار لەزۆر شوێنی بوارەکانی ژیاندا پیادەیکردووە بەڵکو خواستی دەسەڵات چەمکێکی باڵاتر و فراوانترە.

نیچە بە بایەخدانە تایبەتییەکەی بەچەمکی تۆڵەسەندنەوە ڕێگە بۆ فەیلەسوفە فیمینیستەکان ئاواڵە دەکات، ئەو ڕێگەیەی، کە تیایدا ئەوە نیشان بدەن، کە تاکو ئێستا تۆڵەسەندنەوەی پیاوان، ژنانی سەرکوتکردووە و هەمان ئەم شیکردنەوەیەی سەبارەت بە تۆڵەکردنەوە لای فەیلەسوفە فیمینیستەکان بۆ تێگەیشتنی ئەوەی هەتا ئێستا لەدژی ژنان وتویەتی و کاری پێکراوە، زۆر گرنگیی پەیدادەکات.

نیچە لەڕەخنەگرتن لەئارمانی دوورەپەرێزیدا، ئارمانێکی مەبەستە، کە بەئاڕاستەی سووککردن و بێبەهاکردنی ژیان بەرەوپێشەوە دەچێت و لەم ڕێگەیەوە جیهانی ماددیی بێبەها دەکات. نیچە ئەم دنیایە بەهۆ (وەسیلە)یەک بۆ گەیشتن بەجیهانێکی جاویدانە و ڕۆحیی لەبەرچاودەگرێت و ئەوە نیشاندەدات، کە چۆن لەهەمان ئارمان ڕێگە بەقەشە و فەیلەسوفەکان دەدات بۆ بەسەر

جیهانی مادديی و نا ڕۆحیدا زاڵبن و هەمان مەسەلە ڕێگەیەکی زۆری بۆ ڕەخنەی فیمینیستی فەراهەمکردووە، هەروەها ڕەتکردنەوەی دوالیزم و گشت جۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیەک و باوەڕنەبوون بە ناکۆکیی بەهاکان، یەکێکی ترە لەو ئەنجامە بەکەڵکانەی، کە فەلسەفەکەی نیچە بۆ ئەو فەیلەسوفانەی فەراهەمکردووە، کە دەربارەی ژن و مەسەلە تایبەتییەکانی ژن توێژینەوە دەکەن".

**سەرچاوە/**

-گۆڤاری- نامە فرهنگ شمارە 43 لاپەڕە 89-101

# پرسیاری فێمینیزم لەسەر فەلسەفەی مارکسیستی

لیژنەی فێمینیزمی نیشتمانی سەر بە ڕێکخراوی "ئێن ستروگڵ!"

وەرگێڕانی: هاوار محەمەد

بە گوێرەی لیژنەی فێمینیزمی نیشتمانیی سەر بە "ئێن ستروگڵ"[11]، دوو پرسیاری سەرەکیی تیۆری هەیە لەبارەی چەوساندنەوەی ژنانەوە، کە پێویستە ئەم دوو پرسیارە پێکەوە کۆبکرێنەوە:

**یەکەم**: سروشت و ڕۆڵی لێکدژییەکان لەنێوان ژن و پیاودا چییە؟ داخۆ دەبێت لێکدژییەکان لەنێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا هەر وەک لێکدژییە چینایەتییەکان حیساب بکەین؟

**دووەم:** ستراتیژییەتی سەرەکی ڕزگاربوونی ژنان چییە؟ بە گوێرەی شیکاریی ئێمە بۆ ئەدەبیاتی مارکسیزمی کلاسیک، دەبێت دەرهەق بە نەبوونی شیکارییەکی نیمچە تەواو، کە تایبەت بێت بە دۆخی ژنان لە کۆمەڵگەکەماندا، هەروەها لە کۆمەڵگەکانی پێشتریشدا لەم شیکارییە مارکسییەدا، تووشی شۆک ببین. لە ڕاستیدا، دەتوانین بە ڕوون و ڕۆشنی بڵێین، ئەوە بەرنامەی "ئێن ستروگڵ!" بوو، کە هەموو خاڵە لاوازەکان یان لەزمەکان یان هەڵەکانی لەبارەی مەسەلەی ژنەوە تێدا بوو، لەبەرئەوەی بەرنامەکەمان نوسخەیەکی کتومت هاوتای هێڵە مارکسییە کلاسیکییەکە بوو. کە خستوومانەتە ژێر پرسیارەوە، چونکە تیۆری

[11] کۆمەڵەیەکی مارکسی –لینینیی کەنەدییە کە لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا دامەزرا.

مارکسیزمیش خۆی هەمان ئەو خاڵە لاواز و لەزمە و هەڵانەی تێدایە.

لیژنەی ژنانی نیشتمانی و بزووتنەوەی فێمێنیستی لە "ئێن ستروگڵ" بەشێوەیەکی گشتی، پرسیاری یەکلاکەرەوەیان نەبوو بۆ هەموو ئەو پرسیارانەی، کە ئەم وتارە دەیانخاتە ڕوو.

ئیمە قەرزداری ژنانێکی زۆرین – هەم لە ڕادیکاڵەکان و هەمیش لە سۆشیالیستەکان، ئەو ژنانەی، کە بە بەرهەمەکانیان یارمەتییان داوین کێشەکانی مارکسیزم دەستنیشان بکەین.

بەشێوەیەکی گشتی، ئێمە پشتیوانیی لە ڕەخنەکانی ئەوان دەکەین، بەڵام ناتوانین هەڵوێستی خۆمان لەو بارەیەوە دیاریبکەین، کە داخۆ سروشت و قووڵایی ئەم ڕەخنانە، دەشێت ببێتە بابەتی مشتومڕێک، کە گومان بخاتە سەر ئەگەری بەکارهێنانی میتۆدی شیکاریی مارکسیستی بۆ چارەسەکردنی ئەو کێشە و هەڵەنەی، کە تیۆری مارکسیزمی لەبارەی مەسەلەی ژنانەوە، تەڵخ و ناڕوون کردووە. بە دەربڕینێکی دیکە، هەندێک دەڵێن ئێمە لایەنگری لەوە دەکەین، کە دەشێت مارسکیزم و فێمینیزم هاوتابکرێن، بەڵام لێکۆڵینەوەکەمان تا ئە وڕادەیە بردە پێش، کە دەتوانین ئەم بانگەشەیە بە تەواوەتی بسەلمێنین.

## ڕۆڵی کاری ناو ماڵ:

زۆرێـــــک لە فێمێنیســــــتە مارکسیســـــــتەکان بەوە تۆمەتبـارکراون، کە بەرامـبەر مەسـەلەی جێنـدەر چاویـان داخســتووە، بگــرە جیاکــارییش دەکەن لەســەر بنەمــای جێنــدەر، ئــێمەیش دەمانەوێــت هەنــدێک نمــوونە بــۆ پشتیوانیکردن لەم تۆمەتە بخەینەڕوو.

"پاتیــا وێنبــام" لەبەر ڕۆشــنایی ئەو لەزمــانەی، کە پەیوەستن بە دابەشکردنی کارەوە لەسەر بنەمای جێندەر و تەمەن تــوێژینەوەی لە کتێبــی "ســەرمایە"ی مــارکس کـــــردووە، وایـــــدەبینێت ئەم لەزمـــــانە لایەنە بــــاوک سالارییەکەی مارکسیزم دەنوێننەوە.

یەکەم، لە مشــتومڕەکەی ئەودا دەربــارەی چــۆنییەتی دیاریکردنی بەهای هێزی کار، مارکس چەندینجار پەنا بۆ بەکارهێنـانی چەمکـی کرێکـاری ئاسـایی دەبـات، ئەمەیـش چەمکێکە، کە دەشـێت بە چەمکـی کرێکـاری نێـرینەی بـاڵغ ئاڵوگۆڕ بکرێت. چونکە لای مـارکس هاومانـان، ئەگەرچـی مــارکس دان بەوەدا دەنێــت، کە «کــارپێکردنی ئەم جــۆرە جیاوازانەی هێـزی کـار [واتە هێـزی کـاری پیـاو بەرامـبەر هێـــزی کـــاری ژن، منـــداڵ بەرامـــبەر پێگەیشـــتوو]، جیــــاوازییەکی گەورە پیشــــان دەدەنەوە لە تێچـــــوونی پارێزگــاریکردن لە خێزانــی کرێکــار و، لە هێــزی کــاری نێــرینەی پێگەیشــتوو» ئینجــا دواتــر دەڵێــت: «لەگەڵ ئەمەیشــدا، لەو لێکــۆڵینەوەی دواتــر دێــت، ئەم ڕەگەزە کارکەرە فەرامۆش دەکرێت».

ئەگەر پیاوان کرێیەکی جیاواز لەو کرێیە وەربگرن، کە ژنـان و منـدالان وەریـدەگرن، کەواتە ئەو کەسـە بـوونی نیـیە، کە پێیبووترێـت کرێکـاری ئاسـایی (نۆرمـاڵ). چ سـوودێک وەردەگـرین ئەگەر بڵێـین کرێکـاری ئاسـایی 5 دۆلار لە کاتژمێرێکدا وەردەگرێت لەکاتێکدا پیاو 9 دۆلار و ژن 4 دۆلار و هەرزەکـار 2 دۆلار وەردەگرێـت؟ بەمە هیچمان نەکردووە جگە لە گەورەکردنی جیاکارییەکان تا ئەو ڕادەیەی، کە چتر ناتوانین ببینین کە چۆن سیستەمی سەرمایەداریی سوودیان لێوەردەگرێت.

دواتـر، لە هەمـان بەرگـدا مـارکس تەفسـیری ئەو پرۆسـەیە دەکـات، کە کرێکـار کـرێکەی دەگـۆڕێتەوە بە دەستڕاگەیشـتنی بە ئامرازەکـانی مـانەوە، بـۆیە «پێداویسـتییە سـەرەکییەکان بۆ خۆی دەستەبەر دەکات تاوەکو پارێزگاری لە هێزی کارەکەی بکات».

ئەوەی مـارکس باسـی ناکـات ئەوەیە، کە یەکێـک لەو شتانەی، کە کرێکار بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هێزی کـارەکەی پێویسـتییەتی بـریتییە لە ژنە هاوسـەرەکەی. لە ڕاسـتیدا، مەسـەلەی کـاری ناومـاڵ و پەیوەنـدییەکەی بە ئابوورییەوە بە تەواوی لە شیکاریی مارکسدا غیابی هەیە. ڕوونە، کە کـاری تاکەکەسـییانەی ژن و کـاری بێکـریێ، شـیتێکی بنەڕتییە بۆ دووبـار بەرهەمهێنانی هێزی کـاری کرێکار. ڕەنگە بایەخی ئەم کارە لە دەستکەوتنی قازانجی سەرمایەداریدا زۆر ڕوون نەبێت. زۆرێک لە فێمێنستەکان تـوێژینەوە لەلایەنـی کـاری نـاو مـاڵی ژنـان دەکەن. یەکێک

لەو شـــــیکارییانەی شـــــایەنی بایەخپێــــدانە ئەوەیە، کە هەوڵـدەدات بـۆ سـەلماندنی ئەوەی کە «هەبـوونی کـاری ناومـاڵ بەهـای هێـزی کرێکـار کەم دەکـاتەوە لە ڕێـگەی کەمکــردنەوەی تێچــوونی دووبــارە بەرهەمهێنــانەوە، کە ســەرمایەداری دەیگــرێتە ئەســتۆ. لەســەر ئەم بنەمــایە، ئەگەرچی کای ناوماڵ بەشـێک نییە لە بەهـای هێزی کـار، بەڵام هەبـوونەکەی واتە زیـادبوونی ڕێـژەی زێدە-بەهـای کـاری زەروری». کەواتە، کـاری بـێ بەرامـبەری ناومـاڵ واتـــای ئەوەیە ســـەرمایەدارەکان لە دۆخە ســـەختەکاندا دەتوانن کرێی کار تا ئەو ئاستانە نزم بکەنەوە، کە کەمترە لە بەهای زەروری بۆ دووبارە بەرهەمهێنانی هێزی کـاری کرێکـار، چـونکە سەرپەرشـتیارانی مـاڵ دەتـوانن هێزێکـی کاری زیاتر بخەنە گەڕ و پارە لەپێناو دابینکردنی خواردن و پۆشاک و خاوێنکرنەوەی خێزانەکانیاندا دابین بکەن. بۆ نموونە، دەتوانن جلوبەرگ و پۆشاکی کۆن چـاک بکەنەوە و سـەرلەنوێ بیـدروونەوە لەبـری ئەوەی پۆشـامی نـوێ بکـرێن. دەتـوانن خـواردن لێبنـێن لەبـری ئەوەی خـواردنی ئامادەکراو بکڕن یان لەبری ئەوەی داوای ژەمە خۆراکێک بکەن لە چێشتخانەی "مریشکی کنتاکیی سوورەوەکراو".

## بەرهەممهێنانەوەی ڕەگەزی مرۆیی و هەژموونی نێرینەیی:

لە تیـۆری مارکسـیزمدا هـیچ شـیکارییەک بـۆ دووبـارە بەرهەمهێنـانەوەی ڕەگەزی مـرۆییش بـوونی نیـیە، کەواتە

ئەمەیش بوارێکی دیکەی فەرامۆشکراوە، مەبەستیش لەمە: گرنگیـــدانە بە چـــاودێریی جەســـتەیی و دەروونـــی و ســـۆزداری بە منـــداڵەکان، تێکەڵبـــوونی کـــۆمەڵایەتی و فێرکردنیـــان، دووبـــارە بەرهەمهێنـــانەوەی ئەو پەیوەنـــدییە کۆمەڵایەتییـــانەی، کە ســـەرمایەداری بەهۆیـــانەوە کـــار دەکات.

جا لەبەرئەوەی ئەنگڵز پێش سەد ساڵ وتوویەتی: «بە گوێرەی تێگەیشتنی ماتریالی، فاکتەری دیاریکەری مێژوو لە دواجـــاردا پرۆســـەی بەرهەمهێنـــان و دووبـــارە بەرهەمهێنـــانەوەیە لە مـــاوەیەکی کورتـــدا... ڕێکخســـتنی کۆمەڵایەتی، کە لە سەردەمێکی دیاریکراودا خەڵکی تێیدا دەژین، بە گوێرەی ئەم دوو جۆرەی بەرهەمهێنان دیاریی دەبێت». مارکسییەکان وازیان لەوە هێناوە لەوە بکۆڵنەوە، کە چـۆن خێـزان –ناوەنـدی دووبـارە بەرهەمهێنـانەوەی ڕەگەزی مرۆیی– فۆڕمی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی دیاری دەکـــات. تەواو بەپـــێچەوانەوە، پرۆســـەی دووبـــارە بەرهەمهێنانەوە و فۆڕمی بەرهەمهێنان، کە ئەم پرۆسەیە لە خێزانـدا وەریـدەگرێت، بەلای ئەوانەوە چیتـر ئەو شـتە نیـــیە، کە هەیکەلییەتـــی کـــۆمەڵگە دادەڕێژیـــت، بـــۆیە دووردەخـرێتەوە بـۆ سـەرخانی کۆمەڵگـا و بـۆ بـواری ئایـــدیۆلۆژیا تـــاوەکو لەم ڕێـــگەیەوە ببێـــتە تێگەیشـــتنی پەیوەندییەکانی دووبارە بەرهەمهێنانەوەیەکی پشتبەستوو بە توێژینەوە لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان.

دەمانەوێت تەرکیز بخەینە دوایین نموونەی لەزمەی تیۆری مارکسیزم. ئەویش نائامادەیی تەواوەتی هەر شیکارییەکە بۆ مەنزومەی هەژموونی پیاوان لەسەر ژنان. زۆرجار زاراوەی "پەترێرکی" یان مەنزومەی "ڕەگەز-شوناسی ڕەگەزی" بۆ دەلالەت لێکردنی ئەمە بەکاردەهێنرێت. کە فێمێنیستەکان پێیانوایە شتێکی جودا و جیاوازە لەبەکارهێنان و چەوساندنەوەی سیستەمی سەرمایەداری و فۆڕمەکانی دیکەی بەرهەمهێنان. یەکێک لە دەلالەتەکان لەسەر ئەوەی، کە هەژموونی نێرینەیی و چەوساندنەوەی سەرامایەداری دوو شتی لێکجیاوازن، ئەو ڕاستییەیە، کە هەژموونی نێرینەیی لەهەموو فۆڕمەکانی بەرهەمهێناندا هەر هەبووە و لەسەر سەرجەم دابەشکارییە چینایەتی و نەژادی و خێڵەکییەکانیشدا هەر هەیە –چۆن دەتوانین بە ڕێگەیەکی دیکە ئەوە تەفسیر بکەین، کە ژنان لە هەموو حاڵەتەکاندا دووردەخرێنەوە بۆ بواری تایبەتی یان بۆ نزمترین ئاستی بواری گشتی و سەرجەم دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان لەژێر کۆنترۆڵی پیاواندان؟ ئاشکرایە، کە پیاوان سوود لە کاری ژنان وەردەگرن. سەرجەم پیاوان بەراورد بە ژنان لە هەمان چینە کۆمەڵایەتییەکەی خۆیان یان لەهەمان نەژادەکەی خۆیان، یان لە هەمان نەتەوەکەی خۆیان، ژیانێکی باشتریان هەیە، هەم لە ڕووی چەندێتی کاتەکانی دەستبەتاڵییانەوە و هەمیش لەڕووی خزمەتگوزارییەکانیانەوە، کە لە ماڵدا بۆیان دابین دەکرێت.

ئینجـــــا، پیـــــاوان بەرژەوەنـــــدییەکی ماتریالیـــــان لە چەوســـاندنەوەی ژنانـــدا هەیە. ســـەرجەمی پیـــاوان جـــا پێگەکەیـان لەم مەنـزومەیەدا هەرچـیـیەک بێت، لایەنـیکەم دەتـوانن کـۆنتڕۆڵی هەنـدێک ژن بـکەن. چـۆن دەتـوانین شرۆڤەی ئەوە بکەن، کە ئەو گۆڕانە ئابوورییانەی دواتر دێنە ئارا و ئینجا کاتێک موڵکایەتی تایبەتی کەرەستەکانی بەرهەمهێنان، کە لەنێودەبرێت، چەسپاندنی کاری تایبەتی ناومـاڵ نابێت و خێزانیش هەر وەک یەکەیەکی ئابووریی پشتیوانی ناکرێت تاوەکو لەم ڕێگەیەوە چەوساندنەوەی ژنان هەر درێژەی پێبدرێت؟

**ئایا خاوەندارێتیی تایبەت سەرچاوەی چەوساندنەوەی ژنانە؟**

لێـــرەدا دەتـــوانین هەنـــدێک نمـــوونە بـــۆ هەڵە و کەموکورتییەکـــانی تیـــۆری مارکســـیزم دەربـــارەی چەوساندنەوەی ژنان بهێنینەوە.

بەڵام کاتێـــک مەســـەلەکە پەیوەســـت بووبێـــت بە چەوســـاندنەوەی ژنـــانەوە، مارکســـیزم بە تەواوەتـــیش بێـــدەنگ نەبـــووە. مارکسیســـتەکان دان بە دابەشـــکاریی ڕەگەزیـی چینـی کـارکەردا دەنـێن و وەک بەربەسـتێکی دەبیـنن لەبەردەم یەکگرتنـی کرێکارانـدا، بەڵام بەداخەوە چارەســـەرەکەیان هێشـــتایش هەر ئەو چارەســـەرەیە، کە ئەنگڵـــز ســـەد ســـاڵ پێشـــتر پێشـــنیاری کـــردووە: بەشـــداریکردنی بەکـــۆمەڵی ژنـــان لە بەرهەمهێنـــانی کـۆمەڵایەتی و هاوبەشـکردنی کـاری ناومـاڵ. ئەمە بـۆتە

مـــایەی بڵاوبـــوونەوەی ئەو بـــڕوایەی، کە دەڵێـــت لەکـــاتی لەنێـــوبردنی سیســـتەمی موڵکـــایەتی تایبەتیـــدا ژنـــان "دەگەڕێنـــرێنەوە" بـــۆ پـــێگەی یەکســـانی، وەک بڵێیـــت مەسەلەکە پڕۆسەیەکی سروشتییە لە مێژوودا.

بۆ ئەوەی لەوە تێبگەین، کە چۆن ئەنگڵز گەیشتۆتە ئەم بەرەنجـــامە، ســـەرنجێک لە تێگەیشـــتنی ئەو دەدەیـــن دەربارەی بنەڕەتی چەوساندنەوەی ژنان. ئەنگڵز پێیوابوو نـــا-یەکســـانی لەنێـــوان هەردوو ڕەگەزەکەدا لە کـــۆمەڵگە ســـەرەتاییەکاندا نەبـــووە. لەبـــری ئەمە، دابەشـــکارییەکی سروشـتیی کـار هەبـووە، بەڵام ئەم دابەشـکارییە نەبـۆتە مـــایەی هـــیچ فۆڕمێـــک لە فۆڕمەکـــانی بەکارهێنـــان و چەوســـــــــاندنەوە. لەگەڵ پەرەســـــــــەندنی هێـــــــزە بەرهەمهێنەرەکاندا (ماڵیکردنی ئاژەڵە کێوییەکان و توانـای داچانـــدنەوەی بەروبوومەکـــان)، کە بـــوونە مـــایەی بەرهەمهێنانی زێدە-بەها، موڵکایەتی تایبەتیی ئامڕازەکانی بەرهەمهێنـانیش سـەریهەڵدا و کـۆمەڵگەی دابەشـکرد بـۆ چینە ململانێکارەکان. ئەمەیش لای خۆیەوە بووە مـایەی ئەوەی دواتـــر خێـــزانە پەترێرکییەکـــان یـــان دەوڵەت سەرهەڵبدات.

پەیدابوونی هێزە بەرهەمهێنەرەکان بواری ڕەخساند بۆ دابەشـکارییەکی نـوێی کـار، کە تێیـدا کـاری ژنـان تەنیـا بەهـــای بەکارهێنـــانێکی تـــایبەت و ماڵـــدارییانەی هەبـــوو، کەچی چالاکیی پیاوان بەهایەکی ئاڵوگۆڕدارییانەی هەبوو. ئەو موڵکـایەتییە نوێیەی، کە پیـاوان لە ڕێگەی کـۆنترۆڵی

ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە بەدەستیان هێنا، دەبوو بە میرات بگوزارێتەوە بۆ نەوەکانی، بۆیە تاکژنی بووە زەرورەت. ئەمەیش بووە مایەی پێچەوانەکردنەوەی مافی دایکایەتی (دایکایەتی بەو مانایەی نەسەبی منداڵ بچێتەوە سەر دایک)و سەرهەڵدانی هاوسەرگیری دووکەسی و تاکژنی و هەژموونی پیاو لەسەر ژن و منداڵ.

لەو کاتەوەی ئەنگڵز پەرەی بە تیۆرەکەی خۆی داوە، زۆرێک لە ئەنترۆپۆلۆژییەکان و فێمێنیستەکان ڕەخنەیان لە زۆر بنچینەی سەرەکیی ئەم تیۆرە گرتووە. ئایا ڕاستە کاری ژنان لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا تەنیا بەهای بەکارهێنانی هەبووە؟ وردتر بڵێین ئایا ڕاستە کاری ژنان نەیتوانیووە بەهای ئاڵوگۆڕ بەرهەم بهێنێت؟

## بەکورتی، هەندێك وەڵامدانەوەی سەرەکی:

"مارین ساکس" ئاماژە بەوە دەدات، کە ئەنگڵز هەندێک هەڵەی دیاریکراوی ئەنترۆپۆلۆژیی کردووە. «ئەنگڵز بڕوای وابوو، کە پیاوان هەمیشە کۆکەرەوە و بەرهەمهێنەری کەرەستەکانی بژێوی بوون. دواتر ڕوونبۆوە، کە لە کۆمەڵگەکانی بەرچینین و ڕاوکردندا پێچەوانەکەی لە حەقیقەتەوە نزیکترە. لە کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکاندا. چالاکییەکانی دەغڵودان و باخداری، کە ژنان ئەنجامیان دەدا، دەبوونە بنچینەی بژێوی (بڕوانە جودیت براون لەکتێبی "بەرەو ئەنترۆپۆلۆژیایەک دربارەی ژنان"). هەروەها ئەنگڵز پێیوابوو ماڵیکردنی ئاژەڵان لە

پێش قۆناغی داچاندنی زەویوزارەوە سەریهەڵداوە. لەمڕۆدا، لە بەرەنجامی لێکۆڵینەوە نوێیەکانەوە، تیۆرێکی نزیکتر لە ڕاستییەوە پێیوایە داچاندنی زەویوزار لەگەڵ بەخێوکردنی ئاژەڵاندا سەریهەڵداوە».

لە وتارەکەیدا دەربارەی خێزان، ئەنتوان ئارتۆس شرۆڤەی ئەوە دەکات، کە چۆن بەر لە سەرهەڵدانی ئابووریی بازاڕ، ژنان گۆزە و جامی فەخفوری و پیشەسازییە دەستییەکانیان بەرهەم دەهێنا، چونکە ئەم بەرهەمانە پەیوەستبوو بە ئەرکەکانیانەوە وەکو چێشتلێنان و کارە جیاوازەکانی ناوماڵ. جا کاتێک ئەم بەرهەمانە بەهای ئاڵوگۆڕیان وەرگرت، ئیدی پیاوان دەستیان گرت بەسەر ئەم کارەدا.

بەڵام، ئەی پیاوان چۆن توانییان دەست بەسەر بەرهەمهێنانی سامانی زێدە-بەهادا بگرن و کۆنترۆڵی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بکەن؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، دەبێت بە وردی سەرنج لەو شتە بدەین، کە پێیدەوترێت «دابەشکردنی سروشتییانەی کار» لەنێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا. لەگەڵ ئەم دابەشکارییەدا، ژنان بوونە بەرپرس لە گرنگیدان بە منداڵە بچووکەکان و هیچیتر نا، ئەمەیش بێبەشیکردن لەوەی بەشداری لە ڕاودا بکەن چونکە ئەم کارە لە ماڵەکانیان زۆر دووری دەخستنەوە.

کاسلین گۆگ پێیوایە هەژموونی نێرینە لەسەر ژنان لە کۆمەڵگە ڕاوچییەکاندا «بەرەنجامی مۆنۆپۆلکردنی چەکە

قورسەکان یان بەرەنجامی دابەشکاریی ڕەگەزیی کار یان بەرەنجامی هەردووکیان بوو پێکەوە. ئەگەرچی پیاوان بە دەگمەن چەکەکانیان بەرامبەر ژنان بەکارهێناوە، بەڵام لەگەڵ هێزە جەستەییەکەیاندا ئەم چەکانەیشیان هەبوو (یان چەکی پێشکەوتووتریان هەبوو)... جا بەهۆی هەماهەنگی و هاوپشتیی پیاوانەوە لە یەکتری بۆ بەرگری لەخۆکردن و ڕاوکردن، پیاوان لە ئەنجومەنە بەکۆمەڵییەکان و ناوەندە سەرکردایەتییەکان و پزیشکی و سیحر و ڕیتواڵە گشتییەکاندا دەرکەوتن».

ئەنترۆپۆلۆژیستەکانی دیکە پێیانوایە، ئەمە بەڵگەی ئەوە نییە، کە کۆمەڵگەیەکی تەواو دایکانە هەرگیز بوونی هەبووبێت، بەڵگەی ئەوە نییە، کە سیستەمی نەسەبداریی دایکانە هەمیشە لەپێش سیستەمی نەسەبداریی باوکانەوە بووە –ئەمە ڕیزبەندییەکی ناوەندییە بۆ پاساوەکەی ئەنگلز، کە دەڵێت: سیستەمی نەسەبداریی باوکانە ئەو کاتە سەریهەڵدا، کە پیاوان پێویستیان بەوەبوو سامانەکانیان بۆ نەوەکانیان بگوازنەوە.

لەگەڵ ئەمەیشدا، ئەنترۆپۆلۆژیستەکانی دیکە پێیانوایە پیاوان لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا، بەو ئامانجە هەژموونی خۆیان بەسەر ژناندا سەپاندووە، کە کۆنترۆڵی وەچەخستنەوە و کۆنترۆڵی پەیوەندییەکانی نەوەخستنەوە لای ژنان بکەن، پەرەسەندنی لەسەرخۆی هێزە بەرهەمهێنییەکان وای لە هێزی کاری مرۆڤ و ئینجا وای

لە نەوەکانیشکرد، کە ببنە یەکەمین سامانی کۆمەڵایەتی و ببنە ئامرازی سەرەکیی بەرهەمهێنان.

لەگەڵ پرسیاری زۆر لەسەر بنەڕەتەکانی تیۆرەکەی ئەنگڵز سەبارەت بە ئەسڵی چەوساندنەوەی ژنان، ئاشکرایە، کە ئێستا ناچارین سەرلەنوێ چاو بەو ڕێگەچارانەدا بخشێنینەوە، کە ئەنگڵز، لەسەر بنەمای تێگەیشتنی خۆی لە مێژوو، پێشنیاری کردوون.

**ڕێگەچارەکان:**

یەکەمین چارەسەر، کە پێشنیارکراوە بریتییە لە بەشداریپێکردنی بەکۆمەڵی ژنان لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا. دەربارەی ئەم خاڵە، ئەوەی هەمیشە لەبیردەکرێت ئەوەیە سۆشیالیزم لەو حەقیقەتە ناگۆڕێت، کە ئەو جیهانی کارەی ژنان تێیدا بەشدارییان پێدەکرێت. لەلایەن پیاوانەوە لەبەر پیاوان ڕێکخراوە و پەیکەربەندکراوە. لە ئەزموونە سۆشیالیستییەکاندا ئەوە جیهانێکی نێرینە بوو، کە دابەشکاریەکی ئاشکرای ڕەگەزیی تێدا بوو و ژنانیش بۆ پێگەی نزمتر، بەرەو کارکردن لە "گیتۆ" مێینەییەکاندا دەوورخرانەوە، کە لەوێیشدا هەندێکاریان کرد تەنیا درێژکردنەوەی کارەکانی ناوماڵیان بوو. ئەوە جیهانێکە، کە ژنان هەڵدەداتە پلەکانی خوارەوە، چ لە ڕووی کرێی کارەوە بێت یان لە ڕووی ڕەوشی کارەوە، یان لە ڕووی ئەگەرەکانی بەرزکردنەوەی پلە (ترقیة)وە.

**ئایا دەتوانین لەسەر بنەماکانی یەکسانی، ژنان بهێنینە نێو پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتییەوە؟ یەکەم، دەبێت لە خۆمان بپرسین دەربارەی چ یەکسانییەك دەدوێین؟ ئایا یەکسانی هەر بە سادەیی واتای مافی ژنان لە کاردا دەگەیەنێت؟**

یان ئیمکانییەتێکە بۆ ئەوەی ژنان ببنە هاوشێوەی پیاوان، کە پیاو و سیفەتە نێرانەکانی پیاو دەبنە ئەو پێوەرەی، کە ژنان پێویستە پێیبگەن یان خۆیان وەک ئەوان لێبکەن. واتە نەهێشتنی توانای ژنان بۆ ئەنجامدانی ئەم کاری گۆڕانکارییە، کە وەک نوقسانییەکی تاکەکەسی لە کەسایەتیدا سەیر دەکرێت.

بەڵام ڕەنگە کێشەی گرنگتر، کە بمێنێتەوە ئەوە بێت، کە هەتا دژایەتیی دابەشکاریی ڕەگەزییانەی کار لە خێزاندا نەکرێت، ژنان هیچ یەکسانییەک لە پڕۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی و بەگشتی لە کۆمەڵگەدا بەدەست ناهێنن.

ڕاستە بەرنامەی کلاسیکیی مارکسیزم بانگەشە بۆ هاوبەشکردنی ئەرکەکانی ناوماڵ دەکات. تاوەکو ژنان لەم بارە ڕزگاریان بێت، بەڵام لەناوبردنی موڵکایەتی تایبەت خۆبەخۆ نابێتە مایەی گۆڕانی کاری تایبەتی نێوماڵ بۆ پیشەسازیی کۆمەڵایەتی. کاری نێوماڵ هەر لەخۆیەوە بە تەنیا ماڵی تایبەت بەجێناهێڵێت. هاوبەشکردن پێویستی بە خەباتی تایبەت هەیە.

تەنـــانەت ئەو کـــاتەیش هاوبەشـــکردنی ئەم ئەرکـــانە پێویســـتی بە بونیـــادێکی ئـــابووریی بەهێـــز و تـــۆکمە و ڕێکخـــراو هەیە، چـــونکە هاوبەشـــکردن و بەگشـــتیکردن تێچـــوونی دارایـــی زۆری دەوێـــت. بەرهەمهێنـــانی نێومـــاڵ (لۆکـــاڵی) بە 33%ی کـــۆی بەرهەمـــی نیشـــتمانی دەخەملێنرێت. تـوێژینەوەیەک لە سـوود دەریخسـتووە، کە 2340 ملیـۆن کـاتژمێر لە سـاڵێکدا تەرخـانکراوە بـۆ کـاری نێومالّ، لە بەرامبەردا 1290 ملیۆن کـاتژمێر تەرخـانکراوە بۆ بەرهەمهێنـانی پیشەسـازی. تەنیـا دەبێـت سـەرنج لەوە بـــدەین، کە چـــۆن دەوڵەتـــانی وڵاتـــانی ســـەرمایەداریی پێشـــکەوتوو، لە دامەزرانـــدنی ژمـــارەیەکی کەمتـــر لە سـەنتەرەکانی چاودێریـدا، ڕووبەڕووی دژوارییەکـی زۆر دەبێتەوە بەهۆی زۆریی ئەو تێچوونەی داراییەی، کە ئەم بابەتە پێویستی پێیەتی.

هەتـــا ئەم مێـــژووە، ئەو دەوڵەتـــانەی، کە بە شۆڕشـــە "سۆشیالیســـــتییەکان"دا تێـــــپەڕین، بە پـــــلەی یەکەم تەکنۆلۆژیایـــان بـــۆ کەمکـــردنەوەی هەوڵـــی مرۆیـــی و زیـــــاترکردنی بەرهەمهێنـــــان لە بـــــوارە نێرینەکانـــــدا بەکارهێناوە، بەڵام هاوبەشکردنی کاری ناومـاڵ لە ڕێگەی بەکارهێنـــانی تەکنۆلۆژیـــاوە، لە ئامـــانجە ســـەرەکییە ئابوورییەکان نەبووە.

بـــوارێکی دیـــکە، کە دەبێـــت لێبکـــۆڵێنەوە بـــریتییە لە وەزیـــــفەی بایۆلۆژیـــــانەی وەچەخســـــتنەوە لای ژن. مارکسییەکان پێیانوانییە ئەم وەزیفەیە فاکتەرێکی بەشدار

بێت لە نەبوونی یەکسانی بەرامبەر ژناندا، بۆیە ئەو بڕوایە بڵاوبۆتەوە، کە شۆڕشی سۆشیالیستی ڕەوشێکی ئایدیاڵی بۆ وەچەخستنەوە دەخوڵقێنێت، کە لەلایەن کۆمەڵگەوە گرنگییان پێدەدرێت.

بەڵام مارکسییەکان لە بایەخی پەیوەندیی یەکێک لە باوانەکان و منداڵ کەم دەکەنەوە، بە تایبەتیش دەرهەق بە دایک. واتای چییە منداڵان لە دەستی کۆمەڵگەدابن؟ ئایا بڕەو بە ئایدیای منداڵی بلوری بدەین، کە هەر لەو ڕۆژەوەی لەدایک دەبن دەخرێنە دایەنگەوە بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی تایبەتیان بە کەسانی پێگەیشتووی دیاریکراوەوە هەبێت. خۆ ئەگەر ئەمە ڕاست نییە، ئەو بەرپرسیارێتییانە چییە، کە دەکەوێتە سەر باوک و دایکی بایۆلۆژی و ژینگەی دەوروبەریان؟

چۆن گەرەنتیی ئەوە بکەین ژنان خۆیان خاوەنی جەستەی خۆیان بن و خۆیان بڕیار لە وەچەخستنەوە بدەن؟ لەڕووی کردەییەوە، لەهەموو وڵاتە "سۆشیالیستەکان"ـی جیهاندا، ململانێیەکی توند هەیە لەنێوان مافەکانی ژنان و داخوازییە دانیشتوانییەکان. لەلایەک، هانی ژنان دەدرێت، کە لەپێناو نیشتمانی دایکیی سۆشیالیستیدا منداڵ بخەنەوە، لەلایەکی دیکە لەسەر ئەم کارە سزا دەدرێن. وەکو ئەوەی لە چین هەیە. بەگوێرەی پێویستییە دانیشتوانییەکانی وڵات، لەباربردن و ڕێگریکردن لە سکپڕی یان بە فراوانی دەکەونە بەردەست و بەکاردەهێنرێن. یان بە جۆرێک لە جۆرەکان دەبنە

شتانێکی نا-یاسایی، بۆیە لەوێدا مەیلێک هەیە بۆ دانانی پێویستییە "سۆشیالیستییەکان" لەبەردەم مافەکانی ژناندا. دواجار، ئەگەر دان بەوەدا بنێین، کە ناتوانین هەموو لایەنەکانی کاری ناوماڵ و چاودێریکردن و پێگەیاندنی منداڵ هاوبەش بکەین. لەنێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا، ئەی چۆن دەتوانین خەبات دەست پێبکەین لەپێناو ئەوەی پیاوان واز لە بەشێک لە کاتەکانی دەستبەتاڵییان بهێنن و بیدەن بە بەشداریکردن لەم کارەدا؟ چونکە ئەگەر ژنان بیانەوێت یەکسانی بەدیبهێنن، ئەوا دەبێت پیاوان دەستبەرداری ئیمتیازاتەکانی خۆیان ببن، ئەم خەباتەیش پێویستە هەر لەمڕۆوە دەستی پێبکرێت. ئێمە پێمانوانییە پیاوان ڕاستەوخۆ دوای شۆڕش نوری حەقیقەت دەگات بە دڵیان.

**سەرچاوە:**

أسئلة نسوية حول النظرية الماركسية – اللجنة النسائية الوطنية التابعة لمنظمة «إن سترغل!»، 16 يناير 2016.

https://ma-alamal.com

# دەربارەی ئیکۆفێمینیزم:
# گفتوگۆ لەگەڵ ماریا میس

**سازدانی: جۆریس لێڤرینك**

**لە ئینگلیزییەوە: نەبەز سەمەد**

ماریـا مـیس (Maria Mies) لێکۆڵیـارێکی چـالاکوانی فێمێنیسـتە، ئەو بە تیـۆرییەکەی لەبـارەی بـاوک سـالاری سەرمایەداری ناسراوە. ئەم تیۆرییە ژن و سروشت وەک کۆلۆنی (داگیرکراو)ی هەردوو سیستەمی باوک سالاری و سـەرمایەداری دەبینێـت. ماریـا مـیس پرۆفیسـۆری سۆسـیۆلۆژییە لە زانکـۆی کۆلـۆن بـۆ زانسـتە پراکتیکییەکـان، بەڵام لە سـاڵی ١٩٩٣ەوە لە وانەووتـنەوە خانەنیشنکراوە. لە کۆتایی ساڵانی ١٩٦٠ەکانەوە بەشداری چـالاکییە فێمێنیسـتییەکانی کـردووە. پـێش ئەوەی لەگەڵ ڤانـدانا شـیڤا (Vandana Shiva) بڕیاربـدەن پێکەوە کتێبـی ئیکۆفێمینیزم بنووسن، ماریا پێشـتر کتێبی باوکسـالاری و کـۆکردنەوە لەسـەر ئاسـتی جیهـانی، کە سـاڵی ١٩٨٦ لە لایەن دەزگای زێد بوکس (Zed Books)ەوە بڵاوکراوەتەوە. ماریـا ئەم کتێـبەی داوە بە ڤانـدانا کاتێـک سـاڵی ١٩٩٠ یەکتریـان بینیـووە، دوای ئەوە بـۆ یەکەمجـار سـاڵی ١٩٩٣ کتێبی ئیکۆفێمینیزم بڵاودەبێتەوە.

**جۆریس: من پێمـوایە ئایـدیای جەوهەری ئیکـۆفێمینیزم، بریتییە لەوەی، کە زاڵبوونی پیاو بەسەر سروشتدا هاوتەریبە لەگەڵ زاڵبـوونی پیـاو بەسـەر ژنـدا. لەبەرئەوە خەبـاتی فێمێنیستی و خەباتی ئیکۆلۆژی (ژینگەناسـی) لە بـنەڕەتەوە پەیوەسـتن بەیەکەوە. بـۆ ئەو خـوێنەرانەی، کە ئاشـنانین لەگەڵ کۆنسـێپتی ئیکـۆفێمینیزم، دەتوانییـت کـورتەیەك لەبـارەی ئیکـۆفێمینیزم و ئایـدیا جەوهەرییەکـانی بـاس بکەیت و هەروەها ڕوونی بکەیتەوە بۆچی ئیکۆفێمینیزم بـۆ تۆ سەرنجڕاکێشە؟**

**ماریا میس:** تێگەیشتن لەوەی، کە زاڵبوونی پیاو بەسەر سروشتدا هاوتەریبە لەگەڵ زاڵبوونی پیاو بەسەر ژندا، ئەو کاتە بۆ من ئاشکرا بوو، کە سەرەتا دەستم کرد بەم پرسیارە: 'بنەڕەتی کۆمەڵایەتی پەیوەندی هەڕەمی نێوان ژنان و پیاوان چییە و لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟' من وەک زۆر لە فێمێنیستەکانی دیکە لە ساڵانی ١٩٨٠کاندا ڕازی نەبووم بەوەڵامی وەک ئەمانە: 'پیاوان لە ڕووی فیزیکییەوە لە ژنان بەهێزترن، لەبەرئەوە دەبێت ژنان لەلایەن پیاوانەوە بپارێزرێن' یان 'ژنان لەبەر ئەوەی منداڵ دەخەنەوە، بۆیە زۆر زیاتر پەیوەستن بە ماڵەوە، یان پیاوان لە ژنان زیرەکترن'. تەنانەت سیگمۆندفرۆید جیاوازی نێوان ژن و پیاو لە ڕێگەی وتە بەناوبانگەکەیەوە ڕوون دەکاتەوە، کە دەڵێت: "توێکاریی جەستە چارەنووسە".

زۆرینەی فێمێنیستەکان ئەم بایۆلۆجیزمە ڕەتدەکەنەوە. من هەوڵمدا وەڵامێک بۆ پرسیارەکەمان بدۆزمەوە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە مێژووی دابەشکردنی ئیش لەسەر بنەمای سێکس (ڕەگەز/ زایەند). لەکاتی لێکۆڵینەوە لەم پرسیارە، ئەوەم بۆ دەرکەوت، کە ئیشکردنی ژنان کاتێک منداڵێکی دەبێت وەکو ئیش دانانرێت بەڵکو وەکو ئەرکێکی سروشتی جەستەی مێینەی ئەو یان وەک کردارێکی سروشتی دادەنرێت. ئەمە واتای ئەوەیە، کە پرۆسەی منداڵبوون بەبێ هیچ ئاگاییەک و بەبێ هیچ زانینێکی پێشوەخت لەبارەی ئیشەکە ڕوودەدات- زانینێک کە لە سەرەتاوە لە دەستی "ژنە داناکان"دا، واتا لە دەستی

مامانەکانــدا بــووە. لە ئینگلیزیــدا ئەو ئــازارەی ،کە لە لەدایکبووندا هەیە تاکو ئێستاش پێی دەوترێ ئیش، لە ئەڵمانیدا پێی دەڵێن ئازار.

لێرەدا پێشتر ئێمە تێگەیشتنی بایۆلۆژیمان بۆ ئیشی هەردوو ژن و سروشت هەیە. بەگوێرەی ئەم تێگەیشتنە بەرهەمهێنانی ژیان شتێکی زگماکییە. 'توخمی ڕاستەقینەی مرۆڤ' کە بریتییە لە ئاگایی، ئامادە نییە لە درووستکردنی ژیانــدا. ئەم تێگەیشــتنە هەر لە ســەرەتاوە، پەیوەنــدی زاڵبوونی پیاو بەسەر ژن و سروشتدا لەخۆ دەگرێت.

نزیکەی لە هەمان کاتدا، فێمێنیستەکان دەستیان کرد بە پرسیارکردن داخۆ بۆچی ئیشی ژنان لە ماڵەکانیاندا، وەک: چێشت لێنان، پاککردنەوە، شوشتنی جلوبەرگ، بەخێوکردن و چاودێریکردنی منداڵان، ئاگالێبوونیان کاتێک نەخۆش دەکەون، خزمەتکردنی هاوسەرەکانیان کاتێک لە ئیش دەگەڕێنەوە ماڵەوە، بەکورتی: سەرجەم ئیشەکانی ناوماڵ، کە ژن دەیکات، بۆچی وەک ئیش ژمێرەیان بۆ ناکرێت؟ بۆچی ئەم ئیشانە هیچ کرێیەکیان بۆ دانانرێت؟ بۆچی تەنیا ژنانی ماڵەوە کاتێک دەچنە تەمەنەوە خانەنیشین ناکرێن و مووچەی خانەنیشنیان بۆ نابڕدرێتەوە؟

هەنــدێک لە ئێمە دەســتمان کــرد بەخوێنــدنەوە و لێکۆڵینەوەی مارکس بۆ دۆزینەوەی تێگەیشتنی ئەو بۆ ئیش چیبووە. ئێمە فێربووین، کە بۆ مارکس جیاوازی سەرەکی نێوان ئیشی ژنێکی ماڵەوە لەگەڵ کرێکارێکی کارگە ئەوە بوو، کە ئیشی پیاوی کرێکار، کە شتومەک بۆ بــازاڕ بەرهەم دەهێنــێ، بریتــی بــوو لە ئیشــێکی

'بەرهەمهێنەر'، لە کاتێکدا ئیشی ژنی ماڵەوە و دایک تەنیا بریتییە لە 'دووبارە بەرهەمهێنانەوە'. مارکس لە ئیشی 'دووبارە بەرهەمهێنانەوە'ی ژن وەها تێگەیشتبوو، کە پێویستە بۆ 'بەرهەمهێنانەوە'ی هێزی ئیشی پیاوان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ و نەوە لەدوای نەوە، بەڵام مارکس لەوە تێنەگەیشتبوو، کە سەرمایەدارەکان تەنیا کرێکارە پیاوەکان ناچەوسێننەوە و هێز و وزەکانیان بەکارناهێنن، بەڵکو هەروەها ژنانی ماڵەوەش، کە ئیشەکانیان هیچ کرێیەکی نییە دەچەوسێننەوە و هێز و وزەکانیان بۆ سوودی خۆی بەکاردەهێنێت. مارکس هەروەها لەوەش تێنەگەیشتبوو، کە ئەو قازانجەی سەرمایەدارەکان بەدەستی دەهێنن بەشێکی گەورەی لەسەر بنەمای ئەم 'ئیشە بێکرێیە'ی ژنان بەدیدەهێنن. بۆ سەرمایەداری ئیشی ژنان لەماڵەوە بەهەمان شێوەی ئیشی سروشتە، کە بریتییە لە 'کەرەسەیەکی بەخۆڕایی'. من و دوو هاوڕێیی دیکەم ڤێرۆنیکا بێنهۆلت تۆمسن و کلاودیا وێرلۆف بۆ ماوەیەک لە 'جیهانی سێیەم'دا ژیاوین. کاتێک ئێمە گفتوگۆ و دانوستانی ڕۆڵی ئیشی ماڵەوە و سروشتمان دەکرد لەژێر دەستی سیستەمی سەرمایەداریدا ئێمە ئەوەمان بۆ دەرکەووت، کە کۆلۆنییەکان و ئەو وڵاتانەی لەلایەن کۆلۆنیالیزمی ئەورووپییەوە داگیرکراون بە هەمان شێوەی سروشت و ژن مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، واتا وەک "کەرەسەیەکی خاوی بەخۆڕایی" کە دەتوانرێ لەلایەن پیاوی سپییەوە بەبێ هیچ تێچوویەک بەکاربهێنرێت و بچەوسێندرێتەوە.

**جـــۆریس: تێگەیشـــتنی ئیکـــۆفێمینیزم بـــۆ کـــۆمەڵگەی ئایـــدیالی چیـــیە، هەروەهـــا لە چ ڕێـــگەیەکەوە تیـــۆردارێژەرە ئیکۆفێمێنیستەکان هەوڵ بـۆ بەدەسـتهێنانی ئەم ئامـانجە دەدەن؟ هەر لەم کۆنتێکسـتەدا، دەتـوانی زاراوەی "ڕوانـگەی بەپێـی پێویسـتی" (subsistence perspective) زیـاتر ڕوون بکەیتەوە؟**

**ماریـــا مـــیس:** کاتێـــک ئـــێمە بەدوای ئەلتەرناتیڤێکـــدا دەگەڕێـین بـۆ کـۆمەڵگەی سـەرمایەداریی بـاوک سـالاری هەبـوو ئـێمە بەمە دەڵێین ڕوانـگەی بەپێی پێویستی. ئـێمە لەبارەی کۆمەڵگەی ئایدیالییەوە قسە ناکەین، چونکە بەپێی پێویستی 'ئایدیال' نییە، بەڵکو زەروورییە. زۆر خەڵک بەم زاراوەیە ڕەخـنە دەگـرن. ئەوان دەڵـێن: "ئایـا ئەمە واتـای ئەوە نیـیە، کە جـارێکی دیـکە بـۆ سـەدەکانی ناوەڕاسـت بگەڕێینەوە؟ ئایا پێویستە جارێکی دیکە ئێمە ببینەوە بە جووتیـاری بچـووک؟ ئایـا ئـێمە دەبێت جـارێکی دیـکە بـۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانمـان داس و پاچ بەکـاربهێنینەوە؟" زۆر خەڵـک پێیـان وایە، کە بەرهەمهێنـان بەپێـی پێویسـتی شـتێکی مەحـاڵە چـونکە تەکنۆلۆژیـای مـۆدێرن توانسـتی ژیانێکی باشتری بە ئێمە داوە. هەروەهـا ئەوان پێیـان وایە گەشـەکردن و زۆربـوونی ژمـارەی دانیشـتوان فشـاری خسـتۆتە سـەر جیهـان، کە گەشـە بە تەکنۆلۆژیـای زیـاتر بدات بۆ بەخێوکردن و خۆراک پەیداکردن بۆ گەشـەکردنی ئەو ژمارە زۆرەی دانیشتوان. ئەوان پێیانوایە کە ڕوانگەی بەپێی پێویستی ئێمە وەک خەونێکی ڕۆمانسـی نووسـراوە و نەشیاوی جێبەجێکردنە لەم جیهانەدا.

*لەم کتێبەدا، سەرەتا ئەوەم ناساندووە کەچی لە بەرهەمێنان بەپێی پێویستی تێگەیشتووم:*

بەرهەمهێنان بەپێی پێویستی یان بەرهەمهێنانی ژیان هەموو ئەو ئیشانە لەخۆ دەگرێت، کە لەنێو ئافراندنم ئافراندنەوە و نۆژەنکردنەوەی خێرای ژیان فراوانکراوە و هیچ مەبەست و ئامانجێکی دیکەی نییە. بەرهەمهێنان بەپێی پێویستی بەرامبەر بەرهەمهێنانی شتوومەک و زێدە بەهای بەرهەمهێنان دەوەستێتەوە. ئامانجی بەرهەمهێنان بەپێی پێویستی بریتییە لە 'ژیان'، لە کاتێکدا ئامانجی بەرهەمهێنانی شتوومەک بریتییە لە 'پارە'، کە دەبێت پارەی زیاتر بەرهەمبهێنرێت یان سەرمایە کۆبکاتەوە. بۆ ئەم جۆرەی بەرهەمهێنان ژیان تەنیا کاریگەرییەکی لاوەکییە. ئەمە شتێکی ئاساییە، کە سیستەمی پیشەسازی سەرمایەداری ڕای بگەیەنێت هەموو شتێک کە ئەم سیستەمە دەیەوێت بەخۆڕایی بەکاریبهێنێت ئەوا دەبێتە بەشێک لە سروشت.

بەڵام ئێمە بە ژمارەیەک نموونە لە سەرانسەری جیهان پیشانماندا، کە خەڵک پێشتر دەستیان کردووە بە ڕێکخستنی ژیانی خۆیان بەگوێرەی پرەنسیپەکانی بەپێی پێویستی، بۆ نموونە بەرهەمهێنان تەنیا ئەوەندە، کە پێویستە؛ درووستکردنی کۆمۆنەی تازە، بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی ئەو شتانەی، کە لەناوخۆ و لە ناوچەکەدا شیاو و پێویستن، بۆ دوورکەوتنەوە لە گواستنەوەی خۆراک لە ناوچە دوورەکانەوە و هەروەها ئەو کەرەستە پێویستانەی کە زەروورن بۆ ژیانی ڕۆژانەمان؛

چاودێریکردن و پاراستنی سروشت و لەبیرمان بێت، کە نەوەکانی داهاتووش کەرەسە و سەرچاوەی تەواویان لەبەردەستدا بێت بۆ ژیانکردن.

لەئەمڕۆدا هەموو جیهان بەتایبەتی ئەوروپای باشور لە قەیرانی ئابووریدایە. لە یۆنان، ئیسپانیا، پورتوگال و ئیتاڵیا ڕێژەی بێکاری گەنجان گەیشتۆتە لە ٢٥%. دەوڵەت لە پێگەیەکدا نییە، کە بتوانێت ئیش دابین بکات یان یارمەتی بێکاران بدات. لەم دۆخەدا 'گەڕانەوە بۆ بەرهەمهێنان بەپێی پێویستی' هیچی دیکە کارێکی نۆستالۆژی نییە بەڵکو زەڕوورە. زۆر لە گەنجان دەگەڕێنەوە بۆ کێڵگەکانی باوانیان لە گوندەکان یان جۆرێک لە بەرهەمهێنان بەپێی پێویستی لەناو شارەکاندا درووست دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن بمێننەوە.

لەجیاتی کۆمەڵگەی ئایدیالی من زاراوەی ژیانی باش بەکاردەهێنم بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی، کە مەبەستم لە بەرهەمهێنان بەپێی پێویستی چییە. هەروەها من لەبارەی کۆمەڵگەی بەختەوەرەوە قسە ناکەم، وەک ئەوەی، کە پاشا بۆتان (king of Bhutan) وەک ئامانجی سیاسی خۆی ڕایگەیاند. بۆ پێوانەکردنی پلەی بەختەوەری خەڵکەکەی، ئەو ئیندێکسێکی بۆ گەشەکردنی بەختەوەری نیشتیمانی درووستکرد. ژیانی باش واتای ئەوە ناگەیەنێت، کە ئێمە هەمیشە بەختەوەر بین. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی، کە من مەبەستمە لە ژیانی باش و بەرهەمهێنان بەپێی پێویستی دەمەوێ دوو کورتە چیرۆک بگێڕمەوە:

دایکم، کە دوازدە منداڵی ببوو و لەهەموو ژیانیدا هەر ئیشی کردبوو لە کێڵگە بچووک پێویستەکەمان لە تەمەنی ٨٧ ساڵیدا مرد. چەند ساڵێک پێش ئەوەی بمرێت ئەو سەیری ژیانی ڕابردووی خۆیکرد و بەو ئەنجامە گەیشتبوو، کە بڵێت "ئایا ئەمە ژیانێکی باش نەبووا بێگومان ئیشکردنێکی زۆر هەبوو، بەڵام من حەزم لە ئیشکردن بوو". بۆ من ئەم ڕستەیەی دایکم ئەوە دەردەبڕێت، کە من چۆن لە ژیانی باش تێگەیشتووم. خۆزگەی ئەوە دەخوازم هەموو کەسێک لەسەر زەوی پێش ئەوەی بمرێت بتوانێ بڵێت "ئایا ئەمە ژیانێکی باش نەبووا"

من فێربووم بەرهەمهێنان بەپێی پێویستی واتای چی- نەک تەنیا بۆ تاکەکان بەڵکو بۆ هەموو جیهان- کاتێک من بۆ کۆنفرانسێک بانگهێشت کرابووم، کە لەلایەن کۆمەڵەی کاسۆلیکی ژنانی گوندەوە ڕێکخرا بوو، داوام لێکرابوو لەبارەی بەرهەمهێنان بەپێی پێویستی قسەبکەم. من کەمێک سەرم لێشێوابوو، ئایا دەبێ چی بە ژنانی گوند بڵێم لەبارەی بەرهەمهێنان بەپێی پێویست؟ کاتێک چوومە نێو هۆڵی کۆنفرانسەکەوە ئەوەم بینی، کە ژنان هەموو جۆرەکانی میوە و سەوزەی وەک: کەلەرم، پەتاتە، گێزەر، سێو، هەرمێ و هەروەها هەندێک گوڵیشیان لەسەر پلاتفۆرمەکە دانابوو. هەروەها لەسەر ئەو میوە و سەوزانەی، کە بەرهەمی ئیشی هەموو ساڵەکەیان بوو لەسەر پارچە کاغەزێک نووسیبوویان: "جیهان بریتییە لە ماڵەکەمان"! ئێستا من دەتوانم چیتر لەبارەی بەرهەمهێنان

بەپێی پێویستی بڵێم! ئەگەر هەموو خەڵک لەسەر زەوی، ژنان و پیاوان، وەک ماڵی خۆیان ئاگایان لەم جیهانە بێت و چاودێری بکەن، ئەوا جیهان دەبێتە شوێنێکی جیاواز و باشتر.

**جۆریس: یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی هزری ئیکۆفێمینیزم ئەوەیە، کە باوك سالاری بریتییە لە بناغەی سەرمایەداری- نەك وەك ئەوەی زۆر دەوترێ، کە باوك سالاری دەرئەنجامی سەرمایەدارییە. لەکتێبەکەتدا باوك سالاری و کۆکردنەوە لەسەر ئاستی جیهان: ژنان لەنێو دابەشکاری نێودەوڵەتی ئیشکردندا، تۆ ئارگومێنتی ئەوە دەکەیت، کە لەبەرئەوەی باوك سالاری بەرهەمی سەرمایەداری نییە، بۆیە بەلەناوچوونی سەرمایەداری ئەویش لەناوناچێت. تۆ ئەوەت ڕاگەیاندووە، کە چەسپاندنەوەی سێکسوالێتی بناغەیەکی بنەڕەتی چەوساندنەوەی پیاوسالارییە، ئەم دابەشکارییەی ئیش لەئەو مۆدێلەی، کە پێی دەوترێ 'پیاوی ڕاوکەرەوە" سەری هەڵداوە. لەم تێگەیشتنەدا، دەمەوێت ئەوەت لێبپرسم ئایا بەبڕوای تۆ کام خەباتەیان یەکەمییە: خەبات بۆ کۆتاییهێنان بەسەرمایەداری یان خەبات بۆ پێزانینی ئیشی بەرهەمهێنەری ژنان؟**

**ماریا میس:** لە پەیوەندی نێوان پیاوسالاری و سەرمایەداریدا پرسیارەکە ئەوە نییە کامیان پێش ئەوەی دیکەیان دێت. چەوساندنەوە و ستەمکاری بەرامبەر بە ژنان لەلایەن پیاوانەوە بریتییە لە بناغەی هەردوو سیستەمەکە. لە ئەمڕۆدا، تەنانەت من لەبارەی دوو سیستەمەوە قسە ناکەم، بەڵکو لەبارەی یەک سیستەمی

سەرمایەداری- پیاوسالارەوە قسەدەکەم. هەروەها من هیچیتر مۆدێلی 'پیاوی ڕاوکەر' بەکارناهێنم بۆ دەربڕین و ڕوونکردنەوەی ئەوەی، کە ئەم دوو سیستەمە چۆن پەیوەستن بەیەکەوە. من وا بیردەکەمەوە، کە سەرمایەداری بریتییە لە دواترین وێنەی پیاوسالاری. لەبەرئەوە کەس ناتوانێت خەبات لە دژی پیاوسالاری و خەبات لە دژی سەرمایەداری لەیەکدی جیابکاتەوە. خەباتکردن بۆ پێزانینی ئیشی بەرهەمهێنەری ژن بەدڵنیاییەوە پێویستە. بەڵام ئەگەر ئەم خەباتە تەنیا بۆ داواکاری کرێی یەکسان بۆ ژنان و پیاوان کورت بکرێتەوە ئەوا ئێمە ناتوانین بگەین بە ئاستە قووڵەکانی پیاوسالاری. بێگومان دیارکەووتن و مانیفێستی پیاوسالاری ئەمڕۆ وەک پیاوسالاری هەزارن ساڵ لەمەوبەر نییە، بەڵام لە جەوهەر و کرۆکدا هێشتاش هەمان شتن، توندوتیژی دژی ژنان، تێکشکاندنی ژنان، و چەوساندنەوەی ژنان. بۆ نموونە، کۆکردنەوەی ژنان لە شوێنی ئیشەکانیان تەنیا دەرکەوتنێکی مۆدێرنی پیاوسالارییە. ئەوە گرنگە، کە تێبگەین نهێنی زاڵبوونی پیاوان بەسەر ژناندا چییە. نهێنییەکە جیاوازی توێکاری جەستەیی نێوان دوو جێندەرەکە نییە، وەک فرۆید باوەڕی کردووە، بەڵکو توندوتیژییە. پیاوان لەڕێگەی جیناتەکانیانەوە وەک جەنگاوەر، دەستدرێژیکەری سێکسی، بکوژ یان ڕامبۆ چارەنووسیان دیاری نەکراوە. ئەوان دەبێ ڕابهێنرێن بۆ ئەوەی ببن بە مەکینەی کوشتن. پیاوان دەبێت فێرکرابن بۆ ئەوەی بەسەر خووە

سروشـــتییەکانیان و ترســـیان لە کوشـــتن زاڵبـــبن. ئەوان دەبێت ڕاهێنـرابن بـۆ ئەوەی بـبن بە فـڕۆکەوان و ڕۆکێت فڕێبدەنە سـەر ئامـانجە مرۆڤییەکان، یان بە جۆرێکی دی بێـژین خەڵکـی نەناسـراو لەسـەر زەوی. دوای تراومـای دۆڕانـی جەنگـی ڤێتنـام، پیـاوە گەنـجە ئەمریکییەکـان نەیاندەویست جارێکی دیکە بچنەوە بۆ شەڕ. پاشان فیلمی ڕامبۆ هاتە سینەماکانەوە. ڕامبۆ پیاوێک بوو بە جلوبەرگی شـەڕکردنەوە، بەتەواوی چەکـداربوو لە سـەرییەوە تـاکو پێیەکـانی، هەمـوو جـۆرە چەکێکـی بە جەسـتەی خۆیـدا هەڵواسـی بـوو، کلاشـینکۆفی لەنـاو دەسـتیدا بـوو، لە دژی دووژمـن شـەڕی دەکـرد و دەی کوشـتن. ئەم فـیلمە زۆر بـاوبوو لە ئەمریکـا بـووە هـۆی ئەوەی، کە پیـاوە گەنـجە ئەمریکییەکان جارێکی دیکە ئامادەبن بچنەوە بۆ شـەڕ. لە ئەمـــــڕۆدا، وەزارەتەکـــانی بەرگـــری پێویســـــتیان بە بەرهەمهێنـانی فیلمـی زیـاتی وەک ڕامبـۆ نیـیە بـۆئەوەی گەنجـان بگەڕێنـنەوە بـۆ بەرەکـانی شـەڕ. ئەم ئیشـە زۆر کـــــاریگەرترە لەلایەن پیشەســـــازی بەرهەمهێنـــــانی و گەشەکردنی یارییە ئەلیکترۆنییەکانەوە دەکرێت.

**جۆریس: یەکێك لە بەشەکانی ئیکـۆفێمینیزم بە هەسـتە ڕۆحانییەکـانە، کە پێشـنیازی ئەوە دەکـات ژنـان زیـاتر لە سروشـتەوە نـزیکن نەك لە پیـاوانەوە، هەروەهـا داهێنـانە زانســـتییەکان خزمەتـــی بەردەوامـــی زاڵبـــوونی کولتـــوور (هۆشـەکێتی/پیاو) بەسـەر سروشـت (سـۆزەکی/ژن) دەکـات، لەبەرئەوە کاتێـك لێـی دەربـاز دەبـین ئەگەر کـۆمەڵگەی**

**یەکسانی ڕاستەقینە هاتبێتە ئاراوە. تۆلە کوێیی ئەم باسەدایت، دەتوانی ڕوونکردنەوەی زیاتر لەبارەی دوانێتی ئیکۆفێمینیزمی ماتریالی و ڕۆحی بدەیت؟**

**هەروەها چۆن وەڵامی ئەو ڕەخنانە دەدەیتەوە، کە لە ئایدۆلۆژی ئیکۆفێمینیزم دەگیرێن کە پێشنیازی ئەوە دەکەن ئیکۆفێمینیزم لە ڕێگەی ئەو زمان و ستایلەی بەکاری دەهێنێ لەگەڵ ئەو پشتگیرییەی لە جیاوازییە بنەڕەتییەکانی نێوان ژنان و پیاوان دەیکات، دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانەوەی ئەو دوانێتییەی نێوان ژن و پیاو، کە هەوڵدەدرێت کۆتایی پێبهێنرێت؟**

**ماریا میس:** من بەشێک نیم لە ڕوانگەی 'ئیکۆفێمینیستی ڕۆحانی'، کە وا بیردەکەنەوە ژنان لە سروشتەوە نزیکترن تا لە پیاوان هەروەها هۆشەکێتی کایەی پیاوانە لە کاتێکدا سۆزەکێتی کایەی ژنانە. ئەمە ڕاستە، کە گەشەکردنی زانست و تەکنۆلۆژیی مۆدێرن بەزۆری بەرهەمی ئیشی پیاوانە. بەڵام ئەمە لەبەرئەوە نییە، کە لە جینەکانیاندا وەک داهێنەر دیاریکراون. پیاوان بە هەمان شێوەی ژنان هەم هۆشەکی و هەم سۆزەکین. بۆیە جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوان ژنان و پیاواندا نییە. ئەو فاکتەی، کە ئەمڕۆ پیاوان وەک زۆر هۆشەکیتر لە ژنان دادەنرێن دەرەنجامی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە، کە لە ڕێنیسانسەوە دەست پێدەکات دوای ئەوەی زانینی 'ژنە داناکان'، مامانەکان کە دەیانزانی چۆن یارمەتی ژنان بدەن لەکاتی لە دایکبوونی منداڵەکانیاندا، بە شێوەیەکی توندوتیژانە لەناوبران لە ماوەی ڕاوکردن و کوشتنی جادووگەرەکان لە ئەوروپادا. 'پیاوی نوێ' وەک فرانسیس

بەیکــن دەی وت، گریمــانەی ئەوە دەکــرد کە لە ڕێــگەی زانســـتی ئــۆبژێکتیڤەوە فەرمـــانڕەوایی جیهـــان بکـــات. ئەرکەکەی بــریتییە لە ڕووخانــدنی ســـەرجەم 'سروشــتی کێــوی' بــۆ ئەوەی ڕامــی بکــات، بە شارســتانی بکــات و زۆری لێ بکات بۆئەوەی بێتە خزمەتی 'پیاوی هۆشمەند'. ئەگەر ئـــێمە ســـــەیری ئەو دەرئەنجـــامە مـــۆدێرن و زانستەســـادەکراوە بکەیـــن، ئەوە دەبینـــین، کە جیهـــانی نەکردووە بە شوێنێکی باشتر. وزەی ئەتۆمی، تەکنۆلۆژیی بەرهەمهێنانەوە و جینات، داهێنانەکانی بایۆتەکنۆلۆژی و تەکنۆلۆژییەکـانی دیـکەی پێشخســتنی سروشــت بـوونەتە هـۆی زیـاتر وێرانکردنـی سروشـت. خەبـاتکردن دژی ئەو داهێنـانە نوێیـانە مـن و ڤانـدانا شـیڤای پێکەو کـۆکردەوە. ئـێمە وانەکانمـان لە ڕێـگەی دانیشـتن لە کتێبخانەکـان و خوێندنەوەی کتێبەکـانەوە لەبـارەی ئیکۆلـۆژی و فێمینیـزم فێرنەبووین، بەڵکو لە ڕێگەی بەشداریکردن لە خەباتەکانی دژی پیاوســالاریی ســەرمایەداری جیهـانی و ســتراتیژییە نیولیبڕاڵەکــانی، کە دەیەوێــت دەستبەســـەر سروشـــت و خەڵـک دابگرێـت و لەپێنـاو قـازانج و بەرژەوەنـدی خـۆی کۆنترۆڵیان بکات و بەکاریان بهێنێت. کتێبی ئیکـۆفێمینیزم بریتییە لە دەرەنجامی خەباتە هاوبەشەکانمان.

لەبــارەی دوانێتــی نێــوان ئیکــۆفێمینیزمی ماتریــالی و ڕۆحــانی، مــن ڕای دەگەیەنــم، کە مــن ئیکۆفێمێنیســتێکی ماتریالیم. ئاخر ڕۆحانییەت ناتوانێ بەتەنیا بوونی هەبێت، بەڵکو دەبێت لەنێو بوونێکی ماتریالیدا بەرجەستە ببێت. ئەم دوانێتییەی نێوان ماتریال و ڕۆحانیەت بە شـێوەیەکی

سـەرەکی ڕەگـی لەنێـو ئـاینە یەکتاپەرسـتەکانی وەک جودایزم، مەسیحیەت و ئیسلامدا هەیە. خوای ناماتریالی نادیـار، کە بـریتییە لە ڕۆحـی پەتـی پیـاوی لەسـەر زەوی درووسـتکردووە. پاشـان ڕۆحـی خۆی بـۆ نـاردووە تـاکو زینـدوو بێـت و بژیـت. ئەمە واتـای ئەوەیە، کە سروشـت، زەوی بە تەنیـا خـۆی توانـای دروسـتکردنی ژیـانی نیـیە. سروشت مـادەیەکی مـردووە. هەروەهـا ئەم مـادە مـردووە ناپـاکژ و تاوانبـارە. ئەم دوانێتییە لە نێوان ڕۆحـی بـاش و ناماتریال لەگەڵ جیهانی ماتریال، خراپ و ناپاکژ دا ئەمە هـاوتەرییە لەگەڵ دوانێتـی نێـوان ژنـان و پیـاوان. وەک پێشـتر وتـرا: "پیـاو هەڵگـری زیرەکـی و هۆشـەکێتییە، ژن سروشـتە، زەویـیە، کە دەبێـت 'دووگیـان' بکرێـت لەلایەن پیـاوەوە، بـۆئەوەی منـداڵ بخـاتەوە، بەتـایبەتی کـوڕ". ڕۆح تـوخمی ژیـان بەخشـە بێگومـان بـۆیە لە مـاتەر (ئەسـتوو) بـاڵاترە. ئەم جیهـانبینییە شارسـتانیەتی ئێمەی لە خۆرئـاوا دروســـت کـــردووە: ئیسۆســـەکەی، کولتـــوورەکەی، زانستەکەی، ئاینەکەی، دامەزراوە کۆمەڵایەتی، سیاسـی و ئابوورییەکـانی دروسـتکردووە. تەنـانەت ڕۆشـنگەری و سێکولاریسـیۆنی ئـاینیش ئەم دوانێتیـیەی نێـوان ڕۆحـی چاک و مادەی خراپی نەگۆڕیوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ من مادە گرنگە. مـادە مـردوو نییە. هەسارەکەمان تۆپێکی مردووی مادە کیمیاییە جیاوازەکـان نیـیە. بەڵکـو هەسـارەکەمان ئۆرگـانیزمێکی زینـدووە و بەردەوامە لە دروسـتکردنی ژیـان. زەوی دایکـی ژیـانە.

ئەوەی پێــی دەوتــرێ دوانێتــی نێــوان ڕۆح و مــادە لە جیاوازی نێوان ئیکۆفێمینیزمی ڕۆحی و مادی قوووڵترە. ئەگەر ئێمە بەڕاستی بمانەوێت خۆمان لەم بیرکردنەوە دوانێتییە ئازاد بکەین ئەوا پێویستە ئێمە لە ڕوانگەیەکی دیــکەوە ســەیری جیهــان بکەیــن. ئەم ڕوانــگەیەی دی هێشتاش لەنێو زۆر خەڵکی ڕەسەنی وڵاتان بوونی هەیە، کە وەک دایکیان ڕێز لە زەوی دەگرن. ئێمە هەموومان، ژنان، پیاوان، ئاژەڵان، و ڕووەکەکان منداڵی دایکە زەویین. ئێمە تەنیا یەک دایکمان هەیە. بۆیە پێویستە ڕێزی بگرین و بیپارێزین.

**جۆریس: دەتوانی لە ڕوانگەیەکی ئیکۆفێمێنیستانەوە باس لە سەرهەڵدان و خۆپیشاندانەکانی ئێستای جیهان بکەی، کە سەرەڕای جیاوازییان هەموویان لە مەدا یەکدەگرنەوە، کە داوای دیموکراسی ڕاستەقینە و ڕەتکردنەوە سەرمایەداری نیولیبڕاڵ دەکەن؟ لە ڕوانگەی تۆوە لەم داواکاری و کردارانەی بزووتنەوەی چالاکوانە هاوچەرخەکان چ شتێك ونە؟**

**ماریا میس:** کاتێک من وەک ئیکۆفێمێنیستێک سەیری سەرهەڵدانەکانی ئێستای جیهان دەکەم، وەک: بزووتنەوەی ئۆکیوپای لە ئەمریکا، سەرهەڵدانەکانی جیهانی عەرەبی (میسر، لیبیا، تونس)، لە تورکیا و زۆر لە وڵاتانی دیکەی جیهان، لەوە تێدەگەم، کە ئامانجی سەرەکی زۆرینەیان تەنیا 'دیموکراسی ڕاستەقینە'یە. من وا هەستدەکەم، کە ئەم ئامانجە زۆر کورتبینانەیە.

ئامانجی زۆر لەم خەباتانە تەنیا ڕووخاندنی دیکتاتۆر و دامەزراندنی ڕژێمێکی جیاوازە. من گوێبیستی ئەوە نەبووم، کە خۆپیشاندەران هەروەها لە دژی سەرمایەداری، وێرانکردنی ژینگەش خەبات بکەن و داوای سیستەمێکی ئابووری ئەلتەرناتیڤ بکەن.

بزووتنەوەی ئۆکیوپای لە نیۆرک تابووی قسەنەکردن لەبارەی سەرمایەداری شکاند. چالاکوانەکان هێرشیان کردە سەر نیولیبڕالیزم، بانکە گەورەکان و کۆمپانیا جیهانییەکان. بەڵام ئەوەندی من بزانم هیچ ڕەخنەیەکی ڕاستەوخۆ نەبووە بۆ سەر سەرمایەداری پیاوسالار. لە تەلەفیزیۆن بینم، کە لە خۆپیشاندانەکانی میسر و تورکیا ژمارەیەکی زۆری ژنان بەشدارییان کردووە، هەندێکیان بە سەرپۆشەوە و هەندێکیان بێسەرپۆش. بۆ زۆربەی خەڵک لە خۆرئاوا پرسیارەکە ئەوەیە، کە ئەو ژنانەی بەشداریان کردووە سەریان داپۆشیوە یان نا. سەرپۆش بووە بە ڕەمزێکی ئایینی و سیاسی. جگەلە تورکیا من پەیوەندی کەسیم لەگەڵ ژنانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست نییە. لەبەرئەوە ناتوانم بڵێم ژنان چۆن بیر لە ئامانجەکانی ئەم سەرهەڵدان و خۆپیشاندانانە دەکەنەوە، ئایا دانوستان و گفتوگۆ لەبارەی 'پرسی ژن' هەیە لەم سەرهەڵدانانەدا؛ هەروەها لەبارەی ئەوەی، کە پیاوان چۆن لەبارەی ئازادبوونی ژنانەوە بیردەکەنەوە.

من ئەوە دەزانم، کە لە تورکیا فێمینیزم کێشەیەکی گرنگە لە بزووتنەوەی پرۆتێستەکان. دوو کتێبم وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی تورکی و لە تورکیا

بڵاوبــوونەتەوە. هــاوڕێ تورکەکــانم پێیــان وتــووم، کە کتێبەکـانم لە تورکیـادا زۆر ناسـراون. ئەمە ئەوە پیشـان دەدات سەرهەڵدانەکانی جیهان سـەرەڕای کورتهێنانیان لە بـواری سـتراتیژی و بنەمـای تیۆرییـان، ڕەنگە ببنە هـۆی هێنـانەگۆڕێی پرسـیاری قـووڵی وەک ئەمە: ئـێمە لەنێـو چ سیستەمێکدا دەژین؟ ئایا مۆدێلی ژیانی خۆرئاوایی شـتێکە شـایەنی ئەوە بێـت خەبـاتی بـۆ بکرێـت؟ لە داهـاتوودا پەیوەنـدی نێـوان پیـاو و ژن چـۆن دەبێـت؟ بـۆچی لە ئەمڕۆدا، شەڕەکان بوونەتە شتێکی زۆر باو؟ ئایا ئاین چ ڕۆڵێکی لەم شەڕە نوێیانەدا هەیە؟ ئەلتەرناتیڤەکان چین؟

**جـۆریس: لە کۆتاییـدا، دەمەوێـت بپرسـم بەبـڕوای تـۆ تیۆرییەکـانی ئیکـۆفیمێنیزم چـۆن دەتـوانن بـزووتنەوەی چالاکوانە هاوچەرخەکان دەوڵەمەند بکەن؟**

**ماریا میس:** لە ڕوانگەی منەوە ئیکۆفێمینیزم دەتوانێ ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە سەرهەڵدانە تازەکانی گەنجان لە سەرانسەری جیهان، چونکە خەباتی پاراستنی سروشت و ئــازادکردنی ژن لە ئەجێنــدادایە لە هەمــوو شــوێنێک. تێگەیشتنە تیۆرییەکانی ئێمە ئیکۆفێمێنیستە کۆنەکان، کە لە مــاوەی خەبــاتە جیهانییەکەمــان بەدەســتمان هێنــاوە دەتوانێ خەڵکانی گەنج فێربکات، کە ئەمە شتێکی گرنگ و بەسوودە کە ڕووبەڕووی دەسەڵاتەکانی ئەمڕۆی جیهان ببیــتەوە و پێیــان بڵێــی نەخێــر. تیۆرییەکانمــان لە ئەزموونەکانمــانەوە ســەریهەڵداوە، کە لە مــاوەی خەباتەکەماندا بەدەستمان هێناوە، ئێمە لە پراکتیکەوە

فێریـــان بـــووین. ئـــێمە هەرگیـــز نەمانـــدەتوانی کتێبـــی ئیکـــۆفێمینیزم بنووســـین ئەگەر پێشـــتر ئـــێمە ڤانـــدانا لە هیندســـتان و مـــن لە ئەڵمانیـــا، یەکتریمـــان نەبینیبـــوایە و ئەوەمـــان نەدۆزیبـــوایەوە، کە خەباتەکەمـــان هاوبەشـــە ســـەرەڕای جیـــاوازی جـــوگرافی، کولتـــووری و تەمەنەوە. ئەمە ئەزمـــوونێکی گەورە و کـــاریگەر و هیوابەخشـــە. ئەمە پیشانمان دەدات، کە سەرەڕای ئەوەش، کە ئێمە جیاوازین بەڵام نابێت ئەو جیاوازیانە دابەشمان بکەن، چونکە ئێمە خـــــاوەنی پرســـــێکی هاوبەشـــــین. لەبەرئەوە ئـــــێمە بزووتنەوەیەکمـــان دامەزرانـــد: فرەیـــی ژنـــان بـــۆ فرەیـــی (DWD). ئێمە جەختمان لەسەر ئەوە کردەوە کە پاراستنی فرەیی لە نێوان مرۆڤەکان، هەروەها لە نێوان ئاژەڵان و ڕووەکەکانیش تاکە ڕێگەیە بۆ پاراستنی ژیان لەسەر ئەم هەسارەیە. تاک کولتووری ژیان دەکوژێت.

ئامۆژگاریم بۆ گەنجە چالاکوانەکان لە هەموو وڵاتان ئەوەیە، کە کۆبـوونەوەی نێـودەڵەتی ڕێکـبخەن، کە تێیـدا خەڵک دەتوانن یەکدی ببینن و ئاڵوگۆڕی فرەیی ئەزموون، ئاستەنگەکان، ئایدیاکان، تیۆرییەکان بکەن و لە ئەنجامدا کۆمەڵەیەکی نێودەوڵەتی سەبارەت بە پرسێکی هاوبەش دروستبکەن. ئێمە بە سەدان کۆبوونەوەی نێودەوڵەتی بەم شـێوەیەمان ڕێکخســتووە و بەشـداریمان تێـدا کـردووە، وەک کۆبـــــوونەوەی ئیکـــــۆفێمینیزم، ژینگەیـــــی، دژە-جیهـانگەرایی و کۆبـوونەوەی ئاشـتی. لەم کۆبـوونەوانەدا ژنـان و پیـاوان ئامـادەبوون. کێشـەی جێنـدەر هیچـی تـر

بــوونی نەبــوو. ئەم جــۆرە کۆبــوونەوە نێودەوڵەتییــانە زەروورن ئەگەر بمانەوێت خەڵک یەکدی بناسـن، متمـانە بەیەکدی بکەن و ببن بە هاوڕێی یەکدی. بەبێ ئەم جۆرە کۆبـوونەوە ڕاسـتەوخۆیانەی خەڵک بـزووتنەوەکە دەبێـتە شتێکی بێبەرهەم- پەیوەندی دیجیتـاڵی بەس نییە بۆ ئەم جــــۆرە بــــزووتنەوە زینــــدوانە. هیــــوادارم دووبــــارە چــاپکردنەوەی کتێبــی ئیکــۆفێمینیزم کــاریگەری لەســەر چالاکوانەکان دابنێت و خەباتەکەیان دەوڵەندتر بکات، تاکو ئەوە ببینـین، کە خەبـاتکردن پـێکەوە بـۆ جیهـانێکی باشـتر تەنیا ئیشێکی قورس نییە، بەڵکو شادییەکی گەورەشە٠

سەرچاوە:

Ecofeminism, second edition, by Maria Mies and Vandana Shiva, London, Zed Books,. 2014

# هزری کۆمەڵایەتی و سیاسیی باڵادەست و ڕەخنەی فێمینیزم

کریس بیسلی

لە فارسییەوە: ئەرسەلان حەسەن

بیرمەنـدانی فێمنیسـت، بە جیـا لە ڕەوتـی سـەرەکیی فێمنیـزم وەک کـارێکی نـوێ داهێنـراو و یـاخیگەریی وەردەگـرن. بەتایـایەخی دوورنمـای ڕەگەزییـەوە ئـاوڕ لە جۆرەکـانی هـزر دەدەنەوە، کێشـەکە بەمەبەسـتی پیـاوانە دوادەخەن. هزری "باو" یان "ڕەوتی سەرەکی"ی خۆرئاوا، لە ڕوانـگەی نووسـەرانی فێمنیسـتەوە، (کە لە ئەفلاتـون و هۆبزەوە بیگـرە تـا سـارتەر و هابرمـاس، بیریـارێکی زۆر دەگـرێتەوە)، کە واباشـترە لە شـوێنی تێفکرینـی "ڕەوتـی پیـاوانە" باسـیبکرێت، بۆیە پێویسـتە گومـان لە متمـانەکەی بکرێـت. پچڕانـی فێمینیـزم لە هـزری بـاوی نـاوبراو و هەڵوێسـتە ڕەخنەییـەکەی لە بەرامبەریـدا، گـوڕ و ئاسـتی چەندە. هەمـوو هەوڵـم لەو پێنـاوەدا دەبێت هێڵی تێکڕایی بەشێک لە پارامێترە گشتییەکان بخەمەڕوو، کە فێمنیزم لە چ توخمگەلێــک پێکهــاتووە و بە پیشــاندانی چــۆنیەتیی ڕەخـنەی بەشــە جۆراوجۆرەکـانی فێمنیـزم، لە ڕوانـگەی ڕەوتـی سـەرەکی و هەر لەو نـاوەدا تێڕوانینـی فێمنیسـتیی جیاجیا لێک جیادەکەمەوە.

## فێمنیزم و ڕەخنەی شەڕانگێزیی ژن

ئاشکرایە، کە بیردۆزە شرۆڤەکانی فێمنیستی لە بـابەت هــزری بــاو، شانبەشــانی ڕەوتــی ســەرەکیی هــزری کــۆمەڵایەتی و سیاســی پێگەیشــتوون. لە واقیعــدا لە دوورکەوتنەوەیـان لە ڕەوتـی سـەرەکی هاتوونەتـە ئـاراوە. شـێوەیەک لە شـێوەکانی ڕەچەدانـانی ئەو جیـابوونەوەیە بـریتییە لە سـەرنجدان لە تۆمـاری بڵاوکراوەکـانی زانکۆ،

هێــزی ئاشــکرای وتــاری ڕوونــاکبیری و زانکــۆیی. ئەو بڵاوکــراوانەی، کە بەکــردەوە لە هــزری کــۆمەڵایەتی و سیاسی دەکۆڵنەوە، حەزدەکەن لە بەرهەمە بەرچاوەکانی تیــۆردارێژانی پیــاو بکــۆڵنەوە، زۆرتــر کەوتــوونەتە ژێــر دەسەڵاتی نووسەرانی پیاوەوە، بە گەڕانەوەیەکی کەم بۆ تیۆردارێژەرانی ژن، شیکاریی فێمنستی یا پێگەی ژن لە ژیــانی کــۆمەڵایەتی و سیاســیدا. لە بەرامــبەردا ئەو بڵاوکراوانەی، کە دەکرێت ناویان بنێیت فێمینستی، لەژێر دەسەڵاتی ئەو ژنە نووسەرانەدایە کە لە بارەی ڕوانگەی تیۆردارێژەرانی کلاسیک و هاوچەرخی پیاو، لە باسەکان دەکــۆڵنەوە. بێشــک ڕەوتــی ئەندێشــەکان لە بڵاوکــراوە زانکۆییەکــان شــێوەیەکیانە. دەکرێــت ئەو ڕەوتە بەشــی زۆری مامەڵەی یەکلایەنەی نێوان تیۆر و تیۆردارێژەرانی فێمنستی و ڕەوتی سەرەکی ڕوونبکاتەوە. وێڕای ئەوە، نووســـەرانی فێمنیســـت بەتەوســـەوە وەک کەســـانێک دەناسرێن، کە بە شێوەیەکی نموونەییانە هۆگری مەیدانی تەواو پسپۆڕین، بەبێ لێهاتوویی (بەربڵاوتر) و بەهۆی جوداخوازی ڕەگەزییەوە دەستنیشاندەکرێن.

ڕەوتــی ســەرەکیی تیــۆری کــۆمەڵایەتی و سیاســیی هاوچەرخ، بەڕوونی دوور لە هزری فێمنستی پێکهاتووە. بەم حــاڵە، فێمنســتەکان بەڵگەیــان هێنــاوەتەوە، کە ئەو واقیعیەتە تەنیا بەشێکە لە سێ پرۆسەی پێش ڕەوتەکە: ســڕینەوە، پەراوێــز خســتن و بەســووکدانانی ژنــان و بۆچوونەکانیان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی (کاتێک بەسووکدانان ڕوودەدات، کە ئەزموونەکانی ژنان بەپێی

پەیوەنـدییان بە پیـاوانەوە شـرۆڤە بکـرێتەوە، کاتێـک بە نووسـەرانی فێمینیسـت دەوترێـت باسـی بـابەتی "گەورە" مەکەن، یا کاتێک نووسەرانی فێمینیست لەڕووی نەرمی و بەزەییەوە بە بەڕێز دەزانرێن).

پێـــدەچێت ڕوانـــگەی تـــایبەتی لە بـــارەی هـــزری کـۆمەڵایەتی و سیاسـیی بـاو بـەئاشـکرا وابنوێنێـت، کە فێمنیـــزم دژی چوارچێـــوە تیۆرییەکـــانە. ئەو ڕوانـــگەیە ڕەخنەیەک دەگرێتەوە، کە بریتییە لە ڕەخنەی شەڕانگێزیی ژن، وەهمـی لەسـەرووتری و ناوەندییەتی پیـاو. هەروەک تیـل دەڵێـت: (فێمینیسـتەکان باوەڕیـان وایە، کە پیـاوان تیۆری کۆمەڵایەتی و سیاسییان بۆ پیاوان و دەربارەی پیاوان نووسیووە، هێشتاش بەشی زۆری هەر وایە).

## کاردانەوەی فێمنیستی بۆ شەڕانگێزیی ژن

هەرچەنـد لێکـدانەوە فێمنیسـتییەکان ڕەخـنە لە ڕەوتـی سـەرەکیی هـزر دەگـرن، چەنـدین کـاردانەوەی فێمنیسـتیی جیاجیا، وەک پێویستنەبوونی هـزری نـاوبراو لەگۆڕێبووە. لەو نـــاوەدا بەکـــورتی ژمـــارەیەک کـــاردانەوەی گرنـــگ دەخەیـنەڕوو. یەکەم کـاردانەوە، گرەنتـی ئەو ڕوانـگەیەیە، کە ژنـان و تیـۆرداڕێژەرانی ژن لە تیـۆری کـۆمەڵایەتی و سیاسـیی خۆرئـاوادا سـڕاونەتەوە (ڕەنگە بە ڕیـزپەڕ مری وڵستۆن کرافت) و بۆیە گێڕانەوەیان بۆ نـاو ئەو مەیدانە، ئەرکی بیریارانی فێمنیستە (لە کاتێکدا، کە بەشی بەرچاوی هـزری بـاو بە دەسـتلێنەدراوی دەهێڵـنەوە). دەکرێـت ئەو پرۆســـەیە وەکـــو تێڕوانینێکـــی جیهـــانگیر بـــدەینەپاڵ

تـــــاریفکردنی. لێـــــرەدا جەختکــــــردنەوەیە لە ترســـــی کردەگەڕێتییانەی پەیوەست بە ڕیفۆرمی هزری خۆرئاوای چاودێر بەوەی، کە لە ڕوانگەی سیاسییەوە مەیسەرە.

ڕوانگەی دووەم، بە هەمان شێوە، کە کلارک و لانگ پێشنیازییان کرد، نیشانیدەدات، کە (تیۆری سیاسیی باو لەژێر ڕۆشنایی تێڕوانینی داهاتووی "فێمنیستی" هاوچەرخ تەواو شکستیهێناوە). ئەم قسەیە بە مانای (ڕەخنەیەک، ڕەتکردنەوە و دەستپێکردنەوە) یان (دەستپێکردنەوەی نەخشەی نوێ) دەبێت. تێڕوانینێکی وەها بە سەرکەوتنی هەر بەرنامەیەکی کار بۆ (چاکسازی و پێداچوونەوە)، بە چاوێکی گوماناوی لە هزرە باوەکان دەڕوانێت، ئەوەش بەو بەڵگەیەی، کە هزری ناوبراو لەسەر بنچینەی وێنای زنجیرەی ڕەگەزی وەستاوەتەوە.

سەرەنجام، دەگەینە ئەو ڕوانگەیەی کە ڕاهێنانی چوارچێوەیەکی تیۆری تەواو پوختەکراو لە چاوپێداخشاندنەوەی ڕابردوو، یان تەرککردنی مێژووی باڵادەستی پیاوانە لە ئێمە، ئاسان نییە. بەڵگەی چاوپێداخشاندنەوەی لەم چەشنە ئەوەیە، کە ئێمە ناتوانین لە دەق و مەیدانی کۆمەڵایەتی و فکریمان ڕابکەین، بە شێوازێکی تەوس ئاسا، بەڵگەدێنێتەوە، کە دەکرێت وەک ئامرازێک بۆ شیکردنەوەی خودی تیۆری فێمنیستی لە هزری باو بڕوانین، چونکە هەر ڕادەیەک، کە تێگەیشتنمان لە سیاسەتی ڕەگەزی میراتی کولتووری و فکریمان زۆرتربێت، تواناما‌ن لە شرۆڤەکردن و گۆڕینی شێوازەکەی زۆرتردەبێت. لێرەدا هزری فێمنیستی وەک

ئاشکراکردنی تایبەتمەندێتیی ڕقاویی شوناسی تیۆریکی هەبوو، وەردەگیردرێت، کە ڕەگەزیان وەک ڕووی وێکنەچووی سەرەکیی بەرجەستەکردووە. ئەم لێڕوانینە بریتییە لە (نۆژەنکردنەوە و گۆڕینی شێواز). دەکرێت بەم شێوەیە وەسفی ڕوانگەی سەرەوە بکەیت: (خوری فڕێمەدە، بەڵکو جلوبەرگەکەی هەڵگرەوە و جارێکی دیکە بیچنەوە، تەنانەت بۆ چەندین جار).

## خستنە ململانێی پێگەی دەستڕۆیشتووی ژنان، وەك ڕەگەزی دووەم یان جگە لە پیاو

پێشتر ئاماژە بەوە کرا، کە ڕێککەوتنی تێبینیکراوی نێوان فێمنیستەکان هەیە لە بابەت ناپێویستبوونی هزری کۆمەڵایەتی و سیاسیی باو، وێڕای ئەمانە لە ڕوانگەی بابەتێک لێکجیان، کە لەبەرامبەر ئەو ناپێویستییە هەڵیدەبژێرن. دەکرێت بەم شێوەیە لە وەسفکردنی فێمنیزم نزیکتربینەوە، چونکە لە پێداچوونەوە دا ئەگەری ئاشکرابوونی، بەشێک لە ڕێککەوتنە تێکڕاییەکان هەیە، نەک ستراتیژییەکان. سەرەڕای ئەوەی، ڕێککەوتنی تێکڕایی لەم بارەیەوە هەیە، کە چ هۆکارێک دەبنەهۆی ناپێویستبوونی تیۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی. بە دەربڕینێکی دیکە، لەبارەی کەمووکوڕیی هەبوو لە ناوەڕۆکی هزری باویش، ڕێککەوتن مسۆگەرە. ڕەنگە بێرنارت موسالا کاتێک کێشەی کۆدەنگی ناوبراوی کورتکردبێتەوە، کە باسی ڕەوتی سەرەکیی هزر دەکات،

(کەوتـــنەوە ژێـــر ســـتەمی پیـــاوان، تراژیـــدیا. کەوتـــنەوە ژێرستەمی ژنان، باوە).

زۆرجـار نووسـەرانی فێمنیسـتی بیرمانـدەخەنەوە، کە ڕەوتی سەرەکیی هـزری کۆمەڵایەتی و سیاسـی، بەزۆری و بەڕاشـــکاوی بە شـــێوەیەکی ئامـــاژەگەرانە پـــێگەی دەستڕۆیشتووی ژنانیان، لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسـی قبـــووڵ کـــردووە و پشـــتگیریدەکەن. فێمنیســـتەکان بەڵگەدێنـنەوە، کە ڕەوتـی سـەرەکیی زارەکـی بەگشـتی کۆتکردنی ژنان بەڵگەنەویست گریمـانە دەکات، ئەم بـابەتە لە تێفکرینـی سیاسـی بە گرنگـی تەوەر وێنادەکـات. چ شـێوەی جۆراوجـۆری ڕەوتـی سـەرەکیی هـزری بـابەتی پێشـکەوتوو، لە مەیـدانی ڕزگـاری، یەکسـانی و مافەکـان هەڵببژێـرن چ هەڵـی نەبژێـرن، هەموویـان ئـارەزووی پەســەنـدکردنی ئەو مانایەیـان هەیە، کە پـێگەی ژنـان هەرئەوەیە، کە پێشـــتر هەبـــووە، تـــا ڕاددەیەک وەک پەراوێزێـک چـاو بەو وتەزایەدا دەگێڕێـت. بەپێـی ڕای پۆرتەر، پێدەچێت، کە کۆتی پەسـەندکراوی ژنـان بەدوو شێوەی سەرەکی و بەڕاشکاوی لە ڕەوتی سـەرەکیی هـزر دەرکەوتووە.

ڕوانـگەی یەکەم، بۆچوونێـک لەخۆدەگرێـت، کە ژنـان وەک هاودەمێکی ناتەواو وەردەگرێت. لێرەدا ژنان بەپێی ویســتی پیــاوان دڵچەڕێــن، مشــوور خــواردنی مــاڵ، پەروەردەکردنـی منـداڵان و هاوشـێوەیان پێناسـەدەکرێن. بەتـــایبەت چاوپێـــداگێڕانەوەیەکی لەم چەشـــنە لە خواوەنـدییەتیی جـوولەکە - کریسـتیانی و فەلسـەفەی

یۆناندا دیارە، کە هەردووکیان گرنگیی بنەمایی خۆیان لە تێگەیشتنی سیاسیی خۆرئاوای هاوچەرخ، هەروەها بە شێوەیەکی تێکڕایی لە میراتی کولتووریی خۆرئاوا، پاراستووە. دەکرێت لەلای ئەرستۆ، سۆراخی نموونەیەکی ئەو بۆچوونە لەبارەی ژنانەوە بکەین. پاساوی ئەوەیە، کە (گیانی عەقڵانی قەت لە کۆیلەیەکدا نییە، لە تاکی مێینە دا شوێنەواری نەبووە، و لە منداڵێکدا پێکنەهاتووە). ئەرستۆ (عەقڵانیەت) بەتایبەتمەندییەتی باشی ئەخلاقی و زەڕبەی نەفس دەبەستێتەوە. بەمەش بەگوێرەی ڕاکەی ژنان پێویستییان بە چاودێری و جڵەوکردن و لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە ناجێگیرن. وەک نموونەیەکی دیکەی لەم بابەتە، دەکرێت باسی قەشە ئاگۆستین بکرێت. پاڵنەری تەمەنی ئاگۆستین ئەوەیە، کە تەنیا پیاو لەشێوەی خوا درووستکراوە. بەپێی ڕای ئەو، ژنان بوونەوەری ناتەواون، چونکە شێوەی خوای، بە ڕوانگەی تایبەتی دەربارەی ژێری دەبەستەوە. پێگەی ورەیی و کۆمەڵایەتیی نزمتری ژنان، ئاکامی پەیوەندییان بە هەوەس و سروشتەوە، لە کاتێکدا، کە پیاوان بۆ عەقڵ و دەسەڵات تەرخان دەبن. جارێکی دیکە ژنان تەنیا دەتوانن، بە سەرنجدان بە ناتەواوی و چوارچێوەکانی خۆیان لە چێوەی یاوەر و خزمەتکاردا دەرکەون. ئەم بۆچوونە دەربارەی ژنان وەک بوونەوەری ناتەواو بۆ پیاوان، ژنانی کردووەتە ڕەگەزی دووەم، وەک مرۆڤی لاواز و خەوشدار. ئەمڕۆ ڕوانگەیەکی لەم چەشنە لەبەشی زۆری هزری خۆرئاوا دا دیارە.

دووەم: فێمنستەکان لە ڕەوتی سەرەکیی هزر، بۆچوونێک لەبارەی ژنان وەکو بووونەوەری جیاواز، بەڵام تەواوکەریان دۆزیوەتەوە. ئەم لێکدانەوەیە، گرانبەهابوونی هەردوو ڕەگەز گریمانە دەکات. بەم حاڵە، بەکردەوە ژنان نەک تەنیا جیاوازن لە پیاوان، بەڵکو دژ بەیەک وەسفدەکرێن. ژنان، بە قسەیەکی دیکە، نەک بۆ پیاوان، بەڵکو لە پەیوەند پێیانەوە پێناسەدەکرێن. پیاو ڕێسایە و ژن بەشێوەیەکی نەرێنی پەیوەند بەو ڕێسایەوە دەناسێنرێتەوە. پیاو بۆ مۆدیلی پێوەر دەگۆڕێت، ژن ئافەریدەیەکە زیادە یان ناتەواو. (ڕوانگەی بەدیل دەسڕێتەوە، کە وەک خاڵی دەسپێک لە ژنان دەڕوانێت - ئەوە لە کاتێکدایە، کە ئەو چاوپێداخشاندنەوەیەش ئاسانە). بۆچوونی ڕێسابوونی پیاو لە ڕۆژگاری ئێمەشدا، ڕوانگەیەکی تەواو زیندوو و نەگۆڕە. وەک نموونە کەسێک، کە ناتوانێت دووگیان بێت (پیاوێک)، کرێکار پێوەرە لە یاسای پیشەسازیی وڵاتانی خۆرئاوادا. ژنان - واتە کەسانێک کە ڕەنگە دووگیان بن - خاڵی گەڕانەوەی گشتی نین، بەڵام گرووپی تایبەتی بە پێداویستییە دانسقەکان (مەسەلەساز) دەنوێنێتەوە. سیمین دی بوڤوار پەیوەندیی زنجیرەیی نێوان پیاوان و ژنان، کە لە تێگەیشتنی (جیاواز، بەڵام تەواوکەر) بە بەڵگەنەوویست دەزانرێت، بەم جۆرە کورتیدەکاتەوە: (پیاو سۆبێکتە و کامڵ - ژن ئەوی دیکەیە). لەم دەق و مەیدانە دا، ژن زیاد لەوەی کە ڕەگەزی دووەم بێت (پیاو) نییە.

ژن بۆ هەویریکی توخمە سەرکوتکراوەکان دەگۆڕێت، کە لەو ڕەگەزە دا بێشـــوێنە. کەوایە، ژنـــان لە یاســـای پیشەســـازیدا دەبـــنە بەرهەمهێـــنەرەوەی جەســـتە و بەخێوکەری منداڵ، لە کاتێکدا پیاوانیش کاری زۆرەملێیی بە منـدالان دەکەن. جـاریکی دیـکە لە لێڕوانینـی (جیـاواز، بەڵام تەواوکەر) دا پیاوان بە عەقڵانییەت، شارستانییەت و کـــاری گەورە دەبەســـترێنەوە، کە دەکەونە پێـــوەری هەمەلایەنەی ترســـی تـــایبەتی ژیـــرییەوە و هەمـــان تایبەتمەنـدێتیی مرۆڤـایەتییە، (نەک تەنیـا کـاری ئـاژەڵی). لەبەرامـبەردا، ژنـان پەیوەنـدی بە کـاری نـاعەقڵانی یـان شـێتانە، ژینگەناســی، سروشــت و ئەرکەکـانی تـایبەتی خێزانـی دەبەسـتنەوە. لە بۆچـوونی هاوڕایانێـک لە مانـای زاراوەیـی وەک (عەقڵانـی) و (سـۆزداری) خـۆدەدزرێتەوە، یان دەستی لێنادرێت. نموونەیەکی ئەم لێڕوانینەی هـزری بـاوە، لە بەرهەمەکـانی ڕۆسـۆدا ڕەنگـدەداتەوە، دژایەتیـی کەســانێک دەکــات، کە وەک پیــاوی خەوشــدار لە ژنــان دەڕوانێــت. لە بەرامــبەردا، ڕۆســۆ دوو ڕەگەز بە جـۆرە جیاوازەکانی بوونەوەر دەزانێت. بەوە ڕازییە، کە پێویستی بارهێنانی ژنـان بە مەبەسـتی دڵخۆشـکردن و تەواوکردنـی پیاوانە. ڕووی جیاوازیی ژنان لە جیهانێکدایە، کە سـوودی پیاوان دابینبکات.

هەردوو ڕوانگە لەبارەی ژنان لە هـزری کۆمەڵایەتی و سیاسـیی بـاودا، توانـا یـان کەشـوهەوایەکی وەهـا ناخـاتە بەردەست ژنان تا سـەرقاڵی تێفکرینی شـیکاری "عەقڵانـی"

بـــن. بە شـــێوازێک پێناســـەی ژنـــان دەکرێـــت، کە لە تیـــۆرداڕێژی ڕابگیـــردرێن. ئەوەی ژنـــان لە مێشـــکیاندا پەروەردەی دەکەن، یان بایەخی باس و لێکۆڵینەوەی نییە، یان گرنگیی کەمە. ژنان ناسکارییەکانی هزری کۆمەڵایەتی یـان سیاسـی نـین، لە ڕاهـاتن لەگەڵـی یـان هاوکـاریکردنی پێکهـــاتنی بێتوانـــا دەزانـــرێن. ئەگەر تائێســـتا لە خۆتـــت پرسـیبێت، کە بـۆ زۆربەی ژنـان بۆچوونیـان وەهـایە، کە تیـۆرداڕێژی فکـری ئەبسـتراکت فـڕی بەسـەریانەوە نیـیە، دەکرێت هۆیەکەی بە مانای وشە ئەوەبێت، کە لە بنچینەدا پەیوەندییەکی ئەوتۆ نییە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بابەتە بۆ خۆی گرەنتیی جۆرێک لە ڕووخان، یان کێشـەیە لەگەڵ ڕەوتـی سـەرەکیی هـزری کۆمەڵایەتی و سیاسـی. ژنـان تەوەری تیۆرداڕێژانێکن، کە لێـــرەدا شـــرۆڤەدەکرێن، هەروەهـــا وەکـــو تیـــۆرداڕێژ دادەتاشـــرێن. ژنـــان هەم ســـوبێکت و هەم هەڵســـوڕاوان (داکۆکیکارانی چالاک)ی تیۆرن. ڕەخنەی ڕاڤەی فێمنیسـتی لە شـێوەی ڕەوتـی سـەرەکیی هـزر، چـاودێرە بەسـەر قوڵبـوونەوەی ئەو ڕەوتە لەسـەر پیـاوان لەبـری ناوەنـدی شـیکار و لەبەرچـاونەگرتنی ژنـان، پەراوێزخسـتنییان. فێمنستەکان ڕەخنە لە قووڵبوونەوە لەسەر پیاوان دەگرن تـا ئەوجێـیەی، کە ئەو قوڵبـوونەوەیە بەڕەسـمی ناناسـن. ئەمان نیشانیدەدەن، کە دەروون هزری خۆرئاوا باسکردن بەگشتی بەمانای باسکردنی پیاوان بووە.

**ڕەخنەی فێمینستەکان لەسەر پاڵنەری چاودێریکردنی جیهانگیری**

فێمنستەکان مەسەلەی سەرەکیی هزری سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆرئاوای سەرچاوەگرتوو، لە ئارەزووبۆ بەجیهانیکردنی ئەزموونی پەیوەست بە پیاوان وەردەگرن، واتە، ئەزموونی پیاوان بۆ هەموو مرۆڤەکان دەگشتێنن. چۆن ئەو لێزانیيە قبووڵدەکرێت؟ زۆربەی نووسەرانی فێمنستی هاوچەرخ تایبەتمەندێتیی هەبوو، لە ڕەوتی سەرەکیی تیۆرییان بیرهێناوەتەوە، کە لەو چەمکەدا لە چوارچێوەی بەردەوامیدا ڕێکدەخرێن (ژن و مێردایەتی). هەروەها هەر بەردەوامییەکیش زنجیرەیەک پلەبەندی هەڵگرتووە. لەجیاتی ئەوەی کێشی یەکسانی بدرێتە هەردوولا، لایەک لە هەر ژن و مێردێک لایەنی ئەرێنی تری (یان بە دەربڕینی باشتر، لایەنی گرنگتری) دەنوێنێتەوە. بە دەستەواژەیەکی دیکە، تێفکرینی خۆرئاوا بە شێوەیەکی باو، لەلایەن بەشێک لە ژن ومێردەکانی چەمکی بەراوردنەکراو ڕێکخراوە. ئەو جۆرە ژن و مێردانە لە شێوەی تێگەیشتنی (خۆرئاوا) لە جیهان، بوونەتە ئەو ڕێسا پەسەندکراوە، کە یەکسەر شایانی دەستنیشانکردنن، بەهەمان شێوە، کە لە لیستی خوارەوەدا دیارە.

لەگەڵ ئەوەشدا، پشتبەستنی ڕەوتی سەرەکیی هزر بە پەیوەندیی ژن و مێردایەتییەوە، کە بەردەوام ڕێسای پلەبەندی نیشاندەداتەوە، هەروەها لەلایەن فێمنستەکانەوە، بە ڕێسایەکی ڕەگەزی نادادپەروەرانە دەبەسترێتەوە. بەمەش، پاڵنەری تایبەتی تیۆری کۆمەڵایەتی و سیاسیی باو، لە ڕوانگەی پیاوانەوە وەک سوبێکتی سەرەکیی

شیکارکردن و گشتاندنی ئەزموونیان، دەبەستریتەوە بە ڕیسایەکی چەمکییەوە، کە پیشتر هەبووە. هزری خۆرئاوای دەورووبەری ژن و میردیک بە بەهای نایەکسان ڕیکخراوە، کە بەردەوام (پلەبەندیی توندوتیژ) بەردەوامی پیاو/ژن ڕەنگدەداتەوە. تەنانەت لە هەندیک شوین، کە ئەو ژن و میردە بەئاشکرا دوور لە وتەزای ڕەگەزن، پلەبەندیی ڕەگەزیی لەخۆدەگرن. بە سەرنجدان بە ڕەگەزی ناوبراو ئەم چەمکانە ڕیکدەخرین، دەکەونە دژایەتیکردنی چەمکەکانی دیکەوە. دووەم وەکو ناوەند و لق لەسەر یەکەم ڕیسای تیگەیشتن پیکدین، چاودیریکردنی ژنانییە. ئەگەر چاویک بە بەشیک لە ژن و میردی تایبەتی هزری خۆرئاوادا بخشینین، ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە ڕوونتر دینەبەرچاو.

پیاو/ ژن، ئازاد/ بەند، سوبیکت/ ئاژەڵ، کاراهەڵرسکاو/ کولتوور، کۆمەڵگە/ سروشت، گشتی/ تایبەتی.

مرۆڤ / ئاژەڵ تیکڕایی / جیهانگیر / تایبەت عەقڵ/سۆزدار سیاسەت، مافەکان، ئەخلاق/ کەسی، خیزانی، ژینگەناسی لۆژیک/ بینئامادە/نائامادە.
خودییەت، هەبوو/ وابەستەیی خیر/ چاکە

خودموختاری/ پەیوەندی بەرامبەر، پەروەردەکردنی منداڵ ئادەم / حەوا

لەسەر ئەو بنەمایەیە کە لەڕاستیدا فیمینستەکان، جیاوازیی ڕەگەزی بە پیکهینەری جوگرافیای فکریی ژیاری کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئیمە وەردەگرن. جیاوازیی ڕەگەزی دیاریدەکات، کە چۆن و بیر لە چی بکەینەوە. سەرباری ئەوە، فیمنستەکان لەو ڕاگوزەرە بەڵگەدینەوە،

کە ڕەوتی سەرەکیی هزری سیاسی، گەلاڵە پێشنیارێکی چەمکی ئاڕاستە دەکات، کە تێیدا ڕوانگەکانی پەیوەست بە پیاوان، وەک ڕوانگەی پێوەر یان عەقڵانی / ئاگادارانە / ڕاست و ڕوانگە گەلێک ئەژماردەکرێن، کە بە شێوازێکی جیهانگیری شایانی بەکارهێنان دەبن.

سروشتی بەردەوامانەی هزری کۆمەڵایەتی و سیاسی بەم مانایە، کە وتەزای وەک (کار)، (مەیدانی گشتی)، (هاووڵاتی)، (سیاسەت) و لەو جۆرانە، بارگاوی بە مانای پەیوەست بە جیاوازی ڕەگەزی و پلەبەندیی ڕەگەزی دەبێت. بۆچوونی بوونی پەیوەندیی پیاوان بە ژیانی گشتی و ئەخلاقی جیهانگیر (سەرووتر لە سوود و پابەندی تایبەتی کەسی) و بەمەش گەیشتنی زیاتری پیاوان بە حەقیقەت، یان ئەخلاق لەجیاتی گرتنیان، سەردەکێشێتە بابەتی سەرووترەوە. بێگومان ژنان بۆ بوونەوەری تەسکبین و دەورەدراو بە مەیدانی تایبەتی دەگۆڕێن. بەهۆی لێزانییەکی سەرسامکەر ژنان بە شێوەی جادووانە، لە تیۆری کۆمەڵایەتی و سیاسیی باودا بزردەبن. ئەو لێزانییە لە دوو لاوە ڕوودەدات. یەکەم، پێدەچێت ژنان لە کاتێکدا، کە لە چوارچێوەی چەمکی هزری خۆرئاوادا دەخرێنە پەراوێزەوە، دیارنامێنن. دووەم: ئەوەی لە ناخی هزری خۆرئاوادا دەمێنێتەوە پیاوانن، کە لەسەر خۆیان چڕدەبنەوە. لە مانای دووەمدایە، کە دەکرێت ڕەوتی سەرەکیی تیۆری لەبری شێوەیەک لە خودتەوەریی نێرینە تێبینی بکەیت: لێزانی بۆ جۆرێکی دیکەی دەستکاری بگۆڕێت.

**سەرچاوە:** - کتێبی، فمینیسم چیست؟ ترجمە: محمد رزا زمردی

# ڕەخنەی فێمینیزم لە لیبراڵیزم

لیندا م. زیەرلی
وەرگێڕانی: هاوار محەمەد

فێمینیزم و لیبرالیزم بە درێژایی کات مێژوویەکیان هەبووە پڕ لە مشتومڕی ئاڵۆز. لە لایەکەوە، بزووتنەوەی یەکەم و دووەمی فێمینیزم بەوە داواکاریەکانی خۆیان بۆ مافە سیاسیەکان و یەکسانی لە هاووڵاتیبووندا پشت ئەستوورکرد کە ئەرگومێنتی بەهێزیان بۆ هێنانەوە. بەڵام وێڕای فرەیی تەفسیرە ئەرێنی و نەرێنییەکانی بنەمای ئازادی، پاساودانەوەی هەر کۆتتوببەندیک لەسەر ئازادیی تاکەکەس، بۆ نموونە وەکو پەیمانی کۆمەڵایەتی، وەک لایەنێکی هەرە دیار لە مێژووی فیکری سیاسیدا، بە جەوهەری لیبراڵیزم دادەنرێت. لیبراڵیزم سەرچاوەیەکی بەهاداربووە بۆ فێمێنیستەکان، بۆ خەباتی دورودرێژی فێمێنیستەکان لەپێناو ئازادیی سیاسیدا، خەبات دژ بە دەسەڵاتی داپڵۆسێنەری پیاوان لەسەر ژنان.

لەلایەکی دیکەوە، مێژووی لیبراڵیزم پیشانی داوە کە پەیوەستبوونە بنەڕەتییەکەی بە بنەمای یەکسانییەوە، پاڵنەرێکی جددی بووە بۆ بەرەوپێچوونی پرۆژەکەی، ئەگەرچی زۆربەی کات بەربەست و کۆسپیشی هاتۆتەڕێ. ژنان لەلایەن چەندین لیبراڵیستی مۆدێرن و مۆدێرنیستی سەرەتاوە لە پەیمانی کۆمەڵایەتی دوورخرابوونەوە، بە پاساوی ئەوەی ژنان نوقسانییەکی لۆژیکییان هەیە، کەچی پیاوان ڕۆڵە تەقلیدییەکەی هەردوو ڕەگەزەکەیان لە خێزاندا دەگێڕا، واتە دەسەڵاتی پیاوان لەسەر ژنان، کە لە دەسەڵاتی مێردەکان و باوکان لەسەر ژنەکان و کچەکانیاندا دەردەکەوتەوە. لە ڕاستیدا، بیرمەندە لیبرالیستە کلاسیکییەکان پەیوەستبوون بە

لـــۆژیکی کـــۆمەڵایەتی و کولتـــووریی "سروشـــتی"ی جیاوازییەکانی نێوان هەردوو ڕەگەزەکە، تا ئەو ڕادەیەی کە جـۆن سـتیوارت میـل لە ژیـانی خێزانیـی ڕێکـوپێکی دابەشـکاریی کۆمەڵایەتیـدا سـەرنجی لە کاردابەشـکرنی نێـوان هەردوو رەگەزەکە نەداوە[1]، ئەگەرچـی زەبـری توونـدی لە دەسـەڵاتی نێـرینە داوە و داوای کـردووە دەوڵەت "دەستوەربداتە ژیـانی خێزانیی ستەملێکراوەکانی ناوماڵ".

فێمینیزمـی ئەم سـەردەمە بەرپەرچـی فۆڕمەکـانی حوکمـدانی چەوسـێنەرانەی بەسـەر ڕۆڵە تەقلیـدییەکانی هەردوو ڕەگەزەکەدا دایەوە، پاشـان چیتـر نەدەشـیا بە ئاشکرا بەرگری لەو ڕۆڵانە بکرێت. بۆیە لیبرالیسـتەکان سـەبارەت بە چـۆنییەتی چارەسـەرکردنی فۆڕمەکـانی نەبـوونی یەکسـانی کـۆمەڵایەتی بەسـەر رای جیـاوازدا دابەشبوون. ئەگەرچی جۆن ڕاوڵز و ڕۆناڵد دۆرکین، دوو بیرمەندی هەرە دیاری لیبراڵیزمی عەدالەتی کۆمەڵایەتی، لە بیرمەندە کلاسیکییەکانی پێشخۆیان زیاتر ئامادەبوون بۆ وەدیهێنانی هاوسەنگیی نێوان داوای بنەڕەتیی ئازادی و فـۆڕمە توونـدەکانی نایەکسـانی، بەڵام ئەم دووانەیـش چاوپۆشـییان کـرد، یـان لایەنـیکەم بێدەربەسـتبوون لە پەیـکەری کـۆمەڵایەتیی ژیـانی خێزانـی و ئەو بـاجە گرانبەهایەی کە پێویستە بۆ ئازادیی ژن بدرێت. بیرمەندە لیبرالیسـتییە هاوچەرخەکـان بە شـێوازی جیـاواز مشـتومڕیان لەسـەر ئەو بابەتـانە کـردووە کە تیۆرسـێنە کلاسـیکییەکان بە ئاشـکرا مشـتومڕیان کـردوون و

گەیشتونەتە ئەو ڕادەیەی کە تاکەکەسە پێشگەیشتوو و سەربەخۆکان وەک ئوبێکتی ئەو تیۆرانە ڕابسپێردرێن ئەم دابەشکارییە ئەنجام بدەن، بەڵام بە بێ ئەوەی بڵێن چۆن ئەمە بکرێت. سۆزان ئۆکین سەرنجی ئەم بابەتەی داوە و لێی پەستبووە[2]، چونکە تیۆرسێنە لیبراڵیستە هاوچەرخەکان، بەڕادەیەکی زۆر و نەشیاو، بەرهەمەکانی ئەو ژنانەیان فەرامۆش کردووە کە بەشداربوون لەوەی ڕۆکشنایی بخەنە سەر ئەو بابەتانە، ئەگەرچی ئەم فەرامۆشکردنە بەشێوەیەکی زۆر کاریگەری هەبووە لەسەر هەلی تایبەتی ژنان بۆ بوون بە زیندەوەری مرۆیی سەربەخۆ، مرۆڤێک بتوانێت مومارەسەی بنچینەی لیبراڵیزم بکات، کە ئەویش ئازادییە.

لەبەر ڕۆشنایی پێداگری لەسەر "نایەکسانی کردەیی" بەرامبەر "یەکسانیی یاسایی" نێوان هەردوو ڕەگەزەکە کە تایبەتمەندی کۆمەڵگە لیبراڵییە دیموکراسییە هاوچەرخەکانە، تیۆری خاڵی کوێری لیبراڵیزم کە ناهێڵێت ژنان بە ئازادی خۆیان بگەن، شتێکی ئێجگار نیگەرانکەرە و کێشەیەکی ڕاستەقینەی فێمینیزمە لە سنوور و توانا و ئەگەرەکانی نەریتە لیبراڵیستییەکاندا. بەلای هەندێک لە فێمێنیستەکانەوە، لیبراڵیزم لە ڕووی تیۆر و سیاسییەوە ڕێگایەکی داخراوە و دەگات بە بنبەست، چونکە ناتوانێت حسێبی جیاکاریی لە هەردوو بواری گشتی و تایبەتیدا بکات، کە لەوێدا کاردابەشکردنی نێوان هەردوو ڕەگەزەکە بە شاراوەیی گەشە دەکات[3]. هەندیک لە رەخنەگران دەڵێن پێویستە لیبراڵیستەکان واز لە ئەو پانتایە جیاکارییە

گەورەیە بهێـــنن کە گەرەنتیـــی بنەمـــا ســـەرەکییە لیبراڵیستییەکان دەکات سەبارەت بە ئازادیی تاکەکەسی پەیوەست بە دەوڵەت؛ کەچی بەلاکەی دیکەدا، ڕەخنەگرانی دیکە دەڵێن لیبراڵیزم پێویستە بە ڕەخنەیەکی فێمێنیستانە هەیە، لە کاتێکـدا ئەم ڕەخـنەیە مەرگـی لیبراڵیـزم بـۆ بـزووتنەوەی فێمێنیسـتی جارنـادات، بەڵکـو ئیلتیزامـاتی شـاراوەی ڤیمێنیسـتانە دەدات بە ئەسـتۆی لیبراڵیزمـدا[4]. ئـۆکین[5] دەڵێـت: «کاتێـک لیبراڵیـزم بە قـووڵی زنجیـرەی هەرەمییانە ڕەت دەکاتە و تەرکیز دەخاتە سەر یەکسانی و ئازادیی تاکەکەس، ئیدی زۆر باش دەزانێت لیبراڵیزم بۆ بزووتنەوەی فێمێنیستی مژارێکی یەکلاکەرەوەیە». چونکە لیبراڵیزم گەورەترین سەرچاوەی ڤمێنیزمە، کە هەوڵدەدات بەرزببێتەوە بۆ ئاستی باشترین ئایدیاڵ.

**ڕەخنەی فێمێنیستی لە فیکری لیبراڵیزمی مۆدێرن و مۆدێرنی سەرەتا:**

ڕەخنەی توندتری فێمینیزم لە لیبراڵیزم سەبارەت بەو مافە سروشتییانەی کە لەسەر توانای عەقل دامەزراون، بە پاساوی نوێ و سەرەتایی دەستپێکرد، ئەوەیش هاوکات بوو لەگەڵ زەقبوونەوەی حوکمی چەوسێنەرانە. "ماری ولستۆنکرافت" لە "بەرگریکردن لە مافی ژنان" (1792)دا، دەستیدایە نووسین دژ بە بنچینەی جیهانیی- مێژوویی شۆڕشی فەرەنسی، بە توندوتیش بەرگریی لە ئایدیای مافی سروشتی کرد کە خودا بەخشیویەتی بە مرۆڤ، ئینجا کەوتە گاڵتەکردن بە بیرمەندانی وەکو

ڕۆسۆ کە ممارەسەی ئەم مافانەیان تەنیا بۆ پیاوان بە ڕەوا بینیووە. ئەرگومێنتەکەی ولّستۆنکرافت لە بنەڕەتدا ڕوونکردەوەی ئەو بانگەشە بەردەوامەی تێدا بوو کە گوایە ژنان زیاتر عاتیفین نەک عەقڵانی. ولّستۆنکرافت دەڵێت تۆمەتبارکردن ژنان بە زێدە-هەستیاری هیچ نییە جگە لە ڕەنگدانەوەی کۆتوبەندی کولتووری و نەریت لەنێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا، کەوابێ ئەوە ڕەنگدانەوەی سروشتی ژنانە نییە، وتیشی کە مادەی خۆڕسکی عەقڵ هەر لە کاتی لەدایکبوونەوە لە هەردوو ڕەگەزەکەدا هەیە، بەڵام جیاوازی گەورەی نێوانیان لە باری پەروەردەوە دەبێتە مایەی پەرەسەندنی هێزە عەقڵانییە مرۆییە سروشتییەکان لای پیاوان و پووکانەوەی لای ژنان. ۆڵستۆنکرافت ئەوەیش دەڵێت کە «باشترە کچان وەک بوونەوەری عەقڵانی مامەڵە لەگەڵ ڕەگەزەکەی خۆمیاندا بکەن، نەک ئەوەی بە فەزیلەتە سەرنجڕاکێشەکانی خۆیانەوە بنازن و وا بزانن لە حاڵەتی منداڵیی هەمیشەییدان و ناتوانن پشت بە خۆیان ببەستن»[6].

بەرگرییەکەی ۆڵستۆنکرافت لە هەبوونی مەلەکەی عەقڵ لای هەردوو رەگەزەکە کە لە سەرووی هەموو گریمانە مێژووییەکانەوەیە، بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بوو تاوەکو وەک فێمێنیستێکی لیبراڵیست قبوڵ بکرێت[7]، ئەویش زۆرجار وەک هەر بیرمەندێکی دیکەی لیببراڵیست، گرنگی بە تاکەکان و مافەکان داوە. ئەگەرچی ۆڵستۆنکرافت تەرکیزی لەسەر هەردوو ڕەگەزەکە بوو، کەچی کاتێک چووە نێو بزووتنەوەی فێمینیزمی

لیبراڵیســـتییەوە دەنـــگە سیاســـییە تـــایبەتەکەی خـــۆی لەدەستدا. وۆڵستۆنکرافت لە "نامیلکەکانی جەنگ" (1790)دا و لە هەمـــان ناوکۆییـــدا، حەقیقەتێکـــی مێژوویـــی گرنگـــی نووســـی کە وای لە بەشـــێکی خـــوێنەران کـــرد وەهـــا تەفسیری بیرکردنەوەی بکەن کە زیاتر فیکرێکی بەهادار و گشتگیر و ڕادیکاڵییە نەک فیکرێکی لیبراڵی[8]. هەندێ دیکەیش ڕوانگە سیاسییەکانی ئەم نووسەران بە ڕوانگەی جەمـــاوەری ڕادیکـــاڵی دەزانـــی، لەمەیشـــدا پشـــتیان بە درەوشـــانەوەی ئەســـتێرەی گوتـــاری شۆڕشـــگێڕی و فێمینیـــزم دەبەســـت[9]. وۆڵســـتۆنکرافت بە جـــددییەتەوە بەرگریـــی لە مافەکـــانی ژنـــان کـــرد، پێیوابـــوو فـــۆڕمێکی گونجـاوە لەگەڵ ئەو فـۆرمە بـاوانەی دیموکراسـییەتدا کە ماناکەیان وا لە بەشدارییدا، بەم مانایە ئەو مافەکانی وەک کـاری یاسـایی و پۆزەتیڤیسـتی دانەدەنـا کە زۆربەیجـار پشت بە زامنکردنی ئازادیی (نێگەتیڤ)ـی تـاک دەبەستێت بەرامبەر کۆمەڵگە و دەوڵەت. پاشـان هـیچ مافێک بە بێ مومارەســـەکردنی داواکردنـــی ئەم مافـــانە بـــوونی نیـــیە. "ئەنجێلا مـوان" سـەبارەت بەم بـابەتە دەڵێـت[10]: «بەپێـی ئەوەی مافەکانی کاری ڕیتۆریکی و سیاسـی دەستکردنی مرۆڤن، ئەوا بانگەشەکەی وۆڵستۆنکرافت بۆ مافەکان وەها دێنێت بە زەینماندا کە داوکارییە بۆ گۆڕانی شۆڕشگێڕانە و ژنـــانە، چـــونکە مافەکایـــان خۆیـــان وەک بەشـــێک لە پرۆژەیەکی فراوانتری دیموکراسی دانراون کە بە دەگمەن تاوتوێ کراوە».

دوای زیاتر لە نیو سەدە، جۆن ستیوارت میل کە لە نەریتیی لیبراڵیدا کەسایەتییەکی سەرەکی و دیارە، لێکۆڵینەوەی لە چەندین بابەتی ملکەچی ژنان بۆ پیاوان و مۆرکی دەستکردانەی مێینەیی ڕاستەقینە کرد. میل لەگەڵ هاوسەرەکەیدا "هارییت تایلۆر" تەحەدای کەسایەتیی ڤیکتۆریایی "خاوەندارانی ماڵ" کرد، کە نەیدەهێشت ژنان دەنگی ئاشکرای خۆیان هەبێت و دەیکردن بە پاسەوانی ئەخلاقیی خێزان. میل لە کتێبی "دەربارەی ئازادی" (1859)دا، مەسەلەی کات و شوێن و هەلومەرجی دەستتێوەردانی دەوڵەت یان کۆمەڵگەی لە ئازادی تاکەکەس خستەڕوو، هەروەها، قسەی لەسەر لۆژیکی فریوودەرانەی دەسەڵاتی نێرینە کردووە لەنێو دەزگای کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و یاسایی سەدەی نۆزدەدا.

کتێبی "بەکۆیلەکردنی ژنان" (1869)ی میل، هەروەکو "بەرگریکردن لە مافەکانی ژنان"ی ولستۆنکرافت، گەڕێکی بەهێز بوو بەنێو مشتومڕ و گوتاری ژنانەدا. میل لەسایەی هاوڕێ و هاوسەرە کۆچکردووەکەیەوە "تایلۆر" بەگژ ئەو ئایدیایەدا چوویەوە کە دەلیت ژنان بە سروشتی خۆیان بێ لۆژیکن و ناتوانن خۆیان پەرەپێبدەن، بۆیە بە بەهێزی و پێداگرییەوە کەوتە بەرگریکردن لە ئازادییە تاکەکەسییەکان. میل بەرپرسیارێتی ئەمانە دەخاتە ئەستۆی نەریتەکان، بە تایبەتیش جیاکاری لە پەروەردەی هەردوو ڕەگەزەکە و ئەوەی ڕوون کردەوە کە هارمۆنیای دۆخی ئێستا تەنیا بەرەنجامی کۆتوبەندی

فەرمیـی یاسـایی لەسـەر ئـازادیی ژنـان نیـیە، بەڵکـو بەرەنجامی دەروونـی دەسـەڵاتخوازانەی نێرینەیشـە؛ بۆیە لەم کۆنتێکستەدا دەڵێت:

«هەمـوو هۆکـارە کـۆمەڵایەتی و سروشـتییەکان لەگەڵ یەکدیدا کۆبوونەوە تاوەکو ڕێگە لە یاخیبوونی بە کۆمەڵی ژنـان دژ بە دەسـەڵاتی پیـاوان بگرێـت. دۆخـی ژنـان لە دۆخی هەموو چینە چەوساوەکانی دیکە جیاوازە، چونکە سـەردارەکانیان شـتێکیان لێیـان دەویـت کە لە هەر خزمەتێکـی کردەیـی زۆرتـرە، ئەوان نەک تەنیـا ملکەچـی ژنانیان دەویت بەلکو دەیانەوێت هەستوسۆزیشـیان داگیر بکەن. هەمـوو پیـاوان نایانەویت ئەو ژنەی کە پەیوەنـدیی لەگەڵـی هەیە و نزیکییەتـی بە زۆرەملـێ و نامچـاری ببیـتە کۆیلەی، بەڵکـو دەیەوێت هەر بە ویسـت و ڕەمەزامەنـدی خـۆی ببێـتە کـۆیلەی، لەبەرئەمە پیـاو هەمـوو شـتێکی خستۆتە شـوێنی گونجـاوی خـۆیەوە تـاوەکو عەقلـی ژنـان بکاتە کۆیلە»[11].

لەلایەکـی دیـکەوە، وێـرای ئەو داکـۆکی و پشـتیوانییە بەهێزەی ستیوارت میل لە مافەکانی ژنانی کرد بە مـافی دەنگدانیشـەوە، کەچـی وا پێویسـت دەکـات هەنـدێک بە وریـاییەوە مـامەڵە لەگەڵ فیکـری میلـدا بکرێت دەربـارەی فێمینیزم، لەبەرئەوەی گرنگییەکی قووڵ و پڕ تاسـە دەدات بە نەریتەکانی وەچەخستنەوە لای هەژارانی بێکار. میلیش وەکـو زۆربەی بیرمەنـدە هـاوچەرخە ئەوروپییەکـان، لەوە دەترسـا ئەو نەریتـانە کۆمەڵگەی بەریتـانی بگەرێننەوە بۆ هەمەجییەت لە ڕێگەی ئەو شـتەوە کە نـاوی نـاوە "هێـزی

زاوزێــی ئــاژەڵی"[12]، بەڵام لەگەڵ ئەمەیشــدا هەمیشــە بەرەرە بەشـداربووە لە حیکایەتەکـانی شارسـتانێتیی ژێـر هەڕەشــــەی لەنێوچــــوون، بــــۆیە پشـــــتیوانی لە هەمـوواکرکردنەوەی یاسـای هەژارانـی سـاڵی 1834 کـرد، بەڵام سەریســـوڕمابوو لە پێشکەشــکردنی هاوکـــاری و یارمەتییەکـان بـۆ هەژاران، چـونکە پێیوابـوو ئەمە دەبێـتە هۆی لەنێوبردنی پاڵنەری کار، بەدیوەکەیتریشیدا پێیسـەیر بــوو ئایــدیای دەســـتکورتیی زۆر قبــوڵ بکریـــت کە کۆتوبەنـدی نـوێی دەخسـتە سـەر هاوکارییەکـان. میـل ڕووبەڕووی پشتیوانیکەرانی سۆشیالیزمی ڕیفۆرمیکستان بــوویەوە کە دەنگــی خۆیـــان بەرزکردبــوویەوە بــۆ سنووردارکردنی کاتکژمێرەکانی کار، بۆیە بەوە پاساوی کـــاری دایەوە کە تـــاکەە تلیـــاکێکە بـــۆ ئـــارامکردنەوە و شـــەهوەت. پێیشـــیوابوو سێکســـواڵیەتەی چیتــی کرێکـــار ڕێکنەخراوە و هەروا بۆ خۆی وازی لێهێنراوە، «بۆیە یەک پـۆل مەخلوقـاتی بەدبەخـت دەخـاتەوە کە بە زۆری دەبـنە کەسـانی فاسـید، وێـرای ئەوەی کە ئەم جـۆرە ڕەفتـارانە کـۆیلایەتیەک دەنـوێنێتەوە کە سـووکایەتی بە غەریـزەی ئـــاژەڵیی دەکـــات لەوەدا کە دەستەوەســـتان و ملـــکەچە لەبەردەم بەکارهێنانی دەسەڵاتێکی قێزەوندا»[13].

لە ئەنجـامی بایەخـدانی "میل"ـــەوە بە کـاریگەرییەکی ژیـانێکی سێکسـواڵیتیی شـێواو، بزووتنەوەی لاوازی ژنـان نەیتـــوانی لە ئایـــدیای ســـادەیی سێکســـی ژنـــانە وەک گەرەنتۆرێـک دژ بەوانەی کە «بە بـێ ڕەچـاوکردنی هـیچ شـتێک، دوای غەریـزە ئاژەڵییەکانیـان دەکەون» ڕزگـاری

ببێـــت[14]. دۆخـــی ژنـــان وەک پـــارێزەرانی کۆمەڵگـــای ڕێکوپێـــک توانـــای میـــولی ســـنووردار کـــرد بـــۆ گومانخمستنەســـەر کاردابەشـــکردن بە گـــوێرەی ڕەگەز، بۆیە بە ڕوونی ئەو زیانانەی بوونی ناوەکی دەبینێت کە بەر کـــۆمەڵگە دەکەون ئەگەربێتـــوو ژنـــان خۆبەخـــۆ گەشەبســـتێنن و مومارەســـەی ئازادییەکـــانی خۆنیـــان بکەن[15]. لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا، میل زیاتر ئایدیای "مۆرکی باڵا"ی تاکەکەســەکانی بەکاردەهێنـا، کە ئەمە ڕەمـزی ئەو شتەبوو کە تیۆری بەرگریی لیبراڵیزم پێویستی پێی بوو. لە کۆتاییدا، میل نەیتوانی سەبارەت بە مێینەیی ناسێکسی و دەستەمۆ، باوەڕی باو بهەژێنێت و ژن بکاتە کەنارێکی ئارام بۆ کولتووری شارستانیی لیبراڵی کە دەرفەت دەدات بەو تاکەکەسانەی وا دەتوانن خۆیان کۆنترۆڵ بکەن کە بە ئازادییەوە گەشەبستێنن.

کـــاریگەرییە نەرێنییەکـــانی سێکســـوالیتە ترســـی ڕاستەقینەی لەنێو فیکری سیاسی لیبراڵیستی مـۆدڕن و مـــۆدێرنی ســـەرەتادا دروســـت کـــرد، "کـــارۆل بایتمـــان" ئامـــاژەی بەوە داوە کە لیبراڵیـــزم پشـــت بەو ئایـــدیایە دەبەستێت کە مرۆڤەکان وەک بوونەوەری عەقڵانیی ئازاد و یەکســان دەبینێت، ڕزامەندیشـیان بـۆ هەر فۆڕمیـک لە فۆرمەکانی حوکمڕانی شتێکی زەرورییە، کەچی هەمیشە گریمانەی ئەوە دەکریت کە ئاوارتەکان هەن، جا لە ڕووی مێژووییەوە ژنان لەو ئاوارتـانە دانـراون، چونکە ژنـان "بە حـوکمی سرشـتە ڕەگەزیـیە تایبەتییەکەیـان، لە دەوڵەتـدا سەرچاوەی پشێوین»[16].

بایتمـــان لەم بەرهەمە کلاســـیکییە فێمێنیســـتییەیدا بە ناونیشـانی "گرێبەسـتی ڕەگەزی"، شـێوازی بەکۆیلەکردنی ژنـان لە تـوێژی بـوونەوەرە عەقڵانییەکانـدا پیشـان دەدات، پاشان دوورخستنەوەیان لە هاوکێشـەی سیاسـیی ئـازادی و یەکســـانی دەخـــاتە ڕوو. دیـــوێکی دیـــکەی پەیمـــانی کـۆمەڵایەتی کە چیرۆکـی یەکسـانیی ئـازادیی سروشـتیی پیـــاوان، ڕووبەڕووی لەگەڵ چەمکـــی باوکـــایەتی باوکـــدا دەگێـڕێتەوە، پاسـاوی سـەرەکیی دەسـەڵاتی پیـاوان بـووە لەسەر ژنان. بایتمان دەڵێت پەیمانی کۆمەڵایەتی گریمانەی بەرپەرچـدانەی ئایـدیای تـایبەتی حـوکمی چەوسـێنەرانە ئاوەژوو ناکاتەوە، چونکە لە واقیعیدا دووبارە ڕەوایەتـی بە دەسـەڵاتی باوکـانە دەدرێـتەوە وەک مـافێکی ڕەگەزیـی نێـرانە، مـافی مێرەکـان لەسـەر ژنەکانیـان. هـۆبز جەختـی لەسەر ئەم لۆژیکە کردۆتەوە و پشتیوانیی لێ کردووە، چ لە پێنەدانـی مـافی دایکـایەتیکردنی منداڵـدا بێت لە حـاڵەتی سروشـــتیدا، یـــان پەیوەســـتبوون بە بـــاوەڕی نەبـــوونی هەژمـوونی سروشـتی پیـاوان لەسـەر ژنـان. وێـڕای ئەم هەڵوێسـتە ڕادیکـاڵە، هـۆبز خەریکبـوو بە پاسـاودانەوەی دەسەڵاتی پیاوان لەسەر ژنان، خاوەنداریێتی پیاوان بەسەر ژناندا.

بایتمـــان دەڵێـــت[17]: «چەمکـــی باوکـــایەتی لای هـــۆبز فـۆڕمێکی نـویی وەرگـرت، بە دیـاریکراوییش فـۆڕمێکی مردێـــرن؛ لێـــرەدا ئەم چەمـــکە هەڵوێســـتێکی نەریتـــی گرێبەســـتانەیە کە لە مـــافی هاوســـەرێتییەوە، یـــان بە گوزارشـتێکی وردتـر، لە مـافی سێکسـییەوە پەیـدا دەبێت،

چونکە مافی پیاوان بۆ پەیوەندیکردنی سێکسی لەگەڵ ژناندا، لە فۆڕمە دامەزراوەییە باوەکەی نێو کۆمەڵگەی مۆدێرندا، دەبێت وەک مافی هاوسەرێتی مومارەسە بکرێت». جۆن لۆک، کە لە سەرسەختترین ڕەخنگرانی دەسەڵاتی باوکایەتییە، بە ڕوون و ڕاشکاوی مافی باوکایەتی وەک بنچینەی مافی سیاسی ڕەت دەکاتەوە کەچی هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ئەوەدا نییە کە مافی هاوسەرێتی مێردەکان لەسەر ژنەکان بهێڵێتەوە. کەواتە لۆک دووبارە مافی هاوسەرێتی وەک مافێکی نا-سیاسی پێناسە کردەوە، بەم مانایە لە کاتی دووبارە چاوگێڕانەوەی بە بنچینەی دەسەڵاتی سیاسیدا ئەم باسەی خستە لاوە.

تیۆریی لاوەکیی بایتمان دەربارەی هەردوو ڕەگەزەکە لە گریسەتی کۆمەڵایەتیدا، پرسیاری زۆری ژنانە دەورورژێنێت، هەندێکیان لەگەڵ فیکری لیبراڵیزمدا دەگونجین و هەندێکیشیان دەبنە ڕەخنە لە لیبراڵیزم. بایتمان دەریخست کە حاڵەتی پەیمانی کۆمەڵایەتی وەک چەمکێکی بێلایەن لەنێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا بۆ تێگەیشت لە فۆرمە مۆدێرنەکانی دەسەڵاتی سیاسی، چەمکێکی درۆزنانە و فریوودەرە، بۆیە پێیوایە پەیمان وەک ئامرازی پاساودانەوەی حوکمی سیاسی، تەنیا پەیوەست نییە بە فۆڕمە مێژووییە کلاسیکییەکەیەوە، بەڵکو پەیوەستە بە ئامادەکارییە هاچەرخەکانی پەیمانبەستنیشەوە، وەک کرێی کار، دایکایەتی ئەڵتەرناتیڤ، داوێنپیسی، هاوسەرگیری. ئەوەی لەنێوان

هەموو ئەم پەیمان و گرێبەستانەدا هاوبەشە و بەرگریی لێدەکرێت ئایدیای تاکەکەسە، چونکە ئەمانە وەک ئامادەسازیی مرۆیی دروست، لەسەر بنەماکانی لیبرالیزم، داکۆکییان لێدەکرێت. بایتمان پێشنیاری ئەوەی کردووە کە پەیوەندیی گرێبەستانە بە ئامرازێک جێبەجێ بکرێت کە ببێتە مایەی دۆخێکی ئازادانە بۆ مرۆڤ، چ لە کردەی "گرێبەست لەسەر" یان لە مومارەسەکردنی مەرجەکانی خودی گرێبەستەکەدا. بە پێچەوانەی ئەمەوە، فۆرمی پەیمانی کۆمەڵایەتیی مۆدێرن، دووبارە جەخت لەسەر پەیوەندیی نێوان نێر و مێ وەک یەکێک لە پەیوەندییەکانی هەژموون و پاشکۆیەتی دەکاتەوە. لە هەندێ حاڵەتدا وا دەردەکەوێت ژنان خاوەنی جەستەی خۆیانن و ئازادن لەوەی هەندێ گرێبەست ببەستن، بۆنموونە گرێبەستی داوێنپیسی، بەڵام لە واقیعدا ئەوان ملکەچی ئەو فۆڕمانەی دەسەڵاتن کە پەیوەندییە سەرەکییەکانی نێوان نێرینە و مێیینە وەک پەیوەندیی نێوان سەردار و کۆیلە، دەهێڵێتەوە؛ لەبەرئەمە پەیمان (گرێبەست) فێڵێکە بۆ شاردنەوەی مۆدێلی ئەسڵیی پاشکۆیەتی.

## ڕەخنەی فێمینیزم لە لیبراڵیزمی هاوچەرخ:

ڕەخنەی بایتمان لە تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتیی کلاسیکی هەندێک کێشەی وروژاند، لەوانە کێشەی هاوڕێزەیی تەواوکارانەی دووالیستی نموونەی «سەروەر و کۆیلە بۆ شیکارکردنی نایەکسانیی نێوان هەردوو ڕەگەزەکە لە کۆمەڵگە سەرمایەدارییە مۆدێرنەکاندا»، ئەمە

ئەو شتەیە کە نانسی فریزەر دەیڵێت[18]. لای خۆیەوە، "ویندی براون" دەنووسێت «لە سەردەمی ئێستاماندا، ڕەنگە لیبراڵیزم و کۆیلایەتی ژن بە باشی و بە بێ گرێبەست هەر بەردەوام بن»[19]. فریزەر و براون پێیانوایە هەندێ هێزی بونیادیی گەورە هەن کە لە یەک کەسدا بەرجەستە نابن، واتە شتێکی وەک پیاوێک کە ویکستێکی دەسەڵاتخوازانە لەسەر ئەویتری ژن مومارەسە دەکات، بەڵکو ئەم هێزە بونیادییانە پشتیوانییەکی بەهێز لە دەسەڵاتی پیاو دەکەن وەک چینێکی ڕەگەزی. توانای گرێبەست بۆ بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکان ئەو فۆرمانەی دەسەڵاتمان لێدەشارێتەوە کە زیان بە ژنان دەگەیەنێت، بەڵام ئەمانە پەیرەوی لە نموونەی سەردر و کۆیلە ناکەن، بۆ نموونە هاوسەرگریری مۆدێرن شتێکی لەم بابەتەیە کە لەگەڵ هەندێ لایەنی ڕەخنەکەی بایتماندا دەگونجێت، چونکە بۆ نموونە هەندێ ددەسەڵاتی دادوەری هێشتا دان بە دەستدرێژی هاوسەریدا نانێن. بۆیە، تەرکیزخستنە سەر ئەم بەربەستە یاساییانە، ناهێڵێت بە باشی لە چۆنییەتی ئیشکردنی دەسەلات لەنێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا تێبگەین. گەر سەیری ئەم خاڵەی پێشتر بکەین دەبینین کە ڕەنگە هەر بە ڕاستی کۆتوبەندی بونیادی و جێبەجێکاریی سەپێنراو بەسەر ژناندا نەبینین؛ سۆزان ئۆکین ئاوا وەسفی ئەمە دەکات: «بە ڕوونی ئەڵقەیەکی لاوازە، کلە ڕووی کۆمەلایەتییشەوە ناچوونیەکە، بەهۆی هاوسەرگیرییەوە بەرهەم دێت»[20]. پێویستە ئەوە

بەبیربهێنینەوە کە ئەم کۆتوبەندانە کاردابەشکردنی نێوان هەردوو ڕەگەزەکەیـــش دەگـــرێتەوە، بەڵام نەک وەک بەشێک لە هەر گرێبەستێکی کردەیی هاوسەرگیری، بەڵکو وەک بەشـێک لە کۆتوبەنـدکردنی هەل و دەرفەتەکنـی خویندن و کاری ژنان[21].

نـاڕوونی ئەم کـارە و پشـت بەسـتن پێـی بەشـێوەی گریمـانەیی لەپێنـاو ئـوبێکتی نێرینەیـی لیبراڵیـی نـا-مولتەزیمـدا، گەبێت بەژێـر پەردەی پرۆسـەی جوداکـاریی لیبراڵییـانەی نێـوان بـواری گشـتی و بـواری تـایبەتی. لیبراڵیزم یەکەم فەلسـەفە و تـاکە فەلسـەفەی سیاسـی نییە کە بـاس لە جـوداکردنەوەی بـواری تـایبەتی لە بـواری گشـتی دەکـات[22] «جیاوازییەکـانی نێـوان هەردوو بـواری گشتی و تایبەتی، ڕووکەش و کاتی نییە، بەڵکو جیاوازییە سـەرەکییەکان هێشـتایش بنەماکـان لە کۆمەڵگـا ئـارام و ناسـراو و سـادەترەکاندا ڕێـک دەخـات»[23]. هەرچەنـدە لیبراڵیسـتەکان هـاوڕانین لەسـەر زەرورەتـی دانـانی سنوورێکی جوداکەرەوە لەنێوان گشت و تایبەتدا، کەچی هـاوڕان لەسـەر جـوداکردنەوەی هەر تیۆرێـک کە بشـێت شایەنی ئەوە بێت پێیبوورێت تیۆری لیبرالیستی[24].

لەڕوانـگەی تیـۆری فێمێنیسـتییەوە نـاتوانین و ناشـێت بەرەنجامەکانی ئەم جیاکارییە بە کم بگرین، چونکە ئەمە دەیەوێـت ئەو فۆڕمـانەی دەسـەڵات بشـارێتەوە کە بەڕادەیەکـی زۆر ئـازادیی ژنـان و یەکسـانی ڕەگەزی سـنووردار دەکەن. ئەم فۆرمـانە تەنیـا کاردابەشـکردن لەنێـوان هەردوو ڕەگەزەکەدا نـاگرێتەوە، بەڵکـو

دابەشــکاریی فۆڕمەکــانی توونــدوتیژیش دەگــرێتەوە (بــۆ نموونە توندوتیژی خێزانی، هاوسەری/ دەستدرێژیکردنە سەر هاوبەشی ژیان، مێژووی دەستدرێژی و دەرکرد و ..هتــد.) کە بــوونەتە هــۆی بەرتەســککردنەوەی ئــازادیی هــاتوچۆکردنی ژنــان، کەمکــردنەوەی توانــای ژنــان بــۆ داواکردنـــی فەرمیـــی مـــافە سیاســـییەکانیان. ڕەنـــگە جوداکردنەوەی بواری گشتی و تایبەتی شتێکی دیکەیش بشارێتەوە، ئەویش کاری چاودێریی ناڕەزامەندایە، لێرەوە ئەم کــارە وەک کــارێکی خۆبەخشــانە دەردەکەوێــت[25]. بــراون کە قســە لەســەر ئەم بــابەتە دەکــات دەڵێــت[26]: «چـــاودێریی ســـەربەخۆی لیبراڵیســـتی پێویســـتی بە ژمـــارەیەکی زۆری ئەو چـــاودێرانە هەیە کە خـــاوەنی سەربەخۆیی خۆیان نین، بەڵکو مەیلیان لە دروستکردنی پەیوەســـتییەکان، پەیوەنـــدییەکان، شـــوێنکەوتەییەکان، پەیوەنـدیگیرییەکان هەیە کە وزە بە ژیـانی بـاوی مرۆیـی دەدەن و دەیهێڵێــنەوە». کێشــەی نــا-ســـەربەخۆیەتی لە ڕەزامەندیـدان و هەڵبژاردنـدا، کە تایبەتمەنـدی ژیـانی ئەم چاودێرانە و زۆربەی مێینەکانە، بە ئاستەم لە چوارچێوە لیبراڵیستییەکەی بـواری گشـتی و تایبەتـدا دەردەکەوێت. تاکەکــان بە ئــازاددیی خۆیــان و هەرچــۆن بیانەوێـت لە جیهـانێکەوە دەچـن بـۆ جیهـانێکی دیـکە، بەڵام جیاکـارییە لیبــراڵییەکەی نێــوان گشــت و تــایبەت ئەو کۆتوبەنــدانە دەشــارێتەوە کە وەک ئیــزافەی سیاســی دەردەکەوێــت. پێویســـتە ئەمە خێـــزانیش بگـــرێتەوە. جـــۆن لـــۆک لە ئەرگومێنتەکەیدا سەبارەی بە جوداکردنەوەی دەسەڵاتی

باوکانە لە دەسەڵاتی سیاسی، هەوڵدەدات بۆ ئازادکردنی نەوەکان لە حوکمی باوکیان (پادشاکان)، بەڵام مامەڵە لەگەڵ مافی هاوسەرێتیدا دەکات (حوکمی پیاوان لەسەر ژنەکانیان) وەک مافێکی تەواو ناسیاسی[27].

**ڕەخنەی فێمینیزم لە پیاوی ئەتۆمی:**

کتێبەکەی هێرشمان دەکەوێتە نیو زنجیرەیەکی درێژی ڕەخنەی فێمێنیستی لە کەسایەتی "پیاوی ئەتۆمی"یەوە، کە ئەم کەسایەتییە ئایدیاڵی لیبراڵیزمی نێرینەی تاکەکەسە بێ پەیوەندی و بێ پەیوەستییەکانە[29]. "لیندا ماکلین" لە ڕوانگەی یاساناسیی ژنانە نووسیویەتی کە ڕەخنەگرە لیبراڵیستییەکان وەها لە لیبراڵیزمی نێرینە دەڕوانن کە «لەڕێگەی بەرپرسیارێتییەکانەوە مافی باڵا و بڵندی هەیە، لەڕێگەی پەیوەندییەکانەوە مافەکانی جودابوونەوە هەیە، لە ڕێگەی کۆمەڵگەوە مافە تاکەکەسییەکانی هەیە»[30]. ماکلین دەڵێت بەو ئەندازەیەی کە ئەم ڕەخنەگرانە ڕوانگەیەکی ئەڵتەرناتیڤ بۆ ئەو شتە دابنێین کە پێیدەڵێن چەمکی لیبراڵیزمی نێرینەیی تاکەکەسە جوداکان، ئەتۆمییەکان، کێبەرکێکارەکان، ئەوا ئەمە بەرەو ڕوونبوونەوە دەچێت لە ڕووی «پشت بەیەکتربەستنی دوولایەنە، پەیوەندیگیری، بەرپرسیارێتی، چاودێرییەوە»[31]. وێرای ئەو زیانەی بەر ژنان کەوتووە، ڕوانگەی ئەم ڕەخنەگرانە ئەنجامدانی کاری ناوماڵ دەکاتە بنچینەی پێداچوونەوە بە سروشتی پەیوەندییە مرۆییەکاندا، پەیوەندییەک کە هەمیشە لەگەڵ تاکەکەسدا و

وەک بەشێکی دانەبڕاو لە کۆمەڵگە دەست پێدەکات، ئینجا دواتر تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتیی لیبراڵیستی بەخاتری ئەو نموونانە ڕەت دەکرێتەوە کە جەخت لەسەر چاودێری و دایکایەتی دەکەنەوە. ماکلین لای خۆیەوە لەم بارەیەوە دەڵێت: «زۆرجار باس لە ئامانج دەکرێت وەک تەواوکەر یان ئەڵتەرناتیڤی "ئەخلاقیاتی عەدالەت"، کە لەسەر چەمکەکانی مافەکان و ڕێساکان دامەزراوە، لەگەڵ "ئەخلاقیاتی چاودێری" کە لەسەر چەمکەکانی بەپرسیارێتی و پەیوەندییەکان دامەزراوە»[32].

"مارتا میناو" لە بەرهەمێکی ژنانەدا ئەو شتەی جێگیرکردووە کە لە کۆمەڵێک کتێبدا کە زۆربەیان ساڵی 1980 بڵاوکراونەتەوە، ناویناوە "پێچی هاوپەیوەندی"، لەوێدا هەوڵیداوە ئەڵتەرناتیڤێکی ڕوونی ئامرازەکانی مەعریفە بۆ ژنان بدۆزێتەوە، چونکە ژنان ئەو بوونەوەرانەن لە جیهاندا کە بە نیگای نوقسان و نەنگ نابینن، ئەوە پیاوانن وەهان. هەندێ ژنە نووسەرانی دیکەی وەکو "کارۆل جیلیگان" لە "دەنگی جیاواز" (1982)، "ڕۆبن ویست" لە "عەشق، تووڕەیی، تیۆری یاسا" (1989)، "سارا رۆدیگ" لە "بیرکردنەوەی دایکانە" (1989)دا، پێیانوایە ئەزموونی ژنانە هەستکردنێکی بەهێزی بە پەیوەستیی لەگەڵ ئەوانیتر و هەستیاریی ئەخلاقی تێدایە کە بەشێوەی «جودا، ئۆبێکتیڤ، گەردوونی، ئەبستراکت دەرناکەوێتەوە، بەڵکو لەبری ئەوە هاوسۆزی، پەیوەستی، سوبێکتڤیتی (یان ئینتەرسوبێکتیڤیتی)، کۆنتێکستگەرایی دەنوێنێتەوە»[33].

سەرەڕای ئەوەی داوکارییە گەردوونییەکانی ئەزموونی ژنانە لەم ساڵانەی دواییدا بەهایەکی ئەوتۆی نەماوە، بەڵام ڕوانگەی لیبراڵیستی هێشتایش لای چەندین فێمێنیست وەک گوتارێک بیستراوە کە دەنگدانەوەیەکی نێرانەی هەیە و بەندە بە چەمکێکی ئەبستراکت و ترانسێندنتاڵی تاکەکەسەوە کە لە دەرەوەی هەر کۆنتێکستێکی کۆمەڵایەتییە.

"جۆن ڕاوڵز" لە کتێبی نایابی "تیۆری عەدالەت" (1971)دا، وەها وەسفی "دۆخی ئەسڵی" دەکات کە "حیجابی جەهل"ـە و پێگەی تاک لەنێو کۆمەڵگەدا لە تاکەکەسان دەشارێتەوە، بگرە تایبەتمەندیی وەکو یەکڕەگەزی دەشارێتەوە، شتێک کە فێمینیزم وەک بەرجەستەبوونی «ڕوانگەی ئەتۆمیزمی کەسی لێکدژ لەگەڵ حەقیقەتی پەیوەندیی مرۆییدا» وەسفی کردووە[34].

"ئیریس ماریۆن یۆن" کە یەکێکە لە ڕەخنەگرە فێمێنیستە هەرە دیارەکان لە حیجابی جەهل لای ڕاوڵز و "ئایدیاڵەکەی بۆ بێلایەنی"، دەڵێت بیرمەندی بێلایەن «دەیەوێت لە دیدگایەکەوە بڕوانێت کە بکەوێتە دەرەوەی حالەتە دیاریکراوەکانی کار، ڕوانگەیەکی بەرزتر لە هەر شوێنێک، کە ڕوانین و تایبەتمەندی و مۆرکێک دەخاتە سەر بابەت یان کۆمەڵە بابەتێکی دیارینەکراو. ئەم ئایدیاڵەی بابەتی ترانسێندنتاڵی بێلایەن، فەرق و جیاوازی لە سێ لایەنەوە سەرکوت دەکات یان دەسڕێتەوە: 1) تایبەتمەندیی حاڵەتەکان نەفی دەکات؛ 2)هەوڵدەدات بۆ کۆنترۆڵکردن یان لەنێوبردنی ناتەبایی لە فۆڕمی

شعورکردندا؛ 3) فرەیی بابەتە ئەخلاقییەکان بۆ یەک خود کەم دەکاتەوە.[35]. بۆیە، ڕەخنەی راوڵز لە بنەمای سوود کە رەچاوی فرەیی بابەتە ئەخلاقییەکان ناکات، وای لێکردووە کە جەخت لەسەر فرەیی خودەکان لە دۆخی ئەسڵیدا بکاتەوە؛ یۆنگ دەڵێت ئەو لۆژیکەی کە ڕاوڵز پەیڕەوی کردووە هێشتا هەر "لۆژیکێکی تاکڕەهەندە"[36]. بە گوزارشتێکی دیمە، «هەر تویژێکی خەڵک بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی بیر دەکاتەوە و زۆر باشیش دەزانێت کە ئەگەرچی ئەوانیتر فرە و جیاوازن کەچی هەمان کار لەگەڵ ئەوەدا دەکەن کە پێویستە ڕێکەوتنی لەگەڵدا بکەن، لەمەیشدا "مشتومڕ" لەنێوانیاندا ناگوزەرێت»[37].

تێڕوانینی ماکلین دەربارەی ئەوەی کە بۆ نموونە رەخنەکەی یۆنگ وەک ڕەخنەی ژنانە، پشتی بە "کاریکاتۆر"ی فیکری لیبراڵیستی بەستووە کە ئایدیاڵی بێلایەنی بە تایبەتمەندی جیاکەرەوەی لیبراڵیزمی "پیاوی ئەتۆمی" دادەنێت، ئەوەیش دەڵێت کە ئەگەرچی ڕەنگە ئەم کاریکاتۆرە لە واقیعدا هەبێت، بە تایبەتیش کاتێک مەسەلەکە پەیوەستە بە لیبراڵیزمی مۆدێرن و مۆدێرنی سەرەتاوە، بەڵام ئەمە وێنەیەکی ورد نییە بۆ "دەقە لیبراڵیستییە هاوچەرخەکان، کە دیارترینیان بەرهەمەکانی جۆن ڕاوڵز و ڕۆناڵد دۆرکینن"[38]. سۆزان ئۆکین دەگاتە ئەو بەرەنجامەی کە پیاوی ئەتۆمی دەزگای ئەبستراکتی تاکەکەسییە کە رەخنە فێمێنیستییەکەی ڕاوڵز پێیوایە هەیە و وەک ڕاوڵز نووسیویەتی حیجابی جەهل «هەر کەسێک لە دۆخی ئەسڵیدا ناچار دەکات کە بەرژەوەندی ئەوانیتر

لەبەرچاوبگرێت»[39]. ئۆکین ئەوەیش دەڵێت کە لە بری "بیرکردنەوە لە حاڵەتی نەناسراو"، دەبێت مرۆڤ هەوڵبدات "بیر لە حاڵەتی هەمووان بکاتەوە، واتە بە مانای گشت خۆی"[40]. ماکلین لەبارەی ئۆکینەوە دەڵێت کە «بانگەشەی ئەوە دەکات کەسانێک هەن ناتوانن مومارەسەی دۆخی ئەسڵیی بکەن ئەگەر بێتو پاڵنەری چاودێری و هاوسۆزی و بایەخدان بەوانیتر وشتی لەم بابەتەیان نەبێت.. بەم جۆرە ئۆکین جیاکاریی نێوان ئەخلاقیاتی عەدالەت و ئەخلاقیاتی چاودێری دیاریی کردووە و ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ئەخلاقیاتی چاودێری بە حەتمی لەو کەسانەدا هەیە کە راوڵز وەها وێنایان دەکات پەیوەستن بە مومارەسەکردنی دۆخی ئەسڵییەوە»[41].

ئۆکین و ماکلکین رەخنە لە لیبراڵیزم دەگرن، بەڵام هەتا بڵێی هاوسۆزن لەگەڵ «چەمکە سەرەکییەکانیدا دەربارەی ماقەکانی مرۆڤ، سەربەخۆیەتی، یەکسانی، ئینساف و عەدالەت»دا[42]. لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئەم چەمکانە، بە زەرورەت پەیوەست نین بە تاکگەراییەوە وەک ڕوانگەی ئەتۆمی و بێ پەیوەست لەگەڵ ئەوانیتردا کە ناچێتە ژێر باری لێپرسینەوەی چاودێریی گشتییەوە، بەڵکو ئەمانە بۆ بزووتنەوەی فێمێنیستی چەمکی تەواو چارەنووسسازن. بەرگریکردنی ئۆکین و ماکلین لە ڕەخنەکەی ڕاوڵز لە فێمینیزم، هەرگیز لە تیۆرێکی دیاریکراو یان بەگشتی لە تیۆری لیبراڵیزمدا، بە بێ قەید و شەرت پشتیوانیی لێ نەکراوە. ماکلین و ئۆکین لە

ڕوانگەی خۆیانەوە باسیان لە زەرورەتی تاوتوێکردن و چارەسەرکردنی کێشە ڕاستەقینەکانی چەمکە لیبرالّیستییەکانی پەیوەندییە خێزانییەکان و پەیوەندییە ڕەگەزییەکان کردووە و بە بڕوای ئەوان کەرەستەی زۆروزەبەند بۆ ئەم کارە لەبەردەستدایە.

کاری دواتری ڕاولّز سەبارەت بە دارشتنی چوارچێوەی پەیوەستبوونی ڕوون و ڕاشکاوانەیە بە یەکسانییەوە وەک پەیوەندییەکی بنەڕەتی کە لەم پەیوەندییەدا پیاوان پشتیوانی لە ژنان دەکەن. «کەسە پێگەیشتووەکان، چ لە خێزانەکاندا بن یان لە کۆمەلّەکانی دیکەدا، پێش هەموو شتێک هاوولاتی یەکسانن: ئەمە حالّەتە بنچینەییەکەیانە». ڕاولّز لەم بارەیەوە دەلّێت: "هیچ دامەزراوەیەک یان کۆمەلّەیەک ناتوانێت پشێلی مافی هاولاتیبوونی ئەندامەکانی خۆی بکات"[(43)]. هەروەها ئەوەیش دەلّێت کە لە حالّەتە خێزانییەکاندا «لەبەرئەوەی ژنەکان لەگەلّ مێردەکانیاندا یەکسانن و وەها سەیر دەکرێن و هەر وەکو ئەوانیش هەموو مافێکی بنچینەیی و ئازادییەکان و هەمان دەرفەتیشیان هەیە، ئینجا لەبەرئەوەی ئەمە بە گوێرەی جێبەجێکردنی راست و دروستی بنەماکانی دیکەی عەدالەت دەبێت، ئەوا ئەمە بەسە بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان لەبارەی یەکسانی و سەربەخۆییەوە»[(44)]. ڕاولّز ئەوەیش دەلّێت کە «ئەگەر خێزان عادەت و نەریتی بیرکردنەوە و شێوازی هەستکردن و ڕەفتارکردنی ئەوتۆ لە ئەندامەکانیدا بچێنێت کە ناکۆک بن لەگەلّ دیموکراسییەتدا... ئەوا دەبێت

بنەماکـانی عەدالەت بە ڕوونـی دەسـتوەردان بکـات بـۆ چاکسازی خێزان»[45] دان بەوەیشدا دەنێت کە بەشداریی ژنان لە پەروەردەکردنی منداڵاندا زۆروزەبەندەیە و لە هی پیـاوان زیـاترە و ئەمەیـش "سـتەمێکی ورودرێـزژی مێژوویيە" کە پێویستی بە چارەسەرکردنێکی سیاسییە[46]. وێـڕای ئەم داخوازییـانە وا پێـدەچیت ڕاوڵـز هێشـتا پەیوەسـت بێـت بە بانگەشـەکانی پێشـترییەوە دەربـارەی تیـۆری عەدالەت، بەو جـۆرەی کە بنەماکـانی عەدالەت «لە ژیـانی نـاوخۆیی زۆر کـۆمەڵگەی نێـو پەیـکەری سـەرەکی کۆمەڵگەدا جێبەجێ نابێت، تەنانەت لەنێو خێزانیشدا».[47] پاشـان، دەبێت لێبـووردەیی کاردابەشـکردنی نێـو خێـزان هەبێـت کە بەردەوام ئەوە کـارێکی "تەواو خۆبەخشـانە بـووە نەک بەرەنجامێک لە ستەمەوە یان بـووبێتە مـایەی سـتەم"[48] ئـۆکینیش وەهـا گوزارشـتی لەمە کـردووە کە "ڕەنگە ئەمە مەسەلەیەکی کەمێک تێکەڵوپێکەڵ بێت".[49].

ڕاوڵـز هۆشـیار بـوو لە ڕەخـنەی فێمێنیسـتی و هاوسۆزیشـی بـوو، بەڵام ئەو پێـوەرە خۆبەخشـییەی کە ئەو، وەکو هەموو لیبراڵیستەکانی دیکە، پێوەی پەیوەست بـوو تـاقیکردنەوەیەک بـوو کە بەرمەبنـای ئەمە ئەوە ڕادەگەیەنرا کە ئەو ستەمەی ممارەسە دەکرێت، هەرگیز گونجاو نییە بۆ تێگەیشتن لە بنەمای پاراستنی دەسەڵاتی پیاوان لەسەر ژنان. لە پێناو ئەم ئامانجەدا، راولـز خێزان لەنێو کۆمەڵە خۆبەخشە تایبەتییەکانی تردا پۆلێن دەکات و ئەو مـافە بە خێـزان دەدات کە ئەم کـۆمەڵانە جێبهێڵێت وەکـو وازهێنـان لە زانکـۆ و کەنیسـە[50]. ڕاوڵـز خەیـاڵی

سـ ـيناریۆیەکی کـ ـردووە کە توانـ ـای ئەوەی هەیە بە دڵنیـ ـاییەکی تەواو یـ ـان نـ ـیمچە تەواوە بڵێـ ـت هەر کاردابەشـ ـکردنێکی خێـ ـزان لەنێـ ـوان دوو ڕەگەزەکەدا، لە ڕاسـ ـتیدا دابەشـ ـکارییەکی خۆبەخشـ ـانە و خۆویسـ ـتانەیە، کەواتە هێزانـی ڕاسـتەقینەیش هەر بەو جـۆرەیە. "ترێسـی هیگنـز"(51)، قسـە لەسـەر ئەم بـابەتە دەکـات و دەڵێت: «وا پێـدەچێت بە زەینـی راوڵـزدا نەهاتبێـت کە دابەشـکردنی خۆبەخشـانەی کـار لەنێوان هەردوو ڕەگەزەکەی خێزانـدا، مـافی یەکسـانیی کچـان و ژنـان، لە ڕێـگەی چانـدن وێـنە ڕۆتینییەکـ ـانی نێـ ـوان دوو ڕەگەزەکەوە، دەخـ ـاتە بەردەم مەترسی».

بەڵام ئـ ـۆکین لای خـ ـۆیەوە، لە بەرپەرچـ ـدانەوەی بانگەشـ ـەکەی راوڵـ ـزدا لەبـارەی ئەوەی کە "نامانەوێـت" خێزانەکـ ـان لەسـ ـەر بنچیـ ـنەی بنەماکـ ـانی عەدالەتـ ـی دابەشکاریی ڕێکبخرێن(52)، دەڵێت "جا بۆ نا؟". ئەگەر ئەو ڕەخـ ـنەیەی جـ ـۆن سـ ـتیوارت میـ ـل لەبەرچـ ـاوبگرین کە مـ ـاوەیەکی درێـ ـژە گرتـ ـوویەتی، بەو واتـ ـایەی کە "خێـ ـزان قوتابخانەی ستەمکردنە"، دەتوانین سـەرنج لەوە بدەین کە بیرمەندە پەیوەندیدارەکان بەم مەسـەلەیە، لە بەرگریکردن لە دیموکراسییەتی لیبراڵیستیدا پێشکەیشتوون و لەوەیان ڕوانیوە کە لە پشتی پەردەی بواری تایبەتەوە ڕوودەدات. ئۆکین ئـاوا بایەخدانەکەی میلی بەم پرسـیارەی خـوارەوە داڕشـ ـتۆتەوە: "چـ ـۆن دەشـ ـێت دامەزراوەی کـ ـۆمەڵایەتی هەمـ ـان ئەو دامەزراوەیە نەبێـ ـت کە لەسـ ـەر عەدالەتـ ـی نـاوخۆیی دامەزرابێت، وەکـو ڕاوڵـز دانـی پێدادەنێت، کە

لەوێـــدا هۆشـــیاری ســـەرەتایی و ســـنووورداری منـــداڵان بەرامـــبەر عەدالەت لە خۆشەویســـتی و متمانەیـــانەوە بەوانەی کە بایەخیـــان پێـــدەدەن ســـەرهەڵدەدات و هەر لەوێیشـــدا بنچیـــنەی پەرەســـەندنی ئەخلاقـــی پێکـدێت کە لەخۆیـدا لەسـەر عەدالەتـی نـاوخۆیی دانەمەزراوە»[53]. بە هەرحـاڵ، ڕەنـگە ئەمە شـتێکی ئاسـایی بێـت، ئەویـش لە ڕێگەی بەرفراوانکردنی بازنەی بنەما لیبراڵیستییەکانەوە و درێژکـردنەوەی ئەم بنەمایـانە بـۆ نێـو مشـتومڕی نێـوان فێمێنیســتە لیبراڵیســتەکان و رەخنەگرانیــان. ئەم کێشـــەیە نەک تەنیـا گرنگـی بە هـاورایی پـتەوی لیبراڵیـزم دەدات دەرهەق بە جوداکردنەوەی نێوان بواری گشتی و بـواری تـایبەتی، بەڵکو بـایەخ بە جێبەجێکردنـی بنەمـای بێلایەنیـی نێـوان هەردوو ڕەگەزەکەیـش دەدات کە رەنـگە هەرگیـز بێلایەن نەبێت.

## کێشەی یەکسانیی نێوان هەردوو ڕەگەزەکە:

### نوێنەرایەتیی سیاسی

مـــامەڵەکردن لەگەڵ کێشـــەی یەکســـانی یاســـایی و بێلایەنـــــانەی نێـــــوان هەردوو ڕەگەزەکە، ڕەنـــــگە لە گۆشەیەکی پەیوەندیدارەوە مومکین بێت، واتە لە گۆشـەی نـوێنەرایەتی و بەشـداریی سیاسـییەوە. فیکـری سیاسـیی لیبراڵـی بەشـێوەیەکی گشـتی جەخـت لەســەر بـایەخی هەمەڕەنگـی و جیـاوازی دەکـاتەوە، تەنـانەت بەرگـری لە بنەمـای یەکســانی لە ســایەی یاســادا کــردووە. بەلای

بەشـێکی زۆری لیبرالیسـتەکانەوە هەمەڕەنگیـی وەک فـرە بەهـایی، واتە وەک هەمەجـۆریی هزرەکـان تێگەیشـتراوە. ئـان فیلیـبس سـەرنجی ئەوەیداوە کە «ئەو هەمەجۆرییەی کە زۆریـنەی لیبرالیسـتەکان مەبەسـتییانە، جۆراوجـۆری بیروبۆچوونەکـــان، ئەفزەڵیاتەکـــان، ئامانجەکـــانە، کە لە هەمەجـۆری ئەزموونەکـانەوە دروسـت دەبـن، بەڵام بە بنەمـــایەکیش دادەنـــرێن کە لە ئەزمـــوون جـــودان»[54]. تێگەیشـتن لەم هەمەجـۆرییە ئاکـامی گرنگـی هەیە بـۆ تێگەیشتنی لیبرالیـزم لە نوێنەرایەتی سیاسـی. فیلیبس لەم بـوارەدا دەڵێـت: «کاتێـک جیـاوازی لە ڕووی هەمەجـۆریی فیکرییەوە بەهەند وەردەگیرێت، زۆر گرنگ نییە کێ کۆی فیکرەکان دەنوێنێتەوە»[55]. بۆیە دەرەنجامی ئەمە «وا دێت بە خەیاڵـدا پیـاوان ڕووبەڕووی ژنـان دەبـنەوە کاتێـک مەسەلەکە مەسەلەی نوێنەرایەتی سیاسی یان بەرنامە یان ئایـدیاڵێکی ڕێکەوتـن لەسـەرکراوە. فیلیـبس لێـرەدا ئەم پرسیارە دەکات: پیاوان چۆن دەتـوانن ڕووبەڕووی ژنـان ببـــنەوە لە کاتێکـــدا مەســـەلەکە لە خۆیـــدا مەســـەلەی نوێنەرایەتی ژنانە؟»[56].

لیبرالیستەکان هاوڕابوون لەوەی پرسیارەکەی فیلیپس لەبـــارەی "سیاســـەتی بوون"ـــەوە بـــخەنە ژێـــر بـــاری "سیاسەتی هزرەکان"ـەوە، بەرەو ئەو باوەڕە هەنگاویان نا کە ئەم هـــزرانە پەیوەســـتن بە گـــروپە کـــۆمەڵایەتییە جیاوازەکانەوە. زۆرجار مەسەلەی عەدالەت و نوێنەرایەتی یەکسـانیی کۆمەڵ لەنێـو چوارچێوەی گەورەی بێلایەنیـی لیبرالیسـتیدا بەهەنـد وەرنەگیـراوە، ئـاخر چـۆن دەتـوانین

ئەوە هاوسەنگ بکەینەوە کە ڕاوڵز لە "لیبراڵیزمی سیاسی" (1993)دا وەها مشتومڕی لەسەر کردووە کە داواکاری لە پێوانەبەدەرن بەڵام داوکارییی عەقلانیی یەکسانن بۆ کێبەرکێی "ڕێبازە گشتگیرەکان" یان بۆ کێبەرکێی ڕوانگە جیهانییەکان[57]. بە گوێرەی بۆچوونی ڕاوڵز، "لەپێوانەبەدەری" بەرگریکارانی لیبراڵیزم نائومێد ناکات، لەبەرئەوە ڕەنگە ڕێکخستنی سیاسی کار بکات بۆ خوڵقاندنی "کۆدەنگییەکی لێکدراو" لەبارەی بنەما سەرەکییەکانی ئینساف و عەدالەتەوە. ڕاوڵز، لە ڕێگەی پرۆسەی وێناکردنی کێشەی هەمەجۆریی باوەڕەکان و تیۆرەکانەوە، لە مەسەلەی "نوێنەرایەتی دروست"ی ڕوانگەی هاووڵاتیانی ئازاد وەها تێگەیشتووە کە لە سیاسەتی هزرەکاندا یەکسانن، بەڵام لە سیاسەتی بووندا یەکسان نین: «هەرگیز ڕاوڵز بایەخی بەوە نەداوە کە دەبێت یەکسانییەکی نزیکەیی لە نوێنەرایەتیدا لەنێوان سەرجەم ئەو کۆمەڵانەدا هەبێت کە کۆمەڵگە پێدەهێنن»[58].

کێشەکان لە چەمکە لیبراڵییەکاندا دەربارەی بێلایەنی و نوێنەرایەتیی سیاسیی دادپەروەرانە، لە ڕوانگەی فێمینیزمەوە هەمان ئەو کێشانەیە کە لەلایەن ئەو بیرمەندە لیبراڵیستانەوە وەسفکراون کە هەوڵیانداوە دووبارە باوەڕ دروست بکەنەوە بەرامبەر پەیوەستبوون بە ئازادی تاکەکەسییەوە لە میانەی ئەو واقیعەوە کە خەڵکی لە کۆمەڵە کولتوورییەکاندا تێیدا دەژین. میل کیملیکا (1989) و جۆزێف ڕاز (1994) مشتومڕی دوو

نمــوونەی بەناوبانگیــان کــردووە دەربــارەی ئەوەی کە مەمکین نییە چەمکێک بۆ ئازادی تاکەکەسی لە دەرەوەی مافەکـانی جیـاوازبوونی کـۆمەڵ دابنرێـت[59]، هەروەهـا دەربارەی ئەوەی کە ئەندامێتی لە کۆمەڵەیەکی کولتووریدا مەرجە بۆ "ئازادی تاکەکەسی و گەشەکردن"[60]. لە لایەنی یەکەمەوە، ڕەنــگە ڕەخنەگرانــی فێمینیزمــی لیبراڵیســتی شتێکی لەم جۆرە بڵێن، بە پاساوی ئەوەی کە جیاوازی ڕەگەزی و بوونی بوونەوەرێکی بەرجەستە وەک ئەندامی کۆمەڵەیەک کە ناویان بنرێت ژنان، خالێکی زەرورییە بۆ داواکــاریی ســەربەخۆیی و ئــازادی. لە لاکــاتێکی تــردا، فێمینیـزم بەوپەڕی بـایەخەوە لەو ئایـدیایە دەڕوانێـت کە هەمــوو ژنــان هەمــان بەرژەوەنــدی یــان بەرژەوەنــدی هاوشــێوەیان هەیە. ئایــا ئەم هەنگــاوە دەتوانیــت ببیــتە هەوڵێکی گەورە بۆ "کەمکردنەوەی فرەیی و کۆکردنەوەی لە یەک دا" کە یۆنگ وەک جەوهەری بێلایەنیی لیبراڵیستی و وەک لـۆژیکی بـێلایەن لێـی دەداتەوە؟[61]. فیلیـبس لەم بارەیەوە دەڵێت: «هەموو ژنان بەرژەوەندی هاوشێوەیان هەیە» کەواتە «بە چ مانــایەک ئــێمە بە دادپەروەرییەکــی زیاترەوە نوێنەرایەتیکراوین کاتێک دەبینین نوێنەرەکانمان لە خۆمان بەرزترن؟»[62]. بە گوزارشتێکی تر ئەو کێشانە هەرچییەک بن کە لە هزرە سیاسییە لیبراڵییەکاندا هەن و دەیەویـــت ئایـــدیاکان وەک شـــتێک ســـەربەخۆ لە هەڵگرەکانیان تاوتوێ بکات، هێشتا دەپرسین ئەوە چییە لە گـۆڕانە سـەر سیاسـەتی بووندا هەیە کە بەنـدە لەسـەر ئەوەی نــاتوانین بە درروســتی پشــت بە هەمەجــۆری

دەنگدەران ببەستین ئەگەر بێتوو هزرە هەمەجۆرەکان لە ڕێگەی کۆمەڵە هەمەجۆرەکانەوە نەنوێنرێنەوە؟ ئایا نوێنەرە نێرینە هەڵبژێردراوەکان، کە هەڵگری ئایدیا فێمێنیستییەکانن، دەتوانن ببنە ئەڵتەرناتیڤی بوونی ژنان وەک نوێنەری هەڵبژێردراو؟

ئەو کێشەیەی کە ئایدیای سیاسەتی بوون لە هەندێ لایەنی سەرەکییەوە دەیوروژێنێت، لە بیرکردنەوەوەی لیبراڵییانەوە هەڵدەقوڵێت لەوەی کە سیاسەت پێش هەموو شتێک چالاکییەکە گرنگی دەدات بە مومارەسە ڕەواکانی دەسەڵاتی دەوڵەت لەسەر تاکەکان و سەپاندنی کۆتوبەند بەسەر ئازادییەکانیاندا. بەلای لیبراڵیستەکانەوە، تاکەکان مافیان لە ڕزگاربوون لە سیاسەت هەیە. لە دووبارە دارشتنەوەی دەقێکی هۆبزدا، دەتوانین بڵێین من ڕێک ئەو کاتە ئازادم کە یاساکان بێدەنگ بن. ئەو پرسیارەی لێرەدا دەبێت بیکەین، ئەوەیە کە ئایا شتێکی ڕاستەقینە لەم بانگەشەیەدا هەیە؟ وەڵامەکە ئەوەیە کە نایت دوورتر لە سەرهەڵدانی تۆتالیتاریزم بڕوانین کە «هەموو بوارەکانی ژیانی دەخاتە ژێر دەستی داواکارییە سیاسییەکان و دانپێدانەنانێکی سیستەماتیک بە مافە مەدەنییەکاندا» بۆئەوەی وا بنوێنێت «ئازادی ئەو کاتە دەستپێدەکات کە سیاسەت کۆتایی دێت»، وەک هانا ئارێنت نووسیویەتی[63]. ئارێنت پرسیاری لە بارەی بنەمای "سیاسەتی کەمتر و ئازادی زیاتر"ەوە دەکات و وتویەتی، ئایا دوای هەموو شتێک باوەڕی لیبراڵیزم لەسەر هەق نییە؟ «ئایا ئەوە ڕاست نییە کە هەتا ئەو پانتاییە

بەرتەسک ببێتەوە کە سیاسەت پێیەوە خەریکە، ئەوەندەیش بواری بۆ ئازادی زیاتر فراوانتر دەبێت؟»[64].

ئارێنت ئەوەیشی زیاد کردووە کە چەمکی ئازادی وای دەبینێت کە دەبیت ئازادی لە سیاسەت بپارێزرێت، بەڵام نەک وەک چالاکیی سیاسی خۆی، دەبیت لەسەر ئایدیای سەروەری یان لەسەر ویستی ئازاد دابنرێت. پاشان، ئازادی لە ڕێگەی چەمکی تەوەری-ئیرادییەوە دەبێتە «ئازادی هەڵبژاردن، کە حوکم و بڕیار لەسەر دوو پێدراوی دیاریکراو دەدات»[65]. وەک ئارێنت جەختی لەسەر کردۆتەوە ئایدیای ئازادی وەک ویستی ئازاد، ئایدیایەکی وەهمی و مەترسیدارە.

ئەم پێناسە سیاسییەی ئازادی لەگەڵ سەروەرییدا، ڕەنگە بەرەنجامێکی هەرە زیانبەخش و مەترسیدار بێت بۆ هاوکێشەی فەلسەفیی ئازادی و ویستی ئازاد. ڕەنگە ئەم بەرەنجامە ببێتە مایەی بێبەشبوون لە ئازادیی مرۆڤ —بەو مانایەی ئەگەر وەدیی بێت ئەوا مرۆڤەکان هەرچییەک بن، هەرگیز سەربەخۆ نابن- یان ڕەنگە بگەنە ئەو باوەڕەی کە دەشێت ئازادی کەسی یان کۆمەڵییانە، تەنیا بە بەهای ئازادی بکڕدرێت، واتە کرینی سەروەریی هەموو ئەوانیتر... خۆ ئەگەر بیانەوێت ئازاد بن، ئەوا دەبیت ڕێک دەستبەرداری سەروەری ببن[66].

کەواتە لە ڕێگەی ڕەخنەکەی ئارێنتەوە، ئازادی وەک سەروەری، سیمای ناسیاسی و تایبەتی لیبراڵیزمە. لێرەدا ئامانجی سیاسەت پاراستنی بەرژەوەندی و مافە تاکەکەسییەکانە، لە هەرکوێ ئازادی تاکەکەسی هەبێت،

سیاسەت بوونی نییە. پێناسەکردنی ئازادی لەگەڵ ویستی ئازاددا کرداری "ویست" لەگەڵ کرداری "توانا"دا تێکەڵ و ئاوێتە دەکات، ئەمەیش واتای ئەوەیە دان بەوەددا نانریت کە مرۆڤ پێویستی بەوەیە توانای کردنی ئەوەی هەبێت کە دەیەوێت، ئەم توانایەیش پەیوەستە بە بوونی ئەوانی دیکەوە. ئەنجامدانی کردەی "توانا"، لە خۆیدا بە پرۆسەیەک دادەنرێت کە ئامادەی ئەنجامدانی کار و بەرپاگرتنی پەیوەستییە لەگەڵ ئەوانیتردا، نەک تەنیا ئارەزوو و هۆگربوونی مرۆڤ بە خۆیەوە.

لە ڕێگەی تێگەیشتنی ئارێنتەوە لە ئازادی نا-ڕەها وەک ئەکتی سیاسی دەگەڕێینەوە بۆ سیاسەتی بوون کە بەو واتایە لەبەرچاو دەگیرێت ئایا ئەوەندە بەسە ژنان لە حکومەتدا ئەندامی هەڵبژێردراو بن، یان نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی ژنان لەلایەن پیاوانەوە و هاوسۆزی پیاوان لەگەڵ ئەو بەرژەوەندییانەدا، دەمانگەیەنێتە ئامانج؟ جەختکردنەوە لەسەر بەرژەوەندییەکان، کە لە فیکری سیاسیی لیبراڵیدا وەک پێدراوێکی پێشوەخت و پەیوەست بە کۆمەڵەکانەوە باسکراوە، بە ناچاری دەبێتە مایەی نیگەرانییەک کە وەها لێک دەدرێتەوە تاکەکان ڕەنگە لەلایەن ئەو کۆمەڵانەوە نوێنەرایەتیی نەکرێن کە گوایە بەناویانەوە قسە دەکەن. ئەوەیش جێگای نیگەرانییە ژنان لەو شوێنەدا کە ژنان نوێنەرایەتیی تێدا دەکەن، بە جەختکردنەوە لەسەر سیاسەتی بوون دادەنرێن، وەک فیلیبس نووسیویەتی: «ئەو خانمە نوێنەرانە بە خەمخۆرییەوە بەدوای کۆمەڵێک بەرژەوەندی هاوبەند و

جێگیـردا دەڕۆن»[67]. لێـرەدا دەکرێت ئامـاژە بەوە بـدرێت کە بەرژەوەندییەکان و نواندنەوە یان بەد-نواندنەوەی ئەم بەرژەوەندییانە مەسەلەی سەرەکی نییە، بەڵکو مەسـەلەی سەرەکی ژنـان و بەشـدارییە سیاسییەکەیانە لە دامەزراوە دیموکراسـییە لیبراڵییەکانـدا. فیلیـبس دەڵێـت: «سیاسـەتی بـوون واتـای زینـدانکردنی خەڵکـی لەو شوناسـانەیاندا کە پێشـــتر پێیانــدراوە، ئەو شوناســانەی کە هەر بە جەوهە بەرتەسکن و لەکـورتی دەدەن»، «بەڵام ئامـانجەکە ئەوەیە ئەو توانــایە بەو کەســانە بـدرێت کە ئێســتا لە سیاســەت دوورخــراونەتەوە کە زیــاتر و ڕاســتەوخۆتر بچــنە نێــو مشتومڕی سیاسی و بڕیاری سیاسییەوە»[68].

## لیبراڵیزم و بژاردەی بزووتنەوەی فێمێنیستی:

لیبراڵیکســتەکان دان بە بــایەخی بەشــداریی سیاســیدا دەنێن، دان بەو مـافەدا دەنێن کە بەشداربیت لە حکومەت و بەڕێوەبردنـــــدا، بەڵام ئەم دانپێـــدانانە زۆر دوورە لە جەوهەری فیکری سیاسـی لێبراڵیسـتییەوە. لە بەرامـبەردا، مـافی خـۆتە لەلایەن دەسـەڵاتێکی داپڵۆسـێنەرەوە حـوکم نەکرێیت، مافت هەیە لەوەی نوێنەرانێک حوکمت بکەن کە خـــۆت هەڵیانـــدەبژێریت، ئەرکـــی ئەم نـــوێنەرانەیش دەســتەبەرکردنی ئەوەیە کە دەوڵەت مافەکــانی تاکەکــان بپارێزێت. لە هەموو دۆخێکدا، ئەم ئایدیا باو و ئاشـنایانە بۆ پسپۆرەکانی فێمینیزمی لیبراڵیستی ئایدیای جەوهەرین؛ بزووتنەوەی فێمێنیستی هەمیشە گرنگی بە دەستبەرکردن و پاراسـتنی مافەکـانی ژنـان داوە. ئەو پرسـیارەی لێـرەدا

دێتە پێشەوە ئەوەیە کە ئایا دەبێت ئایدیای لیبراڵیزم دەربارەی هەڵبژاردنی ئازادی تاکەکان لەنێو گروپێکی وەسفی یان لەنێو کۆی خەڵکدا بێت؟ زۆربەی فێمێنیستەکان رەخنەی توونـد لە ئامرازەکانی ئایدیای ئەرکی هەڵبژاردنی تیۆری لیبراڵیستی دەگرن، لەبەرئەوەی بەلای ئەوانەوە ئەمە پەیوەندییەکانی هێز دەشارێتەوە.

فێمێنیستانێکی وەکو ئۆکین و ماکلین ڕەخنەی توونـدیان لە ئایدیای هەڵبژاردن (ئیختیار) گرتووە. لە مشتومڕەکەی ڕاولزدا بینیمان کە ئایدیای خۆبەخشی، ئەو پەیوەندییانەی هێز دەشاریتەوە کە دابەشکردنی کار لەنێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا دەهێڵێتەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا فێمینیزمی لیبراڵیستی ئاگای لەو سەرنجەیە کە لابردنی ئەو کۆتوبەندانەی بەر بە گەشەکردنی خودییانەی ژنان دەگرێت و ئەمەیش ڕێک پەیوەستە بەو زمانەوە کە هەڵیدەبژێرن. مشتومڕی ئەوەمان کرد کە ئەوەی ژنان بەهێز دەکات ئەوە نییە کە ژنان خۆیان دەیخوازن و ئارەزوویان لێیەتی، بەڵکو ئەوەیە کە پیاوان لەسەرڕێی ژناندا دایدەنێین هەرکاتێک کە هەوڵیاندابێت لە کۆتوبەندە تەقلیدییەکانی خێزان سەرفراز ببن. پاشان، فێمینیزمی لیبراڵیستی تەرکیزی خستۆتە سەر واقیعە ماتریاڵییەکەی کرێی کەمتر، بژاردەکانی چاودێرکردنی ناتەواوی منداڵ، جوداکردنەوەی هەردوو ڕەگەزەکە لە دەستی کاردا و ..هتد. لەبەرئەوەی ئەمە ئەو لەمپەرانەن کە لەسەر ڕێی ئەو ژنانەدا دەوەستن وا ژیانی ئازادانەیان هەڵبژاردووە و

ئەوانیش بە ڕوونی لە زۆر لایەنەوە لە کردنی ئەم کارەدا لەسەر هەقن، چونکە ئەم لەمپەرانە لەمپەری ڕاستەقینەن.

بەلای ئەی چی دەبێت ئەگەر کاریگەری ڕاستەقینەی مەترسیداری دەسەلاتی نێرینە، بگۆڕێت بەو وێنە ڕۆتینییە ژنانەیەی کە وەک ماکینۆن دەنووسێت: «هێند زیانبەخشە دەیانکاتە حەقیقەتێکی ئەزموونی»[69]. فیکری لیبرالی لەم حالەدا گیری خواردووە، ئەگەر ئەم دەربڕینە دروست بێت، چونکە دەشێت ژن بەو ویستی خۆی ئەوە هەلبژێرێت لە مالدا بمێنێتەوە و خزان پێکبهێنێت، مومارەسەی پیشەکەی نەکات، بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا نەکات و شتی لەم بابەتە.. چونکە ئەگەر زەرورەتێک بۆ هەلبژاردن لە گۆڕێدا نەبێت، ئەوا ئەستەمە دژ بەوە مشتومڕ بکرێت. بەهۆی ئەم پاساوەوە، ڕاولز بەرگری لە دەستوەردانی دەولەت لە خێزان نەکردووە، ئەگەر بێتوو وەک دەلێت ژنان خۆیان ئەوەیان هەلبژاردبێت ببێتە دایک و لە مالدا بمێننەوە. هەتا وێنەی باو و ڕۆتینیی ڕیالیزمی ئەزموونگەرایی بۆ مێینەیی ڕاستەقینە زیاتر بکات، ئەوەندەیش ئەستەم دەبێت بلێین دەشێت یان دەبێت بیگۆڕین، چونکە مومارەسەی هەلبژاردنی تاکەکەسییانە لێرەدا سەراپای چوارچێوەی ئازادیی دیاریی دەکات.

ماکینۆن دەلێت، لیبرالیستەکان و فێمینیزمی لیبرالیستی، ناتوانن سروشتی ڕاستەقینەی دەسەلاتی نێرینە ببینین، چونکە خۆیان بە ئایدیای هەلبژاردن (ئیختیار)ەوە نووساندووە. ماکینۆن دەنووسێت: «کاتێک بزووتنەوەی

فێمینیزمی لیبراڵیستی پێیوایە کە جیاکاری لەسەر بنەمای ڕەگەز، پێش هەموو شتێک جۆرێکە لە وەهم و خورافە و دەبێت ڕاست بکرێتەوە، ئەوا بزووتنەوەی ڕاستەقینەی فێمێنیستی پێیوایە ڕوانگەی سەرەکیی نێرینە بۆ دەسەڵاتی نێر بریتییە لە دەسەڵاتێکی سەرەکی بۆ ئافراندنی جیهان لەسەر شێوەی تایبەتی خۆی، لەسەر وێنەی ئارەزووەکانی خۆی، نەک تەنیا سەیر کردنی دەسەڵات وەک دوا بەرهەمی وەهمییانەی خۆی»[70]. ئەگەر بچینە نێو ئەو مشتومڕەوە کە تاکەکان دروستکەری بەهێزی ئەو واتایەن کە ڕووبەڕووی ئەو لەمپەرانە دەبێتەوە وا پێویستە لاببرێن، ئەوا شکست دەهێنین لەوەی بە ڕاستی سروشتی ئەو کۆتوبەندە ببینین کە یاساکان و نەریتەکان و ڕێساکانی کۆمەڵگەی نێرینە بەسەر ژناندا دەیانسەپێنن. هەروەها ئێمە ناتتوانین ببینین کە چۆن چەندین ژن چوونەتە ئەو دۆخەی کۆمەڵگەی نێرینە لێی ویستوون. پاشان، هەڵبژاردنە تەقلیدییە مێینەکانیان وەک ژنانی ئازاد پێپیشانیان دەدەن. نانسی هێرشمان لەم کۆنتێکستەدا دەڵێت:

«ئەم بونیادە لە ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێساکان بۆ ئەوە هاتوونەتە گۆڕی تاوەکو نەک تەنیا ئەو شتانە پێک بهێنن کە ڕێگە بە ژنان دەدرێت بیانکەن، بەڵکو ڕێیان پێبدرێت هەیشین: چۆن ڕێگە بە ژنان دەدرێت بیر لە خۆیان بکەنەوە و وێنای خۆیان بکەن، دەتوانن چی بکەن و چییان دەوێت، ئەفزەڵیاتەکانیان، تیۆرە مەعریفییەکانیان، زمانەکەیان چییە... ئەم ڕێسا و پێوارانەی سیستەمی

باوکسالاری تەنیا کۆتوبەندی دەرەکیی دژ بە ئارەزووە سروشتییەکانی ژنان نین؛ بەڵام لەبری ئەوە، کۆنتێکستێکی تەواو کولتوورییان خوڵقاندووە کە وای لە ژنان کردووە لە واقیعدا وەها دەربکەون خۆیان ئەوە هەڵبژێرن کە کۆتوبەندیان دەکات»[71].

لیندا هێرشمان نووسیویەتی ئایدیای ئازادیی تاکەکەسی، بە تەواوەتی لەڕێگەی مومارەسەکردنی هەڵبژاردنەوە دیاریی کراوە، لە دیموکراسییەتە پێشکەوتووە لیبراڵیستییەکانیشدا ڕێی خۆی بەرەو بیرکردنەوەی فێمینیزم هاوچەرخ کردۆتەوە. لەبەرئەوە ناوی ناوە "بژاردەی بزووتنەوەی فێمینیزم"[72]. ناوەڕۆکی ئایدیاکە ئەوەیە کە فێمینیزم زۆربەی ئەو کۆتوبەندانەی هەڵگرتووە کە ژنانی لە دواوە دەهێشتەوە، ئێستا لە هەڵبژاردندا ئازاد بوون. مایکڵ فیرگسۆن نووسیویەتی بژاردەی بزووتنەوەی فێمینیزم «وەها لە ئازادی تێدەگات کە توانای دروستکردنی بژاردە تاکەکەسییەکانی هەبێت، وەهایش لە سەرکوتکردن تێدەگات کە نەبوونی توانای هەڵبژاردنە. لە ئەنجامدا، مادام ژن دەتوانێت بڵێیت خۆی شتێکی هەڵبژردووە (بۆ نموونە مانەوە لەنێو ماڵ، ماکیاژکردن، سەرپێچیکردن لە بۆچوونی هاوسەرەکەی)، ئەوا دەتوانین ئەمە وەها دابنێین کە بژاردەی فێمینیزمە تاوەکو گوزارشت بێت لەسەر ڕزگارییان»[73]. جا لەبەرئەوەی هەڵبژاردن تاکە بنەمای هەڵبژاردنە بۆ دیاریکردنی ئەوەی داخۆ ژن ئازادە یان نا، ئەوا «دەبێت واز لە حوکمدان لەسەر ناوەڕۆکی ئەو بژاردانە بهێنین کە

ژنان ئەنجامیان دەدەن، چونکە 'هیچ ژنێک ناتوانێت' خۆی سەرکوتکردن هەڵبژێرێت»[74].

لە کۆتاییدا، فێمینیزمی کرێکاران لەنێو دیموکراسییەتە سیاسـیـیە لیبراڵییەکانـدا، لە یەک کاتـدا ڕووبەڕووی تەحەدای چـۆنیەتی ڕوانـین لە هەر دوو مەسـەلەکە دەبێتەوە، ئەوانیش: یەکەم: یەکانگیری بونیادی دەسەڵاتی نێرینە کە هێشتا توانای ژنان بۆ هەڵبژاردنی ئازادانە سنووردار دەکات؛ دووەم: مرۆکی وەهمییانەی بژاردەکان کە لەم ڕەوشـانەدا دادەنـرێن. لەبەرئەوە فێمینیـزک پێویسـتی بەوەیە تەرکیـز بخـاتە سـەر ئەو میکـانیزمە دەرەکیانەی کە ڕوخساری ئەو بژاردانە دیاریی دەکەن کە ژنـان دەتـوانن هەڵیـانبژێرن، ئینجـا ئەو میکـانیزمە ناوەکییانەی کە ناهێڵێت ژنان ئەو بژاردانە هەڵبژێرن کە ئازادییەکانیـان بەرتەسـک دەکەنەوە. ئەمەیـش بە ڕاتـی ئەرکێکی درێژە.

**سەرچاوە:**

ليندا إم. جي. زيريللي: لنقد النسوي لليبرالية ، 23 ابريل 2017،

http://hekmah.org

## پەراوێزەکان:

[1] Mill, Principles of Political Economy, p. 952.
[2] Okin, Gender, Justice, and the Family, p. 9
[3] For example, see Brown, States of Injury; Di Stefano, Configurations of Masculinity; Pateman, The Sexual Contract; Phillips, Engendering Democracy; and Eisenstein, The Radical Future of liberal feminism.
[4] For example, see Okin, Gender, justice, and the Family; Nussbaum, Sex and Social justice; McClain, ”’Atomistic Man’ Revisited” Shanley, Feminism, Marriage, and the Law in Victorian England; and Schaffer , “Feminism and Liberalism Reconsidered.”
[5] Okin, “Gender, Justice and Gender,” p. 1546.
[6] Wollstonecraft, A Vindication of the Rights of Woman, p. 3.
[7] On this point see Eisenstein, The Radical Future of Liberal Feminism; Landes, Women and the Public Sphere; and Gatens, The Oppressed State of my Sex “.
[8] Taylor, Mary Wollstonecraft and the Feminist Imagination.
[9] Maoine, “Revolutionary Rhetoric.”
[10] Ibid., p. 3.
[11] Mill, The Subjection of Women, p. 486.
[12] Mill, Principles of Political Economy, p. 354.
[13] 13lbid., p. 352. On Mill’s obsessive concern with the procreative habits of the poor and its influence on his feminist thought, see Linda M. G. Zerilli, Signifying Woman.
[14] Mill, Principles of Political Economy, pp. 368, 367.
[15] Elshtain, Public Man, Private Woman, p. 144. For a sympathetic reading of Mill on the gendered division of labor, see Shanley, “Marital Slavery and Friendship.”
[16] Pateman, The Disorder of Women, p. I8.
[17] Pateman, ’God Hath Ordained to Man a Helper’‘ p. 56.
[18] Fraser, “Beyond the Subject/ Master Model ” p. I74.
[19] Brown, States of Injury, p. 137.
[20] Fraser, “Beyond the Subject/Master Model,” p. I75.
[21] 21 For an excellent historical overview of the limitations associated with pursuing legal equality for women without taking proper account of extra-legal sources of women’s

oppression, see Shanley, Feminism, Marriage, and the Law in Victorian England.

[22] For an account of how emerging seventeenth- and eighteenth-century liberal ideas about what counts as public, what private, influenced the access of women to public life, see Landes, Women and the Public Sphere

[23] Elshtain, Public Man, Private Woman, p. 6.

[24] Higgins, "Gender, Why Feminists Can't (or Shouldn't) Be Liberals," p. 1630.

[25] Tronto, Moral Boundaries.

[26] Brown, States of Injury, p. 157.

[27] Elshtain, Public Man, Private Woman, p. 123.

[28] Hirschmann, Rethinking Obligation, p. 8.

[29] See, for example, Di Stefano, Configurations of Masculinity; Pateman, The Sexual Contract; Elshtain, Public Man, Private Woman; Eisenstein, The Female Body and the Law; Jaggar, Feminist Politics and Human Nature; and Hartsock, Money, Sex, and Power.

[30] McClain, "'Atomistic Man' Revisited, " p. 1174. See Minow, Making All the Difference; Rhode, Justice and Gender; and West, "Jurisprudence and Gender."

[31] 31McClain, "'Atomistic Man' Revisited," p. 1174.

[32] Ibid. Here the work of Carol Gilligan on women's moral development and Sara Ruddick on mothering as a practice of care have been very influential. See Gilligan, In a Different Voice and Ruddick, Maternal Thinking.

[33] McClain, '"Atomistic Man' Revisited, " p. 1183.

[34] Ibid., p. 1204.

[35] Young, Justice and the Politics of Difference, p. 100.

[36] Ibid., p. 101.

[37] Young, Justice and the Politics of Difference, 101.

[38] McClain, "Atomistic Man' Revisited," p. 1175.

[39] Rawls, A Theory of Justice, p. 148. Such feminist critics of Rawls include Hirschmann, The Subject of Liberty; Young, Justice and the Politics of Difference; and Benhabib, Situating the Self.

[40] Okin, Gender, Iustice, and the Family, p. 244.

[41] McClain, "'Atomistic Man' Revisited," p. 1207.

[42] Ibid., p. 1176.

[43] Rawls, "The Idea of Public Reason Revisited," p. 791.

[44] Ibid., p. 789; quoted in Okin, “Gender, Justice and Gender,” p. 1565.
[45] Rawls, ”The Idea of Public Reason Revisited, ” pp. 790-91.
[46] Ibid., p. 790; quoted in Okin, “Gender, Justice and Gender,” p. 156;.
[47] Rawls, A Theory of Justice, §z; quoted in Okin, “Gender, Justice and Gender,” p. 1563.
[48] Rawls, ”The Idea of Public Reason Revisited,” p. 792.; quoted in Okin, “Gender, Justice, and Gender,” p. 1565.
[49] Okin, “Gender, Justice and Gender, ” p. 1563.
[50] On this point see Okin, “Gender, Justice and Gender.”
[51] Higgins, “Gender, Why Feminists Can’t (or Shouldn’t) Be Liberals,” PP. 1639-40-
[52] Okin, ” Gender, Justice and Gender,” p. 1567.
[53] Ibid., pp. I566-67. Okin believes that the state can and should be proactive in reducing gender inequality. Measures such as state subsidized daycare, parental leave, and flextime are a few of the measures that would make it possible for women and men to share parenting and housekeeping responsibilities and thus for women to work outside the home. But Okin thinks the state should do more than compensate women for their disadvantage. It should also promote an ideal view of the family. In this way she puts forward a comprehensive liberal view of the good that is rejected by Rawls in Political Liberalism. She tells us that the state should “encourage and facilitate the equal sharing by men and women of paid and unpaid work, or productive and reproductive labor”(Okin, Gender, Justice, and the Family, p. 171). Although her end goal is to create genuine non-sexist options that women will freely choose, she does not see choice as the ultimate arbiter in what the state ought to promote.
[54] Phillips, The Politics of Presence, p. 6.
[55] Ibid.
[56] Ibid.
[57] Rawls, Political Liberalism.
[58] Phillips, Politics of Presence, p. 19.
[59] For a critical response to the idea of group or cultural rights, see kukathas, “Are There Any Cultural Rights?” Kukathas argues that liberalism’s emphasis on individual rights gives members of groups all they need to defend members of

minority cultures. Okin argues that arguments for cultural rights do not take adequate account of the sexist character of many minority cultures, which make it difficult if not impossible for women to flourish as individuals and which underestimate the great difficulty that women would have should they wish to exit. Okin, “Is Multiculturalism Bad for Women”.

[60] Raz, “Multiculturalism,” p. 72.

[61] Young, Justice and the Politics of Difference, p. 101.

[62] Phillips, The Politics of Presence, 24.

[63] Arendt, “What is Freedom”, p. I49.

[64] Ibid.

[65] Ibid., p. 151.

[66] Ibid., p. 165.

[67] Phillips, The Politics of Presence, p. 167.

[68] Ibid.

[69] MacKinnon, Toward a Feminist Theory of the State, p. 230.

[70] Quoted in Schaeffer, “Feminism and Liberalism Reconsidered,” p. 701.

[71] Hirschmann, The Subject of Liberty, p. 11.

[72] Hirschman, Get to Work.

[73] Ferguson, ” Choice Feminism and the Fear of Politics, ” p. 248.

[74] Ibid. Okin and McClain would surely disagree with the basic tenet of choice feminism, namely the claim that the obstacles to women’s self- development have fallen in the face of feminist challenges, so women can now make real choices that express their freedom. But even as they would insist that there is much work left to be done to realize the aspirations of feminism, Okin and MaClain would also say that choice must remain a key – if not the key – criterion in our understanding of freedom.

# پێدانی مافی دەنگدان بۆ ژنان

**هارییت تیلەر**

**وەرگێڕانی: شاناز هیرانی**

هارییت تیلەری وتارنووسی ئینگلیزی. 1807 ـ 1858. کە بانگەشەی بۆ مافی دەنگدانی ژنان دەکرد. هەرچەندە کەمی لەسەر ژیانی خۆی بڵاوکردۆتەوە. جۆن ستیوارت میل وەک بەشداربوێکی سەرەکی لەسەرجەم کارەکانیدا لەکۆتاکانی چل و پەنجاکانی سەدەی نۆزدەهەم رێزی لێناوە، بەتایبەتی لەکتێبی (The Subjection of Woman) (1869)کە لەدوای مردنی بڵاوکراوەتەوە. دواتر بریاریداوە هاوسەرەکەی جیا ببێتەوە و ژیان بباتە سەر. هەموو ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ کارکردن لەگەڵ میل. دوای دوو ساڵ لەمردنی هاوسەرەکەشی لە1849 هاوسەرگیری لەگەڵ میل کردووە.

رەنگە زۆربەی خوێنەرانمان لەو چەند لاپەرەیەدا و بۆ یەکەم جار بزانن کە لەویلایەتە یەکگرتوەکان، بەتایبەتیش لەبەشە هەر شارستانی و رۆشنگەرەکەی، هەڵمەتێکی رای گشتی نوێ راگەیەنرا، نەک تەنیا هەر بۆ بیرمەندان، یان بۆ هەر کەسێکی رۆشنبیر, کە دان بە بنەماکانی ئازادی و حکومەتی میللی دادەنێت. تەنانەت پێشتر کەس وەک بابەتێک بۆ کۆبونەوەی گشتی و چالاکی سیاسی کارکردن گوێی لێنەببوو. ئەویش پرسیاری پێدانی مافی دەنگدان بوو بۆ ژنان. تەنانەت بەدەست هێنانی ئەو مافە بەرێگەی یاسایش. هەروەها بەدیهێنانی دادپەروەری لە هەموو مافە سیاسیە مەدەنی و کۆمەڵایەتیەکان بۆ ژنان لەگەڵ هاوڵاتیانی نێر لەناو کۆمەڵگەدا وروژێنرا.

ئەوەی شایانی باسە ئەو هەڵمەتە لەلایەن نووسەرو ووتارنوسانی نێر بۆ سەر ژنان نەبوو، ئەوانەی بەرژەوەندیەکانیان وای دەخواست بمێنەوە، ئەوانەی بێ موبالات بون بەڕواڵەت. بەڵکو ئەوە بزاڤێکی سیاسی و راستەقینە و بە کردار بوو لەئامانجەکانی. بەشێوەیەک جێبەجێ کرا، کە نیشانەی ئیرادە لەکۆششدا تێیدا بەدی دەکرا. ئەمەش هەر تەنیا بزاڤێکی ژنانە نەبوو، بەڵکو جوڵانەویەکی سەرەتاسەری بوو بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی ژنان.

بەو پێیەی بانگەشەکەرانی ئەو هەڵمەتە نوێیە هەڵوێستی خۆیان لەسەر بنچینەی چەند بنەمایەک رێک دەخست و ترسیان نەبوو لە راگەیاندنی. ئەو بنەمایانە لەچوارچێوەیەکی مەودوا فراوانتریش بەبێ خزمەتی زەمەنی و بێ چارەسەرکردن، وەکو ئەو چارەسەرانە وابوو کە لەپ ایەندنامەیەکەدا پشتی پێ بەسترابوو، کە لێرەدا ئێمە بەشێکی لەبەر دەگرینەوە.

ـ هەر مرۆڤێکی پێگەیشتوو، تا کاتێکی دیاریکراو لەسەر خاکی نیشتمانێک دابنیشێت و داوای ملکەچبونی یاسای لێ بکرێت، ئەوا مافی دەربڕینی رای خۆیی هەیە لەیاساکان، چونکە هەموو کەسێکی لەو جۆرە باج دەخرێتە سەر ماڵ و موڵک و کارەکانی لەپێناو پشتیوانیکردنی حکومەت. بۆیە پشکێکی راستەوخۆی لەو حکومەتدا هەیە، بۆیە دەبێت:

- ژن مـافی دەنگدانی هـەبێت و بەشایسـتە دابنرێت بـۆ پۆسـتە سـەرکردایەتیەکان. هـەر لایـەنێک بانگەشـە بـۆ ئـەوە بکـات کـە نوێنـەری مرۆڤایـەتی و شارسـتانیەت و پێشـــکەوتنی ســـەردەم دەکـــات، ئـــەوا پابـــەنـــدە بـــە بەرزکردنەوەی دروشمی یەکسانی لەبەردەم یاسادا بـەبێ جیاکـاری رەگـەزی لەسـەر بنـەمای جـۆری رەگـەز یـان رەنگ.
- مافە مـەدەنی و سیاسییەکان نابێت دان بەرەگـەز دانێت، نێر بێت یان مێ، بەمەش وشەی (نێر) دەبێت لەنێو دێری هەموو دەستوری حکومەتەکان بسڕدرێتەوە.
- بـە لەبـەرچاو گرتنـی ئـەو خاڵـەی کـە ئەگـەری بەدەســت هێنــانی کــارێکی ســەربەرزانە و ســودبەخش لەقۆناغێکی پێگەیشتوو، باشترین پاڵنـەرە بـۆ بـەکارهێنانی تایبەمەندیـەکانی فێربـوون. هــەروەها چونکــە باشــترین فێربـوون کـە بـۆ خۆمـانی فەراهـەم دەکـەین لەکۆشـش و کارو ڕێکخستنی ژیانەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆیە مەحاڵـە ژنـان بتوانن بەتـەواوی سود لـەو ڕێنمایانـە وەربگرن کە پێیــان دراوە، یــان بتوانێــت دادپــەروەری لەکارەکەیــدا بەدەست بهێنێت، تـا ڕێگاکـانی بـۆ نەکرێتـەوە بـۆ ئـەوەی ئــەویش دەســت بکــات بــە کــارە مــەدەنی و پیشــەیە جیاجیاکان.
- هەموو کۆششێک بـۆ فێرکردنـی ژنـان بـێ ئـەوەی لەگــەڵ مافــەکانی گونجاوبێــت، یــان وشــیاری بکەیتــەوە لەسەر گرنگی بەرپرسیاریەتەکانی لەسـەر شـانیەتی، ئەوا کارێکی بێ سودەو تەنیا کات کوشتنە.

• یاساكانی خاوەندارییەتی، كە زۆر كاریگەری لەسەر هاوسەرەكان دروست دەكات. پێویستی بەهەمواركردنیكی سەرتاسەرە، بەشێوەیەك كە سەرجەم مافەكان یەكسان بن لەنێو خۆیاندا. پێویستە ژنیش لەماوەی ژیانیدا شایستەی خاوەندارییەتی بێت كە بەهۆی ماندبون و كۆششەكانی خۆی و قوربانیەكانی داویەتی بەدەستی هێناوە. هەروەها پێویستە میراتگری هاوسەرەكەی بێت و مافی مامەڵەكردنی بە پشكەكانی هاوسەرەكەی هەبێت.

لێرەدا كورتەیەك لەداواكاریە سەرەكیەكان دەخەینەڕوو:

1. فێربوون لە قوتابخانە سەرەتایەكان و ناوەندیەكان و زانكۆكان هەبێت. هەروەها لەنێو دامەزراوە پزیشكیەكان و یاسایەكانیش.
2. هاوبەش بوون لەكار و دەستكەوت و داهات. مەترسی و پاداشتەكان لەپیشەسازیە بەرهەمهێنەكان.
3. پشكی هاوبەش لەداڕشتنی یاسا و جێبەجیكردنی ـ شارەوانی و حكومی و قەومیەت ـ بەرێگەی رێكخراوە یاسایەكان و دادگاو نوسینگەكانی جێ بەجێكردن.

ژنانیش مافی داواكردنی مافەكانی خۆیانیان هەبە بەهەمان رادەی مافی پیاوان، سەبارەت بە مافە تایبەتەكانیش لەپرۆسەكانی دەنگدان، یان وەرگرتنی كورسیەك لەنێو كابینەی سوێندخۆران. رەنگە قورس بێت هەركەسێك ئەوە رەت بكاتەوە. بێگومان لەلایەن ویلایەتە یەكگرتوەكانەوە رەت ناكرێتەوە، چ وەك گەل، یان وەك

کۆمەڵگـە. چونکـە دامـەزراوە دیموەکراسـیەکانیان پشـت بەمافی سروشتی دەبەستێت لەسـەر ئـەوەی هـەر کەسێک خـاوەنی دەنگـی خۆیـەتی لـەناو حکومەتـدا. راگەیانـدنی سەربەخۆیی تایبەت بـەخۆیان، کـە لەلایـەن ئـەو پیاوانـەوە دانـراوە، کـە تـا ئێسـتاش دەسـەڵاتە مەزنـە دەسـتوریەکەی خۆیان ـ ئەو پابەندنامەیە کە هەر لەسەرەتاوە تاکو ئیستا بنچینەی باوەڕپێکراوە بۆ حکومەتەکەیان، لـەم راگەیاندنـە رونە دەست پێدەکات:

ئێمە ئەو راستیانە بە راستی حاشا هەڵنەگر دادەنێین: پیـــاوان هـــەمویان بەیەکســـانی لـــەدایک بـــوون و خولقێنەرەکەشیان مافێ وای بۆ بەرجەستە کردوون کە هەرگیز پیشێل ناکرێن. لەنێویشیاندا ماف لەژیان و ئازادی و هەوڵدان لـەپیناو بەدەست هینانی ئاسودەیی. ئینجا بۆ کارکردن بـەو مافانـە، حکومەتـەکان لەسەردەستی پیاوان پێـــک دەهێنـــرێن و دەســـەڵاتە دادپەروەرکەشـــیان بەرەزامەندی ژێر دەستەکانیان بەدەست دەهێنن.

دوای ئـەو هـەموو کۆششـەش بـەو هـەموو روداوانـە شایستەی ئەوەیە بەپاڵەوانیەتی لەقەڵەم بدرێت، ئەوانـەی کاریان بـە بنـەمای پاڵـەوانانی دورخـراوە کـردووە، ئێسـتا زۆر بـەهێزن لـەژمارە و کاریگـەربون، بەشـێوەیەک کـە پارێزگاری لەپارسـەنگی حزبـەکان دەکـەن لـەناو ویلایەتـە یەکگرتوەکان. زۆر گونجاوتر دەبوو ئەگـەر ئـەو پیاوانـەی ناوەکانیـان بەنـدە لەگـەڵ بڕینـەوەی ئۆرسـتوکراتیەتی رەنگـدار لەخاکـە دیموکراسـیەکەی ئەمـەریکی لـەنێو

دامەزرێنـەرانی یەکـەم نـاڕەزایی بەکۆمـەڵ دەمایـەوە بـۆ ئەمـــەریکا و وڵاتـــانی تـــریش دژی ئۆرســـتراکراتیەتی ڕەگـــەزی، ئەمـــەش جیاکاریـــەکی خۆهەڵقولێنـــەرە وەک جیاکاری بەپێی ڕەنگ و هیچ پەیوەندیەکی ئـەوتۆی لەگـەڵ سەرجەم مەسەلە حکومیەکان نیە.

داواکـاری ژنـان بـۆ یەکسـانی و وەدەسـت هێنـانی مافـە مەدەنی و سیاسیەکان، داواکاریەکی لـەو جۆرە نـەبوو کـە تەنیا لەدیموکراسی ئەمـەریکی بەرهەڵستی بکرێـت، بـەڵکو بـۆ ئـەو رادیکالانـە و لایەنگرانـەی بزاڤـی پابەندنامـەکان لەدورگـەکانی بـەریتانی و دیموکراتیـەکان لەکیشـوەرەکەدا هـەبوو، کـە بانگەشـەیان بـەناو مـافی دەنگدان بۆ هـەموان دەکرد، بەو سیفەتەی کە مافێکی بنچینەیە بەڵام بـەزوڵم و زۆرداری لێیـان سـەنراوەتەوە. بـەو پێیـەی لەگـەڵ هـەر راسـتیەک، یـان عەقڵانیـەتێک دەکـرا مـافی دەنگـدان وەک مـافێکی گشـتی بـۆ هـەموان دابنرێـت. کـەچی نیـوەی مرۆڤایەتی لێی بێ بەش کراون! دەنگدان لەحکومەت مافی هـەموو کەسێکە و داواکـردنیش بۆ تـەنها بەشێک ـ واتـە کۆتـای هێنـان بـە دیـاردەی کـارکردن بـەو بنەمایـە بـەکردەوە. لایـەنگرانی بزاڤـی پابەندنامـەکان، کـە مـافی دەنگدانی ژنان ڕەت دەکاتەوە، تـەنیا لایەنگرەکە بۆ بزاڤی پابەندنامەییە، چونکە ئـەو خـاوەنی کارەکـە نیە. ئـەو تـەنیا یەکێکە لەلایەنگرانی دادپەروەری، کـە ڕەنگـە دادپـەروەری تەنیا بۆ خۆیان دەستبەر بکەن.

تەنانـەت ئەوانـەی پێیـان وایـە دەنگـدان لەحکومـەت مافێکی تاکە کەسیە و دان نانێن بەهەبوونی ئـەو بنەمایانـە

و داوای درێژەدان دەکەن بۆ هەموان، ئەوانەش بنەمای سەرەکی تەقلیدیان هەیە لەسەر دادپەروەری سیاسی، کە ناکرێت لەگەڵی هەموو ژنان لادەن لەمافە گشتیەکانیان بۆ هاولاتیبون. ئەوە شتێکی حاشاهەڵنەگری ئازادی ئینگلیزیە، کە سەپاندنی باج و نوێنەرایەتی کردن دەبێت هاوتەریب بن بەشێوەیەکی گشتی. تەنانەت بەپێی یاساکانیش، کە وادەکات ژن ببێتە خاوەنی مولک ومالی مێردەکەی. کەچی ژنانی زۆر هەن باج دەدەن و هاوسەرگیریان نەکردووە. ئەوەش یەکێکە لەبنەما سەرەکیەکان لەناو دەستوری بەریتانی. دەبێت هەموو کەسێک لەلایەن هاوتاکانیانەوە دادگایی بکرێن، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ژنان لەلایەن دادوەرانی نێر و سوێندخۆرانی نێر دادگایی دەکرێن. سەبارەت بەبیانیەکانیش: ئەوا یاسا تایبەمەندی داواکردنی پێ دەبەخشێت، بەو پێیەی نیوەی دەستەی سوێندخۆران لەخۆیان پێک بێت. کەچی بۆ ژنان بەو شێوەیە نیە. دوور لەرێسای وردەکاریەکانیش، کە بریتیە لەبیرۆکەی ناوخۆیی ونیشتمانی زیاتر لە بیرۆکەکانی لەسەر هەموان جێ بەجێ دەبن. دانەنانی جیاوازیەکان لە پلەبەندی بەبێ ئەوەی پێویست بکات، ئەو بنەمایە کە دادپەروەری دانی پێدا ناوە. لەهەموو کاروبارەکانیشدا دەبێت سەپاندن لەگەڵ یەکسانیدا بێت. هەروەها هۆکارێکیش بدات لەبارەی ئەوەی بۆچی هەندێک شت بۆ کەسێک رێگە پێدراوە و بۆ کەسێکی تر قەدەغەیە. بەڵام کاتێک ئەو قەدەغەیە هەموو شتێک دەگرێتەوە، واتە بۆ ئەو کەسانەی رێگەیان پێدراوە وەکو پاداشتێکی لێدێت.

کاتێکیش هەستی بێ بەش بوون لایان دروست دەبێت، ئەوا زیاتر هەست بە سوکایەتی دەکەن. کاتێک نەک هەر ئازادی سیاسی، بەڵکو ئازادی مامەڵەی کەسیش هەر تایبەت دەبێت بۆ چینیک، تەنانەت لەمومارسەکردنی پیشەسازیش، کاتیک هەموو کارەکان بەنزیکی، کە پۆستە وەزیفیە باڵاکان لە مەیدانێک دەگرێتە دەست، کە دەبێتە هۆی تیم یان پارە یان تەنانەت سەربەخۆیی مادی، ئەمانە هەمویان بە پەرژینیک دەورە دراون، بەو پێیەی تەنیا مەیدانێکە بۆ چینیکی هەژموندار کراوە. بۆیە زۆر دەگمەنە هیچ دەرگایەکی تر بکاتەوە بەڕووی چینێکی تر. جگە لەو شوێنەی کە هەموان دەتوانن بۆی بچن لەلایەکی ترەوە. ئەو پاساوە لاوازانەی وەک پاساو دەخرێنە روو بۆ دابەشکردنێکی بەش بەشانە بەشێوەیەکی قێزەوەن، هیچ شتێک پڕ ناکاتەوە، تەنانەت ئەگەر راستیش بن، چونکە جگە لەوەی کە زوڵمێکی زەقە. هیچی تر نیە. چونکە کاتێک بە توندی دەمانهێنە ئەو بڕوایەی کە دابەش کردنی مرۆڤەکان بەسەر دوو چینی کۆمەڵایەتی، یەکێکیان خولقاوە تا حوکمی ئەوی تر بکات، لەو دۆخەدا وەک هەر حاڵەتێکی دیکە، ئەوا زیانێکی زیادەڕۆیانەیە و سەرچاوەی گەندەڵی و لاوازکردنی لۆجستیە. ئەوەش لەبەرژەوەندی چینەکەی ترە و لەبەرژەوەندی ئەو کەسانەیە کە لەسەر ئەستۆی ئەوان پێدەگەن.

ئامانجمان لەبەرگری کردن لەو پێشنیازیانە، بەڵام پیش ئەوەی دەست پێبکەین، دەمانەوێت هەوڵی پەرش و

بڵاوکردنـی ئـەو بەرهەڵسـتیانەی پێشـوو بکـەین کـە لـەناو عـەقڵی ئـەو کەسـانەدا هەیـەو ئـەو بابەتـەیان لا نوێیـە، کـە دەیانـەویت رێگـە بگـرن لـە خویندنەوەیـەکی راستەقینە بـۆ ئەو بابەتە و بە ویژدانێکی زیندوو. یـەکێکیش لـەدیارترین ئـەو ئاسـتەنگە ترسـناکانە. داب و نەریتـە. هـەرگیز ژنـان نـــەیانتوانیوە مافـــەکانیان بـــە یەکســـانی وەکـــو پیـــاوان وەربگـرن. داواکردنـی ئـەو مافانـەش بـەناوی ئەوانـەوە، یەکێکـــە لەمافـــە هاوبەشـــەکانی مرۆڤـــەکان. کـــەچی بـــە قەدەغـەکراوی دادەنرێت بـەپێی مومارەسـەی گشـتی، ئـەو لایەنگیریـە تونـدە، لایـەنگیری دژی هـەر شـتێکی نـوێ و نادیـار، لـەو سـەردەمەی پڕ گۆڕانکاریـە هـەر بـە کـردەوە زۆرێک لەهێزەکەی خۆی لەدەستداوە، ئەگـەر لەدەسـتیشـی نەدابێت، بەڵام هیوا وایە بەسـەریدا سـەرکەوێت....

بەو پێیەی کە داب و نەریتە باوەکان، مانـای وانیـە دان بە باشـە و چاکەکانی بنرێت کاتێک هـیچ هۆکـارێکی ئـەوتۆ نیە بۆ هەبوونی و زۆر قورسیش نیە لەوە تێبگەین بۆچی ملکەچ کردنـی ژنـان بـە داب و نەریتـەکان ئاسـانە، چونکـە جگە لـەهێزی جەسـتەیی هـیچ شـیکردنەوەیەکی تـری نییـە. دانـانی پلـە نزمتـر لەیاسـادا بـۆ ئەوانـەی خـاوەن بونیـەی جەســـتەیی لاوازتـــرن، کـــارێکی زۆر ئاســـانە بـــۆ ئـــەو سیســـتەمی حـوکمی جیهـانی پـێ دەکرێـت. تەنانــەت تــا سـەردەمانێکی زۆر نـزیکیش، حـوکمی هێـزی بازوجەسـتە یاسای گشتی بوو بۆ کاروباری مرۆڤەکان.

جیهــانی ئــەمڕۆ، جیهــانێکی کراویــەوە و نــەفرەت لەســتەمکاری دەکــات و وردە وردە دەســتی کــردووە بەنەهێشــتنی کۆیلایــەتی (رەش پێســتەکان). تــەنیا ئێســتا کاردەکات بۆ نەهێشتنی ستەمکاری سیستەمی مەلـەکی و نەهێشــتنی چینــی دەربەگایــەتی بــەمیرات بــەجێماو. تــەنیا ئێســتا دەســتکراوە بــەلابردنی بەربەســتەکانی لەســەر بنـەماکانی ئـاین دانـراون. ئەمـە تـەنیا سـەرەتایەکە لەسـەر مامەڵەکردنی پیاوان وەک هاوڵاتیان، نـەک هـەر بۆ چینی دەوڵەمەندان و چینی ناوەراست. بۆیە لێرە جێگـەی سـەر سوڕمان نیە گەر هیچ دەستەکەوتێک نـەبینین بەو رادەیە بــۆ ژنــان لــەکاتی ئیســتادا! بــەڵام چونکــە دامــەزراوە تەشــریعیەکان بــەم دوای دواییانــە دامــەزراوە. بۆیــە نادادپەروەری بنچینە راستەقینەکەی بووە، رێکخراوەکانی بەمەبەستی بەدەستهێنانی مـافی یەکسـان زۆر بەدەگمـەن هـەبوون. ئینجـا گـەر بمانـەوێت یەکسـان بین، وەک ئـەوە وایــە ببینــە دوژمنــی یــەکتر. ئاســان نــەبوو دوو کــەس لەشتێکدا هاریکار بن، یان پەیوەندیـەکی دۆستانە کۆیـان بکاتەوە بێ ئەوەی یاسا بۆیان دیاری بکات کێ لەوەی تر سـەرکەوتووترە. بـەڵام ئیسـتا رەگـەزی مرۆڤایـەتی ئـەو دۆخەی تێپەڕاندووە. لەزۆربەی کارەکان مەیلێک هەیە بۆ گۆڕینی سەروەری بەهێزتر بۆ یەکسانیەکی دادپەروەرانە وەک بنەمایـەک بۆ پەیوەندیە مرۆییەکان کـاری پێبکرێت. بــەڵام لەهــەموو پەیوەندییــەکان، ئــەوا ئــەو پەیوەندیــەی لـەنێوان ژن و پیـاودا هەیـە، بـەو پێیـەی کـە نزیکتـرین و زیاتر گەرموگوڕترە و بەندە بەچەندین کاردانەوەی بەهێز.

دەبوایە ئەوەی دوایی چیتر کار بەحوکمی کۆن نەکات و کار بە شتێکی نوێتر بکات لەداهاتوودا، چونکە ئەو پلەی پێداگریەی دەستی لێ گیر کردووە لەشێوە و ڕێگاکانی بەندبوە پێیەوە، تەنانەت بە ڕێکەوتیش لەگەڵ هێزی هەستەکان دەگونجێت. بۆیە زۆرێک پێیان وایە, کە ئەوان توانیویانە بەشێوەیەکی بەرچاو پاساو بهێنەوە بۆ ئەو کۆت و بەندانەی لەسەر بواری کارکردنی ژنان دانراوە، کاتێک وتیان: ئەو شارەزاییەی ژنانی لێ دوورخراوەتەوە، نا ژنانەیە و بواری گونجاو بۆ ژنان سیاسەت، یان ناوبانگ بوون نیە، بەڵکو ژیانی تایبەتی ماڵەوەیە.

ئێمە مافی هەر دەستەیەک لەرەگەزی مرۆیی لەبریاردان بەسەر دەستەیەکی تر رەت دەکەینەوە، یان هەر کەسێک بریار لەبری کەسێکی تر بدات لەسەر ئەوەی (چ بوارێک گونجاوە) ئەوە بواری ئەوان نیە. بواری گونجاو بۆ هەموو مرۆڤێک، بریتیە لەو بوارە گەورەو پیرۆزە کە دەتوانن پێی بگەن. ئەمەش تەنیا بەرێگەی پێدانی ئازادی تەواو نەبێت ناکرێت. نوێنەرانی ئەمەریکا لەکۆنگرە حەکیمانە مامەڵەیان کرد کاتێک رەتیان کردەوە بیر لەمەسەلەی توانا جیاجیاکان بکەنەوە. چ لەژنان، یان پیاوان، یان لەناو سنوری ئەو کارە، یان ئەو پیشەیە، بەو پێیەی ئەوەیان باشترینە بۆ فلانە کەس لەبری کەسێکی تر. ئەوان جەختیان لەوە کردەوە کە دەکرێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بەشێوەیەکی رەزامەندانە بدرێنەوە بەرێگەی ئازادیەکی تەواو. بۆ ئەوەی بتوانین هەموو پیشەیەک

بەکراوەی سەیر بکەین بۆ هەموان و بێ ئەوەی کەس لەکەس باشتر سەیر بکەین. هەمیشە کارو پیشەکان دەکەونە دەستی ئەو کەسانەی کە ئەزمونیان هەیە، ئینجا چ ژن بێت یان پیاو. تەنیا ئەوانە شایستەی مومارەسەکردنی کارەکانن. هیچ پێویست ناکات ترسمان هەبێت لەژنان، لەسەر دەرهێنانی کارو پیشەکان لەناو دەستی پیاوان. هەموو کەسێک دەتوانێت تواناکانی خۆی بسەلمێنێت بەو ڕێگەیەی کە تواناکانی پێ دەسەلمێنرێن، ئەویش (ئەزمون). جیهانیش سودمەند دەبێت لەتوانای هەمووان. بەڵام هەر دەستتێوەردانێکی پیشووتر لەلاەین کۆت و بەندی ستەمکارانەوە و لێدوانیان لەسەر ئەوەی: هەر بەهرەمەندیەک" یان وزەیەک" یان هێزی عەقڵ لەتاکی رەگەزێکی دیاریکراو، یان چینێکی دیاریکراو، ئەوا ئەو توانایانە مومارەسە ناکرێن، یان مومارەسە دەکرێن بەڵام تەنیا لەلایەن چەند کەسێکی کەم لەکۆی ئەو کەسانەی ڕێگەیان پێدەدرێت تواناکانیان بەکار بهێنن، ئەمەش نەک تەنیا زوڵمێکە لەتاک ئەکرێت و زیانیشی بۆ کۆمەڵگە هەیە، کە هەمیشە زەرەرمەندی سەرەکیە و ئەو شتانەی بەقورسی بەدەستی هێناون لەدەستیان دەدات. بەڵکو ئەو ڕێبازە کاراترە، کە پێویستە ببێتە مەرج لەرەگەزێکی کۆت و بەند کراو، یان چینێکی کۆت وبەندکراو، ئەوا ئەو تایبەمەندیانە ڕێگەیان پێنادرێت مومارەسە بکرێن، پێویست بە بونیان ناکات.

پێویسـتە هـەمان ڕێچکـەی هەڵوێسـتە ڕاسـت و دروسـتەکەی کۆنگرەکـە بگـرین لەدەسـت تیۆەرنـەدان لەمەسـەلەی جیاوازیـە هەڵبەسـتراوەکان لەسـەر توانـا جەستەیەکان، یان عەقڵیەتەکانی لەنێوان هـەردوو ڕەگـەزدا هەیە. نەک لەبەرئەوەی هیچمان نیە بۆ وتن، بـەڵکو چونکـە زۆرمان هەیە بۆ وتن.....

پرسیاری ڕاستەقینە ئەوەیە: ئایا ڕاست و گونجاوە کـە نیوەی ڕەگـەزی مرۆیـی لـەماوەی ژیـانی خۆیـدا بـەدۆخی ملکەچبونێکی بەناچاری بۆ نیوەکەی تـر تیپـەڕێنێت. ئەگـەر دۆخی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەوە باشـتر بێت کـە دابـەش بووبێت بۆ سەر دوو بەش، یەکێکیان پێک بێت لەکەسـانی بـەئیرادە و سـەربەخۆ، ئـەوەی تـر ملکـەچ بێـت بـۆ ئـەو کەسـانە و پێیانـەوە گـرێ درابـن و هەریەکـە بـۆ پـەروەردەکردنی منداڵـەکانی و ڕازاندنـەوەی ماڵەکـەی و دروستکردنی خۆشی و شادی لەنێو ماڵەکەی. ئەگەر ئەوە شوێنی گونجاو بێت بۆ ژن. ئـەوا زۆر باشـترە فێـر بکرێن چۆن لەسەرەتاوە ئەوە بکەن و وای لێبکەین باوەڕی بەوە بێت، کە باشترین خۆش بـەختی خـۆی لـەوەدا دەبینێتـەوە، کە لەلایەن هەندێک پیاوان بۆ ئەو مەبەستە هـەڵبژێردرێن، هەر پیشـەیەکی تر لەجیهاندا کە بێتە بەردەمی، یان مایـەی ڕێزگرتن بێت، ئەوا لەبەردەمی داخراوە بـەپێی یاسـا، نـەک بـەپێی داب ونـەریتی کۆمەڵایـەتی، بـەڵکو بەسروشـت و چارەنووس.

لەلایەکی تریشەوە، کاتێک دەپرسین بۆچی دەبێت شێوازی ژیانی نیوەی رەگەزی مرۆڤایەتی تەنیا شوێن کەوتووی نیوەی کەی تر بێت ــ بۆچی دەبێت هەموو ژنێک هاوپێچی پیاو بێت و رێگەی پێنادرێت گرنگی بەهیچ شتێکی تایبەت بەخۆی بدات. یان رەنگە شتێک نەبێت لەژیانیدا ببێتەمایەی پیشبڕکێ کردن لەناو عەقڵیدا. تاکە هۆکار کە لەبەردەستە ئەوەیە، کە پیاو خۆی بەو شێوەیە. لایان ئاسایە کە وا بیر بکەنەوە پیاوان دەبێت لەپێناو خۆیان بژین، کەچی ژنان دەبێت لەپێناو پیاوان بژین. لەوانەش سیفەتی و رەفتاری تایبەت بە شوێن کەتوویان تێدابێت تا ببێتە جێگەی رەزامەندی لایەنی حوکمدار، بەو پێیەی کە لایەنی حاکم پێویستی بەماوەیەکی زەمەنی دوورودرێژتر هەیە بۆ ئەوەی ئەوانە وا لێبکات خۆیان بە شوێن کەوتوو ببینن.

بەپێی دان پێدانانێکی بەناوهێنان بۆ سیستەمی ئەخلاقی هاوبەش بۆ هەردووکیان (پیاوان و ژنان) لەمومارەسەکردنی ئیرادەی خودی و جەخت کردنەوەی خودی،کە بریتین لە نمونەیەک و ئاماژە بە باشیەکانی پیاوان دەدرێن. کەچی لەکاتێکدا رەت کردنەوەی خود و ئارام گرتن و رادەست بون و ملکەچ بون بۆ هێز، بەرەزامەندبونی گشتی ناونراوە، بەو پێیەی ئەوانە ئەرک و کارن و پێویستە لەسەر ژنان بیکەین. ئینجا چونکە ماناکەی تەنیا ئەوەیە کە دەسەڵات خۆی لەخۆیدا دەبێتە تەوەری پابەندبونی ئەخلاقی و پیاو دەبێت خاوەن

ئیرادەی خۆی بێت، بەڵام هاوبەشەکەی نێو خێزانەکەی ئیرادەیەکی جیا لەئیرادەی ئەوی هەیە.

ئیمە دوورین لەوەی خۆمان وا دەرخەین کە لەماوە سەردەمی و شارستانیەکاندا، ئاڵوگۆر نیە لەپابەندبونی دان پێدانراو لەلایەن لایەنی بەهێزتر. ئەو جەخت کردنەوەش رەنگە زۆر دوور بێت لەراستیەوە. بەڵام تەنانەت ئەو ئاڵوگۆرەش کە ستەمکاری روت کردۆتەوە، لانی کەم لەهەردوو چینی باڵاو ناوەند، یەکێکە لەسیما شۆرشگێرییەکان، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا خراپەکاری زۆری کردووە کاتێک لەگەڵ خراپەکاری بنەڕەتی تێکەڵ کراوە بۆ مەرجی پشت بەستنی ژنان بە پیاوان.

ئێستا هیچ پیاوێک نیە پێی وابێت هاوسەرەکەی مافی داواکردنی هیچ شتێکی نیە لێی کە زیاتر پەیوەندی بە هەڵسوکەوتی هەیە نەک لەوەی لەگەڵی گونجاو بێت. هەموو پیاوانیش تا رادەیەک ویژادنیان هەیە، کە پێیان وایە زیاتر لە ئەرکێکیان لەسەر شانە بەرامبەر بە هاوسەرەکانیان، کە پێویستە زۆر لەوە زیاتر پابەند بن پێیەوە. نەک تەنیا هەر پاراستنیان، کە لەکاتی ئێستای شارستانیەتدا ژنان بەو شێوەیە پێویستیان پێ نیە: ئەویش بریتیە لە چاودێری کردن لەپێناو خۆش بەختی و گرنگیدان بە ئارەزووەکانی و لەگەڵ قوربانیدانێکی بێ پچران لەلایەن پیاوانەوە بۆ ژنان. دەسەڵاتی پیاوان گەیشتۆتە رادەی دەسەڵاتی پاشاکان کاتێک راکان هێشتا گومانیان نەبوو لەشەرعیەتی دەسەڵاتی ستەمکاری. بەڵام لەڕووی تیۆریەوە و تا رادەیەکی دیاریکراویش

بەکردەیەش ئیدانەی بەکارهێنانێکی خۆپەرستانەیان دەکرا بۆ ژنان. ئەو بەرەوپیشەوە چونەش لەبۆچون و لەبیرورِا ئەخلاقیەکان بۆ رەگەزی مرۆڤایەتی و ئەو هەستە زیاترەی دروست بووە بۆ گرنگیدان لەلایەن هەر پیاوێک بەرامبەر ئەو ژنانەی کە جگە لەوان زیاتر کەسی تریان نیە تا پشتی پێ ببەستن، وایکرد ماڵەوە ببێتە مایەی گرنگیدانی زیاتر و کاروباری ماڵەوە و کۆمەڵایەتیەمان ببنە بەشی گەورەتر لەژیانیاندا. ئەم کێشمە کێشانەش بەگۆرانکاریەکانی لەحەزو ئارەزوو شێوازی ژیان بەهێزتر کران،کە بەشێوەیەکی بەرچاو لە سێ نەوەی دواییدا رەنگی داوبوەوە. هەر لەرۆژانی زۆر دوورنا، پیاوان خۆشی و لەزەتی خۆیان بەئەنجامدانی مەشقی توندوتیژی جەستەیی دەبینیەوە. هەروەها کات بەسەربردن و ئالودەبون بە مادە هۆشبەرەکان. بەڵام ئیستا ئەو مەیلەیان داناوە و زۆر بەکەمی روودەکەنە ئەو جۆرە شتانە، تەنیا ئەو شتانە نەبێت کە لەگەڵ ژنەکان بەشداری پێ دەکەن. بۆ یەکەمجارە لەجیهاندا ژنان و پیاوان دەبنە هاورِێ. ئەمەش گۆرِانکاریەکی زۆر بەرچاوە. ئینجا ئەگەر دۆستایەتی لەنیوان رکاربەر بێت، بەڵام چونکە لەنێوان رکابەران نیە، بۆیە وردە وردە بەرەو خراپیە بەرهەم دەهێنێت وەک چۆن چاودێران بۆی چوون، هەرچەندە ناشزانرێت هۆکارەکەی چییە. تا ئێستا بە ئاست بەرزی نێرەکان دانراوە. ئەوانە زۆر مەبەستیانە ژنان وەکو پیاوانیان لێ نەیەت، بەڵام بێ ئاگان لەوەی کە هەر پیاوانن بریار لەسەر ئەوە دەدەن کە ژنان ئەبێت

چۆن بن ــ هەر خۆیان دەکەونە ناو ئەو لاوازیەی ماویەکی زۆرە لەهاوڕێ کچەکانیان دروستیان کردووە. ئەوانە بەژیانی حۆیان بەندن زیاتر مەیلیان بۆ ئەوە دەچێت ببنە کەسانی لێکچوو لەکەسایەتیەکانیان. پیاوان ناتوانن پارێزگاری لەپیاویەتی خۆیان بکەن ئەگەر ژنان بۆیان فەرهەم نەکەن.

بەهۆی بەشداربونی فیکری لەگەڵ ئەوانەی دەتوانن یاساکان بەسەریاندا بسەپێنن، ئەوا ژمارەیەکی زۆر کەم لەپیاوان لەقۆناغی یەکەمدا بەرەو پێشەوە دەچن بەحیکمەتێکی دوورتر. پیاوە هەرە پیشکەوتوەکان دەوەستن لەبەرەو پیشەوەچوون ئەگەر پەیوەندیان لەگەل شوێن کەوتوان بەست. کاتێکیش راستەوخۆ سەردەکەون بەسەر دەوروبەری خۆیانداو ویستیان زیاتر گەشە بکەن، ئەوا دەبێت بگەڕێن بەدوای کەسانی هاوتای خۆیان تا لەگەڵیان بژین. ئەو هاوڕێیەتیەی فیکریەی کە بەرەو باشی دەچێت، بریتیە لەهاوبەشی کردنی نێوان عەقڵە ئیجابیەکان، نەک تەنیا پەیوەندی کردن لەنێوان عەقڵە ئیجابیەکان و عەقلە سەلبیەکان. ئەو تایبەمەندیە بەهیچ نرخێک هەڵناسەنگێرێت بۆ پیاوان، کاتێک پیاوێکی خاوەنی رای سەربەخۆ لەگەل ژنیکی خاوەن رای سەربەخۆ یەک دەگرن، ئەوا هەلێکی یەکجار دەگمەنە. رەنگە زۆرجاریش دووبارە ببێتەوە ئەگەر کار بکرێت بۆ پێکهێنانی ژنانی خاوەن رای سەربەخۆ، بەهەمان ئەو رادەیەی کە کار دەکرێـ ت بۆ ئەوەی ئهو جۆرە ژنانە ئامادە نەکرێن.

ئەوەی کە بونەوەری ژێر دروست دەکات هێزی فیکرە: پاڵنەرەکانی ئەو هێزە ئامادە دەکەن، بریتیە لەگرنگیدان و بەرز راگرتنی خودی فیکرەکە و مەیدانی جێبەجێ کردنی کردەیی بۆی. پالنەرەکان دوورن لەو کەسانەی هەر لەمنداڵیەوە پێیان دەلێین کە فیکرو هەموو جێ بەجێکاریە مەزنەکانی، کاروباری کەسانی ترە. کەچی لەکاتێکدا ئەرکی ئەوانە وا بکەن لەلای کەسانی ترەوە مایەی رەزمامەندی بن. توانا عەقڵیە باڵاکان لەناو ژناندا وەکو روداوێکی دەگەن دەمێنێتەوە تا ئەوکاتەی پیشە و کارکردن لەبەردەمیان کراوە دەبێت و تا ئەو کاتەی فێر دەکرێن وەکو پیاوان بۆ خودی خۆیان و بۆ جیهان کار بکەن، نەک رەگەزێک بۆ رەگەزیکی تر کار بکات....

ئەو فکرە بەربڵاوەی ئیستا هەیە ئەوەیە: کە هەر دۆخێکی سەبارەت بەژێری هەیە، ئەوا کاریگەری ئەخلاقی ژن بۆ سەر پیاو شتێکی تەندروستە، زۆرجاریش پێمان دەوترێت ئەوە دژە مەزنەکەی خۆپەرستیە. هەر دۆخێکیش سەبارەت بەکاریگەری کەسی، ئەوا کاریگەری پێگەیە و بێگومان بەرەو هاندانی خۆپەرستی دەچێت. ئەو پیاوەی کە زۆر کەسێکی نابوتە، ئەو کەسەیە کە ناتوانێت کاریگەری، یان گرنگی هەبێت لەهیچ شوێنێک. تەنیا یەک شوێن دەدۆزێتەوە تا لێیەوە ببێتە سەرکردە و رابەر. تەنیا یەک کەسیش هەیە و تا رادەیەکی زۆر لەڕووی تیگەیشتنەوە سەرکەوتووترە و ناچارە راوێژی پێبکات،

کە زۆرجار پابەند نیە بە راوێژپێکردنی. ئەو سزادراو، دادوەر، حاکمە لەسەر ئارەزووە هاوبەشەکانیان و جیاوازیەکانی نێوانیان. دادپەروەری، یان ویژدان کە پێویستە ئاراستەیان بکرێت، دادپەروەری و ویژدانەکەیەتی، کە پارێزگاری لەپارسەنگیەکان دەکەن و تەرازووەکە لەنیوان داواکاری و ئارزوەکان وەک یەک رادەگرێت، لەنێوان ئەو تایبەتەی بۆ ئەوەی تر هەیە. ئەمانە ئیستا تاکە دادگان لەژیانی شارستانیەت، بەو پێیەی خودی هەمان کەس دادوەرو لایەنە. عەقڵی سەلیم لەو حاڵەتەدا وادەکات تەرازوو بەرەو دژی لایەنەکەی بێت و کەمتر ناداتە ئەوەکەی تر، بەڵکو دادپەروەری زیاتر. بەمەش رەنگە لایەنی لاوازتر راستیە راستەقینەکەی شوێن کەوتوو بگۆرێت بۆ کەرەستەیەک بۆ دەسەڵات. لەنەبوونی دادپەروەریش، هەل دەرخسێت و دەسەڵاتێکی ستەمکارانە دەبەخشێتە ئەوانەی سودی لێوە دەبینین. بەڵام ئایا دۆخەکە چۆن دەبێت ئەگەر دەسەڵات درایە کەسانی ئاسایی و بێ مامەڵەی لەو شێوەو بێ بەرپرسیاریەتی؟ ... ئەگەر هیچ جۆرە پێداگریەک لەلای پیاوانەوە هەبێت، ئەوا دەبێتە ستەمکارو بۆ کەسانی ناوماڵەکەشی خۆشی، ئینجا چ بەهۆشیاریەوە وابکات یان بێ مەبەست وابکات. زۆرجاریش ژن سەرکەوتوو دەبێت لەبەدی هینانی ئامانجەکانی، بەڵام بەرێگەی زۆرێک لەفێڵ و شێوازی جۆراوجۆری تر. بۆیە هەڵوێستێکی ناشیرین بۆ هەردوو لا دروست دەبیت بەیەکەوە، چونکە لەلای

یەکێکیان هاوتای دەسەڵات بەرهەم دێت و لەلای ئەوەی تریش فێڵ و دەستەخەڕۆ کردن. چونکە ژن بەو دۆخەی جەستەیە و ئەخلاقیەی ئێستای و چەند پاڵنەرێکی تریش، رەنگە بەشێوەیەکی سروشتی راستگۆتر و راستەخۆتر بیت لەپیاو، کەچی سەربارى ئەوەش زۆرجار لەوتەو نەریتە تەقلیدیە کۆنەکان بە فێلباز و دەستەخەڕۆ کراو وەسفیان دەکرێت، بۆچی؟ چونکە تاکە رێگەیان بۆ گەیشتن بەئامانجەکانیان بەهۆی شێوازی ناراستەوخیە. لەهەموو ولاتێکدا ژننان ئارەزووی بەهێزو عەقڵی چالاکیان هەیە، بۆیە ئەو دەرئەنجامە یەکلاکەرەوەیەو ناتوانین خۆمانی لێ لابدەین. ئینجا ئەگەر ئەمە لەئینگلتەرا کەمتر بەدیار دەکەویت، جگە لەهەندێک حاڵەتی دەگمەندا، ئەوا ژنانی ئینگلز چیتر ئارەزووی بەهێز و عەقڵی چالاکیان نەماوە.

ئێمە ئێستا باس لەو حاڵەتانە ناکەین کە هیچ شتێکی ئەوتۆیان تێدا نیە تا بە سۆزی بەهێز وەسفیان بکەین لەلای هەردوولایان. لەهەر شوێنێکیش ئەمە هەبێت، ئەوا بنەماکە بەهێزە تا هیچ هەمواركردنێکی گەورە روونەدات لەکاریگەریەکانی دۆخە خراپەکە، لەگەڵ ئەوەشدا لەچەند حاڵەتێکی دەگمەن بەتەواوی وێران دەبێت و هەر دووبارەش دەبێتەوە بەشێوەیەک کە کاریگەریە بەهێزە خراپەکان تا ئەو رادەیە کە هیچ یۆزێک بەرگەری ناگرێت بۆیە تێکی دەشکێنێت. دۆخی ناونراو بۆ پەیوەندیە دوورو درێژەکان و خۆشیەکان رەنگە سەدان جار دووبارە

ببێتەوە بە بەراود لەگەڵ ئەو جۆرە سۆزەی کە هەردوو رەگەزەکە بۆ یەکیان هەیە، ئەویش بریتیە لەهاورێیەتی گەرموگوڕ، کە تەنیا لەنێوان دژەکاندا هەیە لەتایبەمەندیەکام وەک چۆن لەتواناکاندا هەیە. بەڵام ئەوەی بە سۆز ناودەبریت لەژیانی هاوسەرگیری، ئەوە هەستی خۆشەویستیەکی ئاسایە و چێژ بەخشە لەکۆمەڵگاکەی هەردووکیان، کە زۆرجار لەنیوان ئەو کەسانەدا گەشە دەکات کە بەردەوام لەگەڵ یەک دەژین. ئینجا ئەگەر هیچ رقێکی راستەقینە نەبێت ـ ئەوا هیچ شتێک نیە دژ، یان کاریگەریەکی زیان بەخش لەسەر پەیوەندیەکەیان دروست بکات.

# بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆڕش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان ڕەئوف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 214 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك ڕۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤید هیوم | مستەفازاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە ڕەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزووتنەوەی فێمێنیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سیکۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمان ڕەئوف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرماس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجید خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماوتسی تۆنگ | فازڵ حسێن مەلا ڕەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانێ | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدولڵا کەریم | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێک نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لەقەندیلەوە بۆ کوبانێ | ئەنوەر حسێن - شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پرۆیسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | ڕێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیاو پەکەکە | ماجد خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان، ئەو رووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆڵۆز – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆڵۆز – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی سێیەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی چوارەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی پێنجەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی شەشەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی حەوتەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی هەشتەم | جەلال حەمید | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 57 | بۆچی مارکس لەسەر حەق بوو | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفوری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی - بەرگی یەکەم | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی - بەرگی دووەم | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ - بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ - بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ - بەرگی سێیەم | مستەفا زاهیدی | | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە تۆماس ئەکیونی | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل - بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل - بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل - بەرگی سێیەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو | د.عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی - جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حرکة الحداثة فی الشعر الکردی | د.سەروەر عەبدوڵلا | | 2015 |
| 81 | فیتنه | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 82 | داعش و میلیشیاکان | ئەنوەر حسێن | 2016 |
| 83 | ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 84 | ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 85 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 86 | ئاشنابوون بە پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 87 | ئاشنابوون بە دۆرکهایم | ئارام مەحمود – دانا لەتیف جەلال | 2016 |
| 88 | ئاشنابوون بە دریدا | ئارام مەحمود | 2016 |
| 89 | ئاشنابوون بە لیوتار | ماجید خەلیل | 2016 |
| 90 | ئاشنابوون بە لینین – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 91 | ئاشنابوون بە لینین – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 92 | ئاشنابوون بە ترۆتسکی | پێشرەو محەمەد | 2016 |
| 93 | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 94 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم – بەرگی یەکەم | ب. لیڤا | 2016 |
| 95 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم – بەرگی دووەم | ب. لیڤا | 2016 |
| 96 | ئاشنابوون بە ئەفلاتون | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 97 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | 2016 |
| 98 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 99 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 100 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم – بەرگی یەکەم | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 101 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم – بەرگی دووەم | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 102 | ئاشنابوون بە مانفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصلّح شێخ شیسلامی | 2016 |
| 103 | سێگۆشەی گرگرتوو | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 104 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگی عێراق - کوەیت | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 105 | گەشتی دوورو درێژی ئەتۆمی ئێران تێچوون و مەترسییەکانی | سۆران عەلی | 2016 |
| 106 | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا، خۆرئاوای ئەفریقیاو سۆماڵ | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 107 | خەبات لەپێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | سۆران عەلی | 2016 |
| 108 | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 109 | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکاو ئاکامە جیۆپۆلۆتیکەکانی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 110 | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 111 | تیرۆر، تیرۆریزم و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی | ڕێباز مستەفا | 2016 |
| 112 | چین و سیستەمی بازرگانی جیهانی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 113 | ئومێدی خۆرهەتاوی من | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 114 | ئازادی و خیانەت لە ئازادی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 115 | فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی رەوتە ئیسلامییەکان | فوئاد مەجید میسری | 2016 |
| 116 | کورد و ئیسلام لە یەکتربردا | نەوزاد جەمال | 2016 |
| 117 | کارل مارکس و لیۆن ترۆتسکی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 118 | مارکسیزم لە هەزارەی سێیەمدا | بژار سەردار - ئازاد ئارمان | 2016 |
| 119 | چوار سندوق | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 120 | گفتوگۆ | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 121 | سەڵتەکان | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 122 | چیرۆکی ورچەکانی پاندا | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 123 | وردە تاوانەکانی ژیانی هاوسەرێتی | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 124 | کورد و مێژووی جەژنی نەورۆز | د.کەیوان ئازاد ئەنوەر | 2016 |
| 125 | ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم | سارەڵ فەهمی شەریف - هێمن تاهیر | 2016 |
| 126 | چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر؟ | سۆران سێوکانی | 2016 |
| 127 | ئومێد بە زیندووی بهێڵەرەوە | یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر | 2016 |
| 128 | باوەڕدارە تیرۆریستەکە | سۆران عەلی | 2016 |
| 129 | پێغەمبەرو پرۆلیتاریا | پێشڕەو محەمەد - هێرۆ خوسرەوی | 2016 |
| 130 | مارکسیزم چۆن کاردەکات | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 131 | ئامانجی فەلسەفە | شاسوار کەمال | 2016 |
| 132 | پرسی ژن | عادل عەلی | 2016 |
| 133 | چەپی نوێ | د.ئەکرم میهرداد | 2016 |
| 134 | نامیلکەی لێبوردەیی | فەرشید شەریفی | 2016 |
| 135 | یاداشتەکانی جەنگ | ستران عەبدوڵڵا | 2016 |
| 136 | ژنێك لە نێو سەردەستەی میلیشیاکاندا | دڵشاد محەمەد - هێمن تاهیر | 2016 |
| 137 | مارکس و رەخنەی سیاسەت | هاوار محەمەد | 2016 |
| 138 | لە بڵاوکردنەوەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان | یوسف محەمەد بەرزنجی | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 2016 | دانا شوانی | فەلسەفە لە ئێستادا | 139 |
| 2016 | د.حەمید عەزیز | تیۆری زانینی زانستیانە | 140 |
| 2016 | دانا شوانی | مارکس و ئازادی | 141 |
| 2016 | ئیسماعیل ئیسماعیل زادە | شرۆڤەی ئەفسانەی سیزیف | 142 |
| 2016 | ماجد خەلیل | سەلەفییەت لە کوردستانی ئێران | 143 |
| 2016 | سۆران عەلی | هەژموونی نەوت | 144 |
| 2016 | سمکۆ محەمەد | دەوڵەت | 145 |
| 2016 | محەمەد چیا | مێژووی ئابوری جیهان | 146 |
| 2016 | خەڵەف غەفور | لە تۆڵەیتۆڵەوە بۆ ناوزەنگ | 147 |
| 2016 | محەمەد فاتح | پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە تورکیا | 148 |
| 2016 | د.لوقمان رەئوف | دەقی شیعری کوردی لە روانگەی سیمیۆلۆژییەوە | 149 |
| 2017 | وریا غەفوری | تیۆری چوارەمی سیاسەت | 150 |
| 2017 | رامیار مەحمود | هونەری شێوەکاری نوێ | 151 |
| 2017 | حەسەن بارام | جیهانگیری لە روانگەی جیاوازەوە | 152 |
| 2017 | بابان ئەنوەر | پاکستان و گۆڕانیەکانی ناوخۆو دەرەوە | 153 |
| 2017 | ماجید خەلیل | پەیوەندی ئێران و هندستان | 154 |
| 2017 | محەمەد چیا | چین و ئێران | 155 |
| 2017 | ئەرسەلان حەسەن | ژنان لە بەهاری عەرەبیدا | 156 |
| 2017 | ئارام مەحمود ئەحمەد | سیستمی نێودەوڵەتی هێز یان دادپەروەری | 157 |
| 2017 | کۆشان عەلی زەمانی | رکابەری ئەمەریکاو ئێران لە ئەمەریکای لاتین و ئەفەریقیا | 158 |
| 2017 | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | کاریگەرییەکانی دابەزینی نرخی نەوت | 159 |
| 2017 | بەختیار ئەحمەدساڵح | پێگەی ئێران لە خۆرهەڵات ناوەڕاستدا | 160 |
| 2017 | شاناز هیرانی | مۆریتانیا وڵاتێکی درەوشاوەی کەنارو بیابان | 161 |
| 2017 | ئەنوەر حسێن (بازگر) | هەرێمی کوردستان و ململانێ ناوچەییەکان | 162 |
| 2017 | ئارام مەحمود | فەلسەفەی هانا ئارێنت | 163 |
| 2017 | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | نەوت بەرامبەر زەوی | 164 |
| 2017 | بابان ئەنوەر | پوختەی سەرمایەی مارکس | 165 |
| 2017 | رەنجەی نابینا | چوارینەی دیموکراسی | 166 |
| 2017 | عەلی محەمەد صالح | نفوذ الهلال الشیعی فی الشرق الاوسط | 167 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 168 | هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتی نەرمی قەتەر | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 169 | سۆفیزم لە ئاسیای ناوەڕاستدا | عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد | 2017 |
| 170 | لە ئیسلامی قورئانەوە بۆ ئیسلامی فەرمووده | سۆران سێوکانی | 2017 |
| 171 | مێژووی درۆ | هاوار محەمەد | 2017 |
| 172 | پرسی کورد | ماجید خەلیل | 2017 |
| 173 | پۆست کۆمۆنیزم | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 174 | پرۆگرامە ئەتۆمییەکان | جەواد حەیدەری | 2017 |
| 175 | پەیوەندی روسیا و ئەمەریکا | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 176 | دەربارەی میواندۆستی | هاوار محەمەد | 2017 |
| 177 | بەرەو ئاشتی هەمیشەیی | رێبین رەسوڵ | 2017 |
| 178 | رۆشنگەری چییە؟ | رێبین رەسوڵ | 2017 |
| 179 | چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی و رۆژنامەوانی | یوسف ئەحمەد مەنتك | 2017 |
| 180 | سەرەتایەك لەسەر ئاسایشی سروشتی | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 181 | مێژووی پەیەده | ماجید خەلیل | 2017 |
| 182 | کتێبی سور - چاپی سێیەم | فازڵ حسێن مەلا رەحیم | 2017 |
| 183 | مەحرەمی راز شەرحی غەزلیاتی حافز | ئەکرەم عەنەبی | 2017 |
| 184 | مارکس کێ بوو؟ چاپی دووەم | مەجید مارابی - جەواد حەیدەری | 2017 |
| 185 | ئالان بادیۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 186 | رولان بارت | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 187 | جۆرج باتای | هاوار محەمەد | 2017 |
| 188 | چۆمسکی | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 189 | جۆن دیۆی | د. لوقمان رەئوف - ئارام محمود | 2017 |
| 190 | رۆدۆلف کارناب | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 191 | کۆنفۆشیۆس | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 192 | جولیا کریستیڤا | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 193 | لیڤی شتراوس | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 194 | مارتین بوبەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 195 | ماوتسی تۆنگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 196 | مۆنتیسکۆ | سیار خورماڵی | 2017 |
| 197 | پیەر بۆردیۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 198 | سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 199 | ویتگنشتاین | کۆمەڵێک نوسەر | 2017 |
| 200 | والتەر بنیامین | کۆمەڵێک نوسەر | 2017 |
| 201 | فرانسیس فۆکۆیاما | کۆمەڵێک نوسەر | 2017 |
| 202 | مارتن لۆسەر | کۆمەڵێک نوسەر | 2017 |
| 203 | سان سیمۆن | کۆمەڵێک نوسەر | 2017 |
| 204 | دێڤد هارڤی | کۆمەڵێک نوسەر | 2017 |
| 205 | جەنگی سارد | شاناز رەمزی هیرانی | 2017 |
| 206 | سیخوڕی و دژە سیخوڕی | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 207 | بیرەوەریی هەواڵگری | کارناس جوبرائیل | 2017 |
| 208 | هەواڵگری و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان | ئاران عەلی | 2017 |
| 209 | ئاییندەی کاری هەواڵگری لە سەدەی بیست و یەکدا | رەوەند هەورامی | 2017 |
| 210 | ئەرکی سیخوڕانی نهێنی | ئاسۆ حەسەن | 2017 |
| 211 | داعشیزم خەلافەت و تیرۆر | ئەسعەد جەباری | 2017 |
| 212 | شارە زەردەواڵە | موعتەسەم نەجمەدین | 2017 |
| 213 | لەبارەی خوو رەفتاری مرۆڤەوە | وەهاب حەسیب | 2017 |
| 214 | کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان | نەوزاد عەلی | 2017 |
| 215 | شارنشینی رۆژهەڵاتی ناوین | چنور فەتحی - وریا غەفوری | 2017 |
| 216 | بەخشین رێگایەک بۆ گۆڕینی جیهان | بیل کلینتۆن | 2017 |
| 217 | هێزی بێهێزەکان | ڤاتسلاڤ هاڤڵ | 2017 |
| 218 | رۆڵی سیاسی کەمینەکان | د. موسڵیح خزر جبوری | 2017 |
| 219 | ئەدەبیات ئەمەیە | پێشەوا فەتاح | 2017 |
| 220 | جوانییەکانی وەرگر | عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا | 2017 |
| 221 | کورتە لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی سۆسیال دیموکرات | کۆمەڵێک نوسەر | 2017 |
| 222 | ئەلف بێ | ژیل دۆلۆز ، کلەیر پارنێت | 2017 |
| 223 | بزووتنەوەی خوێندکارانی شۆڕشگێر | ئێرنست مەندڵ | 2017 |
| 224 | بۆچی سەرکردەکان درۆ دەکەن؟ | جۆن جەی میرشەمیر | 2017 |
| 225 | خوێندنەوەیەکی نوێتر بۆ ئیسلاماسی | فوئاد سدیق | 2017 |
| 226 | جەنگ و دژە جەنگ | ئالوین تافلەر و هایدی تافلەر | 2017 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 227 | داعش لەنێوان ململانێی مەزهەبی و شکستی بەهاری عەرەبیدا | هاوکار عەبدوڵڵا | 2017 |
| 228 | مارکسیزمی سۆسیۆلۆژییانە | مایکڵ بوراوۆی | 2017 |
| 229 | سنوورەکانی سیاسەت و دیموکراسی لە کوردستان | ئەکرەم میهرداد | 2017 |
| 230 | ئەزموونی عەلمانییەت لە هندستان | مێهرداد سەمەدزادە | 2017 |
| 231 | ئەنارشیزم لە روانگەی رەخنەی مارکسیزمەوە | جۆن مالینۆ | 2017 |
| 232 | فەیلەسوفان و عەشق | ماری لیمۆنییە، ئۆد لانسۆلین | 2017 |
| 233 | کوردەکانی سووریا نەتەوەیەکی لەبیرکراو | کەریم یەڵدز | 2017 |
| 234 | مۆدێلی بەرهەمهێنانی ئاسیایی | هیڵمۆت ڕایش | 2017 |
| 235 | شوێنەکانی تر | میشێل فۆکۆ | 2017 |
| 236 | سۆسیالیزمی زانستی و سۆسیالیزمی یۆتۆپی | فرەدریک ئەنگڵس | 2017 |
| 237 | تیۆری ئایین | جۆرج باتای | 2017 |
| 238 | خۆشەویستی و دادپەروەریی | پۆل ریکۆر | 2017 |
| 239 | فەلسەفەو میتافیزیکا چییە؟ | مارتین هایدگەر | 2017 |
| 240 | فەلسەفەکار و سیاسەت | ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل | 2017 |
| 241 | حەقیقەتو سیاسەتو ئێمەی پەنابەر | هانا ئارێنت | 2017 |
| 242 | کورد لەناو عێراقی مۆزایك و ناهۆمۆجیندا | ئەنوەر حسێن (بازگر) | 2017 |
| 243 | هزرە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسی | پیتەر کیڤیستۆ | 2017 |
| 244 | مێژووی بزاڤی چەپ لە ئێران | ژیلوان لەتیف یار ئەحمەد | 2017 |
| 245 | کەرتبوون لە نێو پارتە سیاسییەکان لە باشوری کوردستان 1976-1988 | کاوە تەیب جەلال | 2017 |
| 246 | پەیوەندییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ڕێباز عبدالکریم قادر | 2017 |
| 247 | کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران _کۆمەڵە(سازکا) (1969_1988) | شەیما سەعید حمەلاو | 2017 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 248 | لە سوقراتەوە تا سارتەر | ت.ز.لاڤین | 2017 |
| 249 | چەپ و ئیسلام و تیرۆر | کۆمەڵێک نووسەر | 2017 |
| 250 | پۆپۆلیزم | کۆمەڵێک نووسەر | 2017 |

فیّمینیزم